کلاودیوس جەیمس ریچ

# گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان

# 1820



لە ئینگلیزییەوە

مینە

بەرگی دووەم

2

کلاودیوس جەیمس ریچ

گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان 1820

و. مینە

# کلاودیوس جەیمس ریچ



پۆرتریتی میستەر ریچ

# چیرۆکی ژیان لە کوردستان

و

## لەبارەی شوێنی نەینەوای کۆن

## لەگەڵ یاداشتی

گەشتێک بەرەوخوار بە رووباری دیجلەدا بۆ بەغداد

و

## را پۆرتێك لەبارەی سەردانێك بۆ

شیراز و تەختی جەمشید

**کلاودیوس جەیمس ریچ**

ئامادەکردنی

**خاتو ریچ**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**مینە**

بەرگی دووەم

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

- ناوی کتێب: گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان
- نووسەر: کلاودیوس جەیمس ریچ
- وەرگێڕانی: محەمەدئەمین حسەین عەلی/ مینە
- بابەت: مێژوویی
- پیتچنین: محەمەدئەمین حسەین عەلی/ مینە
- هەڵبرِی: محەمەدئەمین حسەین عەلی/ مینە
- دیزاینی ناوەرۆک: محەمەدئەمین حسەین عەلی/ مینە
- بەرگ: زرنگ ئەبوبەکر
- تیراژ:750
- زنجیرە: 347
- چاپخانە: شڤان
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: ( 1078) ساڵی (2012)

# پێرست


پێشەکی وەرگێڕ........................................ 1

چاپتەری دوانزەیەم ........................................ 5

ژیان لە کوردستان ........................................ 5

نامەی دووەم........................................ 183

نامەی سێیەم........................................ 201

نامەی چوارەم ........................................ 221

هەندێ........................................ 229

روونکردنەوەی گەشتێک ........................................ 229

خانی سەید لە باقوبە........................................ 230

شارەبان، 19/مارچ/ ئازار،........................................ 231

شارەبان، 20/مارچ/ئازار،........................................ 233

پاشکۆی یەکەم ........................................ 266

تێبینیەکان لە هەولێردا ........................................ 266

پاشکۆی دووەم........................................ 272

تێبینیەکان لەبارەی شەڕی ئاربیلاوە ........................................ 272

پاشکۆی سێیەم........................................ 279

لەو کۆکراوانەی ئەم دواییەی میستەر ریچ، ........................................ 279

پاشکۆی چوارەم........................................ 285

رەوتی کۆمپاس و مەوداکان لە نێوان بەغدا و سلێمانیدا........................................ 285

گەشتێک بۆ قزڵجە........................................ 298

لە قزڵجەوە بۆ بێستان ........................................................ 301
لە پێنجوێنەوە بۆ سنە ........................................................ 302
لە سنەوە بۆ بانە........................................................ 306
دەرچوون لە بانەوە ........................................................ 312
رێبازەکان لە سولەیمانییەوە، نزیك قەڵاچوالان: ........................................................ 316
یاداشتی پەیوەندی و مەوداکان........................................................ 318
لە سلێمانییەوە بۆ نەینەوا و موسڵ بەناو هەولێردا........................................................ 318
دیاریکردنی رێگە لە سولەیمانییەوە بۆ ئاڵتون کۆپری........................................................ 330
کێلەسپی بۆ دەرگەزێن........................................................ 331
پاشکۆی پێنجەم ........................................................ 380
رەوت و ئاراستەکان لەسەربانی مزگەوتی زینگابادەوە: ........................................................ 387
ئەو رێگایانەی لە کفرییەوە دەستمانکەوتووە:........................................................ 389
پاشکۆی شەشەم: ........................................................ 395
گەشتێك لە ساڵی 1811دا،........................................................ 395
بەسرە ........................................................ 402
تێبینی لەبارەی گەڕانەوە بۆ بەغدا ........................................................ 404
پاشکۆی حەوتەم........................................................ 407
گەشتێکی دەریایی لە بەغداوە بە دیجلەدا بەرەوخوار بۆ بەسرە،........................................................ 407
پاشکۆی هەشتەم........................................................ 419
گەشتێ لە بەغداوە بۆ کەلاوەکانی (تاوك- تاقی کیسرا)........................................................ 419
پاشکۆی نۆیەم........................................................ 423
ئاستی بەیەکگەیشتنی زێ و دیجلە: ........................................................ 423

# پێشەکی وەرگێڕ

وەك ئاشکرایە **گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان**، یەکەم جار لەلایەن خوالێخۆشبوو (بەهادین نووری)ەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و بە ناوی (رحلە ریچ فی العراق عام 1820)ەوە بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە لایەن هاوڕێ و خۆشەویستەوە کاك(محەمەد حەمەباقی)، لە عەربیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بەڵام تەواوی گەشتەکەی ریچ، کە لە دوو توێی دوو بەرگدایە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە. ئەو وەرگێڕدراوانەی لەسەرەوە هێمامان بۆ کردووە، تەنیا بەرگی یەکەمە و چاپتەرێك لە بەرگی دووەم، لەگەڵ بەشێکی تایبەت بە شوێنەوارەکانی زیندان و قەسری شیرین و. . . هیتد. هەروەها هێمای ئەوەش نەکراوە، کە ئەوە بەرگی یەکەمە، واتە لەسەر بەرگەکەی نەنووسراوە (بەرگی یەکەم).

لێرەدا منیش هەر بەخۆشی ئەو کارە رەنگینەی هاوڕێ و ئازیزم کاکە محەمەد حەمەباقی بە ئەنجامی گەیاندووە، هانی دام بۆ ئەوەی بەرگی دووەم لە زمانی ئینگلیزییەوە وەربگێڕم و هەردوو بەرگەکە هەر وەك چۆن بە ئینگلیزی نووسراوە ئاوا بڵاوبکرێتەوە، واتە هەر بەرگە و لە قەوارە و ناوەرۆکی خۆیدا و هەر یەکەیان بەناوی وەرگێڕی خۆیەوە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام پێکەوە.

شایانی باسە، کە ناوی کتێبەکانی ریچ ئەو ناوە نییە، کە لە عەرەبی و کوردیەکەدا بۆی دانراوە. من هەرچەند پێم باش بوو وەك خۆی چۆنە ئاوا بنووسرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاك محەمەد چەند جارێ بە هەمان ناوەوە بە چاپی گەیاندۆتەوە، بۆیە منیش ناچار بووم ئەو ناوەش لە بەرگی دووەم بنێم و لە ناویشەوە ناوە راستەقینەکەی بڵاوکراوە ئینگلیزییەکە دابنێمەوە.

بەرگی دووەم هەندێ تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە میستەر ریچ زیاتر ئەو کارانەی، کە کردوویەتی ویستویەتی لایەنی زانستی تێدا ون نەکات، هەر بۆیە کاتێ، کە دێتە سەر باسی لایەنی جیۆگرافیا، وەك شارەزایەك و لەو بوارەدا وردەکاری زانستەکەی بەکارهێناوە و بەو کەرەسە سەرەتاییەی لەو سەردەمەدا چنگی کەوتووە

هەوڵیداوە کارەکانی تەواو زانستیانە بێت. هەروەها زیاتر بە نامە و لە شێوەی راپۆرتدا یاداشتەکانی تۆمارکردووە، منیش لێرەدا هەوڵم داوە ئەو هێما و کۆد و نیشانانەی، کە بەکارهاتووە وەك خۆی بینووسمەوە. بۆیە هەندێ تێبینی لێرەدا تۆمار دەکەم، تا ئاسانکاری بێت بۆ خوێنەری بەڕێز.

1. لە دیاریکردنی رۆژەکاندا زیاتر رەچاوی سیستمی کۆد کراوە، واتە بۆ نمونە: رۆژی 2/مارچ/ئازار/1820 دانراوە، کە لەوانەیە خوێنەری کورد وا راهاتبێ، کە بنووسێ: (2ی ئازاری 1820ی زاینی)، کە لە راستیدا ئەو شێوازە وەك ئەوە وایە، کە نووسەر بۆ خوێنەری بخوێنێتەوە! نووسین و دیاریکردنی رۆژ لە هیچ زمانێکی ئەم سەردەمەدا بەو شێوەیە پەیڕەو ناکرێت، هەرچەند کۆنتر کراوە، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر وەك کۆد لە هەموو زمانێکی زیندودا پەیڕەوی لێدەکرێت.
2. وەك ئاشکرایە سیمبولێکی تایبەتی هەیە بۆ دانانی (پلە و دەقیقە و چرکە) و لە بابەتە زانستییەکاندا بەکاری دەهێنن. ئێمەش لێرەدا وەك ئەوەی میستەر ریچ بەکاری هێناوە دووپاتی دەکەینەوە. بۆ نمونە: (باکوور 64°رۆژهەڵات) واتە(باکوور بە گۆشەی 64 پلە بەلای رۆژهەڵاتدا). هەروەها (56° 34′ 15″) واتە: لەسەر هێڵی پانی (56 پلە و 34 دەقیقە و 15 چرکە. )، یان (گەرمیپێو 92° هێما دەکات)، واتە: (گەرمیپێو لەسەر پلەی گەرمای 92 پلەیە).
3. هەندێ زاراوە و ناوی شوێنەکان لەوانەیە ئەمڕۆ گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت، یان هەر نەماون. بۆیە من هەوڵمداوە وەك خۆی بینووسمەوە. ئەگەر ئەو شوێنە ئەمڕۆ دیاربێت بە ناوێکی ترەوە، ئەوا هەردووکیانم نووسیوەتەوە.

بەرگی دووەم وەك چۆن لە ئینگلیزییەکەدا بە چاپتەری دوانزەیەم دەست پێدەکات، منیش ئاوا دەستم پێکردووە و لە پاشکۆکانیشدا بابەتێکی تایبەتی لە سەرەتاوەیە بۆ بابەتی ئاسەوارەکانی کوردستان، هاتۆتەوە شوێنی خۆی و ناونیشانی تایبەتی خۆی وەرگرتۆتەوە. ئیدی ئەو بەرگە چی لە خۆگرتبێت، لە ئەلفەوە بۆ یا وەرمگێڕاوە.

میستەر ریچ لەم بەرگەدا زیاتر هەوڵیداوە زانیاری لەبارەی ئەو شوێن و ناوچانەوە تۆمار بکات، کە سەردانی کردووە و لێیماوەتەوە. هەر بۆیە دەقە وەرگێڕانەکەش لەسەر هەمان شێواز ڕۆشتووە و داڕشتنی شێوەی زمانەکە لە زۆر شوێندا لە دەمی گێڕانەوەدایە، یان دوورە لە شێوەی چیرۆك گێڕانەوە.

لە کۆتایدا دەڵێم: سوپاس بۆ هاوڕێی خۆشەویستم کاکە محەمەد حەمەباقی، کە هانی دام ئەو بابەتە وەرگێڕم. ئێستا هەست دەکەم شانبەشانی ئەو هاوڕێ بەڕێزەم کارێکی مێژوویيم بە ئەنجام گەیاندووە و ئەرکێك، کە پڕە لە دڵسۆزی بەرامبەر نەتەوە و نیشتمان و بەرامبەر ئەو ئەرك و ماندوبوونەی (میستەر ریچ) یش، کە لە راستیدا نکوڵی هەڵناگرێ.

مینە/ سلێمانی

2011/10/08

# چاپتەری دوانزەیەم

## ژیان لە کوردستان

دەرچوون لە سلێمانی ــ باسی وڵاتەکە ــ گوندی دەرگەزێن ــ عومەرئاغا ــ کوڕەکەی ــ گەرووی دەربەند ــ جێهێشتنی کوردستان ــ دەنگوباسی سلێمانی ــ نائومێدیی عومەرئاغا ــ دەشتێکی پاکژــ گوند ــ گردێکی توورەکەڕێژ ـ رووباری گابروسی، یان زێی بچووک ــ ئاڵتوون کۆپری ــ هەوارگەی فارس ئاغا ــ ناخانەدانیەکەی ــ یەکەم بینینی هەولێر ــ وێناکردنی شارەکە ــ دەشتی هەولێر ــ گۆگە مەلا ــ چیای مەقلوب ــ گوندی کەڵەکی یەزیدی ـ رووباری زێ، یان لەکس ـ سیمای وڵاتەکە ـ رووباری خازەر، یانبومادوس ــ حاجی جەرجیس ئاغا ــ شاری کەرەملێس.

- 21/ ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم،

بە سۆز و پەژارەیەکی راستگۆیانەوە، ماڵئاوایمان لە دۆست و برادەران کرد و لە نزیك سەعات 06:30 سەرلەبەیانی سواری ئەسپەکانمان بووین و لەباخەکەی پاشای هاورێی دڵسۆز و بەرێزمان دەرچووین و بە خاکی پڕ لە بەرزی و نزمی دەشتی سلێمانیدا، بەلای گوندی (ئاك بوولاك ـــ ئابلاخ)ی گەورەدا تێپەڕین، کە دەکەوتە لای چەپمانەوە. هەموو دەشتەکە لەم ئاستانەیەوە بەرزترە، لەبەراوردا لەگەڵ لاکەی رۆژئاوایدا و شۆڕدەبووەوە تا نیوەی رێگاکە زیاتر و بۆ گردەکانی بەرامبەریش. لەدوای نزیکەی میل و نیوێك لە سلێمانییەوە، گەیشتینە تانجەرۆ، یان چەمی سەرچنار، کە لە گەشتەکەماندا لە بەغداوە پێیدا تێپەڕیوین. بەڵام ئێستا هەر جۆگەلەیەکە، لەگەڵ ئەوەی پانتایی بنکەکەی لە سەد یاردە کەمتر نەبوو. لە کەناری لای راستیدا گوندی (ئەلیاسە ـــ قلیاسان ) بوو. دوای ئەوەی لە 09:25 دا بەگوندی (باڤین مردە ـــ باوە مەردە)دا تێپەڕبووین، گەیشتینە گوندی کێلەسپی، یان تەپەرەش، کە دەکەوێتە داوێنی ئەو گردەی کاتێ، کە لە بەغداوە بۆ سلێمانی هاتین، هەوارمان لەسەری هەڵدابوو. لێرەدا رۆژێك ماینەوە، هەرچەند گوندەکە کوێرەدێ بوو. جوتیاران هەموویان سەرگەرمی کۆکردنەوەی بەروبوومی لۆکە بوون.، کە هاوکاری زیندوکردنەوەی دیمەنەکەی دەکرد. زەوی لەم ناوەدا بە چەمێکی بچووك ئاودێری دەکرێ، کە رووەو باشوور دەروا و کەمێکیش بەلای رۆژهەڵاتدا و دەرژێتە تانجەرۆوە. لەم شوێنەی ئێمەوە، چیای گودروون- پیرەمەگروون رێك بەرامبەرمانە، دیوارێکی بەردینی پێکهێناوە و رووەو باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژهەڵات لاربووەتەوە. زنجیرە چیاکەی بەری رۆژئاواش دیاربوو، کە نزیکەی میلێك یان میل و نیوێك دووردەبوون، بەشێوەیەکی گشتیش، ئاسۆ، یان هێڵێکی بەردین یان لوتکە، جیای دەکردەوە.، کە تا بەرەو باشوور درێژبێتەوە بەرزدەبوونەوە. بەردە دابڕاوەکانیش لە دوورەوە، بەشانی شاخەکەوە دیاربوون. ئەم شاخانە هەر لەوە دەچوون، شاخی داڕوخاوبن. لە باکووردا، لە ماوەی دوو یان سێ میل، ئەو گردانە زنجیرەی نزمتری لێدەبێتەوە، تا بە پیرەمەگروونەوە دەلکێت و لەوە دەچێ لەولایەوە دۆڵەکەی سلێمانی داخستبێت. لەسەر

ئەم زنجیرە نزمە، گرد و پاشماوەکانی کەروانانە-کەڵەوانانە. [1] لەپشت پیرەمەگروونەوە، بەردە رووتەنە زەبەلاحەکانی کوڕکوڕ دەردەکەوێت.

گەرمیپیێو- سەعات 14:00 پاش نیوەڕۆ 85°، سەعات 22:00 دوای ئێوارە 59°.

- 22/**ئۆکتۆبەر- تشرینی یەکەم،**

ئەم بەیانییە لە 06:20 سواربووین و بۆ ئەوەی لە قوڕ و چلپاو دووربکەوینەوە، دەبووایە تا ماوەیەك رووەو باکووری رۆژئاوا لە رێگاکە لابدەین. لەکاتی خۆرکەوتندا هەوا زۆر سارد بوو. هەر زوو دوای سەعات 07:00 گەیشتینە شاخی تاسڵوجە، لەو شوێنەدا هێڵی گردەکان تەواو فراوان و نزم دەبنەوە، لووتکەکانیشی وەك هەندێ شوێن بەردەڵانی نەبوون، کە لە دوورەوە، لەسەر لووتکەی تری هەمان زنجیرەوە وا دەردەکەوتن. لە دیوی دەشتەکەی لای باشووری رۆژهەڵاتەوە بڵندتر دەبووەوە، رەنگە هۆی ئەمەش چالایی دەشتەکە بێت، لە رێڕەوی بەرەو رووباری دیالە، بە هەمان شێوە لە دەشتی بازیانیشەوە هەروابوو، کە تێیدا شۆڕبووینەوە، ئەویش دوای سەرکەوتنێکی زۆر لەسەرخۆ بۆ ماوەی هەشت سەعاتێك. ئەم دەشتە لە ناوەڕاستدا بەهێڵی گردە نزمەکان دابەش دەبێت لە چاو قەرەداغدا، کە وادیارە کەمێك لە خوارووی رێگاکەمانەوە کۆتایی بێت و بریتییە لە بەردەڵین و چینەکانیشی رووەو رۆژهەڵات بەرزبوونەتەوە و تۆزێکیش بەلای رۆژئاوادا لایان کردۆتەوە. لەم شوێنەدا چەند کەسێکمان بینی، جووانوویەکیان پێبوو، لە کەرکووکەوە دەیانبرد بۆ سلێمانی، تا بیفرۆشن. حەزم لێکرد، کەوتمە سەوداکردنی و دوایی بە سەدوپەنجا قرۆش کڕیم. ئەم

---

[1] یەکێ لە رێگاکان لە سلێمانییەوە بۆ کۆی سنجاق بە کەروانان- کەڵەوانان‌دا تێدەپەڕێ و بەناو سورداشدا بە درێژایی پیرەمەگروون. ماوەکەشی چواردە سەعاتە.

سەودایە زۆر لە ڕێدا دوای نەخستین، چونکە فرۆشیارەکان چۆن هاتبوون، هەر ئاواش لەگەڵ ئێمەدا گەڕانەوە و بەدەم ڕێوە سەوداکەمان کرد.[2]

لە 10:25دا بەلای باشووری ڕۆژئاوادا بۆ گوندی (دەرگەزێن) لامانکردەوە. ئەو گردانەش، کە دەشتەکەیان دەکرد بە دوو بەشەوە، بەهەمان شێوە دەچەمانەوە و هەر زوو وردە وردە کۆتایی دەهات. دەرگەزێنیش دەکەوێتە ژێر زنجیرەیەکی بچووکی ئەو گردانەی، کە لە نزیك دەربەندەوە دێن و بۆ پێشەوە دەکشێن بۆ لای ئەوانەی، کە دەشتەکە بەشدەکەن، کەواتە پێش ئەوەی بیانگاتیّ کۆتایی دێت و بەمەش کەلێنێك لە بەشی ڕۆژئاوای دەشتی بازیاندا جێدەهێڵێت.

لە 10:50دا گەیشتینە گوندەکە و لە شوێنە کۆنەکەی پێشوومان هەوارمان هەڵدایەوە. دانیشتووانی هەموو ئەو گوندانەی بەلایاندا تێپەڕبووین، لە دەرەوە بوون، لۆکەیان گرد دەکردەوە، کە دیمەنەکەی زۆرجوان و دڵگیر و بگرە دەگمەنیش بوو، جگە لەم بۆنانەی وەك ئەم کاتە نەبێ لە هەموو ڕۆژهەلاّتدا، ڕێگاوبان زۆر چۆڵە. دانیشتووانی گوندی دەرگەزێنیش لە بنەچەدا تورکمانن و تا ئێستاش هەر بەزمانی خۆیان دەدوێن و زۆر بەئاشکراش، ڕوخساریان لە گوندنشینە کوردەکانیان

---

[2] ئەو بەردە ستوونییەی وەك لە سلێمانی سەرنجی بارەکەیم داوە و لەیاداشتە گەردووناسییەکانمدا بەناوی (ئاردەلاّن)ەوە تۆمارم کردووە، لە لای ڕاستمانەوە بوو بە ڕووی باکووری ڕۆژئاوادا. لووتکەیەکە بەسەر ئەو گردانەوە، کە دەبنە سنووری ڕۆژئاوای دەشتەکە، یان دۆڵی سلێمانی.

جیادەکاتەوە. شادمانیشم بەیادی بهێنمەوە، کە عومەرئاغای دۆستی مەزنمان، تا ئێستاش خانەخوێیەکی بەئەمەکمانە. لە سلێمانی سەرم لە دەسگاکانی دەوڵەت دا، بۆئەوەی ئەو چەند گوندەی بدەنەوە، کە بەشێوەیەکی ناشیرین لێیان زەوتکردبوو. ئەوانیش لەبەر خاتری من بەڵێنیان دا بیدەنەوە. لەبەرئەمە عومەرئاغا بۆ وەرگرتنەوەی گوندەکانی، لە سلێمانی مایەوە، بەڵام زۆربەی پیاوەکانی خۆی لەگەڵ مندا ناردن. نزیکەی دووسەد کەسێکی دەبێ و هەمووشیان ژیانیان لەسەر ئەوە. لە کوردستاندا بنەماڵەیەکی ئاوها هەبێت، ئێستا بێت و دواتربێت، هەر دەبێ ببێتە خێڵێك. دووان لەوانەی لای ئەو( فەقێ قادر و ئاورەهمان ــ عەبدولرەحمان) زۆر هۆگری من ببوون، ئیتر بۆ هەر کوێ بچوومایە، شوێنم دەکەوتن و هەرچیم بکردایە، دەیانکردەوە، خۆ ئەگەر بوەستامایە، لەپاڵمدا دەوەستان، سەیری شتێکم بکردایە، گوێیان دەگرت و پێشەکی سەیری دەموچاومیان دەکرد، پاشان سەیری ئەو شوێنەیان دەکرد، کە من سەیری دەکەم. . . بەکورتی لە سێبەر نزیکتر بەدوامەوە بوون. ئەمشەو (ئەولا ــ عەبدوڵڵا)ی کوڕە بچووکەکەی عومەرئاغا، کە کوڕێکی تەمەن حەوت ساڵانە، لە سلێمانیەوە گەیشتە هەوارگەکەمان، لەگەڵ کوڕێکدا هاوتەمەنی خۆی دەبوو، مۆڵەتی لە باوکی خواستبوو بۆئەوەی لەگەڵمدا بێت. کاتێ ئەو سەرقاڵی بەرچایی بووە، ئەم خۆی بە بێدەنگی ئەو کەلوپەلە کەمەی کۆکردبووەوە و ئەسپەکەی زین کردووە و بە یەك قۆناغ ماوەکەی بڕیوە، کە ئێمە پێشتر بە دوو قۆناغ بڕیمان.

گەرمیپێو لە سەعات 06:00 سەرلەبەیانی 56°بوو، لە سەعات 14:00 دوای نیوەڕۆ 48° بوو.

- 23/ئۆكتۆبەر/تشرینی یەکەم،

لە سەعات 06:30 ئەم بەیانیە کەوتینە ڕێ و تا گەیشتینە دۆڵێك، کە لە هێڵێکی بچووکی گردەکانی ئەودیو دەرگەزێن پێکهاتووە و یەکێکی هاوشێوەش بەرامبەریەتی، هەروەها لە باکووری ڕۆژئاواوە لە دەربەندەوە دێ و دەچێ بۆ بازیان. لە 07:20 دا بە ناو دەربەندا تێپەڕین. چینەکانی شاخەکان، لە هەر بەرێکیەوە دابەزیون بۆ دەربەندەکە، وەك بە مەبەست بیانەوێ گەرووەکە پێکبهێنن. لە دەرەوەی دەربەندەکە یەکسەر چینی بەردینی هاوڕێکی شاخەکە بەرزببوونەوە، یان وەکو پارچەیەك لە پاشماوەی ئەو بن، لە دەرەوەی هەمووی لە داوێنی شاخەکەدا، کە درێژەی قەرەداغە.[3] چینەکان بەشێوەیەکی سەیر، پێچیان خواردووە. لە دەم دەربەندەکەدا کەلاوەیەکی چوارگۆشە بە چەشنی قەڵایەك هەبوو، بیرێکیش لەناویدا بە بەردی زۆر گەورە هەڵچنراوە، کە لەم دواییەدا دۆزراوەتەوە. لە گەرووی دەربەندەکەوە ڕووەو باشووری ڕۆژئاوا تێپەڕین. لە پێشمانەوە هێڵی گردەکانی **کیشە خان** و **قەرە حەسەن** کەمێ بۆ پێشەوە بەرزببوونەوە، بۆ باکووری ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژهەڵات دەکشان. لە لای دەستی ڕاستمانەوە ئاستی ڕووی ناوچەکە بەجارێ سەخت و دژوار دەبوو، لەوە دەچوو وەك زیاد لە سەد پێ کەوتبێتە قووڵاییەوە. جیاوازییەکی سەیر بەهۆی لا هاوڕێکەکانی بەردەلمینەکان لەسەر کەلێنە چوونیەکەکانە، هەمووشیان لە باکووری ڕۆژئاواوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات دەچوون و وەك هەموو چینەکان، کە بەلایاندا تێپەڕبووین، بەرزدەبووەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لێژدەبووەوە بۆ ڕۆژئاوا، شۆڕبوونەوەیەکی زۆر سەرنج

---

[3] قەرەداغ دەڕوات تا دەگاتە دەربەندی بازیان و ئینجا بە ڕێیەکی کەمێ ڕاستدا بە چەشنی دیوار، کەمێ دەچێ بۆ لای ڕۆژئاواوە و گردەکانی تەیناڵ پێکدەهێنێ، پاشان زیاتر بەرەو ڕۆژئاوا دەچێ و خاڵخاڵان پێکدەهێنێ. لە سەگرمەوە لە بەرزایی قەرەداغ کەم دەبێتەوە، کە زۆر بەرزە بە گوێرەی هەموو چیاکانی ناوچەکەوە. چەرماڵا و خاڵخاڵان هیچ نین، وەك لە زەویدا بن وایە و لاکانیشیان خواروخێچە. هەر زوو دوای ئەم هێڵە گردانە تەواودەبێ یان خۆی ون دەکات. ئاخجەلەر ناوچەیەکە لە دەرەوەی چەرماڵا کە دەگاتە ڕووباری کۆی سنجاق و بریتیە لە دە گوند.

راکێشەر. بنی ئەم چاڵاییە قڵیشاوە و ئاوی باراناو دایدڕیوە، لە زۆری ئەو نیتراتی پۆتاسیۆمەی (خوێی بارود)، کە دەکرێ بدۆزرێتەوە. ڕەنگی خاکەکەشی بەگشتی ڕەنگی سوورێکی زۆر تاریکە. لە 03:70 شۆڕبووینەوە بۆ ناوی و بەدرێژایی گەشتەکەی ئەمڕۆمان تێیدا بەردەوام بووین. دوای تاوێ گەیشتینە گوندە بچکۆلەکەی شێخ وەیسی، لە ناوچەی شوان و لێرەدا بۆمان دەرکەوت، کە کەمێك لە ڕێگاکە لامان داوە و بۆئەوەی بچینەوە سەر راستە ڕێگاکە، رووەو باشوور 54° رۆژئاوا پێچمانکردەوە. تێبینی بڕێکی زۆر ژاڵەمان کرد، کە لە هەردووبەری جۆگەلە بچووکەکان رواوە. لە سەعات 54:80 گەیشتینەوە سەر راستە ڕێگاکەمان. بە چواردەوروبەرماندا ناوچەکە دیمەنێکی زۆر سەیر دەردەکەوت و سەیرمکرد وەك ئەوەی هێڵێکی خواروخێچ لە چینە بەردەلمینەکانی بە شێوەیەکی هاوڕێك لەسەر کێشرابێت و کەمێك لەسەر خاکەکە بەرزتر بووبێتەوە. لە 03:01 دا گەیشتینە گوندە گەورەکەی **غەزالان**، هەندێ جوولەکەمان لەوێدا بینی، وا پێدەچێ خەڵکی ئەم بەشەی ناوچەکە **چراغ سۆندیرەن**، یان رووناکی کوژێنەرەوە بن. هەر دوای ئەوەی ئەم گوندەمان جێهێشت، دیسان ئاستەکە دەستی بە بەرزبوونەوە کرد و ڕێگاکەمان چاڵ و چۆڵ و گردۆڵکە بوو. لە سەعات 01:21 گەیشتینە شوێنی پشوودانی ئەمڕۆمان لە گوندی گوڵومکەوە، لە ناوچەی شوان، پێنج سەعات و چل دەقیقەیە بەڕێوەین و ڕۆژە گەشتێکی ناخۆشمان لە ڕێی زۆر سەخت و دژواردا بەسەربرد و بەناو ناوچەیەکی ناخۆشدا. گردەکانی کەرکوك لێرەوە وەك بانێکی تەخت دەردەکەوتن، بە شێوەی پلە پلە و بە خواروخێچی لێژدەبوونەوە بەرەو لای ئەو ناوچەیەی نێوان ئەوان و دەربەند.

گەرمیپێو/ 06:00 سەرلەبەیانی 62°بوو، لە 14:00 پاش نیوەرۆدا 84° و لە 22:00 شەودا 64° بوو.

- 24/**ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم،**

وەك ئاسایی، لە دەوروبەری 06:15 دا سواربووینەوە و لەو دۆڵە تەنگەبەرە دەرچووین، کە گوندی (غیولێ کۆوا)ی تێدایە. خاکی ناوچەکە ئێستا هەمووی تێکەڵەی گڵ و چەو بوو، وەك دەیبینین لاکانی بەردەلمینەکانی داپۆشیوە، دوێنێ نشێوییەکی

زۆرمان پێشهات و ڕەنگی زەوی ئەوەندە سوور نەبوو، تەواوی ناوچەکە، بە هەرحاڵ، هێشتا گردۆڵکە بچوکەکان جێدێڵێ، بەڵام لەو بڕوایەدام هەمووی وەك ئەم ناوچانە بەردەڵانە، دەچمە ناو دۆڵە قوڵە چاوەڕوان نەکراوەکانەوە، هەندێ جار چەمی قووڵیشیان پێدا تێپەڕ دەبێت، کە لە هەندێ شوێندا دەگەیشتە 60 پێ، لە شوێنی ئاوادا خاکەکە بە تەنیا دەردەکەوێت، کە لەو قوڵییەشدا بەردەلمین نابینرێت.

ئەو بەردانەی، کە من وامدەزانی بەردەلمینە، مەڕمەڕ، یان گەچۆر و بەردە قسڵ بوون. بە ناو دوو دۆڵی زۆر قوڵ و سەختدا تێپەڕین، سەرەوژوورکەکانی لە چاو سەرەولێژیەکانیدا زیاتر بەرچاو بوون و ڕاستەوخۆ دوای ئەوە گەیشتینە گوندی (غیوڵ کۆوا). هێشتا هەر لە ناوچەی شواندایین، کە بە جۆرێ لە دەستووری ناوچەیی ڕێکخراوە، کە من بەگشتی لێی تێناگەم، خاکەکەی تایبەتە بە کەرکوکەوە، بەڵام جوتیاران، یان خەڵکەکەی سەر بە کوردستانە. ئەم ناوچەیە هەندێ جار سەر بە سلێمانیە و هەندێ جاریش سەر بە کۆی سنجاقە.

لە (غیوڵ کۆوا)وە ڕێگاکەمان بە درێژایی ترۆپکی ئەم ناوچە گردۆڵکەیی و قلێشاوەدایە، کە لە ڕاستیدا هەر بەردەوامیی **قەرەحەسەنە**، بەڵام ئێستا سوتاوە و زۆر ڕوتەن دەردەکەوێت و جگە لە هەندێ درەختی بەردار لێرەو لەوێ لە دۆڵەکانیدا، هیچ شینایییەك لە هیچ لایەکیەوە نابینرێ. زۆر جار یادی دۆڵە دڵگیرەکانی کوردستان دەکەینەوە، تەنانەت لە وەرزی زەردهەڵگەڕانی پایزیشدا هەر جوانە. پیرەمەگروون هێشتا سەروگەردنە بەرزەکەی لەو دوورەوە دیاربوو. هەموو ئاوەکە دوێنێ و ئەمڕۆش بە لای دەستی چەپماندا دەڕۆیشت. لە 07:30 دا ڕێگاکە کەمێك بەلای باشووری ئێمەدا بۆ کەرکوك لقی لێبووەوە. دەستبەجێ دوای سەعات 08:00 ناچاربووین ڕابوەستین، بۆ گۆڕینی ناڵێك، کە لە سمی ئەسپەکەم کەوتبوو. (خاڵخاڵان و کۆیسنجاق)یش هەردووکیان بەتەواوی دەکەوتنە باکووری ئێمەوە. دیسانەوە لە 08:30 دا سواربووینەوە. ئێستا ناوچەکە کەمتر دابڕاوە، یان بەلایەنی کەمەوە زۆر بەو قوڵییە گەورەیە نییە، لە 09:50 دا گەیشتینە گوندی قەفار، کە شوێنی پشودانی ئەمڕۆمانە. جوتیارەکان زووربەیان لە دەوروبەری گوندەکەدا لە ڕەشماڵدا بوون. ناوچەکە و

خەڵکەکەی ئێرە سەر بە کەرکوکن و ئێمە دەبێ ئیتر خواحافیزی لە کوردستان بکەین. گەشتەکەی ئەمڕۆمان سێ سەعات و سی و پێنج دەقیقە بوو. شەوی رابووردوو عومەرئاغا لە سلێمانیەوە هات بۆ لامان و پێیوتین، کە عوسمان بەگ بە تەواوی پەسەندی کرد بچێت بۆ کۆیسنجاق. عومەرئاغای بەستەزمان لە بەدەستهێنانەوەی گوندەکانیدا سەرنەکەوتووە، هەموو پیاوەکانی و کەسوکارەکانی و خێزانەکەشیانی، (جگە لە ئافرەتیان) هێنابوو. منیش هێشتا لەسەر بەڵێنەکەی خۆمم وهەرچیم لە تواناداا بێت بۆی دەکەم.

- 25/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم**،

ئەم بەیانییە لە 06:00 دا کەوتینەڕێ، ڕێگەکەمان بەرەو باکوور30° رۆژئاوا بوو. شۆڕبووینەوە بۆ ناو دۆڵێك، چەمێکی پێدا دەڕۆیشت، گوندێکی زۆری لەبەرە و ئاشێکی زۆریشی دەگێڕا، کە بورجی بچوکی چوارگۆشەیان بۆ کرابوو، هەر یەکە و لەناو کۆمەڵێك درەختا بوون. لە دوورەوە لە کلێسەی گوند دەچوون. دۆڵەکە وردە وردە بەرەو خوار بۆناو دەشتەکە فراوان دەبێتەوە، لەو بڕوایەدام ئەوە دەشتی (جیوك دەرە) بێت. چەمەکەش دەرژێتە (کوپری سوو)ەوە. بەلای گوندێکی زۆردا تێپەڕین، یەکێکی گەورەیان بەناوی **کێوی عومەربەگەوە** بوو. لێرەوە چووینە ناو دەشتێکی پان و بەرینەوە، هەرچەندە خاکەکەی بەردەڵان بوو، بەڵام کشتوکاڵێکی زۆری تێداکرابوو، گشت خاکەکە گەنمەشامی بوو. لە هەموو لایەکەوە گوندی گەورە دەبینرا. یەکێك لە دەمی دۆڵەکەدا بوو بۆ دەشتەکە، گردێکی توورەکەڕێژی بچکۆلەی لە نزیکەوە بوو، بەڵام نەمتوانی ناوەکەی بزانم، **گردەکانی کیزبیر** لەبەردەماندا بوون، بەلای چەپماندا دەکشا و دەشتەکەش هەتا لاپاڵەکانیان فراوان دەبووەوە و لەلای راستمانەوە بەردەوامی ئەو ناوچە گردۆڵکەیی و داڕوخاوەیە، کە هەر ئێستا جێمان هێشت.

لە 10:30 بە گوندی **جیوك تەپەدا** تێپەڕین، گوندێك و گردێکی توورەکەڕێژی زۆر گەورە لەلای چەپمانەوە بوون. رووی لە رۆژئاوا و میلێك کەمتریش لەولای ڕێگاکەوە بوو. گردەکە وەك قوچەکێکی دابڕاو بوو، یەکێکی نزمتریش هەبوو لەوێوە دەیڕوانی بەسەر باکووری رۆژئاوادا، تەواوی دیمەنەکە زۆر بابلیانەیە. دوای نزیکەی نیو

سەعات، بەلای گردێکی نزمتردا تێپەڕین، کە لە ڕێگاکەمانەوە نزیك بوو، ئیدی لە نێوەڕۆدا گەیشتینە ئاڵتون کۆپری.

ئەمڕۆ زۆر گەرم بوو، قۆناغی ئەمڕۆمان لەوەی چاوەڕێم دەکرد زۆر درێژتربوو، شەش سەعات و نیومان پێچووە.

بەسەر بەردەلانیەکی زۆردا بۆ رووبارەکە[4] شۆڕبووینەوە، بەردەکانی بنی رووبارەکەش، کە لە ئەنجامی بوون بە بەردی زیخ و چەوەوە پەیدا دەبێت.

شارەکە دەرناکەوێ تا بۆی شۆڕنەبیتەوە. لە کەناری باشووردا کۆمەڵێکی گەورە لە تۆپ و ئەسپی تۆپخانە هەڵیاندابوو، کە تازە لە ئەستەمووڵەوە گەیشتبوون بۆ بەکارهێنانیان لە لایەن پاشای بەغداوە. چوار هێزی سەربازی و کارخانەی تۆپخانە و پازدە پارچە تۆپ، باری پێنج سەد وشتر کەلوپەل و تەقەمەنیەکان. ئیدی بەسەر پردێکی زۆر لێژی بەرزدا تێپەڕین، کە لەم دواییەدا چاکرابووەوە و پاشان بەناو شاردا و بەسەر پردێکی تردا و لە شوێنێکی تەختی نزیك گۆشەی باکووری رۆژئاوا، یان لای راست هەوارمان خست. رووباری دیجلە لە ئاڵتوون کۆپریەوە ماوەی هەژدە سەعاتە و کاتێ ئاوی رووبارەکە زۆر پڕە، کەڵەك یان بەلەم بە رۆژ دەچنە ناوی، بەڵام لەم وەرزی ساڵەدا سی رۆژ دەخایەنێ. تۆپەکەی، کە لە سەرەوە باسمان کرد پەڕانویانەتەوە و بۆیان دەرکەوتووە، کە بە درێژایی کەنارەکە ئاو سێ تا چوار پێیە و لێژبۆتەوە بۆ سەرچاوەی کۆی سنجاق[5]، کە دەکەوێتە باکوور 35° رۆژهەڵاتەوە، بە رۆیشتنی خێرای ئەسپێك دوانزە سەعات دەبێ و بەپێی کاروانییش هەژدە سەعاتە. لەوێدا دوو رێگەیە، یەکێکیان بە درێژایی کەناری لای راستی رووبارەکەدا درێژ دەبێتەوە، کە لە کۆی سنجاقەوە شەش سەعاتە رێیە. تەواوی رێیەکە کەمێ لە خوار کۆپرییەوە، لەسەر کەناری راست، هەندێ کەناری بەندەر و عەماری دانەوێڵەمان دی. کەڵەکەکان یان بەلەمەکان لە کۆی سنجاقەوە دێن و لێرەدا بارەکانیان دادەگیرێت و بۆ بەغدا

[4] ئاڵتوون سوو، یان کۆپری بۆ چەرخی کۆن، ئەبوفیدا پێیدەوت زابی بچوك.

[5] هەروەها بە زێشدا پەڕینەوە.

ئامادەدەکرێ. رووبارەکە بۆ کەڵەکەکانی نێوان کۆیسنجاق و دیجلەش لەبارە. تۆزێ لە سەرو شارەکەوە نزیکەی یەك میل پانە، کە لە دوو قۆڵەوە دەکشێ، لە داوێنەوە یەکدەگرن، هەردووکیان وەك یەك گەورەن و شارەکە جێدەهێڵن بەسەر دوورگەیەکدا. بە ئاسایی لە بەهاراندا خانوویەکی زۆر رادەماڵێ. ئیدی رووبارەکە تەواو شارەکە دەشواتەوە و هەردووقۆڵەکەش بەدەوریا یەکدەگرن. لەسەر لایەکی پردە گەورەکەوە رووبارەکە بە کەنارێکی بەهێزی بەردین تا دەوروبەری بەرزایی پردەکە بەری گیراوە، پاشان کەنارە بەرزەکە نزیکەی چارەکە میلێك لەسەرخۆ بەرەو داوێن دەگەڕێتەوە. لە لای باکووریەوە دەشتێکی نزمە، لمین و زیخەلآنە، کە نزیکەی بۆ ماوەی میلێك گردۆڵکەی دابڕاو دەوری داوە، ئاشکرایە ئەم شوێنە زۆر جار رووبارەکە تا داوێنی گردەکان داپۆشیووە. **گردەکانی کایبێر**، لەگەڵ ترۆپکی تەخت و لاپاڵە دابڕاوەکانیانەوە، بە دەوری لای چەپماندا دەکشان و دەڵێن لە **شەمامك**، کە ناوچەیەکی کوردیە دواییان دێت و لەپشت ئەم گردانەوە، بەلای رێڕەوی تێپەڕبوونی رووبارەکە بە ناویاندا، **قەرەچوغە**.

گەرمیپێو- لە 06:00 سەرلەبەیانی 59°، لە 14:00 پاش نیوەڕۆ 90°، لە سەعات 22:00 شەو 62°.

26/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم،**

لە 06:00 دا رووەو باکووری رۆژئاوا بە ناوچەی نێوان رووبارەکە و گردە دابڕاوەکاندا دەستمان بە رۆیشتن کردەوە، یان ناوچە بڵندەکەی، کە لەسەروو کۆپرییەوە دەست پێدەکات و بۆ ناوچە گردۆڵکەیەکەی، کە جێمان هێشت دەکشێ، دیسانەوە لە **کایبێر**دا دەست پێدەکاتەوە. لە 06:20دا رێگاکە بۆ **شەمامك** لای چەپمانی دەبڕی. خێرا دوای تاوێ گەیشتینە کۆتایی ناوچەکە. ئیدی بەسەر گردە لمینە دابڕاوەکاندا تێپەڕین، کە پاشان ئاستی ناوچەکە تا رادەیەکی زۆر بەرزتر دەبووەوە و لەلای چەپمانەوە خواردەبووەوە و سەرەوژوور دەبووەوە بۆ سەر گردەکانی **کایبێر**. لەلای راستیشمانەوە لە ماوەیەکی گەورەدا، بەردەوامی ناوچەیەکی گردۆڵکەی دابڕاومان جێهێشت، کە لێرەوە پێیدەوترا **هاڵیجۆ** بیستانا، ناوچەیەکە سەر بە کۆی سنجاقە.

دیسانەوە لەپشت ئەمەشەوە درێژەی شاخی **ئەزمر** بوو، شاخی بڵندتریش هێشتا لە پشتەوە دەبینرا.

بە گوندی **مەخزومەدا**، کە لەلای چەپمانەوە بوو تێپەڕبووین و رووبارێکی بچوك دەرژایە **ئاڵتوون سووەوە.**[6] بەدرێژایی ئەو رێیەی پێیدا دەڕۆیشتین دیارە لەوەبەر بە گردۆڵکە توورەکەڕێژە بچوکەکان دیاریکراوە لە ماوەی دووری یەك سەعات یان سەعات و نیوێك لەیەکترەوە، کە هەندێکیانمان تێبینیکرد. هەروەها ناوچەکە کەمێك زیخەڵانە، دەشتێکی زۆر باش بوو، درێژدەبووەوە بۆ کاییێر و هاڵیجۆ بیستانا. ژمارەیەك گوند لای راست و چەپمانەوە دەبینران، ناوچەکە بە باشی کشتوکاڵی لێکرابوو. جوتیارەکان سەرقاڵی جووتکردن بوون. لە 10:00دا گەیشتینە هەوارەگەی فارس ئاغای سەرۆکی دزەیی، لە گوندی قوشتەپە، ناوەکەشی لە یەکێك لەو گردە بچووکانەوە هاتووە، کە هێمامان بۆ کرد. دزەیی عەشیرەتێکی کوردە، لەوەبەر سەر بە کۆی سنجاق بوون، بەڵام پاشای بەغدا لەم دواییەدا لەژێر دەسەڵاتی هەردووکیان، واتە (کۆی سنجاق و هەولێر)ی دەرهێنا و خستییە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە ئەنجامی ئەمەوە، ئیدی گوێ بەکەس نادەن. فارس ئاغا، ئەفسەری ئازوخەکەمانی دەرکرد، دەڵێت: ئەو نە لەژێر فەرمانی وەزیری بەغدا و نە پاشای کوردستان و نە پاشای ئێراندایە، بەڵکو خۆی گەورەی خۆیەتی و لە وڵاتی خۆیدا دەژی و میوانیش راناگرێ. لەبەرئەوە چاکتر وایە بچین بۆ هەولێر. بێ هیوا بووین و بەراستیش چاکتر بوو بەردەوام بین و رۆژێکیشمان بۆ دەگەڕێتەوە: ئیدی دوای راوەستانێکی کەم، دیسانەوە دەستمان بە رۆیشتن کردەوە. لە 03:11دا لای جۆگە ئاوێکی بچووك دابەزین، بۆ ئەوەی قاوەیەك بخۆینەوە و رێبدەین بنەوبارگەکان لە پێشمانەوە خۆیان رێکبخەنەوە، دیسانەوە لە سەعات 00:21دا سواربووینەوە و رووەو باکوور دەستمان بە رۆیشتن کردەوە، لە 01:51دا هەولێرمان لێدەرکەوت، باکوور 01°رۆژهەڵات، دوای ئەوەی هێڵکارییەکم

---

[6] لەو بڕوایەدام هەڵەیە بە رووبارەکە بوترێ ئاڵتوون، چونکە ئەوە نازناوێکە تایبەتە بە پردەکەوە، کە چەند کەوتووە ئاڵتون واتە زێڕ یان پارە.

وێنەکرد،[7] دیمەنی گردە تەختە بەرزەکە، کە لەوانەیە کاتی خۆی گۆڕستانی ئەرساسیدییەکان بووبێ، شکۆمەندە بە قەڵایەك و پشتبەستە بە چیاکانی کاردۆخیەکان، بەڕاستی زۆر جوان و دڵگیر بوو. لە نزیك ئەو شارەی، کە لە لایەن جێگری فەرمانرەواکەوە پێشوازی کراین، بە رابەریی سی یان چل سوارەی توورك، لەگەڵ چاوشەکانی تیپی تەپڵژەنەکانیان. من لەوانەبوو گوێ بەم پێشوازییە نەدەم، چونکە بەر لەوەی بگەینە شوێنی مەبەست، خەریك بوو بە تەپوتۆز دەخنکاین، لە 03:51دا گەیشتین. ماوەی کاتی رێکردنمان هەشت سەعات و چل دەقیقە بوو. هەوارمان لای کارێزێك، یان جۆگە ئاوێك هەڵدا.



**شاری ئەربێلا- هەولێر-**

لە نزیك ئێمەشەوە کۆمەڵێکی بچوکی عەرەبی هۆزی **حەرب** هەواریان هەڵدابوو. عەرەبەکان، هەرچەند ماوەیەکی دوورودرێژە نەمبینیون، بەڵام ئەمانە زۆر بێ نمو، پێست زەرد و ئێسك گرانن، دانیشتووانی هەولێریش کورد و تورکن. ئەمڕۆ لە رێگادا تووشی کاروانێك بووین دەچوون بۆ بەغدا، بارە پیاز و تۆوی پیازیان پێبوو. زانیم لە هەولێر حوسێن ئاغای کۆنە خانەخوێم چاوەڕێی دەکردم، کە پاشای مووسڵ بۆ یاوەریکردنم ناردبووی، بەڵام نیازم وایە لێرە رۆژێك، یان دوو رۆژ بمێنمەوە، بۆئەوەی خەڵکەکە بحەسێنەوە و هێستری باشیشیان دەستبکەوێت و ماڵئاواییش لە عومەرئاغا بکەم.

---

[7] بڕوانە قاپەکە

گەرمیپیێو، لە 05:00 سەرلەبەیانی 58°، 14:30 دوای نیوەڕۆ 94° لە سەعات 22:00دا 59°بوو.

- 27/ ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم،

لەگەڵ سەلای بەیانیدا دەستبەجێ هەستام و دەستم بەکاروبارەکانم کرد.[8] یەکەم، چووم بۆ لای منارە کۆنەکە، کە دیارترین خاڵ بوو لەو ناوەدا، بەڵام مزگەوتەکەی تەواو وێرانەیە و خشتەکانی هەڵتەکێنراوە و بەو ناوەدا پەرش و بڵاوبۆتەوە. منارەکە بە پێوانە 121 پێ بەرزە، لەسەر سەکۆیەکی هەشت گۆشەیی راوەستاوە، کە هەر گۆشەیەکی 9 پێ و 11 گرێیە، بەرزایی بنکەکەشی 30-40 پێ دەبێ. دوو پلیکانە لە هەوادا، بەبێ بەیەکگەیشتن تا دەگەنە سەری روانگەکە، کە رووخاوە، لەگەڵ هەموو بەشی سەرەوەی، جگە لە دوو پارچەی بچوکی خشتکاری، پاشماوەی ستوونەکەی، کە بەسەر روانگەکەدا دەروانێ. منارەکە لەسەر شێوازی منارەکەی تاووغ دروستکراوە و وا پێدەچێ لە سەردەمی خەلیفەکاندا بووبێت، یان سەردەمی فەرمانرەواکانی هەولێر بێت. بەو ناوەدا کەلاوەیە، یان کۆمەڵێکی زۆر خۆڵوخاشاکی تیابوو، وەکو ئەوانەی لە کەلاوەکانی بەغدای کۆندا هەبوون. پاشماوەی دیوار و بناغەکەش دەبینرا، بەتایبەتی لەو لایەوە، کە شوێنی هەوارگەکەمانی لێوە نزیکە. وا دیارە کاتی خۆی شارەکە زۆر گەورە بووبێ، یان رەنگە ئەوەندەی بەغدای ئێستا بووبێ. هەولێر دەکەوێتە داوێنی گردە توورەکەرێژەکەوە، بەتایبەتیش کەوتۆتە بەشی لای باشووریەوە و گەرماوێك، کاروانسەرا و بازاڕی تێدایە. بەشێکیش لە شارەکە دەکەوێتە سەر گردەکە، یان ئەوەی پێیدەوترێ قەڵا. لای رۆژهەڵاتەوە، یان کەمێك بەلای باکووری شارەکەدا، چاڵاییەك هەیە، پێی دەوتری دۆڵی (چەکونەم) ، دەڵێن کاتێ تەیمووری لەنگ ئابڵۆقەی هەولێری دابوو، هەواری تێدا هەڵداوە، شێخێکی پیرۆزی هەولێرییش ترسولەرز لەناو سوپاکەیدا بڵاودەکاتەوە و سوپاکەی بڵاوەی

---

[8] بڕوانە پاشکۆکە.

لێدەکات. ئیتر تەیمووری لەنگیش لەوکاتەدا بە فارسی هاواری کردووە (چەکونەم) ، واتە: چی بکەم؟ ئەمەش بۆتە ناو بۆ دۆڵەکە، یان چالاّییەکە.

گەرمیپێو، لە 05:00 سەرلەبەیانی 52°، لە 14:30 دوای نیوەڕۆ، 90°، لە 22:00دا 64° بوو.

- 28/ **ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم،**

ئەمڕۆ بە چەند قۆناغێك لە یاداشتەکانمدا بەردەوام بووم، لە ناوەندی خەڵکێکی زۆری هەولێریدا، کە بە چیچکانەوە لە شێوەی نیوە بازنەدا لە دووریەکی بەرچاودا دانیشتبوون و بەدەم قەنکێشانەوە لەناوخۆیاندا بیریان لە کارەکانی من دەکردەوە. کەس لە کەس نەدەکەوت. نەمدەتوانی زەردەخەنەکەی سەر لێوم بشارمەوە، کاتێ، کە (دەلامبرە)م دەهاتەوە یاد و لە هەندێ هەڵسوکەوتدا خۆم بەو دەهاتە بەرچاو، ئەوەش، کە لە دراوسێکانی پاریسەوە وەرمگرتووە، لەوەوە، کە (گەر بەراووردەکە راست بێت) ، من بەتاقی تەنیا و بێ پاسەوان و یاوەر، لەناو ئەم کەش و هەوا نامۆ ومەترسیدار و دواکەوتووەدام. گردە تورەکەڕێژەکەی قەلاّی هەولێری لەسەرە مەزەندەی دەکەم بەوەی، کە نزیکەی 051 پێ بەرزە و لە چێوەشەوە سێ سەد بۆ چوارسەد یاردە دەبێت، بێگومان کاتی خۆی لەمە بەرزتربووە و لەوانەشە لوتکەکەی لەلایەن (قارا قەڵلا)وە تێکدرابێت. ماوەیەك لەوەبەر، حاجی عەبدوڵلا بەگ لەسەر ئەم گردە خانوویەك دروست دەکات، گۆڕێکیان هەڵداوەتەوە، لاشەیەکی تێدابووە، کە هیچی لێنەهاتبوو، بەلاّم هەر ئەوەندەی تەرمەکە، کەمێك هەوا لێیداوە، هەڵوەریوە. کەواتە وەك هەست ئەکەم، ئەمە گۆڕستانی (ئارسا سیدیی) یەکان بووبێ، بۆیە ناکرێ ئەوە تەرمی یەکێك لە پاشاکانی پێرشان بووبێ؟. حاجی قاسم بەگ پێی وتم، کە ناو گردەکە، دابەشکراوە بە خانە خانەی خشتکاری، کە بەخشتی گەورە دروستکراوە و نەخشیان لەسەر نییە، بە هەڵکۆڵینی ژێرخان یان سەرداب لە خانووەکەیدا، کە لە قەلاّدایە لەوە دڵنیابووە، کە بەرزایی گردەکە بە چل باڵی گەورە (81-02گرێ) دادەنێ.

ئەفسانەیەکی ناوخۆیی هەیە، تایبەتە بە ناوچەکەوە، ئەویش ئەوەیە گوایە داریوش[9] ئەربیلی بیناکردووە، کە ئەمەش زۆر سەیرە، چونکە هیچ پەیوەندییەك لە هیچ چیرۆکێك، یان مێژوویەکی رۆژهەڵاتیدا لە نێوانی داریوش و ئەربیلادا نییە و رۆژهەڵاتییەکانیش بەگشتی بێئاگان لە شەڕی ئەربیل، یان گۆگەمەلا.

کەروێشکی کێوی و ئاسك لەم دەشتەدا زۆرە و دەشتەکانی بە قەتێیەکی بێ شومار، یان پۆڕی دەشتەکی داپۆشراوە. لەم دەشتەدا هەڵۆی باڵابانیش راودەکرێ و بەگشتی بۆ کوردستانی دەنێرن.

گەرمیپیێو، لە سەعات 06:00 دا 67°، لە 14:30، 84° و لە 22:00 دا 74°بوو.

بای باشووری رۆژهەڵاتی هەیە و هەورەوهەڵایە.

- 29/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم،**

دوێنی ناخۆشترین رۆژمان بەسەربرد- راستە کەشوهەوا غرارەیە-[10] باکەش وەك گێژەڵووکە، لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات هەڵیدەکرد، هەواش پربوو لەو تۆزوخۆڵەی هەموو شتێکی داپۆشی و چاو و لووت و دەمیشمانی پڕ کردبووەوە. ئەمرۆ لە 05:30 سەرلەبەیانی لە باکووری رۆژهەڵاتدا کەوتینەوە رێ و دوای نزیکەی سەعاتێك لەلای دەستی چەپی رێگاکەوە بەگوندی (رەشکی)دا تێپەڕین. لێرەوە رێگایەکی تر لقی لێدەبێتەوە بۆ چەپ و دووبارە لای گوندی گردەشێر لە رێگا سەرەکییەکە دەداتەوە. لەوە دەچوو هەموو ناوچەکە کێڵرابێ و کشتوکاڵیش چاك بێت و هەردە و هەڵەتیش لەو ناوەدا کەمتر هەیە، کە لە خوار هەولێرەوەیە. جوتیاران

---

[9] داریوس، یان دارا، وەکو فیرعەون یان قەیسەر بووە، لەوەی کە ناونیشانی ناوێك و دابونەریتێك بێت، بۆیە لەوانەیە لەوە زیاتر نییە کە شارەکە لە لایەن یەکێ لە مەلیکەکانی ئەو فەرمانڕەواییەوە بنیات نراوە.

[10] غیرارا ناوی ئەو شوێنەیە کە دەگەیت بە رووباری دیجلە، چەند میلێك باشووری بەغدایە، لەوێدا کە میستەر ریچ و خێزانەکەی هەواری لێهەڵدەدەن، بەتایبەتی دوای گەرما زۆرەکەی هاوین کە کۆتایی دێت، لە نێوان ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم تا کۆتایی جەنیوەری/ کانونی دووەم، لەو کاتەی بای باشووری رۆژهەڵات زۆربەی کات لەم ناوەدا هەیە و کاریگەرییەکەشی  بە شێوەیەکی ناوێزە لەناو خێمەکاندا دەبینرا. خ. ریچ.

خەریکی جووتکردن بوون، کە هەر تەنیا کڕاندنی زەوییەکە بوو، گایەکی بچووك و گوێدرێژێکمان بینی، گاسنێکیان رادەکێشا و هەردووکیشیان بەنیرێکەوە بەسترابوونەوە. وادیارە شاخەکانی ئەم ناوچەیە رووەو رۆژهەڵات لادەکەنەوە و شێوە کەوانەیەك پێکدەهێنن، پاشان پێچ دەکەنەوە و لای زێدا روو دەکەنەوە رۆژئاوا. ئێستا دەتوانم چەند زنجیرەیەك جیابکەمەوە، یەکەم، ناوچەیەکی داڕوخاو، کە بەردەوامیی شوانە، دووەم، گردەکان، کەمێك بڵندترە لە یەکێ یان دووانی تری بەرزتر و زیاتر زنجیرە بەردەڵانەکان پێش زاگرۆس، کە بەسەر هەموویاندا دەڕوانێ و لە بەرزتر دەچێ و زیاتر دابڕاوە لەچاو هەر بەشێکی تردا، کە تا ئێستا بینیومانە. پێم وایە هێڵەکانی گردەکان، لەچاو ئەوانەی کوردستاندا، زیاتر لەیەکەوە نزیکترن. لەپێشمانەوە چیای مەقلوبە، کەمێك لەولای چەپیشیەوە قەرەچوغە، ئەو شاخەی دەڵێن تا جزیرە و ماردین درێژدەبێتەوە. بۆلای راستی مەقلوبیش دوو دیوار ئاسا زنجیرەی ستوونیی گردەکانمان دەبینی، کە بە (عەقرە ــ ئاکرێ)دا تێپەڕدەبن و لەگەڵ (مەقلوب)دا پێکەوە ناوچەی (ناوکوڕ)یان[11] پێکدەهێنا، کە ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندی عەمادیە ــ ئامێدییە. ناوچەکە هێشتا زیاتر بەردەوامە لە هەردە و هەڵەتی پێشودا، بەڵام زۆر شەقی نەبردووە و بێ تایبەتمەندی دیاریکراو بوو، ناو بە ناوێکیش شاخێك، یان دووانی بچووکمان دەبینی. رێگاکەش هەمان شێوە بوو، کە لە لاکەی تری ئەربیلدا هێمام بۆ کردووە. نزیکەی لە 03:80 دا بە (گردەشێر)دا تێپەڕین، قەڵایەکی بچووك لەسەر شاخێك لەگەڵ گوندێك لە داوێنەکەیدا، ئەوەش پێیدەوترا نیوەی رێگا بۆ زاب- زێ. راستەوخۆ دوای ئەوەی گردەشێرە گچکەمان بری لەلای راستی رێگاکەمانەوە. ئیدی ئاستی زەوی دەستی کرد بە نزمبوونەوە، رووباری زێ لەلای راستمانەوە بوو. لەگەڵ گوندی ئەلبەشیر لەسەر کەنارەکانی. لە سەعات 00:11دا گەیشتینە گوندی کەڵەك

---

[11] ناوکۆڕ دەشتێکە لە نێوان دوو کۆمەڵە گرددا. گردەکان یان زنجیرە لە رۆژهەڵاتی ناوکۆڕەوە درێژبووەوەی ئەزمڕە و پێیدەوترێ شاخی ئەقرە، ئینجا ناوکۆڕ، زافەرانیا، زاخۆ. ئەوە یەکەم شاخ بوو کە کەزنەفۆن و دە هەزار سەربازەکە پیاسەرکەوتن. کورد وەك زمانی هەموو شاخەکان، لە هەموو زاراوە بارودۆخێکی سروشتی بابەتەکان دەزانێ.

لەسەر کەنارێکی زیخەڵانی زێ.[12] کەنارەکەی بەرامبەرمان دەکشێتەوە، لە ژێرەوە دێتە پێشەوە و کەنارەکەی تەنیشتمان دەکشێتەوە، میلێك بۆ میل و نیوێك دەشتەکە جێدەهێڵێت، کە زێ لەم دەشتەدا دەبێ بە دوو یان سێ جۆگەوە. بۆ ئەو دەشتە شۆڕبووینەوە و لە دوو لقی زێ پەڕینەوە، کە قووڵایی لە چەند گرێیەك زیاتر نەدەبوو. لە 03:11دا گەیشتینە جۆگە سەرەکییەکە لەژێر کەناری لای راستدا، کە لێژاییەکی زیخەڵانە. بەکەڵەك پەڕینەوە و ئەسپەکانمان و خزمەتکارەکان، کەمێ لە خوارتردا پەڕینەوە، کە لەوێدا قووڵایی ئاوەکە بە ئاستەم سەرو چوار پێ دەبوو، رووبارەکەش لەو شوێنەدا بە رووکارێکی فراواندا پان بووبۆوە، پانتایی رووبارەکە لەو شوێنەی لێی پەڕینەوە، لە تەسکترین جێگایدا، لە چوارسەد پێ زیاتر نەدەبوو، بەڵام نزیکەی دوو یان سێ بالاّ[13] و نیو قووڵە. تەوژمەکەی زۆر خێرا بوو، رێژەکەی نزیکەی دوو، یان سێ گرێیە، ئاوەکەش بە شێوەیەکی جوان روونە و رەنگەکەیشی شینی ئاسمانیە. زۆر جار رووبارەکە لە وەرزی بەهاردا تەواوی دەشتەکە دادەپۆشێ. گوندی ئاسکی کەڵەکی یەزیدیش دەکەوێتە لای ئەو کەندەڵانەی، کە شەومان تێدا بەسەربرد و زۆر برادەرانی کۆنمان لەناو یەزیدیەکاندا ناسییەوە[14]، کە لە گەشتی پێشودا بۆ موسڵ هاوڕێییان کردین. گەشتەکەی ئەمڕۆمان لە سەعاتی یەکەمدا هێواش بوو، پاشان زۆر باش بوو بۆ پاشماوەی رێگەکە، قۆناغێك، حەوت سەعاتە بۆ کاروان، بەڵام ئێمە بەپێنج سەعات و پەنجا و پێنج دەقیقە بڕیمان. چەندین بوار لە رووبارەکەدا لەنێوان ئەم گوندە و دەمی زێ لەنزیك کەشاف لەسەر دیجلەدا هەیە، کە نزیکەی پێنج سەعاتە.[15] گەێنگەی رووباری

---

[12] هەموو کورد و خەڵکی ئەم ناوچانە بە زاب دەڵێت زەرب، لەوە دەچێ زاب ناوێکی عەرەبی بێت و لە کلدانییەوە وەرگیراوە، زانستی ریشەی بوچارد بلیمەت و شیاوە.

[13] بالاّ درێژی شەش پێیە و بۆ پێوانەی قوڵی ئاو بەکاردێت. وەرگێڕ.

[14] لەلایەن کوردانی بابانەوە پێیان دەوترێ داسینێ. ئەوەش لەبەر ئەوەی یەزیدیەکان لە دەوروبەری چیای داسینێ دەژین. وەرگێڕ.

[15] ئەمانەی خوارەوە بوارەکانی زابە: 1. لە سیتیە، گوندێکی عەرەب لەسەرو کەشافەوە، بوارێکی زۆر خراپ و قوڵ و بنکەکەی بەردی گەورە و لوسە. 2. لە عەرەبەکانی شومەیسات بوارێکی خراپ هەیە لەسەرو سیتیەوە، نزیکتر یوردەك. 3. بوارێك لەسەرو یوردەکەوە. 4. لە ئاسکی کەڵەك بوارێك هەیە لە هەمووی

خازەر، یان بومادوس سێ سەعات لە خوار ئەو شوێنەوە یەکدەگرن. بومادوس نزیکەی پێنج سەعات لەدوای ئاکرێوە بۆ دەرەوەی بەردەکان بەرزدەبێتەوە. زێ و خازەر هەردووکیان بایان زۆرە. گوندی (ئۆردەك)یش راستەوخۆ دەکەوێتە دامێنی دووئاوانەکەیانەوە، لەسەر کەناری رۆژئاوای زێ و من تەواو دڵنیام، کە لەدوای بەیەك گەیشتنی زێ و خازەرەوە هیچ دۆڵ و ئاوەڕۆ و سەرچاوەی ئاوێك نییە.

گەرمیپێو- 06:00 سەرلەبەیانی 68°، لە 14:30، 88°، لە 22:00دا 68°.

- 30/ **ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم،**

لە06:25 دەستمان بە رۆیشتن کرد. ئاستی رووی زەوی بەشێوەیەکی گشتی دوو هەنگاو لە ئاستی رووبارەکەوە بەرز دەبێتەوە، یەکەم بەرزبوونەوەی لە ئاوەکەوە بۆ گوندەکە بە کەندەڵانێکی زیخەڵاندا بوو، پاشان بۆشاییەکی تەخت هات و ئینجا دووبارە دووەم بەرزبوونەوە لە دەوروبەری بەرزایی کەندەڵانەکانەوە، کە نزیکەی 15 پێ دەبوو، لەوە دەچوو، کە لە هەندێ قۆناغی زۆر کۆندا کەناری رووبارەکە بووبێ. لە گوندەکەوە چووین بۆ هەنگاوی دووەم. پاشان سەرکەوتە سەر تەختایی ناوچەکە، ئیدی لە سەعات 07:00 رووەو لای رۆژئاوا بەردەوام بووین. رووی زەوی لەنێوان رووباری زێ و بومادوس- خازەردا هەوراز و نشێویی بوو، بەڵام نە قڵیشاو و نەشەقارشەقار بوو. جوتیارەکان لە زۆر شوێندا خەریکی جووتکردنن. لە 07:50 دا گەیشتینە بومادوس، یان خازەر سو، کە زۆر لە زێ دەچوو، کەناری زیخەڵانی بەرزی هەیە و لە هەندێ جێگاش جار جارە لادەدا و ئیدی دەشتەکەی نێوان خۆی و بنکەی ئاسایی رووبارەکە جێدەهێڵێت. ئێمە هێشتا هەر رووەو رۆژئاوا لە دەشتەکەداین. **گوندی مەنکوبە** لەسەر کەنارەکانی سەرو ئێمەوە بوو، لەگەڵ رووبارەکە لەسەر لای راستمان، کە پاشان لە 08:10 دا پەڕینەوە، قووڵاییەکەی هەمووی وەك یەك بوو، لەنێوان دوو پێ و نیو، یان

---

باشترە. 5. لە کەڵەکی نوێ، سێ بوار لە سەرو کەڵەکی نوێوە هەیە، لە نێوانیان و نێوانی شاخەکاندا هیچ دانەیەك لەو بوارانە ئێستا بوارنادات و لەیەکەم باراندا دیارنامێنن.

سێ پێدایە، کە دەگەیشتە ئەژنۆکانم. پانتاییەکەی نزیکەی 300 پێ دەبوو. ئێستا لەوپەڕی نزمیدایە و ڕەوتیشی لە زێ خێراترە، بەڵام لە بەهاردا وەك لافاو سێڵاوی هەڵدەستێ و دەشتەکەش تا ئاستی کەنارەکان دادەپۆشی و ئیدی بوار نادات، بەڵام لە دوو ڕۆژ زیاتر لەو ئاستە بەرزەدا نامێنێتەوە. دەڵێن بەرزبوونەوەی ماوەیەکی کورتە لە عەقرە ــ ئاکرێدا. . . کەناری ڕۆژئاوا، کە دوای پەڕینەوە پێیگەیشتین، وەك بەری ڕۆژهەڵات زۆر بەرزنییە و ئیتر زەوییەکەی وردە وردە دەنیشێت - ئەگەر بکرێ ڕێم پێبدرێ ئەوە دەربڕم- بۆ دەشتێکی پان و بەرین، تا چاومان بڕکات تەخت و لە زۆربەی بەشەکانیدا کشتوکاڵی تێداکرابوو. **گوندی زارا خاتوونیش** لە داوێنی بوارەکەوە ماوەیەکی کورتە.[16] لە ڕووبارەکەوە ڕووەو باکووری ڕۆژهەڵات ڕۆیشتین و لە 08:30 دا باکوور 68° ڕۆژئاوا، **قەرەچوخمان** لەگەڵ **مەقلوبدا** کرد بەیەك، کە دایپۆشیوە. بەر لەوەی مەقلوبمان لێ ون بێت، لە تەنیشتە لێژەکەیدا، نزیکەی نیوەی ڕێ بۆ سەرەوە، **کڵێسەی مارمەتی**، یان (**سانت ماتسیو**)مان بینی، کە لە ناوەندی کرستیانەکانی ئەم ناوچانەدا شوێنێکی زۆر ناودارە. بە هەمان شێواز لەسەر ترۆپکی **قەرەچوغ** تێبینی ئاسەواری کڵێسەیەکمان کرد. لە **بومادوسەوە** لە جاران خێراتر دەڕۆیشتین. **حاجی جەرجیس ئاغا**،[17] میواندار و هاوڕێی دێرینم، ئێستا (**کەفتان ئاغاسی**)یە، دوای بواری بومادوس لەگەڵ کۆمەڵێك کاوکلیدا[18] پێشوازی لێکردم، کە پاشای مووسڵ بۆ پێشوازی لێکردنم و بەخێرهاتنم بۆ ناوچەکەی ناردبووی و پێکەوە چووین بۆ **کەرەملێس**، کە گوندێکی وێرانی کلدانی بوو، لە سەعات 09:40 گەیشتینە ئەوێ، دوای ڕێکردنێکی زۆر خێرا بەدرێژایی ڕۆژەکە، ڕێکردن بە کاروان بۆ بومادوس دوو سەعات و نیوە و لەوێشەوە بۆ کەرەملێس هەمان شێوەیە. کەرەملێس لەکاتی خۆیدا

---

16 خازەر ماوەی سێ سەعاتە ڕێی کاروان، یان دوو سەعاتە ڕێ بەسواری لە دامێنی کەڵەکی کۆندا تێکەڵی زاب دەبێت. ڕاستەوخۆ پێش گەێنگە، لەسەر کەناری ڕۆژئاوا، گوندی (ئوردەك)ە.

17 ئەفسەرێکی پاشای موسڵە.

18 یان ئەفسەری حکومەتن و بەهۆی فێستە سەیرەکەیانەوە کە لەسەری دەکەن ئاوا بانگیان دەکەن.

شارێکی گرنگ بووە و **(نادر شا)** کاولی کردووە و ئێستا وەك هەموو گوندەکانی دیانەکانی رۆژهەڵات، گوندێکی زۆر هەژار و پیس و چەپەڵە. لێرەدا کڵێسەیەکی گەورە و زۆرکۆنی تێدایە، بەو مێژووەدا، کە لێی نووسراوە، دەردەکەوێ، کە 130 ساڵ لەمەوبەر، چاکراوەتەوە. ئێستاش خەریکە برووخێ. کڵێسەیەکی تریشی تێدایە لەو بچووکترە، بەڵام زۆرکۆن نییە. ئەمیش زۆر بینایەکی پیس و ناخۆشە. لە پشت گوندەکەشەوە، لە دووری نیو میل لە هەوارگەکەمانەوە باکوور 80° رۆژئاوا، گردێکی توورەکەرێژی کۆن هەیە، سەرکەوتمە سەری بۆ ئەوەی هەندێ دیمەنی ئەو شتانەی ئەو ناوە، بە کۆمپاسەکە دیاری بکەم. سەرکەوتنم بە دەست هانی بەڵام هەروا بێدەربەستانە، چونکە ئێوارەیەکی تاریك و رەشەبا بوو، شتەکان لە دوورەوە باش دیارنەبوون و دەرزی کۆمپاسەکەش زۆر جێگیر نەبوو. گوندێکی زۆر لە هەموو لایەکی دەشتەکە و لە هەمان ئاستدا، وەك دەریایەك بە هەموو دەوروبەرماندا دەبینرا.

مەیجەر (رەنێڵ) پێی وایە، کە کەرەملێس، گۆگەمەلایە[19] بەڵام بەوەی لەلای هەردوو (ئاریان و کوینتوس کورتیوس) دەردەکەوێ، گۆگەمەلا دەکەوێتە سەر رۆخی (بومادوس)، کە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێ بوترێ (کەرەملێس) لەسەر ئەو رووبارە بووبێ. لە راستیدا ئەستەمە لەنێوان ئەو ژمارە زۆرەی ئەو گوندانەی لەم دەشتەدا و بە درێژایی بومادوس بڵاوبوونەتەوە، کە بڕیاربدەی کامیان گۆگە مەلایە. ئێمەش ئەوە چاك دەزانین، کە گۆگەمەلا کاتی خۆی، تەنانەت لە سەردەمی ئەسکەندەریشدا هەر گوندێکی ئاسایی بووە. لەبەرئەوەیە یۆنانیەکان، سەرکەوتنەکەیان بە ناوی (ئەربیلا)وە ناودەبەن. چونکە نزیکترین شوێنێکی گرنگ بووە لە مەیدانی شەڕەکەوە. گۆگەمەلا تەنیا بۆ دیاریکردنی دەوروبەری شوێنی شەڕەکە باسکراوە. بەڵام ئێستا هیچ بۆنەیەك نییە بۆ ئەوە و لە راستیدا ئەگەر بمانەوێ گۆگەمەلا بدۆزینەوە، دەبێ لە زانیاری خۆمان لەو بوارەدا هەڵیهێنجین. بەڵام ئەمە کارێکی بێ ئەنجام دەبێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت... ناکرێ هیچ هۆیەك هەبێ بۆ هەڵبژاردنی کەرەملێس بە گۆگەمەلا، زیاتر لە

[19] بڕوانە روونکردنەوەکانی میجەر رەنێل، سەرنج لە مێژووی هێرشەکەی کۆرش، لاپەڕە 153، 154.

هەر گوندێکی تر، کە دەووری داوە. نەزانینی بارودۆخەکە، یان رووانینە ناوەکەی لە دیدی خۆشەویستییەوە، ببنە هۆی گریمانی هەڵبژاردنەکەی. کەرەملێس لە دەوروبەری چەقی دەشتەکەوەیە و ئەوەندەش بەرچاو نییە بەگوێرەی بارودۆخەکەیەوە.☆☆

گەرمیپێو، سەعات 06:00 سەرلەبەیانی 58°، 14:30، 80°، 22:00، 64°بوو.

- 31/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم،**

لە 06:15 دا سوار بووینەوە. رێگاکە لەوێوە بۆ مووسڵ رووەو باکوور 75° رۆژهەڵات بوو. تا سەعات 08:00 بە دەشتە تەختەکەدا رێمانکرد، کاتێ ناوچەکە دووبارە بووەوە بە بەردەڵان و نایەکسان، ناوچە تەختەکە هێشتا هەر لە لای راستمانەوە بەردەوامە. لە 08:30دا گەیشتینە زەوییەکی بەرزتر و دیمەنی دەشتەکە لە هەموو لایەکەوە دیار نەما. ئەوەندەی نەبرد شۆڕبووینەوە بۆ رووبارێك، کە پێیدەوترا (شۆردەرە)، یان دۆڵە خوێ، کە وشك بوو، بەڵام لە زستان و بەهاردا، لەبەر ئاو و قوڕ، بۆ ماوەی دوو، یان سێ رۆژ بوار نادات. لێرەدا کاروانێکی وشترمان بینی، دەچوون بۆ بەغدا، مس و چەرەسیان بارکردبوو. لە 09:40 دا گەیشتینە بەستێکی گەورە، پاشان بۆ نشێوییەك لە چاڵ دەچوو، دوای ئەویش بۆ بەستێکی تر، کە تورکەکانی مووسڵ دایدەنێن بە سەرەتای نەینەوا، دوای تاوێکی تر گەیشتینە چاڵێکی تر و دیوارێك. بەمەدا دەردەکەوێ، کە کاتی خۆی نەینەوا دوو دیواری هەبووە. لە ژێرەوەش یان لەبن ئەم دیوارەی دووەمدا کانییەك، یان بیرێك، کە بە تاقێکی کەوانەیی زۆر کۆن سەری گیراوە و بە بەردی گەورە هەڵچنراوە. ئەم بیرە پێی دەوترا (داملاماجە). خەڵکەکە پێیان وایە ئاوەکەی بۆ چاککردنەوەی گەلـێ نەخۆشیی دەست دەدات، نەك لەبەر تایبەتمەندی پزیشکیی، بەڵکو لەبەر هەندێ باوەڕی پڕوپووچ، کە دراوەتە پاڵی.

[20] جۆگەیەکی بچوك لە تەرجیلا هەڵدەقوڵێ و بە شاقولیدا دەڕوا، دێ بۆ کینالیس، لەو گوندەی بۆ کشتوکاڵی لۆکە بەکاریدێنێ و کاتێ بە تەواوی لە کینالیس کێشی کەم نەبێ بەناو قەرەقوشدا دەڕوات، چونکە لەوێدا پردێکی بچوکی یەك تاقی هەیە و رێی خۆی بۆ دیجلە دەدۆزێتەوە.

هەموویان بڕوایان وایە جنۆکەی تێدایە و دوای تاریك داهاتن کەس ناوێری توخنی بکەوێ. حوسین ئاغاش بۆی گێڕامەوە، کە گوایە شەوێك لە شەوە تاریکەکاندا بەلای بیرەکەدا رابووردووە، لەناو بیرەکەوە گوێی لە دەنگی تەپڵ و دەنگە دەنگێکی بەرزبووە. ئیتر ئاوزەنگی لە ئەسپەکەی داوە و هەڵهاتووە، چونکە ئەو پیاوەی بەبێ مەبەستیش بوێرێ بۆ بینینی جنۆکەکان بوەستێ، یان دەمودەست دەمرێ، یان شێت دەبێ. من لە ئاوەکەم خواردەوە، هەستم کرد بەتامە، روون و بێگەردیش بوو. 01دەقیقە لای بیرەکەوە ماینەوە، پاشان بەتەنیشت گوندی (**نەبی یونس**)دا.، کە دەکەوتە لای چەپمانەوە، بەناو نەینەوادا دەستمان بە رۆیشتن کردەوە. دیوارەکانی لای رۆژهەڵاتی نەینەوا، ببوونە گڵمتکی بەردین، بە چەشنی کردۆڵکەی سروشتی. لە 52:01 گەیشتینە کەناری دیجلە، ئیتر بە کەڵەکێك بۆ جێگاکەمان پەڕینەوە، کە بەدرێژایی ماوەی مانەوەمان لە مووسڵ، هەر لەوێ بووین و بریتی بوو لە باخەکەی (نەعمان پاشا)، لە باشووری شارەکە، کە پاشای هاوڕێی دڵسۆزم بۆی ساز کردبووین، چونکە ئەوێ زۆر باشتربوو لەوەی لەناو شار بمێنینەوە□ ماوەی قۆناغی نێوان (کەرەملێس و مووسڵ) چوار سەعاتێك دەبێ، بەڵام ئێمە بە چوار سەعات و چارەکێك بڕیمان، رێکردنەکەشمان باش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە پلەی یەکەمدا نییە.

گەرمیپێو □ لە 06:00 دا 58°، لە 14:00 دا، 78°بوو.

سەرنج:

یاداشتی رۆژانەی میستەر ریچ لێرەدا رادەوەستێ. کەمێ سەرگوزەشتەی زیاتر تایبەتی هەیە. بە تەواوی تەرخانی کردوون بۆ پشکنینی ناوچەکە و چەرخە کۆنەکانی، بۆ تێبینی کردن لەگەڵ جیۆگرافیاکەی و مێژووەکەیدا، لە سەردان و سەرلێدانی سەرۆکان و خەڵکانی سەرکردە لە وڵاتەکە و ناوچەکەدا، لە کاتی ئەو چوار مانگ دانیشتنەیدا لە موسڵ، چونکە کەمێك ماوەی هەبووە بۆ نووسین، بۆیە ئەم جۆرە وردەکاریانەی تۆمارکردووە، تەنیا لەوەی نەبا لە یادی بچێتەوە، یان پێویستی بە دابینکردنێکی ماتماتیکی هەبێ. مێژووی پەیوەندی تایبەتی خۆی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا جێیدەهێڵێن، تا لە ماوەی داهاتودا بیگێڕینەوە.

ئەوە سەردانی چوارەمی میستەر ریچە بۆ موسڵ. ئەو زۆر بە سۆزەوە لە لایەن ئەحمەد پاشای هاوڕێی دێرینیەوە پێشوازی کراوە و ئاماری تەواوی ئەوان و شارەکە و دەوروبەری کراوە، بریتیە لە بیرەوەری و لەلایەن میستەر ریچەوە پارێزراوە لە گەشتی پێشووەوە لە بەغدا و ئەستەمبوڵەوە، کە بەم زووانە بە نیازی بڵاوکردنەوەین.

# چاپتەری سیانزەیەم

کەلاوەکانی نەینەوا، گوندی نەبی یونس، ئەو بەردانەی بە نووسینی مسماری داپۆشراون، نەخشی سەر دیواری ماڵێك – مزگەوتەکەی نەبی یونس، پێشتر کڵێسە بووە، ناوچەی نەینەوا، دیوارەکان، چیای (کۆیونجوك)، رووباری (خازەر)، چیایەکی بەرزی تر، بەردێکی گەورەی هەڵکۆڵراو، ئەو قیرەی (بیتومین) پێوەیانەوەیە، شورایەکی بەهێز، دیواری سنووری رۆژهەڵات، نادر شاە، سەربازگەکەی، چیرۆکی پەرتەوازە بوونی سەربازەکانی، پردی گەمێکان لەسەر دیجلە.

- 8/ **نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم.**

لەو کاتەوە گەشتوینەتە موسڵ کەشوهەوایەکی زریاناویمان هەیە، بایەکی رۆژهەڵاتی و کەم کەم باران، ئەم بەیانیە ئاسمان کەمێ روونبووەوە و ئەو چیایەی لای باکوورەوە، کە زنجیرە چیای **گارای** پێدەوترێ، بەفر بەسەر هەندێ لە لوتکەکانییەوە دەبینرا. ئەو بەفرە بە درێژایی ئەم ساڵ بۆ ساڵانی دوای خۆیشی بەسەر ئەم زنجیرەیەوە لە پاڵ تاوێر و کاو و بن بەردەکاندا دەمێنێتەوە، من گومانم نییە، بەڵام پێیان وتووم، کە هەندێ لەم چیایانە ئەوەتەی هەن بە درێژایی ساڵ بەفریان پێوەیە، من زۆر جار ئەوەشم بیستووە، کە ئەو شتە وانییە، بۆیە ئەستەمە بڕوابکەم، کە دەڵێن ئەو بەفرەی لێرەیە، هەزار ساڵ دەبێ لەم شوێنەدایە. هەروەها دەبێتە ئاوی کانزایی و پێیدەوترێ (دهنە، یان دیهلیج)[21]، کە بۆ نەخۆشی چاو زۆر بەکەڵکە.

رۆژەکەمان بە شێوەیەکی باش بەڕێ دەکرد، ئێمە بەردەوام خەریکی پشکنینی کەلاوەکانی نەینەوا بووین و لە باخەکەمانەوە بە بەلەم لە رووبارەکە پەڕینەوە، کە تەوژمی رووبارەکە لەم کاتەیدا لە نزمترین ئاستیدا، لە گرێیەك زیاتر نەدەبوو، هەروەها باران لە دواتردا لەوانەیە ئەو بارودۆخە بگۆڕێت. ئەو شوێنەی لێی پەڕینەوە، پانی 400 پێ بوو، قوڵاییشی لە دوو پەنجە تێنەئەپەڕی. لای پردەکەوە[22] زۆرتر قوڵ و رووبەر تەسکتر بوو، خوار کەڵەکەکە پانتر و قوڵترە و دوورگەکە لە

---

[21] کاتێ خۆی کە لە موسڵ بووم، پاشای ناوچەکە مادەیەکی هێنایە بەردەستم، کە پێیان دەووت (دهلیج)، ناوێك بوو کە لە هیچ فەرهەنگێکدا ماناکەی دەست نەدەکەوت، بۆ دەرهێنانی ئاڵتوون لە چیاکانی (هەکایە) لە کوردستان بەکاردێت، کە درێژەی زنجیرە چیای تۆرۆسە، لە زۆر ناوچەی جیاوازدا وەکو یەك، کانی ئاڵتون و مس هەیە. هەروەها (دهلیج) لەلایەن موسڵاویەکانەوە بۆ نەخۆشی چاو بەکاردێت. کاتێ کە دەیکەنە بۆدرەیەکی تەواو هەست پێنەکراو و لەگەڵ دوو ئەوەندەی خۆی شەکر تێکەڵاوی دەکەن. هەندێ قنچکی بچووکی تێکەڵ بە تیشکی شین و پیرۆزەیی و سەوز و کەم تا زۆرێك تێکەڵ بە کەمێك خۆڵ. قنچکەکان لەناویا بە چەشنی سپار دەدرەوشانەوە، کە بە تەواوی لە توێژاڵی گرانۆلیفۆڕم (بەردێکی وردە بە چەشنی بلوور) دەچوون لە کاربۆناتی مس - شین و سەوز . هەروەها لە ترشی نەتریکدا هەڵدەچێت.

[22] لە ساڵی 527دا لە نزیك ئەم پردەوە شەرێك لە نێوان هەرقلی ئیمپراتۆر و کیسرای مەلیکی فارسدا بەرپابوو، بڕوانە گیبون، بەرگی/8، لاپەڕە 248.

ناوەندەوە جێدەهێڵێت، کە زیاتر لە سەرەتای رووبارەکەوە بەرزدەبێتەوە. سەرەتا چووین بۆ گوندەکە، یان شارۆچکەیەکی گچکە لەجیاتی نەبی یونس، کە زیاد لە 300 ماڵی تێدایە و لەسەر گردێکی تورەکەڕێژی کۆن بیناکراوە، کە ماڵەکان هەموو گردەکە ناگرێتەوە. لە کۆنی چەرخەکە دڵنیابووم، ئەویش لە رێی دۆزینەوەی پاشماوەی ئەو چاڵە قووڵە هەڵکۆڵراوانەوە و کاتێکیش، کە پارچەی هەموو خشت و قرمیتەکان و پارچە گەچم دەدۆزییەوە، کە سەرتاپایان نەخشی مسماری لەسەر تۆمارکراوە. من چەردەیەکی زۆرم لەوانە هەیە، بەتایبەتی یەکێکیان، کە پێیەك دەبێت و ئەستووریەکەشی چوار گرێیە، بە نووسین داپۆشراوە و لەم گردەشدا هەڵکۆڵراوە[23]، ئەمڕۆش هەندێ بناغەی خانویان پێشاندایین، یەکێ لەو پارچە گەچانەی، کە پیتی مسماری لەسەر بوو، پارچەیەك بوو لە چێشتخانی خانوویەکی داڕوخاو، لەوە دەچوو بەشێکی دیواری ڕاڕەوێکی تەسك بێت، کە دەیانووت بۆ گەیشتنە بە چیاکە. بەڵام ساڵی رابردوو هەندێ کەس هەڵیانکۆڵیوە و رێگەی ڕاڕەوەکە بۆ چیاکە گیراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی بە ژێر ماڵەکانیشدا دەڕۆیشت، بۆیە ترساون لەوەی، کە هەرەس بهێنێت. دیسانەوە بە خۆڵوخاشاك گرتوویانەتەوە و تەنیا ئەو پارچەیە کەوتبوو، کە هەست دەکرێت بەشێك بێت لە دیواری چێشتخانەیەك، ئێستاش زیاتر وەکو ژوورێکی بچووك لەلایەن ژنێکی دانیشتوی ئەو ناوەوە بەکاردەهێنرێت، ئەو کاتانەی دەمانویست لەو پارچە کەچە بڕوانین، ئەو ژنە زۆر بەڕێزەوە دەچووە دەرەوەی ژوورەکە، تا رێگەمان بدات سەرنجی لێبدەین و بیپشکنین. لەسەر پارچەیەك کەچ نەخشێکی مسماری زۆر گەورەتری تێدابوو، کە رووی کردبووە باشوور و درێژدەبووەوە بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئێستا تەنیا سێ پێی لێکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لایەکی تێدایە، کە لە رۆژئاواوە چەند یاردێکی تر مەودای پانکردنی دەدات، بەڵام لەو کاتەوە، کە بە قوڕ سواغدراوە، نەخشەکەی زۆر سەیر بووە، لەوە دەچێت شوێنی بنەڕەتی خۆی گرتبێت. لەناو ژوورەکەدا شتێکی زۆر نییە، نزیکە دوو پێ بەرزەو لەژێر ئاستی چیاکەدایە. پیتە مسمارییەکان لە شوێنی راستەقینەی خۆیاندان.

---

[23] ئێستا لە مۆزەخانەی بریتانیایە.

دەڵێن نووسراوەکە لەناو بینای ژوورەکەدا دۆزراوەتەوە و هەر لەکوێدا دۆزراوەتەوە، ئاواش لەوێدا بەجێیان هێشتووە و وەکو هەموو ژوورەکە بە قوڕ سواغدراوە، هاوڕێك لەگەڵی و زۆر نزیك لەو ڕاڕەوەی پێشتر سەرنجمان لێدا، لەوە دەچێت بەردەوامی ئەوە بێت، هەروەها دوای ئەوە، ئەو خاڵەش لە هەندێ هێڵکاری و شوێنەواردا لە زەویدا دەبینرێت، بەڵام ئێستا شکاوە و لەم ناوەدا کەوتووە. بێگومان ئاسەوارێکی زۆری تر لەم گردەدا دۆزراوەتەوە، بەڵام پارچە گەورەکانی خانووی بچوکی پێ دروستکراوە، هەروەها لە کاتی ڕووخانیدا، یان سەرلەنوێ چاکسازیدا ئەو جۆرە ئاسەوارانە دەردەکەون.

لێرەوە بۆ مزگەوت چووین، کە بریتیە لە گۆڕی (یونس)[24] پێغەمبەر، کە دەکەوێتە باکوورەوە لە سەر دوا پنتی بەرزایی گردەکە و لەبری ئەوەی بینایەکی گەورە بێت، قوببەیەکی پەلداری سەرەکیی شێوە قوچەکە، بەڵام لەسەر بنکەیەکی هەشت گۆشەیی ڕاوەستاوە، کە هەر لایەکی هەشت پێیە و هەروەها هەر یەکەیان لە بنکەیەکی چوارگۆشەدا چەسپ کراوە. لەسەر ئەو تەلارانەیە، کە بیناکەی داپۆشیووە. قوببەکە لە چوارلاوە بچوکە و سپیواشە و بۆ لوتکە بەرزدەبێتەوە. هەیوانەکە، یان سەربانە تەختەکەی لە لای باشوورەوە 15 پێ لەسەرو ئاستی گردەکەوەیە، بەڵام لە باکووردا بەرزدەبێتەوە بۆ 40 پێ، بە پێوانە لەسەرو گردەکەوە بە دووری نزیکەی 30 پێ بەرزی ستوونی، کە هێشتا لەنێوان داوێنی دیوارەکەدایە، لەگەڵ ئاستی ئاسایی نەینەوادا، بە مەرجێ بەرزایی ستوونی لە بەرزترین بەش لە گردەکە لە ئاستی ئاسایدا نزیکەی 50 پێیە. هەروەها قوببەی تریش هەیە، نیوبازنەیی و کەمێ لە هەیوانەکەوە بەرز بوونەتەوە، لەلای ڕۆژهەڵاتی مزگەوتەکەوە بووین، کە سێ ڕاڕەوی زۆر کۆن و

---

[24] لەوەپێش لێرەدا و لەو شوێنەی گۆڕەکەی یونسی لێیە، کڵێسەیەکی مەسیحییەکان هەبوو. هەرچی مزگەوتەکە هەیە لەسەر کڵێسەکە بینا کراوە، کە پارێزگارییەکی تەواو دەکرێت، بەڵام هیچ مەسیحییەك لەبەر ئەوە نزیکی ناکەوێتەوە. دوای ئەوەی یونس لەم ناوچەیەدا پەیامەکەی گەیاند، مەسیحیەکان ناوی کڵێسەکەی خۆیان نا، هەرچەند ئەوان باوەڕناکەن کە یونس لەوێ نێژرابێت، لەو بڕوایەدان کە دوای تەواوکردنی پەیامەکەی بۆ فەلەستین گەڕاوەتەوە.

تەسکترمان بەدی کرد، چووبوون بەناو یەکدا، لەگەڵ دەرگایەکی زۆر دەچوونەوە سەریەك، کە پلانی ناوەوەی (زیندان)ی لە (دەستەگەردە)دا[25] دەهێنایەوە یادم. ڕاڕەوی زۆر تاریك و تەسك و گۆڕیچە، کە زۆر لەوە دەچوو سازکرابێت بۆ لاشەی مردووان. دەڵێن زۆر کۆنە، بەڵام نازانرێ بۆ تەمەنی چەند دەگەڕێتەوە، دەگاتە کوێ و لە کوێ زیاتر دەڕوات.

لە هەیوانی مزگەوتەکەوە دیمەنێکی جوانی موسڵ دەبینرێت. هەموو دانیشتوانی شارەکە تێمان دەڕوانن، بەڵام کەس لە کەس ناکەوێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان وەك بیستوومە لەو بڕوایەدان، کە تۆپێکی گەورە لەم شوێنەوە سەرتاپا موسڵ دەگرێتەوە. پاشان بە سواری بەناو نەینەوادا ڕۆیشتین بۆ لای یەکەم دیواری شورای شارەکە، کە هێڵێکە لە خاك و چەو، بەردی گەورەی هەڵکۆڵراوی لێدەرهێنراوە، هەموو دیوارەکان لەم ناوەدا بەو شێوەیە لە پشتی ئەو خەندەقەوە بەردەکانی دەرهێنراوە، تا ئێستا شتێکی ئاساییە و دەتوانێ وەدووی کەوێت و لەلایەکی ترەوە و لە دیوارێکی تردا بەردەوام بێت.

لەژێر ئەم دیوارەدا بیری (**دەملەمەجی**)ە لەوەپێش تیبینی کراوە و لەوەش دوورتر دۆڵێکی تەسك یان کەندرێ جێدەهێڵێن و هێشتا دیواری تر ماوە و لەو بڕوایەدام گەورەتریش بێت. ئێمە ئەمڕۆ لە بیرەکە زیاتر نەرۆیشتوین، کە لە دۆڵەکەدا چەند پێیەك لە دیوارەکەوە دوورە و تۆزێ پاشماوەی لەسەر ماوەتەوە و لە ناویشەوە ڕاڕەوێکی ژێر تاقی سەر ئاوەکە هەبوو، کە بە تاشەبەرد دروستکرابوو. بە پێشی شوێنی چوونە ناوەوەش بسمارێکی زۆر داکوترابوو، کە لەوانەیە بۆ هەڵواسینی ریشاڵە پەت بووبێت، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کەسێك بەڵێنی دابێت و سوێندی خواردبێت، کە لە بەڵایەکی نالەبار رزگاری بێت بە داخوازی پیرۆزێك. یان لە وەرزی بەهاردا لەوەدەچێت ئاو بە گڵمتکە گڵ و بەردەوە بێتە دەرەوە، کە بنەچەی دیوارەکەیە و تا وەك خۆی بمێنێتەوە، هەروەها لەنێو بەردەکاندا هەندێ سەدەفی رووبارمان بینی.

---

[25] بڕوانە ڕۆژانەی گەشتێ بۆ سنووری باشووریی کوردستان.

ئیدی لە بیرەکەوە سواربووین بەرەو باکوور بە چەمەکەدا تا تۆزێ دەکرێتەوە لە رووباری (خازەر)دا، کە پێیدا تێدەپەڕێت. لە کەناری رووبارەکەدا، کە لە بەهاردا هەندێ جار لافاو بۆ ماوەیەکی کورت مەودا نادات، پارچە بەردی کۆن دەبینرێ، وەك ئەوەی پردی بەسەرەوە بووبێ. لە خازەرەوە بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە، **کۆینجۆك تەپەمان** لەلای راستمانەوە جێهێشت و زۆر نزیك بە دامێنی مەزاری یونسدا تێپەڕین. ناوچەی نەینەوا بە مەزەنەیەکی گران، نزیکەی میل و نیوێك بۆ دوو میل پانە و چوار میلیش بە رێیەکی بچوکدا لە باشووری نەبی یونسدا درێژ دەبێتەوە. لەسەر رووبارەکە، یان لە لای رۆژئاواوە، تەنیا پاشماوەی یەك دیوار ماوەتەوە و منیش هەمان شتم لەوپەڕی سنووری باکوور و باشوورەوە تێبینی کرد، بەڵام لەلای رۆژهەڵاتەوە پاشماوەی سێ دیوار ماوەتەوە. لەوە دەچێت دیوارەکەی لای رۆژئاوا کەمێ بەرەو پێشەوە بۆ بەردەمی نەبی یونس چووبێت. نێوانی ئەو و رووبارەکە زەوییەك هەیە، کە زۆر جار ئاو دایدەپۆشێت و دەگۆڕێت، بەڵام تێکەڵ بە ناوچەکە نابێت.[26] لەم شوێنەدا ناتوانم هێمابکەم بۆ رابردووی یونس، ئەو پێغەمبەرەی، کە بە دەست رەشەبا و بای رۆژهەڵاتەوە زۆر ناڵاندوویەتی، ئەو هەوا(شەرجی)یەی لەم وڵاتانەدا زۆر ترسناکە و زریاناوی و گەرمە و پڕ لە خەمۆکییە. [27]

---

[26] لەنێوان ژمارەیەك لە یادەوەریەکانی کە لە پشکنین و لێوردبوونەوەی کەلاوەکانی نەینەوا چیرۆکێکی جوان پێشنیارکرا بۆ (پیراموس) و ئەمەش بە دڵنیاییەوە کەم سەرنج راکێشەر نییە، زۆر لەوەش دەچێت کە لەوانەیە لە چیرۆکێکی رۆژهەڵاتییەوە وەرگیرابێت، ئەگەر وابێت، ئەوا (پیراموس) دەبێتە (بەهرام) ، کە بەگشتی لە زاراوەی (ڤاراموس)ی لاتینیەوە وەرگیراوە. من زۆر باش زانیاری تەواوم لەبارەی ناوی مێینەی کۆنەوە نییە ، تا بڵێم ئەوەی بوو دەبێ ببێت، بەڵام چیرۆکەکە بە تەواوی هەوایەکی ناوخۆی هەیە و ئەوەش دەمخاتە ئەو بڕوایەی کە ئەوە هەمووی شاعیری رۆمانی داینەهێناوە.

[27] کتێبە کۆنەکان بە تەنیا ئەم چیرۆکی (ئۆڤید)ە دەگێڕنەوە، Met. iv. 55 Hyginus and, و هەردووکیان بابل دەکەنە شانۆی ئەوە، میستەر ریچ ئەوەی وتووە: بێگومان لەلایەن (بۆستا نانی)ی ئۆڤید، گۆرستانی نانوسە (خەونی نیوەشەو) ئەوە دەسەلمێنێ کە لەم ناوچەیەدا بووە. هەروەها لەو بڕوایەدایە کە ئەو گۆرستانە دەبی هەبێت، واتە لە نەینەوا، بڕوانە بیرەوەریەکانی دووەم لە بابل، ل،192،58. پەیوەندی هاوڕێیەك بە خ. ریچەوە.

- 10/ **نۆڤەمبەر، تشرینی دووەم.**

من دوێنێ ناچاربووم بچم بۆ دەعوەتێکی پاشا، هەرچەند نەدەکرا بچیت بۆ نەینەوا، بەڵام ئەم بەیانییە سەعات 10:00 بۆی دەرچووین، لەگەڵ ئەوەی، کە کەشوهەواش بە تێبینی لە دوێنێ، جێی متمانە نەبوو، دوێنێ سەرەتا، کە چووینە دەرەوە گەرم بوو، کەچی پاش نیوەڕۆ فێنکی کرد و خۆش بوو.

سەرەتا بە رووباری **خازەردا** پەڕینەوە بۆ **کۆیونجوک**، کە دەکەوێتە داوێنی باشوور و 20-30 پێیەکیش لەسەرەوە و قوڵاییەکەشی لە قوڵترین شوێندا دوو پێیە.

لە چیای کۆیونجوکەوە توانیم بیرێکی گشتی دەربارەی دەوروبەری نەینەوا لە مێشکی خۆمدا گەڵاڵە بکەم. کۆیونجوك لە باکوورەوە نزیکترە وەك لە باشوور، ئەمە بە گوێرەی دیواری رۆژئاواوە، کە دەکەوێتە تەنیشتییەوە، یان راستر وایە، کە لە هەردوو لاوە لەوە تێپەڕناکات. رووکاری رۆژئاوای کۆیونجوك بە دیوارەکەوە جووتە. هەروەها دەشتوانرێ هەمان شت بوترێ لەبارەی ئەو گردەی گوندی نەبی یونسی لەسەر بینا کراوە، کە بەرەو ناوەوە درێژ دەبێتەوە، یان بەرەو رۆژهەڵات، نزیکەی بە بڕی ئەوە، هەرچەند رووبەرەکەشی ئەوەندە فراوان نییە بگاتە کۆیونجوك. دیوارەکە دوای پچڕانێکی کەم لە داوێنی کۆیونجوکەوە وێران بووە، بە هێڵێکی رێك بەرەو باکوور دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەوپەڕی گۆشەی باکووری رۆژئاوا. پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت، کە گۆشەکە بە هیچ تاوەرێك، یان هەر جۆرە شتێك نیشانە و دیاری نەکراوە.

لە داوێنی چیای کۆیونجوکەوە رووباری خازەر کەمێ بە کەناری باشووردا دەڕوات، لای ئەو شوێنەی، کە لەوە دەچێت دیوارەکەی چاکرابێتەوە. لەو شوێنەی رووخاوە خشتی تەخت دەبینرێ، بەڵام قامیشی لێنیە. جارێکی تر دیوارەکە بە هێڵێکی رێك بەرەو گۆشەی باکووری رۆژئاوای نەبی یونس دەکشێت، لەوێدا، کە دیسانەوە بە رێگەی (کەرەملێس) نزیك گوندەکە روخاوەتەوە. لە پشتی نەبی یونسەوە کەمێ بەرەو دەرەوە دەچەمێتەوە بۆ ئەوپەڕی باشووری رۆژئاوای ناوچەکە.

دیوارەکە لە بەرزترین بەشیدا 10-15 پێ دەبێت و دەگاتە تیغەشانێك، یان خالێك لە شوێنێکدا، کە بە باشی ماوەتەوە. بەردە زۆر گەورە هەڵکۆڵراوەکان لە هەموو بەشێکی فرواندا دەرهێنراونەتە دەرەوە، لەو بڕوایەدام بە شێوەیەکی گشتی لە بنەوە دەرهێنرابن، تێبینی ئەوەمان کرد، کە بەردێکی زۆر گەورەی نەخشکراوی لەسەر کەوتبوو.

چیای کۆیونجوك جگە لە ڕۆژئاوای ناوچەکە و بەشێك لە لای ڕۆژهەڵاتەوە زیاتر شێوەیەکی سەیر و نارێکوپێکە. لاکانی زۆر تیژە و سەری چیاکە نیمچە تەختە و گۆشەکانی هیچ جۆرە چرای فانۆس و تاوەری لێ دانەنراوە بۆ نیشانەکردنی. بەرزیی ستوونی 43 پێیە، سەرجەمی چێوەکەشی 7691 پێیە. کاتێ، کە من بە گۆشەکانەوە خەریك بووم، کاپیتان (**کەفالە**)[28] لەگەڵ چوار سەربازی **سیك** خەریکی پێوانەی چیاکە بوون.

لوتکەی چیاکە شێوە و دیمەنێك نانوێنێت تا بڵێی لە هەر کاتێکدا هەرگیز لە ئێستای بەرزتر بووبێت. ئاشکراشە، کە بینای لەسەر کراوە، بە لایەنی کەمەوە بە چواردەوریا، بەرد و خشت و کەرەسەی بینا بەو ناوەدا پەرشوبڵاوە، هەروەها دوور لە چیاکە بینای تری لێیە و لەو شوێنەی، کە هەڵیانکەندووە، هەمان بەردی هەڕەمەکی و کەرەسەی بینامان دەبینی. پارچەیەك بەردی خۆڵەمێشیی لە شێوەی ستووندا، لەو ڕۆژانەشدا کۆڵەکەی دار، یان مێخی تورك، یان تا رادەیەك فارسی، بەڵام هیچ نەخشێکیان لەسەر نەبوو. لە زۆر شوێن ناوفەرشی ماڵ، یان شۆستەمان دەبینی. لەسەر چیاکە بەردی بچوك لەگەڵ زەویدا جووت بووبوون، هەروەها گۆزە و گڵێنەمان دۆزییەوە و لەگەڵ سەرەپارچەی بابلی تر و لەگەڵ ئەو پارچە خشتانەی، کە قیریان پێوە لکابوو، ئەوەشیان پێ وتم، کە خشتێکی زۆری قیراویی لەم کەلاوانەدا دۆزراونەتەوە. کاتێ لە چیایەکەدا دەگەڕاین، پارچەیەك خشتی ساغ، یان پارچە گڵێنە دۆزرایەوە، کە بە خەتی ووردی جوان داپۆشرابوو. ئەوە باشترین شت بوو، زەردباوێکی سەر سافکراو

---

[28] کاپیتان کەفالە یۆنانی بوو، کە بە کارێکی تایبەت لە هندستان بووە و لە گەڕانەوەیدا پەیوەندی کردووە بە میستەر ریچەوە و هاوکاری کردووە لەم بەشەی گەشتەکەیدا.

یان پۆلێشکراو و لەوە دەچوو تایبەت بێت بە لوولەیەکی گەورەوە. لە گۆشەی باکووری رۆژهەڵاتی چیاکەدا گوندە خنجیلانەکەی **کۆیونجوکە**، کە هەندێ بەشی دەچێتە سەر چیاکە، لەوانەیە بۆ بیناکردن کەمتر سەخت بووبێت، یان ویستبێتیان تەواو سەخت بێ و زیاتر بکێڵرێ.

گەورەترین بەشی شتە نایەبەکانی نەینەوا لەو چیایەدا دۆزاوەتەوە، کە نەبی یونسی لەسەرە. کورسییەکی بچکۆلەی دەگمەنی بەردم لە سلێمانییەوە لە لایەن دەلالی شتە نایەبەکانمەوە بۆ هات، لەگەڵ ژمارەیەك لە خشت و لولە، کە کاتی خۆی لێرەدا دۆزراوەتەوە. پاش ئەوەی تەواو چیاکەمان پشکنی، ئیدی دەستمکرد بەوەی، کە دەمویست لە باکووری خازەردا جێبەجێی بکەم. بەشی باشووریش هەڵگرم بۆ دواتر.

هەرچەند سەرەتا دەبێ ئەوە دیاری بکەم، کە رووباری **دیجلە** بەشێوەی نیمچە بازنەیی بەسەر کەلاوەکەدا دەڕوا و لە ژێریەوە دەگەڕێتەوە و نیوە بازنەیەك زەوی چێنراو پێکدەهێنێ. لە گۆشەی باکووری رۆژئاوای کۆیونجوکەوە 210 هەنگاو لەنێوان ئەو و سەرەتای دیوارەکەدا هەیە، لێرەدا دیوارەکە زیاتر تێکچووە، ئەو ماوەی نێوانە بۆ سۆراغکردنی بەرد هەڵکەنراوە.

ئێستا بەسواریی ولاخ، بەدرێژایی دیوارەکەی لای باکووری رۆژئاواوە رۆیشتین، تا گەیشتینە شوێنێکی بەرز و پانتر لە دەرەوەی ئەوانی تر، لەوێ چەند ساڵێك لەوەبەر پڕبووە لە بەردی خۆڵەمێشی و بەرز بە باڵای دوو پیاو و نەخشدار بە وێنە و دیمەنی مرۆڤ و ئاژەڵ، کە زۆر دەگمەنە لەسەر رووی زەوی، هەموو شاری موسڵ ئەو رۆژە چووبوونە دەرەوە بۆ بینینی و لە ماوەی چەند رۆژێکدا بڕیویانەتەوە یان شکاندویانە و پارچە پارچەیان کردووە. لەو شوێنەدا من پارچەی بنمیچێکی گەچی نەخشدارم هەڵگرتەوە، یان ئەوەی، کە پێیدەوترێ مەڕمەڕی موسڵ.

ئیدی بەدرێژایی دیوارەکە رۆیشتین بۆ لوتکەیەکی بەرزتر لەسەر دیوارەکە، وەکو ئەوەی، کە دواجار بینیمان. هەندێ کەلاوەی لێیە، یان نایەکسانی ئەو زەوییەی لە باکووری رۆژئاواوە بۆ ناوچەی شارەکە درێژدەبێتەوە. بەڵام من لەو بڕوایەدانیم، کە

ئەوە تەنیا نایەکسانی بێت. هەموو ناوچەکە لە سەرەتای ئەو نایەکسانییەوە بەرەو دیواری ڕۆژهەڵات بەرزترە و زۆر ساف و ڕێك نییە وەك ئەوەی بەشی ڕۆژئاوای. ئێمە بەردەوام بە سواری بە درێژی دیوارەکە دەڕۆین، کە لێرەدا بەرزو تیژترە بۆ ئەو شوێنەی، کە ڕووباری خازەری پیاتێدەپەڕێ و ئەوەی چیاکەی لێیە، کە دیاریم کردووە وەك بنکەیەك بۆ سەرنج و تێبینیەکانم. لەوە ناچێت شکابێت و لێرە لە کەناری خازەر و هەروەها کەمێ بەرزتر هەندێ کار بە بەرد کراوە، کە لەوانەیە بەشێك بێت لە شۆستە یان پردێك. لەسەر دیوی دەرەوەی دیوارەکە بە خڕی وەکو چیاکەی پێشو، وڵاتەکە گردۆڵکەییە، یا زیاتر راستە ئەگەر بڵێی وەك یەك یەکسان نییە، ئیتر بەو شێوەیەیە بۆ کەناری بەرزی ڕووبارەکە، کە گۆڕەکەی شێخی لێیە.[29]

- 11/ **نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم.**

لە شەودا هەندێ باران باری، بەڵام ئەوەندە نەبوو تا کاری ڕۆژم لێتێکبدات، بۆیە لە کاتی ئاساییدا دەرچوومە دەرەوە، کاپیتان کەفالە و گروپێك لە سەربازانی کارای سیکم خستنە کارەوە بۆ پێوانەکردنی بنکەکە، لە کاتێکدا خۆم بە دەوری بەشی باشووری نەینەوادا ڕۆیشتم و ناوچەکەم هێڵکاری کرد و گۆشەکانی ترم وەرگرت، دیوارەکە تا نەبی یونس بۆ ناوەوە کەمێ دەچەمێتەوە، جگە لە نزیکی گۆشەی باشووری ڕۆژئاوا، کە بچوك و نزم و شکاوە. ڕێگاکە لە قەرەقووشەوە بۆ موسڵ بە تەنیا دەڕوات، نزیکی گۆشەکە دیسانەوە بەرزدەبێتەوە و بە بەردەوامی بەرز و بە ئاسایی بەدەوری گۆشەی باشووری ڕۆژئاوا بۆ گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵات و پاشان بەدەوری چیای دوو لوتکەدا، کە من پێی دەڵێم بنکەی هەشت. لاکانیشی لەگەڵ ئەوەی زۆر لێژە کەچی کێڵراون.

لەلای باشوورەوە، یان ئەو ڕووەی نزیکە لەو سێ کەلێنە، کە ئەوەی ناوەندیان لەوە دەچێت بەشێك بێت لە نەخشە بنەڕەتیەکە. چەند یاردێ لەوەوە، لە دەرەوەی دیوارەکەی نزیك ڕێگەی قەرەقووش تێبینی شتێکی سەرنج ڕاکێشەرم کرد، کە لەوە

---

[29] مەزاری شێخی محەمەدیان- موسڵمان، ئەو ناوەی کە من هەرگیز فێری نابم . خ. ریچ.

دەچوو پاشماوەی چەرخی کۆن بێت. هەندێ کەس ئەم ناوەیان بۆ پەیداکردنی بەرد هەڵکۆڵیوە و چاڵیان کردۆتە زەویەکە، بۆیە زۆر لەو بەردە گەورە نەخشکراوانەیان سەروژێر کردووە، من خۆم چاڵەکانم بینیووە، کە نزیکەی 10 پێ قوڵ دەبوون و بەردی گەورەی تیابوو، کە توێژێ کلس و قیری پێوە بوو، هەندێ نمونەم پێکەوە لکانەوە. هەروەها هەندێ چینی قوڕی سوورم بینی، کە وەك خشتی سوورەوەکراو زۆر ئەستور بوون،[30] بەڵام هیچ جۆرێ قامیش و زەلی تێدا بەکار نەهاتبوو. ئەم پارچەیە وەك بنچینەیەك، یان بناغەیەکی ناوەندیی دەرکەوتبوو.

هەندێ پارچەی گۆزە و گڵێنەی زبر و سافنەکراومان لەناو خاشاکەکەدا دۆزییەوە، کە لەوانەیە پێمان بڵێن لە کەیەوە لەسەر رووی زەوی دەرکەوتوون. بینایەك لەژێر ئاوەڕۆگەی ئاوەکەدا پڕە لە بەرد و تەنانەت ئاو بەسەریا دەڕوات، زۆر گرانە، کە بڵێی تا چ رادەیەك شوێنەواری بیناکە لە دەرەوەی پەرژینەکەیە. ئەو ناوچەیە، کە چواریەکی پاشایەتییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرگیز بەشی شاری نەینەوا ناکات .

ئێستا چووین بۆ بیری (دەملەمەجە)، کە بڕیارمان دا کەمێ خۆمان فێنك بکەینەوە و من ئەو هەلەم قۆستەوە بۆ وەرگرتنی پلەی گەرمی کانیەکە، کە سەیرم کرد °66بوو، هەرچەند پلەی گەرما °65 بوو لەناو ئەو بینا بچوکەی، کە کانیەکەی لەژێردا بوو. ئاوی کانیەکە بەناو بەرد و قسڵدا دەهاتە دەرەوە، کە بە گومەزێکی بچوك سەری گیرابوو. هەروەها دەستی کارامەیی (ماهۆمەتان) واتە موسڵمانان نەخشاندوویەتی. ئەو ڕاڕەوەی دەچێتە ناو ژوورەکەوە بە شێوەیەکی زۆر کۆن سواغدراوە، کە لەوانەیە ئەندازیاری بیناسازی کۆنی مەسیحی کردبێتی. لەوەش دەچێت بە بەردی گەورە دروستکرابێ، کە لە کەلاوەکانی نەینەواوە هێنراوە و لە هەر لایەکی دەرگای چوونە ژوورەوەوە بنکەیەکی ستوونی هەیە، کە راستەوخۆ لەو دانەیە دەچێت، کە لە کۆیونجوك دۆزیمانەوە.

[30] قوڕی سوور هێشتا لێرە لەلایەن زۆر کەسەوە لە جیاتی پلاستەر بۆ سواغدان بەکاردێت.

ساڵی جارێ جوتیارانی ناوچەکە کۆدەبنەوە و بە میوزیك و ئاهەنگەوە مەڕێك لەسەر بیرەکە دەکەنە قوربانی. ئەوەش شتێکی پڕوپوچە و دوورە لە بڕوای ئەو ئاینەی، کە ئێستا ڕێنمایی دەکەن. ئەم جۆرە ڕێزلێنانی کانی و کارێزە، بیرێکی تایبەتی هاوبەشە لەنێوان مەسیحی و (مەهۆمیتان)دا، کاپیتان کەفالە خۆی یۆنانییە، هێمای بەوە کرد، کە لەگەڵ هەڵقولانی هەر بیرێك مەسیحیەکان ئەو ڕێزلێنانەیان پیشان دەدا. لە ڕاستیدا یۆنانیەکان زۆرتر پەیوەندن بە ئەشکەوت و بیرەکانەوە. بە دەگمەن دانەیەك لە هەموو یۆنان و دورگەکاندا هەیە، کە مەریەمی عەزرا ناپەرستن، ئەوەش لەوە دەچێت، کە بووکی دەریا بووبێتە ڕابەریان لەم شوێنانەدا و بە سادە و ساکاری باری گرانی دەروونی خۆیانیان پێ سووك کردووە. ئێمە ئەمڕۆ ژمارەیەکی ساکار دەبینین، کە دەچنەوە سەر(پاناجیا) و دەنگێکی نزم و ناسازیان هەیە. بەڵام لە پەرستنی عەزرادا خرۆشێکی سۆزداری هەیە.

هەروەك پێشنیارم کرد، کە هەموو ڕۆژەکە سەردانی نەینەوا بکەین لە پشت دیوارەکەوە، لەگەڵ ئەوەی گۆشەکانی بنکەکەم وەردەگرت، بەڵام تیشکێکی باش لەو کاتەدا هەبوو بۆ دیاریکردنی هێما دوورەکان، بە دەوریا گەڕامەوە تا دوا بنکەی وەرگرم، لەسەر ڕێگەکەم چەند بەردێك دیاربوو، کە لە دیوارەکە دەرهێنرابوون، یان لە نێوانی ئەو و دیوارەکەی دەوریا خرابوونە ژێر بیرەکەوە.

زۆربەی ئەو بەردانە لە هەمان شێوەیە، واتە جۆرە زبرەکەی مەرمەڕی موسڵ یان گەچی ڕەنگ خۆڵەمێشی.[31] هەروەها بەردی گڵێنیشم تێبینی کرد، کە پارچە پارچە کرابوون، زۆربەی ئەو بەردانەی دەرهێنرابوون قەوارەیان زۆر گەورە بوو.

لە نێوان دوو دیوارەکەدا، لە زۆر شوێندا زەوی کێڵراوە، منیش دەمویست بزانم چەندیان زەوی کێڵاوە، کە ئەو هەموو بەردانەیان دەرهێناوە، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەم جۆرە زەویە باشترە بۆ ڕووەکی جۆری خشۆك، وەك کاڵەك.

---

[31] دانیشتوانی ناوچەکە جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەمە و ئەو گەچەی پێی دەوتری حەلان و ئەویتریشیان مەڕمەڕ.

به ڕێگای (**کەرمەلیس**)دا گەیشتینە دیواری سنووری ڕۆژهەڵات، کە زۆر بە نزیکی بیرەکەدا تێدەپەڕێ. ئەو دیوارەی لای باکووری ڕێگاکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ دوو چیای بەرز، ئەوەی ئەوپەڕی باشوور ئەوەیە، کە من لە چەند وێستگەیەکدا دیاریم کردووە. تۆزێ بەرەوژوور بەردێکی زۆر گەورەم بینی، یان ڕاستر بڵێین تاوێرێك، کە لە بنکەکەیەوە بە قیر گیرابوو، کە تازە لە چیاکە هەڵیانکەندبوو. کاتێ من سەرقاڵی وەرگرتنی گۆشەکان بووم، **سەید** و **حسین ئاغا** چوونە ناو گوندی نەبی یونسەوە و لەوێش بەردێك یان تاوێرێکی چوارگۆشەیان بینیوەتەوە، کە بە نەخشی مسماری داپۆشراوە و زۆر دەگمەن بوو. ئەوەش لە دیواری ماڵێکدا بووە، بەڵام سەید بەشێوەیەکی ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە و سەرکەوتو بووە لە بەدەست هێنانی و دوورخستنەوەی و ئێستا ئەویش لەناو ئاسەوارەکانی تردا پارێزراوە.

دوای ئەوەی پێوانەکانم دەستکەوت، ئیدی بە وردی سەرنجی گوند و چیای نەبی یونسم دا. گوندەکە و مەزارەکە لەسەر دیواری سنووری ڕۆژهەڵات بیناکراون و چیاکەش لاتەریبی دیار و ئاشکرای ڕووی دەرەوەیە بە ڕووکاری ڕۆژهەڵاتدا، کە شوێنی گۆڕەکەی تێدایە. ئەو گردەی کەوتۆتە دەرەوە، 10-12 پێ بەرزتر نییە، مەزارەکەش لەسەر بەرزترین پنتە و بەرەو ئەو شوێنەی، کە دیواری ڕۆژئاوا دەردەکەوێت، چەند یاردێك لەو شوێنەوە لەبەردەم مەزارەکەدا گوندەکە دەبێتە دراوسێی. هەروەها هەندێ گۆڕ و بیرێکی قوڵی لێیە و ئینجا فراوانییەك بە ڕێگای کەرمەلسدا بۆ موسڵ، دوای ئەوە، کە دیوارەکە دیسانەوە بەردەوامە بەرەو (خازەر) لە داوێنی کۆیونجوکدا. من لەوە دەترسم، کە لەوێ هۆیەك نەبێ دووریەکانی گردی نەبی یونس وەرگرم، جگە لە تێڕوانینی دووراو دوور، بەهۆی ئەوەی گوندەکەی لەسەرە و پێوەی پەیوەندە.

یەك شت، کە چاودێران زۆر گرنگییان پێنەداوە، ئەویش تەمەن یەکسانی هەموو ئەو شوێنەوارانەیە، ئەوانەی تایبەتن بە نەینەواوە، یان بە هەندێ شاری ترەوە، کە ئەمە پرسیارێکی ترە و یەکێك نییە زۆر ئاسان دیاریکراو بێت، بەڵام ئەوانەیە هەمووی هەمان تەمەن و هەمان کاراکتەرن، کە ئەمەش گومانی تێدا نییە.

شوێنەوار و کەلاوەی بینا لەم هەرێمەدا جگە لە نەبی یونس و کۆیونجوك، زۆر کەم و بێبایەخە، بۆیە من دڵنیام لەوەی بەر لە چەند ساڵێك لەوەبەر ئەم شوێنە وێرانکراوە، کە بۆتە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆری شارێکی مەزن، لەوانەیە قەڵا یان گەڕەکەکان، یان هەردووکیان، لە نەریتی زۆر کۆندا بۆ پاراستنی ماڵی مەلیك بووبێت. لە رۆژهەڵاتدا تا ئەمڕۆش کۆشکی میر و زۆر لە فەرمانبەرانی میری بەجیا پێکەوە لە ناوچەیەکدا نیشتەجێن و لەوەشەوە، کە لەبارەی قەڵای بابلیەکان دەگێڕنەوە و (**سەفیڤییەس**) و سوڵتانی ئەستەموولْ دەبینین، کەواتە ئەو ئاستە ئەوەندە زۆر نییە، کە بۆ کۆشکی مەلیکی ئاشووری دیاریکراوە. [32]

**نادر شاە،** کاتێ گەمارۆی موسڵی دا، خێمە تایبەتیەکەی خۆی لەسەر چیای کۆیونجوك بوو، شوورای بەدەوری خۆیدا نەکردبوو، چونکە لە راستیدا جۆرێ لە بەرهەڵستی ئامادەکراوی دۆزییەوە و دیوارە کۆنەکانی نەینەوای هەڵبژارد، کە شوێنەکە کەمترین پارێزگاری دەویست، ئەوەش کارێکی ئەوتۆی نەدەویست و هەروەها ترسی هێرشیش لە سەربازگەکەیەوە دوور بوو.

سەرباز لە گۆڕەپانەکەدا نەبوو، هەروەها پیاوە ئازاکانی موسڵ ژمارەیان کەم بوون و تەنیا لە شوێنی بەرگریدا بوون لەناو دیوارەکانی لاکەی تری رووبارەکەوە، پردەکەش رووخێنرابوو. خەڵکی دانیشتوان هێشتا هەر باسی کارامەیی (کازوکجی) مستەفا پاشایان دەکرد، ئەو ئەندازیارەی لە ئەستەموولەوە هاتووە بۆ کەشفکردن و راونانی پلانەکانی نادر شاە و گەڕانەوە و دەست بەسەراگرتنەوەی موڵك و ماڵی شارەکە بەشێوەیەکی تایبەتی، کاتێ ئەو خەریکی تونێل لێدان بوو بەژێر دیجلەدا.

---

[32] زۆر لە خوێندەواران لە ئاستێکی دیاریکراودا دەربارەی ئەم شارە لە کتێبی پیرۆزدا شتێك دەزانن، بەڵام ناکرێ زۆر ناوداربێت، چونکە نووسەرە بێ باوەڕەکان لەسەر هەمان رێڕەو کۆکن کە هەمان ناوبانگی بدەنێ.

هەروەها چیرۆکی بڵاوەپێکردنی هێزەکەی **نادر شایان** دەگێڕایەوە، کە بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرە لە لایەن **سانت جۆرج و سان ماسیو**[33] و **یونس**، کە لە ناویاندا بە چەکداری و کەرەسەی تەواوەوە دەرکەوتبوون.

- 12/**نۆڤەمبەر/تشرینی دووەم**.

پردی بەلەمەکان لە شارەکەدا، لەباری درێژی سێ سەد و پێنج پێیە و بریتیە لە 21 بەلەم، ئینجا بۆشاییەکی 140 پێیی دێ بۆ کۆتایی پردە بەردینە 16 تاقە نیوەکەوانەییە 512 پێییەکە، هەموو پۆشاییەکە 957 پێیە، رووبارەکەش لە بەهارو هاوینێکی زوودا ئەم شوێنەی داپۆشیووە.

دوو جار لەم بارودۆخەدا بینیومە لەو دوو سەردانەی رابردودا بۆ ئەم شوێنەی ئێستا، جۆگەلەیەکی بچوکی یەك پێ قوڵە و بەژێر پردێکی گۆشە تەخت لە ناوەڕاستدا تێدەپەڕێ. پردی بەلەمەکان درێژ دەبێتەوە بۆ پردە بەردینەکە، کاتێ، کە ئاوی رووبارەکە بەرز دەبێتەوە و سەرڕێژی دەکات، کە ئێستا لە نێوان دوو پردەکەدا بۆشاییەکی چۆڵی 140 پێیە. رووبارەکە لە پردی گەمێکاندا تەسکترە و لەژێرەوە قوڵترە، کە لە ناوەندی کەناڵەکەدا پەنجا پێ دەبێت، ئینجا فراوان دەبێ و ئاوەکەی تەنك دەبێتەوە بە پلەکانی 38°، 30°، 21°، 18°، 10°، 11°، 11°، 12°، 10°، 9°، 10°، 12°، 10°، 8°، 7°، 5° بۆ ژێر شوێنی باخەکەمان، کە دوو لقی بەرەو رۆژهەڵاتە و دوو دوورگە دروست دەکات و ئێستا پڕە لە کاڵەك، ئەمەش نزیکەی دوو میلە لە پردەکەوە، بەڵام ئەم دوورگانە و ئەوانەی سەرو شارەکەش، کاتێ ئاوی رووبارەکە بەرز دەبێتەوە ئەمان دیارنامێنن و دەبنە یەك لقی باش. [34]

---

[33] خەڵکی موسڵ بانگی دەکەن شێخ موتە، کڵێسەیەکی زۆر کۆنی ناوداری بە ناوی (کڵێسەی مار مەتە) لە ناوقەدی چیای مەقلوبەدا هەیە، ڕێز لێنانی (مەهۆمیتان) لەوانەیە لە پاشماوەی کاتی بەرزبوونەوەی هەڵوێستی دژە ئیسلامەوە هاتبێت.

[34] لێرەدا دەمەوێ تێبینی ئەوە بکەین کە پێوانە و شیکردنەوەی رووبارەکە لەلایەن کاپیتان کەفالەوە جێبەجێ کراوە.

# چاپتەری چواردەیەم

بەردەوامی پشکنینی پاشماوەی کەلاوەکانی نەینەوا- پێوانەکان- رێگە کلۆرەکان- پاشماوەی پیادەڕۆ و کۆڵەکە و پایەکان- گردی جیا- بەرد لەگەڵ قیر- پاشماوەی گردی تر، گردێکی مەزن، کە پێی دەوترێ ئاسکی باری، خەندەق، گردی قوچەکی- گەیشتنە دەیلی سەمعان، ئەنتیکەکان- ناوچەی باکووری کەلاوەکان- بەردێکی گەورە- بینا- دیوارەکە □ مەزاری شێخ ئەحمەد - پەرستگای سانت جۆرج، گردۆڵکە کەلاوەکان- ناوچەی باشووری نەینەوا- پێوانەکان- کەنارە بەرزەکانی (یارەمجی) □زستانی موسڵ- کشتوکاڵ- شێوازی بینا- هەمان شێوەیە وەک سەردەمی کۆن.

- 13/**نۆڤەمبەر/تشرینی دووەم**.

وەك جاران هاتمە دەرەوە بۆ ناو نەینەوا، بابەتی ئەمڕۆم پشکنینی بەشی ڕۆژهەڵاتی کەلاوەکان بوو، سەرەتا چووم بۆ دوو گردەکە، کە نزیکەی 25 پێ بەرز بوون و لێرەوە بە دیقەت ڕوانیمە دیمەنی موسڵ،[35] ئەمەش خاڵێکی باشە، هەرچەند **نەبی یونس** دەخاتە پێشەوە. لەم کاتەدا (سەید)م نارد بۆ نەبی یونس بۆ وەرگرتنی دوورییەکانی ئەو چیایەی، کە لە دەرەوەیدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بینیویەتی:

درێژی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا 431 ½ پێیە.

پانی باکوور بۆ باشوور 355 پێ دەبێت.

ئەمە ڕوویدا بێ ئەوەی من تێبینی بکەم بۆ کوێ دەچم، من پێویستە خەڵکی کۆبکەمەوە، هەروەها سەید لە گوندەکەدا بەردێکی زۆر گەورەی بینیوە، کە دێڕێك نووسراوی بە خەتی مسماری لەسەر بووە، بەڵام نەیتوانیوە بەردەکە بێنێت، چونکە زۆر قورس بووە.

دیسانەوە لە نەبی یونسەوە تا خازەر چاوێکم گێڕایەوە بە سنووری ڕۆژئاوادا، سێ ڕاڕەو لەم دیوارەدا هەبوو، گەورەکەیان، کە لەوانەیە لە بنەڕەتدا کراوەبووبێ، ئەوەیانە، کە نزیکی خازەرە. لەکاتێکدا خەریکی پلان بووم، کاپیتانم لەگەڵ لیژنەیەکدا

[35] بڕوانە ئەو دەفرەی لەگەڵیدایە.

جیاکردەوە بۆ ئەوەی لە سنووری رۆژهەڵاتدا پێوانە بکەن، پێوانەکەش وەك ئەمەی لای خوارەوەیە:

1295 پێ، لە کەناری دۆڵەکەوە، لەوێدا، کە **بیری زیسبیسی** لێیە.

145 پێ، پانی لە دۆڵەکەوە بۆ گردی رۆژهەڵات.

395 پێ، پانی لە گردۆڵکەکەوە.

172 پێ، پانی لە دۆڵی دووەمەوە، دوای ئەوەش گردێکی گەورە دێت.

2007 پێ لە دەرەوەی سنوورەوە بۆ ناوەوەی تەپۆڵکە گەورەکەی تر.

نزیکەی نیوەی رێگاکە لەنێوان سنوورەکە و دۆڵەکەدا رێگەیەکی قوڵ هەیە، 150 پێ پانە و کەمێ کەوتۆتە ژێر ئاستەکەوە و هاورێکە بەچەشنی ئەوەی لەگەڵ هێڵەکەدا راکێشرابێت.

لە باکوورەوە 7° بە رۆژئاوا و باشوور 7° بە رۆژهەڵاتدا دەکشێت، من لە سەرەتاوە وەك خەندەقێك تێمدەڕوانی، بەڵام رێگەیەکی کەمی تیابوو، لەلای چەپی رێگاکەوە، هەندێ شوێنەوارم دەبینی و وای لێکردم، کە بە سواری بەناو رێگا لێژەکەدا بڕۆم، نزیکەی 200 یارد لە رێگەی کەرمەلیسەوە و نزیك ناوەڕاستی دۆڵەکە هەندێ شوێنەوارم دۆزییەوە، کە بریتی بوون لە بەرد و پارچەی بەردینی هەمە شێوە، بە کەمێ پشکنین، لەوانەیە بەلای بابەتی سروشتیدا تێپەڕی بین، بەڵام ئەوەندەی نەماوە، کە پلانێکی رێکوپێکی بۆ دابڕێژین، ئەوەندەی هەیە، بەدڵنیاییەوە دەتوانین پێشانی بدەین، کە هەموو شێوە بینایەکیان دروستکردووە، گۆشە وێستاوەکان و خشتی پیادەڕۆ، دینگە یان کۆڵەکە. ئەو شوێنەوارانە چەند یاردێکی چوارگۆشەیان داگیرکردووە، بەڵام تەنیا دوو پێیەك لە زەوییەوە بەرزە، ئەوەش زۆر ئاشکرایە، کە ئەوان نەیانبڕیوەتەوە، بەڵکو بینایان کردووە.

بێگومان ئەوەش شێوەی وەکو خۆڵ وخاشاکی وڵاتەکە وایە، واتە لە چەو و گڵە و نیشتۆتە خوارەوە و قیری رژاوە بەسەردا و لە ماوەیەکی کورتدا هەمووی پێکەوە ئاڵاوە و بووە بە پارچەیەکی سەخت و رەق بە چەشنی بەردێکی سروشتی، هەندێ لەم کۆمەڵانە بۆ زۆر دوور ترازاون. پارچە دەسکەوانێکی گەچم دۆزیەوە، هەروەها هەندێ توێژی تر، کە لەوە دەچوو پاڵافتە بێت. کاتێ تەڕبێت، لەناو کۆمەڵەکەدا بۆشاییەکان پڕدەبێتەوە، کە لە نزیکی بنکەکەیدا دۆزراوەتەوە.

من هێشتا بەسواری بەناو ئەم رێگە چاڵ و چۆڵەدا دەڕۆم، شوێنەوار و پاشماوەی تری خانوبەرە لە هەموو لایەکەوە دیاریدەکەم، هەر چۆن لەگەڵیا دەرۆیشتم، بنەوەی کێڵراوە، لەوە دەچوو، کە بە خانوبەرە داخرابێت، لەوانەیە بە دەروازەیەك گیرابێت.[36]

رێگەیەکی نیوبازنەیی وێرانە ئەم کۆتاییە جێدەهێڵێ و دووبارە، کە لە باشووری رێگەی کەرمەلیسەوە بۆی دەگەڕێتەوە و لەناو ئەم نیمچە بازنەیەدایە. یان زۆر راستتر بیری **زسبیس** لە 490 پێ باکووری رێگەی کەرمەلیسە.

سواربووم بەناو هەموو کەوانەکەدا و بە رێکی گەڕامەوە بۆ خاڵی گەیشتن بە دۆڵە رێکەکە و خودی دۆڵەکەم بۆ کۆتایی باشوور پشکنی، کە باکووری گۆشەی باشووری رۆژهەڵاتی شووراکەیە. هەروەها ئێرە بڕێکی زۆر پارچەی رەقی بەردینی تێدا هەیە، ئەو خاڵە پێیدەوترێ شوێنی هاووڵاتی **ئەبداڵ کەیاسی**، یان **عەبداڵ**، یان بەردی دەروێش.

گەڕاینەوە بۆ **بیری زسبیس** تا کەمێ بحەوێینەوە، کاپیتان بۆ گاڵتە و کات بردنەسەر ناوەکانی ئێمەی لەسەر دیواری بیرەکە هەڵدەکۆڵی. دوای سەروەختێکی تر هەندێ گەشتیار سەردانی ئەم ناوە دەکەن و ناوەکانی ئێمە دەبینن بە دیوارەکەوە، زیاتر لەوە رادەمێن، کە ناوی (ماری ریچ) دەبینن ناوی ئەو یەکەم ژنە گەشتیارەی

[36] ئاستی ئەم رێگایە چاڵوچۆڵێکی سەیر وسەمەرەی تیایە، کە خۆڵ و قوڕی خازەر دروستی کردووە.

سەردانی کەلاوەکانی نەینەوای کردووە. ئەو ئەوە نازانێ، کە ناوی ماری ریچ لە هەموو ئەو شوێنانەدا نووسراوە، کە بە نارەحەتیش سەردانی کردووە و لەچاو موسڵدا، کە ناوەندێکی شارستانییە.

دواتر چووم بۆ پشکنینی دۆڵی لای رۆژهەڵاتی کەوانەکە، لەو شوێنەدا، کە بە گردێ جیابۆتەوە، یان 395 پێ لەبەردەمی بیرەکەدا فراوانە و زۆر بەرز نییە. رێگەی کەرمەلیس بەلای سەرەوەیدا تێدەپەرێ و زۆر جار دەکوژێتەوەو نامێنێت. زیاتر بەرەو باکوور، گردە جیاوازەکان زۆرتر بەرزدەبێتەوە و لەوانەیە بەرزییان بگاتە 25 پێ و لە تەوقەسەرەکەیدا بەرەو تەسك بوونەوە دەچێت. خەندەقەکە یان دۆڵەکە خۆی، 172 پێ فراوانە و بە چیایەکی تر لە رۆژهەڵاتدا سنووردار بووە، کە لە هەموویان بەرزترە و زۆرتر لە ئاستی بەرەو خەندەقەکە بەرزترە و ئاستی خاکەکەش خۆی لە بنی خەندەقەکە بەرزترە. بەشی سەرەوەی ئەو گردە دێت بۆ لای کەنارەکەوە و بەشە نزمەکەی فراوانە و لەسەر ئەو بەشە رەقبووەی سەرەوە راوەستاوە، کە ناتوانی بڵێی ئەوە دەستکردە یان سروشتییە، بەڵام من زیاتر بۆ ئەو بۆچوونەی دواییان دەچم.

لای رۆژئاوای خەنەقەکەوە نزمە، کە لەنێوان 8-10 پێ بەرزە و لە رێگەی بەرەو باشوورەوە بەرەنگاری دیوارێکی سەختی ئاسایی دەبێتەوە. بۆ کۆتایی بەنزیکی لەگەڵ هێڵی گۆشەی باشووری رۆژهەڵاتی شووراکە. بنی خەندەقەکە پڕە لە وردە بەرد، لەوانەیە پەستانی تۆپەڵبوونی نەمێنێ، هەندێ پارچەی رەق نزیك ناوەڕاست دەبینرێ، بەڵام شێوەکانیان وانییە تا بتوانی بەبێ دوودڵی بڵێیت خانوبەرەی لێبووە. من نابێ ئەوەم بیربچێت تا راپۆرتێك بدەم، کە لە هەموو ئەم گردانەوە بەردە گەورە دەرهێنراوەکان قیریان پێوەیە. لەو بڕوایەدام خشتی لێبێت، بەڵام لە خانوبەرەی نەینەوادا زۆر بە کەمی بەکارهاتووە. هەرچەند ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رووپێوەکەم، خەندەق و گردەکە بەرەو باشوور 3° بەلای رۆژئاوا دەڕوات لە رێگەی کەرمەلیس بۆ کۆتایی باشوور و باکوور 1°½ بەلای رۆژهەڵاتدا بۆ خازەر، بەڵام زۆر هێڵێکی پێوانەکراو نییە و رێگەکە وەکو یەکەم کەندڕە. بە رێگەی کەرمەلیسدا سەرکەوتم بۆ دەرەوەی، یان بەلای رۆژهەڵاتی گردی رۆژهەڵاتیدا و دوای ئەوە بە درێژایی دەرەوەیدا

شۆڕبوومەوە. دوو دۆڵ یان دوو ڕێگا بە ناویدا دادەبەزێنە ناو خەندەقەکەوە، لە نێوان ڕێگەی کەرمەلیس و کۆتاییەکەی، بەرزی ناوچەکە کەم دەکات، وەك سروشتی دەرەوەی، کە تەخت نییە و ماوەیەکی دوور و درێژە زۆربەی کێڵراوە و تا چەند بەرەو ڕۆژهەڵات بچی شوێنەواری خانوبەرەی خەڵکی دەبینی، بەڵام من زیاتر بۆ ئەوە دەچم، کە نەینەوا لەم لایەوە زیاتر درێژبووبێتەوە. ئەم شوێنە نایەکسانە لەباری پانی نزیکەی چوار میل دەبێت، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شووراکە لەسەر ڕێگەی کەرمەلیسەوە دەست پێدەکات و بەرەو باکوور درێژ دەبێتەوە تا یەکەم بەرزبوونەوەی ناوچەکە بۆ بەیەکگەیشتنی لەگەڵ چیاکانی کورد لەسەر ڕێگای گوندی (کەشیدە) بۆ (ڤانە). پاشان دێت بۆ کەناری ڕووبارەکە، کە من نازانم چەند دوور بەرەو باشوور دەکشێ. چ بەشێکی ئەم جێگایە نەینەوای کۆن داپۆشیوە، هەرچۆن لەوەپێش وتم: ئەستەمە ئێستا بپشکێنرێت.

هەروەها بە تەنیا لە دەرەوەی ئەم گردەوە بەسواری چووم بەرەو خازەر و ئەو شوێنەی زۆر نزم دەبێتەوە، گەشتمە هەندێ شوێنەواری گردێکی تر، نزیکەی 50 پێ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەوەی پێشوتر، ئەم گردە بای کەمترە و درێژییەکی گەورەشی نییە، بەر لەوە گردی گەورە زۆر کەم تەخت دەبێتەوە، داوێنی کێڵراوە، ئەم گردەی دووەم جارێکی تر بەرزدەبێتەوە بۆ بەرزی نزیکەی 30 پێ و بەهۆی ڕێگەکەوە دابەش دەبێت. لە بەشی سەرەوەی ئەم گردەوە، لەو شوێنەی لێی ڕاوەستابووم، تا تێبینی و سەرنجەکانم تۆماربکەم، دیمەنێکی زۆر باشی ناوچەکەم بە دەوری خۆمدا دەبینی. ئەو چیایەی، کە لەسەری ڕاوەستابووم، نزیکی باکوور، 15° بەلای ڕۆژئاوا بۆ باشوور، 15° بەلای ڕۆژهەڵاتدا دەکشا، سەرەتاکەی نزیك خازەرە.

گوندی **هاشەرمیە** لە لایەکی ڕووبارەکەدا بوو، کە لە کەناری ڕووبارەکەوە دوور نەبوو، هەروەها لەسەر خاڵێکی بەرزی بەرامبەر کۆتایی بەم گردە دێت.

خازەر، شووراکە جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە و نزیك باکوور، 20° بەلای ڕۆژئاوادا دەڕوا، پاشان نزیکی باکوور، 40°بەلای ڕۆژئاوادا. لەسەرو ئەم گردەوە چیایەکی مەزنتر هەیە، کە پێیدەوترێ **چیای ئاسکی باری**، دەردەکەوێت و دوای

رووبارەکە دەکەوێت تا کەناری رۆژهەڵات. کەنارەکەی تر دوای ئانیشکی باکوور، 40° رۆژئاوا، دیسانەوە بەرزە و لەوە دەچێت تورەکەرێژ بێت.

ناوچەکەی نزیك گوندی **هاشەمیە** بەرز و نایەکسانە، ئەو گردەی من لەسەری راوەستاوم، دیسانەوە کەم گەورە دەبێ و بەم نزیکانە لە راڕەوی ئاوەکەدا کۆتایی دێت، یان لەناو ئەو دۆڵەی، کە بەهۆی باراناوەوە کەناڵێکی بۆ خۆی کردووە بۆ ناو خازەر.

ئێستا بەدرێژایی لای رۆژئاوای گردە مەزنەکەدا گەڕامەوە، کە بەم نزیکانە دیسانەوە بەرزدەبێتەوە، من لەسەر سنووری رۆژئاوا تێبینیم کرد، کە لە کەوانەکەی جیادەکاتەوە، یان رێگەی کەندرە نیوکەوانەیەکە، کە **بیری زسیسبی** کەوتۆتە سەر چیایەك، کە دەڵێی دەفری سەرەوخوارە لەگەڵ بازنەیەك، یان روونتر بڵێم، شوێنەواری خانوبەرەیەك لە بازنەیەکدا نزیکەی نیوەی رێگا بۆ سەرەوە. بە درێژی سنووری ئەوپەڕی باشوور شوێن ئەم خەندەق و گردە کەوتوم، تا رادەیەك لەگەڵ گۆشەی باشووری رۆژئاوای شووراکە لەسەر هێڵێکن. لێرەوە بە ناوچەیەکی نزمدا دەکرێتەوە و دۆڵێکی بچوك یان جۆگەلەیەکی ئاو، کە ئێستا وشکە بە بەردەمیا دەڕوات، لە چەند یاردێکدا هاوڕێکی لای باشووری شووراکەیە و ئەو ئاوەی بەهۆی بارانی لێزمەوە دەڕژێتە خەندەقەکەوە، بەڵام ئەم رێڕەوی ئاوە لەگەڵ خەندەقەکەدا دەست پێناکات، بەڵکو لە رۆژهەڵاتەوە دێت. نزیك کەنارەکە و بگرە لە دەریاچەکەشدا، پشکنینەکەی لەسەرەوە باسکرا، کە بەرد و قیرێکی زۆر دۆزرایەوە، ئەم ئێوارەیە، ئێمە بەدرێژایی دەریاچەکە بە سواری بۆماڵەوە دەگەڕاینەوە، لە چەند شوێنێکی تردا بەردی زۆر گەورەمان لەگەڵ قیردا دەبینی. هەرچەند کەمێ لە رووپێوان و توێژینەوەکەمدا خێراتربووم، لە سواربووندا بە درێژایی خەندەقەکە، کاتێ هاتمە ئەو شوێنەی، کە گردەکە بەرزدەبێتەوە، سەرکەوتم و بە کۆمپاسەکەم چەند دیمەنێکم وەرگرت.

وێستگەی داهاتووم کۆتایی باشووری گردە مەزنەکەیە، لێرەدا بەجارێ دێتە خوارەوە، بەبێ ئەوەی بشکێتە ناو ئاستێکی هاوبەشەوە. چیایەکی بچوکی دەستکرد، پێیدەوتری (**زەمبیل تەپەسی**)، لە دوورەوە لە دەرەوەی شوێنەواری کەلاوەکەوە دەبینرێ و نزیکەی نیو میل بە رووکاری باشووری رۆژهەڵات و بۆ رۆژهەڵات گردێکی ترە، لە

دەرەوەی (**ئاسکی باری**) نزیك کۆتایی باکوور لەسەر خازەر، بەڵام زۆر گەورە نییە. من هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕێگە کلۆرە ڕێکەم دەستبەجێ لە (ئەبدال کەیاسی)دا تۆزێ بەر لە (ئاسکی باری)کۆتایی پێهێناوە. ئیدی کەمێ دوای خۆرئاوابوون گەڕاینەوەماڵەوە.

- 16/**نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم**.

(دەیلی سەمعان)ی عەودالی ئەنتیك و ئاسەوارەکانم، ئەمڕۆ هەندێ پارچە نەخشی مسماری لەسەر بەرد بۆ هێناوم و مۆری یاقوت، لەگەڵ ڕۆژپەرستێك و هێما و نیشانەی تری، وەك هاوشێوەی ئەوەی من لە بابل دەستم کەوتون. ئەمە ئەوەیە، کە لە گردی کۆیئەنجیکە، کە هاولاتیان پێیدەڵێن: (قەلعە) یان قەلای نەینەوا.

- 17/**نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم**.

ئەم بەیانیە دەرپەڕیمە دەرەوە بۆ سەردانی ناوچەی باکووری کەلاوەکانی نەینەوا. سەرەتا چووین بۆ سەر کۆیئەنجیك، بەدرێژایی کەنارەکانی خازەر، کە داوێنی بەشە گەورەکەی نزیکە لە بنکەکەوە.

لە ئاستی ئاوەکەدا، لەوێدا، کە باران گڵ وخۆڵی گردەکەی داڕماندووە، چەند چینێکی بەردی گەورەمان بینی وەك بنچینەیەکی بەهێز و پتەو.

ئەوەش نزیکی گوندی کۆیئەنجیك بوو، لە کوێدا لە خازەر پەڕینەوە، نزیکەی یەك پێ قوڵە، وەکو بوارێك، کە بە گشتی نالەبار و سەختە لەسەر ڕێگەی موسڵ لەو شوێنەی دەڕژێتە ناو دیجلەوە، زۆر جار خەڵکی ناچار دەبن دوای باران بێن بۆ سەرەوە، تەنانەت کاتێ دێن بۆ گوندی (ڕەشیدە)، کە پردی لـێنییە. لێرەدا فراوان دەبێتەوە و قوڵییەکی هێجگار سەختی هەیە، لە بەهاردا بۆ ماوەیەکی کەمیش بوارنادات.

بەگشتی ئاوی خازەر رایدەکێشن بۆ ئاودانی لۆکە و پەموو لە زەوییە لیتاوییەکەی کەناری ڕووبارەکەدا، هەروەها کاتێ، کە بەکارنەیەت بۆ ئاودێری، ئاوە زیادەکەی بە کەناڵی ڕۆژهەلاتدا دەچێ بۆ دیجلە بۆ دوورگەکانی ژێر باخەکە. لەسەر ئەم کەناڵە پردێکی گچکەی سێ تاقە کەوانەیی هەیە، کە زۆر لە پردی موسڵەوە نزیکە،

بەڵام کاتێ، کە ئاو سەرڕێژدەکات بەسەر پردەکەدا دەڕژێتە دیجلەوە. ئەم کەناڵە بچوکە بە شێوەیەکی راستر مەنفەسی کەناڵە ئاودێریەکانە.

خازەرمان جێهێشت و بە ناوچەی شووراکەدا بەرەو وێستگەی ژمارە(3) رۆیشتین بەلای چەپماندا ئەوە نیشانە دەکەین، کە ناوچەیەکی بەرزتر بەناو دیوارەکەدا دەڕوات، کە بەلایەنی کەمەوە چیایەکی لەسەر بیناکراوە لە نێوان وێستگەی 3 و4 و بەدرێژای ئەو لایەی ناوچەکە دەکشێت، لە هەندێ شوێندا چینی پتەو هەیە، کە لەوانەیە بنیات نەنرابێت. ئەوەندە بێ پێچ و پەنا نییە وەك نموونەیەك لە کەندرە رێدا.

بە ناو دیوارەکاندا رۆیشتین و پاشان سواربووین بەسەر زەوییە لیتاویەکەی داپۆشرابوو بەو وردەبەردانەی لە زەویە بەرزەکانەوە ئاو بۆی هێنابوو، ئەو کەنارەی ئەوێ نزیکەی 15-20-30 پێ بەرزە. لە چیاکەی سەرو وێستگەی (3) بەرەوپێش بۆ لای باکوورەوە چوونەتە دەرەوە، زۆر جار زۆر بە تیژی شۆڕدەبووەوە بۆ زەوییەکی نزمتر، هەروەها زۆر جار ئەوەندە داتاشراو و تیژ بوو، پێشبینی نەدەکرا، کە تەختەبەرد یان چینێکی پتەو دەبینرا، کە نزیکەی پێنج پێ ئەستوور دەبوون و 10-15 لەسەرو گڵە لیتاوییەکەوە بوون و بە شێوەی ستوونی ناوچەکەی داپۆشی بوو.

ناوچەکە لەسەر هەمان شێوە بارانی لێدەباریێ، بەسەر زەوییەکی بەرز وپتەودا بۆ خوارەوە بەرەو رووبار و لەسەر کەنارەکە یان شوێن پێ، دەچنە ناو گردەکانەوە، بەهۆی دارمانی چەوەکەی ژێرییەوە. لەم شوێنەدا ئاسان نییە بە تەواوی بڵێی کامە کەلاوەیە و کامە کەلاوە نییە و هونەر چی گۆڕاوە بە تێپەڕبوونی رۆژگار، کە دەبێتە دیاردە یان دیمەنێکی سروشتی و تەنیا سروشتە زەمانە دەیکاتە وێرانە و ئەوانە لە دەرکەوتنیاندا لە هونەرەوە نزیك دەبنەوە.

چووین بۆ مەزاری **شێخ ئەحمەد**، کە بە کۆمپاسەکەم لە زۆر خاڵەوە نیشانەم کردووە. کەوتۆتە سەر زەوییەکی لێژگایی بەرزی ئەم کەناری ناوچە بەرزەدا و دەڕوانێ بەسەر گوندی (**کادیکەوی**)دا.

ئەوە هێڵێکی باشی لە ناوچەکە دامێ و کۆمەڵێ گۆشەم بە وریاییەوە بە ئامێری گۆشەپێوی گیرفانیی وەرگرت، هەموو گۆشەیەك چەند جارێ وەرگیراون.

دواتر بەرەوخوار بۆ نەینەوا وردەکاری رووبارەکەم وەرگرت و کاتێ لێبووینەوە، سەرکەوتین و چووین بەرەو لێژاییەکە یان کەناری دووەمی زەوییە لیتەییەکە بەلای کلێسەی (**سانت جۆرج**)دا.

کەمێ دوای ئەوەی بە لێژگاییەکەدا تێپەڕین، کە کەندەڵانێکی بەردینە، لە دەرەوەی ئەوەی ئێمە نیشانەمان کردووە، کە درەختی هەنجیری لێڕواوە.

لەمەوە کەنارەکە دەبێتە دوورگەیەکی نیوە بازنەیی، دووبارە دەچێتە پێشەوەی کۆتایی پشتی کلێسەکە و دوای ئەوە دەکشێ بەلای رۆژئاوادا بۆ رووبارەکە لە پشتی گوندی **شیرا خان**، ناوچەکەش لیتاوییە. لە کەنارەکەدا، کە زۆر خواروخێچ و داڕوخاوە بۆ تەپۆڵکەکان، تێبینی هەندێ بەرد و کلس و پارچەی ترم کرد، کە نیشانەبوون بۆ بوونی خانوبەرە لەو ناوەدا.

هەندێ گردۆڵکەی نزیك کلێسەکە و هێڵێك یان گردێك نزیکەی 100 یارد درێژە، راستەوخۆ پێش ئەوە، بە تەواوی دەستکردن. کلێسەکە خۆی کەوتۆتە سەر گردێك و لەم دوورگە تەریکەدا وەکو خەڵوەتگایەك وایە لە دەشتی سینادا. ئەوەش تایبەتە بە **کلدانیەکانەوە**.

کلێسەکە بچوك و کۆنە. لە کۆتایی بەرامبەری پەرستگاکە، یان میحرابەکە لە شوێنێکی بەرزدایە و دوو مینبەری تیایە بۆ خوێنەران، نیشانەی دڵنیایی هەیە، کە ئەوە لەوەپێش کلێسەی رۆژهەڵاتی رۆمانیەکان بووە و لەوانەیە تایبەت بووبێ بە **نستۆریەکانەوە** و ژمارەیەکی زۆر نەخشی کۆنی تێدایە،[37] بەڵام ئەو جۆرەی نیوەی

[37] بنەماڵە مەسیحیەکانی سوریا هەمان ئەلفابێ لە زمانە کۆنەکەیاندا بەکارناهێنن، کە لەلایەن مارونییەکان و هەندێکی تری نزیك لە پیتی سریانی بۆ کتێبە ئەوروپیە چاپکراوەکان. وتراوە کە ئەوە لەلایەن قەشەی بەناوبانگ و مێژوونووس ئەبو فەرەج یان عەبدولفەرەج، سەرەك قەشەی سەلیوسیا، لە سەدەی سیانزەدا. راستی ئەوەیە، بە هەرحاڵ

پریس و نیوەی خزمەتکارە، ئەوەی پێشان داین، کە ناتوانێ تەمەنی ئەوم پێ بڵێت. **گەشتیارە دۆمینیکەکە** و **پادری گایتانۆ** ساڵی 1753 زایینی لەوێدا نێژراون.

پەرستگاکە زۆر لە کڵێسەکە نوێترە، تەلاری کڵێسەکە پاك و رێکوپێکە، لە بەهارا سەیرانگای دەگمەنی تورکە رەسەنەکانی موسڵە، کە لەوانەیە بێن بۆ ئێرە بۆ خۆمەستکردن لە شەراب، چونکە خەڵکی موسڵ بە هەموو ئاینەکانەوە ئالودەی خواردنەوەن. لە گەڕانەوەماندا ئێمە بەردەوام لەسەر شوێنە بەرزەکان بەرەو رۆژهەڵات دەڕۆیشتین، کە هەروەك لەوەپێش وتم بەهۆی ئاوەوە رێگەکەی داڕماندووە بۆ کەنارێکی نزمتری رووبارەکە. سەرتاپاشی بە وردە بەرد داپۆشراوە، لە ناویاندا تێبینی بەردە ئەستێیەکی زۆرم کرد. لەوێدا تێبینی شتێکی نزیکمان نەکرد، کە بەئاشکرا بەڵگەی بوونی کەلاوە بێت، رووبارەکە چەند لقێکی دەچێتە ناو شوێنە نزمەکانەوە.

لە وێستگەی ژمارە (3)دا چووینە ناو شوراکەوە و هەروەك لەوەپێش لە داوێنی کۆیئەنجیکەوە بەرەو خازەر بەردەوام بووین.

ئێمە کەلەبەرێکی دیواری سنووری رۆژئاوامان لەسەر خازەر پشکنی و کەلەبەرێکی تریش یان کراوەیەك کەمێك زیاتر بەلای باشووردا، زەوییەکە وەکو چینی خشتی کاڵ وایە، بەڵام ناتوانم دڵنیابم لەوەی، کە ئەوە خشتی سوورەوەکراو نییە. قامیشی لێنییە، تەنانەت لەو درزەی لەوەپێش بینیمان هەروەها هەندێ بەردی گەورەم بینی، کە لە بەشە نزمەکەی ئەم دیوارە دەرهێنراون. لەگەڵ خۆرئاوابووندا گەیشتینە ماڵەوە، ماوەکە لە پەرستگاکەوە سەعات و نیوێك بوو.

- 18/**نۆڤەمبەر/تشرینی دووەم**.

ئەمڕۆ خۆم تەرخانکرد بۆ پشکنینی ناوچەی باشووری نەینەوا. سەرەتا چووم بۆ رووکاری باشووری شووراکە، کە پێوانەم کردووە، یان راستر بڵێم، کاپیتان بە زنجیرە

---

شێوەی گۆڕانەکان پلەپلەیە لە ئەلفابێتی سریانی کۆنەوە، کە پێیدەوترێ(سترانگهێلۆ) یان (ئسترانگهێلۆ) کە لە چەرخی کۆنی مەزنە، کە شتێکی بەنرخی پێ نووسراوە. لەلایەن هاوڕێیەکەوە پەیوەندی کراوە بە (خ. ریچ)ەوە.

بۆی پێوانە کردم، بەڵام کاتێ من دیسانەوە ریبازەکەم گرتەوەبەر تا کارەکە بە ئەنجام بگەیەنم، دوورییەکان وەك ئەمەی لای خوارەوەیە:

1. بەشێك لە دیواری لای رۆژئاواوە (لە نەبی یونسەوە بەرەوخوار) لە کوێدا بەرزترینە و بەبێ وێستان بەدەوری گۆشەی باشووری رۆژئاوادا بۆ گۆشەی باشووری رۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، 320 پێیە.

2. لە گۆشەی باشووری رۆژئاواوە بۆ یەکەم کەلەبەر لە دیواری باشووردا، 520 پێیە.

3. لە یەکەم کەلەبەرەوە بۆ دووەم یان کەلەبەر و رێگەی سەرەکیی چوونە ژوورەوە، 1130 پێیە.

4. لە کەلەبەری دووەمەوە بۆ سێیەم، 510 پێیە.

5. لە کەلەبەری سێیەمەوە بۆ گۆشەی باشووری رۆژئاوا، 460 پێیە.

کۆی گشتی لە ناوچەی باشووری رۆژئاوادا بۆ گۆشەی باشووری رۆژهەڵات 2620 پێیە، یان 813 یاردە و یەك پێیە.

بە ئاڕاستەی باکوور 84° رۆژئاوا، ئینجا گۆشەکە پێچ دەکاتەوە بۆ ئاڕاستەیەکی نوێ تر بە ریزێکی نوێ، باکوور 7° 56′ بەلای رۆژئاوادا، لەبەرئەوە کۆتایی رێگە چاڵ و چۆڵەکە دەبێ بە باکوور 24° رۆژهەڵات.

رێگە چاڵ و چۆڵەکە پارچەی کۆنکرێتی خانوبەرەی تیایە، تەنیا لە ناوەندی گردەکەدا لەوێدا کۆتایی پێ دێت. ئەوە زۆر ئاساییە، کە ئەم رێگە چاڵ و چۆڵە خەندەقێ، یان کەناڵێك نییە هەڵکەنرابێت، یان بڕابێت، بەتایبەتی لەوێدا رێکخستنەکەی زۆر دیارە. لە پێیەکی سنووری رۆژهەڵاتەوە بەرزدەبێتەوە بۆ کەناری رێگە چاڵ و چۆڵەکە بە تەختانییەکی لاردا.

لە گۆشەی باشووری رۆژهەڵاتی شووراکەوە خاڵی ئەوپەڕی رۆژئاوای کەنارە بەرزە چاوەڕوان نەکراوەکەی کەندڕی (**یارمجی**) باکوور 18° رۆژئاوایە، من بڕیارمدا خۆم

ئەم کەنارە بپشکنم، لەگەڵ ئەوەی پێشیان ووتم، کە شتێکی تەواو سروشتییە هێشتا لە خاڵێکدا ئاستی ناوچەکە زۆر بەرزدەبێتەوە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەس بوو بۆ ئەوەی هانم بدات بۆ کارەکە. من لە راستیدا زۆر شادمان بووم، کە چووم بۆ ئەوێ، بۆ دۆزینەوەی کەنارێکی بەرزی چاوەڕوان نەکراو، بەتەواوی ئاشکرابوو، کە دەستکردە، بەهۆی هەندێ لافاوی دیجلەوە داڕمابوو. بەرزییەکەی بە شێوەی ستوونی 42 پێ بوو، هەروەها 1150 پێ درێژ بوو لە باکوورەوە 85° رۆژئاوا، بۆ باشوور 85° رۆژهەڵات، لەوپەڕی سنووری رۆژئاواوە کەمێ بۆ باشوور پێچدەکاتەوە، دیسانەوە لەوێشدا ئاو دایدەڕێ. ئەو لەسەر درێژکراوەی هەنگاوی بنی رووبارەکەیە بۆ بەرزترین زەوی. لەلای باشوورەوە بە هێوری لە زەوی بەرزدەبێتەوە و لەوێدا گوندی (یارمجی)یە، کە دانیشتوانەکەی بە رەگەز تورکمانن. لەسەر هەمان شێوە تێبینی هەندێ دەوارنشینی عەرەبی (بەنی حەریز)مان کرد. رووی باکووری گردەکە هەروەك لەوەپێش وتم بەردەوامیی ئەو هەنگاوەیە، کە لە زەوییە لیتاوییە نزمەکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ناوچەیەکی بەرزتر.

لەوێدا ناوچەکە بە ئاو دابڕاوەتە خوارەوە بۆ لێژایی و هەندێ پاشماوەی خانوبەرەی لەسەرە، وەك چینە بەردی گەورە و قیر و هەندێ خشتی سوورەوەکراو و کاشی. شوێنی چوونەژوورەوە هەمان شێوەی چوونەژوورەوەی دیواری سنووری رۆژئاوای شووراکەیە.

چینی ئەو بەردانەی بەکارهاتوە هەمان شێوە دەبینرێن. پانی گردەکە ئەوەندە نییە، بەڵام بەر لە شاڵاوی رووبارەکە گرانە بڵێیت چی بووە. بە بیرەوەری مرۆڤ رووبارەکە نەگەشتۆتە ئەم کەنارە.

تورکومانی (یارمجی) پێیان وتم دابونەریتێ لە نێوانیاندایە، بەوەی، کە ئەوانە گۆزەگەری نەینەوا بوون، بۆیە بە تەواوی دەبێ بەشێك بێت لە نەینەوا.

چاوم بە هیچ ئاسەوارێك نەکەوتووە شایان باس بێ، جگە لە یەکێك یان دوو پارەی کانزایی (کوفیك) و هەندێ دەنکە تەسبیحی مەسیحی. ئەو بەردانەی بینیومانن هیچ

نەخشێکیان لەسەر نییە. رووکاری تەواوی گردەکە لەو شوێنەی داڕوخاوەتە خوارەوە لە کۆیەنجیك دەچێت. پشتەوەی یان باشووری گردەکە سیمای داڕوخانی پێوە نییە.

هەروەها هەموو وردەکاری رووبارەکەم تێبینی کرد، هەردووکی لێرە وگۆشەی باشووری رۆژئاوا، بە کۆمپاس و یەکسەر هێڵکاریم کرد و نەخشەم کێشا.

بە درێژایی رووبارەکە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، زەویە نزمەکە، کە نەکێڵرابوو، بە درەختی گەز داپۆشرابوو، بەڵام بە هەموو لایەکدا چووین کشتوکاڵ زۆر گشتگیری بوو، پارچە زەویەکی بچوکیش لەوێدا بە فیڕۆ نەچووە، خەڵکی بەرهەمی لۆکەیان دەکردەوە، کە خەریکە کاتی بەسەر بچێت.

- **25/نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم،**

دوێنێ و ئەمڕۆ بارانێکی زۆرمان هەبوو. یەکەم باران، کە دەبارێت ئەوەندەی بۆ زەوی پێویستە، لەلایەن خەڵکی ئەم ناوەوە پێیدەوترێ (پەڵە) و هەمیشە لەو وەرزەدا زۆرترین بارانی دەوێت بۆ کشتوکاڵ، زستانی موسڵ بەگشتی لە دەوروبەری ئەم مانگەدایە. دانەوێڵە یەك بە هەشت بۆ بیستە.

ساڵی رابردوو، کە ساڵێکی باش بووە، بەروبووم یەك بە بیستی بڕیبوو، بەڵام ئەمە بڵاونییە و مەرج نییە هەموو ساڵێك وەهابێت. زەوی لە ناوچەی موسڵدا دەبێ ساڵی دوایی هەروا بکەوێت و نەکێڵرێت. وەرزێرەکان کاتێ پارچە زەوییەك دەکێڵن، ساڵی دواتر هەروا بەبێ تۆوکردن لێیدەگەڕێن، بەڵام زەوی دورگەکان لە رووباردا هەموو ساڵێك بێ پشو دەچێنرێت. رووەکی گوش لە دەوروبەری موسڵ دەڕوێت، بەڵام لەو بڕوایەدام کەتان ناکرێت، بڕێکی زۆر رووەکی رۆن گەرچەك بەرهەم دێت.

نەوت تەنیا بۆ سوتاندن بەکاردێت و دەڵێن زۆر چالاکە بۆ برین و ئاوساوی و شینبوونەوەی پێست، بەڵام لە جۆرە پاکەرەوەکانی نازانن، لە راستیدا هیچ رۆژهەڵاتییەکم نەبینیوە لەهیچ کوێیەك لەوە بزانێت.

- 30/نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم.

بۆ ماوەی چەند رۆژێکی رابردوو بەردەوام باران دەباری، لە هیچ وەرزێکی ساڵدا ئەوەندە بارانی زۆر لە بەغدا نییە، ئەوەندەی، کە تەنیا لێرە باریوە.

ئەم موسڵە قەرزاری دراوسێیەتی چیاکانە. هەموو دەنکە تۆوێکی ئەم ناوچەیە بەبێ ئاودێری دەستکرد رواوە، کە تەنیا بۆ لۆکەی دەکەن. لەبەر ئەوە لۆکە بە درێژایی کەناری رووبارەکە بەرهەم دەهێنرێت.

زۆر جار بەهۆی لافاوی کوتوپڕەوە، رووبارەکە باخە لۆکەکان ژێر ئاو دەخات و بەڵام ئەمەش کاتێ روودەدات، کە وەرزی بەهارە و زیانێکی گەورەش نادات.

- 1/دیسەمبەر/کانونی یەکەم.

شەوی رابردوو بەردەوام باران و هەورەگرمەو بروسکەیەکی زریاناویمان هەبوو، لێزمە بارانێکی زۆر و شریخە و دەنگی هەورەگرمەیەك، کە من هەرگیز نەمبیستوە. ئەو بڕە بارانەی لێرە باریوە، لە ماوەی ساڵێکدا لە بەغدا نابارێت. ئێستا خازەر راستەوخۆ خۆی لە دیجلەدا بەتاڵ دەکاتەوە و ئاوێکی زۆر دەهێنێت.

- 5/ دیسەمبەر/ کانونی یەکەم.

هێشتا باران بەردەوامە، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەرەو ئەوە دەچوو، کە رووناکی بکاتەوە، ئێستا رووبارەکە تەواو پڕە، ئاو بەسەر بێستانەکانی کاڵەکدا دەڕوات. چەرخەکانی ئاوهەڵگۆزینی بردووە و پردی گەمێکانیشی کردۆتەوە. لافاوی زۆر گەورە لەم کاتی ساڵەدا شتێکی دەگمەنە.

بەکر ئاغا، ئەوەی لەسەر حسابی ئەو، پردە بەردینەکەی سەر دیجلە لێرەدا دروستکراوە، هەروەها لەسەر خازەر لە رێگای ئەستەمبووڵ دانەیەکی تریشی دروستکردووە، بەڵام کوتوپڕ لە شەوێکدا ئاوی خازەر وێرانیکرد. پردی سەر دیجلە هەمووی بەو بەردانە دروستکراوە، کە لە دیوارەکانی نەینەوا دەرهێنراوە. هەرچۆن

جەرجیس ئاغا هێمای پێکرد، کە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە. لە حاجی جەرجیس ئاغاوە فێری ئەو شێوە خانوبەرەیە بووم، کە هێشتا پەیڕەوی لێدەکرێت و، کە تیشکێکی گەورە دەخاتە سەر هەندێ لەو کەلاوانەی لە نەینەوادا بینراون.

بەردەکان، کلس و گڵ یان قوڕی سوور پێکەوە تێکەڵ دەبن، ئەوە لە ماوەیەکی زۆر کورتا، بەتایبەتی دوای ئاوخواردنەوە، هەروەك حاجی جەرجیس ئاغا وتی دەبێتە بەردێکی پتەوی رەق. بۆ ئەو مەبەستە کلس دەبێ ئاوبدرێ و تەنیا سوورنەکرێتەوە. ئەو لەو ئوسلوبەیدا لەژێر رابەرایەتی پاشادا بوو، هۆی تێپەڕبوونی ئەم دواییەی لە سیاجی پردەکەوە و بەشێك لە کەنارەکەی، کە ئاوبردی و دەبێ چاکرێتەوە، ئەوەش هێمای بۆ کرد، کە من ئەوەش فێربووم، بەبێ هیچ پشکنینێك دەربارەی نەینەوا، بەڵام بە رێکەوت و لەکاتی وتووێژدا لەبارەی بابەتەکانی ترەوە.

# چاپتەری پانزەیەم

سەردانی پەرستگاکان، پردی خازەر- زەوی نێژراو بە زەیتون، یەزیدیەکان- هەندێ تایبەتمەندێتیان، شوێنە مەزنەکانی زیارەت، مردوناشتن- چیایەکی مەزن، پەرستگای مار مەتییە- کەی دۆزراوەتەوە، لە دیدی (نۆبلێ)ەوە، ئەسکەندەری گەورە، رووباری بومەدوس- سەرۆکی قەشەکانی پەرستگاکان- سەفەرکردنمان، وێستان لە گوندی یەزیدیان- تەمولی- ژنە یەزیدی، میوزیکژەنێکی نابینای یەزیدی.

- 13/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم**.

کەش و هەوا بۆ چەند رۆژێکە هێور بۆتەوە و ناوچەکە تۆزێ دەستی بە وشك بوونەوە کردووە، بڕیارم دا، کە لێکۆڵینەوەکەم تەواو بکەم. **پەرستگای مار مەتییە** یان **شێخ مەتی** لەسەر چیای **مەقلوبە**، لە سەرو ئەوەوە، کە خۆی لە خۆیدا شوێنێکی تایبەتیە، بارودۆخەکەشی لەبارە بۆ بەردەوامیم لە تێبینیەکانمدا بە شێوەیەکی سێگۆشەکاری و چونکە ئەوپەڕی رۆژهەڵاتی دوا خاڵی هێڵەکەی منیش بوو. بۆیە پلانم بۆ دەستپێکردنی ئەوە دانا و ئێمە ئەم بەیانییە باخەکەی پاشامان بە هاوڕێیەتی کۆمەڵێکی بچوك بۆ ئەو مەبەستە جێهێشت.

لە سەعات 12:15 بە پردی خازەردا پەڕینەوە، رێگەکەمان رووەو کەلەبەرێکی دیوارەکەی نەینەوایە، لێرەوە بەرەو شوێنێك، کە خازەر دەکەوێتە ناو شووراکەوە و بە ناو چیای ناوبراودا وەك باکوور 39° رۆژهەڵاتدا، لە نەبی یونسەوە و تۆزێ لە خوار گوندی هاشمییەوە.

زەویوزار دیاربوو باش چێنرابوون، خەڵکی لە زۆر شوێنەوە سەرقاڵی زەوی کێڵاندن و تۆو وەشاندن بوون و رەنگوڕووی ناوچەکە گەشاوە بوو، لە هەندێ شوێندا نەبێ، کە بەهۆی لافاوی بارانە زۆرەکەی ئەم دواییەوە چاڵوچۆڵ بوو بوو. لە سەعات 13:30 بە نێوانێکی بچوکدا لە دەستی چەپمانەوە پەڕینەوە، چیای تورەکەڕێژی درێژکۆلە و تەسك، بەڵام درێژییان سەد یارد نابێت، دۆڵێك لەسەر رێگەکەمانە و پیاتێپەڕین، کە واهەست دەکەم، بەردەوامی ئەوە پێیدەوترێ (**شۆڕ دەرە**)، کە لەوانەیە درێژەی کەلاوەکانی نەینەوا بێت.

لە سەعات 14:10 چاومان کەوت بە گوندەکانی **بەعزەنی و بەعشیقە**، هەردووکیان وەك یەك کەوتبوونە داوێنی گردەکانەوە، کە بەردەمی مەقلوبەیە، لەبەردەمی هەر یەکەیاندا باخی زەیتون هەبوو. ئاستی بەرزی ناوچەکە لەم خاڵەدا بەرەو دابەزین دەچێت بۆ نزیك گوندەکان. **کەرمەلیس** و هەندێ گوندی تر لەگەڵ چیا دەستکردەکان نزیکیان بوون، لەلای راستمانەوە دەردەکەوتن، بەڵام ناوچەکە ئەوەندە بە

ئاستێکی ڕێك نەدەهات، وەك زەوییە لیتەیەکەی دەوروبەری کەرمەلیس، بەرز و نزمیەکان لەلای ڕاست و هەروەها لە پێشەوە بەردەوامە، بەڵام کەمتر و لەلای چەپەوە زۆرتر هەستی پێدەکرێت. لەم خاڵەوە گردێکی دروستکراوی ترمان لەلای چەپمانەوە بینی، وەکو یەکێ لەو چیایانە دەچوو، کە لە دەوروبەری گوندەکانە، بەڵام لێرەدا گوندێك نییە نزیکی ئەم یەکە بێت.

رووما‌نکردە بەعشیقە، کە دەبێتە بنکەی مانەوەمان بۆ شەو و سەعات 15:30 گەیشتین، باخی زەیتون لە بەردەم گوندەکەدا ئەو ناوەی داپۆشیوە و درەختەکان تەواو باڵایان بەرزە و تەمەنی باشیان هەیە.

هەمان داروتەختە لە بەردەم **گوندی بەعزانی** دراوسێیدا کەوتبوو، هەروەها ئەو هەموو ڕۆنی زەیتونەی لە موسڵدا بەکار دەبرێت لە بەرهەمی ئەم دوو گوندەیە، کە لە بنەڕەتدا بۆ دروستکردنی سابون بەکاردێ، چونکە جۆرێکی زۆر باش نییە تا بەکاری خواردن بێت. لەوانەیە لە ئامادەکردندا کەمتەرخەمی بکرێت، چێژێکی نایابی هەیە، بەڵام هەموو مەسیحیەکانی ئەو ناوچەیە حەزیان لە ڕۆنی کونجیە، کە بۆ خەڵکی غەریبە تەواو وەك دەستدرێژیکردن وایە.

دانیشتوانی بەعشیقە زیاتر پێکهاتووە لە یەزیدی، یان هەرچۆن لێرە بەخۆیان دەڵێن (دازینی) و (یاقوبیەکان)[38] ئەوەی، کە کڵێسەیەکی شێواز جوانیان هەیە.

هەروەها لەوێدا بیست خێزانی موسڵمان (مەهۆمەتان) هەیە، دراوسێی گوندی **بەعزانین**، بە هەمان شێوە ڕێز لە **دازاینیس** دەگرن، بەڵام لەو بڕوایەدام مەسیحیەکان زۆربەیان لە کاسۆلیکەکانی سوریان. خانو لەبەرد دروست دەکرێت و ئێمەش لە خانویەکدا دەژیان، کە لەوانەیە پێیدەڵێن تەلار یان کۆشکی (ئەمین بەگ)ی خاوەن

---

[38] دازن ناوێکی ترە بۆ سنجار و هەموو یەزیدیەکان پێیدەڵێن دازینیس، کە لەوە دەچێ لە بنەڕەتدا لە سنجارەوە هاتبن. ئەوانی تر لەگەڵ ئەوەی هەمان بڕوایان هەیە، هەرگیز ناڵێن دازینیس . لەوەئەچێ دازن ناوی گوندێکی گەورە بێت لە هەرێمی هەکاری. دوو یان سێ ڕۆژ ڕێگەیە بە لاکەی تری ئامێدیدا. ئەو کەلاوانەی لەوێدایە نوساون بە پەرستگای سانت جۆنەوە، بیستم کە گوندەکە وێرانە و چۆڵ کراوە.

گوند، که پیاوێکی خانەدانی موسڵاوییە، زۆر جار سەردانی ئێرە دەکات، هەروەکو خەڵکی دەڵێن بۆ (کەیف) کردن دێت یان بۆ رابواردن. چینی جوتیاران زەوق لە خواردنەوە وەردەگرن، کە شەرابێکی زۆر خراپ و عەرەقێکی قورس دروستدەکەن. یەزیدیەکان بگرە لە مەسیحیەکانیش زیاتر دەخۆنەوە.

بەعشیقە کەوتۆتە بەردەم دەربەندی چیایەك، کە بەهار دەست پێدەکات، دەبێتە بابەتی رێزلێنانی یەزیدیەکان، هەروەها(عین و سوفرە). ژمارەی دوو تا سێ هەزار پیاو و ژن و منالٚ لە بەهاردا بۆیان چاکدەکەنەوە و قوربانی پێشکەش دەکەن، یاری رمبازی و سەربازی دەکەن و لە کۆتاییدا هەموویان سەرخۆش دەبن.

لەم بۆنە و ئاهەنگانەدا تورك و مەسیحیەکی زۆر بەشداری ناکەن. لەم وەرزەدا جەژنی خدر ئەلیاس، سێ رۆژ رۆژووی هەیە، کە لەو شەوەی ئێمە گەشتبووین تەواو بووبوو. مەزاری زۆر جوان بۆ هەندێ لە پیاوچاکانی یەزیدی لە باخی زەیتوندا کراوە و قوبەیەکی سپی داپۆشیووە. یەزیدیەکان لەوە دەچێت مەسیحیەتیان تێدا هەبێت یان هەندێ لە پاشماوەی بەربەریەتیان بۆ مابێتەوە، هەردولایان منالٚ پیرۆز دەکەن (معمودیە) و خەتەنە دەکەن، باوەڕیان بە گواستنەوەی گیانی هەیە(واتە لە کاتی مردنی کەسێکدا رۆحەکەی دەچێتە بەر یەکێکی تر، یان گیانلەبەرێکی تر. ) هەرگیز ناڵێن (ئەوە مردووە)، بەڵکو دەڵێن (ئەوە گۆڕاوە). هەرگیز ناچنە کڵێسەی مەسیحیەوە بێ ماچکردنی چێوەی دەرگاکە و داکەندنی پێڵاوەکانیان. شوێنی کفن ودفنی سەرەکییان لە گوندی بۆزنە لە داوێنی چیای **رەبان هورموز** و لاشەکان لە هەموو لایەکەوە دەبرێت بۆ ئەوێ. ئەوە لە کۆندا گوند و پەرستگایەکی مەسیحی بووە. خانی شێخ خانیان **(بەعدلی)** پاپای یەزیدیەکانە.، کە لە بنەماڵەی**(ئۆمیادس)**ەوە هاتووە و رێز لە **ئەمیر حاجی** یەزیدیەکان دەنێت. شوێنی

مەزنیان بۆ حەجکردن لە **شێخ ئادییە**، ماوەی سێ سەعاتە لە چیاکانی پشتی شێخ خانەوە و دەڵێن کۆن پەرستگایەکی مەسیحیان بووە.[39]

کڵێسەکە، شوێنی کۆبوونەوەی نهێنییەکانە، یان هەرچۆنێك بێت دەڵێن شێوەی ئەوە لە قودس هەیە، هەموو خێڵێکی یەزیدی بنکەی جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە، پیرەکەی یان شێخەکەی نوێژ دەخوێنێ و ئەوانی تر بە گریانەوە هاواردەکەن (ئامین)، ئەوەش هەموو خواپەرستیەکەیانە. ئەوەش راستە، کە جۆرێ لە پەرستنیان بۆ مەلەك تاوس هەیە، کە باڵندەیەکە لەسەر جۆرێ لە مۆمدان، ئەوان تف لە ئاگرەکە ناکەن، یان بە فوو ئاگری مۆمەکە ناکوژێننەوە.

کاتێ، کە خۆر تازە لە ئاسۆوە سەر دەردێنێ، ئەوان بە سێ جار دەچەمێنەوە و سوجدەی بۆ دەبەن. کاتێکیش لەلایەن مەسیحیەکان و تورکەکانەوە باجیان لەسەر دادەنرێ و (کتێب- پسوڵە)یان پێ نییە، دەڵێن: ئەوە لەبەرئەوەی خوا مێشك و ئەقڵت بەشێوەیەکی سەیر دەکاتەوە کتێب پێشکەشکردن و یاسا نووسینەوە پێویست ناکات.

[39] من لەو کاتەوەی لەلایەن پریسێکی مەسیحیەوە لە شێخ ئادی پێموتراوە، کە دەڵێت لە بەعدەلیەوە چوار سەعاتە، ئەوە زیارەتە، یان شوێنی حەجە، کە کڵێسەیەکی مەسیحیانە و بۆ سانت سادیوس تەرخانکراوە. پەناگاکە تا ئەو کاتەش بەرقەرار بوو. ئاوی کانی تێدا بوو کە دەکرایە ناو تاسەوە و یەزیدیەکان مناڵەکانیان پێ پیرۆز دەکرد، کە سێ جار سەری نوقم دەکەن و بەڵام هیچ سڵاواتێك ناخوێنن بەو بۆنەیەوە .

ئەو شێوەیە لە کەڵەشێر دەچێ و ساڵی جارێ بۆ مەبەستی پەرستن بەرهەم دەهێنرێ.

ئەمەی خوارەوە ئەو تایبەتمەندیەیە کە لەلایەن مێژوونووسی تورکەوە حاجی خەلیفە لە جیهان نومادا دەدرێ بە یەزیدیەکان. یەزیدیەکان خۆیان بە مەحسوبی شێخ ئادی دادەنێن، کە یەکێکە لە خەلیفەکانی مەروانیان. یەزیدیەکان لە بنەڕەتدا (سوفیتی)ن، کە کەوتونەتە هەڵە و تاریکاییەوە، ئەوانەی کە شێخەکانیان عەمامەی رەش دەبەستن، لەبەرئەوە پێیان دەوترێ (کارا باش) (سەری رەش) شەوانەی هەرگیز ژنیان ناشارنەوە و شوێن لە بەهەشتدا لە شێخەکانیان دەکڕن و بە هەر هۆیەکەوە بێت نەفرەت لە شەیتان یان یەزید دەکەن. شێخ هادی نوێژ و رۆژوومانی کردووە بە بەشێك لە بڕوای ناپەسەند، ئەوان دەڵێن لە رۆژی حسابدا ئەو دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەك بچنە بەهەشتەوە، دوژمنایەتییەکی گەورەیان لەگەڵ پزیشکانی یاسا هەیە.

گردۆڵکە قسڵ و گەچەکانی پشتی بەعشیقە لە بەردەلمین و بەردی قسڵ و کەچ پێکهاتووە. پاشان چەردەیەکی گەورەمان بینی، لەوە دەچوو جۆرێکی زۆر باش بووبێ، خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەکارهێنانی لە گوندەکەدا. سەرەتا پارچە پارچەی دەکەن و ئینجا دەیسوتێنن، دوای ئەوەش زۆر ورد دەکرێت وەکو بۆدرە لە نێوان بازنەیەکی بەردرێژدا، کە لە کەنارەکانەوە نزمترە وەك لە ناوەندەکەی. ئیدی هێستر بە دەوریا گێرەی دەکات، هەرچۆن گەنمەشامی گێرە دەکرێت، بەردێکی چوارگۆشە بەسەریا رادەکێشرێ، هەموو جارێ دەگەڕێتەوە بە قورسایی خۆی پیا دەکێشێت. ئەمەش داهێنانێکی سادەوساکارە.

لە تەپۆڵکەیەکەوە، کە لەودیو گوندەکەوە بوو چەند دیمەنێکم بە کۆمپاس وەرگرت و تەماشامکرد و لە نێوان پاشماوەی (عەین و سوفرە) یان (سەری رەش) یان (سەرچاوەی زەرد)، نزیکەی سەعات و نیوێك دوورن، رەوتی باکوور 36° رۆژهەڵات لە گوندەکەوە. کەوتۆتە دۆڵێکەوە و لە کۆتایی باکووری گردەکەوە شۆڕدەبێتەوە و بەرەو باشوور دەکشێ بۆ ناوچەی باکووری رۆژهەڵات. ئاوەکەی رەنگی زەردە و تامی ترشەڵۆك دەدات، هەرچۆن لەوەپێش هێمامان بۆ کرد، ئەوە یەکێکە لە سەرچاوە پیرۆزەکان لای یەزیدیان.[40]

چیایەکی مەزنی سەر تەخت، لە هەندێ لاوە لەملاو لایەوە داڕوخاوە، وەکو کۆیئەنجیکێکی بچوك وایە، لە باشوورەوە، 7° بەلای رۆژئاوادا ماوەی یەك میل دوور دەردەکەوت، ئەم گردە بە زمانی جوتیاران پێیدەوترا(تەل بیلا) و زۆر کۆنە. لە لوتکەی یان ئەو بەشە دارماوەی رووی هێڵی گردەکانەوە، تەنیا ژێر یان ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی گوندەکە، شوێنەواری خانوبەرە هەبوو، کە جوتیارەکان پێیان دەوت (قەلا و سەفرە) ئەوان دەڵێن (سەفرە) چونکە کەسایەتیەکی ناودار لە سەردەمانی زۆر کۆندا لەوێدا نیشتەجێ بووە.

---

[40] بڕوانە لاپەڕە 69

ئەو گردەی (مار دانیەڵی)[41] لەسەرە، کڵێسەیەکی کۆنی تری مەسیحیەکانی لێیە، کە بەرزترین خاڵی ناوەندی داگیرکردووەو کوتوپڕ لە رۆژئاواوە لێژبۆتەوە بۆ رۆژهەڵات، کە بەناو زەوییەکی داڕوخاودا شۆڕدەبێتەوە بە درێژایی ئەوپەڕی سنووری باشووری هێڵی ئەو گردانەی دەوری مەقلوبیان داوە. ئەوەش دیسانەوە لەلاکانی رۆژئاوایەوە دیارە و هەمووی داڕوخاوەتە ناو دۆڵ، یان شیو و چەمەکانەوە.

لە رۆژهەڵاتەوە بە هێوری شۆڕدەبێتەوە بۆ دۆڵێکی زۆر بەرزتر لە ناوچەی رۆژئاوایان، ئەوان (بە شێوەیەکی راستر، بۆ هێڵێکی بەردەوامە) زۆر دوور بەرەو باکوور درێژنابێتەوە و لەلای باشووریشەوە بەرلەوەی بگەنە ئەوپەڕی مەقلوب کۆتایی دێت. لەوەدەچێ ئاڕاستەکە رۆژهەڵات و رۆژئاوا بێت.

- 14/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم.**

رێگەیەك هەیە بەلای سەرچاوەی (عەین و سەفرە) بەناو دەربەندی چیادا لە گردەکانەوە بۆ دۆڵی مەقلوبە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەردەڵانە زەحمەت بوو، بە باشمان زانی بەوپەڕی باشووردا بسوڕێینەوە. سەعات 10:20 سەرکەوتینە سەرەوە و لە باشوور 84° بەلای رۆژهەڵاتدا بەدرێژایی داوێنی گردەکانماینەوە.

راستەوخۆ دوای هاتنمان بۆ گوندێکی بچوکی یەزیدی بە ناوی (حاجی جۆ) کەمێ پاش سەعات 11:00، لە داوێنی گردەکانەوە، بەلای گوندی (کۆفان)ی یەزیدیاندا تێپەڕین، کە پیرێکی مەزن یان پیاوچاکێکی یەزیدیانی تێدا ژیاوە. لە 11:45 گروپەکەمان بۆ باکوور 20° بەلای رۆژئاوادا بەسەر گردەکاندا لایدا، نزیك کۆتایی بۆ دۆڵە داڕماوەکەی، کە لە مەقلوبیان جیادەکاتەوە. پەرستگاکە لێرەوە شێوەیەکی شکۆداری هەیە و ئاسان نییە بیگەیتێ. لە نیوەڕۆدا گەیشتینە کانییەکی بچوکی رازاوە بە روەکی کورتەباڵای ژاڵە. رووتەنی و داڕوخاویی بەردەکان و قسڵە

---

[41] تەنیا یەك هێما هەیە کە من دەتوانم دەربارەی مار دانیەڵ لە (ئەسسەمانی) دا بەرگی دوو، لاپەڕەی 247 بیبینمەوە.

بەردی گردۆڵکەکان، خستمیانە خەیاڵی دورگەکانی (**ئەرخەبیل**) و هاوشێوەیی بەرگەگرتنی روەکی ژاڵە.

هەر دوای ئەوەی دامان بەلای گوندی (**مریکی**) یەزیدیاندا، پاش ماوەیەکی کەم بەناو بەردەکاندا دەستمان کرد بە سەرکەوتن بە سەرەوژوورکەیەکی تیژدا بۆ پەرستگاکە. رێگاکە خراپ نەبوو بۆ حاڵەتێکی وەها، پێچکردنەوە لە پێچە تیژە کورتەکاندا بەسەر ئەو هەزار بەهەزارەدا. **خاتو ریچ** هەموو رێگاکە بەسواری سەرکەوت، بەڵام ئەو نمونەیە زووربەمانی نەگرتەوە. لە سەعات 12:45 گەیشتینە بەردەرگای پەرستگاکە، سەرکەوتنەکە تەنیا 30 دەقیقە بوو. پەرستگاکە شێوەی قوللە و سەنگەرێکی زۆری هەبوو، لە دوو تاوەری گەورە پێهاتبوو، یان بینای شێوە بورج، لە هەر پەڕێکییەوە بە دیوارێکی هاوبەش بە باشی یەکیانگرتووە.

هەبوونی ئەو حەسارە سەنگەرییە و دیواری تۆزێ ئەستوورتر، لەوانەیە بپەڕێتەوە بۆ **قەڵای بارونی** سەدەی چواردەیەم. ئەو کەوتۆتە کەناری لێژاییەکەوە و پردێکی رووتوقوت راستەوخۆ لە پشتییەوە راست دەبێتەوە، کە لە راستیدا ژوورێکی زۆری تێدایە لەگەڵ بەشێك لە بناغەکەی، بە کورتی ئەوە بۆ رووبەڕوو بوونەوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە چیاکەدا بیناکراوە، وەکو هێلانەی(سنونو) (سنونو باڵندەیەکە لە شێوەی پەڕەسێلکەدا - وەرگێڕ)، نەخشەی گشتی ئەو پەرستگایە زۆر ئاسان نییە تا لێیبدوێین. لە بنەڕەتدا پێکهاتووە لەو بورجانەی تۆزێ لەمەوبەر باسمانکردن و دوو گۆڕەپانی نێوانیان، کونی بچوکی لە ژمارە نەهاتوی لەیەك جیای تێدایە، گۆشەکان و ژووری لە بەرد دروستکراو، بەڵام بە ژمارەیەکی زۆر، کە ئێستا بۆتە کەلاوە، ئەوەش بەڵگەیەکە، کە ئەو شوێنە لەوەختی خۆیدا زۆر زۆر گەورەتر بووە. لە راستیدا ئەو شوێنە لە سەردەمی خۆیدا شوێنی لەشکر بووە، چونکە تەیموری لەنگ لە ئاشوبەکەدا دەستی بەسەردا گرتووە. لەلای رۆژهەڵاتی چیاکەوە هێرشی بۆ هێناوە و تۆزێ لەسەرو گۆشەی باشووری رۆژهەڵاتەوە داخڵ بووە. هەروەها هەندێ کار لەسەر بەرد کراوە، هەرچەند ئێستا نەپارێزراوە و فەرمانی لەسەر نییە. ئەو بەشەی ئێستا بۆ نیشتەجێ بوون و کلێسەکەیە، کە لە گۆشەی باشووری رۆژهەڵاتە و لەم دواییەدا چاکسازی

تیاکراوه، لەژێر چاودێری حاجی عوسمان بەگی برای پاشای موسڵ، بەڵام لەوە دەچێت پەیکەری بنەڕەتی نەخشەکێشانی ئەم بەشە پارێزراو بێت. لە بەرزترین بەشی شووراکەوە بۆ سەر گردەکە هەندێ هێڵی بەردی گەورە دەبینرێت، کە بەشێکی بنەڕەتی بیناکەیە. ئەم پەرستگایە تایبەتە بە یاقوبیەکانەوە و سەرۆکەکەی هەمیشە یا (مەتران) بووە یان سەرۆکی گەورەی قەشەکان. خاوەنی ئەو پۆستە ئێستا پیاوێکی پیرە، لەسەرو خۆیەوە تەنیا راهیبێکی هەیە و لاوێکیش، کە بۆ قەشەیی دەخوێنێت.

بەپێی زانیاری مەتران موسای سەرۆکی پەرستگاکە، ئەو پەرستگایە لەساڵی 334 دوای زاینی لە لایەن (مار مەتی) سەرۆکی قەشەکان و هاوڕێکەی سانت جۆرجەوە دروستکراوە، کە لە زوڵم و زۆری (دقلدیانوس) (**کە لە ناو کوردەواریدا بووە بە تەقیانوس- وەرگێڕ**) و پەنایان بۆ ئێرە هێناوە. دوای نوێژکردن و پاڕانەوە بۆ (هەڤالە)ی کچی پاشای ئاشووریەکان و چاکبوونەوەی، ڕێی پێدراوە تا ئەم پەرستگایە دروستبکات. بەڵام ئەوە، ئەوەیە، کە من بە بیرمدا دێت، هەرچەند لە(ئەسسەمانی)دا بە شێوەیەکی زۆر زیاتر راست و بێگومانتر تۆمارکراوە.

(گریگۆری بار هەبرسیوس)ی ناودار، یان (ئەبولفەرەج) لێرەدا نێژراوە. [ﯾﺮﺷﻢ]

---

[42] ئەمەی لای خوارەوە لە (ئەسسەمانیەوە) وەرگیراوە :

لەکاتی شاپوری مەلیکی فارسدا، لە ئیمپراتۆریەتی ئاشووریدا و لەناو یان نزیك نەینەوا دوو پەرستگا دۆزراوەتەوە، یەکەمیان سانت ماسیۆ، لەسەر چیای ئەلفافیوس، هەروەها پێشیدەوترێ (چوچتا) ئەوی تریشیان (سانت یونس). یەکەمیان لەلایەن یاقوبیەکانەوە بەکارهێنراوە، ئەوی تریشیان لەلایەن نستۆریانەکانەوە. هەروەها هێما بۆ ئەوە کراوە کە پەرستگای مار مەتییە لەژێر رابەرایەتی (بار ئیبرووس) سەرگەورەی قەشەکانی (سەلیوسیا)، کە لەلایەن (فیرۆز)ەوە لەناوچوو، لە 797 یۆنانیەکان، یان 486 زاینی*، هەروەها پێشی دەوترێ (چوچتا) لە چیای (ئێلفیف). ئیسحاقی نەینەوا راهیب بوو لە مار مەتییە، لە دەوروبەری ساڵانی 590 زاینی. لە ساڵی 1171 کاتێ نورەدین زەنغی لۆردی دیمەشق لە موسڵ بوو، کوردەکان پەرستگای مار مەتییەیان داگیرکرد و ماسیۆ ئارچمەندرایت شکێنرا و جارێکی تریش لە ساڵی 1369زاینیدا لەلایەن کوردەکانەوە وێران کرایەوە. ئەمانەی لای خوارەوە لەنێوان تێبینیەکانی تری میستەر ریچدایە، بەڵام بێ ئەوەی هێمای پێبکرێت، بۆیە لەوانەیە لە ئاسسەمانی وەرگیرابێت .

لە تەلاری بورجی باشوورییەوە لە کوێدا خۆمان هەڵمان داوە، جێگایەکی فراوان و شاهانەمان هەیە، کە هەموو کارە سەربازیەکانی ئەسکەندەر ئەگرێتەوە لە تێپەڕبوونی بە دیجلە و گەیشتنی بە ئەربیل دوای شەڕی (گاوگەملا).

(بومەدوس) بۆ داوێن شۆڕدەبێتەوە، یان بۆ ئەوپەڕی سنووری باشووری ئەو چیایە و هەر ئێستا پێیان وتم بەرزبوونەوەی تەنیا لەژێر ئامێدیدایە، من لێرەوە دەتوانم بە ئاشکرا شوێن زێ بکەوم.

---

مار مەتییە لە (نیس)ەوە هاتووە بۆ ئەم شوێنە. (مار بێهنان) کوڕی مەلیك سەنحاریب لە نەینەوا لەلایەن باوکییەوە شەهید کرا، چونکە لەسەر دەستی مار مەتییەدا بووە بە مەسیحی، پاشان سەنحاریب تۆبەی کردو بوو بە مەسیحی، مار مەتییە قەناعەتی پێکرد و پەرستگایەکی دروستکرد و هەروەها سارای خوشکی مار بێهنان بوو بە قەشە. سەنحاریب مەلیکی یان حاکمی هەرێمێك بوو لەژێر دەستی رۆماندا، وەکو ئاغای جەزیرە، یان پاشای ئامێدی، کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی تورکەکاندان .

* سەردەمەکە پێیدەوترا سەردەمی ئەسکەندەر، کە لە(سەلوسدی)ەوەیە دەست پێدەکات لە دەرکەوتنی سلوقس نیکاتۆرەوە بۆ بابل، 311 ساڵ و چوار مانگ بەر لە دەستپێکردنی سەردەمی ئێمە، زۆرتر لە یەك جار بەکارهاتووە، بەتایبەتی لەلایەن یۆنانیە رۆژهەڵاتیەکانەوە و لەلایەن جولەکەوە، ئەوەی پێیدەوترێ چەرخی دەستپێکردنی رێکەوتن، لە دوای ئەوە بۆتە نازناوی مەلیکەکانی مەقدۆنیا بۆ خۆیان هەڵگرتۆتەوە و لەناو خەڵکی مەدەنیدا بڵاوبۆتەوە. تا ئێستاش لەلایەن هەندێ لە عەرەبەوە بەکاردێت، ناوەکان بە عەرەبی (تەحریك، دهەیل، کەرناین)، یان چەرخی دوو شاخ، لەوەدەچێ بۆیە سەرەتا پەیوەست کراوە بە ئەسکەندەرەوە بەهۆی ئەوەی کە دەڵێن ئەسکەندەر لە ئەستێرەی مشتەرییەوە هاتۆتەخوارێ، بە شاخەکان بۆقیەکان لێدەدا، هەروەها وەك سولیسوسەکان، هەندێ هۆ تەواو سەلمێنراو نییە. ئەم زانیارانە لە هاوڕێیەك وەرگیراوە.

- 15/ **دیسەمبەر/ کانونی یەکەم.**

بەیانییەکی ناخۆش و هەوروهەڵا بوو، بە جۆرێ، کە من لەو کاتەدا نەمدەتوانی بەرزاییەکم چنگ بکەوێت، بەلایەنی کەمەوە ئەو مەودایەش ئەوەندە روون نەبوو تا بتوانم تێبینیەکانم لەبارەی ناوچەکەوە تۆمار بکەم، لە راستیدا ئەوێ بنکەیەکی شاهانەیە بۆ مەبەستەکەمان.

رۆژێکی ناخۆشم بە ئیشەوە بردەسەر، هەروەها بۆ ئەوەی کەمێ باری شانم سوك بکەم لە ئەرکی تۆمارکردنی تێبینی، دووبارە چوومەوە بۆ سەیری کڵێسەکە. هەرچۆن بەر لەوە لەو بڕوایەدا بووم، کە پەیکەری بیناکە کۆنە. لە ژوورێك یان قوژبنێکدا، کە بە تەنیشت پەناگاکەوەیە، گۆڕی مار مەتییەیان پێشاندایین و لەگەڵ گۆڕی ئەوەی پاش ئەو بووە و ژمارەیەکش لە گۆڕی موریدانی. لەسەر بەردەکانی گۆڕستانەکە، کە لە دیوارەکەوە وەك شێوەی مێز هاتبوونە دەرەوە، نەخشی (**سترانغلۆ**)ی پێوە بوو، یان وەك لێرە پێدەوترێ (**سەرینغلی**). لەسەر ئەوەی مار مەتییە ساڵی 1530 نووسرابوو، ئەوەش ئەلکساندەرە، یان حەزرەتی عیساش 1230،[43] بەلایەنی کەمەوە ئەوە پریسەکە پێیوتم، منیش هێشتا نازانم (سترانغلۆ) بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەوەی تەمەنای ئەوە دەکەم بەم نزیکانە بتوانم بیخوێنمەوە. دەڵێن ناوی مەلیکی ئاشوریەکان **سەنحاریبە** و باوکی **مار بیهنانە**، یان **سانت ئەلیاس**، یان **خدر ئەلیاس**. ئەمەش کۆتایی **گالی ماتیاسە!** تەمەنا دەکەم هەرچۆنێ بێت روونی بکەمەوە، بەهۆی سەرچاوەی ئەسسەمانییەوە.

لەسەر تەلاری کڵێسە بچکۆلەکەی بۆ مەریەم کراوە، خواپەرستیی تێیدا دەگمەنە، یان هەر نییە. چووینە ناو کەلەبەر یان چاڵی ئەو تاوێرە بەردەی لەلای باکوورەوە بوو، لەو شوێنەی ئاو دێتە ناو پەرستگاکەوە، ئەوە ئاوی باراناوە و لە چیادا کۆبۆتەوە، دێتەخوارەوە بۆ ئەو شوێنەی کەڵەشێرێکی مسی وەك پێویست لێیە.

---

[43] ئەم رۆژە هێمای ئەوە دەکات کە لەوانەیە گۆڕەکەی مار مەتییەیان چاکردۆتەوە، یان دانەیەکی تریان بۆ دامەزراندبێت. پەرستگاکە خۆی لەلایەن مار مەتییەوە لە ساڵی 334دا دروستکراوە. بە بۆچوونی قەشەکەی ئێستای و لە دەوروبەری ئەو کاتەدا، ئەوەش بەپێی ئاسسەمانی.

ئاوەکەی باشە و لەگەڵ ئەوەی ئاوی بارانە، بەناو بەردەڵانیشدا دەڕوات، ئەوەش لە جۆری ئاوی کانی و سەرچاوەی دەداتێ. دوای ئەوە چووین قەشە پیرەکە لە ژوورەکەی خۆیدا لە بورجی باکووری ببینین. ژوورەکە خۆی باش بوو، بەڵام شتەکانی ناوی پیس و پەرپوت بوو.

بەشێك لە ئینجیلی لەسەر پێستە بە ئەلفوبای (سترانغلۆ) پێشاندام، من بەختەوەر بووم، کە ئەوەم بەدەست هێناوە. لە راستیدا کەم بەکارهاتبوو، لەو بارودۆخەی، کە بۆی هێنام من حەسودی بەخۆم دەبەم، کە لە لەناوچوونی گشتی پاراستومە.

دوای ئەوەی سەردانی قەشە تەواو بوو، لە پەرستگاکە هاتینە دەرەوە بۆ بینینی ئەشکەوت و کانییەکە، کە زۆر ناودارن لەم ناوچەیەدا بە هۆی سەیرانکەرانەوە، کە دێن بۆ ئەم ناوە بۆ (کەیف) کردن. لە سوچەکەوە تۆزێ دەسووڕێیتەوە رێگەی باکووری پەرستگاکەیە، لەسەر رووی بەردەکەوە گەیشتینە تاقێك یان کەنارێك، دار زەیتون نێژراوە و لە دوای هەر بەردێکەوە تاقێکی نیوە بازنەییە و پڕە لە گژوگیا و درەختی بچوك، بە شێوەیەکی جوان ئاو لە تاقی بەردەکەی سەرەوە دێتەخوارەوە. دوو دەرگای بچوك، کە لە بەرد تاشراون دەتباتە ژوورەوە، یەکێکیان بۆ ناو ئەشکەوتەکە، کە چەند پێیەك ئاوی چۆڕاوگەی بنمیچەکەی تێدا کۆبۆتەوە و خۆی بەتاڵ دەکاتەوە بۆ ناو ئەو عەماراوەی پێشەوە و ئەوی تر، بۆ ئەشکەوتێکی گەورەتر، پەیوەندی بە پێکهێنەرەکەیەوە، من هەستم کرد هەواکەی زۆر گەرم بوو. بنمیچی هەردووکیان بە نوسینی (سترانغلۆ) داپۆشرابوو، زۆر رێکوپێك نەبوو، پلەی گەرمای ئەشکەوتە گەورەکە 65° بوو، ئاوەکە لە ئەشکەوتە بچوکەکەدا بوو، بۆیە پلەی گەرما 56°بوو. ئەو ئەشکەوتانە لەوانەیە خۆی سروشتی بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هونەری تیاکراوە و دەرگای چوونە ژوورەوە و پەیوەندیەکانی بۆ کراوە، کە بچوکە و نزمە، بێگومان دەستکردە. ئەمە گەڕانەوەی هاوینێکی ناخۆش وێنا ناکات.

ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە ئەو خەڵکە حەزناکەن پێیان بوترێ یاقوبی. قەشەکە بە رێکی بۆی راستکردمەوە و وتی: ئەوانە لەبەرئەوەی سوریاین، سوریایەکانیش کاسۆلیکی رۆمانین و خۆیان بەو ناوەوە بانگ دەکەن، ئەوانی تر پێیان دەوترێ یاقوبی

وەك **سەكتاريوسی ياقوبس باراديوس**. لەم دواييەدا، ديسانەوە وەك سەكتاريوس ڕێيان پێنەدەدرا و سووربوون لەسەر ئەوەی بە نازناوی قەومی خۆيانەوە بانگ بكرێن.

من دەبێ سەرۆكە بە تەمەنەكەی قەشەكان والێبكەم، كە عەدالەت بۆ تۆماركردنی ڕاستييە، تەنانەت من دژی خۆشم بەتەواوی ڕاستی دەڵێم.

لە پێلێنانی هەندێ شت، شێوە و هاوشێوەی (وەللە)م لە (مەهۆمەتان-ئيسلام)دا بەكارهێنا، دەستبەجێ وەستانمی و وتی ناتوانی بەو ئاسانييە بيسەڵمێنی، بەبێ ئەوەی ناوی خوا هەروا وەرگری ئەگەر باوەڕداری. لە ئينجيلدا سوێند ناخوات، بەڵام بێبەختانە دوای ئەوەی هەموو زمانەكانی ڕۆژهەڵاتی لە (مەهۆمەتان)ی فێربوو، من بە شێوازی دەربڕينە نائاينييەكانی زۆر ئاشنام، لەبەرئەوە دەترسم، زۆرجار بە شێوەيەكی بێ ئاگايانە لەكاتی دەمەتەقێدا گوناه بكەم.

- **16/ديسەمبەر/كانونی يەكەم.**

تا نزيك سەعات 15:00 سەرقاڵی كاركردن بووم، نەخشەی ناوچەكەم دەكێشا و تێبينيەكانم تەواودەكرد و ئەمڕۆش بەتەواوی ڕۆژێكی ڕوون و گونجاو بوو بۆ مەبەستەكەی من. ئينجا چووم بۆسەر تەوقەسەری چياكە و بەسەريا بۆ لاكەی تری شاخەكە، سەركەوتنەكەی زۆر كووڕبوو.

لە كەلەبەرێكی چياكەدا لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی پەرستگاكەدا زەويەكی بچوكی باخە زەيتونە، لەگەڵ كانييەكی باش، كە تايبەتە بە پەرستگاكەوە. چياكە لە هەموو لايەكيەوە دابڕاوە بۆ خوارەوە بۆناو دۆڵە قوڵ و لێژەكە، كە قەراغەكەی قوپاوە بۆ ناوەوە و وای لێدەكات وادەركەوێت، كە لە ناوەندەوە بە پايەكان پشتگيری كرابێت. هەندێ دارستانی داربەڕوی كورتەباڵا لە هەموو ئەو ناوانەدا دەبينرێت، ئەوەش كوردستانی بيرخستمەوە، لەلايەكەوە، نەك لەلای سەرەوە، بەڵكو لەسەر يەكێ لە ستوونەكانی ڕۆژهەڵات، تۆزێ ڕۆژهەڵاتی باشووری پەرستگاكە. ديدگايەكی جوانم هەبوو بەسەر دەشتی(**ناوكۆر**) و هەموو ڕووباری (**بومەدوس**) لەو شوێنەوە، كە لە چياكەوە دێتەدەرێ بۆ شوێنی بەيەكگەيشتنی لەگەڵ زێدا. (ناوكۆر)،

کە لە ژێر ئامێدیدایە لە داوێنی ڕۆژهەڵاتی (خازەر) یان (بومەدوس)ەوە دەست پێدەکات. تەنیا لە داوێنی ئەو ستوونانەی ئێمەی لەسەری وێستابووین، ڕووبارێکی بچوکتری دەچێتەسەر، کە پێیدەوترێ (**گۆمەڵ**). [44] دەشتی (ناوکۆر)ی تەواو تەختە و نیمچە لیتە- (نیشتو)ی بەجێماوە، جگە لە درێژایی (خازەر)، کە پەڕینەوە بە هەندێ هێڵی گردۆڵکەی نزمدا تۆزێ لە ئاستی دەشتەکە بەرزترە.

زۆر سەیرتر لەوەش ئەو هێڵە ڕێکەیە، کە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە ئاوی لـێ هەڵئەقوڵێ و زەوییەکی قڵیشاوە لە داوێنی مەقلوبە و خاڵی بە یەکگەیشتنی گۆمەڵ و خازەرە بۆ سەرەوەی چیاکە تا ئەو شوێنەی زێی لێدێتەدەرەوە یان نزیکی ئەوێ. حەوزی زێ قوڵە، لەنێوان زێ و بومەدوسدا جۆگەلە لە چیاکانەوە دێن و دەڕژێنە زێوە.

لەسەرو ریزە گردێکی نزمدا تێبینی ریزە چیایەکی سەربەبەفرم کرد، کە (ئەقرە) لە نێوانیاندا بوو، لوتکەی سەربەبەفر دیارە و هێشتا هەندێکی بەرزتریش، کە من وا هەست دەکەم ئەوە دەبێ زاگرۆس بێت. تەماشایەکی دوایانمەوە کرد، بەتایبەتی ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵات. دۆڵەکە یان ڕاستر دەشتی (ناوکۆر) (بە مەزەنەیەکی گران) نزیکەی 10 میلێك دەبێت. [45]

هێڵی گردە داڕوخاوەکان، یان ڕاستر زەوی شەستەکراو، من زووتر هێمام کردووە بۆ ئەو بەرزییانەی بەتایبەتی لەلای باکوورەوە، هەر چۆن لەگەڵ ڕاستەدا بەیەکیاندا دابێ. لەلای باشوورەوە بەرەو (بومەدوس) داڕماوە. بێگومان هەولێر بە ڕوون و ئاشکرا دیارە، هێڵێکی بچوك لە گردۆڵە داڕماوەکانەوە لە لاکەی تری زێی ناوەندا نییە.

---

44 گۆمەڵ لە یەکەم ریزە شاخەوە دێتەدەرەوە، ئێستا کەمترە، بەڵام زۆرجار قەوارەکەی زۆر گەورەترە لەوەی کە ڕووبار پێیگەشتبێت. کە تەواو وەك (خازەر) گەورەیە و ماوەی بووار و پەڕینەوەیان بۆ چەند ڕۆژێك نییە.

45 ڕەسین، یان(راعولعەین)، یان سەرۆکی ئاوەکە، شوێنێکی کۆنە، یان پەرستگایەك لەژێر چیادا لەوپەڕی سنووری دووری (ناوکۆر) لەسەر ڕێگەی ئەقرە.

لەملاولای چیاکەوە بڕێکی زۆر لە جۆرێ رووەك رواوە، کە لە شێوەی گوڵە شلێردایە و سەلکی رەگەکەی بۆ دەرمان بەکاردێت، ئەم رووەکە زۆر لەپەرەسەندندایە و هەروەها رووەکی تریشی لێبوو، لەگەڵ ئەوەی، کە من زانیارییەکی ئەوتۆم دەربارەیان نەبوو.

بەسەر چیاکاندا بە رێگەیەکی خێرادا گەڕاینەوە، بەڵام رێگەیەکی راستەوخۆ بوو. کوتوپڕ بەبێ ئەوەی مەترسییەکی پێشوتر هەبێت، سەرە گێژەیەکی کۆن هێرشی بۆ هێنام و کەوتمە خوارەوە بۆ شوێنێکی زۆر نالەبار، بە هەرحاڵ زوو چاکبوومەوە و بە سەلامەتی گەشتمە پەرستگاکە. لە رێگەدا بۆ ماڵەوە چاومان کەوت بە سێ پۆڕی قاچ سوور و وتیان، کە بەرازی کێویش لەوێدا بینراوە.

کەلاوەکانی پەرستگاکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەلای راست و چەپدا پەرشوبڵاو بووەتەوە، هەروەها لەسەر بیناکەی ئێستا هەندێ پاشماوەی بورجەکان هێمای بەهێزی رابردووی دەکرد. لەسەر بەردەکەی سەر ئەو ژوورەی لەبەرد تاشرابوو، نەخشێکی تێدابوو، دەڵێن ئەوە شوێنی **سانت ماسیو** بووە لەکاتی خانەنشینیدا، لەو شوێنەی دەژیا پێش ئەوەی مۆڵەتی بیناکردنی پەرستگاکەی بدرێتێ. لەبەرئەوەی لە شوێنێکی زۆر لێژدا بوو، بەو پەلەیە دوای هێرشی سەرەگێژەکەم نەمتوانی بچم بیبینم.

ئەو پریسەی هاودەمان بوو لە پیاسەکەی پاش نیوەڕۆدا، پێی وتین ماوەیەك لەوەبەر هەندێ جەردە لە ئامێدییەوە لە بەردەکەی پشتەوە چوونەتە سەر دیواری پەرستگاکە و ویستویانە پەرستگاکە تالان بکەن. پریسێك کوژرا و خۆشی بە توندی بریندار بووە. یەزیدیەکانی دراوسێیان لە گوندی (میەریك)ەوە گوێیان لە چەند تەقەیەك دەبێت و بە پەلە دێن بە هانایانەوە و پریسە بەستەزمانەکە دەستبەجێ رزگار دەکەن.

رووداوی سەرەگێژەکەم هێشتمیەوە بۆ دوای ئەو کاتەی دیاریکردبوو بۆ گەڕانەوەم. تا تێبینی نێوان لوتکە و ئاسۆ دیاری بکەم، هەر، کە گەڕامەوە، بەهەرحاڵ، سەرکەوتم بۆ تەلارەکە و چەند دیمەنێکم وەرگرت، هەرچەند هێشتا هەستم بە لاوازی دەکرد.

- 17/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم**.

کارەکانم لەم ناوچەیەدا کۆتایی هات، مۆڵەتی ڕۆیشتنم لە پریسەکان خواست و پەرستگاکەم بەجێهێشت، هەر بەو ڕێگایەی، کە پیاهاتبووین گەڕاینەوە، بەڵام هەموومان بە پێ دەڕۆیشتینە خوارەوە.

سەعات 10:30 لە داوێنی بەردەکەوە سەرکەوتینە سەرەوە، ئیدی بەرەو لای گوندی (مۆغارا)ی یەزیدیان ڕۆیشتین، شۆڕبووینەوە بەسەر دەربەندەکەدا و بەرەو لاکەی تری دۆڵەکە. لە سەعات 12:00 گەیشتینە گوندی (شێرەب ئێران)ی یەزیدیان لەسەر شۆڕبوونەوەی دۆڵەکە بە ئاڕاستەی بەرەو (گۆمەڵ) ڕۆیشتین، بەڵام ئەمڕۆ بە هێواشی، بە شێوەیەکی خۆڕاگر بەسەر زەویە بەردینەکەدا هەڵبەزودابەزمان دەکرد.

دوای هەڵوێستەیەکی کورت دیسانەوە سەرکەوتینەوە، کەمێ پێش سەعات 13:00 و لەبەرەوپێش چوونمان بەرەو باکووری ڕۆژئاوا، هێشتا هەڵبەزودابەزە، دۆڵەکان لە ڕێگەماندا بە ستوونی دادەبەزن. بە گوندی (مەهۆمەتان)ی ئەحمەد بەگدا تێپەڕین و پاش ئەوە، دوای جیابوونەوەی دۆڵەکە، گەیشتینە دوو گوندی گچکەی کوردنشین لە (شۆڕجی) لەو مێرگەی هەموو ئەو ئاوەی لەم لایەوە دێتەخوارەوە و دەبێتە جۆگەلە[46] بۆ بنی دۆڵەکە. هەموو ئەوانەی دەربارەی ئەم ناوچەیە بڕاوەتەوە زۆرە و شتێك لەم جۆرە لە دەوروبەری دەربەندیش هەیە.

دوای ئەوەی (شۆڕجی)مان جێهێشت، خێراتر دەڕۆیشتین، ناوچەکە دارمانی و چاڵ و چۆڵی کەمتربوو، هەروەها کەمتر لێژبوو. لوتکە، یان لێواری گردۆڵگەکان لەلای چەپمانەوە هاوڕێك بوون لەگەڵماندا. لە سەعات 15:00دا بە گوندێکی گەورەی داوێنی ئەو گردانەدا تێپەڕین، کە پێیان دەوت (**کانی ماران**). ئەو گوندە ڕۆژبەیانیەکان ئاوەدانیان کردبووەوە، یان (**ڕۆژڤییان**) و کوردە **باجەلانیەکان**. کەمێ پێش ئەوە

---

[46] گۆمەڵە.

زەویەکی بەرزە، کە ئاوی خازەر لەئاوەکانی گۆمەڵ جیادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی بەسەر ناوچەی باکووری رۆژئاوادا چەمیوەتەوە و لە نزیکی لوتکەی لێوارەکەوە شۆڕبۆتەوە.

لە کانی مارانەوە بەسەر لێوارەکەدا هاتینەخوارەوە، کە لەلای راستەوە کۆتایی دێت، یان بۆ زەوییەکی داڕوخاو زۆرتر دەخایەنێ. راستەوخۆ دوای ئەوە ئێمە هاتین بۆ گوندی (**سەیدخان**)، کەمێ لە پێشمانەوە و نزیك لە لای راستی رێگەکەمانەوە، کانیەکی بچوك، کە پێیدەوترا (ناوران) ئاوەکەی لە شوێنێکەوە دەهات، کە پێیان دەووت (رەئسول عەین) واتە سەرچاوە و بە سەیدخاندا تێدەپەڕی، دوای پێچکردنەوەی بۆ ژمارەیەك ئاشی ئاو، ئینجا دەڕژێتە خازەرەوە. ئێمە ئێستا بەرەو باشوور، 25° بەلای رۆژهەڵاتدا گەڕاینەوە، لێوارەکە لەلای چەپمانەوەیە و بە تەنیا بە پێ دەڕۆیشتین. لەو دەشتەی لای راستمانەوە گردۆڵکە یان شاخێکی زۆرمان دەبینی، کە زۆر لە یەکەوە دوور نەبوون. هەندێکیان گوندێ لە داوێنیدایە و هەندێکیش بێ گوندە، دانەیەکی زۆر گەورە هەبوو سەری چیاکە تەخت و فراوان بوو، ئەوەش وەك (**تەل بیلە**) و نزیکەی هەمان پێوانە و هەمان شێوە. سەعات 15:50 گەیشتینە گوندی (ئیمام فادلە)، کە تیرەی رۆژبەیانی و کوردە باجەلانیەکانی تێدا دەژیان. گوندی ناوبراو تا بڵێیت گوندێکی جوان و گەورە بوو، هەروەها چواردەوری بە باخ گیرابوو، ئێمەش رۆژێك لەوێ ماینەوە. لەم رۆژانەی مانگی مارتدا دووچاری بایەکی زۆر بووین، هەر چۆن لەسەر لێواری گردۆڵکەکان و ئەو شوێنانەی پیادەڕۆیشتین، هەروەها لەپڕ سەرەولێژگەیەکی بەردەڵین دەهاتە پێشمان، ئەو رێگایەی راستەوخۆ لەسەری بوو زۆر سەخت بوو، مەگەر بۆ وڵاخی بارەبەر ئەستەم نەبووایە.



پیاو و ژنێکی یەزیدیی سنجاری

- **18/دیسەمبەر/کانونی یەکەم.**

سەعات 09:30 سەرکەوتین و دوای هەنگاوەکانی ڕێگەکەی دوێنێمان کەوتین، چەندە ئاشی ئاو لە **(ناوران)** هەیە، ئەوەندە لەسەرو **گوندی سەیدخانەوە** هەیە، لەوێش ماوەیەکی کورت ماینەوە.

ناوچەکە تەواو بەربڵاوە و بەهێوری لە لێوارەکەوە بۆ ناوران لە دەشتەکەدا دێتەخوارێ.

سەعات 12:30 لە خازەر پەڕینەوە و بەلای گوندی **(کەلاتا)**ی عەرەبنشیندا تێپەڕین، کە نزیك بوو لەو چیایەی لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکەوە بوو. 13:25 گەیشتینە شوێنی حەوانەوەی ئەم شەومان، لە گوندی (داسینی)ی (سیرەج خان). بەعدلی پایتەختی بەناوبانگی یەزیدیەکان، شوێنی نیشتەجێی (میر شێخ خان) بوو لە باکوورەوە 40° ڕۆژهەڵات، سێ سەعاتێ لە داوێنی ریزی یەکەمی چیاکانەوەیە.

لێرەش تێبینی ئەوەمان کرد، هەروەك هەموو گوندەکانی دەوروبەری موسڵ، کە قامیش یان زەل بە کۆمەڵێ بچوك دادەنرێ و بەگشتی بەقامیش و قوڕ سەربان ئەگیرێ. لە دوورەوە هەر لە گۆڕ ئەچون.

هەموو ژنانی ئەو گوندانەی پێیدا تێپەڕین بەرگی (چارۆکەیی)یان لەبەردایە، ئەمە جگە لەناوچەی تورکومانەکان، کە وەکو شێوە کوردیەکە نەبوو، بەڵکو لە شانێك گرێ دەدرا و بۆ پشتەوە شۆڕدەبووەوە و لایەکی بە کراوەیی دەمایەوە، کاریگەری خراپیشی نەبوو، ئەو بەرگە لە پارچە پارچەی خوری دروستکراوە، بەگشتیش ڕەنگیان شین و سووری کاڵ، یان قاوەیی و سووری تۆخ، زۆر جاریش لە (تارتان) دەچوو.

فۆتەی سەری ژنانی یەزیدی [47] وەکو فۆتەی ژنانی کوردی بەبە وەهایە، بەڵام زیاتر بۆ پێشەوە لاردەبێتەوە و زۆر بە ڕێکی دەرناکەوێت و بەرگێکی سپی داپۆشیوە و لە سەرینێك دەچێت بەسەر سەرەوە.

---

[47] بڕوانە وێنەی پێشوو.

دەربارەی خواردن لە ناوچەی موسڵ، بەتایبەتی لەنێو چینی جوتیاراندا، پلاو، کە بە ساوەر دروست دەکرێت، ساوەر خۆشی لە گەنم ئامادە دەکرێت، قورسە و بۆ ئەوانەی رانەهاتون لەگەڵیا ناگونجێ. برنج دەگمەن و گرانە، لەو بڕوایەدام هیچ لە ناوچەکەدا نەکرێت و ئەوەشی لێرەدا بەکاردێت لە کوردستانەوە هێنراوە.

لە شەودا هەندێ میوزیکژەنی ناوداری یەزیدی ئاهەنگێکیان بە بۆنەی چوونی ئێمەوە گێڕا. تەمبوورەی زۆر بە جوانی لێدەدا و گۆڕانی نیشتمانی خۆیانی بۆ وتین، یەکەم دانەیان گۆڕانی سنجاری بوو، دەربارەی کوشتنی ناودارترین جوان بەناوی (غەزالە) لەناو یەزیدیەکانی سنجاردا، لەلایەن حەسەن پاشای باوکی ئەحمەد پاشای بەغداوە، ئەو بۆ سەرۆکی سنجار نیشانە کرابوو، سێ رۆژی دوای شوکردنەکەی. جوانیەکەی تا ئێستاش لەناو سنجاریەکاندا ناودارە.[48] دوایی دەستی کرد بە شیوەنکردن بۆ حەسەن بەگی سەرۆکی کۆچکردوی شێخ خان، کە بە ناحەق لەلایەن زەبیر پاشای میری پێشووی ئامێدییەوە کوژراوە. سەرۆکی ئێستای شێخ خان پێی دەوترێ ساڵح بەگ. بە چەشنی دروزییەکان، یەزیدیەکانیش بەگشتی ناوی موسڵمانانە هەڵدەبژێرن. خێزانێك لە بەعدلی پێی دەوترا (میر شێخ خان)، لە سەردەمێکی زۆر دێرینەوە هاتووە و وەك سەرۆکی هەموو یەزیدیان دانی پیانراوە، ئەگەر (دازینیس)، (موڤەسینس) یان (دینادیس) بێت، ئەوان خێزان ناودەبەن بە (پەسمیر) یان (بەگزادە).

زۆر گۆڕانی تری بۆ وتین، هەندێ فۆلکلۆر و هەندێ دڵداری، بەڵام هەمووی هەمان ئاواز و شێواز بوو، کە جۆرێك بوو لە ناڵە و هاواری دەشتەکی. یەکێ لەو ئاوازە ئامێدیانەی وتی زیاتر لە فارسی یان تورکی دەچوو، هەروەها جۆرێکی تەواو جیاواز بوو لەو خۆماڵیانەی دەیوت. ئەو دیسانەوە شتێکی سەرپێیی دەوت، کە لە لاوك دەچوو، ئەویش پەسەند بوو، بە پەلە بەسەر وشە قافیەدارەکاندا دەڕۆی. زمانی کوردی بەرگەی ئامرازێکی مەزن دەگرێت لەم بەرهەمهێنانەدا. بەڵام من دەتوانم وشەیەك لێرە و لەوێ تێبگەم. دیالێکتەکەی تا رادەیەکی زۆر جیاوازبوو لەوەی، کە

---

48 سنجار هەمیشە لەلایەن کوردەوە پێی دەوترێ زینگهارا.

من لەگەڵیا راهاتبووم، ئەوەش بە تەواوی لە مەتەڵێکی سەرسوڕهێنەر دەچوو. میوزیکژەنەکەمان، کە هاودەمێکی خۆش مەشرەف بوو، ناوی لاسۆ بوو، نابینا بوو، هەروەها براکەشی نابینا و بە هەمان شێوە ئەویش میوزیکژەن بوو. لەوە دەچوو کولتووری مێژوویی لەو خەڵکەوە فێربووبن، کە لە هەلی تایبەتیدا پێکەوە بوون، ماوەیەکیان بەخۆشی بردۆتەسەر بەبێ (مەهۆمەتان)ەکانی ئێستا، لەوەی دیومە و دەرباری یەزیدیەکان بیستومە، لەوەدەچێ چالاك بن، کەسایەتی بەتوانا، میوان دۆست و خۆش مەشرەف بن. لەم گوندەدا زۆر شادمان بوون بە بینینمان و میواندارییەکی باشیان لێکردین. لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بریتانیدا دەتوانرێ زۆرتریان بۆ بکرێت.

# چاپتەری شانزەیەم

دیمەنێك لە وڵاتەکە □ کشتوکاڵ- گوندە یەزیدیەکان- سنووری پاشالیکی (قەزا)ی موسڵ- شاری ئەلقوشی کلدانی، پەرستگای رابان هۆرموزد- بارودۆخەکەی، ڕێگەی بەردەلان، ئەشکەوتە سروشتی و دەستکردەکان- کڵێسە- نوێژی ئێوارانی کڵێسە- قەشەکان- دیمەنیان- شێوازی ژیان- سەرۆکی پەرستگا- دروستکردنی پەرستگاکە لەلایەن کوڕی مەلیکی فارسەوە- کتێبخانەیەکی وێران- دەستنووسە رزیو و لەناوچووەکان لە رۆژهەڵاتدا- دەرچوون لە پەرستگاکە- وەسفی دیمەنەکە- گوندی تەل ئاسکۆفی کلدانی- کۆبوونەوەی خەڵکی بۆ تەماشاکردنی ئاهەنگی کلدانیەکان- گۆڕی کۆن- شێوەی کڵێسەکان- تەلکێف- کلدانیەکان- کەلاوەی کڵێسەکان- جیاکەرەوەی ناوچەکە- گەڕانەوە بۆ خانوی ناو باخەکە لە موسڵ- سەردانی پاشا- ئێسك و پەیکەری دۆزراوە لە رەبان هۆرموزد- یەزیدی سنجار- بەهرەوەریی ژنی یەزیدی لەگەڵ گیانی گورجوگۆڵیدا.

- 19/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم**.

لە سەعات 09:00 سەرلەبەیانی سەرکەوتین. کەش و هەوا دەستیکرد بە هەڕەشەکردن. راستەوخۆ بە کەنارەکەدا بۆ لای راست لاماندا، لە میانەی دوا بەشی رێکردنی دوێنێماندا، کە سەلمێنرا زەوییەکی زۆر هەڵەت و پەڵەت و داڕماوە، بریتیە لە دۆڵ و کەناری رووتەن و بەردەلمینی داڕماو، کەچی هێشتا لێرەو لەوێ کشتوکاڵ هەر دەبینرا.

خاکی ناوچەی موسڵ لەوەدەچێ لەدەست دەرچووبێ، هەموو بەشێکی، کە توانای بەسەردا شکابێت کێڵراوە و کراوە بە کشتوکاڵ. دوای تێپەڕبوونمان بە هەندێ گوندی یەزیدیدا، ئێمە بەدرێژایی کەناری ئەم زەوییە داڕماوە و دەستپێکردنی شۆڕبوونەوەیەکی هێمنی دوورودرێژ، کە لە (ئەلقۆش)ەوە نزیکەی میلێکی تەواو دەبوو. لەلای راستمانەوە تەواو خۆش بوو، دەشتێکی رێکوڕەوان، کشتوکاڵێکی زۆر باش بەچواردەوری گوندەکاندا کرابوو. بەعدلی پایتەختی میر شێخ خانی یەزیدی، لەلای راستمانەوە بوو، نزیك ژێرەوەی چیا بەردینە رووتەنەکانە و دەوروبەری نۆ میلێك نزیکە لەو دەربەندەی (گۆمەڵ)ی لێدێتە دەرەوە. پاشالیکی (قەزا)ی موسڵ بە درێژایی گۆمەڵ درێژدەبێتەوە، بەڵام شێخ خان لە خاکی ئامێدیدایە.

تەنیا لە دەربەندەکەی گۆمەڵدا لێوار یان کەناری گردەکان، بەتەواوی وەکو ئەو هێڵە وایە، کە لەبەردەم مەقلوبدا دەست پێدەکات و پێچ دەکاتەوە بۆ رۆژهەڵات، یان راستر رۆژهەڵاتی کەمێ باشوور. من تێبینی ئەوە دەکەم، کە ئەو هێڵە پاشکۆیە بەدرێژایی هێڵی پێشەوەی چیاکانی ناوچە کوردییەکان بەردەوامە، کە واهەست دەکەم بەرزتر و زیاتر بەردەڵانی بێت لە (گۆیژە). ئەم لایەی زۆر لێژ بوو، بەلای چەپیشماندا دووبارە بەرزدەبووەوە بۆ گردێ، کە لە پشتییەوە **خاکی دۆباوی** تایبەت بە **ئامێدیا** بوو. هەروەها شارۆچکەی دهۆکی کلدانیەکان.

هەروەك بەرەو کۆتایی دەچووین، لەلای چەپمانەوە تێبینی چیایەکی دەستکردی کۆن بەناوی (**جیرغیاوەر**)مان کرد، یان چیای **کافر**. زۆربەی گوندەکان لە

دەشتدا چیایەکی بچکۆلەیان لێوەنزیکە و لەماوەیەکی زۆردا لە ڕۆژهەڵاتدا دانەیەکی زۆر گەورە و سەرنج ڕاکێشەر هەیە، ناوەکەی من هەرگیز فێری نابم. کەمێ دوورتر لەلای چەپمانەوە لە (جیرغیاوەر)ەوە گوندی (**شەرابی**) یەزیدیە. ئەو ڕێگایە کاتی خۆی بەهۆی داگیرکردنی ئەملاولای یەزیدیەکانەوە ناخۆش بوو، بەڵام سوپاس بۆ ڕاپەڕینەکەی ئەحمەد پاشای موسڵ، کە ئێستا تەواو ئارامە.

شارۆچکەی **ئەلقوش**، کە سەرتاپای کلدانییە، ڕێگەیەکی گچکە لەبەردەماندا بوو ئەچوو بۆ داوێنی چیاکە و لەلای ڕاستییەوە، نزیکەی یەك میل بەرزترە لە دەربەندی چیادا یان دەروازەیەك بۆ چیاکان، پەرستگای ڕەبان هورموزدی کلدانی بوو، بۆ هەرکوێ دەچین و، کە لەم خاڵەوە بەرزایی زیاتر دەردەکەوت. هیچ شتێیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشەر نەبوو، بەڵام بینایەکی قورسی چوارگۆشەی ڕەنگ سووری تۆخ، بەتەواوی لە لێژاییەکەدا، وەك هەندێ خەڵوەتگای خواپەرستان هەبوو. هەورە تاریکەکە لە لوتکەی چیاکەوە بەرەوخوار بۆ پەرستگاکە دەهاتە خوارەوە، بەتەواوی دڵتەنگی دەکردین، کاتێ خۆمان لە کەلەبەری بەردەکاندا دەبینیەوە، لەوە دەچوو لە شارستانی دوورکەوتبینەوە و گەڕابینەوە بۆ هەندێ بارودۆخی کێوێتی و ئەو شتانەی کەمتر لە ژیاندا تاقیکراونەتەوە. بارودۆخەکە لەوەدەچێ بهێنێ پەنابەریتە بەر هەڵبژاردەیەکی باش، بەڵام پەنابردنی کەسێکی کێوی بێ هیوا. بەم نزیکانە دوای تەواوبوونی سەرەولێژییەکە، گردەکان بەشێوەیەکی پلە پلە بەرزدەبێتەوە. خووڕاوێکی زۆر مەزن، کە ئێستا وشکە، پارچەی بەردی زلی تێکەوتووە. بەدرێژایی لێوارەکەی ماوینەتەوە، گەیشتینە یانزە دەروازەی دەربەندی چیا، بەدرێژایی ڕێگەیەکە بەردەڵان و سەختە. دەربەندی شاخ فراوان دەبێ و چیاکە وەك جۆرێ لە پێپلیکانەی کێوی دەردەکەوێت، لەمەدا، ناگاتە نیوەی ڕێ بۆ سەرەوە، پەرستگایەکی لێیە. ئەوە تەنیا دوا بەشی ڕێگاکەیە، کە زۆر لێژە. ئەو بینا سوورەی لە دوورەوە بینیمان بەشێك بوو لە کڵێسەکە، یان ڕاستر لە کڵێسەکان، چونکە چەند دانەیەك بوون پێکەوە.

هەموو پلیکانەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە پڕە لە ئەشکەوت و ئەشکەوتی بچوك بچوك و لەسەر بەردەکەوە درێژدەبێتە بۆ دوور لەو بەرزتر، هەروەها لەلایەن

(کەشیش) یان خەڵوەتگەرە خاچپەرستەکانەوە بەکاردێ، کە ژمارەیان پەنجا کەسە و تەنیا چوار یان پێنجیان قەشەن. هەر کەشیشێك خەڵوەتێکی تایبەتی خۆی هەیە و پەیوەندی نێوانیان لەبەرهەیوانە گچکەکەوەیە. بەردەکان زبر و شکاون و رەنگێکی گونجاوی تەنکیان هەیە و پاشماوەی بینای کڵێسەکەیە، کە ئێستا بەشێوەیەکی رێکوپێکتر چاکسازی و نۆژەنکردنەوەی تێدا دەکرێت و لەسەر لێوارێکی ئەستووری لێژاییەکە راوەستاوە، بەڵام زۆر کەم کەرەسەی کۆنی تێدا ماوە.

سەعات 11:30 گەیشتین و لە دیوەخانێکی بەربڵاودا دابەزین، وەکو جۆرێ لە گەنجینە یان پەرستگایەکی بچوك دراوسێی کڵێسەکە بوو. خەڵکەکەی لەگەڵمان بوون خۆیان دامەزراند، هەرچەند دەیانتوانی بچنە ناو ئەشکەوتەکانی دەوروبەرەوە و ئەسپەکانیش بگەڕێنینەوە بۆ ناو دێ. پاش نیوەڕۆ چووم بۆ نوێژی خۆرئاوابوون. هەموو کەشیشە شێواز تاریکە لادێییەکان کۆبووبوونەوە، پێکەوە بە پەستی و سادەوساکاری کڵێسەوە، کە تەنیا چەمانەوەی تەسك یان قوببەی ژوورەکە، بەبێ رووناکییەکی ئەوتۆ و بەڵام چی چاوەڕوان دەکرێت لە قوببەیەکی بچوك، لەوانەیە یەکێ لە خەڵوەتەکانی **سەینت (سەبا)**مان بێنێتەوە یاد. لە راستیدا کەشیشەکان لە(**زیبەد**) کەمتر نەبوون لە دەرکەوتنیاندا، خەڵکێکی روخسار تاریك بوون، جلوبەرگێکی زبر وەك جوتیاران، بەڵام زیاتر تاریك و تۆخ لە رەنگەکانیا وەك شینی تاریك یان هەمووی رەش لەگەڵ عەبایەکی ئاسایی یان عەبایەکی خووری قاوەیی عەرەبی بە سەردا پۆشیوە.

کڵاوێکی لبادی بۆریان لە سەردایە، لەگەڵ دەستەسڕێکی رەشیان لێپێچاوە. قەشەکان تا رادەیەك جلوبەرگیان باشترە، لە کراسێکی هاودامانی رەشدان، لەگەڵ عەمامەیەکی رەشیان لەسەردایە. کەشیشەکان هەموو جۆرە کارێکیان دەزانی، چنین، بەرگدروویی، ئاسنگەری، دارتاشی و بەنایی، چونکە هەموو کاروبار و پێداویستیەکانی پەرستگاکە لەلایەن خۆیانەوە جێبەجێ دەکرا. لە راستیدا پێداویستیان زۆر کەم بوو، **سەنت ئەنتۆنی** فەرمانی دەردەکرد و زۆر توند بوو لە جێبەجێکردنیدا. کەشیشەکان هەرگیز گۆشتیان نەدەخوارد، جگە لە جەژنەکانی لەدایکبوون و کرسمس نەبێ، لە راستیدا زۆر جار ئەگەر یەکێ بە دیاری کەمێکیان بۆ بهێنێت ئەوا دەست بە روویەوە

نانێن و دەیخۆن، بەڵام گۆشتی تایبەت نییە بۆ کڵێسەکە. خواردنی ڕۆژانە گەنمی کوڵاو و هەندێ نان و تەنانەت ئەوەش بە بڕێکی کەم. شەراب و عەرەق هەردووکی قەدەغەیە و هیچی تر، بەڵام ئەمین سندوق دەتوانێ دەست لە پارەوە بدات. [49]

- 20/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم.**

سەرۆکی پەرستگاکە، کە لەوێ نەبوو، دوێ شەو گەڕاوەتەوە و ئەم بەیانییە هات بۆ سەردانم. ئەو خەڵکی **مارینە**، بەڵام لە **دیاربەکر** خوێندویەتی، لەژێر دەستی هاوڕێیەکمدا بەناوی ئەبوونە (**مۆنسیگنۆر ئەگۆستینۆ**)، کە تورکییەکی باش دەزانێ، من زۆرم خۆشدەوێت، کاتێ ئەو نزیکەی دوانزە ساڵ لەوەبەر کرا بە سەرۆکی پەرستگاکە، خەریك بوو وێران دەبوو. ئێستا کڵێسەکە نۆژەن دەکاتەوە. سەرەکیەکەیان پەیوەستە بە (**سەنت هۆرموزد)ەوە** و دانەکەی دوای ئەوەش سەر بە یەکێ لە چوار نوسەرەکەی ئینجیلە و یەکێ لەسەرو پلیکانەکانەوە بۆ فریشتەکان: ئەوانە گشتی لە هەمان شوێندان.

بەشی سەرەکی بۆ کۆمەڵە تازەکە بە پشقل سوورکراوەتەوە، تا بەرگەی کاریگەریی کەشوهەوا بگرێت. بیناکە تێیدەچێت بەڵام کەم، کەشیشەکان کرێکاری شارەزان و

---

[49] کەشیشەکان لە خەڵوەتەکانیاندا بە تەنیا دەژین، ئەگەر لەبارەی کارەکەیانەوە نەبێت ڕێگە نادرێ پێکەوە قسە بکەن. لە ڕۆژێکدا زەنگی کڵێسە چەند جارێ پیرۆزیان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە نیوەی شەودا بۆ نوێژ لە کڵێسەدا کۆدەبنەوە، دووەم بۆ بەیانی و لە ئێوارەدا، ئیتر هەر یەکە لە خەڵوەتی خۆیدایە بەبێ ئاگر یان مۆم. هەندێ لەم خەڵوەتانە لەیەکەوە دوورن، لە حاڵەتی زۆر تەنیایدا، ئاستی بەرزی سەر چیاکە لە شوێنێکی لێژدا و کە بە ڕۆژ ئاسان نییە پێیبگەیت، جا چجای شەوانی تاریك و زریاناوی. ئەوان چواردەوریان بە خێڵە کوردە شاخاوییەکان گیراوە، هەر دابەزینە خوارەوە دەیانکوژن و دەگەڕێنەوە دواوە. بێ ئەوەی هاوار و داوای یارمەتییان کەس بیبستێ، بەڵام بێ دەرامەتییان لەم جۆرە هێرشانەدا دەیانپارێزێ. چەند گەنجێکی= =گۆشەگیریان لەناودا بوو، وەك پێیان وتین، لە هەموو دنیادا ئاژاوە هەیە، هیوادارن لەو خەڵوەتەدا ئاسودەیی ببیننەوە و لای خوا پەسەند کرێن لە میانەی ئەو مەشقە ئازاراویەی ئایینەوە و خۆشی لەخۆ حەرامکردنەدا. لەوە نەئەچوون شادمان بن، بەڵام ئێمە پێمان وتن ئەوان بە لاوی دەمرن- خ. ریچ.

چیاکانی ئەو ناوەش کەرەسەی بیناسازی وەك بەرد، کە بەئاسانی دەشکێت لەگەڵ گەچێکی جوانی سەوزباوی تێدا دەست دەکەوێت.

لە ماسۆنی سەرەکییەوە لە موسڵ و تایبەت بە کلدانیەکانەوە، خۆیان تەرخانکرد تا ڕێنمایی کرێکارەکان بکەن و هاوبەشی لە دابینکردنی کەرەسەی بۆیەکردن و شوشەی بچوك، تەختە و دار، وەکو کۆمەکی خێرخوایی لەناو هاوڕەگەزی خۆیاندا پێشکەش بکەن، تەختە کەمە، بە هەرحاڵ پێویستە، تەنیا بۆ کاری دارتاشی. (تۆماراسا) پاتریارکی سەلوسیا[50] پەرستگاکەی دامەزراندووە، ئەوەی ئەبوونە وتی: چوارەم پاتریارکی کلدانە پێش ئەوەی ببن بە نستۆریان.

هۆرموزد پێش چەوسانەوەی یەزیدیەکان ژیاوە و کوڕی مەلیکی فارس بووە، لە پێناوی بڕواکەیدا شەهید بووە و لاشەکەیان لە وڵاتی فارسەوە هێناوە بۆ ئێرە. ئەبوونە ددانی نا بەوەدا، کە زۆر دەربارەی نازانێ، بەڵام ئەو نستۆریان بێ یان کاسۆلیك، قەشەیەکی مەزنی نیشتمانپەروەری میللەتی کلدانەکانە.

**مەتران حەنای** سەرۆکی قەشەکانی موسڵ، دەڵێت، ئەم پەرستگایە لە سەدەی سێ، لە سەردەمی مەسیحیەتدا لەلایەن (هورموزد)ی خەڵکی شیرازەوە دروستکراوە و ئەو سەرەتا، کە هاتووە لە پەرستگایەکی گەورەدا بەناوی (**بەرعالتی**) لە (**بونیادوس**) لە نزیك گوندی **حەسەن شامییەوە** نیشتەجێ بووە، کە ئێستا ئەو پەرستگایە وێرانەیە.[51]

---

[50] تۆمارسا یان تامۆزا، سەرۆکی قەشەکانی کتێسفون، یان بلوتارکی کلدانەکان لە 384-392 زایینی.

[51] ئەم وردەکاریانەی لای خوارەوە لە (ئەسسەمانی)ەوە وەرگیراوە: ڕەبان هورموزدی سەرۆك قەشە لە دەوروبەری ساڵی 36 لە ئلزار و ئەشکەنجەی (کیو یو. دیۆکلەتیان)دا و لە 66دا لە سەڵتەنەتی شاپووردا شەهید بوو. لە دەوروبەری 317دا جۆن سالوکا لە ڕۆم باوك سالاری(پاتریك) کلدانەکان بوو. مارکۆس لە 1552 لە نامەیەکدا بۆ (بوسبیوکوس) دەڵێت، ئەو لە پەرستگای ڕەباندا دەژی، کە پەنجا کەشیشی تێدایە. ئەسسەمانی، بەرگی أ، لاپەڕە 525 .

دواتر ڕەبان هورموزد لەوەدەچێ کە لە جێی باوك سالاری (پاتریك) نیستۆریان بووبێ، (لیۆناردۆ هابیل) کە کلدانیەکی کاسۆلیکە لە دیاربەکرە، ئیکلێس، لاپەڕە 58. ئەسسەمانی، بەرگی أ، لاپەڕە 528 تێبینی.

ئەو چەردە ئەشکەوت و کەندڕانەی لە هەموو لایەکی چیادایە، یان ئەو پلیکانە بەردانە تەواو سەرسووڕهێنەرە. بوومەلەرزە ژمارەیەکی زۆری لێپڕکردۆتەوە و وێرانکاریی سروشتی و دارِمانی بۆ داوێنی چیاکە دیسانەوە ژمارەیەکی تری نەهێشتووە.

کەشیشەکان دەڵێن لەکاتی پاکردنەوەی خۆڵ و خاشاکدا زۆر ئەشکەوتی بچوك بچوك دەدۆزینەوە. هەروەها لەوانەش نییە، کە ئەو ژمارە زۆرە هەر خۆی لە سروشتدا لەو بەرزاییی و نێوانانەدا هەبووبێ، لەوەدەچێ، کە زۆری دەستکردبێ و لەکاتی دروستکردنی کلێسەکەدا ئەوانەش لێرە و لەوێ دروستکرابن. بۆ ئەوەش دەتوانی بڕوانیتە شێوازی هەندێکیان، کە هەر لە تەنوورێکی بچوك دەچێ لەگەڵ کونێکی بچووك یان دوو کوون، زۆریان دەرگاو پەنجەرەی بۆ کراوە. ئەمانەش گەواهی ئەوە ئەدەن، کە ئەو ئەشکەوتانە زۆریان دەستکردن. یەك دووانێك لەوانەی من چوومە ناویانەوە، دوو چەرپای بەردین، یان تاقیان لە دیوارەکەدا هەبوو، تەواو وەك ئەوەی ئامادەکرابێت بۆ لاشەی مردوو، وەك ئەوانەی کفری. لەوانەیە هەموو لە یەك کاتدا کرابێت و ئەو پلیکانە زۆرە جگە لە گۆڕستانێك یان شوێنێکی کۆنی ناشتنی فارسەکان زیاتر نییە.[52]

هەندێ لە دەستنووسە سریانی و کلدانییە ونبووەکان، بە هەموو دڵنیاییەکەوە تیشکی هاویشتۆتە سەر ئەم ناوچە دەگمەنە. کاتی خۆی لەم پەرستگایەدا نزیکەی پێنج سەد دەستنووسی (سترانغیلیۆ)ی کۆن هەبووە بەڵام پێکەوە فڕێدراوەتە ناو گۆڕستانە کۆنەکەی تەنیشت گردەکەوە، کە بەشێکی لافاو بردوویەتی.

کتێبەکە شڕوپڕ بووە، ئیدی ئەو نرخەی نەماوە و دڕاوە و ون بووە. هەندێ پەڕەی جیاجیایان پێشاندام، کە بێگومان لە بەرزترین چەرخی کۆندایە. دەستنووسەکان لە

[52] ئەگەر پارچە بەردی شکێنراو هۆی بنەڕەتی دروستکردنی هەندێ لەم ئەشکەوتانەبێت، ئەوا هەروەها هاوکاری کردووە لە وێرانکردنیدا بۆ مرۆڤی ئێستا، لە نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکەدا، کە بۆ دەرهێنانی بەرد ئەشکەوتەکان دەڕوخێنێ یان ئەیانکەنەوە و دەیانشکێنن.

ڕۆژهەڵاتدا بەخێرایی لەناودەچێ و تا ڕادەدەیەك ئەركی سەر شانی گەشتیارانە، كە تا چەند بتوانێ لە لەناوچوون بیانپارێزێ. [53]

---

[53] یەكێ لە بابەتەكانی میستەر ریچ لەم گەشتەیدا، پەرستگا و گوندە مەسیحیەكانی ناوچەی موسڵ لای ئەو بە هەند وەرگیراوە. ساڵانێكی زۆر كاتی بەسەربردووە، بەبێ ماڵ و بەبێ كار بەدوای ئەم بابەتەدا گەڕاوە و لە ئەنجامدا لە ڕزگاركردنی هەندێ دەستنووسی سریانی كە لەم بەشەی ئیمپراتۆری ئاشووریدا بڵاوبووەتەوە سەركەوتنی بەدەست هانی. لەلایەن هەندێ لە هاوڕێكانییەوە كەمێ نرخێنرا، نرخێكی بۆ دیاریكرا بۆ كڕینی و دوای ئەوە، تەماعی سامان كە ئەوە تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتیشدا بڵاوە، كە پیشەكیەك دەدەن تا بارمتە بێت بۆ بڕێكی زۆر گەورەتر بۆیان. ئەو بەشەی كە لەلایەن میستەر ریچەوە لەو ماوەیەی لە ڕۆژهەڵات بووە كۆكراوەتەوە، ئێستا لە ئاساری بریتانیایە، كە بە وریاییەوە تاقیكردنەوەی لەسەر كراوە و لە لایەن یەكێكەوە زۆر بەرز نرخێنراوە كە هێزی دادوەری باشی بێگومانە لەوەی كە تەنیا ئەم نامەیەی لای خوارەوەی پێگەیشت:

مۆزەخانەی بریتانیا، 14/جەنیوەری/ 1836

ئازیزیم خاتو ریچ

لەگەڵ خۆزگەی ئەوەی كە بەخۆشحاڵییەوە تەمەنای بینینتانم دەكرد لە سێر ڕۆبەرت ئەنجلس، لیستی ئەو بەشە دەستنووسەی ریچتان بۆ دەنێرین كە بە زمانی سریانییە. بەشە گەورەكەی ئەم دەستنووسانە (بایبڵە) كە گرنگییەكی زۆری هەیە بەتایبەتی هەندێ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ كراوە كە لەوەپێش نەبووە. ئەوەش دڵنیایی ئەوە دەكات كە ئەو كۆپییەی كتێبی پیرۆز وەرمانگرتووە دەقەكەی تەواوە و هەندێكیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی زۆر كۆن. ژمارە 14 لەوانەیە كۆنترین دانەبێت لە سەردەمی نوێی بە زمانی سریانی ئێستا، كە لە ساڵی 768 ئەم چەرخی خۆمانەدا نوسراوە.

ئەم دەستنووسانەی (بایبڵ) ، یەكەم و ئەوەی پێغەمبەران، ژمارە 8، زۆر بەنرخن.

كتێبی پێغەمبەران زۆر دەگمەنە، ئەو ناوانەی ڕاگەیاندن لەسەر جێمس لە خ. ریچیساوە، ژمارە 39، كتێبێكی گرنگ و بەنرخە لەبارەی ڕەخنەگرتنەوە لە كتێبی پیرۆز، منیش جگە لەو كۆپییەی لە ڕۆمایە، دانەیەكی تر شك نابەم. ڕەخنە لەسەر كتێبی پیرۆز لەلایەن (سەلیبە) و (هەبنەوس)ەوە، كە بڵاونەكراوەتەوە و بریتیە لە كۆمەڵێكی جیاواز لە بابەتی ناوێزە بۆ لاهوتزانی. لە مێژوودا، تۆماركراوی ئەلیاس نسیبیس، كە كۆپییەكی تری نییە بۆ دۆزینەوەی بەشی كۆتایی تۆماری بار هەبنەوس كە شایانی تێبینی دیاریكراوە. دوو لە دەستوورەكانی بار هەبنەوس و فەرهەنگی بار عەلی، لەگەڵ ئەوەی شتێكی ناوێزە نین، بەڵام كتێبێكە و نرخی گەورەیی خۆیان هەیە.=

ئەمڕۆ **ئاغا مینەسم** نارد بۆ شاری ئەلقوش بۆ گەڕان بەدوای کتێبدا، خۆشبەختانە کتێبێکی دەستنووسی کلدانی لە پێستە بە نرخی سەردەمی نوێی بۆ پەیداکردم، چەرخی زۆر کۆن، کە بەخێرایی لەناوچووە.

حسێن ئاغای هاوڕێم بینییەوە، لە راستیدا ئەو بەهای سەرمایەی گەورەکەی خۆی دەزانی، کە کۆتاییەکە لە ئەلقوشدایە و ئێمە ئێستا لە خاکی ئامێدیداین و چواردەوری بە تیرە دەشتەکیەکان گیراوە وەك: **مەزوری، دۆستەکی، بارانکی، شینکی و کوردە بەرواریەکان** لەگەڵ یەزیدیەکی زۆر.

لە لاکەی تری ئەم چیایەدا دەشتێکی بەرزترە لەوەی لە (**نەیۆکۆر**)ە، نزیکەی شەش میل لەسەرەوە بۆ لێوارێکی بچوکتر لەمە. وەکو هێڵی پێشەوەی چیای مەقلوب وەهایە. **دیجلە** لە رۆژئاواوە لە بەردێکەوە نزیك پەرستگاکە دەردەکەوێت و لە باشووری رۆژئاوای خودی پەرستگاکەوە. خاتو ریچ و میستەر بێڵ و کاپیتان، چوونە سەر ترۆپکی چیاکە بۆ ئەو شوێنانەی، کە **دیجلەی** تێدا دەردەکەوت لە لای باکووری رۆژئاواوە و لەوێدا، کە لە پشتی چیایەکی بەرزدا ون دەبێت. منیش زۆر سەرقاڵی تاووتوێکردنی شتی گرنگتر بووم، بۆیە هەوڵم نەدا هاودەمیان بم، تەنانەت ئەگەر سەرەگێژەکەشم رێی بدامایە بۆ سەرکەوتن بە بەرزایی مەترسیداردا هەر نەدەچووم.

---

=ئەو دەستنووسانە، 800 بەرگە، لەوانە سیانیان بە یۆنانیە، 59 بە سریانیە، 8 کارشوونیکە، 389 بە عەرەبییە، 231 بە فارسییە، 108 تورکییە، دووان بە ئەرمەنی و یەك دانە بە هیبرووە (عیبری)

دەستنووسە سریالی و عەرەبیەکان، لەوانەیە زۆرترین کۆمەڵی بەنرخ بووبێ کە لەلایەن ئەوروپاوە کۆکراوەتەوە و ئەگەر میستەر ریچ کارێکی تری گشتی پێشکەش بکات، هاوبەشی لە سەروەتی ئەدەبی شوێنەواردا بکات بۆ دەوڵەت، لە رێی حیکمەت و نیشتمانی و کەم بەهای تێچوونەوە، بەتەنیا هەمیشە نیشتمانپەروەی ئەو دەردەخات.

باوەڕم پێبکە لەگەڵ رێز و دڵسۆزی ،

ئازیزەکەم خاتوو ریچ،

دڵسۆزتان جەی فۆرشاڵ

لیستی دەستنووسە سریانییەکان، کە هاوپێچی ئەم نامەیەیە و لە پاشکۆدایە. بەرگی دووەم.

چەند بەرزاییەکی یەکسانم وەرگرت، بە دەوری هێڵێکی درێژدا ئەو تێبینیانەی زۆر پێویست بوون تۆمارم کردن و ئەم شوێنە بەسەر هێڵێکی درێژ لە موسڵدا دەڕوات و هەندێ دیمەنی گەشتوگوزار و نشێوی و لە کۆتایشدا دیمەنێکی پەرستگاکەیە.[54]

پلەی گەرمای بیری ناو پەرستگاکە 52° بوو، لەهەمان کاتدا کەشوهەوا 44° بوو.

ئەو کاتانەی بابەتی لەرزوتای کوتوپڕ بوون هەروەك کوردستان، لەو کاتانەوەیە، کە شەوان سارد دەکات بۆ ئەو کاتەی وەرزی سەرما دەست پێدەکات.

- 21/ **دیسەمبەر/ کانونی یەکەم.**

وەك پێویست کار کراوە، ئەمڕۆ سووربووم لەسەر بەجێهێشتنی پەرستگاکە، کەشوهەوا لەم وەرزەدا نادیارە و ئێمە لەوانەیە دووچاری زریانێکی گەورە بین، وانەبووایە ئەمتوانی هەندێکی تر لێرە بەخۆشحالیەکی زۆرەوە بمێنمەوە. من لەوانەیە جارێکی تر وازوو چێژ لە ئارامی نەکەم و بگەڕێمەوە و ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئارامی و هێوری دووربم، تەنانەت لە پەرستگاش.

بە گردەکەدا چوومەخوارەوە بۆ ئەوەی حاڵەتێکی باشتر هەڵبژێرم بۆ دیمەنێکی تر[55]، کە لە دەم دەربەندی چیاکەدا بەلای پەرستگاکەدا دۆزیمەوە. لە هەمان کاتدا بەردەکان لە گوێی خەڵکەکاندا دەنگی دەدایەوە و حیلاندنی ولاخەکان و چالاکی خۆمان ئاهەنگێکی دڵگیری پێشکەش دەکرد، پێچەوانەی خەڵکی دانیشتوانەکەی، کە بێتاقەت و بێ جوڵەن لەم ماڵە کێوییانەدا.

---

[54] چیاکانی ئەلقوش لە دەوری ئەقرەوە دێن و بەلای بەعدرە، رەبان هۆرموزد و ئەلقوشدا تێدەپەڕێ و لە دەوروبەری (دۆبان) کۆتایی دێت. لە ئەلقوشەوە دوای چەند چیایەکی جیا و لەلای راستەوە دەمێنێتەوە تا دەگاتە دۆبان بە چوار سەعات بە سواری، بەڵام ئەگەر دەستبەجێ لە ئەلقوشەوە بە چیادا بپەڕیتەوە یەکسەر پاش نیوسەعات دەگەیت، دوای چیاکان لە خاکی دۆباندا. دهۆکی شاری کلدانەکان لە دۆبانە.

[55] بڕوانە تابلۆ هاوردەکە.

دەنگە جیاوازەکان وردە وردە دەمردن، وەك ئاهەنگەکەمان، دوای ئەوەی ئاژەڵەکان یەکە یەکە دەچوونە خوارەوە و لە کۆتاییدا پەرستگاکە بوو، هەموو شت گەڕایەوە بۆ بێدەنگی و ئارامیی سروشتی. نە دەنگێ دەهات، نە نیشانەیەکی ژیان دەبینرا، بەڵام هەندێ شێوازی رەنگ لە روو هەڵگیراوی کەشیشەکان، لەو کونەی تێیدا دەژیان تەماشایان دەکردین، کە وەکو روانگەی باز بەو رووە لێژەوە هەڵواسرابوون. ماوەیەك دانیشتم و لەو دیمەنەم دەڕوانی، پاشان سەرکەوتم و لە سەعات 11:30دا دەستمان کرد بە رۆیشتن لە دەربەندەکەوە، کە تێبینیەکانی والیکردبوو وەك زەنگێ لەگەڵ کاروانی ئینگلیزدا لێبدات.

ئیدی کاتی ماڵئاوایی هاتووە بەرەو ئارامی و دووبارە چوونەوە ناو جیهان و دەستکردنەوە بە کارو گرنگیەکانی رۆژانە.

جەماوەرێکی زۆری جوتیارە کلدانەکان لە شارۆچکەی ئەلقوشی دراوسێوە لە دەم دەربەندەکەدا کۆبووبوونەوە بۆ سەیرکردن و تێڕوانینمان، چونکە ئەوان رانەهاتبوون لەگەڵ ئەوەی مەسیحیەك بە پلەوپایەی دەسەڵاتەوە ببینن، لەو بڕوایەدام هەستیان بە شانازی دەکرد لە چاویاندا. خەڵکی ئەلقوش کۆمەڵێکی سەربەخۆی ئازا بوون و دەتوانرێ چوار سەد سوار کۆبکەنەوە. ئەوان نیوەیان خۆیان بە کرمانجی دەزانن، هەروەك حسێن ئاغا پێیوتم، ئەو ناوە لە خێزانی پاشای سلێمانیدا دەبینمەوە، وادەردەکەوێت هەر کوردێکی ئەم دەوروپشتە بێت.

بۆ لای راست سەرکەوتینە سەر چیایەکی دەستکرد، (**جیرغیاوەر**) لە دەشتێکدا بوو، سەعات 12:15 پێی گەیشتین، کاتێ بە هێواشی لاربووینەوە بۆ ئەو گردانەی، کە سەرەتایان دەرکەوتبوو. ئێمە زوو دوای دابەزین لە گوندی **شەرابی** یەزیدیەکان، تا رێ بدەین شتومەکەکانمان لە پێشمانەوە بڕوات و دووبارە پێکەوە سەرکەوێتەوە. لە جۆگەیەکی بچوکدا، کە لە گوندی شەرابیدا هەڵئەقوڵا و بەناو گردۆڵکەکاندا دەڕۆی، هەندێ لە ژنانی یەزیدیمان بینی خۆیان دەشۆرد و یەکێکیان بە شێوەیەکی زۆر ناجۆر خۆی داماڵی بۆ ئەوەی بە ئیسراحەت دەست بە ئاوبگەیەنێت. دوای جۆگەلە بچکۆلەکە کەوتین، کە بەدەرەوە بوو بە شێوەی ئاستێکی مەیلان، کە جیبیای کردبۆوە. لە بەشی

کۆتایی گردەکاندا تێبینی گەچێکی زۆرمان کرد، هەروەها لای باکووری رۆژهەڵاتەوە تەنیا بەردەڵین بوو. دەرکەوتنی لە گردەکانەوە نزیکەی دوو میل لە گوندی تەلیسکۆفی کلدانەوە دوور بوو، ئێمە کەوتینە ناو دەشتێکی زۆر تەخت و بە سێ سەعات گەیشتینە گوندی تەلیسکۆف، بە واتایەکی تر چیای میتران. [56]

جەماوەر بۆ دیدەنی ئێمە ئاپوورەیان بەستبوو، لەوە دەچوو دوو ئەوەندەی دانیشتوانی گوندەکە هاتبن، گشتیان کاسۆلیکی کلدان بوون، من هەرگیز لە وڵاتی (مەهۆمەتان- موسوڵمان)دا ئەوەندەم مەسیحی نەبینیوە شانازی بە منەوە بکەن و بڕواننە ئەو تورکانەی لەگەڵمان بوون، کە جاران لە ترسی هەڵچوونی هەردوولا ئەوە بەکارهاتووە بۆ کشانەوە و ترس، تا ئەگەر لەم کاتەدا لەوانەیە بۆ شەڕ هانبدرێن.

ئەوە وایلێکردم لەگەڵیان بە ئارام بم، لەگەڵ ئەو قەرەباڵغی و چاوتێبڕینەشدا، کە هەبوو. ئێمە یەك میل دوور لە گوندەکەوە چاومان بە (کیاهایە) کەوت. پیرێژنێك ویستی لەبەردەمی منا بوغورد بسوتێنێ، بەڵام ئەسپەکەم ئەو شتەی بەلاوە ئاشنا نەبوو. هەڵبەتە ئێمە لە باشترینماڵدا دابەزین، کە نزیکی چیایەکی کۆن بوو، کە گوندەکەش هەمان ناونرابوو، شوێنەکە دەتوانرێ چاوپۆشی لێبکرێت، بەڵام بۆ ئەو پیساییە بێ ئەندازەیە، کە بە بۆنی شەراب و خواردنەوە، بەداخەوەم، کە دەڵێم: ئەوە تایبەتمەندی گوندی مەسیحی- کرستیانەکانی ئەم وڵاتەیە.

ژنە خاچپەرست لە تەلیسکۆف هەبوون، بەڵام هیچ پەرستگایەکی تێدا نییە، ئەوان لە ماڵی باوك و دایکیاندا یان لە پەیوەندیدا ژیان بەسەر دەبەن و ئەوەش هەروەك لە ئەلقوشیش هەر وەهایە. لەو بڕوایەدام هیچ پەرستگایەك بۆ مێینە لە هیچ شوێنێکی رۆژهەڵاتدا نەبێت. جگە لە چیای **لیبانوس**.

لێرە دەستنووسێکی کۆنی زۆر بەنرخی کلدانیم چنگکەوت.، کە دەربارەی مێژووە، بەڵام پەڕەیەکی زۆرە، من لەوە دەترسام سەرەتا و کۆتایی ناتەواوبێت. (پریس-

---

[56] ئەم چیایە زۆر شایانی باس نییە، لە راستیدا بچوکترین چیایە لەچاو ئەوانەی لەم ناوەدا بەدەوری گوندەکانەوەن.

قەشە)کەی ، کە دەستنووسەکەی دامێ وتی: هێمای بۆ ئەوەکردوە، کە هۆرموزد لەلایەن شاپووری باوکی خوسرەوەوە شەهید کراوە.

لە سەردەمێکی نزیکەوە، لە گۆڕیچەی کۆڕێکدا لێرە لەسەر چیا کۆنەکە، کە ناوەکەی لە گوندەکە نراوە، لە زۆر قولاییەوە بەردیان دۆزیوەتەوە. ئەوە رابەری کردون بۆ زیاتر هەڵکەندن تا گەیشتون بە گۆڕی کۆن، کە لەناویا گوڵدانی شوشەیان دۆزیوەتەوە، یان چراکان، دوو دانەی، کە لە ناو هەموویدا دەرکەوتووە و ئێستا لەلای منە.[57] حەوزێکی گەورەی لێبوو بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باراناو، کە تاکە ئاوە بۆ بەکارهێنان لە زستاندا لە تەلکێف. لە هاویندا ئاوی کانی دەخۆنەوە. لەوێدا دوو کڵێسەیان هەبوو.

- 22/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم**.

سەعات 09:50 سەرکەوتینە سەرەوە، بەلای ئاوەڕۆگەی ئاوەکەدا تێپەڕین، کە پردێکی بچوکی بەسەرەوە بوو. ئاوی **سیرەج خان** و دراوسێکان لەوێدان، بارەکانیان لەوێدا دادەگرن بۆ **دیجلە**. گوندی **باکوفەی** عەرەبنشین لەگەڵ چیایەك لە نزیکیدا، نزیکەی نیو میلە لەلای چەپمانەوە. لە 10:50دا گەیشتینە گوندی **باتنایەی** کلدانەکان، کیاهیەکەی هاتبووە دەرەوە بۆ بینینمان و بانگهێشتنمان تا شەو لایان لابدەین.[58] بە درێژایی رێگاکە ناوچەکە شەپۆلی ئەدا بەو ئاوەی رێگەکەیان دەبڕی بەرەو **دیجلە** و هاوکاری سووڕی ناوەندی یان پاشکۆییان پێدەگەشت.

11:20 وێستاین تا رێبدەین شتومەکەکانمان لە پێشەوە بڕوات، بۆ ئەوەی ماوەیەك پێش ئێمە بگەنە بنکەکەمان لە تەلکێف، ئەوەت لە یاد نەچێ، کە ئێمە هێشتا سەعاتێك سەفەرمان ماوە بگەینە شوێنی مەبەست.

لە نیوەڕۆدا دیسانەوە دەستمانکردەوە بە رۆیشتن، سەرکەوتن لە خوارەوە، کە لێی وێستابووین بەرز و نزم بوو، کوتوپڕ سەرسوڕمانێکی سەیر، ئەویش ئەوە بوو، کە

---

57 شوشە لەکەلاوەکانی ساسانیەکان و بابلەکان دۆزراوەتەوە، وەکو تیسفۆن و بابل.

58 یەك میل لە باتنایەوە پەرستگای مار ئەبرەهامە، ئەوەی کە دەبووایە کوردی بەبە بێت.

تەلکێف زۆر نزیك بوو لێمانەوە، دەکەوتە چاڵەکەی لاکەی ترەوە. 12:15 گەیشتین، کە دوو سەعات و بیست و پێنج دەقیقە بەڕێوە بووین.

تەلکێف شارۆچکەیەکە، کە هەموو دانیشتوانەکەی کلدانییە، زۆریان بۆ ئیشوکار دەچن بۆ بەغداد، (کەیاهایە- ئەبوونە) پیاوێکی پیری زۆر بەڕێز بوو، پێی وتم 1000 ماڵ دەبن و لە هەندێکیاندا 30 کەسی تێدایە. ژمارەی ماڵەکان لەوانەیە زۆرتربێت، بەڵام شوێنێکی گەورەیە و پڕە لە خەڵك، کۆمەڵێکی چەپەڵی نابووت، وەك هەموو ئەو کلدانانەی من بینیمن. کلدانەکان پێستیان ئەسمەرە، زۆر بە کەمیش ناچنەوە سەر کورد. ئەمڕۆش لە ڕێگەدا تێبینی گەچێکی زۆرمان لە **تەلسکۆف** کرد.

دوو ئەستێڵی ئاوی سەر بەرەڵا و چەند دانەیەکی سەرداپۆشراو لەو ناوەدا بوون.

یەکێك دواتر وتی: ئەوە بۆ پاشەکەوتکردنی ئاوە بۆ ئەوەی بەشی هەموو شارۆچکەکە بکات بۆ ماوەی زیاد لە دوو مانگ. ئەوە کونێکی سروشتییە لە بەردەڵین، کە لەژێر شارۆچکەکەدایە.

هەندێ بەردی هەڵکۆڵراوم لەو ماوەیەدا بینی و حەزمکرد بزانم لە چ شوێنێکەوە هێنراون، کە هێمای کەلاوەیەك یان شوێنەوارێك بدات. بەڵام بۆم دەرکەوت، کە لە کانەبەردەوە هێنراون. 6-8 پێ تا سەر بەردەڵم هەڵیانکەندووە، کە بە قوڵنگ شکاندویانە. لە کەیاهایە و چەند کەسێکی ترم پرسی، ئەگەر هەرگیز بەردی شکاو، یان پارچە شتی زۆر کۆنیان لەو دەوروبەرانەدا لە هەڵکەندندا، یان داڕماندا دۆزیبێتەوە، بەڵام هەموو پێکەوە وتیان هەرگیز شتی وەهایان پێش نەهاتووە.

حەوت شوێنەواری کلێسە لەو ناوەدا هەیە و یەکێکیان لە بارێکی باشدایە. زیاد لە بیست و پێنج ساڵە نستۆریانەکان لە ئامێدی نزیکتر نین، یان ڕاستر وایە بڵێی لە

دەوروبەری ئامێدیدا. ساڵانە دوو هەزار پسوڵەی باج (خەراج)[59] بۆ تەلکێف دەردەکرێ و چەکدارە بەرێزەکان هاکا دەرکەوتن.

تەلکێف (یاکوف)ی نەبی یونسە. شەقامێکی مەزن و کاروانسەرایەکی گەورەی تێدایە. خۆشبەختانە لێرەدا کۆپییەکی باشی ئینجیل و برە نامەیەکم بە زمانی کلدانی دەستکەوت، لە حاڵی باشدان و تایبەتە بە سەردەمی ئەلەکساندەر ساڵی 601، کۆنترین مێژوویەك، کە تا ئێستا دیبێتم. هەروەها هەندێ کاغەزی کاری مێژوویی لە هەمان کەسەوە لەگەڵ هەندێ نووسین بە پیتی یۆنانی. زۆربەی کارەکانی ئەم دواییەم دڕان و لەناوچوون و لەوانەشە، هەرچەند بۆ من یادەوەرییە، ئەویش هەروەها لەبیردەچێتەوە.

هەوای تەلکێف بە باش دانانرێت، لەوانەیە هۆی ئەوە بێت، کە لە چاڵێدایە و کەوتۆتە نێوان دوو گردەوە و زۆر ناسازە. کەچی تەلسکۆف بە پێچەوانەی ئەوەوە لە ناوچەکەدا هەواکەی زۆر سازگارە.

- **23/دیسەمبەر/ کانونی یەکەم.**

ئەمڕۆ کۆپیەکی دەستنووسی زۆر کۆنیان لەسەر پێست، بە زمانی کلدانی و کتێبێکی عەرەبی بریتیبوو لە خشتەی کاتەکان. دەیانوت ئەوە نافرۆشن، چونکە دەستخەتی قەشەیە، بەلایەنی کەمەوە ئەوان لەوە نەئەچوون، کە جوان پارێزگارییان کردبێت، چونکە بەرەو تێکچوون دەچوو. ڕێگەیان دام تا بیبەم بۆ موسڵ لەگەڵ خۆما، منیش تەمەنای ئەوە دەکەم، کە لە کۆتاییدا رازیان بکەم دەستی لێهەڵگرن.

09:30 سەرکەوتین، جەماوەرێکی زۆر کۆبووبوونەوە بۆ بەرێکردنمان. ژنان لە حسێن ئاغا دەپاڕانەوە تا نەیانکاتە دواوە و دەریان نەکات، بەڵکو رێیان بدات لەوێ بە تەواوی تەماشاکەن، چونکە هەرگیز لەم دیمەنە نابیننەوە.

---

[59] خەراج باجێکە لەسەر هەموو مادەیەك لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا بۆ ئەوانەی موسوڵمان (مەهەمەتان) نین. تێبینی بگەڕێڕەوە بۆ لاپەڕە 15.

لە سەعات 10:30 لە ماوەی دوو میلدا لە لای چەپمانەوە گوندی **بەعویزەمان** بینی، کە کوردی باجەلانی تێیدا نیشتەجێن. ناوچەکە پڕە لە بەرز و نزمی و تا لە رووبارەکە نزیك بووینایەتەوە زیاتر دەبوو.[60] بەلای ریزە وشترێکی دوور و درێژدا تێپەڕین، کە تایبەت بوو بە پاشای موسڵەوە. داریان لە لای باکووری چیاکانی ئەلقوشەوە دەهێنا. لە سەعات 11:00 چووینە سەر رێیەکی راستەوخۆ بەرەو راست، تا بچین بۆ شێخ ئەحمەد، چونکە هەندێ تێبینی و سەرنجم هەبوو تا وەریگرم، 11:25 گەیشتینە گوندی **شێخ ئەحمەد**.

- 25/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم**.

دوێنی لە شێخ ئەحمەدەوە گەڕاینەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونمان لە باخەکەی پاشا و ئەم بەیانیە پاشا بانگی کردم، پێی راگەیاندم، کە لە رەبان هۆرموزد، خۆی لە ئەشکەوتێکدا هەندێ ئێسکی دۆزیوەتەوە، بەتایبەتی هەندێ جومجومەی گەورە، ئەوە لەوە دەچێ پشتگیری بۆچوونەکەی من بکات، کە ئەو ئەشکەوتانە لەوانەیە (داخمەس) یان شوێنی ناشتنی مردوو بێت.

ئەمڕۆ لە کۆشکەکەدا یەزیدیەکی خەڵکی سنجارم بینی، ئەویش وەکو یەزیدیەکانی تر بەرگی پۆشیبوو، بەڵام قژێکی رەشی درێژی کردبوو بە پرچی ئەستوور و مەردێکی بە هەیبەت بوو. ئێستا ژنێك لە سنجاردایە، تورك و یەزیدییەکان باوەڕیان هێناوە، کە باربووکراوە بە رۆحێ، کە هەرچی رووبدات ئاگاداری دەکەنەوە، تورکەکان دەڵێن ئەوە رۆحی شەیتانە، بەڵام حەقیقەت دەگەیەنێت، لێرە ناوی (بێزارەیە)، کچە و هەمیشە رووی خۆی داپۆشیوە.

[60] لە بەعویزەوە دیمەنەکە بەسەر دەشتەکەدا بەرەو کەرمەلیس زۆر فراوانە، بەڵام تەم و هەور نەیاندەهێشت خاڵێکی دیاریکراو بە تەواوی ببینی. بە هەرحاڵ ئەوە تەنیا خاڵێکە دیدی بۆ هەر ماوەیەك لەوانەیە بە دەستی بێنی. لە هەر شوێنێکی ترەوە نەك لە میلێك سەروتر بەدەوریا دەتوانرێ ئەسپ ببینی، ئەوەش بە هۆی بەرزو نزمیی ناوچەکەوە.

# چاپتەری حەڤدەیەم

شمشێری یەزید- کەلاوەی (هەترا-حەزەر)- گواستنەوامان بۆ باخێکی تر- جاسەمینی عەرەبی- ئەلقوش ولاتی ناحوم پێغەمبەر- جولەکەکان بڕوایان بە شوێنەوارە کۆنەکانی ناوچەکەیە- پەرستگایەکی نیستۆرانەکانی مار ئەلیاس- وەسفی کلێسەکە- بینای ژێرزەمین- مەتران حەننا، سەرۆکی قەشەکانی کلدان- کلێسەی سەرەکیی موسڵ- پاشماوەیەکی دەگمەن- حاجی جەرجیس- یەزیدیەکان- عەرەبەکانی طەی- چیای جودی- تابوت- دەستە ژوورێکی گۆڕیچەیی لە نەینەوا.

- 26/ **دیسەمبەر/کانونی یەکەم.**

ئەمڕۆ پاشا ناردی بەدوامدا تا سەیری ئەو شتە بکەم، کە دەمێکە باسی دەکرێ و منیش مەراقمە، واتە شمشێرەکەی یەزیدی کوڕی معاوییە. دیمەشقی ئەصڵییە، یان پۆڵایەکی ئاودراوە بە گڕ و سەنگینە بە شێوەیەکی گەورە. کاتێ کەوتۆتە دەست پاشا راستەوخۆ بە کورتی، تاکە شمشێرێکی پانی تەواو تیژ، کە نزیکەی چوار پێ درێژە و سێ پەنجە و نیویش پانە. نزیکەی ماوەی پێیەکی بە خراپی دەیبڕی، کەمێکیش کەوانەیی بوو وەك بەعلە یان شمشێر، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆر سەنگین و قورسە بۆ بەکارهێنان. لەسەر دەمە تیژەکەی نیشانەی زێڕنیشانی پێوەبوو یان نووسینی ئاڵتونی، کە شوێنەواری بەجێهێشتووە و هێشتا لەگەڵ کەمێ ئالۆزیدا دەتوانرێ بخوێنرێتەوە. ئەوانە و ئەمەش تایبەتە بە یەزیدی کوڕی معاوییە و بەیتێکە لە قورئان. پاڵپشتەکەشی سەردەمیانە بوو.[61]

---

[61] یەزید کوڕی معاوییە دووەم خەلیفەی ئەمەوییەکان. کە ترسێکی سەیری خستبووە دڵی فارسەکانەوە، بەهۆی کوشتنی حسینی کوڕی عەلی لە کەربەلا، درێژەی کاریگەری ئەوە لە وەسفێکیدا بە مەیمون چوواندویانە لە وێرانکردنی ئیمپراتۆریای رۆمانیدا، (بەرگی ix، لاپەڕەی 343-346) یەزید لەزۆربەی بەشەکانی ئیمپراتۆریای عەرەبیدا وەك خەلیفە دەناسرا و دانی پێدا نراوە جگە لە مەکە و مەدینەی منەوەرە، کە بنەماڵەی عەلی دژی بوون و دوای نەکەوتون. یەزید لە ساڵی 64/ هیجریدا کۆچی دوایی کردووە کە بەرامبەر 683/زاینییە. وەك دوور لە ئاین و سەرسەخت و بێبەزەیی وێناکراوە، بەڵام وەك پیاوێکی بلیمەت و شاعیر ناوی دەرکردووە، بە پێی D'Herbelot ، موسڵمانەکان هێشتا بانگی دەکەن پیاوە بێ ئاینەکە، یەزید لەم سەرگوزەشتەیەوە هاتووە: دەڵێن، جامیی شاعیری ناوداری فارس لەو کۆمەڵە بووە، کە رۆژێکیان پیاوێك بە ناوی (مەزید) دەچێتە ناو کۆمەڵێکەوە لە ماڵە شاعیرانەکەی جامیدا، بە مەبەستێکی راستەوخۆ هێرشکردن بووە بۆ سەر جامی، بە دەنگێکی دوور و درێژ و بە گریانەوە = دەڵێت: نەفرەتی خوا لە پاشماوەی یەزید بێت، جامی یەکسەر تێدەگات کە ئەو وشانە ئاراستەی ئەو کراوە، بە هەمان شێوە و هەمان ئاواز وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت لەوانەیە نەفرەت بکەوێتە سەر مەزید، لێرە توانجەکە دەگەڕێتەوە بۆ کابرا، چونکە مەزید وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای زۆر زۆر دێت.

هەوڵی زۆرم دا، کە کۆمەڵێك لە گەشتیاران بهێنمە سەر کەلاوەکانی حەزەر،[62]، کە بە بیاباندا نزیکەی بیست و چوار سەعات ڕێکردنە لە موسڵەوە. [63] ئەو بەشەی وڵات لەم کاتەدا زۆر ئاڵۆزە، چونکە هەموو جۆرە دەشتەکیەکی تێدایە، کە دانی پیابنرێت.

لەم کاتەدا کاروانێکی **عەرەبی جیربە** هاتنە دەوروبەری **حەزەر**. [64] جاران خەڵکی موسڵ ساڵی جارێك لەگەڵ پارێزگاری کردنێکی بەهێزەدا کاروانیان دەنارد بۆ خوێ و بەڵام ئەمڕۆ ماوەیەکی دوور و درێژە ئەو کارە ڕاگیراوە، ئەویش بەهۆی پەیدابوونی مەترسی زیاترەوە، ئێستاش دەشتەکیەکان خۆیان خوێ دەهێنن بۆ موسڵ، جاران بەدووەکان- دەشتەکییەکان دیمەنێکی زۆر ناوێزە و نەشیاو بوون لێرە، بەڵام کاتێ (بەینییە)ی کوڕەزای جەربەی کوڕی شێخ فارس، بیست ساڵ لەوەبەر یەکەم جار هات بۆ موسڵ، سەری داخستبوو، کوڕان گاڵتەیان پێکردبوو، تێگەیشت، کە هەرگیز بەبێ پارێزگاری لەلایەن پاسەوانانی پاشاوە ناتوانێ بچێت بۆ بازاڕ.

---

62 حەزەر وەك قەڵایەکی بەهێز دەردەکەوێت، یان قەڵای سەرۆکێکی عەرەبی، کە لەلایەن (بێرنیسا)ی نوسەری دێرینەوە ناوی هێنراوە. خۆی و خێزانەکەی لەوە دەچوو هاوبەشی لایەکیان لەگەڵ مەلیکەکانی فارسیدا دژی ڕۆمانەکان کردبێت. ئەم قەڵایە بەرەنگاریی هێرشەکانی تراجان و ساویرسی کردووە، ئەوەش لەلایەن (لینۆس ئەمیانۆس مارسیل)ەوە لە مێژووی گەڕانەوەی سوپای ئیمپراتۆر (جۆڤیان) دوای مردنی (جولیان) بەیان کراوە. بڕوانە (دانڤیڵ) دیجلە و فوڕات، بەرگی ئای 4، لاپەڕە 92، ئەمەی لای خوارەوەش ئاماری زیاترە لەسەر ئەم ناوچەیە لەلایەن (م. دی. سانت کرۆیکس)ەوە:

بارودۆخەکە ڕوو لە خراپی دەچێت ئەگەر من ئەو هەڵەیە بکەم لە نێوانی هیرۆدیان و دانیشتوانی کۆنی حەزرەمەوتدا. سوپای ڕۆمانی دەبینین دوای مردنی جولین و پەڕینەوەی بە دجلەدا، نزیکی ڕۆژە مەزنەکەی ئەتروێس بۆتەوە لە ناوەندی بیاباندا...

63 عانە حەوت ڕۆژی کاروانییە لە موسڵەوە، زۆرێك لە بەغدا و لە حەڵەبەوە بە خانوی گواستراوە لێرەوە بەناو عانەدا چوون بۆ حەڵەب، بەڵام ئەمە ئەمڕۆ بە بیرەوەری کەسدا نایەت.

64 بەپێی ئەوەی ئاسسەمانی باسی کردووە، (تچارسولی) نسێبین، دارا و حەزەری وێرانکردووە.

نستۆرییەکان یەکەم جار بانگ دەکران بریمان، کە مۆڵەتیان لە ئەباسیدیسەوە وەرگرتبوو بۆ وێرانکردنیان. شوێنێکی زۆریان وێران کرد و پاشان بە دەستی چەند ڕاهیبەیەك لە پەرستگای بەنات نزیك ناوچەی دارا کوژراوە.

- 27/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم**.

ئەمڕۆ بەرەو خانووە نوێکەی ناو باخەکەی پاشا بەڕێکەوتین، کە بۆ ئەو وڵاتە شوێنێکی جوان و دڵگیر بوو، بریتیبوو لە (حەرەم) و دیوەخان لە باخچەیەکی تەواو رازاوەدا. ئەو خۆی شادمان دەبوو، کە بماندایتێ تێدا بحەوێینەوە تا کۆتایی ئەو ماوەیەی، کە لەوێ دەمێنینەوە. لەگەڵ گەیشتنماندا باخەوانەکە چەپکێ نێرگزی بۆ هێناین، بە گوڵی تەواوەوە، هەروەها گوڵی داودی وماری گۆڵدس و رازکی یان یاسەمینی عەرەبی، کە لە موسڵ لە هەوای دەرەوەدا ناڕوێت، چونکە وەرزی زستان وشکی دەکات.

- 2/ **جەنیوەری/کانونی دووەم**/1821.

من شەرم ئەکەم، کە بڵێم ئەم بەیانییە بارودۆخێکی زۆر دڵگیر لە چنگ تێبینیەکانم دەرباز بوون و تەنانەت ئەمڕۆ لەلایەن مەتران حەنناوە لێی ئاگادارکرامەوە.

ئەلقوش جێگەی لە دایك بوون و مردنی ناحوم پێغەمبەرە، تا ئێستا گۆڕەکەی لەوێیە و جولەکە لە هەموو لایەکەوە دێن بۆ زیارەتی. ناحوم لە خێزانێکی جولەکەیە، کە لە کاتی دەست بەسەراگرتنی نەینەوادا لە ئەلقوش نیشتەجێ بوون. بە پێی هێمای کتێبەکەی ناحوم لە راستیدا لە ئایەتی یەکەمدا ناحوم هاوڵاتی ئەلقوشە و من دەمەوێ بپرسم ئەوە لەوەپێش لێینەدواوم و بێجگە لەوەی، کە کتێبی ناحومم خوێندەوە، بەڵام لەم دواییەدا کاتێ زۆرتر بیرم لە بابەتی نەینەوا دەکردەوە. من پێویستە لێرەدا تێبینی ئەوە بکەم، کە جولەکە بەگشتی لەوانەیە بڕوایان بە شوێنەوارە ناوخۆییەکان هەبێت. زیارەتکردن بۆ خاڵێك تا رادەیەك تاقیکردنەوەیە. هێڵە نەپچڕاوەکانی دابونەریت، کە لەناویاندا بڵاوە و بەرگری و کۆڵنەدانەکان هەمووی، بەتایبەتی مەسەلەی بڕوای ئایینی، گەواهی زۆر گرنگ لەم بارەیەوە دەدەن. لە

---

[65] ماریۆس لە نامەیەکدا بۆ بوسبیکویوس لە ئاسسەمانییەوە وەرگیراوە و باس لە ئەلقوش دەکات وەك وڵاتی ناحوم پێغەمبەر، مەسیحی و جولەکە پێکەوە لەسەر گۆڕەکەی ئاهەنگ دەگێڕن. ئاسسەمانی، بەرگی یەکەم، لاپەڕە 525.

ئەلقوشەوە خەڵکی بە حەوت رۆژ دەچن بۆ ئورومییە و دوو رۆژ بۆ ئامێدی، دوو رۆژ بۆ جۆلامێرگ، سێ رۆژ بۆ ئورومییە(لە جولامێرگ)ەوە، بۆ کۆتچانێس رۆژە رێیەکە.



**خێزانێکی نیستۆریی خەڵکی هەکاری**

**لە تیرەی جەلا.**

ڕێگای ئورومییە وەك پێویست بە ئەلقوشدا ناڕوات، بەڵكو زۆر بە نزیكیدا تێدەپەڕێ. هەرێمی ئامێدی پڕە لە نیستۆری و كۆتچانێس، چونكە شوێنی نیشتەجێبوونی (پەتریارك)ەكانیان بووە.[66]

گوندێكی زۆری نستۆریان لەسەر ئەم لایەی ئامێدیدا هەیە، كە دانیشتوانەكانیان فۆتەیەك دەبەستن بە سەریانەوە، تەواو لە شەبقەی ئەورووپی دەچێت و پێدەوترێ (غیرانموسی).

---

[66] بەپێی ئەوەی ئاسسەمانی دەڵێت، نیستۆر لەلایەن ساینۆدی ئەفێسوسەوە لە 431دا سزادراوە و بە فرمانی تیودبسیوس دوورخراوەتەوە. یەكەم جار بۆ بەترا لە سعودیەی عەرەبی، ئینجا براوە بۆ پەرستگایەك لە ئەنتیوچ، دوای چوار ساڵ نیشتەجێ بوونی لەوێ دوورخراوەتەوە بۆ پەناگایەك لە لیبیا، ئیدی خۆی چووە بۆ زیبەد و لەوێ مردووە. لەوێ هەندێ گومان هەیە كە ئاراكانی نستۆر لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوویێتەوە. ئاسسەمانی لەو ڕووەوە ئەمە دەڵـێ: یەكەم، قوتابخانەیەكی فارسی لە خ. ریچێسادا هەبوو، ئەو كاتە لە بیرەوەری كەسدا نیە. لاوانی مەسیحیی ئیمپراتۆریای فارس لاهوتی بوون و نستۆریان بوو بە سەرگەورەی ئەوە. دووەم، سەرۆكی قەشەكان ئەوەی بەشێكی جۆن ئەنتیۆچی دژی سانت سیریلّ و مەجلیسی ئۆفێسی وەرگرت، چاكەی نستۆر و ئامۆژگاری مەزهەبەكەی گیان بە بەراكردنی وشەیەك بوو. ئەوە دوو سەرچاوەی نیستۆریزمە لەناو فارسدا، نووسەرە كلدانیەكان هۆی سەرەكی بڵاوبوونەوەی نیستۆریزم لە نێوان ڕۆژهەڵاتیاندا بەهۆی بەرسومەوەیە، ئەوەی كە لەگەڵ هاورێكانیدا لە قوتابخانە لە خ. ریچیسا دەركران. سەرۆكی قەشەكانی نسێبین بووە لە 435-489 . نارسێنسی هاوڕێی بارسۆما و سەرۆكی ئەو قوتابخانەیەی ئەو لە نسێبین دامەزراندووە، نەوەستان لە بڵاوكردنەوەی ئەو مەزهەبانە تا كۆچی دوایی كرد، كە لە 496دا بوو. جێنشینی دوای خۆی جۆزیف هازیتا هەوڵێكی زۆری بڵاوكردنەوەی نستۆری داوە كە ئەمڕۆ زۆر بەرفراوانە. لە 496دا بابفلیوس سەرۆكی قەشەكانی سەلوسیا لەلایەن پارتی نسیۆریانەوە هەڵبژێرا و لەو كۆبوونەوەی كە لە499دا كراوە ئەوەی دووپات كردەوە كە تەنیا مەبەست و ئامانجمان تەنیا مەزهەبی نستۆر نییە، بەڵام دوای هەنگاوەكانی بارسۆمای نسێبین دەكەوین و یاسایەكی تەواو بۆ هەموو قەشەكانی سەلوسیا دادەنێین بۆ ژن و هاوسەرگیری. لەو كاتەوە پاتریكەكانی سەلوسیا و ڕۆژهەڵات بە نیستۆریانەوە سەرقاڵن. وا دەردەكەوێت كە نزیكەی شەش سەد و سی قەشە و پریسی ئەم خێڵەیان ناردووە بۆ هندستان و چین.

- 10/جەنیوەری/کانونی دووەم.

هەواڵێك هەر ئێستا لە ماردینەوە گەیشت، کە (ڤایڤۆدە) ناکۆکییەکی تری لەگەڵ خێڵ و تیرەکانی دراوسێیدا بەرپاکرد، سەرۆکەکانی یەك یان دوو لەوانەی دەوارەکانیان خستۆتە زەوی (ئەوەش لەناو خێڵەکاندا هێمای شەڕە بە هەر شێوەیەك بێت و واتە من رەشماڵەکەم داوە بە زەویدا و هەرگیز هەڵیناکەمەوە تا تۆڵەی خۆم نەکەمەوە).

- 22/جەنیوەری/کانونی دووەم.

ئەمڕۆ چووم بۆ سەردانی پاشماوەی پەرستگای نستۆریانی مار ئەلیاس، کە لەلایەن موسڵمانەکانەوە پێیدەوترێ پەرستگای مەنقوش، واتە پەرستگای نەخشین یان زەرکەفت. من ناتوانم لە ئەسسەمانیدا مێژووی دروستکردنی بدۆزمەوە،[67] بەڵام بە رێکەوت لە سەدەی نۆیەمدا ناوی براوە.

هاوڵاتیان دەڵێن ئەوە تایبەتە بە رۆمان، یان مەسیحە گریکەکانەوە، پێش ئەوەی موسڵمانەکان ئەم ناوچانە داگیربکەن، لەلایەن نستۆریانەکانەوە زەوتکرابوو. (دهاهەر

---

[67] میستەر ریچ دواتر مێژووی دروستکردنی ئەم پەرستگایەی لە ئەسسەمانیدا دۆزیوەتەوە، ئەمەی خوارەوە خراوەتە دەفتەری تێبینییەکانیەوە: "هەرچۆنێ بێت ئەوەی بەدویا وێڵبووم دۆزیمەوە، لەژێر ناوی (جیسۆجابوس)دا نیستۆریان کاسۆلیك یان سەرەك قەشە، کە لە 581دا دەستی کردووە بە فرمانڕەوایی، و 15ساڵ فرمانڕەوایی کردووە. دوو پەرستگا دۆزراوەتەوە، یەکێ سەید لە نزیك موسڵ، ئەوی تریش مەنصوور، لە ناوچەی نەینەوا. ئەم (جیسۆجابوس) ئاشتی بەدەستهێنا لەنێوان هۆرمزدازی کوڕی ئەنەوشیروان، پاشای وڵاتی فارس و هەرکلیس. پەرستگای سەید کە (پەرستگا مەنقوشەکەی خۆمانە) لەلایەن مار ئیلیاوە دۆزراوەتەوە. پەرستگای سەید لەوانەیە لە بەشێکی تری ئەسسەمانیدا دۆزرابێتەوە، بەڵام هەمان پەرستگاکەی مار ئیلیایە. بەرگی دوو، لاپەڕە 415 ، بەرگی سێیەم، لاپەڕە 264.

ئەمەی خوارەوە لەبارەی مار ئەلیاسەوە ئاسسەمانی دیاریکردووە، راهیبە باڕ جۆشوای گوندی باز گەباری سەر دیجلە، نێوان نەینەوا و موسڵ، سی ساڵ لە پەرستگای سانت ئەلیاس ژیاوە، پێش ئەوەش هەڵبژێراوە بۆ سەرۆکی قەشەی رۆژهەڵات، کە لە ساڵی 824دا بوو، ئەسسەمانی، بەرگی دووەم، لاپەڕەی 435. ئەبو سەعید سەرۆك پەرستگای مار ئەلیاس بوو لە 1028زاییندا. بەرگی دووەم.

بیبارس) پاڵەوانی رۆمانسی ئەلدهاهەرییە، کە بەند بووە، یان دەڵێت بەندکراوە لە ژێر زەمینەکەی پەرستگاکەی، کە نادر شاه وێرانی کرد.

پەرستگاکە دەکەوێتە کەمێ چاڵیەوە، یان لە دۆڵەکەدا بە نزیکەی دوو میل و نیو ناوچەی باشووری رۆژئاوای باخەکەمان و لە شوێنێکی رووتەنی دەرکەناردا، تەواو گونجاوە بۆ خانەنشینی قەشەکان. ئەو کارەش هەلێکی گرنگ نییە. هێشتا لە بەهاراین، کاتێ هەموو شت سەوزە، ئەو ناوە مەزارێکی دڵگیری خەڵکی موسڵە، ئەویش بەهۆی هەڵقوڵانی ئاوی کانیاوی کانزاییەوەیە، کە لێرەدا ناوبانگێکی زۆری هەیە، ئاوەکە عەماراوێکی شێوە هێلکەیی پڕدەکات و ئەوەش گۆگردە و سەر ئاوەکە وەك کەرەیەکی سپیواش دەردەکەوێت و ئاشکرایە، کە ژێرەوەی گەرم نییە. لێرەدا قەتران بە بەرهەم ناهێنرێ، هەرچۆن لە سەرچاوە هاوشێوەکەی حەمام عەلیی دراوسێیدا دەردەهێنرا، ئێستا پەرستگاکە کۆمەڵە وێرانەیەکە. لە لای رۆژهەڵاتی گۆڕەپانە سەرەکییەکەوە(کە هەندێ دەزگا تێهەڵکێشەکانی تری تێدایە، تا رادەیەك کەمێ وێرانی هەیە لەژێر ئاستی ئێستادا و عەماری ئاوی سەر بە قوببەیە). بینایەك یان ڕاڕەوێکی درێژ لەگەڵ سێ تاقی کەوانەیی کراوەدا، لە گۆڕەپانەکەوە دەچێتە ژوورێ. لەسەر یەکێ لە پایەکانی نێوان ئەو کەوانانە، لە رووی ناوەوە تاقی رازاندنەوە بە شێوەیەکی جوان دروستکراوە و لە بەرامبەر یەکێکیاندا تابلۆیەك بە پیتی کلدانی کۆن نووسراوە، بۆ تەمەنێکی وا و بارودۆخێکی وا، بۆیە بە گوێرەی بەرزی و رووناکییەوە، دەبێ دروستکردنی زۆر گران بووبێت.

لە کۆتایی باکووری ئەم گالەرییەوە دەچیتە ژوورێکی بچوکەوە، کە بە قوببەیەك سەری گیراوە و هێشتا بە پێوەیە. گۆڕەکە لەناو ئەمەدایە، تورکەکان دەڵێن پریس-قەشەکانی ئەم پەرستگایەی لەژێردا نێژراون، ئەوانەی بۆ کەللەی عەلی هاتبوون، (عەلی بە تەنیا خۆی دەزانێ چۆن هاتووە بۆ ئێرە) سەری کوڕی خۆی بڕیوە تا پێیبگۆڕێتەوە. دوای ئەوەش بوو بە محەمەدی و لەلایەن مەسیحیەکانەوە کوژرا. لەسەر گۆڕەکە بەهەرحاڵ پاشماوەی نووسینی کلدانی پێوەیە، بەڵام زۆر ناخوێندرێتەوە.

دەرگاکە زۆر بچوکە و لەوەدەچێت بەلایەنی کەمەوە بەشێك لە ژێرەوەی بە پارچە تەختە یان بەردی نەخشکراو دروستکرابێت، کە وادەردەکەوێت تایبەتە بە بیناکەوە لە هەندێ حاڵەتی پێشویدا.

لەلای باشووری گۆڕەپانەکەوە بە دەرگایەکی بچوکدا دەچیتە ژوورەوە، بۆ ناو ڕاڕەوێکی درێژی تەسکی تاریك، کە بە باکوور و باشووردا دەڕوات، بەڵام وەك بیناکە بەرز نییە، کە دەگات بە دەرگایەك تا نیوەی لە چاڵیدایە و پێکەوە هاوڕێکە لەگەڵ کڵێسەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

کڵێسە سەرەکیەکە، کە پەرستگاکەشی پێوە ناودەبرێت، زۆر بە جوانی ڕازێنراوەتەوە. پاشماوەی پارچە فریشتەکانی لێیە، کە بە نەخشێکی کەمێ هەڵتۆقیو، لە لایەکی کەوانەی سەر مەزبەحەکەیە (شوێنی قوربانی). لەوبڕوایەدام لەو فریشەتانەی ژێر زەمینی مردووەکانی دارا دەچوون. نەخشی عەرەبی و ژمارەکان بەدەووری مەزبەحەکەدا بە سپێتی بەرز و دیاربوون لەسەر تەختی شینی کاڵ. [68]

بەشە گەورەکانی کڵێسەکە ماوە و ڕێکوپێکە، گەورە نییە، ئاستی بەرزە و کەمێ لەباری درێژیدا تەسکە. تاقە کەوانەییەکانی سەقفەکە، ئەو بەشەی ماوە بازنەییە، پاشماوەکەی ڕوخاوەتە خوارەوە و کۆمەڵێ خۆڵ و خاشاکی لەسەر زەوی پێکهانیوە. ئێستا کەڕویەکی سەوزباوی ڕوونی کردووە. [69]

لە نزیك مەزبەحەکەوە بووەستی و سەیری خوارەوەی کڵێسەکە بۆلای ڕۆژئاواوە بکەیت، یەکسەر دۆزیمەوە، کە وێکچوونێکی زۆر هەیە لەگەڵ تاقی کیسرادا. هەموو شتێك لە هەمان شێوازدا بوو، تەنیا لە قەوارەدا بچوکتر بوو، بەرد و گەچێکی باشیان بۆ خشتی خۆماڵی بەکاربردووە. زۆر بەهێزە و لە ڕاستیدا وێکچوون هەیە، کە لەوێدا مەلیکێکی مەسیحی فارسەکان یان فرمانڕەوایانی ساسانیەکان هەبووبێ، من خەریکم ئەوە بڵێم،

---

[68] ئەو شێوازە لەوێ هێشتا پەیڕەو دەکرێت لە هەندێ (کوشك)دا (واتە دوکانێ بە تەختە دروستکرابێت)

[69] شێیەکی زۆر تێبینی دەکرێت لە موسڵدا، لەوانەیە لە گەچ و خوێکەیەوە بێت. پەیوەندی بە کەشوهەواوە نییە.

کە تاقی کیسرا کڵێسەیەکی ئیمپراتۆریایە یان دەسەڵاتی قەشەکانە. هەرچۆنێ بێ ئەمە لەوانەیە وەك سەلماندنێکی زیاتر کاربکات لە وەرگرتنی ئەم بەشە ئەندازیاریانە لە ساسانییەوە. کەوانەی تاقی مەزبەح (تاقی قوربانی) لە دوو پارچەی بازنەیەك پێکهاتوون.

گۆڕستانی ژێرزەمینی کڵێسەکە ساسانی تەواون، یان بازنەییە و ئەگەر کەمێ زیاتر جێگەی هەبووایە، لە راستیدا زۆر نایاب دەبوو. تاقی ناو دیوار، دەرگا و پەنجەرەی بچوك، تاقێکی بچوك لە لایەکی مەزبەحەکەوە بە چەند ستونێکی بچوك پاڵپشت کراوە، هەموو بە شێوەیەکی راست کیسران.[70] کڵێسە هاوڕێکەکە شتێکی ئەوتۆی نەماوە شایانی تێبینی بێت.

لە راستیدا لەوەدەچێ ئاستی نزمتر بێت و بەم نزیکانە دروستکرابێت. دەرگا بچکۆلەکەی چوونەژوورەوەی رۆژئاوا، کە دەرگای چوونە ژوورەوەی سەرەکیی کڵێسەیەکی نایابە، وادیارە، کە چاکسازی کرابێت لە هەندێ پارچەی نەخشی سەر دیوارەکانیدا، بەلایەنی کەمەوە ئەوە ئێستا وادیارە لە شوێنی راستەقینەی خۆیاندا نەبێت.

قسڵ و گەچی بەشی سەرەوەی بە زەبری لێدان هەڵکۆڵراوە، وەك ئەوەی تورکە بێ ئیشوکارەکان خۆیانیان پێ ژیرکردبێ بە هەڵکۆڵینی وەك نیشانەیەك.

بینای ژێر زەمینەکە، کە وا دەردەکەوێت زۆر فراوان بێت، دەڵێن ئەوە دوور دەڕوات تا (غیزەلان) لەسەر کەناری دیجلە، بۆ ناوچەی باشووری رۆژئاوای باخەکەمان.[71] چوونەژوورەوە بە دەرگایەکی بچوکی نزمی ژووری ئەماری شتە پیرۆزەکانی قەشەدایە، لەسەر لای راستی مەزبەحەکە. بەپێی زانیاری ئەو کەسەی، کە زۆر لەوەبەر لەوێدا

---

[70] بەوەی میستەر ریچ دەڵێت لە شێوازی تاقی کیسرادایە.

[71] نیوەی رێگە لە نێوان پەرستگای ئەلمەنقوش و غیزەلان پاشماوەی پەرستگایەکی ترە. سووریەکان دەڵێن، دوو پەرستگای یەعقوبییەکان لەم ناوەدا هەبووە، پەیوەندبوون بە سانت گابریاڵ و سانت مایکڵەوە.

بووە، لە هەمان کاتدا بەرەو دەرەوە بۆ بیابان بە ماوەیەکی زۆر، بەڵام ئێستا بە خۆڵوخاشاك پڕبۆتەوە.

لە زۆربەی کڵێسە رۆژهەڵاتیە کۆنەکاندا،[72] لەوەدەچێ شوێنی نوێژ و مەزبەحیان نەبووبێ، جگە لە یەکێکی گەورە نەبێت و بەگشتی راڕەوێکە و کڵێسەکە بە رێکی بەهۆی دەرگایەکی بچوکەوە بە سەرەکییەکەوە دەبەستێتەوە.

- 24/ **جەنیوەری/ کانونی دووەم.**

هەندێ وتووێژم هەبوو لەگەڵ مەتران حەننا دەربارەی زاراوە جۆربەجۆرەکان، کە پەیوەندە بە چەرخە کۆنەکان و مێژووی ئەم وڵاتانە، کە لەوەدەچوو شارەزای و زانیاری هەبێت. ئەمڕۆ یەکەم وانەی خوێندنەوەی کلدانیم لێوەرگرت.

دیسانەوە سەردانی مار ئەلیاسم کردەوە بە مەبەستی دەستکاریکردنەوەی نەخشەسازیەکەم، لە هەندێ تایبەتمەندیدا لەوەی، کە من هەست دەکەم گومانی تێدایە. من ئێستا هەست دەکەم تەختیی تاقی سەقفەکە لەوانەیە لە نزمییەکەیەوە بێت. نەخشێکم لەسەر پارچەك هەبوو لە تەلارەکەدا، یان گالەرییەکە، لە پێش گۆڕستانی مار ئەلیاس کۆپیم کرد. زانیاری لەبارەوە دراوە، کە لەلایەن (خواجە یوسف ئیبن هیندی)ەوە[73] نۆژەن کراوەتەوە و (کاس ئاشۆوا) و (موکدوسی ئەبدول حەییە) و (خان زادەڵ) بە هاندانی (شەماس عیسا) و نەخشەکێش (کاس هۆرموز) لە ساڵی 1316زاینی، بەرامبەر 1667 یۆنانیەکان.

---

[72] مزگەوتێکی زۆر لە بەغدا هەیە کە کاتی خۆی کڵێسەی کلدانی بوون.

[73] ئەمە بنەماڵەی هاوڕێیەکی دێرینمانە، کە کاسۆلیکێکی کلدانیە و سەرۆکی قەشەکانی دیاربەکرە، کە یوسف باووباپیری بووە، یەکەم پاتریارکی کاسۆلیکی بەو ناوەوە و لەلایەن پاپا ئاینۆسێنتی دووەمەوە دانراوە، پاتریارکی نیستۆریان دیاربەکریان جێهێشتووە بەهۆی ئەوەی زۆربەی کاسۆلیك بوون و خۆیان خزاندۆتە چیاکانی جۆلامەرگەوە، دەوروبەری ساڵی 1560، لەژێر ناوی پاتریارك سیمۆن ، کە ناوێکە لەو سەردەمەوە لەلایەن ئەو پاتریارکانەوە پارێزگاری لێکراوە.

- 4/فێبریوەری/شوبات،

ئەمڕۆ چووم بۆ شارۆچکەکە بۆ پشکنینی کڵێسە سەرەکیەکان، یەکەم، ئەوەی مار تۆما یان سانت تۆماس (پەیامبەر)، سەرۆکی کڵێسەی یاقوبیەکانی موسڵ، کە هەستمکرد شایانی نیگارکێشانە. دەستبەجێ جێبەجێم کرد بۆ سەرنجی گەورەی خەڵکی، کە شادمانن بە بینینی کڵێسەکەیان، لەوبڕوایەدام شایانی ڕێزێکی ئاوان لەلایەن ئەوروپیەکانەوە. لە ناوەندی پەرستگاکەدا سێ مەزبەح هەبوو، کە بە شێوەیەکی ئاسایی واتە سندوقی پاسەوان یان عەرشی پاشایەتی لە داری ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ پەردەی هەمان شێوە بەسەریانەوە بوو.

دەروازە مەزنەکەی ناوەندی پەرستگاکە چواردەور دراوە بە تەختە بەردی مەڕمەڕ، کە هەندێ بڕگەی وتەکانی مەسیحی پیرۆز و دوانزە قوتابیەکەی لە توڕڕەیەکی شێردا لەخۆدەگرێ، لەگەڵ ئیشی نەخش و نیگاردا، کە بەربەرییەکان هەیانبووە، بەڵام بۆ زیاتر دەرکەوتن.

کڵێسەکە دەکرێ بە سێ بەشەوە، ناوەند و دوو ڕاڕەو، بە سێ کەوانەی قورسی تاشراو، کە بە کۆڵەکەی هەشت ڕوو ڕاگیراوە. لەناو زبڵی نۆژەنکردنەوەکەدا دۆزیویانەتەوە و خستویانەتە بارودۆخی ئێستاوە، لەکاتی پشکنیندا بینیم زۆر بە ڕوونی و بە پیتی عەرەبی لە دەوروبەری نوسرابوو، لە نێوان پیتی کوفی و هاوچەرخی تەمەنی صاحیب، لە هەمان چاپتەری قورئان، کە بە شێوەیەکی نائاسایی دژی مەسیحیەکانە.

لەوێ ئەو خەڵکە هەژارە بوو، کە زۆر باوەڕدار بوون و ناوچەوانی خۆیان دەخوراند دژی چەسپکردنی یادەوەری، دەیانزانی ئەوە هێنراوە، زۆر مەترسی بۆ خولقاندبوون و قێزەون بوو، لەو بڕوایەدام سەرۆکی قەشەکان فرمانی دابوو، کە لەو شوێنەی ئێستایدا بیگوێزنەوە.

بەشی ژێرەوەی کڵێسەکە تایبەتە بە ژنانەوە، هەرچەند ئاشکرایە، کە کۆنە و لەکاتی ڕێگەی تاینەوە دەرکەوتووە، دانیشتوانەکە دەڵێن سەری داپۆشراوە و بە کۆمەڵە زبڵوخاشاك شاردراوەتەوە. دوای ئەوە چووم بۆ کڵێسەی مەتران حەننا، کە پەیوەندبوو

به مار شیمۆن ساڤای پاتریارکی سەلوسیا لە کاتی شاپوردا، ئەوەی ئازاری چەشت و لەژێر دەسەڵاتی ئەو ئەمیرەدا شەهیدکرا.

کڵێسەکە ژوورێکی تەنیا بوو، وەکو کڵێسەکەی مار ئەلیاس و رەبان هورمزد، کە زۆر کۆن بوو، شتێکی ئەوتۆی نەدەهێنا تا وێنەیەکی هێڵکاریی بکێشرێ. تەنیا شوێنێکی جوان، کە بینیبێتم شوێنی ناشتنی تەرمەکەی عەبدول جەلیل بوو، یەکێ لە خێزانی حاکمی موسڵمانی- ماهومیتانی ئێستای موسڵە، کە کلدانی بوون. [74]

[74] ئەم پوختانەی لای خوارەوە، تایبەتە بە مەسیحیە ئاسووریەکانەوە، کە لە ئەسسەمانییەوە وەرگیراوە. ئەم شتانە لە رەشنووسەکانی میستەر ریچدا دۆزراونەتەوە و خراونەتە ئێرەوە، بە هیوای ئەوەی رابەری ئەوانە بکەن کە گرنگی بەو بابەتە دەدەن لە سەرچاوەی زانیاری زۆری تایبەت بە مێژووی مەسیحیەتەوە لە رۆژهەڵاتدا. کلدانیەکان یان ئاسوورییەکان ئایینی مەسیحیەتیان لە دوانزە پەیامبەرە خاچپەرستەکانەوە وەرگرتووە-  پیتەر، تۆماس (سانت تۆماس ، گوماندااران و پەیامبەرانی هیند) بارسالیمو، ماسیو، یەهودای کوڕی جەیمس و سادیۆس، کە هەروەها پێیدەوترێ لەبسیۆس. دیسانەوە سادیۆسی هەفتا و مارك و ئەیهسۆس  پێیان دەوترێ پەیامبەرانی سیریانی و کلدانیەکان. ئەدسیوس یان خ. ریچی، یەکێك لە وەدوکەوتوانی بەفەنتی، لەلایەن سانت تۆماسەوە (یەکێ لە دوانزەکە) نێراوە بۆ رۆژهەڵات و لە ئەدیسا قوربانی داوە لەژێر رابوری ئەبگارۆسی ناواردا لە رێی گەڕانەوەی لە وڵاتی فارس، ئاشووری و وڵاتی بابل. مارکی وەدوکەوتوی ئەدسیوس ئینجلی لە وڵاتی بابل و ئیمپراتۆریای ئاشووری و وڵاتی فارس بڵاوکردەوە، نیشتەجێ بوونی خۆی لە کتەسیفن و سەلوشا چەسپاند و ناودەبرێ بە یەکەم سەرۆکی قەشەکانی سەلوشا و سەلوشا لەم بارەدا بوو بە سەرۆکی کڵێسەی رۆژهەڵات.

دوای خزمەتی سی و سێساڵی قەشەیەیی 48-82زاینی کۆچی دوایی کرد. سانت تۆماس ئەوەی نازناوەکەی بە بۆچوونی هەندێ (جود) بووە، تەنیا پەیامبەری ئاسووری و کلدانیەکان نەبووە، بەڵکو پەیامبەری فارس و میدەکان و هندیەکانیش بووە. گومان لەوەدایە کە سانت تۆماس هەرگیز چووبێتە هیندستان، (بۆچوونی ئاسسەمانی) لە رووی گەشبینیەوە. مەسیحیەت لە قۆناغێکی زۆر زوودا سەری هەڵدا و زەمین لەسەردەمی پاپادا (سەرۆکی قەشەکانی سالوسی) سودمەندبوو، یان لە 247-326 دووبەرەکییەکی =گەورە لەو کڵێسەیەدا دەبینین، کە لە بنەڕەتدا بۆ پایەدارکردنی پاپاکان بوو. 22 پاپا ناوبراوە کە ئازار و مەینەتییان لەژێر دەسەڵاتی شاپووردا چەشتووە، کاتێ مەسیحیەت لە رۆژهەڵاتدا راگەیەنرا. ئەرتەبەنس مەلیکی پارزیانس ئایزانێسی ئەدیبانە و ئەبگاروسی خ. ریچێسا بوو. لە یەکەم وڵاتدا کڵێسەکانی رۆژهەڵات ئەوەندە تەواو گەورە بوون تا ببنە بابەتی چەوساندنەوەی مەلیکەکانی فارس. لە سەدەی دووەمدا

- 24 /**فێبریوەری/ شوبات.**

لەسەر داخوازی من، حاجی جەرجیس پرسیاری مانای وشەی (داسینی) لە چەند یەزیدیەك کردبوو، لە واتای تەواوی وشەکەدا سەرکەوتو نەبوو، بەڵام دڵنیابووبوو لە واتای بەکارهێنانی، کە ئەوە بەر لەوەی بۆ یەزیدی بەکار بهێنرێ، بۆ جوتیارە یەزیدیەکانیان بەکار دەهێنا لەژێر سایەی حکومەتی موسڵ و ناوچەکانی دەورووبەری. نەك بۆ سنجاریەکان، کە کۆمەڵەکەیان پێیدەوترا جینو (ق . جیلو) هەندێ یەزیدی تر لەم ناوچانەدا، کە جیاوازن لە جوتیارەکانی کۆن و پێیان دەوترێ شێخانیەکان. لە ناوچەکانی جەزیرە و ئامێدی و موسڵ خێڵەکانی مۆسیسان و دینەدی یەزیدی تەواون. ناوی یەزیدی تەنیا لەلایەن مەهۆمیتانەکانی دراوسێوە بەکاردەهێنرا، یەزیدی خۆیان هەرگیز ئەو زاراوەیە بەکارناهێنن. لەوانەیە ئەو وشەیە سەرزەنشت بێت لە نازناوی یەزیدەوە لەلایەن مەهۆمەتان بە (نەفرەت لێکراو) بەکار بێت، بە هەمان شێوەی ئەوەی، کە زۆر لە رۆژهەڵاتیەکان ئەوەیان بیستووە، کە هێرش دەکەنە سەریەك و توانجی نەوەی فیرعەون، یان تایەفەی نەمرود لە یەك دەدەن.

لقێکی عەرەبی (طەی)، کە پێیان دەوترێ (حەبابەت)، کە بەر لە سەدەیەك لە ئەنجامی شەڕ و ناکۆکیان لەگەڵ باقی خێڵە عەرەبەکانی تر، جیابوونەوە و هاتوون بۆ سنجار. مناڵەکانیان بوون بە یەزیدی و ئێستا شەیتان پەرستێکی نمونەیین و بە زمانی یەزیدی دەدوێن و بەهیچ جۆرێ لەوان جیاناکرێنەوە.

---

(تراجان) مەسیحیەکانی رۆژهەڵاتی لە کاروبارەکەیدا دەچەوسانەوە. لە سەدەی سێیەمدا (مانیچاین) دەستووری دەرکرد، لە سەدەی چوارەمدا چەوسانەوەی شاپوور لە 330 زاینیدا دەستی پێکرد. نستۆریەکان لە 431دا دەستیان کرد بە ناڕەزایی دەربڕین لە کۆڕی کاربەدەستانی کڵێسەی ئێفێسۆسدا.

- 25 /**فێبریوەری/شوبات.**

حاجی جەرجیسی هاوڕێی بەخزمەتم دیسانەوە ئەم ئێوارەیەش لەگەڵ زانیاری زیاتردا هاتەوە، کە لەسەر داوای من کۆیکردۆتەوە. بەم شێوەیەی لای خوارەوە وتارە سەرەکیەکانم ڕێکخست:

دووتیرە یان دوو بنەماڵەی عەرەبی (**طەی**)ی لێیە، بێگومان لە (هاتەرا)ی ناودالاوە هاتوونە خوارەوە و پێیان دەوترێ (سەمبیس) و ئەلحاریس. گەورەی بنەماڵەی (**طەی**)یەکان (سەنجیاك)ی (پۆرت) بوون و شێخ یان گەورەکەیان دەچوو بۆ ئەستەمبوڵ بۆ وەرگرتنی پلە و پایەی فرمانڕەوایی. ئەو نەوەی حاتەمی (**طەی**) بوو.

یەکێکیان لە ئەستەمبوڵ کوژرا بەهۆی دەستدرێژی کردنی بۆ سەر ژنێك لەو ماڵەی تێدا دانیشتبوو، لەبارەی چیرۆکێکی دوورو درێژی بێبایەخەوە، کە دەڵێن. دوای ئەوە تا ماوەیەك کەس هەڵنەبژێرا و سەردەمی داماڵینی عەرش بوو لە تیرەکەدا. پاشان گەنجێ بەناوی (ئەسغەر) نێرا، کە هەتیوبوو یان لەناو بنەماڵەی حاتەمدا پارێزگاری و بەخێوکرابوو، ئەوەبوو لە ئەستەمبوڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا و دیاریکرا، بەم شێوەیە پۆرت (حکومەتی عوسمانی) دایمەزراند و (کوك) یان عەمامەی تورکی پۆشی و ڕابەری هەموو دانیشتوانی عەرەبی ئەم پارچانەی کرد.

لە کارەساتی کۆچی دوایی شێخەوە، کەسێکی تر لە خێزانی حاتەم هەرگیز نەنێراوە بۆ ئەستەمبوڵ و هەردوو لقی تیرەکەش بەرەبەرە لە فرمانڕەوایی تیرەکە دوورخرانەوە، خێزانەکەی[75] ئەمڕۆ زۆر لە داوێنەوەن، عەرەب بەگشتی پێیان دەڵێن نەوەی یەهود، ئەویش لەبەر ئەوەی قینیان لە ئەسڵ و فەسڵیانە.

---

[75] شێخی ئێستا، کە خودی خۆم دەیناسم، ناوی (حەسەن عەبدوڵڵایە)

تاکە ڕێگەیەك لێرەوە چیایە بەسەریدا دەپەڕیتەوە یان پیاتێدەپەڕی لەم شوێنەوە بۆ زاخۆ، ئەویش چیای زاخۆیە، کە لە فیشخاپورەوە دەست پیدەکات و بەم لایەی زاخۆدا تێدەپەڕێ و ئینجا بۆ ئەولای ئامێدی. من نەمتوانی زۆر بۆ خوارەوە دوای بکەوم. لە رۆیشتندا بۆ ئامێدی تۆ بەسەر چیادا دەڕۆیت و دوای نیو سەعات دەگەیتە ئامێدی. دوای ئامێدی زنجیرەکی بچوکتر هەیە و دواتر دەشتێکی پانوبەرین وەك (ناکۆر) تا سنووری هەکاری درێژ دەبێتەوە.

بەشەکانی چیای سەخت و عاسی هەمووی بەرەو باکوور و ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتیی ئامێدییە بەلای چیای جودیدا. [76]

---

[76] موحەمەدییەکان (موسڵمان) بەردەوام لەسەر چیای جودی بوون، یەکەم جار کە کەشتیەکە لەنگەری گرت و ئەوەش ئاراراتە و نەك ئەو چیایەی کە ناوەکەی لە ئەرمینیا نراوە. (دۆن کاڵمت، ستۆریا دێڵ نەوڤۆ تێستەمنتۆ، لاپەڕە 275 ) دەڵێت، " مۆنابەیزیس، مەلیکی ئەدیابەنە، فرمانڕەوایی وڵاتی کەرۆ یان کایرەونی داوە بە ئۆزانیێزی کوڕە بچوکی، ئەو وڵاتەی پاشماوەی کەشتیەکەی لێدەبینرێ." کاڵمت لەوەوە ئەگەری نزیکی وڵاتەکە لە چیای ئاراراتی ئەرمینیاوە دادەنێ .

ئەو، ئەو نەریتەی نەدەزانی کە کەشتیەکە بخاتەسەر چیای جودی یان کاردوو، کە لە راستیدا لێرەدا کەرۆن باسکراوە.(*) حسێن ئاغا هێمای بەوە بۆ کردم کە بە چاوی خۆی پاشماوەی کەشتیەکەی نوحی بینیوە، چووە بۆ گوندێکی مەسحیەکان بە پیادەڕۆیەکدا سەرکەوتە سەرەوە بۆ لوتکە کە سەعاتێکی خایاند و لەوێوە پاشماوەی کەشتیەکی زۆر گەورەی لە دار بینی کە تا رادەیەك کەڕووی کردبوو لەگەڵ بسماری درێژ بە درێژای داوێنی مابوونەوە. لە بەرگی سێیەمی، لاپەڕە 214 ئاسسەمانی، ئەم دەربڕینەی لای خوارەوە دەبینی: " پەرستگایەك لەسەر لوتکەی چیای کاردوو یان ئارارات هەیە. سانت ئێپیفانیس گەواهی ئەوە لە سەردەمی خۆیدا دەدا کە پاشماوەی کەشتییەکە تا ئەو کاتەش هەر ماوە و دەربارەی ئەو کەشتیە دەدوێ کە لە ناوچەی کاردیاروم دۆزراوەتەوە ".

*جۆزیفوس لەم بارەیەوە دەڵێت: بە هەرحاڵ ئەرمەنەکان بەم شوێنە دەڵێن ( ئاتۆ باتیسیۆ)، شوێنی لەنگەرگرتنی کەشتیەکە کە لەو شوێنەدا پارێزراوە و پاشماوەکەشی تا ئەمڕۆش لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە دەبینرێت. ئێستاش هەموو نووسەرانی مێژووی بەربەرییەکان هێما بەو زریانە و بەو کەشتیە دەکەن، لەناویاندا (بیرۆس)ی کلدانی وەسفی ئەوە دەکات کە تا کەی ئەو زریانە بەو شێوەیە بەردەوام بووە: ئەو دەڵێت تا ئێستاش هەندێ پارچەی ئەو کەشتییە لە ئەرمینیایە، لە چیای کاردیانس و هەندێ کەس

هەشت سەعات لە سەروو زاخۆوە لەلای راستی رێگەکەی جەزیرە یایلەك، یان سەربازگەی هاوینەی زاخۆیە لەسەر چیای زۆزان، کە بەگ یان پاشای زاخۆ کۆشکێکی سەربەخۆی لەوێدا هەیە.

شاخ شارۆچکەیەکە تایبەت بە پاشای جەزیرە، ئەوەی، کە بەگشتی خێزانەکەی لەوێدا دادەنێ. کەوتۆتە ناو دۆڵێکەوە لە نێوان دوو شاخدا، سێیەمیان لەسەر دۆڵەکەیە، لەوێوە، کە جۆگەیەك بە ئەندازەی ئاوی خازەر یان بومەدوس دەبێت. ئەم جۆگەیە لەسەرو زاخۆ و خاپوورەوە تێکەڵ بە دیجلە دەبێت. لە دوابەشیدا پێیدەوترێ فیشخاپوور، من لەو بڕوایەدام لە ناوەکەوە شوێنی پەڕینەوەیە.

---

پارچە قیریان هەڵگرتووە و بەکاری دەهێنن بۆ پاراستن و دوورکەوتنەوە لە بەدکاری و زیانگەیاندن. (هیرۆمینۆس) هەروەها میسریەکان ئەوەی کە چەرخە کۆنەکانی فینیقی نووسیوە و (مناسیاس) و ژمارەیەکی زۆرتری تر هەمان هێما دەکەن. نای نیکۆلاسی دیمەشقی، لە نەوەدوشەشەمین کتێبیا پەیوەندیەکی دیاریکراوی هەیە لەگەڵیاندا، کە بەو شێوە دەدوێ: چیایەکی مەزن لە ئەرمینیا هەیە لە =(نایندس) پێی دەوترێ (باریس)، لەسەر ئەوەوە دەڵێن کە زۆریان کاتی زریانەکە هەڵهاتوون و ئەوەیان کە گەشتۆتە لوتکەکە دەڵێت پاشماوەی داروتەختەکان زۆرن بەڵام پارێزراون، ئەوەش لەوانەیە ئەو پیاوە بێت ئەوەی دەربارەی موسای پێغەمبەری جولەکەکان نووسیویە. میستن جۆزیفوس ب. ئا. چاپتەری 3 لەندەن 1820. لەو پارچەیەی کە جۆزیفوس باسی کردووە تێبینی ئەوە دەکات کە باس لە ئەرمینیا کراوە وەك وڵاتێ کە کەشتیەکە تیایدا لەنگەری گرتووە. (بیرۆسیس) باس لە پاشماوەکەی دەکات لەسەر چیای (کۆردیاکانس)، ئەوەش سەلمێنراوە و زۆر توانای تریش هەیە بۆ هەمان کاریگەر، کە چیاکانی (کۆردوین) یان چیاکانی (گۆردینان)، کە شوێنەکانی (برەن) لەناو سنووری کۆنی ئیمپراتۆریای ئاشووریدایە، کە زۆرجار لەسەر زووربەی ئەرمینیا دانراوەوە. لێرەدا بەتایبەتی دەهێنێ تێبینی بکرێت، لەبەرئەوەی لە راستیدا نووسەرەکانی پێشوو لەلای خۆیانەوە ئارارات لە ئەرمینیادا دادەنێن، وەك دیارە بەبێ تاکە هۆیەك، هەندێ لە نوێخوازەکان رابەربوو لە گەڕان بەدوایدا بە شێوەیەکی تایبەتی لە ناوەندی ئەو سنوورەی کە ئێستا ئەو ناوەی تێدایە. ئەم زانیاریە لە هاوڕێیەکەوە پێشکەشکراوە.

شاخ[77] کەوتۆتە سەر درێژایی چیای جودی و شارۆچکەکە، کە بەشێوەی پلە پلە دروستکراوە، لەم لایەی جەزیرەوە سێ سەعاتە.[78]

داری درەختی چنار، کە لە بەغدا بەکاردێت، هەموو لەم شاخانەوە دێت و بە فیشخابووردا دەبرێت بۆ دیجلە. هەروەها رووباری هیزڵ لە چیاکانی جودییەوە دێت و لە داوێنی زاخۆدا تێکەڵی خابوور دەبێت. شوێنی پەڕینەوەیەکی خراپە.

- 1/**مارچ/ئازار**.

**کۆسرەو ئەفەندی**، کە زۆربەی دەسەڵاتی هەبوو، ئەمڕۆ پێیوتم، کە **بەکر ئەفەندی** کاتێ بەردی هەڵدەکۆڵی بۆ بیناکردنی پردەکەی موسڵ، لە هەڵکۆڵینی بەرەو **کۆیئەنجیک** ژوورێکی تاریکی دۆزییەوە، کە نەخشی تێدابوو، لە ژوورەکەدا لەناو خاشاک و پارچەی ئێسقانەکاندا ئەم شتانەی لای خوارەوەی تێدابوو: **خلخاڵی** ژنان یان پاوانەی پێ لە زیو بە نقێمی پیرۆزەیی داپۆشراوە، **حجیلی** ئاڵتون[79] بازنی ئاڵتونی منالانەی زۆر نایاب و دەگمەن، هەندێ پارچە یاقوتی نەخشکراو. هەموو ئەو شتانە و ژوورەکە لەوێدا، کە دۆزراونەتەوە، لە لایەن کۆسرەو ئەفەندییەوە بینراوە و تاووتێ کراوە. ئاڵتون و زیوەکەی دەستبەجێ توێنراوەتەوە، یاقوتەکان فڕێدراون و ژوورەکە رووخێنراوە و بەردەکانی دەرهێنراوە و پاشان لەناو خۆڵ و خاشاکدا داپۆشراوە.

---

[77] شاخ لە لایەن ئەمیرێکی ئەرمەنیەوە بەڕێوە دەبرێ، کە لەلایەن ئەمێرێکی موسڵمانی هەکارییەوە بەرهەم دەهێنرێ. سەرچاوەیەکی دیجلە لە شاخدایە، ناوچەکە تەواو شاخاویە تا شارۆچکەی (سەرت) نزیك ئەو شوێنەی دیجلە تێپەڕدەبێ و لەگەڵ لقەکەی دیاربەکردا تێکەڵ دەبێ لەو شوێنەی پێیدەوترێ (تەلا ناڤرۆز) کە بە کوردی واتە (لە نێوان رووبارەکاندا) هەروەها روبارەکانی بەتلیس و رۆدۆوان یەکدەگرن. تەلا ناڤرۆز دوانزە سەعات لە سەرت و دوو قۆناغ لە جەزیرەوە دوورە، قەڵایەك لەسەر چیاکەیە، وەك ناوەکەی هێمای ئەوە دەکات و گوندێکی گەورەی کوردەکان و یاقوبیە مەسیحیەکانی لێیە. لە شاخەوە کە لە کوردیدا واتە زنجیرە چیا بۆ جولامەرك نۆ سەعاتە. لە کتێبی تێبینیەکانی میستەر ریچەوە.

[78] تەنیا لەسەر ئەم لایەی جەزیرە، یەك سەعات و نیوە لێوەی، گردۆڵکەیە، سەرەو ژوورکەیەکی بەرزبەسەر دیجلەدا پێکدەهێنێ.

[79] **حجیل** وەك پاوانە وەهایە، بەڵام جیاوازە لە **خلخاڵ** لە بەهادا، کە پاشان وردە زەنگوڵەی پێوەکراوە.

## سەرنج

زۆر ووردەکاریی سەرنج راکێشەری تر لە موسڵ لەناو نووسینەکانی میستەر ریچدا بەیان نەکراوە، یەکێ لەو سەرنجانە: مردنی هاوڕێیەکی لاوی خۆشەویست و بەتوانا، **میستەر بیلینۆ**. ئەم روداوە ئەوە هەڵدەگرێ، کە زۆر لەبارەیەوە قسە بکرێت، کە لە ناخەوە هەست بە ئازاری مردنەکەی دەکرا لەلایەن میستەر ریچ و دەوروبەرەکەیەوە. میستەر بیلینۆ لاوێك بوو تا رادەیەکی زۆر دڵسۆز بوو، کە کەسێك نییە ناسیبێتی و خۆشی نەویستبێت. شاردنەوەی کەسێکی وا بە نەخۆشی و مەرگ ناتوانرێ لای هاوڕێکانی هەروا بە ئاسانی لەبیربچێتەوە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی بێگانە و بەربەریدا. هەر ئەو لەرزوتایەی لە کوردستان دووچاری بوو تا هەمەدان چاك نەبووەوە و لەگەڵ ئەوەی، کە هەموو گرنگییەکی پێدەدرا و چاودێری دەکرا، یارمەتیەکی کارامانە دەدرا لەلایەن (دوکتۆر بیل)ەوە، چەند لە تواناد ا بوو، کەچی ئەویش وردە وردە لە نەخۆشیەکەدا نوقم دەبوو، تا لە مانگی نۆڤەمبەر/ تشرینی دووەم/1820 لە موسڵ کۆچی دوایی کرد.

# چاپتەری هەژدەیەم

دەرچوون لە موسڵەوە- کەڵەک یان قەیاغ- دەنگە دەنگ و هاژەی خێرایی ئاو - کەلاوەکانی نەمرود- لاریسای گەزنەفۆن- ئاسوری یان ئاشووری- قوچەک- نەخشی مسماریی یان تیری- گۆشە نەخشدارەکان- سەرچاوەی گۆگرد- ڕێژگەی زێ- شەوێکی زریاناوی- کەلاوەکان- عەرەبەکانی طـەی- شوێنەوارە تاک و دەگمەنەکان- قەڵای دزان- وڵاتی سەوز- گوڵە کێوی- الفتحە- تێپەڕین بە گردەکانی حەمریندا- عەرەبەکان- گۆڕستانی کوڕی ئامان موسا- زریانی تورە- ئەلحەزەر- تکریت- زۆربڵێیی سەرتاش- ئیمام داوەر- ئاسکی بەغداد- سامەڕا- قوللەیەکی نائاسایی- بت یان پەرستراو- پارچەکانی پەیکەرێک- گردە کەلاوەکان- کادیسیا- دارخورما-گوندەکان- بینینی کەڵەک- باخەکانی بەغداد- گەیشتنە بەغداد.

- 3/**مارچ/ئازار**.

به کەڵەك یان قەیاغ[80] لە باخەکەی پاشاوە بۆ بەغداد دەستمان بە گەڕانەوە کرد، لە سەعات 10:00 سەرلەبەیانی بە لێژایدا بۆ خوار رووبارەکە تا سەعات 16:00، کاتێ نزیکەی 400 یارد هاتین لە سەرو (زیکرول عەوازە)وە،[81] بەر لەوەی بگەینە سەری هاژە هاژەکەیان دەبیست.

ئێستا پارچەیەکی بەدەرەوە نەماوە، بەڵام ئاو بەسەریا بەشێوەیەکی خێرا فڕکەی دێت و بەبێ پەروا دەڕوات، کە لە نێوان ئەو و کەناری رۆژهەڵاتدا تەسك دەبێتەوە، دەڕژێتە رووبارەکەوە، دەڵێن، لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزدا، لە هەندێ شوێن لەسەرو ئاوەکەوە دەردەکەوێت و ئەو کاتە لەوانەیە ببینرێت لە پارچە بەردی گەورە و قسڵ دروستکراوە.

هەردوو بەری رووبارەکە بەشێوەیەکی گشتی لە هەر جێیەك گونجا بێت کراوە بە کشتوکاڵ و گوندەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لەو ناوەدا دەبینرێن.

---

80 کەڵەك، قەیاغێکە نزیکەی دوو ئەوەندە فراوانترە. لە چەند پێستەیەکی بزن دروستکراوە و هەوای تێکراوە و بە قامیش بەستراون پیکەوە و بە پارچە داری چنراوەوە قایم کراوە و ئەوانەی باڵەی شتومەك دەگوێزنەوە دەبێ دیسانەوە لقی دار و درەخت ببەستن و لەژێر شتەکاندا داینێن تا لە ئاوەکە دورکەوێتەوە.
پێستەکان هەموو ئێوارەیەك هەواکەی بەتاڵدەکرێتەوە و دیسانەوە هەوای تێدەکرێتەوە، هەروەها لە کاتی رۆژدا چاودێری بەردەوامی دەکرێت تا هەمیشە تەڕبن، کە لە تەقین دەیپارێزێ. ئەو کەڵەکە بەهۆی دوو سەوڵی درێژەوە دەڕوات، کە لە پارچە قامیشی بەیەکەوە بەستراو دروستکراوە.
نەفەرەکان دەتوانن خۆیان لەسەر شتومەکەکان رێکبخەن و ئەگەر کەسێ بیەوێ ئاسانکاری زیاتر بۆ خۆی بکات، ئەوا دەتوانێ شێوە چەرپایەکی تەختەی داپۆشراو بە چەترێك بۆ خۆی سازبکات لە ناوەڕاستی کەڵەکەکەدا، کە شەوانە بۆ نوستن و بەرۆژیش وەك ژووری دانیشتن بەکار دەهێنرێت.

81 "(زیکرول عەوازە) بەنداوێکە لەسەر ئاوەکە بنیات نراوە، کە لەلای باڵەکانیەوە تا رادەیەکی زۆر ئاوەکە لەسەری تەنکە و بە شێوەی ئاوی کانی پیادەڕوات. دانیشتوانەکەی سەر بە نیمرودن". لە بیرەوەریەکانی میستەر ریچەوە لە سەفەرەکەی بەغداوە بۆ ئەستەمبوڵ.

- 4/**مارچ/ئازار**.

شەوی رابردوو ئاسمان ئەوەندە هەورو هەڵا بوو، بۆیە نەمتوانی هیچ ببینم، هەروەها بەیانیش تەم بوو، هەرەشەی زریانی دەکرد، ئیدی ئەوە ئاشکرابوو، کە ناتوانم لەبەر رۆشنایی مانگدا هیچ ببینم، ئەوە وابوو، بەهەرحاڵ، لەم کاتەدا یەك شت بەلای منەوە گرنگ بوو. من دەمویست سەردانی شوێنەوارەکانی نەمرود بکەم،[82]، کە وای وەردەگرم لاریسای گەزنۆفۆن بێت. ئەوەندە روون و ئاشکرایە لە دەریاچەکەوە تا بتوانم هێڵکاری گشتی بکەم.



بەڵام دەمویست تاقیکردنەوەیەکی زیاتر و باوەڕپێکراو بکەم لەم جۆرە پاشماوە دەگمەنەدا، بۆیە دوای ئەوە کەڵەکەکەم ناردە ئەودیوەوە، بەیانیش یەکەم شت، کە کردمان بەپێ و بە هاوڕێیەتی خاتو ریچ و پیاوێك و تیمە ئیشکەرەکە بۆ پشکنین و وردبوونەوە لێیان، دەبووایە 45 دەقیقە لە باکوور و 45 لە رۆژهەڵاتدا برۆیشتینایە.

لە خێرایدا زۆر سەختە و هەستی گەڕانی من تا رادەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە. یەکەم شت، کە سەرنجی راکێشاین، چیا لوتکە قوچەکیەکان بوو لە باکووری رۆژئاوای گۆشەی هاوتەریبی داوێن یان چیا تەختەکە.

شوێنەواری کەلاوەکان وەك ئەوەی لەو شارەدا هەیە لە باکووردا بەرچاو دەکەوێت، تۆزێ لە رێگەی رۆژئاوا و مەودایەکی فراوانتر لە رۆژهەڵات. ئەوەش لە راستیدا گرانە مەودای وردیان دیاری بکرێت، ناوچەکە لە هەموو لایەکەوە کێڵراوە.

---

[82] موسڵ شەش سەعاتە بە کاروانی و چوار سەعاتە بە سواری ئەسپ دوورە.

N° 1 Brick from Nimrod dimensions 13.5 inc square by 4.25 thick. inscription on one edge alone




Letters coarser & deeper than those of the Babylonian bricks the brick also of coarser materials

N° 2 A broken brick the following on the face no traces of defaced letters, what remain quite clear.



N° 3 A small piece of brick with the following.



N° 4 Another brick from Nimrod 4.5 inc thick, 13.5 long: of the breadth of it only a piece of 5 inches remains its length is entire



This inscription occupies the whole length of the brick, & has not a margin all round it as in the Babylonian ones.



سەرەتا سەرکەوتمە سەر چیا، چونکە لەوێ ئاسۆ کەمێ روونترە، تا شتە دوورەکان بەرجەستە بکرێت، ئەوەی، کە خۆم شوێنەکانیان دەیزانم.

دەرە یان دۆڵ، تا رادەیەك لە خدر ئەلیاسەوە دێت، هەموو جۆگەلەکانی دەوروبەر کۆدەکاتەوە و دەڕژێتە دیجلەوە، بەوێدا دەڕوا و رووکاری باشووری کەنارەکە دەشواتەوە. زۆر جار ئاو هەڵئەستێ و بواری مەحاڵە، بەڵام ئێستا وشکە. ئەم دۆڵە پێیدەوترێ (سیخ دەرە). هەموو ناوچەکە بەجوانی کشتوکاڵی تێداکراوە.

نزیکەی نیو میل بەلای رۆژئاوای کەنارەکەدا گوندێکی گەورەی نیمرودە، زۆر جار پێیدەوترێ **دەراویش**.

زۆربەی تورکەکان لەو بڕوایەدان ئەوە شاری نەمرود خۆی بێت و یەك یان دوو باشترین زانیاری لەگەڵ ئەوەی لە موسڵ هێمام بۆ کرد، وتم ئەوە **ئەل ئاسەر** یان **ئاشوورە**، کە هەموو وڵاتەکەی پێوە ناونراوە[83] سەیرە، کە گوندنشینەکانی دەراویش، هێشتا نەمرود بە دامەزرێنەری خۆیان دەزانن.

حیکایەتخوانی گوندەکە کتێبێکی هەیە پێیدەوترێ (**کیسە نەمرود**) یان سەرگوزەشتەی نەمرود، کە جوتیارەکان لە شەوانی زستاندا ئاهەنگی پێوەدەگێڕن.

بەڵام، کە دێیتەسەر وەسفی کەلاوەکان، هەمان شێوە قوچەکی سەرەوەی گۆشەی باکووری رۆژئاوای کەنارەکە پێکدەهێنێ، کە لەگەڵ رووی قوچەکەکەدا جوت دەبێت. لە بنکەی رۆژئاوای قوچەکەکەوە چەند یاردێك لە هەمان جۆر بینای کۆنکریتی، کە لە نەینەواش بەرچاوم دەکەوت. لە راستیدا ئەم کەلاوەیەش بە شێوەیەکی گەورە وێنای

---

[83] بە ناوی ئەم شوێنە ئاڵۆزەوە لەوانەیە بۆ ئەوەی یەکەم دانیشتوانی وڵاتەکە بمێنێتەوە و لەم خاڵەوە لەوانەیە ئەو ناوە بۆ ناوچەیەکی فراوانتر درێژبووبێتەوە. بڕوانە جێن، بەرگی دووەم. لە دەرەوەی ئەو خاکەوە زیاتر بڕۆی ئاشوور و بینای نەینەوا و وڵاتەکەیە، یان وەك ئەوەی وتمان لە دەرەوەی ئەو خاکەدا زیاتر بڕۆی بۆ ئاشوور، ئیمپڕاتۆریای ئاشووریە. لەوە دەچێ وەرگێڕانی پێشوو باشتربووبێ و ناوچەی ئەو گوندە پەسەندتر بێت بۆ گریمانی ئەوەی دوای ئەوەی ناوەکە زۆر ناودار بوو.

ئەوەی نەینەوا دەکات و من شادمان بووم بەوەی پارچە خشتی سوورم دەبینی نەخشی مسماری لەسەر بوو. بە پەلە ناردم بۆ گوندەکە بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دانەیەکی ساغ و سەرکەوتوشبووم. خشتێکم دەستکەوت روەکەی و داوێنی بە نووسین داپۆشرابوون، نووسینەکە لەوەی لە بابلدا بوو گەورەتربوو، هەروەها لە ناوەڕاستی خشتەکەدا نەبوو، بەڵام رووەکەی دادەپۆشی زۆر چڕتر لەوەی بابل و لە راستیدا زۆر لە خشتەکانی نەینەوا دەچوو.

ناوچەی کەنارەکە تەواو بەرزنابێتەوە بۆ تەوقەسەری لاتەنیشتەکان، کە وەك دەڵێن جۆرێ لە بەربەستی بچوکی لە هەموو لایەکەوە جێهێشتبوو. باران بەو کەلەبەرانەدا لە ناوەندەوە بۆ داوێنی کەنارەکە دێتە خوارەوە. رووەکان دووانەکەی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کورتە و دووانەکەی باکوور و باشووری درێژترە. لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا پێوانەکراوە، بەبێ قوچەکەکە، پێنج سەدو چواردە (514) پێیە، باکوور بۆ باشوور نزیکەی دوو ئەوەندەیە. قوچەکەکە تەنیا لە ناوەوەی بۆ ئاستی کەنارەکە دارماوە و لە دەرەوەی بۆ ئاستی زەمین. گۆشەکانی ئێستا سوڕاوە بۆیە بەگوێرەی شێوەکەیەوە هێشتا تەواو دەتوانرێت وەك قوچەك هەستی پێبکرێت. زۆر لێژە و ترۆپکەکەی بچوکە. بەرزایی لە زەوییەوە، یان دەرەوە، سەد و چل و چوار (144) پێیە و نیوەی چێوەکەی بە حەبل لە زەوییەوە یان لە بنەچەوە پێوراوە و لەسەر کەنارەکەوە زیادەیەکی زۆر بەرچاو هەیە، کە (777 ) پێیە.

باکووری کەلاوەکان شێوەی رێڕەو و لادانیان لەگەڵ رووی رۆژئاوای کەنارەکە بۆ دووسەد 200 مەترێك لە دەستوورە بنەچەیەکەوە دوورە. ئینجا پێچدەکاتەوە بۆ رۆژهەڵات بە شێوەیەکی نارێکوپێك، یان بەهۆی کێڵاندنەوە پاکراوەتەوە یان تێکچووە. بەلای رۆژهەڵاتدا زەوییەکی نارێك دەردەکەوێت، (تەل سەیخ) لە دۆڵەکەوە بە ماوەیەك لە کەنارەکەوە سەردەکەوێت، کە باڵەکانی قوچەکەکەی تیایە، بەشێك لە شارەکەش لەسەر هەمان شێوەیە.

باشووری دوای کەنارەکە شوێنەواری لێنییە، کە لەوانەیە لەلایەن (سەیخ دیرە)وە لابرابێت. باکووری کەنارەکە دۆڵێکی بچوکە، پێی دەوترێ (کارداش دیرە)، بەر لەوەی

بگاتە دیجلە بەناو کەلاوەکەدا ڕێگاکە دەبڕێ تا تێکەڵ بێت بە (سەیخ دیرە). هەموو ناوچەکە کراوە بە کشتوکاڵێکی تەواو و هەروەها گردەکانی بەرامبەر بە گوندەکان دەورەدراون، بەڵام ژمارەیەك گرد و کەلاوە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت.

گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی، کە کەڵەکەکە چاوەڕێی دەکردین، لە باشوورەوە 55° ڕۆژئاوا، دوای 35 دەقیقە کۆی ڕێکردن.

لە گەیشتن بە درێژی باکوور و باشوور دۆزیمانەوە و لە 12:15 دەستمان پێکرد و ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی بەربەستە دەستکردەکەی تر دێت لە ڕووبارەکەدا، کە پێی دەوترێ (زیکر) یان خەندەق. بە ئاسانی نزیکی لای ڕۆژئاوای پەڕینەوە، بەڵام لەگەڵ هەندێ لەنجەولاری کەڵەکەکەدا، چونکە ئاوەکە تا ڕادەیەکی زۆر دەکولا.

ئەوە یان ئەوەندە بەرزنییە، یان لە چاو (زیکرول عەوازە)دا زیاتر وێرانە.

نزیکی سەعات 14:00 ئێمە ناچار بووین کەڵەکەکە لە گوندی (شەمووتە) لە کەناری لای چەپی ڕووبارەکەدا ببەستینەوە، ئەویش بەهۆی ئەو زریانە بەهێزەی لە باشوورەوە هەڵیکردبوو.

لە دەم زێدا لەو شوێنەی (کەشاف)ی تێدایە، لە مەدای چاودا ئەوەندە گەورە دێتە بەرچاو، وەك چیای ئەربێلا و تۆزێ لە ناو خاکەکەدا لە شەمووتەوە (تەپە) بوو، یان گرد، کە پێی دەوترێ **(تەل سیتەیە)**.

16:05 شەمووتەمان جێهێشت و لەگەڵ تێپەڕبوونمان بە ڕێگەکەدا ڕووبارەکە بەرە بەرە زیاتر فراوانتر دەبوو، هەروەها لەگەڵ دورگەکاندا تێکەڵ دەبوو.

**(تەل سیتەیە)** و **(بەڤیراڵ)** چیای تورەکەڕێژی تر بوون، دەکەوتنە بەر دید و ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی ئێمە گەیشتینە **کانی سولڤەر** (کبریت) لە لێژگایەکانی کەناری لای ڕاستەوە، کە لە بەردەلە و تەواو داڕماوە.

17:15 گەیشتین، لە کەناری چەپی دیجلەدا یەکەم ڕێژگەی زێ، کە دوو دانەی هەیە و **دوورگەی ریگی** جیایان دەکاتەوە. ئاوی شینی روونی زێی سەرو جۆش دەسەنێ و بەر تەوژمی پێچ خواردوی دیجلە دەکەوێت.

بنەوبارگەمان دیسانەوە لە 17:25 بەستەوە، تۆزێ لە داوێنی دووەمی گەلیی زێوە لەسەر کەنارە بەردەلانەکە. (کەشاف) میل و نیوێك لە باکوورەوە، 45° رۆژهەلاتی ئێمە بوو، چیایەکی تەختی دەستکردی درێژ لەگەلّ یەکێکی نزمتر لە تەنیشتیەوە بوو. دانیشتوانی موسلّ دەلّێن ناوە کۆنەکەی (کاریسە) بووە، لەوە دەچێت ئاگاداری (حادیسە)نەبن. [84]

حەزم دەکرد سەرکەومە سەر چیاکە، تا چاوێك بە دەوروبەری ناوچەکەدا بگێڕم و بە تایبەتیش زێ، بەلّام کەشوهەوا ڕێگەی نەدەدا. شەوێکی زۆر هەڕەشاوی بوو، بەلّام من سوور بووم لەسەر ئەوەی، کە لەوێ نەجولّێم تا بتوانم تێبینی هێلّی پان بکەم بێ لادان بۆ چارەسەری ئەو خالّە سەرنج راکێشەرە.

- 5/ **مارچ/ئازار**.

شەوێکی زۆر ناخۆش بوو، لەگەلّ هەورەچەماخە و لێزمەی باران. رێگاکە بۆ کەشاف قوڕ و لیتە بوو، بۆیە هیچ هیوایەکی گەشتنمان بۆ ئەوێ نەبوو. لە سەعات 10:00-11:00دا ئاسمان دەستیکرد بە رۆشنبوونەوە، بە بڕێکی ئەوتۆ، کە بۆ من بەس بوو تا لە کاتی نیوەڕۆدا هەندێ تێبینیم دەستبکەوێت، ئەوەندە بەختەوەر بووم بۆ بەدەستهێنانی بەرزایی زۆر و گەورە، هەموو شتێك چاوەڕوان دەکرا. تەنیا لە هەمان کاتدا هەندێ دوکەلّ لە کەلاوەکانی (**کیەرە**) بەرزبۆوە، کە توانای ئەوەی دامێ تا لە باشوور 15°رۆژئاوادا دایبنێم. دەیانووت ئەوە بەناو رۆخانەکەدا پێنج سەعات دەبێت.

دەوروبەری نیوەڕۆ دەستمانکرد بە رۆیشتن، لە نێوانی دوورگەیەك و کەناری چەپ، کە بەرز بوو، لە شوێنێك نیشتوی رەقبووم بینی، کە نزیکەی 15پێ ئەستوور بوو، لەسەر

---

[84] لەوانەیە هەمان وشە و هەمان واتا بێت.

بناغەیەكی بەردەلم راوێستابوو، لە ئەندێ شوێندا لەسەر ئاوەكە دەردەكەوت. لە كەناری لای راستەوە گردەكانم بینی بەشێوەیەكی پلە و وەك یەك كۆتاییان دێت و پیان دەووتن (**مورشەك**) شوێنی ناشتنی تەرمی **ئەبو سەلمانی عەرەب**، لە بناغەی مۆنیمۆنتەكە نیشانەكراوە.

نزیكەی سەعات 13:00 گەیشتینە كەلاوەیەك لە هەردوو لامانەوە، گردەكانی قەرەچوغ بە درێژی دەبینرێت، نزیكەی هەشت یا نۆ میلە. ولآتەكە زۆر كراوەیە بۆ گوندی **سولتان عەبدوللآ**، لەوێدا، كە رووبارەكە زۆر فراوان دەبێتەوە. بەخێرایی توانایەكی هاو شێوە سولتان عەبدوللآ جێدەهێڵێ، رووبارەكە وەك رابكات بەرەو زیاتر رۆژهەلآت، لەم كەنارە بەرز و وشكانەوە، كە دیارە ئەو رێڕەوە وەردەگرێت.

سەعات 15:30 بە (مەكووك)دا تێپەڕین، چیایەكی توورەكەڕێژ هەبوو چەند گردێكی بەدەورەوە بوو، لە شێوەدا لە نیمرود دەچوو، بەلآم بە دووری كەمتر. ناوچەكە لێرەدا كراوەیە و سەوزە و تەختە.

دوای پەڕینەوە لە (منشار) بە رووبارەكەدا پەڕینەوە و سەعات 15:45 لە كەناری لای راستدا دوو میل لە (كیارە)وە دوور بۆ حەوانەوەی شەومان وێستاین، لەو شوێنەی بیرە نەوتەكانمان دەبینی، كە دوكەڵی رەشیان لێبەرز دەبووەوە.

لەبەر دەمماندا ناوچەیەكی فراوانی سەوز لەگەڵ هەندێ گردۆڵكە لێرەو لەوێ و زنجیرە گردەكانی حەمرین لە پشتیانەوە بوو. خانوی بچكۆلە لەسەر گردەكان دیاربوون. لە باكووری رۆژئاواوە دێی بۆ باشووری رۆژهەلآت، واتە باشوور بە رێڕەوی گۆشەی 62° رۆژئاواو بە دووری 6 میل.

بەلای خێڵەكیە عەرەبەكانی **ئەلبو سەلماندا** و گوندییەكانی **قەرەقوش** و **تەل ئەگووب** و **سەلامییەدا** تێپەڕین، كە هاتوون بۆ ئێرە بۆ لەوەڕی ئاژەڵەكانیان.

كەناری چەپی رووبارەكە وەكو ناوچەی سەرو موسڵ وەهابوو، هەرچەندە تەواو وێكنەئەچوون، جگە لەوەی بەرەو ئاو ناوچەكە بەرزە و ئێستا كەنارێكی وشكە، زیاتر

ڕۆژهەڵات ڕائەماڵێ وەك لەو كەناڵەی ئێستا، لە بەرزی ئەو شوێنەی دەیگاتێ لە كۆتاییدا بۆی دەگەڕێتەوە، نزیكەی نیو میل نزمترە لە بنكەكەی ئێمە. ڕووبەری ناوچەكە زۆر تەخت و بەرفراوانە.

لە شەودا كەشێكی زریاناوی و هەورەچەماخەیەكی زۆرمان لای ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو، زریانێكی بەهێز لەسەر قەرەتوك بوو. ڕووبارەكە بە ئاشكرا ئاوەكەی بەرزدەبووەوە.

- 6/**مارس**/**ئازار**.

لە 05:25 بەرەبەیان كەوتینە ڕێ، تا ئیشوكارێكی باشی ڕۆژانە بكەین، بەڵام چونكە شەوێكی ئاڵۆزمان هەبوو، بۆیە تا نزیكەی سەعات 08:30 هەڵنەسام، ڕووبارەكە زۆر فراوان بوو، ناوچەكەش سەرتاپا جوان و ڕازاوە، بەربڵاو و سەوز بوو، هەروەها لە چەند شوێنێك دڕكوداڵ هەبوو.

**تەل گەلوس تەپە**، یان چیا، لە پشتمانەوە لەسەر كەناری چەپ بوو، ئێمە ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی چووینە ناو خێڵی (طه ی)ی عەرەبەكانی **شەمامیك** یان بەشی **دیابەوە**، كە لەگەڵ **علی ئەلحسانی شێخی شەمامیكدا** ماڵاتیان دەردەكرد بۆ لەوەڕ، كە خێڵاتێكی زۆر گەورەی بەدرێژایی كەناری چەپی ڕووبارەكە هەبوو. چاوساغی ئەو ڕۆژەمان لە هەندێ بەشدا ئاڵۆز و جەنجاڵ بوو، ئەویش لە زۆریی دورگە و ڕێگەوبانەكان. لە كەناری لای چەپەوە سەعاتێك بۆ نانخواردنی بەیانی وێستاین، كە هەمان شێوە ناوچەی سەوزایی و دەشتی پان و بەرین بەردەوام بوو، كە پێشتر تێبینیم كردبوو، هەروەها پڕ بوو لە دڕكوداڵ و گوڵە كێوی.

نزیكی نیوەڕۆ گەیشتینە حەوزێك، ئاوەكەی دەكوڵا و پێیان دەوت (خەباتە)، كە بە بەردی گەورە لە ژێرەوە داڕێژرابوو، لەوە دەچوو دروستكرابێت، بەڵام خەڵكی ناوچەكە دەیانوت هەروابووە. ڕاستییەكەی بەر لەوەی بگەینە ئەوێ لە كەناری دەستی چەپەوە بەلای سێ چیادا تێپەڕین، كە پێیان دەوترا (**توولول ئاگەر**)، كە نزیك بە ئۆردوگای خێڵە عەرەبەكانی **ئەلبوحوسەین و ئەبو دەولا** بوون، ئەوانەی، كە هەمیشە لەم ناوەدان. لەو نزیكانەش دارستانێكی بچوك هەبوو.

رووبارەکە ئەوەندە خووڕبوو نەماندەتوانی لەسەر **قەڵای تۆپڕاك- شەرگات** دابەزین، کاتێ گەیشتینە ئەوێ سەعات 12:15 بوو، گردێ بوو بەدەووری دامێنەکەیدا کەلاوە و پاشماوەی دیوارێك بوو، هەمووی لە قەراغی کەلاوەکەدا بەرزبووبۆوە.



کۆمەڵە خۆڵ و خاشاك بەو ناوەدا بڵاوبووبۆوە، کە لەناویدا سەرەداوی بینا بە بەرد و قسڵ وچیمەنتۆی لەسەری دەبینرا، پارچەکانی بیناکە و خشتی گەورەی چوارگۆشە. پارچەیەکی نەخشدارمان تێبینی کرد، کە لە پارچەی پەیکەرێك دەچوو، یان لە نەخش و زەخرەفەیەکی نایاب دەچوو، کە ئێمە بەهۆی دووربینەکانمانەوە بەدیمان دەکرد.

هەرچەند نزیك بووین لە کەنارەکەوە، بەڵام وەك لە سەرەوە وتم نەماندەتوانی دابەزین، ئەویش بەهۆی تەوژمی بەردەوامی شەپۆلی ئاوەکە، بەو شێوەیە لەو بڕوایەدام بە بڵاوبوونەوەی پارچەکانی کەرەسەی بیناکە لەناو ئاوەکەدا. هەروەها پیاوانی کەڵەکەکەش بە دڵنیاییەوە ئامادە نەبوون هەوڵێك بدەن.

ئەو کەلاوەیە زۆر بە باشی شایانی لێکۆڵینەوە و پشکنینە، تاوێرێك پێکدەهێنێ نزیکەی 20پێ بەرزە، بەدرێژایی کەناری رۆژئاوا بۆ ماوەی دوو میل درێژ دەبێتەوە بۆ باکوور و باشوور و لەوەش دەچێ دوورتریش بێت. ماوەکە لە موسڵەوە دەڵێن، بە زەویدا 22 سەعات دەبێت، گردەکانی حەمرین لە پشتەوە نزیکن، لەگەڵ چەند ئەشکەوتێك، لە داخمە دەچوون، یان شوێنی کۆنی مردو فڕێدان لە سەرەوە. ئەو پاشماوە و کەلاوەیەی قەڵای تۆپراك لەوە دەچێ زۆر دەگمەن بێت بە دەوروبەر و بارودۆخی رێگاوبانی دەرەوەی، لەوە دەچێت تەنیا دووچاری کارەسات و دارِمانی سروشتی بووبێ، لەوەناچێت بەدەستی مرۆڤ وای بەسەرهاتبێت. تورکەکان پێیدەڵێن (قەڵای تۆپراك) و عەرەبیش پێیدەڵێت: (قەڵای شەرگات)، کە هەردووکیان هەمان واتایە و بە مانای (قەڵای زەمین) دێت. هەمووشیان دەڵێن ماوەیەکی دوور و درێژ بەر لە ئیسلام وێران بووە.

ئێرە سنووری باشووریی خاکی هەرێمی موسڵە، لەسەر کەناری رۆژئاوای **دیجلە** و سنووری لای رۆژهەڵاتی زێی گەورەیە.

لە 12:30دا گەیشتینە کۆتایی کەلاوەکە، کە بەرامبەر رەشماڵەکانی عەرەبی (**طی**) بوو، هاوبەشییان لەو ناوچە پانوبەرین و سەوزەی وەك زمرود دەکرد. ئەوەندەی نەخایاند بەلای گردەکانی حەمریندا تێپەڕین، لە کەناری راستەوە نزیك بوو، کە شێوەیەك پێچەوانەی ئاڕاستە بە ناوی (خانوزە)وە، کەڵەکەکەی خستبووە مەترسییەوە کاتێ، کە رووبارەکە بەرزدەبووەوە بەم خێراییەی ئێستایەوە. قەدپاڵەکان بەر تەوژمی ئاوەکە دەکەون و لە خانوزەدا دەڕمێنە خوارەوە. نزیکەی 14:30 بەلای پارچەیەکی سەیردا شۆڕبووینەوە لەناو رووبارێکدا بەناوی (**نەمبا**) مەبەست لە ناوەکەی واتە مێروولە تێیداوە.

چەند دەقیقەیەك دوای ئەوەی گەیشتینە شوێنێکی خووڕی زۆر خراپ، کە بە هۆی نیشتوویەکی کلسییەوە دروستبووە و پێیان دەوت (فیراج) و کەمێ دواتر من لەلای راستمانەوە تێبینی گردێك، یان تەپەیەکی درێژ و نزمم کرد، کە گۆڕی شێخێکی عەرەبی لێبوو. لە 15:30دا خووڕییەکی ترمان پێشهات، پێیان دەوت (تریەشە) و لەلای کەناری راستەوە کەلاوەیەکی تربوو پێیدەوترا قەڵای (مەکهۆڵ) یان مەکحول، کە لەسەر رووی بەرد بەستونی راوەستاوە و پێکهاتووە لە چینی بەردی رووت. ئەو لایەی ئاوی رووبارەکە دەیشواتەوە، پارچەی گەورەی داڕماندۆتە خوارەوە.

بینا سەرەکییەکە بریتییە لە ژوورێکی درێژی پەنجەرەدار بۆ سەر رووبارەکە، سەقفەکەی، کە لای چەپییەوە رۆیشتووە و بە کۆڵەکە یان لەسەر پارچە بەردی بیناکە راگیراوە، کە جۆرێ لە پەنجەرەی تێدایە، لەوە دەچێ بۆ پێشاندانی ئەوەبێت، کە چەند ژوورێك لەژێر زەمینەکەیدا هەیە.

لە میانەی ئەو گردانەوە، گردۆڵکەکانی حەمرین لە پشتی ئەوانەی پێشەوە دەبینرێ، کە لە پێشدا من وامدەزانی حەمرینە، لەبەر ئەوەی لقێك یان دیمەنێکە پێیان دەوترێ ماکهۆڵ- مەکحول، یان چیاکانی خانوزە، کە وەك رەگی سەرەکی حەمرینە لە هەموو

لایەکەوە، جگە لەوەی زیاتر خواربۆتەوە، حەمرین خۆی راستەوخۆ بە تەنیا زۆر جوانە. من لێرەدا تێبینی کەنارێکی سەیرم کرد، کە دارمابووە لایەکی رووبارەکەوە و لەوێدا بە سادەیی پێناسە دەکرێ، یەکەم، گلێکی تەواو بە بالای چوار پێ ئەستووری، دووەم، فەرشێك لە بەرد، کە نزیکەی هەشت پێ و لەژێر هەموو چینێکدا بەردەلمی تێدایە و دە دوانزە پێ بۆ کەناری ئاوەکە.

خۆمان بۆ شەو ئامادەکرد، نزیکەی سەعات 16:30 دوای نیوەڕۆ، لەسەر کەناری لای راست، بەرامبەر ڕێژگەی زێی گچکە لەو کەنارەی هەواری عەرەبی (ئەلعابید) بوو، کە حەسەن عەلی سەرگەورەیان بوو. لە نزیکمانەوە دارستانێك و کەمێ دڕکودالّ و گژوگیاو گولّی کێوی هەبوو.

کەناری رۆژئاوای زێ لە گردۆلکە پێکهاتووە، کە گۆڕی هەندێ شێخی عەرەبی لەسەرە و ئەمە ئەو گردۆلکانەیە، کە بۆ ماوەی بیست دەقیقەی رابردوو کەناری چەپی **دیجلە**یان پێکهانیوە. لەسەر کەناری رۆژهەلاتی زێ ناوچەکە زۆر تەخت و بەربلاوە.

- 7/**مارچ**/**ئازار**.

نزیکەی سەعات 05:30 بەرەبەیان کەوتینە ڕێ، با بە سەختی لە باشوورەوە هەلّیکرد، سەعات 06:00 گەیشتینە خووڕی و گێژاوێك، کە بۆ کەلّەکەکە مەترسیدار بوو، پێیدەوترا (**کەلب**)، یان گۆشە، چەند دەقیقەیەك دواتر گەیشتینە کۆتایی **تەپەی خانوزە** لە کەناری لای راستدا.

نێوانی ئەوان و حەمرین بە شاخ و گردۆلکەی هەمەجۆر پڕبووبۆوە، داڕوخانێکی خەیالّیش بە شێوەیەکی تۆقێنەر لەو ناوەدا کەوتبوو. لە سەعات 07:00دا بە شوێنێکدا تێپەڕین پێیدەوترا (**موساهەج**)، یان دارماوەکان، لەوێوە بۆ لوتکەی ئەو شاخانەی لەسەرەوە هێمای بۆ کرا، وەك ئەوە وایە بەسەر کەلاوەکانەوە بن.

لە کۆمپاسەکەوە من تەنیا دەمتوانی زەوییەکی رەق و بەردەلمینی دارماو ببینم، خەلّکی دەلّێن ئەوە قەلایە، بەلام کەسیان لەوێدا لەسەر وشکانی نەبوون. پاشماوەکە،

یان سروشتییه، یان له هونەرەوەیە، ژمارەیەك شاخی جیاواز دادەپۆشێت و کەنار یان بڕبڕەی پشتی زۆر له تیژەکان پێکدەهێنێت، جگه له تاکه دیوارێك زیاتر نییه. بەشێك نییه له گردەکاندا بۆ خانووبەرە و نیشتەجێ بوون بێت و پاشماوەیەکی سەخت و وشکه.

ئێمه له ڕێی خۆماندا بەردەوام بووین تا له (تەل حەملیه) نزیك بووینەوە، چیایەکی بچوك له کەناری لای چەپ و قەڵای جەببار، یان قەڵای زۆردار له کەناری لای ڕاستی ڕووبارەکەوە بوو، کەلاوەکه ڕێیەکی کورت بوو بۆ سەر حەمرین، هەندێ قوللەی شێوە خڕی له خۆگرتبوو، که به دیواری سادەو ساکار گەیەنرابوون بەیەك. پاشماوەیەکی زۆری تر شایانی سەرنج بوو، که تا ڕادەیەك درێژبووبوونەوە بۆ سەر چیاکه، ئەوانەش تەنیا دیواری شوورا بوون، له شارەکەوە دەستی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکه لێژ بوو.

نزیکەی سەعات 08:30 له داوێنی حەمریندا وێستاین بۆ بەرچایی، لەسەر کەناری لای ڕاست، نزیك قەڵای جەببار، لەو شوێنەی، که دەکرا کەڵەکەکەی بۆ بهێنین. هەروەکو چۆن لای قەڵای تۆپڕاك بووم، به شادمانییەوە چووم بۆ بینینی ئەو کەلاوەیە، بەهەرحاڵ، تەواو دڵنیا نەبووم تا ئەوەندە دوور بڕۆم بۆ بینینیان. له ڕوخسارياندا پێدەچوو موسڵمان بووبێتن. ئەو شوێنەی لێیوێستابووین و هەموو دەوروبەری بەگشتی سەوزێکی جوان بوو، هەروەها به گوڵه کێوی ڕازابۆوە، له نزیکمانەوە هەواری هەندێ عەرەبی خێڵێکی بچوك بوون، که پێی دەوترا (ئەبول ئیسحاق)، هەروەها له هەردوو لای ڕووبارەکەوە هەندێ (بەدو- دەشتەکی) عەرەب هەبوون. چەردەیەکی زۆر له دومەڵانیان هێنابوو بۆ فرۆیشتن.

دیسانەوە له سەعات 10:30دا دەستمان پێکردەوە، بەڵام دەستبەجێ بەهۆی توندی ڕەشەباکەوە ناچاربووین خێرا بگەینه دوورگەیەکی بچوك بەرامبەر ئەوەی لای کەناری چەپمانەوە بوو. هەندێ شاخ و گردی سەیر و سەمەرە و هەمه شێوەی لێبوو. له 13:30دا دووباره دابەزینەوە و به نیو سەعات لەسەر کەناری لای چەپ گەیشتینه (تەل دەهەب)، که له لایەن (**زەڤەنۆت**)ەوە پێیدەوترا (**ئالتون قەرە**)، گردێك لەو کۆمەڵانەی لەسەرەوە باسم کردوون بەرزترە، که دەوری داوە. ڕووبارەکه نزیکەی نیوەی بردبوو، ئەم کاره لێرەدا هێڵی ئاسۆیی سروشتی چینەکانی زەوی دەرخستووە، که چینی بەردەلمینه.

کەمێ دوای سەعات 14:00، بە پردێکی خراپ و بەردەڵاندا پەڕینەوە، کە خێرا ئاوی پیا دەڕۆیشت و لەو شوێنەدا بوو، کە رووبارەکە لە کەناری چەپەوە نزیك بوو، گردە نزیکەکە گۆڕستانی عەرەب بوو، ئیدی سەعات 14:30 گەیشتینە رۆژهەڵات (فەتحە)، کە لێوەی دەچوون بۆ گردەکانی حەمرین، رووبارەکە پێیدا دەچوو بۆ باشوور 30° رۆژهەڵات و نزیکەی 150 یارد پانییەکەی بوو.

لە تێپەڕبوون بە کەناری لای چەپدا، لە نێوان پاشماوەکانی گردەکانی حەمریندا، سەرچاوە و کانی نەوت و نیتراتی سۆدیۆمان دەبینی. ئێمەش راستەوخۆ دوای پەڕینەوە بەو شوێنەدا، کە رووبارەکە زۆر دوورگەی تێدا کردووە و سەرەتای پایزێکی زووە، سوارەی (دیایەبات) لە سنجارەوە بێرەدا دەپەڕنەوە تا بچن بۆ دزی و جەردەیی لە گردەکانی دەووروبەری کەرکوك. ئەوان لە سنجارەوە دێنە خوارەوە بۆ حەمرین.

رووبارەکە لە فراوان بووندا بەردەوامە، شەپۆلەکان زۆر بەهێزن و دوورگەیەکی زۆری تێدایە. لەسەر کەناری چەپ گردۆلکەی نزم هەبوو، لەناویاندا یەکێکیان پێیدەوترا لەق- لەق، زیاتر هاتبوو بەلای رووبارەکەدا و ناوچەکە لە لای راستەوە زیاتر بەربلاو بوو، بەڵام ئەوەندە نا تا وەکو (الغرین) دەربکەوێت. رەشماڵەکانی عەرەبەکانی ئەلبو حەمید بەدرێژایی کەنارەکە لەوێدا هەڵیان دابوو.

نزیکی سەعات 18:00، لە دوورگەیەکدا شەومان بەسەر هات، لەلایەن عەرەبەکانی خێڵی ئەلبو حەمیدەوە، هەموو دوورگەکان کرابوون بە گەنمە شامیی هیندی. ناوچەکە لە هەردوو بەرەوە تەواو لەو ناوچەیەی سەرو موسڵ دەچوو. حەمرینیش تا ماوەیەکی دوور دیاربوو.

ئەوەندە نەبوو بەر لە خۆقایم کردنمان، لەسەر کەناری لای راست شوێنێکمان بینی پێیدەوترا (خان خەرینینا)، باشووری دەبەستەوە بە 60° رۆژئاواوە. دوو شاخی گەورە، کە جیاوازبوون و لە داوێنیاندا کەلاوەیەکی گەورە هەبوو، هەندێ کەوانەی تاقەکان لە دووربینەکانمانەوە دەبینرا، لەوە دەچوو شوێنێکی سەرنج راکێشەر بێت. تەنیا ئەوەی

هەبوو باشوور ماوەیەکی نزمتربوو لە گردەکان یان راستر بەرزترە لە جیاتی ناوچەکە لەگەڵ روویەکی تەخت، کە پێیدەوترێ (چیای خەرنیان)، کە بەرە و تکریت دەکشێ.

- 8/**مارچ**/**ئازار**.

لە 05:45 دا چووینە دەرەوە، بەڵام رێکردنمان زۆر سست بوو، ئەویش بەهۆی ئەو با زۆر بەهێزەی باشووری رۆژهەڵاتەوە. لە 07:30 دا دەستمکرد بە تێبینی کردنی ئەو کونەی (فتحه) باکوور، 10° رۆژئاوا، رێڕەوەکەشمان بەرەو باشوور بوو.

لە دەووروبەری 08:00 دا بەلای چەند نافورەی ئاو و کشتوکاڵدا لەسەر کەناری لای چەپ تێپەڕین، کە تایبەت بوون بە عەرەبەکانی (**جۆوری**). رێکرد بە سستی و زۆر سەخت بەردەوام بوو، هەروەها کەمێ پێش سەعات 10:00 پێویستمان بە وێستان و پشوو بوو، یان لەوەش زیاتر پێچەوانەی کەناری لای چەپ دەجولاین، لەوێدا تا 16:15 ماینەوە.

لەسەر گردەکانی **خەرنیناوە** گۆڕستانی (**خاڵخالان**)ی کوڕی (**ئیمام موسا**) دیاربوو.[85] ژمارەیەك گۆڕی بچوکتر لە دەووروبەری گۆڕەکەی ئەو بوون.

نافورە ئاوەکانی تایبەت بە خێڵێکی بچوکی عەرەبەکان، کە پێیان دەوتن **ئەلبو محەمەد** و سەر بە تکریت بوون. کاتێ ئێمە دامان بەلایاندا ئەوان لە جولەدا بوون و ئێمەش دیسانەوە کەوتینەوە رێ، لەگەڵ ئەو بایەی باشووری رۆژئاواشدا هەر دەڕۆیشتین، کە زۆر بەهێز بوو هەروەها زۆر کۆسپی دەهێنایە رێگەمان.

---

[85] حەوتەم لە دوانزە ئیمامەکەی کە شیعە بڕوایان پێیەتی، ساڵی 128/ کۆچی لەدایك بووە و دەڵێن بە فرمانی هاڕونە رەشید دەرمانخوارد کراوە، ئێستا لە کازمییە نێژراوە، کە ئەوسا گوندێکی نزیك بەغدا بووە لەسەر کەناری راستی دیجلە و سێ میل بۆ باکووری بەغدا، فارسەکان هەندێ مزگەوتیان لە شوێنەوارەکەیدا بینا کردووە، قوبە بچکۆلەکەی بە ئالتون داپۆشراوە.

له 16:50دا گردەکانی حەمرین هێشتا بە چاو دەبینران، تەنانەت لەناو پروشەی بارانەوە بەو بایەی باشووریشەوە، کە بە هەرحاڵ خێرا دوای بارینی هێمنیەکی تەواو باڵی کێشا و ئاسمان بوو بە هەورێکی چڕ لە هەموو لایەکەوە.

هەر دەڕۆیشتین و رووبارەکە تا دەهات زیاتر فراوانتر دەبوو، لە شوێنێکدا لەوانەیە میلێك پانتایی بێت. ژمارەیەکی زۆر رانە مەڕ لە کەنارەکانی دوورگەکان بوون، کە تایبەت بوون بە عەرەبەکانی ئەلبو **محەمەد**ەوە.

لە سەعات 05:30 گەیشتینە شوێنێك، کە پێیان دەوت **سەلوا**، یان **سیرەن**، لە دابڕاوەکانی **خەرنیانەوە** ئینجا بە سەر ئەم گردانەدا پێچی دەکردەوە، کە لە سەلواوە پێچێکی تری دەکردەوە و جارێکی تر نزیك تکریت دەگەڕایەوە، بەڵام ئەمە لە راستیدا، تەنیا ولاتەکە ڕێژەی ئاوی کەمیکردووە، رووبارە جارێك بێرەدا دەڕوات.



**تکریت**

لە سەلواوە دەچووین بۆ باشوور. بە دڵنیاییەوە دیسانەوە رووبارەکە دەستیکردەوە بە هەستانەوە، بەرزبوونەوەیەك لەم دواییەدا تەنیا هۆکەی باران بارینە. لە سەعات 17:50 سەر لە ئێوارە زریانێکی سەخت لە رۆژئاواوە هەڵیکرد، کە ئێمەی گەیاندە کەناری رۆژهەڵات بە چەند ماوەیەك بە کەڵەکێکی تر. خۆشبەختانە کەنارەکە نزم و روون بوو. زریانەکە ماوەیەکی زۆر درێژەی خایاند بەجۆرێ، کە نەیدەهێنا جارێکی تر بکەوینەوە رێ تا تەواو دەبێت. کەلاوەکانی تکریت، لە داوێنی بەردە ستونیە بەرزەکانەوە دەرکەوتن.

- 9/**مارچ/ئازار**.

لە 05:30 کەوتینە رێ و لە 06:00دا دیسانەوە پێش تکریت خۆمان لەسەر بەردەڵانەکان توندکردەوە.

کاتێ بەرچایی ئامادە دەکرا، منیش سەرکەوتم تا چاوێ بە ناوچەکەدا بگێڕم، کە لە راستیدا پڕ بوو لە کۆمەڵە خۆڵ و خاشاکی وڵاتەکەی پێشوتر، کە بۆشاییەکی گەورەی داگیرکردبوو، لەوانەیە لە هەموو بەغدا گەورەتر بێت. قەڵاکە (ئێستا تێدەگەم، کە کاتی خۆی چەندە قەڵایەکی بەهێز و قایم بووە) لەسەر تاوێرە ستونیەکان لەسەر رووباری دیجلە بە بەرزی 200 مەتر و بە خەندەقێکی پان و قوڵ لە شارەکە جیاکرابووەوە، کە تاوێرەکانی قەڵاکەی دەرکەنار کردبوو، بێگومان بە دیجلەش پڕبووبووەوە.

شارەکە لەوبەری خەندەقەکەوە بوو، هەروەها دیواری بە دەوراکراوە. ئەم ناوچەیە ئێستا بە کۆمەڵە خۆڵ و خاشاك داپۆشراوە، کە زووربەی قسڵ و بەردی گەورەی خڕە، وەکو ئەوانەی (قەسری شیرین). گۆڕەکان و ژوورەکان لە هەموو شوێنێکدا هەبوون و بڵاو بوون.

لە داوێنی تاوێرەکانی قەڵاکەدا دەرگایەکی گەورە بە خشت دروستکرابوو، کە بە پێوە مابوو، بەڵام بە دەووری تاوێری دیوارەکاندا، پاڵپشتی دیوار و سەنگەری تەواو مەحکەم هەبوون. پاشماوەی پلیکانەیەکی نهێنی هەبوو، کە لە ناوجەرگەی قەڵاکەوە

دەچوو بۆ خوارەوە بۆ سەر لێواری ئاوەکە. خەڵکی دەڵێن لە شارە تازەکەدا پاشماوەی 10 کڵێسە هەیە، بەڵام بە تەواوی وێران بوون. لە دەرەوەی بەشی باکووری شارەکە کەلاوەیەك هەیە، پێیدەوترێ خانووی کچانی عەرەبی، یان شوێنی نیشتەجێی کچان، ئەوەش لەوانەیە پەرستگای راهیبە بووبێ.

(الحزر)[86] لەوێوە دوو رۆژی درێژ رێگەیە، باکوور، 30° رۆژئاوا. قوچەکێکم بینی، یان راستر وایە بڵێم قوچەکی دەرگا، باشوور. 8° رۆژهەڵات، کە چوار سەعاتە. حەمرین لە باکوور 20° رۆژئاواوە، بۆ باکوور 70°رۆژهەڵات دیارە، ئەلفەتحە باکوور 10° رۆژئاوایە.

هەر کاروانێ، کە تەنیا بیەوێ بچێ بۆ کەرکوك، شەوێ لە گردەکانی حەمرین پشو دەدەن و رۆژی دوایی دەگاتە شوێنی مەبەستی خۆی.

شارە تازەکەی تکریت، کە بریتیە لە 600 ماڵ، بە خشتی سوور دروستکراوە و ئەم ساڵ 22000 قرۆش (فەلاحەت) کشتوکاڵی کردووە.

ئەو سەرتاشەی قژی بڕیم زۆر چەنەباز بوو، بەڵام بەهۆیەوە هاوشارییەکی ئەوم ناسی، پیاوێکی بەتەمەن پێکەوە دانیشتین و چیرۆکێکی دوورودرێژی دەربارەی **سوڵتان عەبدول سیتیحەی** باپیرەگەورەی خۆی بۆ گێڕامەوە.

لەوە دەچێ کەشوهەوای تکریت بۆ وتەی وشك و سارد لەباربێت، لەم وڵاتەدا وتەیەك بڵاوە، " قسەکردن وەك تکریتی " ئەگەر ژنێ لەو رووەوە بەلای پیاواندا تێپەڕێت، لەبەر زۆریی خرۆشی سێکسی، ئەو بەزەیی بەوەدا دێتەوە، کە ژنی تکریتی دەهێنێت.

[86] لە هاووڵاتییانەوە فێری ئەوە بووم کە لە رۆژهەڵات، حەزەر پاشماوەی دیواری سیانی و پەیکەرتاشی و نووسینی تێدایە، ئەوەش لە کەناڵی سەرساردایە، کە رووبارێکە لە سنجارەوە دێ و دەڕژێنە دەریاچەیەکی سوێرەوە. لە دۆڵێکدا نزیك حەزەر، بەردی مەڕمەڕی تێدایە بە نووسین داپۆشراوە. بڕوانە لاپەڕە 108 و پەراوێزەکە.

ئێمە لە 12:15 تکریتمان جێهێشت و بە درێژایی ژێر دابڕاوەکان بەردەوام بووین، کە لە چەو و گڵ پێهاتبوو- هیچ بەردێ بەدەرەوە نەبوو. ناوچەکە لە هەردوو لاوە کشتوکاڵی باشی تێدا کرابوو.



**ئیمام داوەر**

نزیکەی سەعات 15:00 گەیشتینە (ئیمام داوەر)،[87] لە کەناری لای چەپی رووبارەکەوە چەند دارخورمایەك و یەك یا دوو باخی تێدایە و بە زیارەت و شوێنی حەج دەناسرێت،

[87] نەبوخەزنەصری مەلیك، پەیکەرێکی بە درێژی 60 و پانی 6 باڵ لە دەشتی دورادا دروستکرد، لە ناوچەی بابل- دانیاڵی سێیەم. 1. لە گەڕانەوەی سەربازەکانی رۆمانی لە مەدائینەوە، لەژێر فەرمانی جۆڤیاندا، باسی ئەوە دەکەن کە خێمەکانیان نزیك شاری دۆرا هەڵداوە، چوار رۆژ دوای مردنی جولیان. هەروەها بەشێك لە سەربازەکان لە بێدەنگی شەودا لەناو دیجلەدا مەلە دەکەن و سەرکەوتنی ئەو تاقیکردنەوەیەش، گیبن دەڵێت: رزگاربوو لە ئیمپراتۆر بۆ گوێگرتن لە ئەندازیارە بیناسازەکانی، کە

لەگەڵ بورجێکی پێچاوپێچی شێوە قوچەکی بە سەرەوەیە. بە ماوەیەکی کورت لە پشتی شارەکەوە شاخێکی زۆر گەورەی دێرینی لێیە.

چەند دەقیقەیەك دوای ئەوەی (حیمرا)مان جێهێشت، (زیکر) یان بەربەستێك لە رووبارەکەدا هەبوو، بەڵام لە کەناری لای چەپەوە زۆر دوور نەبوو، خەڵکی ناوچەکە دەڵێن دەستکردە، من هەندێ پارچەی کۆنکرێتیم دەبینی، ئیدی سەرتاپای ئەوەی دەردەکەوت سروشتی بوون. هەر تۆزێ خوار حیمرا (زکر)ێکی تر یان بەربەستێکی تر هەبوو پێیدەوترا **روویا**. رووبارەکە نزیکەی دوو پێ نزمترە.

لە شوێنیکدا، کە پێیدەوترێ (**تەل ئەلهجی**) لەسەر کەناری لای راستەوە، گۆڕستانێکی زۆر گەورە بەرچاودەکەوێت، بەڵام هەندێ رێگای بۆ دەچێت. کۆیلە و خێڵە بچوکەکانی تری عەرەب، کە لەو ناوەدا هەڵیاندابوو، ئەوەی باجیان دەدا بە **عەلی ئەلفیزە**، شێخی خێڵی (خەرنینا). لەلای چەپەوە خەڵکی سەر کەڵەکەکە هێمای رووبارێك یان کانیەکیان بۆ من دەکرد، دەیانوت، کە ئەوە کەناڵ بووە، لەلایەن مەلیك سولەیمانەوە لێدراوە و تا بە دووری (هۆوەیزا- حووەیزە) بچێت.

دەڵێن پردێکی لێیە دوور نییە، سەرەکەی بە بەردی بچوك لەگەڵ قورقوشمدا گیراوە و یەکێکی هاوشێوەش لەسەر(**ئەدهەیام**)ە. وەکو دۆڵێکی سروشتی لەبەینی چیاکاندا دەردەکەوێت. زۆر وشك و تەسکە و ئێستا چەند پێیەك سەرو رووبارەکەیە.

لە 16:20 گەیشتینە سەرەتای کەلاوەکانی ئاسکی بەغداد، لە دابڕاوە بەردینە بەرزەکانی کەناری چەپی رووبارەکە.

لە سەرەتاوە شوێنەوارەکانی کارێکی کەمی تێدابوو، قوڕ و خشت بە کۆمەڵێ خاشاکی زۆر کۆکرابووەوە، ئێمە نزیکەی لە سەعات زیاتر بوو پێیدا تێدەپەڕین.

---

=پێشنیاری کرد پردێکی بەسەر ئاوەوە بۆ دروست بکات لە پێستی فوکراوی مەڕ و گاو بزن لەگەڵ روپۆشی خاکەکەی و سیاجی کەنارەکە. لەناوچوون و روخاندنی ئیمپراتۆریای رۆمانی. بەرگی چوارەم، لاپەڕە 208

دورگەیەکی زۆر لەو ناوەدا بە درێژایی لای راستی رووبارەکە هەبوو، هەروەها تێبینی چەردەیەك باڵندەی تەواو ئەنتیکەمان کرد، کە بە عەرەبی پێیان دەوت (ئاجیزان)، کە بە دەوری بەردە دابڕاوەکاندا دەفڕین و دەنوکێکی سووری درێژیان هەبوو، باڵەکانیان سوور و سەوز تێکەڵاو و لە هەندێکیاندا دەگۆڕا، وا هەست ئەکەم لە کۆتریش گەورەتر بێت.

کەلاوەکە بەردەوام بوو تا 17:40، کاتێ گەیشتینە سیاجێکی چوارگۆشە، تەنیا لە شێوەی کەلاوەیەکی تردا، بەڵام زۆر نایابتر و پێیدەوترا (سینارس) و لەوە دەچوو، کە کۆتایی ئەو کەلاوانە بێت.

لە سەعات 18:00 بەلای (کەبر و سەید)دا تێپەڕین، پارچەی بەردین لە نزیك کەناری راستەوە بەخێرایی پێکدەهێنا و راستەوخۆ دوای پارچەی زۆرتر، دەڵێن پاشماوەی پردی (عاشقە). لە (هەوێڵ و بسێت) لەسەر کەناری لای چەپ، هەندێ کۆمەڵە خاشاکی کەلاوەکانی لێبوو. لە راستیدا (عاشق) (سەرتچە خان)ی هێنایەوە یادم. [88]

سەعات 19:20 گەیشتینە سامەڕا لەسەر کەناری چەپی رووبارەکە. [89]

- 20/ **مارچ/ئازار**.

لە کاتێکدا چاوەڕێ بووین بۆ چاودێری پاش نیوەڕۆ، من چووم بۆ بینینی مزگەوتە گەورەکە، یان (مەدرەسە). خشتکارییەکی چاکی تیاکراوە و قەوارەکەی 200×150یارد دەبوو. دیوارەکەی بە چەند ستونێك پاڵپشت کراوە، لە دوورییەکەوە وەك قوللە

---

[88] سەرتچە خان لە (نیسیبلس)ەوە نزیکەی سێ سەعاتە، لەسەر رێگەکە لەو شوێنەوە بۆ ماردین سیاجێکی ئەستوور بیناکراوە و پێشەکەی بە بەردی گەورە گیراوە.

[89] لە پیاچوونەوە بە تێبینیەکەی پێشوودا، سەربازی رۆمان " دوای شەڕێك لە رۆژێکی درێژی هاویندا، سەرلەئێوارە گەیشتنە سامەڕا لەسەر کەنارەکانی دیجلە، نزیکەی سەد میل لە سەرو (کتەسیفۆن-مەدائین)ەوە، لەناوچوون و روخاندنی ئیمپراتۆریای رۆمانی، بەرگی چوارەم، لاپەڕە 207. سامەڕا لە دوای ئەوە لە سەدەی نۆدا بوو بە پایتەختی موعتەصەمی خەلیفەی هەشتەمی عەباسیەکان، لە جیاتی بەغدا، کە بەهۆی ناڕێکی دابەشبوونی دانیشتوانەکەیەوە بەجێیهێشت.

دەردەکەوێت، لە دەرەوەی ئەوەیان لە باکووری شارەکە (بەربەریەکانە)، بەڵام بوورجی لولپێچ، پێچەکانی دابەشی دەکات بەسەر شەش بورجدا.، کە 200 پێ بەرزە. کەلاوە و کۆمەڵە خۆڵ و خاشاك لە هەموو لایەکەوە کەوتووە. کۆشکی خەلیفە دوور بوو لێوەی بۆ باکوور. شارە نوێکەش هەمان قەوارەی ئەوەی تکریت بوو.



**سامەڕا**

12:30 کەوتینە رێ، نەك وەکو لەوێدا وێستابووین، بایەك لە باشووری رۆژهەڵاتەوە هەڵیکرد و رۆژێکی هەور و هەڵا و تاریك بوو. بەلای کەلاوەی زۆرتردا تێپەڕین، کە هێشتا لەلایەن خەڵکییەوە پێیدەوترا ئاسکی بەغداد.

چەند دەقیقەیەك بەر لە سەعات دوو گەیشتینە (**نەهارول ئەرساس**) لەسەر کەناری چەپ، یان سەری کەناڵی (نەهرەوان)

لە سەری بینایەکدا خشتی چوارگۆشەی لێبوو، لەوە دەچوو توندوتۆڵ بێت و لە تەمەنی خەلیفەدا لە کەناری پێچەوانەدا زاری دوجەیل بوو کەمێ لە داوێنی نەهرەوانەوە، ئیدی نزیك سەعات 14:30 بەلای چەند گردێك لە کەلاوە و ئاسەواردا تێپەڕین، کە پێیدەوترا(**ئیستابلات**) و لە کەناری چەپدا وێستاین لە شوێنێکی تردا، کە پێیدەوترا (**ئەل سەنەم**) یان (**نەبگە**)، کە لەسەر هەمان شێوە گردۆڵکەی کەلاوە و شوێنەوار و

پارچەی خشتی دیواری سوورنەکراوە بوو لەسەر کەنارەکە. لە داوێنی ئەوەدا، نزیك ئاوەکە، پارچەی پەیکەر هەبوو، کە پێیدەوترا (**ئەل سەنەم**) یان پەرستار، لەبەردی **گرانێتی** خۆڵەمێشی و **بەزالت** دروستکرابوو، بنکە دوو پێکەی بە هاوڕێکی لەسەر پایەیەك چەسپ کرابوو. درێژی پێکان 13 گرێ بوون و هەمان پێوانەش بەسەر پەنجەی پێکانیدا دەهات. تاشینی پەیکەرەکە هەڵەی تێدا نەبوو، ئێسکی قوللەپێی بە جوانی دەردەکەوت، بەڵام هەموو پارچە پارچە کراوە و بە دەستی ئەنقەست تێکیان داوە. تەنیا چەند پێیەك لە پەیکەرەکە لە سەرو قوللەپێیەوە ماوە و هەمووی لەوانەیە دروستکرابێت وەك ئەو قوماشەی، کە تا قوللەپێی هاتووە، بەچەشنی ئاوەڵکراسی ژنانە.

دەڵێن بەشی سەرەوەی لەلایەن ئیمامێکی (**دوورلی**)ەوە شکێنراوە، ئەویش بۆ دروستکردنی دۆڵێنچەی قاوە کوتاندنی هاوەن.

چووینە سەر کەنارەکە و دەستبەجێ هەموو ئەو گردۆڵکە کەلاوانەمان بینی، کە لەو نزیکانەبوون و بە پارچە خشت داپۆشرابوون، کە لە ساسانییەکانەوە مابووەوە، سەرەداوێکی ئاشووری یان بابلییەکانی پێوە دیارنەبوو.

لەگەڵ ئەو پارچانەی تر، کە دۆزرابوونەوە، پارچە شوشە یان مادەیەکی تێکەڵاو بە رەنگی سەوز و ئەرخەوانی، لە شێوەی کرستاڵ یان توێژاڵدا. لە ماوەی نیو میلدا هەندێ دیوار و شورا هەبوون، کە دەستبەجێ دەستمکرد بە پشکنینی، لەگەڵ ئەوەشدا، کە زۆر ماندوو بوو بووین بەهۆی بای باشووری رۆژهەڵاتەوە و پێکانم تا رادەیەکی زۆر ئازاری پێگەشتبوو. لە نزیکەوە دیقەتم لە خشتە کاڵەکان و پایە بچوکەکان دا، راستەوخۆ زانیم دەبێ ساسانی بن.

ناوچەکە زۆر پڕنەبوو لە خۆڵوخاشاك، وەك ئەوەی، کە بەرەو رووبارەکە دەچووین. سەرنجم دا لە کاری ناوەوە، تەواو وەك ئەوانەی مەداین و (دەستەگەردا) بە کورتی، گومانی تیانیە، کە کار و کردەوەی ساسانیەکانە. گردۆڵکە کەلاوەکانی دەرەوە بەردەوام بۆ ناوچەی باشووری رۆژهەڵات بە بڕی گەورە بە درێژایی ئەوەی بەشێوەیەکی

ئاشکرا دەردەکەوێت، کە بنی پێشوی رووبارەکە بووە. من هیچ قامیشێکم لەناو بیناکەدا نەبینی. (ئاغا سەید)ی سکرتێرە فارسەکەم، پێیوتم، کە لە بۆنەیەکی پێشوتردا بە سواری ئەسپ سەردانی ئەو ناوچە پەرژینکراوەی بۆ ماوەی سەعاتێك کردووە.

من پرسیاری ناوی شوێنەکەم کرد و ئەو عەرەبانەی لەو ناوەدا وێستابوون کوتوپڕ وەڵامیان دایەوە (**گەدیسیە**)، کە دۆزیمەوە و دەبێ قادسییە بێت،[90] ئەوەش ئەو شوێنەیە، کە جارێك ئامارم لەسەر کردبوو.

دەیانوت پێش ئیسلام ئەوە شار بووە، سەیرە خەڵکی رۆژهەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنێکی مەزن دەدەن بە شوێنەوارەکانی محەمەدیان، هەرگیز، بە هیچ جۆرێ ئەو پاشماوە کۆنانە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. پرسیارم لە هەمان ئەو پیاوانە کرد، کە هەندێ خشتکاری بینامان بینی لە پشتی ئەم کەلاوەیەوە و ئەوان دەستبەجێ وتیان (ئەوە شاری خەلیفەیە).

سامەڕا لەبەرئەوەی باکووری 20° رۆژئاوا، بیناکانی سەر نەهرەوان، باکووری 40° رۆژئاوا دەبڕێت. کەلاوەکانی نەهرەوان لە پشتی قادسییەوە[91] بە ماوەی نزیکەی میلێکە.

دووبارە کەمێ پاش 16:00 دەستمان پێکردەوە، بەڵام بەهۆی زریانی ئاووهەواوە لە 17:50دا ناچار وێستاینەوە، من تێبینی ئەوەم دەکرد، کە ئاوی رووبارەکە زۆر بە خێرایی دووبارە بەرزدەبووەوە.

---

[90] شەڕی قادسییە، کە کۆتایی بە ئیپراتۆریای فارس هێنا، لەساڵی پانزەیەمی کۆچیدا لەژێر فەرمانی خەلیفە عومەر بەرپابوو، بە رابەری سەعدی سەرکردەی عەرەب، دژی رۆستەمی سەرکردەی گشتیی هێزی فارس، لە سەردەمی (یەزدیگرد)ی دوا نەوەی ساسانیەکان. شەڕەکە سێ رۆژی خایاند، لە کۆتاییدا عەرەب سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لەشکری فارس شکا. (بڕوانە چالاکیەکانی ئامار بۆ کراوەکانی ئەم شەڕە لە بەرگی نۆیەمی، شۆڕبوونەوە و روخاندنی ئیمپراتۆریای رۆمانی.)

[91] ماکدۆناڵد کینەیر ئەمە دەباتەوە بۆ (ئۆپیس)، کە بە تەواوی شتێکی دوورە.

• 11/ **مارچ/ئازار**.

05:30 سەرلەبەیانی، بە (بەلەد)دا تێپەڕین، کە گوندێکی سەرەکیە لە ناوچەی دوجەیل و هەندێ دارخورمای لێوە نزیکە و منارەی تیایە. کورتە ڕێیەك بە کەنارەکەدا گوندێکی ترە بە ناوی (غۆوادیر) بە هەمان شێوە ئەویش لەناو دارخورمادایە. ڕووبارەکە هەموو ئەم بەیانییە شەپۆلانی گەورەی دەکرد و ژمارەیەکی زۆر دوورگە و کەناڵی پێکهێنابوو. سەید خان لەسەر کەناری لای ڕاستەوە دەردەکەوت و کەمێکیش لە داوێنەوە گۆڕی (سەید محەمەد) بوو. لێرەدا کەنارەکان شێوە تیژ و بەردەکانی بەهۆی شەپۆلی ئاوەوە تەواو لوس بووە. ئێمە ئێستا لە وڵاتێکی نیشتوییداین و لە هیچ لایەکەوە دانەوێڵە و کشتوکاڵ نابینرێت.

هەر زوو دوای سەعات 10:00 وێستاین بۆ بەرچایی کردن، باکە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بوو، ئەوەندە ئاستەکەی بەرز بوو، بۆیە شەپۆلەکانی ڕووبارەکەشی زۆر بەرز دەکردەوە، کە هەرگیز بۆ کەوڵە تەواو لاوازەکانی کەڵەکەکەی ئێمە نەدەگونجا.

جارێکی تر لە 11:30دا وێستاینەوە، بە (میشراجا)دا تێپەڕین. کەناری بەرزی نیشتویی لەوێدا لاواز بووبووەوە و بە باران و ئاوی ڕووبارەکە داڕمابووە خوارەوە. ڕووبارەکە لێرەدا ڕێڕەو و شێوەی تەواو جیاواز بوو.

لە سەعات 01:00دا لە بەیەکگەشتنی عوزێم و دیجلەدا وێستاینەوە. عوزێم جۆگەیەکی شێوە سندوقیە و ئاوی کەرکوك و تاوغ و تووزخورماتوی تێدەڕژێ.

من دابەزیم تا بیپشکنم، ئێستا نزیکەی سەد یارد پانە، بەڵام جۆگەیەکی بچوکە زۆر جار تەنانەت نزیکی وشکبوونە و لێرەدا بە دەشتێکی نزمدا تێدەپەڕێ و خاکەکەی لە ڕووبارەکە بەجێماوە، کە ماوەیەکی ئەوەندە نییە لەلای دەستی چەپەوە دەبینرێ، هەروەك لەوانەیە بە بەرزی ببینرێ و ئێستاش بۆ ماوەی یەك میل کەنارێکی وشکە. لەدوای ئەوەوە دەبێ (ئۆپیس) بۆی بگەڕێت.

هۆی ئەوە بوو (ماکدۆناڵد کینەیر) نەیتوانی هیچ ئاسەوارێك بدۆزێتەوە، ئەوەش تەواو ئاشکرایە، ئەو تەماشای ئەو خاك و زەوییانەی دەکرد، کە ماوەیەکی کورت بوو بنی رووبارەکان بوون.

ئەم خاکە نزمانە ئێستا لەوەڕگای گامێشێکی زۆرە و، کە باشترن لە بەرازی کێوی. لە رێگەماندا پێنج دانەمان بینی.[92] دیسانەوە سەعات 13:30 کەوتینەوە رێ.

شەپۆلەکان زۆر کەم بوون و رێکردنیشمان تەواو هێواش بوو، بەلای زەوییەکی زۆردا تێپەڕین، کە لە رووبارەکەوە پەیدابووبوو. لە سەعات 16:15دا، دارخورماکانی خاڵس لە مەدای بینیندا بوون، لەلای چەپەوە (**تەل خومەیسیە**) بوو.

لە 18:00دا لە (**سندییە**) بۆ پشوی شەو وێستاین، کە یەکەم گوندی خاڵس بوو لەسەر **دیجلە**،[93] لەوێدا چاومان بە یەختەکە کەوت، کە پانزە رۆژی رابردوو چاوەڕێمان بوو.

---

[92] رۆژێك بەرازێکی کێوی هات بۆ مەلە کردن لە ناو دیجلەدا لە لای باخەکەی خانووەکەمانەوە، لە نزیك بەغداد. دوایی شۆڕبۆوە بۆ ناوشار، ملی رێی بازاڕی گرت، لە پڕ وەرگەڕایەوە و چەند کەسێکی ئازار دا و ئینجا خۆی کرد بە مزگەوتێکدا، بۆ ترساندنی ئەو خەڵکانەی لە مزگەوتەکەدا بوون، سەرێکی کرد بە زبڵی ماڵی (سەڕاف باشی) جولەکەدا و بە بڕوای من دوو تا سێ جار سەردانی ئەو ناوەی کردبۆوە بەر لەوەی تەقەی لێبکرێت.

[93] ناوچەی خاڵس کەوتۆتە باکووری بەغداوە و ناوەکەی لە کەناڵەوە وەرگرتووە کە لە دیالەوە دەیبڕێ بۆ دیجلە و ئاو دەدات بە 62 گوند، کە ئێستا تەنیا ناون، دیجلە خۆی بۆ ئەو مەبەستە بەکارنایەت. ناودارترین گوندی ئەو کۆمەڵەیە (یەنغیجیە)یە، بیست میل لە بەغداوە دوورە و لەسەر کەنارەکانی دیجلەیە، بەهۆی ئەو ستمە زۆرەی چینی کریکار و جوتیارانەوە چۆڵکراوە. (هۆوەیش) گوندێکی سەد ماڵیە و بە باخی میوەکانی ناوداره و سێ میل لە (یەنغیجیە)وە دوورە، هەروەها لەسەر دیجلە (دوخالە)یە، نزیك (هۆوەیش)، (حۆفۆپە)، نزیکەی شەش میل دەبێت لە (هۆوەیش)ەوە لە بیاباندا، (مەنسوورییە) نزیکەی شەش میلە لە = =(هۆوەیش)ەوە لەسەر دیجلە، (سەعدییە) سێ میل و نیوە لە (مەنسوورییە)وە، هەروەها لەسەر دیجلە (دۆلتۆڤا) و (سیندیە) و ژمارەیەك گوند لەسەر ئاوی دیالەن.

نزیکی مەنسووریە هەندێ لۆکە چاندراوە، کشتوکاڵەکەی تر هەمووی جۆ و گەنمەشامی و گژوگیایە.

لە شەودا سوار بووین، گۆڕانکاری دەبینرا، لە زیندانی ناو کەڵەکەوە بۆ کابینەی هەواگۆڕ، هەروەها شوێنی وێستان لەسەر یەختەکە، شتێکی تەواو دڵگیر بوو.

- 12/ **مارچ/ئازار**.

یەختەکە لە 05:30 ئەم بەیانییەوە دەستی بە ڕۆیشتن کرد و کاتێ لە 07:30دا چوومە سەر بەرهەیوانی یەختەکە، روانیم بەرەو باشوور دەچووین و لە داوێنی گوندی مەنسوورییەوە، بایەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەبوو، ئەمڕۆش لەوە دەچێ زۆر زریاناوی بێت. زۆربەی گوندەکان لە مەودای بینیندا بوون.

دەوروبەری سەعات 09:00 یەختەکە لەسەر زەوی بوو، بەڵام هەرزوو دەستی بە ڕۆیشتن کردەوە، بە هەرحاڵ ئێمە پێویستمان بەوە هەبوو زۆر لەسەرخۆ ڕێبکەین، لەگەڵ هەموو ئەو خۆپاراستنەشدا دووبارە دوای سەعات 11:00 چووینەوە سەر زەوی و تا نیوەڕۆ جارێکی تر نەمانتوانی دابەزینەوە ناو ئاوەکە، کە دواتر بە شادمانیەکی زۆرەوە دەستمان بە گەشتەکەمان کردەوە. نزیکەی سەعات 15:00، باخەکانی بەغدامان لێوە دەرکەوت، ناوچەکە لە هەردوو لاوە بەربڵاو و کراوەبوو، ڕاستەوخۆ دوای ئەوە

---

لەکاتی سەردانێکمدا، کە لەو ناوچەیەدا و لە مانگی ئازاری 1813دا کردوومە، هەلی ئەوەم هەبوو هەندێ نموونەی بەڵێن و ڕێکەوتنی سەیروسەمەرە ببینم لەگەڵ ئەو زۆر و ستمە دڕندانەیەی تورکەکان بەرامبەر چینی جوتیارانیان دەیانکرد. ئەمە یەکێکە کە دەبێ تۆماربکرێت، هەرچۆن سەلمێنراوە کە سیستمی شوومی (مەحسووبیەت) چی لەگەڵ خۆی هێناوە.

پیاوێکی هەژاری خەڵکی (هۆوەیش) بانگی کردینە ناو باخەکەیەوە، کە لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا بوو، وتی (مەحسووب) یان سەر بە (دەفتەردار) یان (ئەمین صندوق)ی بەغدا بوو، یاخود لەلایەن ئەوەوە دەپارێزرا، چەند ساڵێ لەوەبەر کاتێ دەفتەردار لەلایەن (کیاهیە)وە زوڵمی لێکراو، لە کارەکەی دەرکرا، ئیدی ناچار بوو ئێرە بەجێبهێڵێت. کاتێ ئەو لێرە نەما باخەکەی دووچاری بەرەڵایی بوو، لە کۆی بەرهەمی ساڵانەی کە 6000 قرش بوو، ئێستا بە زەحمەت چەند سەد قرۆشێك بەرهەم بێنێت.

هەموو پیاوانی میری لەسەر چواریەکی بەلاشی ئەم گوندانە دەژین، بارێکی گران شتێکی راست و رەوان بەسەر شانی دانیشتوانەوە، ئەوەیە کە ڕۆژانە دووپات دەبێتەوە. هەموو ناوچەکە ئەفسەرێك دەیبات بە ڕێوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر گوندێك سەرۆك یان کوێخای خۆی هەیە.

کەشوهەوایەکی زۆر ساردمان بەسەربرد و بەرەو رووی کەنارە بەرزەکەی رووبارەکە دەهاتین، لە 17:45 گەیشتینە ئیمام ئەعزەم، لە 18:00دا بە باخی پاشادا تێپەڕن و بە نیو سەعاتێك گەیشتینە سەر پردی بەلەمەکان لە بەغداد. [94]

---

[94] میستەر ریچ لە گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا لە گەشتەکەیەوە بۆ کوردستان، داخوازییەکی لە بەڕێز( Mount Stuart Elphinstone) حاکمی بۆمبەی پێگەیشت، پۆستێکی لە حوکومەتدا بۆ دیاریکرابوو، ئەویش پەسەندی کرد، و هەر کە دەستی کرد بە کاروباری خۆی لە بەغدادا، بەجێیهێشت و لەگەڵ خەم وپەژارەیەکی زۆری دانیشتواندا بەرەو بەسرا بە دیجلەدا شۆڕبۆوە، هەرچەند ئەم جارەیان ئامارێکی وردی بۆ سەفەرەکەی نەکردووە. میستەر ریچ چەند جارێکی تر هەمان سەفەری کردووە، بەڵام ئەمجارەیان ئەو وردەکارییەی بۆ نەکردووە و وردەکاری ئەوانەش لە پاشکۆکاندا دەخوێنیتەوە.

# چاپتەری نۆزدەیەم

دەرچوون لە بەغداوە- دیالە- تاقی کیسرا- کەلاوە جیاوازەکان- رووباری پێچخواردو- کەلاوە دوور و درێژەکان- قەڵای قورٍ- هەوارگەی عەرەب- کەلاوەکانی تاج- کەلاوە مەزنەکان- بینای بە تاق کراو- گردەکان- خەزنە دۆزینەوە - شارە مەگەز- خێڵی عەرەبی دیڤار- شکاندنی سوپای پاشای بەغداد- تێکەڵە- پاشماوەی پردێکی سەردەمی خۆی- گوندی کوت، ئەلعەمارە- های- چیاکان لە مەدای بینیندا- پانتاییەکی فراوانی ئاو- هەواری شێخی بەنی لام - دارستانەکان- کەلاوەکان- دارستانی درەختی خورما- کەلاوە و ئاسەواری دوو شاری دێرین- زۆنگاوی ناخۆش- هەوارگەی عەرەب- بەلەمی بارکراو بە خورما- دارستانی درەختی بەرز- جۆگا- هەرد- مەترسی لەسەر یەکێ لە بەلەمەکانمان- عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد- ماڵەکانیان- دەرکەوتنی کێوێتی- بەلەمەکانیان- گۆڕی مەریەم- عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد- بنەوبارگە گواستنەوەیان- ژن- قورنە- (پاسیتیگریس) یان کەنداوی عەرەبی- گەیشتنە بەسرە.

- 11/ **مەی/مایس.**

لە سەعات 07:30 لەگەڵ بای باشووری ڕۆژهەڵاتیدا، بە یەختەکە کەوتینە ڕێ. ڕووبارەکە تەواو پڕ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەگەیشتبووە ئاستی بەرزی تەواو. لە 10:50، بە باخەکەی حاجی عەبدوڵڵا ئاغادا تێپەڕین، ئەوانی تر تەواو بیری بەغدایان دەکرد، لە 13:00دا گەیشتینە دەم دیالە[95] و لە 17:30 چووینەوە ناو بنکە کۆنەکەمان لە(حودەیفە) بەرامبەر تاقی کیسرا. [96]

کەش و هەوا زریاناوی و هەڕەشاوی بوو، بۆیە ئەو شەوە ماینەوە.

- 12/**مەی/مایس.**

لە 05:00دا چووینەوە ناو دەریا. بایەکی ڕۆژئاوایی تەواو بەهێز هەبوو. هەر زوو دوای سەعات 06:00 ئێمە لە دەمی کەناڵێکدا بووین، کە وامدەزانی ئەمە خۆی ڕووباری (مەلکا)بێت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەم یا لێی بڕاوە یان لەو کراوەتەوە. ڕووباری مەلکای ڕاستەقینە لەوەدەچێ لە ئاسۆدابێت و دەمەکەی لە شوێنێکدایە پێیدەوترێ سامەڕا، کە زۆر لەخوار تاوغەوەیە و بەلەمەوانەکە پێیدەوت (وگغور) و پێیوتم ئەوە کاتی خۆی، لە سەردەمێکی زۆر کۆندا، بۆ دەریاوانی لەباربووە.[97] کەمێ پێش سەعات 07:00 لەکەناری لای ڕاستەوە لە شوێنێکدا، کە پێیدەوترا (حەڕرا) بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تێبینی گردۆڵکەی خۆڵوخاشاکمان دەکرد، هەر ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی لە سامەڕا تێپەڕ بووین، ئەو شوێنەی بەلەمەوانەکان هێمایان بۆ ئێمە پێکرد ڕووباری مەلکا بوو.

---

[95] لە دیالەوە بۆ تاقی کیسرا سەفەرێکی ئاسایی نیە.

[96] بۆ زیاتر دەربارەی تاقی کیسرا، بڕوانە ئەو گۆڤارەی لەسەرەوە هێمای بۆ کراوە، کە لە پاشکۆکەدا دەیبینیتەوە ...ئید.

[97] ترۆجان یان (تەروادە) لە گەشتە دەریاییەکەیدا بۆ داوێنی فوڕات، وتویەتی کە بە ڕووباری مەلکادا پەڕیوەتەوە بۆ دیجلە.

دیسانەوە هەوا بە جوانی هەڵیکردەوە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتییەوە و ڕووبارەکەش شەپۆلی دەدا، ئێمەش بەرەو کەناری لای چەپ سەوڵمان لێدەدا، لەوێوە، کە ناتوانین لە نیو سەعات زیاتر خۆمان جیاکەینەوە.

تۆزێ دوای سەعات 10:00 لە کەناری لای ڕاستدا بە (ئەلحەمام)دا تێپەڕین، نزیك ئەو شوێنەی کۆمەڵەی کەلاوەکان لەو نزیکانە بڵاوبووبووەوە.

لە سەعات 15:00دا گەیشتبووینە زۆر دوور و لە ڕۆژهەڵاتدا ڕێمان دەکرد، لە کەناری ڕاستدا بە درێژی تێبینی کەلاوەکانمان کرد، یان کەناری کەناڵە کۆنەکەی پێیدەوترا (دەڤار) لەوانەشە ئەمە ڕووباری مەلکا بێت. لە ماوەی نیو سەعاتێکدا بەلای باکوور 45° ڕۆژهەڵات پێچمان کردەوە. ئێستا خامۆشییەکی تەواوە، گێچی (بارۆمیتەر)ەکە دابەزیوە بۆ ′29. 52°و هەموو شتەکان پێشبینی زریانی دەکرد، بیرمانکردەوە تا شەو بەردەوام بین، ئیدی هەوڵماندا لە سەعات 16:00دا بگەینە ڕۆژهەڵاتێکی دوور. دەستبەجێ زریان لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاواوە بەسەرماندا تەقیەوە، بە هەور و هەڵا و چەخماخە و بارانەوە، کە نزیکەی دوو سەعاتێکی خایاند، ئیدی باکە لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دووبارە ئارام بووەوە.

- 13/ **مەی/مایس**.

سەعات 04:30 ڕێکەوتین و لە 06:15 دا لە باشووری ڕۆژئاواوە بەرەو باکوور 45° ڕۆژهەڵات پێچمان کردەوە، لێرەدا ڕووبارەکە زۆر پێچی دەکردەوە.

بەلەمەکان نزیکەی لە تەواوی ئاسۆدا دەبینران.

لە کەناری لای ڕاستدا بەلای قەڵایەکی قوڕینی چوارگۆشەی بچوکدا تێپەڕین، یان ڕاستر بەلای تەلبەندێکدا، کە (شوفەڵلا)ی شێخی عەرەبی زوبیدە بینای کردبوو، کە لە تەنیشتیەوە جۆگایەکیش هەبوو لەوە دەچوو هەر ئەو لێیدابێت.

لە 06:45 گەیشتینە کەلاوەی (روبیە)، کە لە کەناری راستەوە لەگەڵ هەوارگەیەکی بچوکی عەرەبی زوبەیدەدا دەردەکەوت. کەناری چەپ نزم و راوێستاو بوو، روەکی عەرەقی سوسی زۆر لێ رووا بوو، هەروەها ژمارەیەك گامێشی زۆر، کە تایبەت بوون بە عەرەبی (مەدانی)ەوە لەوێدا دەلەوەڕان.

لە 08:10دا رووەمان کردبووە باشوور 45°رۆژهەلات، رۆیشتنەکەمان زۆر هێواش بوو، ئێمەش بەهۆی خێرایی تەوژمەوە زۆر دەوێستاین، کە بەرزی دەکردینەوە بۆ سەر کەنارەکان، لەوێوە بە زەحمەت بەلەمەکە دەیتوانی جیابێتەوە. تاج لەبەر دەمماندا بوو لە گەشتنمان بەو شوێنەی، کە پێچمانکردەوە لە 08:45 لە باشوور 25° رۆژهەلات، کەلاوەکان نزیکەی سێ میل لە بیاباندا لەسەر کەناری لای چەپ بەدی دەکران، کە ژمارەیەك گردۆڵکە و بینا، یان بەشێك لە دیوارێك، عەرەبەکان پێیان دەوتن تاج.

لە 09:20 دا بەرەو باشوور 30° رۆژئاوا، لە شوێنێکدا پێیدەوترا (هەدەرا)، لەسەر کەناری لای راست کەلاوەی زۆرتری لێبوو. نزیکەی سەعات 10:00 چووینە ناو ماوەیەکی درێژی باشوور 80° رۆژهەلات، کە بەدرێژی ئەوێ ئێمە بەخێرایی رووبارەکەمان دەبڕی. لە 12:45 بەلای کەناری راستی (زۆر عەبدوڵلا) دا[98] تێپەڕین، کە کەلاوەیەکی زۆر گەورە بوو. لەوێوە بەرەو باشوور بووینەوە، باشووری رۆژهەلات و رۆژهەلات بە درێژاییەکدا بۆ باکوور 45°رۆژهەلات، یا لە گەیشتن بە (داخالە). لە 14:30 بەرەو ناوچەی باشووری رۆژئاوا دەڕۆیشتین، باکە رووەو رۆژئاوا بوو، کە توانیمان چارۆکە هەواییەکەی بەلەمەکەمان بەکاربێنین و ئیدی بەخێراییەکی زۆر رێمان دەبڕی، لە سەعات 15:00دا لە دەوری رۆژئاوادا بووین و لە 16:00 لە باشوور بووین، ئێمە هێشتا رووبار دەبڕین و لە سەعاتێکدا حەوت گرێی دەریایی دەڕۆیشتین. لەسەر یەکێ لە گردەکانەوە بە رووبارەکەدا لێرەوە هاتبووە خوارەوە، لە زەمانی عەبدوڵلا

---

[98] ئەوە لەوانەیە پێویست بکات خوێنەر ئاگادار بکرێ، ئەو ناوانەی لەسەر کەنارەکانی رووبارەکە بەیان کراوە بۆ شارۆچکەی دەگمەن دەگەڕێتەوە، یان ناوی ئەو گوندانەن کە ئێستا ماون، بەلام لە ناونیشانێك زیاتر نییە لەوێدا، زۆر جاریش لەگەڵ ناوی کەلاوەکاندا دۆزراوەتەوە، زۆر جاریش تەنانەت کەلاوەکە خۆشی نەماوە و جگە لە ناوەکە هیچی تر نەماوە. خ. ریچ.

پاشادا سامانێکی زۆر دۆزراوەتەوە، کە بریتی بوو لە چەردەیەکی باش لە قاڵبە زیو و پارەی فلزی لە مەلیکەکانی مەقدۆنیاوە بەر لە ئەسکەندەر، دراخمای ئەسینی و پارەی فلزی فارسی، زیوی پێش ئەسکەندەر.[99]

هەر زوو دوای ئەوەی (زۆوییا)مان بڕی، کۆمەڵێك کەلاوەی زۆر هەبوون، تا چاو بڕکات لە بیاباندا و لە خوار کەناری راستی رووبارەکەدا دەبینرا. لەسەر یەکێ لە گردەکان لە دوورەوە بینایەکی لێبوو بە تاق دروستکرابوو. دوای ئەوەش گەیشتینە (حومینەیا) و لەسەر کەناری راست هێشتا کەلاوە دەبینرێت، لەوەدەچێت تەواوکەری ئەوانەی (زۆوییا) بن.

لەسەر گردێ، نزیکەی یەك میل لەناوەوەی ناوچەکە پاشماوەی بینایەکی خڕ یان راستر لولەیی، وەك منارە هەبوو، بەڵام لەوەدەچێ زۆر سەخت بێت، لە بنکەکەیەوە زۆر تێکچووە، خشتکارییەکی چاکی تیاکراوە، لوتکەکەی تەواو داڕوخاوە و تەنیا چەند مەترێکی بە پێوە ماوە.

ئەوەی پێیگەیشتبووین لە باکووردا بوو، هەروەها درێژییەکی تەواوی هەبوو، دیسانەوە چەند دەقیقەیەکمان بەسەربرد بە هاتنمان بەرامبەر کەنارەکە و بەلای هەندێ لە عەرەبەکانی (زوبەیدا) پەڕینەوە، کە لە (حومەیرا)وە درێژبوونەتەوە بۆ (کوت) و لە ناویشەوە بە دووری (عەفەج) دوور بوو.[100]

---

[99] هەندێ لەوانەی کە میستەر ریچ کۆیکردونەتەوە، ئێستا لە میوزێمی بریتانیایە. خ. ریچ.

[100] گوڵبژێرێك لە یاداشتەکانی میستەر ریچ لە سێپتەمبەری 1819. "بەغداد، سێپتەمبەر/ ئەیلول 10. سێ پاپۆڕ لە بەسراوە دێن و لەلایەن عەرەبەکانی عەفەجەوە روتکراونەتەوە، کە هاتووە بۆ کەنارەکانی دیجلە بۆ بڕینی گەلەکەشتی بەسرە، کە ئەو سیانە بەشێکی پێکدەهێنن. ئەوەی لە دەست چووە دەڵێن چل =(لاکس)ی قرۆشە و ژمارەیەك خەڵك کوژراوە یان خنکاوە لە کاتی هەوڵی خۆدەربازکردندا. پاشام بانگکرد، کە پیاوێکی زۆر باش بوو، بەڵام ئاشکرایە ئەوە ئەوەیە کە باشی دەناسم، کە لە ئەنجامدا هەواڵی ناجۆر کاری تێکرد. ئەوەی لە توانایدا بوو هەوڵیدا بۆ شاردنەوەی و سەرکەوتوش بوو."

لە پێچکردنەوەماندا بۆ ئەو شوێنەی گەیشتووین لەبەرامبەر کەنارەکەدا بە پاشماوەی پاپۆڕەکە. هەناسەیەکی خۆشی باکووریمان هەبوو، لە 17:45 شێومان کرد و لە 20:30 دووبارە دەستمان پێکردەوە.

- 14/**مەی/مایس**.

شەوێکی خۆش و ئێمەش ڕێیەکی باشمان کردووە، لەگەڵ ئەوەی دەریاشمان نەدەبڕی، بەڵکو تەنیا سەرقاڵی مێشوولە بووم، کە زۆر ژەهراوی بوون، هەرچەندە من لە سەر بەلەمەکەش نووستم. لە بەرەبەیاندا گردەکانی حەمرین دەرکەوتن، کە پێیاندەوتم ڕۆژە ڕێیەکی دوور و درێژ لەناو (کوت)ەوە دەست پێدەکات.

هەوای رووبارەکە کەمتر بوو، لەسەر کەناری لای راستەوە تێبینی کەلاوەکانی ئاشانمان کرد. بایەکە لە باکوورەوە هەبوو، ئێمەش نزمان کردەوە و بەبێ چارۆکەکان. هێڵی گردەکانی حەمرین هەمووی بەدرێژایی لەبەر دەماندا بوو.

لە 09:30 بە (بوژیلە)دا تێپەڕین، قەڵایەکی قوڕین لە کەناری لای راست بوو، کە تایبەت بوو بە (شوفەڵڵا)ی شێخی زوبەید، کە خودی خۆی لە نزیکیەوە هەڵیدابوو.

لە سەعات 11:00 لە کەناری لای چەپ بووین، کە هەندێ لە عەرەبەکانی خێڵی (دەوار)ی لێبوو. [101]

---

[101] لە 27/ تشرینی دووەم/1819 کیاهیە بەگ چەند رۆژێك لەوەبەر هێرشی کردۆتە سەر هەندێ عەرەبی داماو و کلۆڵ، پێیدەوترا دەوارەکان، کە ملکەچی فرمانی کەسێك بوون بەناوی (شەت بیغی)، ئەوەی رێی دابوو ئەو زیانە کەمە بدەن لەو بەلەمانەی لە بەسرەوە دێن، لەبەر ئەوەی ئەسپ ئامادە دەکات و چاوساغی ئەو ئەفسەرانەی حوکومەت دەکات، کە لە کوتەوە تێدەپەڕن، (بەدرە) شێخی بەنی لام، بە=
=پێچەوانەوە. ئەمەش هێزێکی بچوکی عەرەب بوو، چونکە خێڵێك پێکناهێنن، لەوبڕوایەدا بوو هەندێ بەشی هەبێت لەو دزییەی ئەم دواییەی سەر رووبارەکە و کیاهیە بەگ فرمانی چوونە دەرەوەی دا تا سەرسامیان بکات، لە سەرو نیوەی کە مەمالیکی پاشا بوون و کۆمەڵێکی بەهێزی عەرەبی ئەگالی بوون،

لە 17:00دا خەریبوو دەگەیشتینە پردی (جومبلّ)، چاوساغەکە پێیوتم، کە نزیکەی پێنج ئاودێری کشتوکاڵی بەسەرەوەیە. ئەمڕۆ هەموو ڕۆژەکە دەریاوانییەکی باشمان کرد نزیکەی بۆ پێنج گرێی دەریایی، لەگەڵ هەوایەکی هێواشی باکووری ڕۆژئاوایی.

لە 19:00دا پێچمان کردەوە بۆ کوت و باشوور 45°ڕۆژهەڵات و لە کوتیشەوە لە سەعات 20:00 بردینی بۆ عەمارە.

لە دواجارەوە، کە لێرە بووم، قەڵایەکی قوڕینی بچوك و گوندێکی نوێ لەم ناوەدا بیناکراوە.

کەمێ لە داوێنی گوندە کۆنەکەوە، ئەم گوندەی ئێستا تەنیا بەرامبەر دەمی (حیە)یە، باشوور 70°ڕۆژئاوا لەخۆدەگرێت، لەوێوە ماوەی پانتایی ڕووبارەکە تەواو گەورەیە، دەگەیت بە پانتاییەکی یەك میلی، لەوێدا پێنج کۆمەڵەی عەرەبی ئەگالی دانیشتوون، کە ڕێپێدراوە بۆ چەند خەسارەیەکی بچوك لە هەر بەلەمێك. خۆزگەم خواست، کە دووبارە بکەوینەوە ڕێگە، دەستبەجێ، کە تێبینیە ئەستێرەناسیەکانم تەواوکرد، بەڵام

---

لە برادلیس و تفەنگچی نزیکەی 2000 باشترین هێزی پاشالیکی دروستکرد. عەرەبەکانیش، ئەوانە هێزی چالاکیان 20 یان 30 سوارە و لەوانەیە بە هەمووی 100 پیاوێك ببێت، هەرچۆنێ بێت چەکدار بوون بە تێڵای دار و رم. ئاگادارکران کە کیاهیە شوێنێکی لەناو دارستانەکەدا کۆنترۆڵ کردووە، ئەوان توانیان زیانێکی زۆر باش بە کیاهیە بگەیەنن، دوو مەملوك کوژران و دووان بریندار بوون و یەکێکیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ، هەروەها ژمارەیەکی چاك لە بەراتلیس کوژران و بریندار بوون، لە راستیدا تورکان لە گەڕانەوەیان بۆ بەغداد لەگەڵ ئەو خەسارەتە و ئازارەکەیاندا شەرمەزار نەبوون. کیاهیە پیاوێکی بە جەرگ بوو، بەڵام چی دەتوانرێت بکرێ لەگەڵ ئەو جۆرە کەرەسەیەی هێزەکەی ئەوی لێپێکهاتووە؟ شەوی رابردوو خودی پاشا فرمانی دا کە کۆمەڵەکەی دەبێ ئامادەبێت و ئەم بەیانیە لەگەڵ نیوەی مەملوکەکانی کە نەچووبوون بۆ دوا شەڕ، ڕێپێوانێکی کرد بەسێ بەش، تەواوی تێڵا بە دەستەکانی بەراتیس و هەندێ سوارەی ئەگالی بە بیانوی ئاهەنگی راوکردنەوە. 5/ دیسەمبەر- لە راستیدا دەرکەوتنی پاشا بەو جۆرە تەنیا بۆ ئاهەنگی راوکردن بوو. ئەمڕۆ گەڕایەوە، کاتێ کە لە دەرەوە بوو دوو ئاسکی بۆ ناردم. منیش باری حەوت هێستر شتم بۆ نارد، لەوانە هەندێ کێکی ئەوروپی و پان دی سپاگنا، کە زۆر پێی شادمان بوو. □ گوڵبژێرێك لە بیرەوەریە کانی میستەر ریچ.

بەلەمەوانەکە ترسا لەوەی یەختەکە بەو خواروخێچییەی لای کوتدا بە شەو ببات. لەگەڵ ئەوەشی، کە مانگەشەو بوو. لەوبڕوایەدام ئەو و چاودێرانیش لارییان نەبوو بۆ پشوودانی چەند سەعاتێك، دوای ئەو کێشەیەی، کە شەوی پێشوو لە یەختەکەدا هەیانبوو، وازم لێهانین تا لەسەر ڕێڕەوی خۆیان بڕۆن. کوت و عەمارە پێیدەوترێ نیوەی ڕێگای بەغدا و بەسرە، جەنجاڵی گەلە بەلەمەکان لێرەدا زۆر ناخۆش بوو.

- 15/ **مەی/مایس.**

لە 03:30 دەستمان پێکرد. ئەمڕۆ هەوروهەڵا بوو، هەوای باکووری ڕۆژئاوایی و نزیکە زریان، لەگەڵ وردە باران. پێچمانکردەوە بۆ باکوور 45° ڕۆژئاوا، لە سەعات 04:00دا کوتمان بڕی بەرەو باشوور 45° ڕۆژئاوا، لە 05:20، گەیاندینیە باکوور 45°ڕۆژهەڵات و لە 05:45 باشوور 50°ڕۆژهەڵات.

کەمێ دوای سەعات 06:00 لەسەر کەناری ڕاست بەلای هەندێ کەلاوەدا تێپەڕین، لەوێدا، کە ڕووبارەکە پەنگی دەخواردبووەوە دووبارە بەرەو باکوور 45° ڕۆژئاوا. لێرەدا بە گرانی هەناسەی دەدا بەرامبەر ئێمە و ناچار بووین بۆی ڕاکێشین.

دوانزە پێچی خواروخێچ لە دوای کوتەوە هەیە، تا ئێستا لە سیانیان پەڕیوینەتەوە. ڕووبارەکە دووبارە خۆی کرژ کردەوە.

لە دوێنێ بەیانیەوە لە هێڵی ئەو شاخانەی دەوری ئاسۆی ڕۆژهەڵاتیان داوە، ئێمە دەتوانین جیاوازی لە نێوان دوو یان سێ کۆمەڵدا بکەین، یەکەم نزمایی حەمرین، کە ڕێگەی ڕۆژە ڕێیەکی باشە لە کوتەوە، لە پشتی ئەوەشەوە چیاکان بەرزدەبنەوە و شاخەکانی لوڕستان پێکدەهێنن. دیسانەوە لە 09:20 کەوتینەوە ڕێ، لە هەندێ شوێندا زۆر بە خێرایی ڕێمان دەکرد، بەڵام لەوانی تردا زۆر کێشەمان هەبوو، وەکو زریان زۆر جار بەرز دەبووەوە، دیسانەوە بیرمانکردەوە باشتر وایە تا یانزە بیهێنین. دیسانەوە لە 16:00دا کەوتینەوە ڕێگە، پانتاییەکی زۆرمان لە نزیك ئاوەکەوە لە ئاسۆدا بینی،

چەند پلەیەکی بازنەیی درێژدەبووەوە، ئەوەش بەهۆی ئەو سەرچاوانەوە دروست بووە، کە لە چیاکانی یەکەمەوە دێنە خوارەوە بۆ لوڕستان، دەشتەکانی بەنی لام زۆر تەختن بۆ ئەوەی ئاو بگەیەننە رووباری دیجلە، کە لە راستیدا خۆی لە هەندێ شوێندا دەڕژێتە دەشتەکانەوە و هاوبەشیی ئەم زۆنگاوانە دەکات.

لە 18:45 وێستاین بۆ شێوکردن، ئێمە هێشتا لە بڕینی شوێنە خواروخێچەکانداین، کە دووانمان ماوە بیبڕین.

- 16/ **مەی/مایس**.

هێرشی مێشوولە دوێ شەو زۆر سەیر بوو، دەوروبەرمانی پڕکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا شنەیەکی باش لە ناوچەی باکووری رۆژئاواوە دەهات و هەوا سارد بوو، ئەستەم بوو بۆ ماوەیەکی کەم پشووبدەی.

دوو، سێ جار بەرەو کەنارەکە چووین، هەر زوو دوای سەعات 02:00 بەناو هەوارگەیەکی گەورەی نوێی عەلی خانی شێخی بەنی لامدا تێپەڕین، کە نزیکەی میلێك بە کەناری چەیدا درێژبوونەتەوە. لە 03:30 لە دەم نەهرەوانەوە تێپەڕین و راستەوخۆ دوای ئەوە لە جەنگەڵەکەوە گوێمان لە نەڕەی شێر بوو، کە زۆر نزیك بوو لێمانەوە.

لە بەیانیدا بە شێوەیەکی جوان دەمتوانی جیاوازی بکەم لە کۆمەڵە شاخەکانی لوڕستاندا، کە هێڵکاریم بۆ کردووە.

تێبینی دەکەم، کە عەرەبەکانمان پیتی (ج) وەك ( g)ی ساکسۆنی گۆدەکەن، بۆ نمونە: (جبل- گەبەل، رجل - رگل) لە جیاتی ( J ).

08:45 بەرەو رۆژهەڵات دەڕۆیشتین، کە نزیکەی 6 گرێی دەریاییمان لە سەعاتێکدا دەبڕی. لە 09:10 دا بەرەو باشوور 45°رۆژهەڵات دەرۆیشتین و لە 09:20 دا بە (ئومل

بەیە)دا کەناڵێك لە لای ڕاستەوە تێپەڕین، ئێستا پڕە لە ئاو. هەموو ناوچەکە ئاوەکەی لە ئاستی لێوارەکاندا بوو، هەروەها تەڕو توشی. ئاسۆ وەك دەریایەك دەهاتە پێش چاو.

هەردوو لای ڕووبارەکە تایبەت بوون بە (عەرەبەکانی بەنی لام)ەوە، کەمێ لە داوێنی (ئومل بەیە)دا لە کەناری لای ڕاستدا گەیشتین بە دارستانێك، کە درەختەکانی جۆرێك بوون، کە عەرەبەکان پێیاندەوتن (غورراب).

ئێمە ئێستا لە کۆمەڵە چیای لوڕستانەوە لە نزیکترین خاڵداین و لە پشتی چوارەم کۆمەڵەوە هەندێ خاڵی تر دەتوانین ببینین، کە لەوە دەچێ بەرزتر بێت و لەوانەشە زاگرۆس بێت.

لە 09:30دا، بەرەو باشوور دەچووین، نیو سەعات بوو بە یەخت بەرەو کەنارەکە لە پنتێکدا دەخولاینەوە. نزیك سەعات 10:00 توانیمان لێی ڕزگار ببین و بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆین. ڕاستەوخۆ دوای ئەوە چاومان بە گەلە بەلەمێ کەوت، کە لە بەسرەوە دەهاتن و لە 10:30دا گەیشتینە بەرامبەر (ئیمام غەربی)، مەزارێك و دارستانێکی درەخت لە کەناری لای ڕاستەوەیە.

دوای تێپەڕبوونێکی پێچەوانە لە 10:45دا، ڕێکردنێکی هێمن و لەسەرخۆمان هەبوو بە ڕێژەی 8 گرێی دەریایی لە سەعاتێکدا، تا نیوەڕۆ، لەگەڵ شەماڵێکی باکووری ڕۆژئاوایی بەهێز. ڕووەو باشوور 20° ڕۆژهەڵات دەچووین.

لە 12:30دا لەسەر کەناری لای چەپ تێبینی کەلاوەیەکمان کرد، کەمێ لە ناوەوە و ڕاستەوخۆ دوای ئەو دانەیەکی تر هەبوو لەلای ڕاستەوە.

لە بەشێکی کۆمەڵە چیای لوڕستاندا، کە تەنیا لەسەرمانەوە دەرکەوتن، چیایەکی قوچەك هەیە، زۆر لە شاخی بورکانی دەچێت.

رووبارەکە ئێستا زۆر تەسك بۆتەوە و ئێمەش لە بەرامبەر کەنارەکاندا بەرەنگاری هەندێ بەربەست بووینەتەوە. کەناری رووبارەکە لەوێدا بە دارخورما(شجرە الترفە) رازابۆوە.

بیستمان (ئارار)ی شێخە لابراوەکەی بەنی لام پەنای بردۆتە بەر ئەمیری کرماشان و حەسەن خانی فەیلی بە هێزێکەوە دەنێرن بۆ هێنانەوەی. لە سەعات 16:00دا بەلای دوو کەلاوەی دوو شارۆچکەی کۆندا تێپەڕین، (حەیفلی) لەسەر کەناری چەپ و (سیۆرووت) لەسەر کەناری لای راست. لە نزمایی ئاوەکەدا پردێك، کە جاران بە یەکی دەگەیاندن ئێستاش دەبینرێت.

دوای ئەوەش گەیشتینە هەوارگەیەکی زۆر گەورەی خێڵی بەنی لام.

لە 17:15 بەرەو باشوور 45° رۆژهەڵات دەچووین. هەموو وڵاتەکە لەسەر کەناری چەپ و راست، بەڵام بەتایبەتی ناوچەی هێرشی شەڕەکانی پێشوو دڵتەنگ و زۆنگاوە، بریتیە لە حەوزی ئاوی پەنگخواردوی گەورە و دەریاچەی ئاوی وێستاو، کە پڕە لە گژوگیا و بە درێژایی تا چاو بڕکات دەبینرا. هەوارگەیەکی زۆری بەنی لام لەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە.

لە 17:45 گەیشتینە کەناری زۆنگاوەکە لەسەر کەناری لای راست بۆ شێوکردن و چاوەڕێکردنی بەلەمەکە لاماندا، چونکە کەسێکی لای ئێمەی تێدابوو، کە زۆر لە دواوە بوو: (ئیمام شێخ عەلی)، باشوور 10°رۆژهەڵات، جیاوازبوو بە دارستانێکی گەورە. نزیك ئەو شوێنەی لێی وێستابووین دوو بەلەم خورمایان بارکردبوو، کە لە بەسرە و گوڕنەوە هێنابوویان تا لەناو عەرەبەکانی هەردوو لای رووبارەکەدا ساغی بکەنەوە و تا لە بەرامبەردا رۆنی حەیوانی و برنج ببەنەوە. ئەم چیرۆکی گەڕانی بازرگانییە بەگشتی سێ بۆ پێنج مانگ بەردەوامە.

هەموو بەلەمەکان ئێستا بەرەو بەغدا دەچن و رۆنی عەرەبەکان دەکڕن و لە بەغدا بە قازانجی لە 100٪ دەیفرۆشنەوە.

دیسانەوە لە سەعات 22:00 کەوتینەوە ڕێ، بەڵام لەماوەی سەعاتێکدا زریانێکی چاوەڕوان نەکراوی کوتوپڕ راپێچی کەناری لای چەپی کردین، کە بە درێژایی ئەو شەوە مایەوە و هەواکەش بەهێزتر دەبوو.

مێشولە لە شەودا زۆر تۆقێنەر بوون، بگرە لە ڕۆژیشدا. تەنانەت پێستی توندوتۆڵی عەرەب و تورکەکانیش ناتوانن بەرگەی هێرشی ئەو خوێنمژانە بگرن، بە درێژایی شەو کەس نەنووست.

- 17/ **مەی/مایس.**

لە 04:30 دەستمان پێکرد، لە 06:00دا (ئیمام شێخ) لە باکوور 50°ڕۆژئاوای ئێمەوە بوو. ڕوومان بەرەو باشوور 45°ڕۆژهەڵات بوو، ئاوی ڕوون و هێمن بۆ ماوەی یەك میل دەبوو، لەژێر چارۆکەدا بە ئاسانی ڕێمان دەکرد و بە خێرایی شەش یان شەش و نیو گرێی دەریایی لە سەعاتێکدا.

دەستبەجێ دوای 06:00 لەسەر کەناری لای چەپ تێبینیمان کرد، لەناو دارستانەکەدا کۆمەڵێ قوڕمان بینی، هێمای گۆڕی (زادیەڵ)ی باوکی عەلی خانی شێخی ئێستای بەنی لامی دەکرد.

لە 07:30 خۆمان گرد کردەوە تا ڕێگەش بدەین بە چێشتخانی بەلەمەکە، کە کەمێ لە دواوە بوو، تا بەرچاییمان بۆ بهێنن. لە 08:00دا دووبارە دەستمان پێکردەوە و لە 11:00 بە (جەبیلۆ)دا تێپەڕین، دارستانێکی درەختی بەرز لەسەر کەناری لای ڕاستدا هەبوو.

لە 13:20 ئێمە بەرەو باشوور 20°ڕۆژئاوا دەچووین. لەلای چەپەوە (هابشە) بوو، جۆگەیەکی خواروخێچی بچوك، کە دەچوو بۆ ڕووباری (حود). بەلەمەکان هەندێ جار بە ناویدا تێدەپەڕین. بە زەلکاوێکی زۆر گەورەدا تێپەڕین، کە پڕیبوو لە ئاو لەلای

راستەوە و دوای ئەوەش لەسەر کەناری چەپ هەوارگەی عەرەبەکانی (ئەلبو محەمەد) بوو، ئەو هەموو کوخە تاریکانە و ژمارەیەك بەلەم لەبەردەمیاندا راگیرابوون.

13:40، بەرەو باشوور 70° رۆژهەلات دەچووین. بەلای (محەمەد ئەلبو حەسەن)دا تێپەڕین، زیارەت لەسەر کەناری راستە، لەگەڵ دارستانێکی دوور و درێژ لە درەختی حور و چنار و هەنار و دارخورما.

لە 14:30 گەیشتینە (حود)، لقێکی دیجلە بەرەو رۆژهەلات دەچێ بۆ (کەرحە) و بۆ (حەویزە). بەلەم ئێستا لەوانەیە لە پێنج بۆ شەش سەعاتدا بەناو (حود)دا بچێت بۆ (کەرحە)، کە زۆر قوڵە و وەك لقێکی سەرەکی دیجلە فراوانە.[102] من خۆم لەوە دلْنیابووم، کە ئاو لە دیجلەوە دەهاتە ناویەوە، ئەمە راستیەکی گرنگە، دەبووایە (حود) هەندێ بێتە ناو دیجلەوە. بۆیە دیجلە بەرەو باشوورە. لێرەدا زەلکاوێکی ئاودار بە هەردوو لای رووبارەکەدا بەدرێژایی رێ بۆ (گوورنە) درێژدەبۆتەوە.

لە ماوەی سەعاتێك یان دوو سەعاتی رابردوودا ئێمە بە کەناڵەکەدا بە هێمنیەکی تەواوە دادەبەزینە خوارەوە، هەرچەند بەهۆی مێشوولەوە زۆر سەغڵەت بووین، کە بە ژمارەیەکی سەرنج راکێشەر هەبوون. لە 15:30دا بارانێکی بەهێزی دەنك گەورە داباری بەسەرماندا، چەند باران و زریانێکی ئاواشمان لە باکووریدا بینیوە.

ئێمە لەسەر کەناری لای راست چەند دەقیقەیەك لەلایەن سەربازانی هندییەوە لە دەمی کەناڵێکی گچکەدا رێمان لێگیرا، کە خۆی بەرەو بنەوە دەچوو، هەروەها هەرگیز جارێکی تر نەدەهاتینەوە دەرێ، بەلام بۆ کاروباری بە پەلەی هەموو خەڵکانی ناو گەلە بەلەمەکە.

ژمارەیەك بەلەم لەو شوێنەدا تیاچووە و دانمان بە خۆماندا گرت تا تێیبشکێنین. دوای ئەوە نزیکەی سەعاتێك بە هێمنی رووبارەکەمان بڕی، زۆر لە عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد تەماشایان دەکردین یان دەبینران، کە بەناو کوخە قوڕینەکانیاندا هاتوچۆیان

---

[102] بەلەمەوانەکەمان خۆی بە (حود)دا چووە بۆ (کەرحە).

دەکرد، کە لە جێگەی نیشتەجێ بوونی زۆر سەرەتایی دەچوو. لە هەر کۆتاییەکدا چەردەك قامیش چەمێنراوەتەوە و بە درێژی چەند پێیەك نیوە کەوانەیەکی پێکهێناوە و بە حەسیر سەری گیراوە و ئەمە زستان و هاوین تاقە ماڵیانە. ئەوان خۆیان کێوین و نیوە رووتن و زووربەی ژیانیان وەکو گامێشەکانیان لە ئاودا بەسەردەبەن، کە بەو بۆنەیەوە ژمارەیەکی زۆریان هەیە. ئەو عەرەبانە باش چەکدارنین و رێزی چەکیان لا نییە و ئەگەر دووچاری هێرشی هێزێکی لە خۆیان بەرزتر بوون، وەك عەرەبەکانی (مۆنتەفیك)، بەگشتی بەرەو ناوجەرگەی زەلکاوەکان دەڕۆن. ئەوانە هەموویان شیعەن.

شێخی مۆنتەفیکەکان شێخیان بۆ دیاریدەکات و سەرانەیان لێدەستێنێ. دەڵێن ئەوانە زۆر دەوڵەمەندن، رۆنی ئاژەڵ و برنجیان زۆرە، بەڵام، کە تەماشای سەر و هەیبەتیان ئەکەیت تا ئەوپەڕی کڵۆڵ و داماوی لە سیمایاندا دەبینرێت.

لە 18:30 بە (ئومل جەمەل)دا تێپەڕین، ئەو کەناڵەی دەچوو بۆ فوڕات، کە بەدرێژایی کەنارەکە چەڵتوکێکی زۆر کرابوو. دەڵێن لە (سوجەس شوخ)دا دەڕژێتە فوڕاتەوە. کاتمان گەیاندە سەعات 19:00. رووبارەکە لێرە 100 مەتر نەدەبوو تەواوبوو. لە 21:30دا دیسانەوە کەوتینەوە رێ.

- 18/**مەی/مایس**.

ئەم بەیانیە لە سەعات 05:00 لە هەوارگەی شێخی عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد لەسەر کەناری لای چەپ بووین. ئەم عەرەبانە ژمارەیەکی زۆر بەلەمی سوکەڵەیان هەیە، کە بە قیر داپۆشراون، چونکە سروشتی وڵاتەکەیان چینێکی باشی تیایە. لە 05:40 بە مەزاری (عەبدوڵلا بن عەلی)دا تێپەڕین، نزیکەی نیو میل لەناوەوە لەکەناری چەپەوە. رووبارەکە لێرەدا لە 100 مەتر زیاتر پان نییە.

لە 07:30 بەرەو باشوور 20° رۆژئاوا دەچووین.

له 12:10دا گەیشتینە (ئوزەیر- عوزێر)، یان وەك دەڵێن گۆڕی عەزرا پێغەمبەر بوو، کە سەعاتێك وێستاین و لەوێشدا هەوارگەیەکی گەورەی عەرەبەکانی ئەلبو محەمەدی لێبوو، کە هەوڵیان دا بەلەمەکانی (ماینەس ئاغا)[103] تالآن بکەن، بەڵام هەر زوو بە چەند تەقەیەك بەسەریاندا لە یەختەکەوە ترسانیانن.

گروپێکی زۆر گەورەمان لەو عەرەبانە دەبینی، کە هەوارگەکەیان دەگواستەوە و ئەوەش زۆرترین دیمەنی دڕندەیی بوو، کە تا ئێستا بینیبێتم و چیرۆکی سەحنەکانی گەشتەکەی کاپتێن (کووك)ی دەهێنایەوە یادم.

ڕۆیشتنەکەیان بە گەلە گامێشێك دەستی پێکرد، پیاوێك بەیداخێکی هەڵگرتبوو لە پێشیانەوە دەڕۆیشت. چەندین پیاوی خێڵەکە پێکەوە بوون و ڕمەکانیان خستبووە سەر شانیان، ڕەنگی مسییان دەنواند و نیوە ڕووت بوون، پرچیان هۆنیبۆوە وەك جنۆکەی بەناویەکداچوو. ئینجا لایەنی ژنان هات، جلوبەرگیان باشتر بوو، هەندێکیان منداڵیان بە کۆڵەوە بوو، "ئەوانی تر شتی ناوماڵ و پێداویستیەکانی ماڵیان هەڵگرتبوو" ئەوانی تریش دوای ئەو بەلەمانە کەوتبوون، کە حەسیر و شتومەك و منداڵیان بارکردبوو. کچان و کوڕان تەواو ڕووت و قووت بوون. هەموو ژنان بە باشی ڕۆیشتن، بەڵام بە خێراییەکی ڕێکوپێك و باش وەك نارنجۆك هاوێژ، نەك هەنگاوی ژنانە. ئەژنۆیان بە شێوەیەکی تەواو ڕاست دەکردەوە، بە جۆرێکی وا، کە هیچ لە جلوبەرگەکانیان لە ئەژنۆکانیان بەرەوخوار نەچووە، ئێمەش هەلی سەرنجی تەواومان هەبوو.

له 14:30 بەرەو باشوور دەچووین، گەیشتینە مەزاری (ئەلبو خەلخال) لەسەر کەناری لای ڕاست و ڕاستەوخۆ دوای سەعات 16:00 لە (ئەبو موزروون)ەوە پەڕینەوە، کە مەزارێکی ترە لەسەر کەناری لای ڕاست بە گوندی (زەکیە)ی داڕوخاو دەورەدرابوو، کە شێخی (مۆنتەفیك) گومرگی لەوێدا هەبوو.

---

[103] ئەفسەری گشتی ناوخۆی مانەوە. بڕوانە لاپەڕە 6.

نزیکەی تا سەعات 18:00 ڕێکردنمان لەسەرخۆ بوو، کە لە گرێیەك یان گرێ و نیوێك لە سەعاتێکدا زیاتر نەبوو، هەوا نەبوو، هەروەها شەپۆلەکان پێچەوانەی ئاڕاستەی ئێمە بوون. کەنارەکانی ڕووبارەکە لە خوار (ئۆزەیر- عوزێر)ەوە (بەنی مالیکەکان) نیشتەجێن تیایدا. لە 18:30 لە باشوور 10°ڕۆژئاواوە دارخورماکانی گوڕنە- قوڕنە بە دووربین دەبینران. شێومان لەسەر بەلەمەکە کردەوە.

لە 23:30 چووینە ناو کەنداوی عەرەبییەوە، یان (پاسیتیگریس) و بە درێژایی شەو بەردەوام دەڕۆیشتین. لە سەعات 10:00 بەیانی ڕۆژی شەممە، 19/مایس/1821 گەیشتینە بەسرە.

## تێبینی

میستەر ریچ لە دوورگەی فارسدا زیاتر مایەوە لەوەی، کە خۆی پێشبینی دەکرد. پاشای بەغدا مانیفێستی ئەو شتانەی دەرخست، کە دەستدرێژییان کردۆتە سەر مافی تایبەتی بازرگان لە بەشەکانیاندا، کە لەژێر پاراستنی بریتانیادان و داوای مافەکانیان کرا لەجیاتیان، کە ئەو هەرگیز مافی ئەوەی نییە ئەو داوایە بکات. میستەر ریچ بەرهەڵستی ئەو هەوڵەی کرد تا ئەو مافانە پارێزراو بێت، کە لە بابی عالیدا دراوە بە دەستوپێوەندی بریتانیا. ئاڵوگۆڕ لە تورکیادا، هەموو ئەوانەی سەفیرەکەمان لە ئەستەمبوڵ و حوکومەت لە بۆمبەی لە بارودۆخی مەسەلەکە ئاگادار دەکەن و لەگەڵ ئەو سەغڵەتیە زۆرەی دووچاری دەبێت، بڕیاری دا پاشالیك، یان دەوروبەری جێنەهێڵێت تا هەندێ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە دەکرێت، ئەو کەسانەی بەرژەوەندییان چەندین ساڵە لە هەموو لایەکەوە بە جوانی چاودێرییان لێدەکرێت لە هەر دژایەتییەکەوە لەلایەن حاکمی تورکی نالەبارەوە.

لە هەمان کاتدا خاتوو ریچ دووچاری نەخۆشی لەرزوتا بوو بوو، کە زۆربەی هاوڕێ پزیشکەکانی ئامۆژگاریان دەکرد بە گۆڕینی ئاووهەوا.

میستەر ریچ بەسرەی جێهێشت و چوو بۆ (بوشێر) و لەوێ بڕیاری دا چاوەڕێی دوا فرمانی حوکومەتەکەی بکات، کە ڕۆژانە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد پێیبگات. بەڵام لەمەدا بێ هیوا بوو، دوای هەندێ چاوەڕوانی، گەشتکردن بە دەریادا بۆ خاتوو ریچ باش نەبوو.

لەژێر هەستێکی بەهێزدا لە ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر حوکومەتەکەی، کە بەڕێزەوە هەستیکرد هاوبەشە لە شیکردنەوەی پرسیاردا و بەهیوای ئەوەی یارمەتی بازرگانە چەوساوەکان بدات لە بەغدادا، کە تەواو چاوەڕوانی ئەوون بۆ پشتگیری کردن و رزگاربوونیان، بڕیاری دا خاتوو ریچ بە بەلەمێکی ئامادەکراو بنێرێت بۆ بۆمبەی و خۆی بە تەنیا لە (بوشێر) بمێنێتەوە. بە هەرحاڵ ماوەیەکی تر گەرما وای لێدێت، کە بەرگەگرتنی لەو شوێنەدا ئاسان نابێت، ئیدی ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە مەحاڵە بتوانێ زۆر لەوێ بمێنێتەوە و بەپێی ئەوە لە 24/تەموز/1821 چوو بۆ شیراز و لەوێ نیشتەجێ بوو. لەو گەشتەیدا و مانەوەی لە شیرازدا گوڵبژێر کراوە لەو نامانەی لەو کاتانەدا نووسراون.

# نامەی یەکەم

دەرچوونی خاتو ریچ بۆ بۆمبەی- گەیشتنی پۆستە لە ئەستەمبوڵەوە- سێر جەیمس ماکنتۆش- لۆرد سترانگفۆرد- کولێرای مۆربوس لە بەحرەین- بەزینی (کیاهیا)؟ی بەغداد لەلایەن کوردەوە- گەرمی کەش و هەوا- دوکتۆر جۆکەس- گەڕانەوەی بەڕێزان، تۆد و وڵسن لە شیراز و پەرسەپۆڵیس (تەختی جەمشید)- پلەی گەرما بەرزە- گەشتێکی بەمەبەست بۆ شیراز- گەیشتنی (تیگفچویوس) لە بۆمبەیەوە- دوکتۆر بیلْ- خۆئامادەکرد بۆ بەجێهێشتنی بوشێر.

- **بوشێر**، 25/**جون**/**حوزەیران**/1812،

دەرچوونە چاوەڕواننەکراوەکەی (کاپیتان واتەرمان)[104] باشترین شتێك بوو، کە بۆ ئێمە هەردووکمان روویدا.

بارە ناهەموارەکان کۆتایی هات و من ئێستا دەتوانم رای خۆم لەبارەی کەڵکی گەشتە دەریاییەکەتەوە دەربڕم، دڵنەوایی خۆم بەو هەواڵە دەدەمەوە، کە تەندروستیت زۆر باشترە لەو کاتەی گەیشتیتە بوشێر و لەو بڕوایەدام منیش دوای تۆ زۆر درێژەی نادەمێ.

(**جەمەدەر**)ی خۆش خووی ئەفسەری ناوخۆی پاسەوانەکان[105] سوپاس و ستایشی کرد و تەمەنای ئەوەی کرد گەشتێکی دەریایی خۆشت کردبێ. هەوڵی زۆری دا تا دڵنیام بکاتەوە لەوەی، کە دوای پانزە رۆژ تۆ بە مسۆگەری دەگەیتە **بۆمبەی**. هەروەها بە دڵنیاییەوە هەوای دەریا باشت دەکات. **جەمەدەر** هاوڕێیەکی بەستەزمانە، خۆشم دەوێت. **دوکتۆر تۆد**، لەبارەی کەڵکی گەشتە دەریاییەکەتەوە گفتوگۆم لەگەڵ دەکات و لە راستیدا پێویستی رەها لەوێدایە، کە واز لە بوشێر بێنی، کە ئەگەر لەرزوتاکە لە

---

104 کاپتنی ئەو کەشتییەی کە خاتو ریچ سەفەری پێکرد بوو بۆ بۆمبەی.

105 ئەفسەری سەربازانی هیندی ناوخۆیی.

کاتێکی گونجاودا نەوەستا (تاکە ڕێگە بۆ بە ئەنجامگەیاندن ئەوەیە خێرا بچی بۆ دەریا)، لەوانەشە لە کاتی مەترسیدارترا ناچارت بکات، کە بچی بۆ ئەوروپا، ئەو نەگبەتیەش بێنە بەر چاوی خۆت و لێگەڕێ با خۆمان ئاسودە بکەین و سوپاس بۆ خوا، کە نەمانخستۆتە دادگایەکی زۆر توندوتیژەوە.

کاپتنی کەشتییەکە هەر ئێستا تێبینیەکەی دوکتۆر (**بێڵ**)ی بۆ هێنام، زۆر لە سەرقاڵی بیری کەمکردمەوە. ئەو (کاپتنە)، کە حەزی لە دەستخۆشانەیە بۆ ئەوەی، کە خاتونی بە سەلامەتی گەیاندۆتە دەرەوەی بەندەرەکە.

- 29/جون/حوزەیران،

سەرم بەتەواوی گێژدەخوا لەم هەموو کاغەز و نامە و پاکەتانەی لە ئەستەمبوڵەوە گەیشتووە. دەماغی کلۆڵم سەرسام بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم هەندێ ئاماری هەموو ئەوانەی وەرمگرتوون بتدەمێ.

یەکەم: نامەکان لە (**ئێف**)ەوە، سوپاس بۆ خوا، هەموو لایەك باشن. باوکت[106] کەمێ نەخۆش بووە و ئەوەی بمانەوێ بیزانین، لەوە دەچێ هەندێ شت بە هەمان ڕێگایە، بەڵام زۆر کەمتر کاری تێکردم، واتە، سەری گێژ دەخوات. زۆر باشە، کەواتە زیاتر پزیشکەکان بەو ئەنجامە دەگەن، کە دوکتۆر بێڵ پێیگەیشتبوو، بەمانای ئەوەی: گەدە، زۆر باشە، ئێستا دووەم، بەڵام لەو بڕوایەدام، دیسانەوە ئەویش زۆر زۆر باشە. دڵنیام ئەو لە ئەنجامی کارکردنی زۆرەوە دووچاری ئەوە بووە، بە لایەنی کەمەوە ئەگەر من بکرێ بە هەستی خۆم فرمان بدەم، دووچاری هەمان شێوە سکاڵا دەبمەوە.

دووەم: هەناردەکانی لۆرد **سترانگفۆرد**[107]، ئەو هێشتا ئەوەی دوایی پێنەگەیشتووە، بەڵام لە تێبینیە تایبەتەکانمەوە و لە ڕاپۆرتەکانی، کە ئەو دەتوانێ کۆیانبکاتەوە، بە

---

[106] سێر جەیمس ماکنتۆش.

[107] سەفەیری ئینگلیز لە ئەستەمولّ.

نەزاکەتەوە هۆکەی پەسەندکرد، ئەو چی دەکات کاتێ راپۆرتە گشتیەکەی منی پێگەیشت؟ دەنووسێ، پاشا بێنە بۆ بیرلێکردنەوە، لەوێ لەسەر زەمینەیەکی بەرز دەوەستین، گومانم نیە هەمووی باش دەبێت ئێستا، بەڵام بۆ ئەوەی زۆرتر دیاریکراو بێت، لەوانەیە پاشا[108] سکاڵایەك دژی من تۆماربکات، وەك پێشبینی دەکەم، بەڵام باشتر یان خراپتر دەتوانێ وەسیلەیەك بدۆزێتەوە دژی من پێشکەشی بکات. چونکە من کارم کردە سەر کورد و فارس دژی ئەو. لۆرد سترانگفۆرد دەڵێت: وا هەست دەکەم، تاوانبارکردنەکەی ئەو بەرامبەر من لە سووربوونم لەسەر مافی بریتانیاوە هاتووە و ئەو بە خۆبەخش بە شێوەی خۆڕایی لە بەرژەوەندی من دەنووسێ بۆ **لۆرد کاستلڕیف**، ترسم هەیە روونکردنەوە دژی من لەلایەن وەزیرانی تورکیاوە راستەوخۆ بۆ لۆرد کاستلڕیف بێت. لەوانەیە کاریگەرییەکی زیانبەخشی هەبێت. ئەو کۆپیەکی نامەکەی ناردووە بۆم، کە ناردویەتی بۆ لۆرد کاستلڕیف، کە لێرەدا کۆپییەکم هاوپێچ کردووە[109]، هەموو ئەوانە کراوە پێش ئەوەی راپۆرتە گشتیەکەی منی پێبگات، یان هێرشەکانی کۆتایی پاشای بیستبێت، بۆیە ئێمە هەموو رۆژێك چاوەڕوانی شتێکی گرنگین.

ورەم بەو هەڵسوکەوتەی لۆرد سترانگفۆرد زۆر بەرزبۆتەوە.

---

[108] داود پاشای بەغدا.

[109] گوڵبژێرێك لە هەناردەی ڤایکۆنت سترانگفۆرد بۆ ڤایکۆنت کاستلڕیف، لە رۆژی 10/نیسان/1821.

" هەلی ئەوەم نەبوو بەدواداچوونی تەواو لە بنەچەی داکۆکی پاشا بکەم و بەڵام من لە میانەی ئەو زانیاریانەی بە کردەوە کۆمکردونەتەوە، بە گوێرەی منەوە تەواو ئاشکرایە، ئەو تاکە سەرپێچیەی میستەر ریچ بریتیە لەو بەرهەڵستی و راوەستانە مەردانەیەی کە بەردەوام هەیبوو بەرامبەر کردەوەی سەرانە و خۆسەپاندنی پاشا بەرامبەر بازرگانانی بریتانی لە بەغدا هەیبووە." نابێ بیری ناخۆشی دەسەڵاتداری تایبەتم لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە هەبێت، لای ئەو من شارەزاییم نییە لە دەسەڵاتی پاشا و لەوانەیە ئەوەی لە لەندەن بە کاروباری تورکیا هەڵدەستێت فرمانی پێبکرێت تا بیخاتە بەردەم شاژنی حوکومەتی بریتانی.

جەنگی روسیا دادەمرکێتەوە و دەبێتە یاخی بوونی یۆنان، کە بە هەرحاڵ ئەگەرێکی گەورە هەیە بۆ کۆتایی هاتنی. (سکانافی)ی[110] هەژار و زاوا رەوشت بەرزەکەی لە ئەستەمبوڵ کوژران، لەگەڵ پاتریکدا، ژمارەیەك لە جیاکەرەوەکانی یۆنانییەکان و قەڵەباڵغی ئەوانی تر کەم تێبینی دەکرێن.

کیاهیای بەغداد لەگەڵ هێزی سەربازیدا دەچن بۆ قزلڕەبات بۆ چاودێری کوردەکان و فارسەکان.

من شادمانم بەوەی (تایلەر)ی هاورێی لاومان هاتەپێشەوە بۆ یارمەتیدانم و ئەو یارمەتیدەرێکی زۆر لێهاتووە.

نووسیم تا مێشکم بەتەواوی بەتاڵبێتەوە، من لەو کاتەی پۆستەکان گەیشتووە لە چالاکیەکی بەردەوامدام. پۆستەکەت بە جیاواز بە (**کاپتان هەیل**)دا دەگەیەنم، بۆ بازرگانانی بۆمبەی، نیازی وایە ئەم شەو بکەوێتەڕێ، ئەو ئێستا لە رێگەی دەرەوەیە. هەلێك هەیە، کە ئەو بەسەر (مەسقەت)دا بتبات. لەم حاڵەتەدا ئاسانە بۆ ئەو، کە پۆستەکەتی بە جیاواز پێبێت.

ورەت بەرزبێت، لەیەك دووریمان تەنانەت تا سنوورێکی بەرز درێژەی کێشا، ئیدی پێویستە ئێستا بەم زووانە کۆتایی بێت. لە راستیدا تێیدا دووربینی لە سەرجەمی مەسەلەکەدا کراوە و هەر لە یەکەم دەستپێکردنەوە دەبینرا. ئەوە باشە، کە من تەنانەت ئەمەم جێنەهێشت بەر لە گەیشتنی پۆستەکانی لۆرد سترانگفۆرد.

تا ئێستا هیوام وایە بەباشی کراوە، لێمگەڕێ بەشەکەی خۆم لەگەڵ دادوەریدا تەواوکەم و پاشان لەو بڕوایەدام هەموو کێشەکانم کۆتایی دێت. بەیانی پێویستە دەستبکەم بە

---

[110] ئەو حاکمی کراکۆفیا بوو لە والاچیا، کاتێ لە ساڵی 1814دا پێیدا تێپەڕین، لە رێگەماندا لە ئەستەمبوڵەوە بۆ ڤێننا، هەروەها زۆر میوانداریمان لەلایەن ئەم پیاوە بەڕێزە و خێزانەکەیەوە لێکراوە. خ. ریچ.

ناردنی پۆستەکانم بۆ ئەستەمبوڵ. هەوڵ دەدەم چەند دێڕێ بۆ (ئێف) بنووسم، ئەگەر بگونجێت، ئەو بە دڵنیاییەوە شایانیەتی و دەهێنێ.

کەش و هەوا زۆر گەرمە و بەرگەگرتنی مەحاڵە. دوعاگۆم تۆ دووچاری شتی وا نەبیت. من تا بێت زیاتر و زیاتر خۆشحاڵم، کە تۆ لەمە رزگارت بووە.

جارێکی تریش دەبێ کۆتایی پێبهێنم.

خوا ئاگادارت بێ و بتپارێزێ.

- **بوشێر**، 2/**جولای/تەموز**.

کاپتنی کەشتی بازرگانیی بۆمبەی پێچراوە و سندوقەکانی وەرگرت، بەڵام دەبینم هێشتا رێنەکەوتووە، لەگەڵ بوونی زریانێکی باشیش لە باکووری رۆژئاواوە، کە ئەوەش کارێکی چاکە، کە پێشبینی بکەیت. ئەوە لەوانەیە واملێبکات، کە سندوقەکان تا دوا سات دانەخەم. بە هەرحاڵ لە هەلی داهاتودا دەست ئەکەم بە ناردنی یاداشتەکەم. (ئۆڤانیس)ی هەژار بەهۆی هێرشی نەخۆشی زەردوویییەوە دواکەوت و خەریك بوو لەژێر سەنگینی جلەکانیدا خۆی بخنکێنێ. رەنگی وەکو ئاوی حەوزێکی راوەستاوی لێهات، کە زەرداوی گۆگردی تێدابێت.

ئەوانی تر هەمووی باشە. منیش خەریکە لەم شوێنە زۆر ماندودەبم و بەر لەوەی هەموومان پێکەوە پەکمانەکەوتووە دەبێ بە پەلە لێی دەرچم، بەتایبەتی وەك گەڕانەوەی باکووری رۆژئاوا بە هێزێکی نوێوە، کە هەلی خۆبەدەستەوەدان کەمکاتەوە لە هەر شتێ بە شێوەیەکی خێرا لە بۆمبەی.

(**سوویادار**)ی قەڵەو (بەو بۆنەیەوە، ئەو سەر بە سوکە کۆمپانیایەکی لەشکری پیادەیە) کاتێ بەیانیان دێ بۆ لام و بایەکی باش هەڵیکردووە، هەمیشە دەڵێ: " بایەکی باشە

بۆ خاتو سەهیب، گەورەم. " لە راستیدا بڕوام وایە، کە تۆ زۆر بەختەوەری و بڕوام بەخوایە، کە ئێستا لە مەسقەت پارێزراوی و پاشماوەی هەموو لەرزوتاکەت تیانەماوە.

هەر ئێستا بەو کتێبەدا دەگەڕام، کە پێیدەوترێ (گەشتێ بۆ وڵاتی فارس)، کە لە (ترەوتەڵ و ورتز)ەوە پێمگەیشتووە، لەگەڵ نەخشەی نوێی(لاپیە). نووسەرەکەی سەری سووڕماوە، کە چۆن لەو رۆژەدا لە بەغدا خۆی پێگەیاندووە؟ بەڵام خۆی ئاسوودە دەکاتەوە بە ئاسایی بەو هێزی ئاڵتونەی لە هەردوو دەستیەوە دەهاتنە دەرەوە.

- 4/**جولای/ تەموز**.

هێشتا زریانێکی توند لە ناوچەی باکووری رۆژئاواوە هەیە.

بەیانی ئەمڕۆ توانیم چاودێرییەکی دوورودرێژی چاوەڕوانکراوی ئەستێرە گەڕۆکە بچوکەکان بکەم، کە بەتەواوی سەرکەوتوبوو. من ئێستا لەوپەڕی بارودۆخی ناڕەحەتیدام، کە هەمیشە دێتە پێش بۆ خۆئامادەکردن بۆ گەشتێك و لەوەش خراپتر، ئێستا کەسیشم نیە یارمەتیەکم بدات، یان تەنانەت ورەم وەك خۆی بهێڵێتەوە و نەهێڵێ بڕووخێم. میستەر (**هاید**) هانم دەدا و کەفوگوڕم دەداتێ بۆ گەشتەکەی شیراز، بیردەکاتەوە، کە لەگەڵمدا بێت، ئەوە شتێکی چاکە، ئەگەر دوای هەمووی من بەڕاستی بڕۆم، ئامانجێکی گەورەم هەبێ یا نەبێ، حەزدەکەم سەری تیشکەکە بە لایەکی پێچەوانەدا ببەم.

(تایلەر) زۆر چاکە و هەمیشە لە کاتی شێوکردنەوەدا دێت بۆ لام و پێکەوە لەسەر لم لە کاتی رۆژئاوابووندا پیاسەدەکەین.

(ئۆڤانێس) باشترە، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی جێینەهێڵم، ئەگەر چووین بۆ شیراز. لەو بڕوایەدام کەس نامێنێتەوە، تەنانەت جولەکەکانیش، بۆ هەرکوێ ئەڕۆم پێمەوە نوساون.

- 9/**جولای/تەموز**.

**کۆلۆمبۆس** بەو دڵەڕاوکەیەی، کە من بۆ کەشتیەکە هەمە، ئەو نەگەڕاوە بەدوای زەویدا بیدۆزێتەوە. **دوکتۆر داو** کەشتیەکەی بانگکرد، کە پێیدەوترا (مالابار)، هەر ئێستا لە بەحرەینەوە لەگەڵ تاقمێکی زۆر کەم گەیشتووە، تا بزانێ کێشەیان چییە. کەشتیەکە لە ڕێگەی دەرەوەیە و شێخ[111]ڕێگەی بە بچوکترین پەیوەندی نەدەدا لە نێوان ئەوان و شوێنی لەنگەرگرتندا رووبدات. وەك ئاشکرایە کێشەکە نەخۆشی کولێرایە و لە بەحرەین بە توندی گرتوویانە و بەو هۆیەوە **مالابار** شانزە کەس لە تاقمەکەی گیانیان لە دەستداوە. ئەوان ئێستا لەناوەوە هەموو توش بوون، هێشتا ترسی خەڵکی هێور نەبۆتەوە و زۆر توند و تیژ گیراوە هەروەك ئەوە لەناوەوە تاعونیان تێکەوتبێت. یەك دانیشتوی بوشێر بە هیچ حسابێك لەماوەی نیومیلدا نزیکی ناکەوێتەوە.

پاسەوانێك دانراوە بۆ ڕێگرتن لە خەڵکی، کە لە وشکاییەوە دێن، یان پەیوەندی بکەن بە کەشتیەکانی ترەوە و لە یەکەم ساتا، خەڵکی شارۆچکەکە بەراستی باسی چۆڵکردنی شوێنەکە دەکەن و ڕۆیشتنیان بۆ چیاکان. ئەم مەترسیە لە هەلی دووچار بوون بە نەخۆشی لە تەندروستی گشتی بوشێر باش دەدوێ، کە بە تەواوی بەدەری ئەکات لە شوێنەکانی تر لە دوورگەکەدا. **مالابار** دەچێ بۆ بەسرە، شوێنێ، کە زۆر بەربەستی نایەتە رێ.

- 12/**جولای/تەموز**.

هەواڵ لە بەسرەوە هەر ئێستا گەیشت، کە راپۆرتەکەی کیاهیای بەغداد دڵنیادەکاتەوە، کە لەلایەن کوردەکانەوە بەزێنراون (بێگومان ئەولا بێدەسەڵات نەبوو). پاشا، هەر هەواڵی تێشکاندنەکەی بیست، هەموو بەرپرسە فارسەکانی لە بەغدا فرێدانە بەندیخانەوە، بەهۆی تالانی کردنەوە، بە مانایەکی تر، هەموو ئەوانەی توانیویانە شتێ بگرنەوە، کە لەو بڕوایەدام ژمارەیەکی زۆر توانیویانە ئاگایان لە خۆیان بێت. جۆرجیەکان لە بەغداوە بۆ هەمان مەبەست چوون بۆ نەجەف و کەربەلا تا هەمان

---

111 بەرپرسی بوشێر.

شت بکەن. ئەوان بەلایەنی کەمەوە ویستیان ئەوە پیشان بدەن، ئەگەر نەتوانن بجەنگن، خۆ دەتوانن تالانی بکەن. بەکورتی لەوەدەچێ هێلێکی گشتی هەبێت. نامەیەکم لە (عەزرا)وە[112] پێگەیشتووە، بەلام یەك برگە هەوالی تیانییە، بێگومان ئاوازەکەی زۆر ملکەچانەیە.

کەش و هەوا بەرگەی ناگیرێ، لەگەل ئەوەی لەم ساتەدا لە شەودا 90°، هێشتا هەوا قورس و لینج و شێدارە و قورسایی دەخاتە سەر سنگ، کە دەبێتە هۆی تەنگە نەفەسی، بۆیە شادمانم بەوەی، کە تۆ لە هەموو ئەمانە هەلهاتویت. وای دادەنێم، کە لە بۆمبەیت و بڕوام بە خوا هەیە تەواو لە لەرزوتاکە رزگارت بووە. کزە بایەك چاوەڕوان دەکرێ لە ناوچەی باشووری رۆژئاواوە هەر ئێستا هەلبکات. بە ئومێدی خوا (فڕانسیی چاودێر) هەوال دێنێ، کە کەشتییەکی بازرگانی ئێستا لە بۆمبەیەوە گەیشت، دەلێن حەوت رۆژ بەر لە ئێستا دەریای بڕیوە، دوکتۆر جوکیس لە کەشتیەکەدایە، کە بۆتە باوەڕپێکراوی سیاسی لە (کەشمە) لەگەل ئەرکەکەی پێشوی بۆ تاران.

- 13/ **جولای/تەموز**.

دووبارە شەوێکی ناخۆش، هەناسە نادات، لە پەلوپۆ دەکەوی، سازگار و ساف نییە و گەمژانەیە. کەش و هەوا تەواو ترسناکە و دەلێن بە هیچ جۆرێ لەوەپێش لەمە خراپتر نەبووە. من هیچ شتێکم لەم بەغدایە بەقەدەر ئەم گەرما شێدارە قورسە ناخۆشتر نەبینیوە، کە تەواو خنکێنەرە. گەرمیپیوەکە ئێستا 95°، بەلام بە درێژایی شەو 91° بووە، هەرچەند هەلێکم بۆ سازاوە، ئەویش نووستنە، کە تەواو کارێکی مەحالە. عەرەق وشك نابێتەوە، چونکە نابێ بە هەلم و هەموو شت بە شێی هەواکە تەڕدەبێت وەك لە گەرماوی گەرمدا بیت. لە راستیدا من دەتوانم ئەمە بچووینم بە ژیان لە (حەمام)دا، تۆ وا هەست ئەکەیت ئەوانەی روودەدات، تەقینەوەی گۆگردی گەرمی بەغدای ساوم زۆر سازگار ترە لە بەراوردا لەگەل ئەمەدا. هەروەها لەوە دەچێ، کە

---

112 پاشا حەزی بە جولەکەی بەغدا هەبوو، ئەو کاتە راوێژکاری سەرەکی بوو.

شتێك وەك لە هەوادا بێت، بە شێوەیەكی سەیر چوزێنەرەوەیە، من بەر لەوە هێجگار ئەوەندە خراپ نەبووم.

من هەموو جەستەم بەرەوخوار بۆ لاقەكانم و پەنجەكانم بریندار بووە. ئەوەی لە بەغدا دەمچێشت هیچ نەبوو لە چاو ئەمەدا. كاریگەری سوور بوونەوە و هەوكردنی رووبەرێكی فراوانی بە شێوەیەكی ناخۆش گرتۆتەوە. چەند سوپاسی خوا ئەكەم، كە لە كاتی خۆیدا دەرباز بووی، 24 سەعاتی ئەم بارودۆخە لەوانەبوو لەناوت ببات.

- 15/**جولای/تەموز**.

بەرێزان، تۆد و ویڵسن ئێستا لە شیراز گەڕانەوە، ئەوان تەواو خۆشحاڵ بوون بەو هەموو شتانەی بینیویانە. كەش و هەوای زۆر سارد، كە یەكێكیان ناچاربووە چاكەتێكی فەروی كڕیوە و ئەوانی تریش لە راستیدا مەینەتییان بە دەست سەرماوە كێشاوە. دەتوانیت لە نیوەڕۆدا بە شیرازدا تێپەڕیت بەبێ سەغڵەتی.

لە (دەستارجوون) ئەوان خۆشحاڵ بوون بچنە بەر هەتاوەكە تا كەمێ خۆیان گەرم بكەنەوە. سێ رۆژیان لە (پێرسەپۆلیس- تەختی جەمشید) بەسەربردووە، بەلام نەیانتوانیوە شاپوور ببینن، ئەویش بەهۆی هەندێ ئاژاوەی دەوروبەرەوە.

بە كورتی، ئەوان تا رادەیەكی زۆر ئاسوودە بوون لە گەشتەكەیاندا، بەلام رێگەی نێوان ئەم شوێنە و شیراز زۆر مەترسیدار بووە. هەرچەند دوكتۆر ویڵسن دەڵێت: هەرگیز خراپتری نەبینیوە، كە لە هەزار بە هەزارەكەی (لیبانوس) زۆرتر خراپ بێت.

- 17/**جولای/تەموز**.

نائومێدیەكی تر. لە كاتی خۆر ئاوابووندا كەشتییەكمان لەوپەڕی باشوورەوە بینی و وامان دانا، كە لەوانەیە (فرانسیس واردن) بێت. ئەم بەیانییە بۆمان دەركەوت، كە كەشتییەكی عەرەبییە و لە مەسقەتەوە هاتووە. ئەگەر بەر هەر شوێنێك كەوتبێ لە دوورگەكەدا، شێخ رێ بە هیچ پەیوەندیەكی نادات لەگەڵ ئەم شارەدا. هەروەها ئەم بەیانییە كەشتیەك هات، كە تایبەت بوو بە شێخ خۆیەوە، ژمارەیەكی زۆر نەخۆشی

تێدابوو. دووبارە دەستبەجێ دووریخستەوە و ڕێی نەدا بەرمیلێك ئاو لێرەوە بخرێتە ناو کەشتیەکەوە. هەروەها بەسرەشی خستە ژێر حەسارەوە. نەخوشیەکە هەرچییەك بێت، بەسەر کەنداوی فارسدا بڵاوبۆتەوە تا **کۆنگوون**. دەڵێن لە بەحرەین بەهۆی ئەوەوە 4000 کەس گیانی لە دەست داوە، یان دوو بەش لە سێ بەشی دانیشتوانەکەی! لەوەدەچێ لەسەر کەنارە پلە نزمەکانی کەنداوی فارس نیشتبێت. من نازانم لە مەسقەت لەو کەش و هەوایەیان هەیە یان نا، لەو بڕوایەدام هەیانبێت.

بە درێژایی دوێ شەو گەرمی پێوەکە 93°بووە تا سەعات سێی ئەم بەیانییە، کاتێ وردە وردە دابەزی بۆ 90°، کە نزمترین خاڵە. بە هەرحاڵ ئەوەی زۆر من شکاتی لە دەست ئەکەم گەرما نییە، بە قەدەر هەڵم و جێگەکان، کە زۆر دڵگیرە و پاش هەر شتێ، کە هەستم بە ناخۆشی کردبێت. بەغدادییە هەژارەکان وەکو جنۆکەیان لێهاتووە و تەنانەت بە گەرمەژنە داپۆشراون. (گەورەم) یوسف ئاغا[113] ئەمڕۆ وتی: " ئێمە لەوانەیە لە ئاگردا بژین، بەڵام نەك لە (حەمام)دا" ئەمەی وت وەك هێما بکات بەوەی، کە بەغدادییەکانیش سکاڵا لە دەست گەرما دەکەن. هەموو سەعاتێکی ڕۆژگار سوپاسی خوا دەکەم، کە لەمە رزگارت بووە. گیان لەژێر ئازاری سوتانەوەی ئەم گەرمەژنەیەدا هاوار دەکات و ئەو لاوازی و بێتوانایییە نائاساییەی هەستی پێدەکەم و، کە ناتوانم بە بەرهەیوانەکەدا پیاسە بکەم.

دوکتۆر ویڵسن هەر ئێستا هەندێ سەرە تیر و ڕمی پێشاندام، کە لە پەرسەپۆلیس دەستی کەوتووە، یەکێکی هاوشێوەی هەندێکیان لە (تومولی) لە ماراسۆن دۆزیویەتەوە.

پلەی گەرما 97°. ئێستا زۆر سوورم و لەو بڕوایەدام ئیتر دەڕۆم بۆ شیراز. ئەوەندەی توانیم بەرەنگاریم کرد، بەڵام ئیدی ناتوانم لەوە زیاتر خۆم بگرم، بە خواستی خۆم بێ یان نەبێ پێویستە دوورکەومەوە.

113 یەکێك لە خزمەتکارە موسڵمانەکانی (ماهۆمیتانی) میستەر ریچە و هاوڵاتیەکی بەغدایە.

لێرە لەم جۆرە کەش و هەوایە دوو مانگی تری ماوە، منیش لەوبڕوایەدا نیم دوو هەفتە زیاتر بەرگە بگرم. دەریاکە تەواو گەرم و ئاسودە بەخشە، دوکتۆر ویڵسن مەلەوانێکی شارەزایە، پێیوتم کێشەی زۆر گەورەی مەلەکردن زۆر کەمە تێیدا و **میستەر هاید**، کە چووە بۆ بیابانی لیبی بێ ئەوەی هەست بە سەغڵەتی گەرما بکات، ئێستا جار جارە سکاڵا لە نوقم بوون و لاوازی ئازاراوی دەکات.

19/**جولای/تەموز**.

گەرمیپێو 97°. ڕۆژێکە بەرگەی دەگیرێت، سەرکەوتنم لە بەسەربردنی شەوێکی زۆر ترسناکدا بەدەستهێنا. گەرمیپێو بە درێژایی شەو 93°بوو، هەوا هەناسەی دەرنەئەهات.

هەموو دەریاکە لەوە دەچوو بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان بەو هەموو هەڵمەی دەیکرد، کە چاوی نەنوقاندووە، تەنانەت بەغداییەکان و(میستەر هاید)ش، ئەوەی وای هەست ئەکرد هەموو شت لە ڕێی گەرماوە بەرگری دەکات، ئەو دانی پیانا، کە خۆی پەکیکەوتوە. **ئاغا سەیدی** بەستەزمان وەکو من هەمان بڕ چێژی گەرمەژنەی کردووە. پلەی گەرمای دەریاکە ئەم بەیانییە لە گزنگدا 90°بوو، هەروەها وەك دەردەکەوێت ئەمڕۆ ڕۆژێکی ترسناکمان دەبێت. من ناتوانم لەوە زیاتر بەرگەی بگرم، ئەمڕۆ داوای هێستر دەکەم و لە ماوەی ڕۆژێ یان دوو ڕۆژدا، لە ماوەیەکی کورتا کەسمان لە توانایا نامێنێ جوڵە بکات. بۆچی لەگەڵ تۆدا نەهاتم بۆ بۆمبەی؟ هەموو ئەوانە ئێستا کۆتایی هاتبوو.

- 20/**جولای/تەموز**.

ئەم بەیانیە تێبینیەکی ترم لەبارەی ئەستێرەی گەڕۆکی مشتەرییەوە هەبوو. میستەر (ستورمی) بۆی دەژماردم و میستەر (هاید) یارمەتی کارەکەی دەدا. میستەر ستورمی وتی ئەگەر من بچم بۆ شیراز، ئەو زۆر لەوە دەچێ هاوڕێیەتیم بکات و لەو بڕوایەشدام دوکتۆر (تۆد)یش هەروەها بێت. هەردووکیان باش شارەزان و منیش حەزئەکەم بێن لەگەڵمدا بۆ سەفەر، کە من ئێستا بە ڕاستی بیری لێدەکەمەوە.

- 21/**جولای/تەموز**.

بەردەوام داوای هێسترم کرد و تەمەننای ئەوە دەکەم دووشەممە دەرچم. ئەم کەشو هەوا نالەبار و ناخۆشە وای لێکردووم لەم شوێنە شوومە دەربازبم، دوکتۆر تۆد بڕیاری دا بێت لەگەڵمدا، دەزانم ئەوەش زۆر شادمانت دەکات، چونکە دەزانم چەند دڵت لامە. پلانی ئێستام سەرەتا بۆ شیرازە و لەوێ بە هێمنی دەمێنیێتەوە تا ئەم گەرما زۆرەمان لێبەسەردەچێ. ددان بنێم بە راستییەکدا بۆت، زۆر حەزناکەم لەبەر هەتاو هەڵبێم و خۆم نەخۆش بخەم. هیوادارم ئینجا دەربازبم بۆ پەرسەپۆلیس، لەوانەشە بۆ (دارابگورد) و لە رێی خۆمەوە شاپوریش هەڵدەگرم و دێمەوە بۆ ئەم شوێنە، کاتێ کەش و هەوا ساردتر بێت و رێگەی پشکنینم بدات لەو شتانەی، کە ماوە لەکاتی دەست بەتاڵیمدا بەبێ مەترسی بیانکەم.

- 22/**جولای/تەموز**.

شەوی رابردوو بەرگەگرتنی مەحاڵ بوو، وەك ئەوەی بارێکی زۆر سەنگین لەسەر سنگت بێت. هەموو کەسێك لەو بڕوایەدا بوو، کە تۆ لێرە بوویتایە بێگومان دەیکوشتی. سوپاس بۆ خوا، کە لەم کاتەدا سەلامەتی. خوا بتپارێزێ. حەزم دەکرد لە گەشتەکەمدا پێکەوە بووینایە، بەڵام من زیاتر و زیاتر دڵنیا دەبم، کە لەوانەبوو مەحاڵ بێت. هەمووی بەرەو باشتر. **ئەحمەد ئاغای** بەستەزمان زۆر بە نالەباری لەرزوتا کوردستانیەکەی بۆ گەڕاوەتەوە و **ئۆڤانێس** تەواو گێژوویژ بووە، بەڵام ئەو تەواو خۆشحاڵە، کە **دوکتۆر تۆد** دێت لەگەڵمان. ئەوە زۆر باشە گەورەم، ئەو وتی، خوایەگیان کەس نەخۆش نەکەوێت، بەڵام ئەگەر نەخۆشکەوت، ئەوە بوونی دوکتۆر شتێکی چاکە. هیوادارم سبەی شەو دەرچین، هاودەمیت دەکەین، ئەشزانێ چەند قینم لە رێکردنی شەوە. ئەوەش دوکتور (بیلْ)م دێنێتەوە یاد، زۆر بیری دەکەم و لەوانەیە حەزبکات لەم گەشتەدا بووایە. لەگەڵ ئەوەی ئەمانە هەواڵی ساردوسڕە بۆتی دەنێرم، بەڵام چی دەتوانم بکەم، ئەمە پاریس نییە و لەسەرو ئەوەشەوە ئەوەندە بێتاقەتم بەهۆی ئەو گەرمایەوە وڕوکاس بووم و تەواو توانات ناهێڵێت. ئەوەی دەستم پێکردووە بۆ هەمووان باشترە.

- 23/**جولای/تەموز**.

هەر ئێستا بە هێسترەکان لە رووبارەکە پەڕینەوە. ئەم شەو دەرئەچین، لە راستیدا ئەوەم کردووە، زۆری دژی خواستی خۆمە. ئیدی یادەوەریەکانم دادەخەم و دەیدەم بە میستەر هاید.

- 24/**جولای/تەموز**.

یاداشتەکانم دوێنێ داخست و خەریکی خۆپێچانەوە بووم، کاتێ لە باشوورەوە کەشتیەك دەرکەوت، دڵنیابوون، کە کەشتی کۆمپانیای (تەیگنماوز)ە. بێگومان ئەوەش وام لێدەکات گەشتەکەم دوابخەم بۆ ئەو ئێوارەیە.

دەوروبەری سەعات 17:00 پاش نیوەڕۆ کەشتیەکە گەیشت و پۆستەکانی (تەڕنات) و (فڕانسیس واردن)ی هێنابوو، لەوەش زیاتر تێبینیەکەت لە مەسقەتەوە: بارەکە لەسەر مێشکم داگیراوە، زۆر راستگۆیانە سوپاسی خوام کرد بۆ بەزەییەکەی، من هەستم نەدەکرد، کە تۆ بە دەست گەرماوە دەناڵێنی، هێشتا کەمتر لەسەر وشکایی رادەکەم.

بە دوکتۆر بیلّ بڵێ هەمیشە بە نامە پڕ لە سۆز و دڵخۆشکەرەکەی دەزانم. من ناتوانم وەك خۆی ستایشی ئەو و دەریاوانەکان بکەم بەرامبەر چاودێریکردنی تۆ.

شەوێکمان بەسەربرد، کە هەرگیز وەسف ناکرێ، لەوە زیاتر ناخۆشتر بوو، کە بەبیرما بێت، گیانلەبەرێك چاوی لێك نەناوە، هەروەها رۆژەکەش ترسناك بوو. کاپیتان (**هاردی**) لە (تەیگنماوز) دەڵێت لەسەر بۆردەکە گەرمترە وەك لەناو خانووەکە. تاقمەکەی هەر هەموویان بەهۆی گەرماوە نەخۆشکەوتون و لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن ئەمە سەرەتای گەرمایە و مانگی ئاب هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەمەدا. هەرچەند گەرمیپێوەکە لە شەودا °93. کاپیتان هاردی دەڵێت: هێشتا ناتوانێ خۆی بخاتە مەترسییەوە لەگەڵ تەیگنماوزدا بچێتە ناو دوورگەکەوە و ئەو بە گەرمایەکی قورستر بە بەسرەدا تێدەپەڕێت. میستەر هاید، لەگەڵ ئەوەی هێشتا بەردەوامە لە بڕیاری

چوونی بۆ بۆمبەی، ئەگەر (**هاریەت**) بێتە ناوەوە، ئەو دژی ئامۆژگاری هەموو کەسێکە. ئێستا چاوەڕێی نێردراوێکی لۆرد سترانگفۆرد ئەکەم، بە گەیشتنی راپۆرتەکەم بە دەرچوونم لە بەغدا، کە پێویستە لە ماوەیەکی کورتا بێت. هیوادارم ئەو بەشەی ئیشەکەی من کۆتایی هاتبێت و بتوانم ئابڕومەندانە خانەنشین بم بە شێوەیەکی خێرا. لەو بڕوایەدام تۆ دەتەوێ دوای شکاندنی گەرما ببینی. لەم کاتەدا من دەچم بۆ شیراز، ئێمە ئەم ئێوارەیە دەست پێدەکەین. ئەوە مردنە گەر لێرە بەردەوام بیت. سێ رێکردنی ئاسایی دەمانبات بۆ وڵاتێکی فێنك.

جارێکی تریش خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ و بەرقەرارت بکات.

# نامەی دووەم

خۆ ئامادەكردن بۆ گەشتێك لە بوشێرەوە بۆ شیراز، بەڕێزان تۆد و ستورمی- ولاتێكی تەختی دڵتەنگ- گوندی چاهكوتا- هەوای گەرم- شەو رێكردن- ئاسكە كێوییەكی دیاری خانی (بورازگوون)- پاسەوانخانە- سەرچاوەی كبریت و نەوت- داولەكێ- گەرمای كەش و هەوا- چیاكان- داری دارخورما- دەربەندی كوتاڵی مەلوو- لێژاییەكی خراپ- تولەڕێی پێچاوپێچ- رێگەی خواروخێچی سەر چیا- دەشتی خشت- دۆڵی تەسك- رێگای سەرەولێژ- دەربەندی كوتاڵی كەماریج- ئاوی بەتام- كەوزەروون- جیاكردنەوەی فارسەكان- عەلی ئەسكەر- سەیروسەمەرەیی- دەربەندی كوتاڵی دوختەر- رێگەی باریك- سیمپلۆنی ولاتی فارس- دیمەنی دڵگیر- پاسەوانخان- ولاتی جوان  دەربەندی پەریی زین- سەرەوژوركەیەكی بەردەلان- دارستانی كورتە داربەڕوو- كاروانسەرا- شیوی ئارجوون- پەڵەیەكی جوان- دەشتی سەوز- بینینی كورد- دەشتی شیراز- گەیشتنە ناو گەڕەكەكانی شارەكەوە- باخچەی جیهان نوما- ماریفەتی بریكاری ئینگلیز- حافیزیە، یان باخچەی حافز  ئاغا میناس و خەڵكی دەچنە ناو شارەوە- سەرنج وەرگرتن لە یەكەم دیمەنی شیراز- ساویلكەیی خەڵكەكەی- كەڵكەكانی بارودۆخی ئەم شارە- باخەكان  درەختی سەرو- كەریم خان- كەش و هەوا- ئازوقەكان.

- **شیراز**، 4/ **ئۆگۆست/ئاب**/1821

جارێکی تریش بە ڕێوەم، وەك کەسێکی سەرلێشێواو، کە بە پەلە هەڵئەقونێتەوە و لە ناوچەوانی نووسراوە ئاسودەیی نەبینێتەوە. جارێکی تر نامەوێ ئاوڕ لە کاتەکانی پشودان بدەمەوە، کە لەوێ هیوام دەخواست بە شێوەیەکی بێدەنگ سەرقاڵ بن، چاویلکەکەم و کۆتە چەرمە سەوزە کۆنەکە، یان سندوقی نووسراوەکان، سندوقی قەڵەم و پاندان، کە بە پارچەی دەستکێشە کۆنەکان لە هەردوو سەرەوە پینەکراوە و دەفتەرە رەشداگەڕاوەکەی تێبینیە قلی و بلیەکانم. جارێکی تر ئامێری پێوانەی دووری گۆشەییەکە و ڕێبەدییەکەم پێچایەوە، سفرەخوانە چادرە دڕاوەکە، رۆژمێر و یاداشتە چەورەکان، بۆ ناو جانتایەك، کە ئەویش کەم چەور نەبوو، جارێکی تر کۆمپاسەکەم بە هەمان گوشی سووری کۆن لە ملم دەئاڵێنم، هەمان چاکەتە کۆنە چڵکنەکە، کرۆنۆمیتەرەکە (ئامێری پێوانی کات- وەرگێڕ) دەکەم بە سوچێکی بەرۆکی یەلەکەکەمدا، سەرئەکەومە سەر زینە چەرمەکە و دووبارە روخساری تەڕوبڕم دەخەمە بەر گڕەی گەرما. تۆ دەبێ چاوەڕێی یاداشتێکی ڕێکوپێك نەبی لە من، من هەروا چەند تێبینییەکی هەڕەمەکیت دەدەمێ، کە بەسە تا ئەو کاتەی بەیەك دەگەینەوە.

- 24/**جولای/تەموز**.

لە سەعات 21:00 شەو **بوشێرم** بە هاوڕێیەتی بەڕێزان **تۆد و ستورمی** جێهێشت، هەردوکیان زۆر دڵسۆز بوون بۆ من. زۆر بێتاقەت بووم و لە سەرو ئەوەشەوە هەمیشە قینم لە شەو ڕێکردنیشە. بە هەرحاڵ هەر زوو هەوای بیابان لێیدەدام، کە کەمتر ناهەموارە لەوەی بوشێر، هەرچەند گەرمترە. هەموو ناوچەکە تەختانیەکی قاوەیی دڵتەنگە. لە شوێنێکدا شەپۆلە بەرزەکان زۆنگاوێکی ناپەسەندیان دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بیابانکە وەك خراپترین پارچەکانی دەوری بەغدا سوتاوە. لە سەعات

05:45 سەرلەبەیانی، گەیشتینە گوندێکی گەورە، بەڵام وێرانەی **چاهکوتا**، کە چواردەوری باخی دارخورما بوو.

شوێنەکە پێکهاتبوو لە کوخە حەسیرەکانی ئەلبو محەمەد[114]، جگە لەوەی قوڕە، کەچی شکۆدارکراوە بە ناوی قەڵا، قەڵاکە لە دەروازەی چوونەژوورەوەی، کە ئێمە پیا ڕۆیشتین تەواو کراوەیە. چیاکان زۆر دوور نەبوو، هەمەڕەنگییەکیان دابوو بە دیمەنەکە.

- 25/**جولای/تەموز** لە **چاهکوتا**،

هەوای (سەم)[115] بەڕاستی سوتێنەرە، کە تەواو بەغدادیەکەم بەهێزدەکاتەوە. گەرمیپێو 110°، لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم تا رادەیەکی زۆر باشترم، بەڵام هەموو شەوەکە بە رێوە بووم. هیچ شتێ نییە لە بێتاقەتی سەفەر کەمکاتەوە، هەمووی لە رێ و نەریتەکەیدا بەتەواوی رەنگ دەداتەوە و لە وێستاندا لە کاتی رۆژدا، ئەوە هێواشی و لاوازی و خەواڵویەتی بخە ئەولاوە، لەگەڵ ئەوانەشدا، جانتایەکی بچکۆلەم بزرکردووە، جانتا دەستیە کۆنەکەی تۆ، کە پێنوسە رەساسەکانم و چەقۆ و چاویلکەیەکی شوشەی بچوك و هەموو کلیلەکانمی تێدابوو، کە لە کاتی رێکردنی دوێ شەودا لە لایەکەوە لێمبەربۆتەوە و هەستم پێنەکردووە، بۆیە دەربازبوون لە رێکردن بە درێژایی شەو شتێکی چاکە، هەرچەند لەم کەشوهەوایەدا تاکە رێگایە، کە ئێستا بیکەم. لە 08:30 لە **چاهکووتاوە** سواربووین، رێگەکە هەرچەند بەناو دۆڵ و دارو بەردا دەڕۆیشت، شاخەکانیش لەلای دەستی راستمانەوە بوون. شەوەکەی تا بڵێی گەرم بوو، لەوە دەچوو زەوی گەرمایی بداتەوە. لە سەعات 02:00 سەرلەبەیانیی رۆژی 26/تەموز، گەیشتینە (بوراوزگوون)، ماوەی دوو میل بەناو دارخورماو توتندا تێپەڕین. چووینە ناو دەروازەی

[114] بڕوانە لاپەڕە 172

[115] (ساوم) رەشەبایەکی گەرمە زیاتر بە هەوای سموم ناسراوە، کە بەسەر بەشێکی گەورەی ئاسیادا هەڵدەکات و کاریگەریەکی کوژەری هەیە و ئاماری زۆری بۆ دەکرێت. ئەوە رای میستەر ریچ بوو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی دورودرێژ کە رەشەبای گەرم بە ووزە لەبەر بڕان خەڵك دەکوژێت، نەك بە جۆرێ لە ژەهری خۆی. خ. ریچ.

کاروانسەراکەوە. (**بوراوزگوون**) لە شێوەی **چاهکووتادا** بوو، بەڵام زۆر باشتر و گشتگیرتر بوو، لەگەڵ کاروانسەرایەك، کە هەڵەی ناکەیت ئەگەر تەواو بووایە.

گەرمیپپێو 112°، لە فێنکترین شوێندا، کە بتوانین بیدۆزینەوە، بەراستی سوتێنەرترین (سەم) تا ئێستا زۆر چەوسێنەر نیە وەك گەرمای بوشێر. چیاکان سێ میل زیاتر دوورنین لێوەی، بەردەڵان و رووتەنن، رووبار و جۆگە و لە رووی بەرزی و شێوەیانەوە لە گردەکانی بەرامبەر سلێمانی دەچێ. ئەوە زۆر گێلانەیە وا بزانی، کە بەفر لەسەر بەشێکی کراوەی چیاکانی نێوان بوشێر و شیراز بە درێژایی ساڵ دەمێنێتەوە، وەك هەندێ لە گەشتیاران وایان هەست کردووە. خان، دیاریەکی باشی گۆشتی ئاسکە کێوی یان بزنەکێوی بۆ ناردین، کە تام و چێژی لە گۆشتی گای ناسك دەچوو.

- 26/**جولای/تەموز**.

لە سەعات 19:00 سەر لە ئێوارە سواربووینەوە، چیاکان لەلای دەستی راستمانەوە ماونەتەوە و وردە وردە رووەو ئەوان دەڕۆیشتین. خانی (بوراوزگوون) پیاوێکی نارد لەگەڵمان بۆ ئەوەی تا نیوەی رێگا پاسەوانیمان بکات، چونکە لە نزیکی **داولەکی** هەندێ مەترسی هەبوو. لە پاسەوانخانەکاندا وێستاین، کە بە فارسی پێیدەوترا (راهدار خونە)، نیوەی رێگا نزیکەی چل دەقیقەیە و دوای ئەوەش لەگەڵ هەندێ تفەنگچیدا دیسانەوە دەستمان پێکردەوە، کە کاتێ لە داولەکی نزیك بووینەوە مۆڵەتیان لێخواستین، کە خۆیان بکەنەوە، زۆر باش نییە بڵێین وەك فیشەکە شێتەی مناڵانە لە رێگادا نزیك داولەکی، گردەکان هاتنە سەر رێمان و لەو نزیکانە بۆنی کبریت و نەوت دەهات و جۆگەی تاریکونوتەك بەو ناوەدا دەڕۆی، کە سەرچاوە نەوتەکان خۆیانی تێدا بەتاڵ دەکەنەوە، من لەوانەیە دیسانەوە حەزبکەم لە چەم و دەربەندەکانی تووزخورماتوو، یان حەمرین بم. شەو نزیکە و پڕ لە ماندوێتیە، کاتێ گەیشتینە داولەکی سەعات 01:00 سەرلە بەیانی بوو، من تەواو لە پەلوپۆ کەوتبووم.

- 27/**جولای/تەموز**،

ڕۆژێکی لە ئەندازە بەدەر گەرم، گردە بەردەلمینەکان، کە دەڕوانێت بەسەر شارۆچکەیەکی بچوك و کاروانسەرایەکدا، تیشکدانەوەی گەرماکە و بریقەدانەوە بەرگەگرتنی ئەستەم بوو. خەڵکی هەندێ خورمای تازەیان بۆ هێناین، بەڵام نەئەگەشتنە ئاستی خورما ناودارەکەی بەغدا.

ئێستا زۆرمان هەیە لەبارەی قەدپاڵە هەزار بەهەزارە ترسناکەکانی ڕێگەی شیرازەوە بیکەین. من مەراقم بوو دەستیان پێبکەم، بە شێوەیەك ئارەوز دەکەم بەسەر هیمالایەدا سەرکەوم تا لەم گەرمایە رزگارم بێت. لە سەعات 18:30 پاش نیوەڕۆ **داولەکیمان** جێهێشت و من سواری هێسترێکی باش بووم، دارخورمامان بە درێژایی ئاسۆی ڕۆژئاوا دەبینی، لەوە دەچوو لە باخەکانی بەغدا هێجگار زۆرتر بێ. دەستبەجێ گەیشتینە گردەکان و کەناری یەکەممان بڕی، کە بەردەڵانی، ڕوتەن و سوتاو بوو، بەڵام ڕێگەیەکی خراپ نەبوو. زیاتر لە حەمرین دەچوون، بەڵام بەرزتر. ئێمە دواتر لێژبووینەوە بۆ ناو دۆڵێك، کە ڕووبارێکی گەورەی پیادەرۆیشت، ئاوەکەی نیتراتە، گەرم و بۆگەنە، ڕێگەکە هەندێ جار زۆر لێژە، بەڵام زۆر خراپ نییە. ئینجا ئێمە بە پردێکی سیانزە تاقی نیوە کەوانەییدا لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و لاماندا بۆ قاوە خواردنەوەیەك، هەروەها خراپترین بەشی شیوەکە لەبەر دەمماندا مابوو، کە پێیدەوترا (**کوتاڵی مەلوو**).

دوای پشودانێك بۆ نزیکەی سێ چارەکە سەعات، دووبارە سواربووینەوە و بەرەو پێشەوە دەچووین، بەناو دەربەندی تەسك و بەردەڵانیدا پێچەبەدەورەمان دەکرد، گردە بەردەلمینەکان و داڕمانی زەوی بۆ خوارەوە، ڕووبارەکەش هێشتا لە لای ڕاستمانەوەیە.

لە بەشێکیدا لێژگاییەکی زۆر خراپ هەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت و ڕێگەکەش تەسك نەبوو. گردەکان لە چاو ئەوەی پێشەوەدا زیاتر داڕماوترن. کۆمەڵێك بەردی زۆر بەردەمی دەربەندە تەسك وتروسك و خوارو خێچەکەی تا ڕادەیەك گرتبوو. لێرەوە ڕووبارەکەمان نەدەبینی و بەجۆش و خرۆشەوە دەستمانکرد بە سەرکەوتن بەسەر میلوودا. تیژیەکەی ناخۆشی کردووە و ڕێگەکەش زۆر قورس بوو بەهۆی بەردو و پارچە

تاوێری دارِماوەوە، کە بە رووی شاخەکەدا تلۆربۆتەوە، نەك بە درێژایی لێژگاییەکە. بەراستی زۆر زەحمەت بوو، بەڵام هەرگیز ئەوەندە خراپ نەبوو هەروەك من پێشبینم دەکرد. لە کوردستان و بەشێك لە تورکیا، ئەوە لەوانەیە زۆر هەموار بێت. دەبێ خراپ بێت، بە هەرحاڵ، بۆ دابەزین. لەسەر دەربەندەکە پاسەوانخانە، یان (راهداری خونە) هەبوو، ئێمە (بە تورکی) دەبێ پێیبڵێین (دەربەنت)، کە بە تەواوی رێگەکە دادەخات. ئێستا بەبێ لێژبوونەوە بە درێژایی دەشتێکی پان و تەختدا دەرِۆین، لە سەعاتێك کەمتر لە سەرو دەربەندەکەوە گەیشتینە کاروانسەرای (**کۆنار تەختە**)، لەوێ لە باڵەخانەیەکدا (باڵا خونە) نیشتەجێ بووین، یان شوێنێك لەسەر دەروازەکە. ئێمە دەوروبەری 01:30 سەرلەبەیانی گەیشتین.

- 28/ **جولای/ تەموز**.

هێشتا رەشەباکە گەرمە و هێشتا هەر دارخورمایە، بەڵام باخەوانەکان بەبێ مانا دەچەوسێنەوە. قورسایی لەوە دەچێ لەسەر سینەم نەمێنێ و (**پیترۆ**)ی بە تەمەنی بەستەزمانیش تەنانەت خۆی تەواو لە بارێکی باشدا دەبینێ تا دەمەقاڵێ لەگەڵ کارگوزارەکاندا بکات. ئێمە لە سەعات 18:30 سەرلەئێوارە دیسانەوە کەوتینەوە رێ، سەعاتێك هێنانیە ئەوپەڕی دەشتێکی هێلکەیی خشت و جوان و ئینجا چووینە نێوان گردەکانەوە. هێڵی یەکەمان بڕی، کە بە ئاسایی بریتی بوو لە خاك و بەردەلمینی بێبەها. شۆڕبووینەوە بۆ دۆڵی رووباری شاپوور، نزیك ئەو لایەی لێیوێستاین بۆ خۆفێنك کردنەوەی خۆمان بۆ ماوەی سەعاتێك و رێکخستنەوەی کەلوپەلەکانمان، بۆ ئەوەی لە دەربەندەکەی بەردەمماندا قورسایمان نەخاتە سەر. ئاوی ئەم رووبارە، کە لە شاپوورەوە دێ، زۆر سازگارە، کەنارەکان بە جۆرە دەوەنێکی هەمیشە سەوز داپۆشراوە و گوڵەکانیان شکۆفەی کردووە، کە بۆنێکی خۆشی لێدێت. ئێستا چووینە ناو شیوێکی بەردەڵانی تەسکەوە، ئەوەی دێتەبەرەوە زیاتر درِندە و درِندە ترە لەوەی پێشوتر و کاریگەری تا رادەیەکی زۆر زیاتر دەبێت، کە رۆشنایی تەنیا درەوشاوەبێ. کەنەڵانەکان ئەوەندەی نەماوە بگاتە تەوقە سەرمان و هەرِەشەی دارِمان دەکات، دارِمانەکانی خەریکە رێگەکە پرِدەکاتەوە. شوێنێکی زۆر کپ و بێدەنگ بوو، هیچ شتێ نەدەبیسترا،

بەڵام دەنگی ناڵی هێسترەکانمان لەسەر بەردی بنی دۆڵەکە دەهات. ئێمە بە گشتی بە بەرزاییەوە بووین، بەڵام تێبینیم کرد، تەنانەت لە سەرکەوتنیشدا ڕێگەوبانی فارسەکان تا بتوانن لەناو دۆڵەکاندا دەمێنێتەوە. لەوانەیە کەمی جۆگە و کانی ببێتە هۆی ئەوەی وای لێکردبن ئەوە بکەن. بەڵام لە تورکیا و کوردستان پێیان باشە بە درێژایی داوێنە لێژەکەی گردەکاندا ڕێگە ببڕن. لێژایی، بەهەرحاڵ، هێشتا بۆ یەدەك دامانناوە، لەکوێدا خەریکە گردەکان شیوەکە دابخەن، کە ئێمە پیایدا سەردەکەوتین. کەندەڵانێکی زۆر گەورەی شێوەکردووە، من دەمەوێ بڵێم، بە شێوەیەکی شاعیری، لەلایەن گرژیی سروشتییەوە، واتە (لەرزینەوەیەکی سروشتیەوە)، کە زۆر باشتر بێت لەگەڵ دیمەنەکەدا بمێنێتەوە، بەڵام دەترسم ڕاستی خۆماڵی ناچارم بکات بە پشکنین بەدوای هۆی هەموو ئەو وێرانە و وێرانکاریە زۆرەی وردە وردەیە، بەڵام کارەکە کەمتر نییە لە هاتنەخوارەوەی ئاوێکی کەم لە بەرزاییەکەوە بۆ ناو دۆڵەکە، کاتێکیش بەر بەردەلمینەکان دەکەوێت کەم دەبێتەوە. بە هەرحاڵ، هەر هۆیەك بێت، کاریگەریەکەی جوان نییە. ڕێگاکە بەرەو تیژی دەچێ و بەرزدەبێتەوە بە درێژایی زۆری لایەنی ستونی شیوەکە، هەندێ دارمانی ناجۆر پێشان دەدا، کە کاریگەریەکەی زیاتر مەترسیدارترە لە شەودا. چاو دەیەوێ لە پەستیدا بەبێ پەروا بچێتە بنی دوورگەکەوە، کە لە ئاژاوەی نێوان **چاوس** و **ئێرەبوس** دەچێت. شوێنە زۆر خراپەکان، هەرچەندە، بەردەوامیەکی درێژیان نییە و من لەو بڕوایەدا نیم زیاتر لە چارەکە سەعاتێ یان بیست دەقیقە ڕۆیشتبم، بەڵام لە یەك یان دوو خاڵدا بۆ چرکەساتێك تاقیکردنەوەیەکی خراپ نییە بۆ سەر، تەنانەت بە پێ ڕۆیشتن. ئەوە پێیدەوترێ (**کوتاڵی کەماریج**). دوای لێژاییەکی زۆر کەم، لە سەعات 11:30 گەیشتینە کاروانسەرای چۆڵکراوی کەماریج. شەو بە شێوەیەکی دڵخۆشکەر فێنك بوو، هەر، کە دەستمانکرد بە بەرزبوونەوە لە دەرەوەی دەربەندە تەسکەکان، ئیدی خراپترین بەشی ڕێگە کۆتایی هات و من ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە زۆرم پێوەناوە.

• 29/**جولاًى/تەموز**.

ڕێمان بەو بارە بەفرە گرت، کە لە کازەڕوونەوە دەهات و هەندێ (ئایران)، یان ماستمان لە گوندێکی دراوسێ پەیداکرد، ئەوە زۆر شتێکی بە تام و چێژ بوو، کە کوردستانی ئازیزمی دەهێنایەوە یادم. گەرمیپێوەکە °109 بوو، بەڵام هەوا گڕەی نەبوو.

لە سەعات 18:00 سەرلە ئێوارە ئێمە سوار بووین و بەناو دۆڵی نیمچە بازنەیی کەماریجدا بۆ نزیکەی یەك سەعات ڕێمان کرد، چووینە ناو دەربەندێکی بەردەڵانەوە و کەندەڵانێك، کە پێیان دەووت (تەنجی توركوون). لێرەش هەروەها ڕێگاکە بەناو بنی دەربەندەکەدا دەڕۆیشت، کە وشك و پڕ لە بەردی گەورە گەورە بوو. لە تورکیا یان لە کوردستان لەوانەبوو لەسەر لایەکی دەربەندەکە بێت و ڕێکردنێکی بێ کێشەی هەبوو. لە 20:20 لە خانوی ڕاهداریدا، یان دەربەنت، بۆ خۆ فێنك کردنەوە وێستاین، کە لە کۆتایی دەربەندەکەدا بوو. ئەو دەربەندە لە شاپوورەوە تەنیا یەك میلە و ڕووبارەکەش لەلای پاسەوانخانەوە شەپۆلی ئاوە سازگارەکە دەمانبات، کە بە تەواوی بۆ خەڵکێ لەگەڵ ئاوی سوێری گەرمەسێردا ڕاهاتبێت خۆشگوزەرانییە. دوای پشودان بۆ نیو سەعات، شۆڕبووینەوە بە لێژاییەکی کەمدا بۆ دۆڵێکی فراوانی کاوزەڕوون و 00:20 دەقیقە لایدابوو لە نیوەشەو گەیشتینە ئەو شوێنە، کە بڕیارمان لەسەر نشینگەیەك دا، کە لە باخێکی دەرەوەی شارۆچکەکە، لە شوێنێکی داڕوخاو و وێراندا بوو. بە بەخشندەیی زیاد لە پێویستی فارسەکان بێتاقەت بووبووین و ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەبوو بۆ دامەزراندنی خۆمان بە ئارەزووی خۆمان. لەبەر ئەوە شاپوور چوار فرسەخ دوورە، منیش شادمانم چونکە لە گەڕانەوەمدا کاتێکی زۆر لەبارە بۆ بینینی. لەم کاتەشدا ئەوێ لەوانەیە زۆر گەرم بێت.

• 30/**جولای/تەموز**.

گەرمیپێوەکە لە بەیانیدا 80°بوو، هەروەها لە گەرمترین کاتی ڕۆژدا 105°بوو. هەوا بەڕاستی گەرم بوو. ئەمە یەکەم جێگایە، کە لەسەرکردنی کڵاوی رەش گشتگیری بێت، واتە هەموو کەس لە سەری دەکەن.

فارسەکان خەڵکانێکی زۆر دەنگە دەنگکەر و قەڵەباڵغ و بزێون، کە تا ئێستا بینیبێتم، بەڵام وڵاخدارەکانیان بەلایەنی کەمەوە بار باش بارئەکەن، بۆیە یەك دەقیقە بە درێژایی ڕێگەکە شتەکانمان دوانەکەوتووە (لەنێوان ئەوانەشدا تەلەسکۆب و سێ پاکەی) دواناکەوێت. هەروەها هێسترەکانیش گەورەن و عەلی ئەسکەری سەرگەورەی وڵاخدارەکان، بە کردەوەی سەیر و سەمەرەکانی زۆر هاوڕێیەکی قۆشمە و خۆش بوو. کەسایەتیەکەی و روخسارە ماندووەکەی ئاسان نەبوو بیر و بۆچوونێکت بدات. کڵاوێك لە قوماشی لۆکە بە تەوقەسەریەوە بوو، لەوە دەچوو، کە نرخی کەم نەبێت، ئەوانەی پاشکۆی وڵاخدارەکانن تەنیا هەستێکی ئاسایی دەکەن. دەنگی گڕ و قڕەقڕکەر، لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بەکاریشی دەهێنێ، کاتێ لە تەنیشتەوە لەگەڵتدا ڕێ دەکات، وا قسە دەکات، کە لە دووری چەند میلێکەوە پێشوازی لە کەشتی دەکات. بە خراپی توخمەکەی، لەوە دەچوو تا بەشێوەیەکی سەیر خۆشحاڵ بێ بە گوێچکەی ئەو کەرە بچوکەی سواری دەبوو، ئەوانە تەواو رەشۆکی و سادە و ساکارن، ئاژەڵەکە بە درێژی غار دەکات بە خۆشحاڵییەوە وەسفی دەکات، گوێی بە نۆرە دەبات بۆ پێشەوە و بۆ دواوە. خویەکی پێکەنیناوی هەبوو، کە بە دەنگی بەرز بیری ئەکردەوە، کاریگەرییەکی شێتانەی هەبوو، لەو هەموو جوڵە و بیروڕا دژانەی، کە بەبیریا دێ ڕاستەوخۆی وەك ئاوازی لاوێکی عاشقی لادێیی دەچێ، کە بە کەشتی سەفەر بکات و لە کەش و هەوایەکی زریاناویدا گۆرانی بۆ لوتکە بڵێت. بەهەرحاڵ ئەوەندە بەسە بۆ عەلی ئەسکەر، کە ئەو کەسەیە لە ڕێگە و باندا خۆشحاڵی دەکردین.

لە 19:00 سەرلەئێوارە لە **کاوزەروونەوە** دەستمان پێکرد، لەگەڵ هەندێ کێشەدا، بەگوێرەی وڵاخدارەکانەوە، کە هەموویان خەڵکی کاوزەروون بوون، زۆر حەزیان لە ڕۆژێك پشودان بوو لەوێ. بە درێژایی دەشتەکە رێمان دەکرد و پاش ئێوارە روومان

کردە ئەو چیایانەی باشووریان دەبەستەوە، لە ژێر ڕەش و مۆنی کەندەڵانی (دۆختەر)دا وێستاین، کە لەوە دەچوو بەربەستی هەموو پێشکەوتنێکی تر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەسەریا سەرکەوتین، چۆن، ئەوە مەحاڵ بوو بڵێی بە لایەنی کەمەوە بەو ڕووناکییەوە[116] هەرچۆنی بێت ئێمە هەر زوو ئەو ڕێگا دروستکراوەمان دۆزییەوە، کە بەسەر ئەو دیوارە ستونیە زەبەلاحەدا پێچاوپێچی دەکرد. (سارماشۆك) بێنەرەوە بەرچاوی خۆت[117]، یان لەوانەیە هەندێ شتی زیاتر، نەك پیا تێپەڕیت، بەڵام لە دەشتاییەوە پیاسەرکەوی بۆ لوتکە و تۆش هەندێ بیر و بۆچوونت دەبێت لەبارەی (کوتاڵی دۆختەر)ەوە، بەڵام ڕێگەکە تەواو جیاوازە، دۆختەر زۆر کارامانە ڕێگە، کۆڵەکە، ئاست و شورەی سەنگەری بیناکردووە، تا زۆر دڵەڕاوکێی نەبێت و تەواو پانوپۆڕە تا ڕێ بدات چەند وڵاخێك پێکەوە بڕۆن. ئەو لە چاکسازی گشتیدایە و ئەوە دێنێ بێیت بۆ بینینی، لەوانەیە پێیبوترێ سیمپلونی وڵاتی فارس. بەردەکان پێویستە بەرگەی یەك بگرن، دیمەنەکە بە ڕۆژی ڕووناك جوانە و درەخت و بنچکە درەخت لە زۆر درز و کەلەبەردا ڕوواوە و سێبەریان کردووە بۆ ڕێگەکە.

ئەمە یەکەم بەرزبوونەوەیە، یان دیمەنی بینینی زاگرۆسە. دوای گەیشتن بە لوتکە، چووین بۆ پاسەوانخانە، یان دەربەنت، کاتێ لە 11:40دا گەیشتین و ئیدی لەوێ تا 12:20 دەستمانکرد بە کێشانی پایپەکانمان و خواردنەوەی قاوە. بۆ چەند دەقیقەیەك، بە نزیك لوتکەی دۆختەردا دەڕۆیشتین، بەڵام هێسترەکەم لە بەربەستەکە نزیك بووەوە و منیش تەواو گەمژە بووم سەیری خوارەوەم کرد، کاتێ مەقەڵی ئاگرم بینی هەڵگری (کالیوون)ی[118] بەسەرەوە بوو لە قوڵاییەکی زۆر ژێرەوە، تا ڕادەیەك لەژێر قاچما. ئەوە وایکرد سەرم گێژبخوات و منیش ناچاربووم لە وڵاخەکە دابەزم تا چاك دەبمەوە. لە پاسەوانخانەوە بە لێژاییەکی کەمدا شۆڕبووینەوە و ڕێگەکە زۆر باشە و بۆ ماوەیەکی

---

116 بڕوانە بەردی دۆزەغەکەی (دانتی) چونکە من کاتم نیە تێهەڵکێشی بکەم.

117 ڕێگەیەکی ناو شاخە ئێمە لە ئاسیای بچوکدا پیا تێپەڕین.خ. ڕیچ.

118 خزمەتکار لە وڵاتی فارس ئەوەی بەرپرسە لە (کالیوون)ی گەورەکەی، هەمیشە لە گەشتو گوزارا کوپەڵەیەکی ئاسنی بچوکی پڕ لە ئاگری لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، کاتی داوای کالیتوون کرا ئامادەبێت.

کەم بوو، بۆ دۆڵێکی دوور و درێژی زاگرۆس، لە نێوانی ئەو دیمەنەی پێشتر هێمام بۆ کرد، کە سنووری بە رۆژئاوا و (پەریی زەن)ەوەیە، کە دیواری رۆژهەڵاتێتی. دۆڵەکە بەهۆی دارودرەختەوە تەسك و چڕە، هەموو شوێنەکانی و لاکانی، بە درەختی بەڕوو، کە هەندێکیان قەوارەیان زۆر گەورەیە داپۆشراوە و درەختی تریش، کە من ناتوانم وەسفیان بکەم.

وڵاتەکە ئێستا جوانە و لەسەرو ئەوەوە، ئەوەندەی من دەتوانم ببینم، کوردستانەکەی خۆمم بیردەخاتەوە. ئەو دۆڵەی پێیدەوترێ (دەشتی بەر) دەبێ لە بەرزاییەکی مەزندا بێ و هەوای شەو زۆر تیژ بوو بەگوێرەی ئەوەی، کە دەمانویست دامەزرێین. دوای رێکردن بەناویا بۆ ماوەی نزیکەی سەعاتێك بە پێچێکی باشدا، دەستمانکرد بە سەرکەوتنی (پەریی زەن). رێگەکە زۆر خواروخێچ نەدەبووەوە و هیچ لێژاییەکی نەبوو، بەڵام بەرزبوونەوەکە بەردەڵان بوو، هەروەها بەرزی نێوان دارستانی بەڕووی بستەباڵا، دارگوێز و گسك، لە 10-12 پێ بەرزە.

تا زیاتر سەرکەوین، شاخی ئەڵپ لەسەر ئەڵپ وا دەردەکەوێ لە ئێمە بەرزترە و ئەوە دەردەخات، کە ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زۆرمان ماوە جێبەجێی بکەین. کاروانێکی عەرەبەکانمان لە کەناری بەرامبەردا بینی، کە لە زیارەتی مەشهەد هاتبوونەوە. سەرکەوتن بەردەوامە، لە سەعات 03:00 بەرەبەیاندا گەیشتینە کاروانسەراکە، بەو پەڕی شادمانییەوە ئێستا هەستمان بە گەیشتنەکەی کردووە، دەتوانرێ نرخی دیاریکرێ ئەویش دەبێ لە بەفری دیسەمبەر/ کانونی یەکەمدا بێت. ئەوە لەلایەن چەند سەربازێکەوە پارێزراوە و ئێمەش ئاگری داری بەڕوومان دۆزیوەتەوە، کە تەواو گونجا بوو. هێشتا لەسەر شاخەکە نیوەی رێمان نەبڕیبوو، هەموو بەرزبوونەوەکەش بەبێ پشوو سێ سەعات بوو.

- 31/**جولاّی/ تەموز**،

لە سەعات 18:10 سەرلەئێوارە رێکەوتینەوە، دەستبەجێ بەردەوام بووین لە سەرکەوتن، ناوچەی کاروانسەراکە خۆی نیمچە تەخت بوو. بە چوونە پێشەوەمان، لوتکەی نوێ دەستی پێکرد، کە هێشتا لەسەرو ئێمەوەیە و بەرزبوونەوە درێژدەبووەوە. لە نزیکی لوتکەی دەربەندەکەوە زەریاچەکمان بینی، کە کۆتایی بە دۆڵی **کاوزەروون** دەهێنا و لە هەندێ لوتکەدا هێشتا زۆر لەسەرو سەرمانەوەیە و دەڵێن دەریا دەبینرێ. دوای بەردەوام بوون بۆ ماوەیەك بە درێژی خاکێکی تەختی جواندا، کەمێ شۆڕبووینەوە بە رێیەکی کەمدا بەناو دارستانی بەڕو، دارگوێزی زەبەلاح و درەختی تر، کە بۆنێکی خۆش دەدا بە دۆڵی (ئارگوون)[119]، کە شێوەیەکی هێلکەیی جوانی هەیە و لەملایەوە بە زەریاچەکە کۆتایی دێ. بە چواردەوریا رووناکی ئاگری (**ئەلیاوتس**)ە[120]، هەندێکیان ئەو عەرەبانەن گامێش دەلەوەڕێنن. بەرازی کێوی زۆر بڵاوە و شێر زۆر نیە.

شەو زۆر سارد بوو، لە پەرستگاکەدا ئازارێکی توندی بۆ هێنام و هەموو بەغدادیەکانیش هەمان سك ئێشەیان هەبوو. ئێمە لە سەعات 23:00 دا گەیشتینە دواپلەی رەزامەندی لە گوندەکە و ژوورێکی گەرموگوڕی تەواو لەبار و گونجاومان دۆزییەوە. تەنیا 35 دەقیقە لەماوەی رێکردنەکەدا پشومان داوە.

- 1/**ئۆگۆست/ئاب**،

چووین بۆ تاقیکردنەوەی خاڵێکی جوان، کە دوێ شەو تێبینیمان کردبوو، لە گوندەکەوە نزیکەی چارەکە میلێك دەبوو. یەك کانی گەورە و هەندێکی بچوك لە بەردە مەڕمەڕەکانەوە هەڵدەقوڵان و بە هەموویان جۆگەیەکی جوانیان پێکهێنابوو، بەچەشنی کرستاڵی شل جوان و بێگەرد بوو، لە دارستانی چنارە بەرزەکان، یان درەختی زەلکاو و دارەبی زەبەلاح.

---

[119] دەشتی ئارگوون، یان بە زۆری ئارژەن.

[120] تیرە گەڕۆکەکان.

لە بەردەکاندا هەندێ ئەشکەوتی سەیر هەبوو. شوێنەکە بۆ عەلی پیرۆزکراوە، لەو دەوروبەرە سەرگوزەشتەیەکی پڕوپوچ بڵاوە. ئەو خاڵە تاك و تەنیایە. بەرزیمان لەم دەشتەدا، ناوەڕاستی لوتکەی زاگرۆسە، دەبێ زۆر مەزن بێت، کە بە هەرحاڵ بە شێوەیەکی فراوان بەفری لێنەکەوتووە. شیراز بە ئاوی کولاو دەرورە دراوە، تا بۆتە 4500 پێ، بە ئاشکرا لە ئاستی ئەم دەشتە نزمتر دیارە و لێرەشەوە دابەزینێکی ئاشکرا هەیە بۆ بەشێکی گەورەی رێگاکەی شیراز.

وای دادەنێم ئەمە زۆر بە زەحمەت کەمترە لە 6000 پێ. دەشتەکە لەم وەرزەدا سەوزە وەك زمرووود. لە 17:40 دا کەوتینە رێ و بەم نزیکانە سەرقاڵی ناو گردەکان دەبین، بەناو رێگایەکی جوان و دارستانێکی باشی پڕ لە داری گوێز، شلیگی کێوی، هەرمێ تێپەڕین و پۆلە کەو و پۆڕ، کە بە رێگاکەدا تێدەپەڕن و بە دەگمەن خۆیان بۆ ئێمە تێکدەدا، هەروەها کەروێشکی کێویمان بینی لەژێر دارودەوەنەکانەوە گوێکانیان قوتکردبووەوە. دەڵێن شێریش دەبینرێ و میستەر (تۆد) جارێکی تر بەم رێیەدا تێپەڕیوە و گوێی لە نەڕەی شێر بووە.

شۆڕبووینەوە بۆ دۆڵی (کاراگاچ)، رووبارێکی بچوکی خووڕەخووڕکەر، دۆڵەکە لە هەموو لایەکەوە بە ئاگری خێڵە کۆچەریەکان رووناك بووبووەوە. دووانیان هاتن بۆ دیدەنیمان و دەرکەوتن، کە کوردی **نانەکەلی** بوون، دەستبەجێ کەوتمە قسەکردن لەگەڵیان و ئەوانیش بانگیانکردین بۆ ناو دەوارەکانیان تا بریانی بەرخمان بۆ ئامادەکەن، بەڵام ئێمە داواکەیانمان پەسەند نەکرد، بە هەرحاڵ، دوای وێستان بۆ ماوەی 40 دەقیقە بۆ قاوە خواردنەوەیەك، لە رووبارەکە پەڕینەوە و گەیشتینە گوندێکی داروخاو بە ناوی (خونە زەنگوون)، کە کاروانسەرایەکی پیسوپۆخڵی لێبوو. ئێمە لە سەعات 21:50 دا گەیشتین.

- 2/ئۆگۆست/ئاب،

ئەم بەیانیە گەرمیپێوەکە 55°بوو. (کەرە- کەرێ)یەکی بەلەزەتمان دەستکەوت، ئەوەی ئینگلتەرامان هاتەوە یاد. 17:10 سواربووین و رێگاکە بە ناوچەیەکی بەربڵاودا دەڕۆیشت، بەرەوخواربوونەوە، داپۆشراو بە بێشەڵان، دار ئێستا بەدەرەوە نییە، کاتی خۆی سارایەکی باش بووە، هیچ گوندێ لە هیچ لایەکەوە بەدیناکرێ، دابەزینێکی گەورە لەگەڵ ئەوەی وردە وردەیە و بە خێرایی دەچووینە پێشەوە، هەرچەند دوو جار وێستاین تا رێبدەین شتومەکەکانمان لەگەڵ خۆماندا بێت. یەکەم وێستان سەعاتێك و بیستوپێنج دەقیقە بوو، نزیکەی نیوەی رێ و ئەوی تر 35 دەقیقە بوو لە پاسەوانخانە، لە دەربەندی شاخێك، کە دەروازەی چوونە ناو دەشتی شیراز پێکدەهێنێ.

لێرەدا چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد ئەوەی پێمانوترا بوو، کە (**نازار**)ی جێگری میستەر (ئاراتوون) کردوویەتی بۆ پێشوازیمان، بەڵام پەیامبەرەکەمان بە تێبینییەکەوە گەڕایەوە دەڵێ دەبووایە بچووینایە بۆ باخی مەیجەر لیچفیلد بۆ حاڵی حازر، تا ئەو بزانێ چی بکات. ئەوەش زۆری بێتاقەت کردم.

زۆر بەخێرایی بەسەر دەشتەکەدا دەڕۆیشتین و لە سەعات 01:50 سەرلەبەیانی رۆژی سێیەم گەیشتینە باخی ناوداری جیهان نوما، ئەوەی، کە لیچفیلد بە شێوەیەکی ئارام و بێدەنگ دایمەزراندووە.

ئەو لە رۆژئاوابووندا چاوەڕێی ئێمەی دەکرد و هاتبووە دەرەوە بۆ بینینمان. پێشوازیکردنەکەمان زۆر پیاوانە و بە دەست و دڵ بوو. گوێی بە جیابوونەوەی ئێمە نەدەدا و داواتەکەشی بە شێوەیەك بوو، کە دەست نانرێ بە روویەوە.

باخی جیهان نوما لە گۆڕەکەی حافزەوە نزیك بوو، لەبەری ئەوبەری رێگاکە بوو، ئێمەش بەر لەوەی بچینە ناو جێگاوە لە (ئاوی روونا باد)مان خواردەوە، روون بە چەشنی بلوور و تەواو شایانی ناوداریی ئەو شاعیرێتییەیە.

نماینده‌ی ئینگلیز لێره‌، میرزا عه‌لی ئه‌كبه‌ری ماهۆمیتان- واته‌ موسڵمان، كه‌ له‌ ئه‌رمه‌نیه‌كان باشتر هه‌ڵسوكه‌وتی له‌گه‌ڵ كردین. سكرتێره‌كه‌ی له‌ جیهان نوما ده‌نووست، تا بۆ ئێمه‌ هه‌میشه‌ ئاماده‌بێت و ئه‌وه‌ش ده‌زانم، كه‌ ئه‌و له‌گه‌ڵ (ڤیزیر) قسه‌یكرد، ئه‌وه‌ی فرمانی دا باخه‌كه‌ی حافزمان بۆ ئاماده‌بكرێت، هه‌روه‌ها ئه‌فسه‌رێكی ته‌رخان كرد تا له‌ خزمه‌تماندا بێت.

بۆ به‌یانیه‌ زووه‌كه‌ی رۆژی دوایی خۆی هات بۆ رێزلێنان و ستایش و ئێمه‌ش چووین بۆ ته‌ماشای مه‌زاری حافز.

تیم (تیپ) خاڵێكه‌ به‌ دڵنیاییه‌وه‌ شایانی گرنگیدانه‌، شوێنه‌واری بلیمه‌تێك، با فارسیش بێت، مه‌حاڵه‌ به‌ كه‌مته‌رخه‌میه‌وه‌ سه‌ردانی بكرێت. بۆ ئه‌و تا ئێستا، به‌ هه‌رحاڵ، "ژماره‌یه‌ك ناخۆشی یان خۆشی نه‌بووه‌" و دوای پشكنین، بڕیارمان دا له‌گه‌ڵ لچفیلڵدا له‌ جیهان نوما بمێنینه‌وه‌. میناس، ئۆفانیس، یوسف ئاغا و ئه‌وانی تری گروپه‌كه‌م نارد بۆ شارۆچكه‌كه‌.

ئێستا پیاده‌ڕۆم و هه‌ندێ بیروڕای گشتیت له‌باره‌ی گه‌شته‌كه‌وه‌ ده‌ده‌مێ و هه‌روه‌ها ئه‌و كاردانه‌وه‌یه‌ی، كه‌ وڵاته‌كه‌ و باخه‌كان له‌سه‌ر من هه‌یانه‌. كه‌سم نه‌بینیوه‌، كه‌ بۆچوونێكی باشم بداتێ له‌سه‌ر وڵاته‌كه‌. من بیرم چۆته‌وه‌، كه‌ (نیبوهه‌ر) چی ده‌وت. هاوڕێكانم هاوڕامن و گه‌شته‌كه‌ به‌ته‌واوی گه‌شتێكی خۆشه‌. زۆربه‌ی كات بیرت ده‌كه‌م، به‌ڵام زۆرجاریش هه‌روه‌ها له‌و بڕوایه‌دام چه‌ند زه‌حمه‌ت ده‌بوو بمانتوانیایه‌ هه‌ڵبكه‌ین ئه‌گه‌ر تۆمان له‌گه‌ڵ بووایه‌. خه‌ڵكی فارس زۆر چاوباشقاڵ و بێئابڕوون و خه‌ڵكێكی زۆر بێزاركه‌رن، كه‌ من هه‌رگیز بینیبێتم. تۆ هه‌رگیز نه‌تده‌توانی به‌ باخێكدا به‌بێ كێشه‌ بڕۆی به‌ رێدا و له‌ ده‌ره‌وه‌ هه‌ڵسوكه‌وت بكه‌یت به‌بێ له‌چك و خۆپێچانه‌وه‌. خه‌ڵك لێره‌ ناودارن به‌ بێئابڕوویی، ته‌نانه‌ت له‌ ناو فارسه‌كانیشدا.

بۆچوونه‌كانم تایبه‌ته‌ به‌ شێوه‌ی گشتی دیمه‌نی شاره‌كه‌ و ده‌شت و ده‌ر و له‌ باره‌ی باخه‌كانیشه‌وه‌ بێ هیوابووم. شاره‌كه‌ به‌ دڵنیاییه‌وه‌ خۆی ده‌خاته‌ ریزی پێشه‌وه‌ی هه‌ر وڵاتێكی رۆژهه‌ڵاتی تر، كه‌ من بینیبێتم، بێگومان بێجگه‌ له‌ ئه‌سته‌مبوڵ. ده‌شته‌كه‌

جوانە، کشتوکاڵێکی باشی تێدا کراوە و سەوزاییەکی جوانە، تەنانەت ئێستاش، بەڵام داری وشکهەڵگەڕاو و شاخی بەردەڵان و چۆڵوهۆڵ. باخ دەورەی شاری نەداوە و ژمارەشیان ئەوەندە نییە کەمن لای خۆمەوە بۆم دانابوو، هەروەها جیاجیان و لێرەو لەوێن و من هیچ شتێکم نەبینیوە، کە بەراورد بکرێت لەگەڵ خوسرەوئاباد لە سنە، خوسرەوئاباد سێ تا چوار باخی ئێرە دەبێت.

**ئێم. دی لا فۆس،** هەر ئێستا گەیشتە ئێرە و **ئاغا سەید**، وای بۆ دەچن، کە هەمان بەراوردیان هەیە لە نێوان باخی شیراز و ئەوەی لە سنەیە، بۆیە من ناتوام حەزی لێبکەم. لە راستیدا ئەوەی لێرەدا دەیبیستم لەوە دەچێ (ئەمانوڵڵا خان) کۆپی چێژی (سەفیڤییەس)ی کردووە، لە جیاتی قوتابخانەی هاوچەرخ لە کاروباری گشتیدا.

باخەکەمان، جیهان نومای ناودار، باشترین دانەیە لێرە، بەڵام خانووەکە، یان خانوو لەسەر یەك خشتی تا رادەیەك داڕوخاو. بەرهەیوانێکی باش لەبەردەمیدایە و دوای ئەوە دادەبەزێتە ناو باخەکەوە، زۆر لە شێوازی ئیتاڵی دەچێت، بەڵام تەنیا دووسەد یاردی چوارگۆشەیە. لایەنی خۆشحاڵی خەسرەوئاباد ئەوەیە، کە ئەو هەشت سەد یاردە چوارگۆشەیە. سێ یان چوار ریزەوی پڕ لە درەختی سەرو، بەڵام بەبێ ئەوانە و هەندێکی تر لەملاو ئەولادا لەو باخچانە بڵاوبوونەتەوە، درەختی سەرو، کە شیراز زۆر پێی بەناوبانگە، کە ئێستا بە تەواوی لەناوچووە. ئەوان بێبەزەییانە بۆ کاری دارتاشی هاوبەش دەیانبڕییەوە، بۆ چوارچێوەی پەنجەرە و دەرگا...هتد. بەر لە چەند رۆژێ ئەمیر هەندێ داری دەویست بۆ چاکردنی سەربانی قوڵخەکەی لە باخەکەدا و هەندێ چناری باشیان بۆ بڕییەوە، کە لە سەردەمی کەریم خاندا زۆر بەناوبانگ بوو. سندوقێکی رێکوپێکم بۆ تۆ داوە بە دروستکردن لە داری سەروی شیراز، ئەم درەختانەش لەناو بەیت و گۆرانی رۆژهەڵاتیدا ناودارن، هەرچەند زۆر باش نییە وەك ئەوانەی ئەستەمبوڵ.

ئەوەی سەرنج راکێشەرە چەندە بیری کەریم خان بەهرەوەرە، تەنانەت بەوانەشی، کە ئێستا لە کارگوزاری دەوڵەتیدان. بۆ فرمان بەم جۆرە کارە گشتیانە بدەن هەروەك رێیداوە بە مانەوە، شیراز دەبێ لە کاتی خۆیدا شارێکی رازاوە بووبێ.

کەش و هەوا زۆر لەبارە و بە سازگار دادەنرێ. گەرمیپێو 91° بوو بۆ سەعاتێ یان دوو سەعات و ئەوەش تەنیا لە وەرزی گەرما. شەوانی ساردە، بەڵام زیاتر خۆشە لە هەوای بەرەڵادا بنووی، لەگەڵ ئەوەی زۆریان لە ژوورەکاندا دەمێننەوە. چەرپایەکی رێکوپێك لە کەرەسەی بۆن خۆش، یان سەیروسەمەرەی پیرۆز، لەو دیو پەنجەرەکەمەوەیە.

بە (بێڵ) بڵێ شتی وا سەرنج راکێشەرمان هەیە، بەرخی باشتر لە باشەکانی عەرەب، باشترین قەیسی و هەڵوژەیەك، کە لە دەرەوەی ئینگلاند چێژم کردبێ. قۆخ تازە پەیدابووە و نوقلانەی خێرە، کشمیشیەکانیش زۆر باشە، ترێ هێشتا پێنەگەیشتووە، نانی گەورە، پەنیری زۆر ناسك، ماست، یان دۆ، بەفرێکی زۆر. من تا ئێستا نەچوومەتە بازاڕ، یان چاوم بەم ناوەدا نەگێڕاوە، (فیزیر) دەیەوێ سەردانم بکات و ئەمیریش خۆشحاڵ دەبێ من ببینێت، بەڵام ئەگەر بۆم بکرێت هەردووکیان تێدەپەڕێنم.

- 7/**ئۆگۆست/ ئاب،**

هەر ئێستا لەلایەن ئاغا مەنوچەرەوە سەردانیەك کرام، برای هاوڕێکەت لە بەغدا، خاتو ئەلیاس، ژنخوشکی کۆجا یوسف ئەندریا. لاوێکی شازادەی بە شانوشەوکەتە. شازادە جارێك ناچاری کردبوو ببێ بە موسڵمان، بەڵام لە راستیدا کەمتر لەو دەوروبەرە گوێیان پێدەدا، کە ئاغا مەنوچەر جارجارە دەچوو بۆ کڵێسەی ئەرمەنیان. خێزانەکەی بە ترسێکەوە هەواڵی خوشکەکەیان پرسی، وەك ئەوەی تاوانی کردبێ، کە شووی کردووە بە کاسۆلیك. ئاغا مەنوچەر وادیارە بەرژەوەندی باشی لێرە هەبێت.

هەروەها **کوڕی محەمەد نەبی خان** کەمێ سەردانی کردم لەگەڵ ژنە شیرازییەکەی، یان هاوڕێکەی تۆ (بەبی حەنیفە)ی هەوێیی،[121]، کە ئەمیر ژنی هێناوەتەوە و بۆتە خاوەنی ئەو موڵکانەی بۆی ماوەتەوە.

هەر ئێستا هاتن پێمبڵێن، کە قاسید یان پەیامبەر هاتووە، دەچێت بۆ بوشێر، بۆیە دەبێ من دەستبەجێ کۆتایی بە نامەکەم بهێنم، هەرچۆن داواکارم هەواڵی گەیشتنی

[121] دیاریکردنی ژنی دووەم لەنێو موسڵماناندا.

من بە سەلامەتی بۆ شیراز لە تەندروستیەکی بێوێنەدا پێتبگات. سوپاس بۆ خوا، بە هەمان دەرفەتەوە هەرچۆن نامەکانی ترت پێدەگەیشت.

# نامەی سێیەم

سازگاریی کەش و هەوای شیراز- گەشتێکی پێشنیارکراو بۆ (پەرسەپولیس "تەختی جەمشید" و مۆرگاوب)  پردی ئاراکسس- دەشتی پەرسەپۆلیس- ئارەزووی سەردەمی منداڵیی نووسەر بۆ سەردانی ئەم کەلاوانە- دایکی سولەیمان، یان گۆڕی گریمانیی (کوڕش)- دیزاینی بێوێنە و جوانی ئەم مۆنومێنتە، بە مەڕمەڕی سپی بیناکراوە- وردەکاری وێنەکێشانی میستەر ئاڕ. کەی. پۆرتەر- گەڕانەوە بۆ پەرسەپۆلیس- چێژی ناوێزەی ئەم کەلاوانە- نەخشەکان- نەخشی ڕۆستەم  گەڕانەوە بۆ شیراز- کولێرا لە بوشێر- سەردانێک لە وێنەکێشێکی فارسەوە- ستەمی کولێرا لە بوشێر- ڕێگاکە بەرەو شیراز لاشەی لەسەر بڵاوبۆتەوە- نەخۆشیەکە گەیشتە بەسرە- هەواڵ لە بەغدا و کوردستانەوە- خۆئامادەکرن بۆ هاوسەرگیری کوڕی شازادە- گەیشتنی بووک- بە ریز ڕۆیشتنی خانمان بۆ پێشوازی بووک- ڕازاندنەوەی شارەکە- ئاگربازی- کولێرا لە شیراز- مردنی خانم و چەند کارەکەرێک لە حەرەم- چوونەدەرەوەی شازادە و خێزانەکەی بۆ باخەکانی دەوروبەر- دایکی دووچاری نەخۆشی بوو- دەربازبوونی کوڕەکەی و خوشکی- نمونەی ئەو لەلایەن زۆربەی دانیشتوانی شارەکەوە دووپاتکرایەوە- مەترسی و تۆقاندنی گشتی- جیاکردنەوەی سەرلێتێکچوون- ئارامبوونەوەی نەخۆشیەکە- هیچ کەس لە خەڵکەکەی میستەر ریچ دووچار نەبوون- مانەوە بە ئاسوودەیی لە شوێنی نیشتەجێبوون- شێوەی باوی فارسی بۆ چارەسەر- مەیجەر لیچفیڵد- گەیشتنی میستەر فرەیزەر- پێشنیاری گەڕانەوە بۆ بوشێر.

- **شیراز**، 11/**ئۆگۆست/ئاب**/1821

ئەو ستایشەی، کە زیاد لە پێویست بۆ ئەم کەش و هەوایە دەکرێ، زیادی پێوەنراوە. ئەمڕۆ ئەگەری گەرما زۆرە، شەوانە ساردێکی سازگارە، بەبێ ئەوەی سەرما بێت. پێویست بە هەوا ناکات و من ئەم کەش و هەوایەم دوای ئەوەی کوردستان لا خۆشە، کە بە رۆژ زۆر گەرم نەبوو، بە شەویش زۆر سارد نەبوو، هەروەها کاتێ وەرزەکە سارد بوو، شەو و رۆژ پێکەوە بە ڕێژەی یەکسان سارد دەبێت. لە کوردستان، شەوانە بە تەنیا سارد دەبێت، بەڵام رۆژانی بەگەرمی دەمێنێتەوە. کەش و هەوا لەوێ زۆر ڕێکوپێکە. رۆژانی پێکەوە پلەی گەرما هەمان پلەیە. پلەی گەرمای ئاسایی 90° لە گەرمترین کاتدا، لە نێوان 12:00  15:00، لە شەودا کاتێ دەچم بۆ نووستن 82° و 71°لە بەیانیدا، تۆزێ بەر لەوەی خۆر لە کەلەکانەوە هەڵبێت. هەوا بەلای گەرم بووندا ناچێ، کە شاخەکانیش بەردەڵان و رووتەنن و بە دەشت دەورەدراون و هەموو هەوایەکیش پێکەوە گونجاوە. ئەوە لەوانەیە لە بەرزاییەکی مەزنەوە بۆ تەختایی بێتە خوارەوە. لە کوردستان ساڵی رابردوو لەم کاتەدا، گەرمیپێو 96° و97° بوو لە بەرزتریندا لەگەڵ هەوای گەرمدا، لە شەودا دادەبەزێ بۆ 75°و بەیانیانیش 65°بوو. زستان لێرە دەڵێن زۆر مامناوەندی تر و گونجاوترە لەوەی ئەسفەهان، ماڵەکانی فارس لەوە دەچێ خانووی زستانەیان خراپ بن. ئاو لێرە زۆر سازگارە.

ئێمە وەك ئەوەی لە باخدا دەژین، لەنێوان درەختی سەروی قەد بڵندا، بۆیە کەمێ بە دەست مێشولەوە ئازارمان چەشت، بەڵام بەبێ مێش لە رۆژدا و ئەوەی زۆر باشە ئەوەیە، کە مێشولەی ناو لمی لێنیە. لەو بڕوایەدام بەگشتی شیراز تا ئاستیکی دوور باشترین شوێنە لە دوورگەکەدا بۆ کەسێ لە هندەوە بێت بۆ بەسەربردنی وەرزێك و بە دابەزینی لە بەندەر عەباس، ئەوان گەشتێکی دەریایی ناخۆشیان بۆ دەگەڕێتەوە بەسەر دوورگەکەدا و ڕێیەکی باشیان هەیە بۆ شیراز.

لێرە بەرگی کتێب بە شێوەیەکی زۆر جوان دەڕازێننەوە. هەندێکم بینی هەردوو سەلیقە و شێوازی کارەکەیان تەواو جوان بوون. شتی وا لە کتێبخانەکەی خۆمدا نییە وەك هەندێ لەوانەی بینیومن، بەڵام کتێبەکان خۆیان ئەوپەڕی ئازیزن و کۆپیەکی کۆنی باش چنگ ناکەوێت. هەرچییەك دەبینم نرخی زۆر باشترە لە کۆکراوە تایبەتیەکانی خۆم.

- 14/**ئۆگۆست/ئاب،**

شەوانی مانگەشەو بە شێوەیەکی ناوێزە زۆر جوانە، بەجۆرێك هەڵهاتوە، کە من لێیناگەڕێم ئاوابێت، واتە بۆ بەرژەوەندی خۆم و بۆ سەردانی شوێنەوارەکان. مانگ تاکە شتە، کە بتوانێت بێتاقەتی ڕێکردنی شەوانە بڕەوێنێتەوە. لەسەرو ئەوەی لە دیمەنی پەرسەپۆلیس و مەزاری کورشدایە، "بە رووناکی کزی مانگ"، بەتایبەتی کاتێ سەردانیان دەکەم بۆ تەنیا دەرکەوتنی بە هیوای ئەوەی لە مێشك و ئارەزوودا و ئەوە وام لێدەکات گەشتەکە وا دانێم، دەبێ من شەرمەزار بم، کە بڵێم، لەگەڵ چالاکی زیاتردا لەوەی، کە دەیکەم بە ئاسایی کاری گەڕان بەدوای شوێنەواردایە.

ئەو کەلاوانەیە، کە من پێشنیاردەکەم سەردانیان بکەم بۆیە بە وردی وەسفیان دەکەم، لەلایەن (پۆرتەر)ی هاوڕێمانەوە پێوانە و دیاری دەکرێ، کە هیچ نامێنێتەوە نەکرابێت و منیش بە تەواوی دەتوانم خۆم تەرخان بکەم بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵەکان، لەوانە هێڵ، کۆمپاس و پێنووس و جێبەجێکردنی کاری بێ ئەندازەش، دارمانێکی بەرزە. بە دڵنیاییەوە لێرەدا بەختیاریەکی مەزن هەیە لە دۆزینەوەدا و پێشاندانی وێنەی تەواو دوای ئەوەی شوێنەکان، کە دەبێتە پارچەیەکی زۆر کەم بۆ بینین، بەڵام لەم ساتەدا حەزئەکەم ڕاکشێم و رابمێنم لە شوێنەواری ڕێکردنی کاتی خۆی بە خاوی و رێ بدەم خۆشەویستی بۆ بەرزی و چاودێری یەکترکردن، بۆ ئامادەکردنی هەموو جانتاکە و هەموو سەرکەوتنێ، کە لەوانەیە تیاکۆبێتەوە. هەموو ئەوانە ئاوا دەڕوات و سبەی دوای نیوەڕۆ سەرەتای گەشتەکەمان پێشنیار دەکەین، یەکەم بۆ مۆرگاوب، وەك دوورترین خاڵ، کە لەوێ تەمەنای ئەوە دەکەم هاوکاری بەرەو ئاسودەیی، کە تا ئێستا لەوانەیە هەبێت لەبارەی کێشەی زۆر ئاڵۆزی مەزاری سایروس و پاساگاردی. لە

گەڕانەوەماندا پەرسەپۆلیس و نەخشی ڕۆستەم دەپشکنین، کە لەوانەیە دوو ڕۆژ سەرقاڵمان بکەن. میستەر تۆد دێت لەگەڵم، (تایلەر)یش باسی هاتن ئەکات و میستەر (ستورمی)یش تا ئێستا لە نێوان کار و خۆشگوزەرانیدا خۆی ساغ نەکردۆتەوە، بەڵام هەرچۆنێ بێت پێشنیاری ئەوە دەکات، کە لە گەڕانەوەماندا لە پەرسەپۆلیس بمانبینێ. ئەمەش لەوانەیە بە یەك قۆناغ بکرێت، بەڵام من دەیکەم بە دوو قۆناغی ئاسان.

پەرسەپۆلیس بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ سەرنجی ڕاکێشاوم. شوێنەکانی تریش بە زانیاری ئەوەی، کە کاتی خۆی چی بوون، بەڵام لێرەدا شتێك تەنانەت نادیارە لە پەرسەپۆلیس، کە بۆچی گرنگییەکی زیاتری پێدەدرێت. (**بیلینۆ**)ی بەستەزمان! ئەو چۆن دەتوانێ چێژ لە کەروێشك وەرگرێ لەم گەشتەدا و لەسەرو ئەوەشەوە کۆمەڵگاکەی چی سەپاندووە بەسەریدا.

- 31/**ئۆگۆست/ئاب**،

دوێ شەو لە گەشتەکەم گەڕامەوە. لە دەوروبەری خۆرئاوابوون لە ڕۆژی پانزەیەمدا دەستمان پێکرد. تاقمە هەمیشەییەکەم گۆڕا بە میستەر تۆد، کە هاوڕێیەکی خۆش مەشرەف بوو. قۆناغی یەکەمان (زەرگوون) بوو، کە لە ئێوارەی ڕۆژی شانزەیەمدا جێمانهێشت و سوار بووین بە درێژایی دەشتی پەرسەپۆلیس.

کاتێ پردی (ئاراکسس)مان جێهێشت تاریك بوو. گریمانەکەم زۆر کاریگەر بوو. کاتێ، کە مێردمناڵ بووم، **چاردین**، هانی دەدام ئارەزویەکی زۆرم هەبێ بۆ بینینی ئەم کەلاوانە و ئارەزووەکانیش لە مناڵیدا زۆر کاریگەرترە لەبەرئەوەی خۆنواندنی تێدایە. ڕازیکردنیان چێژێکی هەبوو، کە پاڵپێوەنەرێك پێشنیارکرا بەهۆ و فرمانێك، کە دواتر ناتوانێ هامبەرییان تێدا بکەیت. توێژینەوەکانی ئەم دواییەم لەبارەی کۆنەوە لای ئەوە، بەهەرحاڵ، گرنگیەکانی خۆیانی هەروەها خستبووەسەر پارێزراوەکانی تر و ئیدی سوار بووم بە دەشتەکەدا لەبەر ڕۆشنایی تیشکی جوان، چونکە کاردانەوەیەکی بێ ژمارەی لەسەر ڕووداوە مەزنەکان هەبوو، کە جەنجاڵیەکیان لەسەر یادەوەریەکانم خولقاندووە. من لەو ساتەدا بووم چێژم دەکرد بەوەی ماوەیەکی درێژە هیوای پێدەخوازم

و چەند چرکەساتێکی پڕ لە شادمانی بوو! لە کۆتاییدا لوتکە قوچەکەکان دەستیانکرد بە جیاکردنەوەی خۆیان لە هێڵی شاخەکان، کە ئێمە پێشیدەکەوتین. میستەر تۆد هێمای بۆ دەرەوە کرد، لەداوێنی ئەوەی کەلاوەکەی لێکەوتوە. لەو کاتەدا لە پشتیەوە مانگ بە جوانیەکی ناوێزە هەڵهات. سەدەکان یەکسەر بەجارێ خۆیان پێشکەش بە حەزی من کرد.

لەبەردەم کەلاوەکەدا گەیشتینە ناو باخێکی نیوە وێرانە و نزیکەی میلێك لێیانەوە دوور. تۆ دڵنیابە دوا نیگای شەوم و یەکەم لە بەیانیدا (من ناچمە ناو جێگاوە تا دوانزەی نیوەڕۆ و تا گوڵ سیس دەبێ) راستەوخۆ بۆ ئەو خاڵەیە. لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێ لە شادمانیم وەرگرت لەوەی ناچێت بۆ ئەوان و زۆرم لە خۆم کرد تا رازی بم بە رووماڵی گشتی. ئەوە لەوانەیە کەرانە بێت، بەڵام بڕیارمدا بە دواخستنی پشکنینە وردەکە بەناویاندا تا کاتی گەڕانەوەمان و ئێستا تا رادەیەکی دوور چێژ وەردەگرم لەو نیشانە گشتیانەی بۆتە هۆی ئەم دیمەنە.

(لۆرد بایرۆن) قۆناغێکی باشتری بەکاردەهێنا لەوەی من دەتوانم بیکەم.

لە ئێوارەی حەڤدەیەمدا دەستمانکرد بە چوون بۆ کەلاوەیەکی بەناوبانگ و، کە کێشەیەکی زۆری لەسەرە (مەشەدی مادەری سولەیمان)، لە ئێوارەی نۆزدەیەمدا گەیشتین، من تا ئێستا بڕیارم نەداوە ئایا ئەوە گۆڕی سایروس(کورش)ە یان نا، هەروەهاش زۆر کەرانە (ئاریان)م لە دواوە لە بوشێر جێهێشتووە، بەڵام زۆر سەرم سوڕما بە دەرکەوتنی، تەواو جیاوازە لە هەر شتێ، کە من بەرەو چاوەڕوانی ئەوە بەرێت. ئەوە ئاشکرایە ئەو لە چەرخی زۆر کۆنە بەرزەکاندایە، بەڵام ئەوەی، کە زیاتر سەرم سوڕدەمێنێ دۆزینەوەی ئەوەیە، کە بە چێژی راستەقینەی خۆیەوە هەرگیز هەر بینایەکی رۆژهەڵاتیم بینیوە. لە دیزایندا مۆنیمۆنتێکی گریکی داڕێژراوە، لە مەڕمەڕی سپی دروستکراوە و پتەوی بیناکە و فراوانی شتەکان وا دروستکراون، کە بەرگەی هێرشی سەدەکان بگرێ.

منماندو نەدەبووم لە رامانی ئەم بینا شکۆدارە مەزنە، پێشکەوتنی هێشتا گرنگی زیاتری پێدەدرێ بە گریمانی ئەوەی لەوانەیە ئەو پاشماوەیە زۆر ناودارترە لە زووربەی شازادانی رۆژهەلاَت. لە نزیکیەوە هەندێ پایەی بە نەخشی مسماری لێیە و شێوەیەکی سەیرە، بە شێوەیەکی جوان جێبەجێ کراوە و لەلایەن (سێر ئارِ. کەی. پۆرتەر)ەوە بە شێوەیەکی راست و رەوان کۆپی کراوە، بۆ دڵسۆزی بێ هاوتای ئەو مرۆڤەی، کە نەخشەی کێشاوە، من دەتوانم بە هەموو مانایەکی تەواوەوە گەواهی ئەوە بدەم.

لەوەش زیاتر، گردێك رووی کردۆتە یان دەوری کەنارەکەی داوە، بە تاشە مەرِمەرِی سپی بە شێوازی لادێیانە برِاوە و مۆنومێنتێکی پێ چەسپ کراوە و بەرزترە لە کەناری پەرسەپۆلیس. ئەم کەلاوانە تا رادەیەکی بەرز سەرنج راکێشەرە و منیش شادمانم، کە هاتووم بۆ بینینیان.

من وا هەست ئەکەم نەخش و نیگاری چەرخی کۆن مەزنتر بووە لە پەرسەپۆلیس، بەلاَم ئەوان پێشکەوتربوون لە چێژ و سادەوساکاریدا، یەکێك دەستبەجێ دەتوانێ پاشماوە مێژووییەکە بەدی بکات، بەبێ ئەوەی زانیاری کۆکاتەوە لەو دەوروبەرە و بەگەنی بکات، "ئەوە دەبێت شوێنی ناشتنی کەسانی مەزن بێ و ناوەکەی بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. " فارس رێزێکی گەورەیان بۆ ئەوە هەیە، وای دادەنێن، کە ئەوە گۆرِی دایکی سلێمان پێغەمبەرە و بە هۆی جنییەوە، کە لەژێر دەسەلاَتیدا بوون بیناکراوە.

گەرِاینەوە بۆ پەرسەپۆلیس، بە رێیەکی تا رادەیەك جیاوازدا و لە ئێوارەی رۆژی بیست و دووەم گەیشتینە ئەوێ.

دەوارەکانمان لەسەر کەنارەکە هەڵدا، بە دەرگای کۆشکەکە داخرا، کە پرِە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵی ئەفسانەیی. تۆ لەوانەیە هەستبکەی، کە من نەمتوانی ئەو شەوە بنووم. ئەوە بارودۆخێ نەبوو بۆ بژارکردنی هەستەکان لە لەبیرچوونەوەی شیرینی. سەیری مانگ هەڵهاتنم دەکرد، تا لەبەر تیشکەکەی پیاسەیەکی تەنیا بەناو کەلاوەکاندا بکەم، چونکە حەزم لە رامانە و من باش پاداشتکرابووم.

پارچەیەکی زەبەلاحی ناوێزە بە دەروازەکەوە بوو، نزیك ئەو شوێنەی ئێمە لێی هەڵماندابوو، دانەیەکی تەنیا و روخسار پڕ شکۆ، بە کزی لەبەر تیشکی مانگ رووناك بۆتەوە و بە پاشماوەی ئاگری خەڵکەکانی ئێمە رووناکە، کە تیشکێکی سووری تۆخ دەدات لە بەشێکی. هەرچۆن بەناو پایە بەرزەکاندا دەرۆیشتم، ئەو شتانەی تیاندا دەردەکەوێت لە ژمارە نایەت و شیعرە بێ وێنەکە[122] هاتەوە بیرم .

لە راستیدا بەناو ئەو پاشماوەیەی ئەو شتانەی (ماڵەکانی فارس)دا دەگەڕام و بەڵام نازانم چۆن گۆڕا! دابەزینی هەنگاوەکانی خۆم و واقەواقی رێوی لەو گردانەوە، کە گۆڕی سوڵتانەکانی تێدایە، ئەوە تەنیا دەنگێ بوو دەبیسترا، بەڵام لە هەمان کاتدا لە سەرەوە مانگی روو هەڵپڕوکاو دەورەی خۆی بە هێمنی دەکات، بە بێهۆشی، یان بەلایەنی کەمەوە بەبێ گۆڕان بە تاوانی سەدەکان.

- 1/**سێپتەمبەر/ ئەیلول،**

من دەبێ خەیاڵەکان دوابخەم تا یەکتر دەبینینەوە و بێگومان هەروەها حساب بۆ پەرسەپۆلیس (تەختی جەمشید) دەکەم. هەرچەند من زۆر باش نیم لە رێکخستنی ئامارە درێژەکاندا و لەسەرو ئەوەشەوە، زۆر وتراوە لەبارەی پەرسەپۆلیس (تەختی جەمشید)ەوە، بە دەگمەن بتوانرێ هیچ شتێکی بۆ زیادبکرێ، بەتایبەتی کاتێ یەکێ وێنە سەرنج راکێشەرەکانی (پۆرتەر) ببینێت.

بیری رێکخستنی بۆچوونێکی راستی کەلاوەکانم دۆزییەوە و ئیدی بە دیمەنی ئەوانە نە سەرم سوڕدەمێنێ و نە دووچاری بێ ئومێدی دەبم، کە ئەم حاڵەتانە دەگمەنە. ئەوان چێژی تەواو تایبەتیان هەیە. جێبەجێکردن و کۆتایەکەی تەواو جوانە.

ئەو خەوشەی من دۆزیومەتەوە ئەو لارەسەنگیە بەکارهێنانە فراوانەی شتومەکە سەنگینەکانە بۆ مەبەستە ناتەواوەکان. دەرگای چوونەژوورەی تەسك و پەنجەرەی بچوك، پێکهێنانی بلۆکەکانی، کە بەربەستی کەنارەکانی پێ بیناکراوە. بەڵکو زۆر جار

---

[122] دیدین، "جەژنی ئەلێکساندەر."

تەنانەت یەك تاكە بەردە. پەیوەندی لە نێوانی توخمەكە و ماناكەیدا نییە، كە دەیدەن بە زووربەی پارچەكانی ئەم پاشماوەیە، بە لایەنی كەمەوە وەك ئەوەی ئێستا دەردەكەون، زیاتر سەنگینە، جەنجاڵ و كاریگەریی تێكچوون و هەروەها هەندێ شتی ورد، لەگەڵ فراوانی شتەكاندا.

رۆژهەلاتیان لە هیچ قۆناغێكدا لەوە ناچێ لە یاسای ڕێژە گەیشتبن و شایستەی تەلیسمی كاریگەریی ئەنجامی ئەو گوێ پێدانەوە بن و ئەوە لە هەموو پارچەیەكی كەلاوەكانی تەختی جەمشیددا روون و ئاشكرایە. بە هەرحاڵ پاشماوەیەكی سەرنج راكێشەرە و با سووپاس گوزار بین بۆ خواستی بڕیاری تەلارساز، كە ئەم هەموو شتە زۆرانەی بە شێوەیەكی ناپێویست بۆ مەبەستە ئاساییەكان بەكارهێناوە، بە هۆی ئەوەوە نمونەی هونەر و شێوازی ئەوسای وڵاتی فارسی سەردەمی ئەسكەندەر بۆ ئێمە ماوەتەوە، لە كاتێكدا هەموو مۆنومێنتەكانی تری ئەو قۆناغە لەگەڵ رۆژگاردا لەناوچووە و هێشتا دەستی بەربەریەكان زۆرە. دوا ئامێرێك بۆ وێرانكردن كاركردنە لێرەدا، تەنانەت دواتریش. زۆر لە پارچەكان تێكچووە بەهۆی خواستی دەست بەسەراگرتنی.

ئەم شێتگیریە لە ئەنجامی تەنانەت هەندێ پارچە نەخشی لەتوپەت كراوە، یەكێ هەوڵیداوە كەللە سەرێكی زۆر جوان هەڵكۆڵێت، كە باش هەڵگیراوە و ئەو سەركەوتو نەبووە، دیارە لە تورەیدا چەكوشەكی داوە بە كەللە سەرەكەدا و شكاندویەتی.

فرمێسكێكی زۆرم بە یادی (بیلینۆ)ی هەژارەوە رشت، كاتێ ئەم كەلاوانە رووماڵ دەكات، كە چەند شادمانی دەكات. لەگەڵ ئەو هێرش بردنەی دژی ئەو كردەوەیە، من لە راستیدا تەواو هەوڵم دەدا، دوای ئەوەی خۆم رازیكرد بە سەیركردنی چەند جارێ بە كەلاوەكەدا، تا كاری كۆپی كردنی نەخشەكان بكەم و لەكاتی ئەو شەش رۆژەدا لە تەختی جەمشید مابنەوە، هەموو نەخشەكانم كۆپی كرد جگە لە یەك دانە نەبێت. زۆر شتم دۆزییەوە، كە دڵنیایە لە دەستووری (گرۆتەفەند) و ستایشی زیرەكی و دانایی دەكەم. ئەو كارەی من باش پیارۆیشتووم یارمەتی زۆری دەدا.

بێگومان سەردانی نەخشی ڕۆستەمم کرد، ئەوەی بینیم پەرستگایەکی ئاگرپەرستی زۆر جوان بوو، بە شێوەیەکی جوان بیناکراوە و لەوە دەچێ، کە دوێنێ تەواو بووبێ، گۆڕی چوار مەلیك لە یەکەم زنجیرەی فرمانڕەوایان و زۆر نزیکی ساسانییان لە ژێریاندا هەڵکۆڵراوە.

بەڵام ئەمەی دواییان کردەوەیەکی هەڕەمەکیە و بە ئاشکرا زیاتر هێمای سەردەمی بەربەری دەکات وەك لە پەرسەپۆلیتان. بەلایەنی کەمەوە بڕێك جیاوازی لە نێوان کارەکانی سەردەمی (ئۆگوستان) و ئەوەی (جوستینیان)دا هەیە.

پەیکەرێك سەردەمی ڕۆمانە، لە نەریتێکی ڕاستدایە، لەبەر پێی مەلیکی ساسانیدا بە بەرگی زبرەوە ڕاکشاوە و لە ماوەیەکی دوورترەوە کاریگەرییەکی جیاوازی هەیە. لەوێدا شتێك هەیە کاریگەری لەسەریە، لە یەکەم تێڕوانیندا، بۆ بینینی خاوەن شکۆی ڕۆما، تەنانەت ڕۆمای (ڤالەریان)، بەر لە بەربەرەکانن.

هەندێ پەیکەری سەردەمی ساسانی لێیە بە نەخشی ڕەجەب، ئەم شوێنە نزیکترە لە تەختی جەمشید، بە هەمان شێوازی بەربەریەکان و باشتر.

لە 30/ ئۆگۆست/ ئاب، گەڕاینەوە بۆ شیراز.

- 8/**سێپتەمبەر/ئەیلول،**

دوکتۆر (جوکیس) هێشتا لە (بودفسێر)ە، کە دەڵێن کولێرای تێدا دەرکەوتووە. شازادە خستوویەتیە ژێر چاودێرییەکی تەندروستی توندەوە.

سوپاس بۆ خوا، ئێمە دوورین لەو سەردانە ترسناکەوە، کە زیانێکی زۆری لە بەسرە داوە و لەوەش کەمتر نابێ لە بەغدا. دوکتۆر (تۆد)م لەگەڵ خۆمدا هێشتۆتەوە. ئەو پایەیەکی بەرزی هەبوو لە شادمانیمدا. سەرم قاڵ بوو لەو کاتەی گەڕاومەتەوە لە کاری کۆپیکردنی نەخشەکانمەوە.

ئێستا کەش و هەوا تەواو سازگارە، بە کورتی ئەم شوێنە خۆشە، لەگەڵ خراپترین دانیشتوانێك بە بیردا بێت. من هەرگیز لە شوێنێ نەبووم، تەنانەت لە خراپترین بەشی تورکیا، کە زۆر پێویستت بە پاراستنی ئەفسەری حوکومی ناوخۆ هەبوو، تەنانەت لەگەڵ یەکێکی ناوروژێنەر بەبێ هێرشبردنەسەر.

ئێستا لێرە پاشماوەی لەرزوتای کوردستان لەناو خەڵکەکەماندا نەماوە و خۆشم زۆر زۆر باشم.

- 10/**سێپتەمبەر/ئەیلول،**

هەر ئێستا لەلایەن میرزا محەمەد هادی، بەناوبانگترین هونەرمەند لە وڵاتی فارس سەردانم کرا. من قەرزداری ئەو رێزەم بۆ ئەوەی دوای بیستنی ئەوەی (ئامچیۆ کوڕی پیتۆرە) و من هەندێ لە کارەکانیم نرخاندووە. ئەو لەگەڵ خان و یەك، دوو دەستوپێوەندی باشیدا هاتبوون. ئەو پیاوە لێرە ناوبانگێکی بەرزی هەیە و فارسەکان تا رادەیەك بۆنی پیرۆزی لێدەکەن. پیاوێکی بە ساڵاچووی زۆر خانەدان و زیرەك و خۆشخو بوو. پڕ بوو لە گیانی هونەرەکەی و بە شێوەیەکی بەسۆز خولیای گوڵە. ئەم **ڤان هیسومە** ئێرانیە، هەرگیز ئێستا ئیش ناکات و ئەوەش نیمچە مەحاڵە شێوەی پێنوسە رەساسەکەی بەدەست بێت. بە هەر نرخێ بێت لە لایەن فارسەوە دەیکڕن.

ئەو خۆشی ئەوەندە بەختباش نیە تا نمونەیەکی بۆ خۆی هەبێت، کەچی خۆشبەختانە من وێنەیەکی بچوکی جوانم لەوەی ئەو هەیە بۆ تۆ.

- 11/**سێپتەمبەر/ئەیلول،**

هەواڵەکان لە بوشێرەوە، کولێرا لەوێوە شاڵاوی هێناوە و رۆژ سی (30) کەس دووچار دەبێت. سەرتاپای گەرمەسێری گرتۆتەوە و میستەر (ستورمی) لە رێی خۆیەوە بەرەو خوار، لەسەر رێگای بوراوزگوون بۆ بوشێر لاشەیەکی زۆری بینیوە لێیکەوتووە.

کەشتیەکی جەنگی لیڤەرپوڵ، کە گەیشتۆتە بوشێر، سێ ئەفسەری لە ماوەی 15 سەعاتدا لە دەست داوە. هەروەها بیستمان برینپێچ و بەشێکی زۆر لە تاقمەکەی

مردوون و ئیدی زۆریان لە ئەفسەرەکان کردووە لە کەشتیەکە بچنەدەرەوە، هەموو ئەوانەش، کە بەشێك لە تاقمەکەیان لە دەست داوە.

لە بەسرە 17000 کەس دووچاری کولێرا بوون. بە کورتی، هەواڵەکان لە دواجاردا تاریکە و تروسکەی خۆشی تێدا نیە، ئێستا هەموو ئەوەی روویداوە بۆ ئێمە بەخێر گەڕاوە، لەوە دەچێ پیلانێکی دیاریکراو هەبێ بۆ پارێزگاری کردنمان و ئێمە دەبێ تا مردن مەمنون بین.

حاجیەکان هەر ئێستا لە بەغداوە بە 37 رۆژ گەیشتوونەتەوە. هەموو لەوێ سەریان لێشێواوە و جەنگی فارسی لەوە دەچێ رووبدات. هێزی تورك راوو رووت ئەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەر هەموو کەس، بازاڕەکان بە تەواوی چۆڵ بووە. پاشاش دەست ئەگرێ بەسەر سەروەتی ئەوەی، کە دەستی بەسەریا دەڕوات بۆ ئەوەی پارەی لێبسەنێ و ئەوەشی دەتوانێ هەڵدێت، کە دەتوانن بە گشت لایەکدا هەڵبێن.

پێنج هەزار رووپیەی لە نواب سەندووە. هەندێ لە کارگەرانی سکەلێدانی ئیمپراتۆریا گەیشتوونەتە بەغدا بۆ سکەلێدان، هەرچۆن دەڵێن، پارچە زێڕ و زیویان لە نەجەف و کەربەلاوە بردووە. محەمەد عەلی میرزا لە داوێنی تاوغەوەیە، چاوەڕێی ئەو هێزەیە، کە پاشا دەینێرێت.

ئەمانوڵڵا خان فرمانی دا بە هاوکاری کردنی و لەوەش دەچێ هەروەها کوردیش پەیوەندی پێوەکردبن، بۆ پەرچدانەوەی ئەو خۆپێشاندانە دوژمنانەیە، کیاهیا بە سوپای تورکیەوە لە مەندەلی خۆی قایم کردووە، بەڵام پاشا لە بەغدا ماوەتەوە.

- 12/**سێپتەمبەر/ئەیلول،**

ماوەیەکە لێرە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ زەماوەندی ئەنەوشیروان میرزا، یەکێ لە کوڕەکانی شازادە لەگەڵ کچە ئامۆزای خۆی شازادەخاتوونی کرمان. نوێنەرانێکی باش نێرران بۆ هێنانی بوك و شازادە دەڵێت: ئەو خۆشی و شادییەی پێشان دەدرێ، دەبێ سەرسوڕهێنەرتر بێت لەوانەی تا ئێستا لە شیرازدا بینراوە. وەك ئەوەی، کە گەورەترین

زەماوەندی هاوسەرگیرییە، کە لە خێزانەکەیدا جێبەجێ دەکرێت. کوڕەکە، لەسەرو ئەوەشەوە، خۆشەویسترین کوڕیەتی و لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی 12 ساڵ بووە بە فرمانی پاشا لە سوپای پاشایەتیدا کراوە بە جەڕەناڵ. ئەمڕۆش ئامادەیە بۆ ئەوەی بوکی بۆ دابەزێت.

خوشکی شازادە چووە دەرەوە تا شازادەخاتوون ببینێت و چووە ناو کەژاوەکەوە لەگەڵیدا، لەبەر ئەوەی لە دابونەریتی قاجاریدا[123]باو نیە، کە بوک راستەوخۆ بچێت بۆ ماڵی زاوا لە تەختڕەواندا، لەوانەشە پێکەوە بڕۆن.

بەدرێژایی رێگەکە لە شارەوە بۆ دەربەندی ناو گردەکان، کە بە دەشتی شیرازدا دەکرێتەوە و رێگەیەکی زۆر باشە و بە ریز تەماشاوانان وەستاون، زۆربەی ژنان، هەرچۆن شازادە فرمانی داوە، کە هەموو ژنانی شیراز بێنەدەرەوە بۆ پێشوازی لە بوك و ئەوانیش بە هاوارکردن ئەو ناوەیان پڕکردبوو.

راستەوخۆ دوای نیوەی شەو، رێڕۆیشتنی خەڵکی بە بەشی جیاواز، بە دەم تەقەکردنەوە دەرژایە شارەکەوە، نزیکەی سەعات 07:00 ئەم بەیانیە نزیکبوونەوەی بوك دیاریدا، ئەویش بە تەقەی زیاتر لە تۆپەکان، تفەنگی موسکەت و زەمبورەك (چەکێکە بە پشتی وڵاخ هەڵدەگیرێت)، کە 100دانەیەك زیاتر دەبوون.

زەمبورەك یان سەربازی تۆپ هاوێژ، بەرگی سووریان لەبەردابوو، لەگەڵ خودەیەکی میس و زینی وشترەکان، کە چەکەکانیان هەڵگرتبوو، ئەویش بە قوماشی سوور داپۆشرابوون و بەیداخێك کراوە بە هەر یەکەیانەوە، هەموویان بەدەرەوە و دیارن. قەوارەی ئەسپەکانی رێڕۆیشتنەکە زۆر گەورە بوون، بەڵام سوارەی فارس زۆر باش نین وەك تورکەکان، یان کوردەکانی هاوڕێمان.

---

123 ناوی تیرەی خێزانی پاشایەتی ئێستای وڵاتی فارسە.

یەکێ لە شازادە لاوەکان کرا بە نوێنەری زاوا، کە بێبەختانە دووچاری نەخۆشی بوو، لەناو ئەم کۆمەڵانەدا بوو. ئینجا تابووری چوارەم هات و هەموو زەمبورەکەکان و تەقەمەنی، کە بە وشتر هەڵدەگیرێت.

ئەو ماوانە بە درێژایی رێگاکە، لەگەڵ هەموو تەقەیەك بەردەکان وەك هەورەگرمە قریشکەی لێوە دەهات. ئەوەی دواتر حەرەس شەرەف بوو، بریتی بوو لە خان و ئەفسەرە پایەدارەکانی حوکومەت لەگەڵ تاقمی جوق و مۆسیقا.

گەڕان بە تەختی رەوان، وەك ئەوەی تۆ زۆر باش نیە، ریزێك رێکەران و دوای ئەوە بوك خۆی هات لەگەڵ ئامۆژنیا لەناو کەژاوەدا[شمیتر] هەر سەبەتەیەکی بە قوماشی کەشمیری شاڵ داپۆشراوە، کە بە مرواری چنراوە و دەدرەوشێتەوە.

**زەکی خان،** وەزیر خۆی بە پێ لە پێش هێسترەکانەوە دەڕۆیشت. ئەویش هێزی پاڵەوانانی (زۆرانباز) لە پێشیەوە بوون، (میل)ەکان، کە (دوو پارچە تەختەی قورس لە شێوەی لاکێشەیی، دەسکی بچوکی هەیە، کە بەهۆیەوە هەڵدەگیرێ و سەمای لەسەر دەکرێت. خ. ریچ) بە دەنگی تەپڵە بچوکەکانی سەما ئەکەن و لە هەردوو لاوە سەربازەکان لەگەڵیاندان، زۆر باشتر نەبوون لەوانەی ئەمانوڵڵا خان، بەڵام زۆر پاکتر و پۆشتەتر بوون. بە دەنگێکی زۆر ناخۆش تەپڵیان لێدەدا. دوای کۆتایی کەژاوە، بەشە هەرە سەرنج راکێشەرەکە دێت، ئەویش نزیکەی بیست خانمی قاجاری بە جلوبەرگی میلیی تەواوەوە. هەروەکو پیاو لەسەر پشتی ئەسپن و زۆر باش سوار بوون، پێش ناکەون، بەڵام لەوە دەچێ تەواو خۆیان گرتبێت لەسەر زینەکانیان.

پوتیان لە پێدا بوو، بەرگێکی جوانی مارۆنییان پۆشیوە[یتر]و سەریان بە قوماشێکی کەشمیری جوان داپۆشیوە، کە بە مرواری چنراوە و دەدرەوشێتەوە و تا ناوقەدیان لە

---

124 ئەوە جۆرێکی تەواو ناخۆشە لە هەڵگرتن، بریتیە لە دوو سەبەتە یان لانکە، هەر یەکەی بە لایەکی هێسترێکدا شۆڕبۆتەوە. خ. ریچ.

پشتەوە دادەپۆشێ. روخساریان بە پەچەی سپی داپۆشراوە، کونێکی گەورەی تێدایە بۆ ئەوەی چاویانی لێدەرکەوێت، تا هیچ ناخۆشیەك نەیەتە رێی ئەم ژنە جەنگاوەرانە. دوانیان شمشێریان پێبوو، هەروەها بە زێڕێکی زۆر رازاونەتەوە. ئەو خانمانە دەڵێن هەموویان قاجاریی راستەقینەن و خانمانی پایە بڵندن. خانمانی ئاسایی بە پشتی هێسترەوەن و بەرگی سادەی ئاساییان پۆشیوە.

خانمانی قاجار هەموو باش سواری وڵاخ دەبن و چەکدار دەبن، بەپێی ئارەزووی خۆیان، هەندێکیان دەمانچەیان لە کەوانەی زینەکانیاندا هەڵگرتووە، هەندێکیش تیروکەوان، لە کیفی چنراوی جواندا و هەموویان شمشێری رازاوە بە خشڵیان هەڵگرتووە.

بەڵام بگەڕێینەوە بۆ رێپێوانەکە، کە لە راستیدا دەڵێن زۆر کەمی ماوە. تەپوتۆزەکەی دێ بەسەر ئەو خەڵکانەی کۆبوونەتەوە، کە لە دواوە وێستاون و بنکەکەی بە شێوەیەکی خۆراگر ماوەتەوە بۆ زریانی ئەو بەفربارینەی، کە بێڕەحمانە گەیشتووەتە داردەستەکانی ئەفسەرانی پۆلیس. تابووری سێسەد حاجی لە کەربەلاوە، بە بەیداخە سەوزەکانیانەوە و ئاخونەکان، کە قورئان دەخوێننەوە، خەڵکی زیادی کرد و وەك جەژنێکی ئایینی لێهات، کە لە دەوریان بەردەوام بوو.

ئێوارە بە رووناکی گشتی دەورەی گیرا، یان روونتر بیڵێم رووناکیەکی زۆر لەسەربانی هەموو ماڵێکەوە لە شارەکەدا هەبوو، بازاڕی لێبەدەر نەبوو، مزگەوتەکان و بینا گشتیەکانی تریش. وەك ئاگر داگیرسابوو، هەروەها لە ماڵێکەوە درێژ دەبووەوە بۆ ماڵێکی تر، تا شارەکە بوو بە تیشکێکی رووناکی، کاریگەریەکەی لە باخەکەی ئێمەوە دەبینرا، کە دەیڕوانی بەسەر هەموو دیمەنەکانی شارەکەدا و زۆر جوان بوو. هەندێ رووناکی شین جارجارە دیارنەئەمان، کە دیمەنەکەی بەرزدەکردەوە و خەڵکیش بە درێژایی شەو بە مۆسیقاو سەماکردن خۆشی خۆیان دەردەبڕی. خواردنەوەش بێگومان

---

[125] جۆرە عەبایەکە لە قوماشێکی سوور دروستکراوە و من وا هەست ئەکەم بە کشتەکێکی ئاڵتونی چنراوە، کە لە بۆنەی زۆر مەزندا لە لایەن پیاوانی رێزداری فارسەوە دەپۆشرێ و هەروەها چۆن لە سەرەوە ئاگادارین تەنانەت لە لایەن خانمانیشەوە لەبەردەکرێ. خ. ریچ.

لە بیر نەکرابوو، فارسەکان لێرەدا هەموو جۆرێکیان تیایە، بەبێ ئەوەی کەسی لێبەدەرکەم بەدمەست و بێ شەرم و زۆرترین گەندەڵێ، کە تا ئێستا بینیبێتم. هێشتا هەندێ شت هەیە باری دەروونی و کەسایەتی دیاریان هەیە، ئەو ناپەسەندیانە دەگمەنە یان هەرگیز لەم بۆنانەدا نەبیستراوە.

ڕووناکی ئاگرەخۆشە بە بۆنەی ژن هێنانەوە نەریتێکی زۆر کۆنە، لە ئاگرپەرستی پێشینەی فارسەوە ماوەتەوە و تا ئەمڕۆ پارێزگاری لێکراوە.

- 15/**سێپتەمبەر/ئەیلول،**

لە ڕۆژی سیانزەیەمدا، سەیران و خۆشیەکە وەك جەژن وابوو، یان ئاهەنگی شێوکردنەوەیەك، بەڵام رابواردن نەبوو لە شەودا، جگە لە حەرام، ئێوارەی ڕۆژی جومعە بوو. لە ڕۆژی چواردەیەمدا بوك بۆ حەمام برا، لەگەڵ کۆمەڵێك گۆرانیبێژ و سەماکەراندا. شازادە خۆی لە عەسرا هات بۆ دیوان، لەژێر سلاو و پێشوازی دووسەد زەمبوورەك.

دەستبەجێ پەتبازی، تەقلەبازی و گاڵتەوگەپ دەستی پێکرد و تا خۆرئاوابوون بەردەوام بوو. دوای ئەوەی تاریکی داهات (چراخوون) هەبوو، یان ڕووناکیەکانی گۆڕەپانەکە، کە لە حەوشەی دەرەوەی کۆشکەکە بوو، هەروەها ئاگربازیی زۆری تێدا دەکران، کە کاریگەری زۆری هەبوو لەو شوێنەی ئێمە دەمانبینی. هەندێ لە گردەکانیش هەروەها بە هێڵێکی ئاگر ڕۆشنکراونەتەوە، کە دیمەنێکی مەزنە و تەقەی زەمبورەك بەردەوامە. فارس زۆر ئالودەی زەمبورەك و (تاوتە سۆس)ە. هەموو دیمەنەکان زۆر دەگمەن بوون. سەماکردن و گۆرانیبێژی سەرکەوتوبوو، لەگەل گروپێکی زۆر دەنگەدەنگاوی زۆر نائاسایی، کە کەمێ لە زەمبورەك هێواشتر بوو. فارس چێژ و خۆشی لە جوڵەی هەمیشەیی، چالاکی و دەنگە دەنگ وەردەگرێت.

هێشتا (میناس)م لە گەڵدایە. دوێنێ نیوەڕۆ لە گۆڕەپانەکە بووە. زیاتر سەماکردن بووە، لە لایەن ژنانی کەم ڕەوشتی شارەکەوە پێشکەش دەکرا، ئەوانەی خواردنەوەی (شەهزادیە)یان دەخواردەوە، ئەوانەی تەماشیان دەکردن ئەوانیش هەروەها سەرخۆش

بوون. دوو یان سێ شتی خۆشی تیابوو، کە هەڵوێستەی لەسەر بکەین. بە کورتی، دیمەنێکی زۆر قێزەون بوو.

- 17/**سێپتەمبەر/ئەیلول،**

دوێ شەو ئاگربازییەکی زۆر و سوڕ و سەما و گۆرانیەکی زۆر بە ئاسایی هەبوو، بەڵام رابواردنی سەرۆك لەناو ژناندایە. دەڵێن بوکەکە دەبێ بیست ساڵ بێت و بەهیچ شێوەیەك جوان نییە.

زاواش تەنیا دوانزە ساڵانە!

- 2/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.**

تۆ بێگومان غەمی ئەوەت بووە ئەم نامەیە بۆ ئەوەندە درێژەی کێشا. دەترسم زیاتر بێت، کاتێ، کە هۆکەی بزانیت، بەڵام بەهیوام راستگۆییم ئەو بڕوایە بێنێتەوە، بەبێ پێشەکی ترسناکی تر، چونکە یەکسەر بزانە، کە کولێرا لەوێ هەبووە و مەترسیەکەی بەسەرچووە (ئەلحەمدولله)[126] لەو کاتەی بەردەوام بوو من حەزم نەدەکرد پێنوس بگرم بەدەستەوە، هەرچەند ئینکاری لە هیچ شتێکی چاك و خراپ ناکەم، کە لە تۆوە رووبدات و منیش نابەدڵ بووم لە ناو هێنانی کولێرا کاتێ بەردەوام بوو.

یادەوەریەکانی نەخۆشیەکە هەرچەند دڵتەنگە، بەڵام بۆت بنێرم جۆرێکە لە پەیوەندی. هەموو شت لە جێی خۆیدایە، بۆیە تا چارەسەر نەکرا پێنووسم نەخستە سەر کاغەز تا ئەو کاتەی توانیم پێتبڵێم هەمووی رزگاری بووە و کۆتایی هات. ئێستا دەتوانم، ئینجا کورتەی ئەوەی روویداوە لەو کاتەوەی چووم بۆ گەشتەکەم.

---

[126] سوپاس بۆ خوا.

" ئەوە کێیە لە هۆڵی شاییەکەوە دێت، ئەوە ئیزرائیلە، فریشتەی مەرگ. " ئاهەنگەکانی شاییەکە بە دەرکەوتنی کولێرای ترسناك کوتوپڕ وێستا. یەکەم قوربانی لە رۆژی چواردەیەمدا بوو. لە پانزەیەمدا زۆر خراپ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خەڵکی لەوە دەچێ تەمەنای ئەوە بکەن، کە چارەسەرنەکرێ و ئاهەنگی ژن هێنان بەردەوامە. لە هەڤدەیەمدا، بە هەرحاڵ، دەنگی خۆشی راوێستا و بێدەنگی و تۆقین جێیگرتەوە.

خانمێك و چەند کارەکەرێك لە حەرەمدا مردن، بۆیە شازادە و خێزانەکەی پاش نیوەڕۆ چوون بۆ باخەکە. لە شەوا دایکی شازادە لە شوێنی حەوانەوە نوێکەیدا نەخۆشکەوت. کوڕە نامەردەکەی لەگەڵ خوشکەکەیدا بە پەلە سواربوون و هەڵهاتن، ئەو خانمە بە ساڵاچووە بەستەزمانەیان بۆ چارەنووسی خۆی جێهێشت. بەر لە بەیانی کۆچی دوایی کرد.

وەزیر دوای شازادە کەوت و زووربەی خەڵکە دیارەکانیش دوای کەمێ لاساییان کردنەوە.

لە بەیانی رۆژی هەژدەیەمدا، کاتێ هەواڵی مردنی دایکی شازادە و هەڵهاتنی کوڕەکەی و خەڵکە دیارەکان بڵاوبۆوە، ئیدی تیرۆر و تۆقاندن هەموو لایەکی گرتەوە. ئەو دیمەنەی، کە دێت دەتوانرێ بە دەگمەن وەسف بکرێت. بەشەکانی سوارە بە دەشتەکەدا دەرۆیشتن و بە لای جیاواز جیاوازدا، کۆمەڵانی خەڵك بە پێ رێیان دەکرد، ژن و منداڵ، رێگاکانیان داپۆشی بوو، کە لە ترساندا نەیاندەزانی بۆ کوێ دەربازبن. بەڵام مەرگی توقێنەر، کە هەموو کەس وای هەست دەکرد نزیکبووەتەوە لە ئانیشکی. ژمارەیەك لە ترسا لەسەر رێگا کەوتن و مردن، ژمارەیەك حاڵاتیش بێگومان هێرشێکی زەرداوی کەمی بۆ دەهات، جیاواز لەوەی، کە زۆر بڵاوە ئێستا، بۆ ئاشوبی مەرگ. وڵاتەکەیان جێهێشتووە بۆ خۆپاراستن، بۆ شازادە و وەزیریش چوونەتە دەرەوە لەم تێرۆرەدا بیریان لە فرمانێك یان رێنماییەکان نەکردۆتەوە، هەڵهاتنی حوکومەت گەورەترین مەترسیە و تۆقاندنی گشتی دە ئەوەندە زیاتر دەکات. لە راستیدا ئەوە شورەیی ترین هەڵوێستێکی نەنگیە، کە هەرگیز من بیستبێتم و ئێستا خەڵکەکە

کەمێ هاتونەتەوە سەرخۆیان، قسە بە شازادە دەڵێن و بە شێوەیەکی ئاشکرا دەیبوغزێنن.

لە بەیانی رۆژی نۆزدەیەمدا، ئاغا بابا خان، یەکەم خانەوادەی شیراز، لەسەر شەرەفی خۆی، گەڕایەوە بۆ وڵاتەکە و سەرۆکایەتی حوکومەت دەکات و کەوتە کارکرد لە پێناوی هێورکردنەوەی خەڵکی و دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش. هەر، کە فرمانەکە دەرکرا، ئیدی وردە وردە دووبارە کەوتەوە سەر سکە، چارەسەر بۆ هێورکردنەوە دۆزرایەوە، کە سەلماندی چەندە لەسەر خەیاڵ بەندە.

بەلایەنی کەمەوە ئەو قەڵاچۆبوونە چەندە مەزن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەمتر بوو لەو شوێنانەی تا ئێستا سەردانم کردبێت و نەخۆشیەکە خۆی بێگومان کاراکتەرێکی کوشندە نیە لە سەرەتاوە. سوپاس بۆ خوا، بەسەرچوو، کەس لەوانەی لای منن دووچاری نەبوون. یەکەم، هێسترەکان توشیان نەدەبوو، ئەوەش یارمەتی ئەوەی دەدا بۆ کوێ بڕۆین دەتوانین، چواردەورەدراوین بە نەخۆشیەکە؟ زۆر باشتر بیرم کردەوە بۆ مانەوەمان لەو شوێنەی لێیبووین. تێگەشتم مانەوەمان زۆر کەس دڵنیا دەکات، ئەوانەی سەیری دەمی منیان دەکرد چی دەڵێم و بەو بۆنەیەوە چی دەکەم، کەواتە سوپاسی خوای بۆ ئەکەم.

بەڵام زۆر کات سوپاسی خوام کردووە، هەروەها بۆ ئەوەشی، کە ئەو نەخۆشیە داکەوتەوە و تۆم نەهێنا بۆ ئێرە. دەبووایە وەك ئەوانی تر هەڵبهاتمایە و خراپ بوومایە. بە دڵنیاییەوە چاوی مەرحەمەتی لەسەرمانە.

یاریدەدەری سێیەمی لیڤەرپوڵ، ئێستا تێگەشتم، بە کولێرا نەمردووە، بەڵکو بەهۆی گەرماوە مردووە، کە میستەر (هاید) پێرێ لەگەڵما بوو بە شتێکی زۆر مەترسیدارتری وەسف دەکرد لەوەی سارای (نوبیە).

خەڵکانێکی زۆری هەژار دیارە بەخێرایی لە دنیا دەردەچوون بە پەیڕەوی فارسی. هەرکە پیاوێك هێرشی نەخۆشیەکەی بۆ بهاتایە، (ئابگور)ەی ترێیەکی زۆریان دەکرد بە قوڕگیا، یان پێیان دەوت (کۆرا سوو)، تێکەڵ بە خوێ، دەیانوت زۆر باشە بۆ زەرداو

بڕین و بەهێزکردنی گەدە، هەروەها بەردەوام سەریان تا گوێکانی لە ساردترین ئاوێکدا، کە بتوانن بە چنگی بێنن نوقم دەکرد. ئەگەر پیاوەکە هەژار بووایە ئەوە سەریان دەکرد بەو ئاوەی دەستبکەوتایە، خۆ ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند بووایە، ئەوا پێشەکی ئاوەکەیان بە بەفر سارد دەکرد. ژمارەیەك لەو تاقیکردنەوەیەدا گیانیان سپارد و ژمارەیەکی زۆری تر بە کاریگەریەکەی، لەگەڵ ئەوانەشی لە ئەنجامی کەمتەرخەمیەوە مردن، هەروەها ئەوانەشی بەهۆی تیرۆرەوە کوژران، کە ژمارەی مردو بەهۆی کولێراوە دێنێتە خوارەوە.

مەیجەر (لیچفیلڵد)، کە جۆرێکی تایەبەتیە، ئەم ئێوارەیە بەجێماندەهێڵێت بۆ بوشێر.، کە کولێرا نەماوە لەو ڕێگایەوە لەبەینی ئێرەو بوشێردا، منیش دەبێ دوای یەك دوو ڕۆژ شوێنی بکەوم، بەڵام لە هەمان کاتدا، نەوەك بەر لە من بگاتە بوشێر، ئەم نامەیەی دەدەمێ تا ڕەوانەی بکات. لەوانەیە بیدات بە دوکتۆر (جێفریس)، ئەو بەڕێزەی چەند ڕۆژێ لەوەبەر لێرەوە تێپەڕی و زۆر پەلەیەتی لە گەیشتنی بۆ هیندستان بەوپەڕی خێرایی. من حەزم نەکرد نامەکەی بدەمێ، کە لێرەوە تێپەڕی، چونکە ئەو کاتە نەمئەتوانی بەئاگاوە بڵێم ئاژاوەکە بەتەواوی کۆتایی هاتووە، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم تەواو، من دەبێ خۆشم بوێ بۆ بەرپرسیارێتی ئەمە، کە لەوانەیە هەموو شتێکت لەبارەی ئەوەی چی ڕوویداوە پێبڵێت.

میستەر (فرەیزەر) گەشتیاری هیمالایا، بۆ چەند ڕۆژێك لەگەڵماندایە و من وەك سەرچاوەیەکی مەزن دەیبینم. تەمەنناى ئەوە دەکەم لە ڕێی خۆمەوە شاپوور بەرم بۆ بوشێر، خوا ڕێکی بخات دەمەوێت بۆ چەند ڕۆژی ڕێکیبخەم.

******

وەکو ئەوەی خوا ڕەزای لەسەر نەبووبێ. دوای چەند سەعاتێ لە نەخۆشی، میستەر ریچ بە نەخۆشی کولێرا کۆچی دوایی کرد. لە شیراز، لە 5/ئۆکتۆبەر/1821 وردەکاریەکەی پەیوەندی هەیە بە ناوەرۆکی نامەکانی دواترەوە.

# نامەی چوارەم

## گوڵبژێری نامەیەك

لە بەڕێز (جەیمس بەیلیی فرەیزەر)ەوە بۆ بەڕێز (ولیام ئیرسکین)

، کە جۆرێتی مردنەکەی میستەر ریچی لەخۆ گرتووە.

- **شیراز، 6/ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم**

گەورەی بەڕێزم. . .

من لەو بڕوایەدا نەبووم بۆنەیەك بێتە پێشەوە لەم شوێنەدا گفتوگۆت لەگەڵ بکەم و زۆر کەمتریش لەو بڕوایەدا بووم پەیوەندیەکەشمان بە پرسەنامەیەك دەست پێبکات. بۆیە کەوتومەتە سەر ئەوەی، کە ئامادەتان بکەم، کە لەوانەیە بتوانن بۆ زانیاری لەو جۆرە بابەتە، بەگشتی من قەلاییەکەی دەنرخێنم و نازانم چۆن دەربارەی ئەو مەسەلەیە شتێك دیاری بکەم.

میستەر ریچ زیاتر نییە لەوەی، کە بۆتە قوربانی نەخۆشیەکی تۆقێنەری بلاوی وەك کولێرا، کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکی رابردوودا ئابلۆقەی ئەم شارەی داوە. من وەك ئەرکی سەرشانم هەر ئێستا هاتم بۆ هاوبەشی پەژارە و ماتەمەکەی، هەر چۆن دوێنێ لەم کاتەدا ئامادە بووم تێیدا بە هاوەڵی دوکتۆر تۆد، ساتەکانی مەرگی پەژاراوی و غەمگینە و ئێمە هەمووومان هەست بەو رووداوە زۆر غەمگینە دەکەین و من کات بە فیڕۆ نادەم لە وردەکاری گەیاندن بە تۆ، کاتێ ئەوان بە توندی سەرسامن لە هێزی بیرەوەریم.

میستەر ریچ بە درێژایی مانگی رابردوو، تا رادەیەك لە بارودۆخی تەندروستیەکی نالەباردا بووە. دەڵێن ئەو لە دەوروبەری 2/سێپتەمبەر/ ئەیلولدا کەڵکی لە حەمامی گەرم وەرگرتووە، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەری و سەفرایەکی زۆری هەڵهێناوەتەوە و کۆڵنج و برکێکی توندی کردووە، کە بە هەرحاڵ رێیداوە بە کاریگەری داودەرمان و هەروەك وتم بارودۆخی تەندروستی لەبارنەبووە، دەڵێن هێشتا بۆ خۆی باشبووە و سەرقاڵی چالاکی کارە ئاساییەکەی بووە.

لە 4/ئۆکتۆبەردا هەستی بە باشی تەواو ئەکرد و دووبارە ئەو رۆژەش داوای ئەوەی کرد، کە حەمامی لە باخەکەی شازادەدا بۆ ئامادەبکرێت، نزیکی ئەو شوێنەی لێیدەژیاین، ئێمە هەمووومان، دوکتۆر تۆد و من چووین بۆ حەمامکردن. دوکتۆر تۆد و

من ئەو پاش نیوەڕۆیە بە سواری چووینە دەرەوە و میستەر ریچمان بینی پیاسەی ئەکرد و چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد بۆ شێوکردنەوە و ژەمێکی تێروپڕی باشی خوارد.

دوای شێوکردنەوە پێکەوە گفتوگۆمان کرد، لەگەڵ ئەوەی زۆر هێزی تیانەبوو وەك لەوەبەر بە شێوەیەکی گشتی و لە دەوروبەری سەعات 20:00دا گەدەی ئازاری دەدا و شکاتی لە نەخۆشی دەکرد، ئەوەش زۆر زیادی کرد و ناچاری کرد لە سەعات 21:00دا بۆی بکەوێت. لە لایەن دوکتۆر (تۆد)ەوە برایە ژوورەکەی خۆیەوە. میستەر ریچ هەمیشە زۆر لە نەخۆشی کولێرا دەترسا و بە دڵنیاییەوە دووچاری بوو، لەوەش زیاتر، کە خۆی باسی لێوە دەکرد. کاتێ لێیکەوت و دوکتۆر تۆد بە دیارییەوە بوو لەو مەترسیەدا.

لەو کاتەدا نیشانەکانی کولێرا دیارنەبوو، تەنانەت تا نزیکەی 22:30 نەبوو، کە کەمێ نیشانەکانی کۆڵنج و برك دەرکەوت، هەرچەند دەکرێ وەك نیشانەیەك لە نیشانەکانی ئەو دەردە دابنرێت. لە چرکەی یەکەمدا ئەوەش دیارنەما تا چارەسەری هەمیشەیی وەرگرێ، کە بە ئیسراحەت سەعات 24:00 بوو، لە سەعات 07:00 سەرلەبەیانی ئەو رۆژە لێدانی دڵی زۆر باش بوو، گەشبین بووین بەوەی، کە باشە، بەڵام کوتوپڕ دوای گۆڕانکاریەکی خێرا و ترسناك کەوت و لێدانی دڵ نزم بۆوە و دیارنەمان، هەروەها دوکتۆر تۆد هات بۆ ئەو شوێنەی منی لێدانیشتبووم، وتی دەترسم خراپتر بێت. چووم و لە تەنیشتیەوە دانیشتم، هەروەها دوکتۆر تۆدیش دانیشت، تا گیانی تیامابوو جێمان نەهێشت. خەوێکی خۆشی قوڵی کرد بۆ ماوەی سەعاتێك لە ئازارێکی زۆردا و شتەکان تەواو دیار بوون، کە باشی تیانییە، لە 10:30دا هەموو شت کۆتایی هات، بێ کێشە یان ئازارێکی توندی ئاشکرا گیانی سپارد.

شوێنی گۆڕەکەی هەندێ کێشەی تێدابوو. لە سەرەتادا وا بڕیار بوو، کە لە کڵێسەی ئەرمەنیدا بێت، لەناو شورای شارەکەدا، لەو شوێنەی میستەر شیریدانی نێردراوی ئاییینی (سێر هارفۆرد جۆنز)ی لێنێژراوە، بەڵام دەبێ رەزامەندی حاکمی لەسەربێت. ئاغا بابا خان، ئاگاداریان کردین، کە نابێ هیچ لاشەیەکی مردوو هەر پلەوپایەیەکی

هەبێت و خەڵکی هەر وڵاتێك بێت لەم شارەدا بنێژرێت، دوای ئەوەی مردیش، ئەم یاسایە نەشکێنرا کاتێ ژنی مەلیك و دایکی شازادەش لەم دواییەدا کۆچی دوایی کرد.

پێشنیاری ناو ئەو تەیمانەیان کرد، کە گۆڕی حافزی تێدا بوو، بەڵام خەڵك شڵەژان و توڕە بوون، چونکە حافزییە جۆرە شوێنێکی گشتییە و هێزی حوکومەتیش لاوازبوو، تەنانەت ئەگەر هەوڵیشی بدایە، بەس نەبوو بۆ پارێزگاری کردنی بیناکە یان پاشماوەی دەستدرێژیەکە. ئیدی پێشنیارکرا، کە دەبێ لەو باخەی تێیدا ژیاوە و ئێمە ئێستا لە کوێداین، لەوێدا بە خاك بسپێردرێ، واتە جیهان نوما، خۆ ئەگەر بە یەکجاری رێ بدەن بەو ئەندازەیە، ئەگەرێکی زۆری ئەوە دەبێ، کە بەهۆی توانا و ناوبانگیەوە ببێتە خاڵێکی پڕ شکۆدار لە داهاتودا. هەروەها لە ئاستی هەموو رووداوەکانیشدا، لەبەرئەوەی موڵکی پاشایەتیە، هەلێکی زۆر لاواز هەیە بۆ وێرانکردنی ئەنقەست یان دەستدرێژی کردن.

بەو پێیە، نامەیەك بۆ ئاغا بابا خان نوسرا، داوای ئەوە کرا، کە ناشتنەکەی لە باخەکەدا بکرێت، کە ئەویش دەستبەجێ رێگەی داو بۆ بەیانی رۆژی دوایی کاری گۆڕ هەڵکەندن و کاری پێویست رێکخرا. ئێمە لەوە گەیشتووین، بەهەرحاڵ، دوکتۆر جوکس، ئەوەی لە کازەروون مابۆوە، لە ماوەی ئەوپەڕی رۆژێکدا ئەویش بۆ بەیانی لێرە دەبێ، لەوەش دەچێ زۆر حەزبکات، کە ئامادەی ناشتنەکەی بێت، بۆیە پەیامنێرێکم بۆ نارد تا ئاگاداری بکات لەوەی روویداوە و بڕیارە چاوەڕێی گەیشتنی بکرێت.

ناخۆشترین و دڵەڕاوکێترین رۆژ بەسەرچوو، لە بەیانیدا، نزیکەی سەعات 03:00 لەگەڵ گەیشتنی دوکتۆر جوکس هەمووومان لە خەو بەئاگابووین، کە زۆر بەخێراییەك هاتبوون لەوەی، کە ئێمە پێشبینیمان دەکرد.

هەندێ خۆئامادەکردنی زیاتر هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە بکرایە، قەشە ئەرمەنیەکان و ئەفسەران ئامادەبوون، رێپێدانی دەوڵەتی هەیە، هەروەها ئێمەش

دەستمان کرد بە دوا ڕێزگرتن و نەوازشی هاوڕێی دێرینی کۆچکردومان، بەو پەڕی شێوەی شیاو و پەسەند، هەموو شت شیاو بوو، بەگوێرەی شوێنەکەوە شکۆدار بوو.

هەموو تاقمەکەی خۆی و ئێمەی ئامادە، لەگەڵ زووربەی مەسیحیە بەڕێزەکانی لێرە پەیوەندیان بە بەرژەوەندی ئینگلیزەوە هەیە. من مەڕاسیمی جەنازەی کڵێسەی ئینگلاندم لەسەر گۆڕەکە خوێندەوە و ئێمە هەموومان لاشەکەمان لە دوا مەنزڵگەدا بە خاك سپارد.

ئەوا بەو شێوە تایبەتیە بوو هەموو شت پەژاراوی لەو ڕووداوە ناخۆشەدا، کە هەست دەکەی و لەو بڕوایەدای هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ پاراستنی هاوڕێکەمان کاتێ، کە جێمان دەهێڵێ. بەو پەڕی گرنگی پێدانەوە، کە هاوڕێکانی ئارەزو دەکەن پێشکەشی یادەوەریەکانی بکەن. دوکتۆر تۆد، ئەوەی لە بەسرەوە لەگەڵیدا هاتبوو، بەردەستی دەکرد لەگەڵ نەرمونیانی و هیچ شت سەرسامی نەکردووە، ئازارەکە ناتوانرێ لەم ڕووداوەدا بشارێتەوە، کە دەرکەوت چەند دڵسۆزە لەو بوارەی، کە مەرگ ڕێگەی پێگرت.

دیمەنەکە و هەمووی پێکەوە سروشت وایکردووە هەرگیز لە یادی نەکەم، زۆر مردووم لە زۆر شێوەی جیاوازدا بینیوە، لەگەڵ ئەوەی لە ناویاندا ئازیزانی خۆم و ناسیاوانی تێدابووە، لەم سووڕە ئاساییەی شتەکان و لەژێر مەرجەکانی کاریگەریی زۆر سەرنج ڕاکێشەر و سامداردا، کەچی لە یادم نییە، کە غەمم خواردبێ لە هیچ مەسەلەیەکدا زیاتر لەوەی، کە لێرەدا جێی پرسیارە.

تەنیا چەند ڕۆژێ لەوێ بووین، ئەوە ڕاستە، پێکەوە بووین، بەڵام شادمان و ئاسودە بووین، بە بەردەوامیەکی نەپچڕاوە نەخشەی داهاتومان دادەنا و خۆمان ڕازی دەکرد لەگەڵ هیوا و ئاسۆی ئەو داهاتویەی، کە پێشکەشکراوە. لە ماوەی دوانزە سەعاتدا ئەو هەموو ڕەزامەندی و کەڵك و ڕووخۆشی و لاشەی مردووە! ئەو هەموو کۆششەی ڕابردوو کۆتایی دێ لە سروشتی ئەو بوونەوەرە بەرز و پایەدارەدا. بارودۆخی ئەوەی، کە بە تەنیا لە وڵاتێکداین، میوانداری نەکراوین و تا ڕادەیەك ناوێزە و دژە و بە

نەخۆشییەکی ترسناك دەورەدراوە، کە ئەو جۆرە تاقیکردنەوە مەترسیدارەمان هەبووە و ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە بۆ یەکێك یان هەردووکمان و بارودۆخی پەژاراوی بۆ ئەوانەی دەژین لەو کاتەی یەکێکمان دەبێ بڕوات، هەموو ئەو شتانە یارمەتی دڵەڕاوکێی زیاتر و جەنجاڵی و سەرقاڵی دەدات.

من نامەوێ لێدوانێك یان ماتەمینیەك لەبارەی ئەم رووداوە زۆر بەئازارەوە دەربڕم، تێکچوونی ژمارەیە لە هیواو ئاواتە بەرزەکان بۆ میستەر ریچ، شێتی بوو لەوەی هاوڕێکانی لەوانەبوو بگەڕێن بە شوێن شادمانی زیاتر، ئاسودەیی و شەرەفمەندی. من لەوەش زیاترم بینی، بەداخەوە لە چاوتروکانێکدا تێپەڕی. ئەوە وانەیەکی ترسناکە بۆ شانازی مرۆڤایەتی. ئەو خەسارەیە بۆ هاوڕێکانی پێویستە خۆیانی بۆ ئامادەبکەن تا بەرگەی بگرن.

# نامەی پێنجەم

## گوڵبژێری نامەیەك لە دوکتۆر (جوکس)ەوە

- **شیراز**، 13/**ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم**،

نامەی ئەم دواییەم هەواڵێکی غەمگینی کۆچی دوایی میستەر ریچ بوو. لەو بڕوایەدام پێموتی، کە من بەهۆی شەو ڕێکردنێکی ناچارییەوە گەشتمە ئەوێ لە کاتێکی گونجاودا بۆ ئامادەبوونی پرسە غەمگینەکەی یادەوەریەکان. دوکتۆر تۆد و میستەر براسیر، تەنیا دوو بەڕێزی ئینگلیزین لە شیراز، نیاز وابوو جەنازەکە لەوێ لە کڵێسەیەکی ئەرمەنیدا بەخاك بسپێرن، بەڵام بە پێی یاسایەك، کە کۆن لێرە دانراوە، ناتوانرێ هیچ جەنازەیەك لەم وڵاتە بنێژرێ. ئەوەش لە لایەن دەسەڵاتی شیرازەوە کۆنترۆڵ کراوە، بەهەرحاڵ، ئاغا بابا خان، ڕێیدا لەو باخەدا بنێژرێ، کە تێیدا کۆچی دوایی کرد و شوێنێکی تر نییە لەوە گونجاوتر بێت.

میستەر فرایزەر لەگەڵ قەشە ئەرمەنیەکان، لەسەر داوای من کاروباری ناشتنەکەیان گرتە ئەستۆ، بۆیە لەو بڕوایەدان لە وڵاتی بێگانەدا، بەتایبەتی ئەرمەنیەکان زۆر ڕێزدار نین، ئەم جۆرە بۆنانە دەبێ خۆمان بە تەنیا بەڕێوەی بەرین. هەمیشە شتێکی زۆر راستم هەیە لە پرسە ڕێکخستنندا لە ئاینی خۆماندا، بەڵام لەم بارودۆخەدا، کە تەنیا سێ هاوڕێ لە خاکێکی نامۆدا دوا ئەرکەکانی ئەم برایە جێبەجێ دەکەین، هەندێ شتی کاریگەر بە شێوەیەکی ناوێزە هەبوون، هەموو بەردەست و خزمەتکارەکانی میستەر ریچ، لەگەڵ زووربەی ئەوانەی خۆم، ئامادەی پرسەکە بوون و فرمێسکێکی زۆر

ڕژایە خوارەوە، گۆڕەکەیم بەرزکردەوە و پارچەیەك مەڕمەڕی بچوکم خستە سەری، تەنیا بۆ تۆمارکردنی شوێنی گۆڕەکەی، بەم نەخشە سادەیەی لای خوارەوە:

پایەدار... کلاودیوس جەیمس ریچ،

لە 5/ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم/ 1821

کۆچی دوایی کردووە.

" درەختی سەرووی باخەکە دروشمێکی گونجاوە لە گۆڕەکەوە و لەو بڕوایەدام، ئەگەر ئیمپراتۆریای تەواوی وڵاتی فارس لەژێر دەسەڵاتماندا بووایە، شوێنێکی باشترمان لەمە نەدەدۆزییەوە. ئەم ڕووداوە وەك سێبەرێکی غەماوی بەسەرمانەوە بوو، نەك بۆ ئەوەی شتێکی زۆر جوان لە گۆڕەکەدایە بۆ ئەوانەی دەژین و دەمرن و دەچنە دەرەوە، هەموو کەسێك زوو بێ یان درەنگ دەبێ بیچێژێ، من لەو بڕوایەدام کە:

"ئەم جیهانە شوێنی پشودانمان نییە، گشت نادیارە، بەڵام غەماوییە. "

هەندێ

ڕوونکردنەوەی گەشتێك

بۆ کەلاوەکانی

زیندان، قەسری شیرین، حوش کەڕوو

لەسەر سنووری باشووری کوردستان

لە مانگەکانی مارچ/ئازار و ئەپریل/ نیساندا

لەو نامانەی میستەر ریچدا هەڵبژێراوە، کە لەکاتی گەشتەکەدا نووسراوە

لەگەڵ

پاشکۆیەك

یاداشتی پەیوەندیەکان و مەوداکانی لەخۆ گرتووە.

# روونکردنەوە

# بۆ کەلاوەکانی

# زیندان، قەسری شیرین و حوش کەڕوو

## خانی سەید لە باقوبە

- **شەوی 18/مارچ/ ئازار،**

من لێرەدا، لەگەڵ فرمانە توند و تیژەکانت، کە لە **ئۆرتا خان** بەولاوە نەچم، بەڵام لە راستیدا رۆژەکە زۆر خۆش دێتە بەرچاوم، خانەکەش زۆر دڵتەنگە و خۆشم زۆر بەهێزم، بۆیە بیرمکردەوە، کە جێی داخە کات لە کونی ئاوادا بەسەربەریت، ئیدی بەبیرمدا هات و خۆشم بە کەم توانا نازانم بۆی. هەست ئەکەم تەواو جیاوازم لەو بارودۆخەی دوو رۆژی رابردوو تێیدابووم. هیچ نیشانەیەکی سەرئێشەم نییە و ئەوەندە بەهێزم، کە ئەگەر بۆنەیەك بخوازێت دەستبەجێ دەکەومەڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا، پارێزگاریی خۆشم دەکەم. وڵاتەکە لە نێوان ئێرە و بەغدادا تەختترین و زۆرترین بیابانی رەشداگەڕاو، کە تا ئێستا بینیبێتم. بەشەکانی تری بیابانەکە، لە دەوروبەری بەغدا، (بیلیون و ئۆسا و تەمپە) بیکە بە یەك و بەراوردیان بکە بەمە.

لە سەعات 15:30 گەیشتینە کەناڵی نەهرەوان،[127]، کە بە لایەنی کەمەوە بە پانتایی رووباری دیالە بوو، ئیدی لە سەعات 16:00دا گەیشتینە ئێرە.

دەرکەوت **حاجی عومەری** دۆستی دێرینمان پێرێ چووە بۆ بەغدا، من تەنیا لەم خانەدا مامەوە، کە یەکێ لە باشترین خانەکان بوو، بەلای بەغداوە لە دیالەدا، بەرامبەر گوندی **باقوبە و هۆوەیدا**، کە ئارەزووی دیدەنیم نەدەکرد، بەیانی من دەچووم بۆ **شارەبان**. لەو کاتەوەی، کە هاتومەتە ئێرە تێبینیەکی زۆرم تۆمارکردووە، نۆ جار بەرزی خۆرم تەماشا کردووە، هەژدە جار گەلاوێژ و کاروانکوژە (شەبئاهەنگ) و هەشت جاریش (کەشکەشان). پاشان چووین بۆ شێوکردنەوە.

من دەبێ ئیتر لێرەدا نامەکە دابخەم، کاروانچیەك، ئەوەی بەڵینی داوە ئەمەت بۆ بهێنێ، خۆ ئەگەر بەڵێنەکەی بردەسەر ئەوا بەخشیشی بدەرێ. من هێشتا یاداشتەکانم نەنووسیوە، کە بەر لەوەی پشو بدەم دەبێ بیانووسم.

## شارەبان، 19/مارچ/ ئازار،

دەستبەجێ دوای خۆر هەڵهاتن خانەکەمان جێهێشت و بە کەڵەکێکی گوندی هۆوەیدا لە دیالە پەڕینەوە. کەنارەکانی رووبارەکە بەرز و زۆر لێژ بوو، لە زۆر شوێندا لە دیواری ستوونی دەچوو، هەروەها نزیك کەنارەکان زەوی قڵیشاوە و بە باران داچووە. قووڵیی رووبارەکە نزیکەی 18 پێ دەبوو. سەعات 08:00 بوو پێش ئەوەی هەموومان

---

[127] لە ساڵی 590 خوسرەو پەروێزی پاشای فارس لە مەداینەوە کەوتەڕێ بۆ بەحرەین، راپەڕینێکی گشتی، بە هێزێکی بەتواناوە، کە بەر لە پایتەخی ئیمپراتۆریا دەرکەوت. شەڕ لە شوێنکدا بەرپابوو کە پێیان دەوت نەهرەوان و بە بۆچوونی (دیفوار هەربەلۆت)، کە کیسرای شکاندووە و دەمی کەسی تاك لە جیاتی ئەوە چییە، دەخرێتە سەری. ئەو ناچار بوو پەنابەرێت بۆ پەرستگایەك، کە زۆر دوور نەبوو لە مەداین و نەهرەوانەوە، هەرچۆن بە خێرایی هاوڕێیانی پەیوەندیان پێوەکرد و هەموو ئەو وڵاتە ئێستا تەریك و تەنیا و فراوانە و بە هیچ شێوەیەك شوێنەواری مەسیحیەتی تیا نابینرێت- دیفوار هەربەلۆت، کتێبخانەی رۆژهەڵاتی 996، گیبن، کۆتایی و رووخاندنی ئیمپراتۆریای رۆمانی ، بەرگی هەشتەم، لاپەڕەی 187.

بە کەڵەکەکە بپەڕینەوە، لەگەڵ ئەوەی هێشتا ڕووناك بوو، کە دەرچووین. گوندەکانی ئەم ناوە بە تەواوی لە ئامێزی باخی خورمادا بوون.

لە سەعات 10:00دا بەناو شوێنێکدا تێپەڕین، کە لەوە دەچوو کەناڵێکی کۆن بێت، لە تەنیشتیەوە چیایەکی بەرز بوو، لەگەڵ خۆڵوخاشاك و خشت و تەنانەت پارچەی بچوکی مەڕمەڕی لەسەر بوو، لەو بڕوایەدام پێیان دەوت (لیشا)، ئەگەر ئەو کەسەی پێیوتم بڕوای پێبکرێت، بەڵام لەم ناوچانە ناوە پێناسەییەکانیان گۆڕاوە. ئیمامێکی زۆر لەم ناوەدا بڵاوبۆتەوە، دەڵێن گۆڕی ئەو جەنگاوەرە موسڵمانەنەن، کە بە برینداری لە شەڕی قەسری شیرین گەڕاونەتەوە و مردون و دەستبەجێ لەو شوێنەدا نێژراون وەك شەهیدێك، یان شاهیدێك، بۆ ئیسلامیەت.

بە درێژایی ڕێگاکە تێبینی هەندێ پارچە ئیشی خشتکاریم کرد و ژمارەیەکی زۆر پارچە خشت لەو ناوەدا کەوتبوون. بە مێرگێکی زۆر و ژمارەیەك کەناڵە هەڵبەستراوە سندوقیەکاندا پەڕینەوە. **خەرنابات** و گوندەکانی تر لەلای چەپمانەوە بوون. لە سەعات 14:00دا گەیشتینە پردێکی یەك تاقی بەسەر کەناڵی (**مەهروت**)ەوە، کە بەرەو باکوور بۆ دیالە دەکشا و ئێمەش تا سەعات 15:00 لە **ئیمام سەیید میقداد ئەل کەندی** وێستاین.

لە سەعات 16:00دا گەیشتینە ئێرە و منیش ئێستا لەسەر زەوی خۆم درێژ کردووە بە شێوەیەك لە توانامدا بێت نوسین ببینم. بە هۆی بای باشووری زۆر توندەوە، کە هەورێکی لە تەپوتۆز هەڵکردبوو، گەشتێکی زۆر ناخۆشمان کرد، کە خەڵکەکە و ئاژەڵەکانیش هەردووکیانی تەواو سەغڵەت کردبوو. بە (میناس) بڵێ هێسترەکان زۆر خراپن، هەموو میلێك دەکەوتن و نوچیان دەدا و بە زەحمەتێکی زۆر گەیشتینە کۆتایی ئەم قۆناغە. من لێرە بەڵێنی هێستری تریان پێداوم.

قۆناغەکە لە باقوبەوە بۆ ئەم شوێنە نۆ سەعاتێك دەبێت. ناوچەکە بە درێژایی ڕێگاکە سەرتاپای تەخت بوو بەبێ گۆڕان و لە هەموو شوێنێکدا بە کەناڵەکان دەبڕی. هەورە گرمەیەکی زۆر توند و سەیرمان هەبوو، لەگەڵ هەورە چەماخە و باران، کە دەستمان

پێکرد و زووتر نەوەستایەوە لە زۆری بای باشووری ڕۆژهەڵات، کە هات و تا ئێستاش هەر بەردەوامە و تا بڵێی ناخۆشە. من زۆر باشم، بێجگە لە چاوم، کە بەهۆی تەپوتۆز و ڕەشەباوە زۆر سوور هەڵگەڕاوە.

لێرەدا سەعدون ئاغای بەرپرسمان بینی، کە لە خانووە کۆنەکەی ئێمەدا دانیشتووە، ئەو ڕێی نەدام تا بچم لە خان بمێنمەوە و خۆشم زۆرم حەزدەکرد بچم، بەڵام خانوەکەی بۆ چۆڵکردم. سەلیم بەگیش هەروەها لێرەیە و ئێستا حاکمی خانەقین نییە، هەردووکیان هاتن بۆ دیدەنیم و بەڵام بەرلەوەنا، کە دڵنیایان بکەمەوە تەواو گونجاوە و کاتەکەی لەبارە. دوای ئەوەش سەلیم ئاغا شێوخوانێکی نایابی بۆ ناردم و خەڵکەکەی لەگەڵمدان کەڵکیان لێوەرگرت، چونکە من ئەو کاتە لە خواردنی گۆشتی پۆڕ و کاری لێبوومەوە، کە خواردنەکە گەیشت. دەمویست بەتایبەتی بە سەعدون ئاغا بڵێم هیچ شێوێکم بۆ نەنێریت، کە لەوە ناچێ بەلای خەڵکەکەشمەوە پەسەند بێت. یەکێ بنێرە بۆ لای ژنەکەی سوپاسی بکە بۆ ئەو گرنگیدانەی مێردەکەی بە ئێمەی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ئەم نامەیەی بدەمێ بەهۆی تەتەر- نامەبەرەکەی ئەوەوە بگات بە دەستت.

دوای ئەوەی ئەمە جێدێڵم، پێیان وتم، کە ناتوانم دڵنیابم لە هەلی باش بۆ بەغدا، گەشتەکە لە ڕاستیدا خۆشە، بەڵام بۆ ئاژەڵی خراپ. لە هەموو ئاسیای بچوکدا شتێکی خراپی ئەوتۆی وەك هێسترەکانم نەبینیوە. خەریکە زۆر گەرم دەبێت و هەرچی زووتر بەغدا جێبێڵین بۆ گەشتە مەزنەکەی کوردستان باشترە.

## شارەبان، 20/مارچ/ئازار،

زۆر شتی سەیرم دۆزییەوە. پڕکێشیەکانی ئەمڕۆم زیاتر بوو لە بۆچوونەکانم و ئەوەی، کە لێرەدا بینیومە، لە رووی دیدی جیۆگرافیایی و شوێنەوارەوە، ئەوەی دەهێنا بە درێژایی ریگا لە بەغداوە بۆی بێیت. بە هەرحاڵ، دەتوانم کەمێکت لەبارەیەوە پێبڵێم، هەرچۆنێ بێت ڕۆژێکی ئیشکردنی گرانم بەسەربرد، کە ئازاراوی بوو بەهۆی گڕەی بای باشوورەوە. سوپاس بۆ خوا من تەنیا زیاتر ماندوم و سەرئێشەم نییە.

ئەم بەیانییە دەستمکرد بە پشکنینی ئەو کەلاوانەی پێاندەوترا زیندان، کە نزیکەی پێنج میلە بۆ باشووری ئەم شوێنە. لە نیوەی ڕێگەدا، کاتێ بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، دەلیلەکەمان، بیناسازێکی ناوداری شارەبانە، وتی ئەگەر من بوومایە تێڕوانین و تەماشاکردنی ئەو قەلا کۆنەم پشتگوێ نەدەخست. بەپێی ئەوە بەسەر کەنالێك یان دوو کەنالّدا ڕۆیشتم و کوتوپڕ کەلاوەی شارێکی ساسانیم دۆزییەوە، کە بە پێوانەی (کتیسفۆن- مەداین) گەورە بوو- دیوارەکانی لە هەمان بارودۆخ و شێوازدایە - ناوچەکە پڕ بوو لە زبڵ و کەلاوە. لە شارەبانەوە تەنیا سێ چارەکە سەعات دەبێت، لەگەڵ ئەوەی دەگاتە ئاستی ئەوپەڕی سنووری باکوور، زۆر لەو شوێنە نزیکترە. بەشەکانی باشوور و ڕۆژئاوای دیوارەکە، لەم دواییەدا، کە چووینە ناوی، زۆر دەگمەنە و بە تەواوی وەکو ئەوانەی سەلوسیا- سەلوقیە و مەداینە. ئەم شوێنەوارە پێیدەوترێ ئاسکی بەغداد، بەڵام ئاشکرایە زۆر لەپێش سەردەمی ئیسلامەوەیە. لە یادتە من (دەستەگرد)م لە زینداندا دانا. بە هەڵەدا نەچووم، چونکە من ئێستا لەو بڕوایەدام لەناو بەغدای کۆندا نەبێ ئاسەوارەکانی شاری پاشایەتی نەماوە.[128] بەرەو پێشەوە

---

[128] دەستەگرد پەسەندترین کۆشکی کیسرای پەروێزی پاشای فارس بووە، کە سالأنێك تێیدا ژیاوە و لە مەداین باشتربوو لای، کە پایتەختی ئیمپراتۆریاکەی بوو.

=گیبن، ئەوەی وەسفە جیوگرافیاییەکانی شارەزایانەترین و زیاتر روون و زۆر جاریش لەوانەی بە چاوی خۆیان بینیویانە راسترە، لە چیرۆکەکەیدا لە هێرشی هەرقلی ئیمپراتۆری سێیەم دژی فارس لە ساڵی 627، هێمای بۆ شوێنی (دەستەگرد) کردووە وەك خاڵی کێشەکە، لە وەسفکردنی ڕێکردنەکەی هێزی سەربازی ڕۆمانی بەرەو مەداین و پاش شەڕی نەینەوا. " بەرەو ڕۆژئاوای دیجلە، لە کۆتایی پردی موسڵ، نەینەوای مەزن لەوێدا داڕێژراوە" شارەکە و تەنانەت کەلاوەی شارەکەش بۆ ماوەیەکی درێژ دیارنەمان، بۆشاییەکە بووە مەیدانێکی فراوان بۆ چالاکیەکانی هەردوو هێزەکە. سوارەکانی فارس تا سەعات حەوتی شەو بە خۆڕاگری مانەوە: لە دەوروبەری سەعات هەشتدا چوونەوە بۆ سەربازگە تالأننەکراوەکەیان، شتەکانیان کۆکردەوە و بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەتەوە، ئەوەش نەك لەبەر بێ ورەیی، بەڵکو لەبەر بێ سەرکردەیی. راپەڕینەکەی هەرقل کەم نەبوو لە دروستکردنی سەرکەوتندا، لە لایەن پیشەنگی سوپاکەیەوە 48 میلی بە 24 سەعات بڕیوە و پردەکانی زێی گەورە و بچوکی داگیرکردووە و بۆ یەکەم جار شار و کۆشکەکانی ئیمپراتۆریای ئاشووری بۆ ڕۆمانەکان کرابۆوە. تا گەیشتونەتە دەستەگردی تەختی شاهانە دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشەریان بینیوە . سەرەڕای ئەوەی کە زووربەی زۆری گەنج و سامانەکە گواسترابۆوە و لێی خەرج کراوە، کەچی هێشتا

دەچین و کەلاوەی زیاتری ساسانیانمان دۆزییەوە و نیوەی رێ بۆ زیندان، بەرامبەر سەیید سوڵتان عەلی، تێبینی دوو دیواری هاوڕێکی ساسانیانم کرد، دەکشا بۆ باکووری رۆژهەڵات و باشووری رۆژئاوا، بە دووری نزیکەی 600 پێ لە یەکەوە و نزیکەی ئەوەندەش لەباری درێژی، تەواو وەکو سەلوسیا- سلوقیە.



**زیندان**

لەنێوانی هەموو دوو چین خشتێك، قامیشم دیاریکردووە. دوای تێپەڕبوون بەم کەلاوانەدا ئیدی گەیشتینە زیندان، کە لە ئاسکی بەغداوە نزیکە 45 دەقیقەیە بە سوارییی، کەلاوەیەکی تەواو سەرنج راکێشەر و دەگمەن بوو، بەگشتی جیاواز بوو لەوەی تا ئێستا بینیومە، هەموو خشتەکان سوورکراوەیە و بینایەکی پتەوە. ئێستا وا هەست

=ئەوەندەی مابۆوە کە خۆیان بە تەمای نەبوون و چاوچنۆکییانی تێردەکرد. ئیدی لە کۆشکی دەستەگردەوە هەرقل پێشڕەوی دەکرد تا چەند میلێك بۆ مەداین یان کتیسیفون، کە لەوێوە کەنارەکانی رووباری (ئاربا) مەودای ئەوەیان نەئەدا بپەڕنەوە و وەرزەکەش زۆر سەخت بوو، هەروەها قولله و قەڵاکانی پایتەختیش هێشتا لە روویاندا راوەستا بوون. کۆتایی و رووخاندنی ئیمپراتۆریای رۆمان، بەرگی هەشتەم، لاپەڕەی 248-251.

دەکەم گوڕێکی شایانە بێت. درێژی کەلاوەکە 32 زنجیر بوو، - زنجیرێکی بچوك بریتیە لە 50 پێ- پانی لەسەر لوتکەوە 46 پێ و 6 گرێیە، بەرزی 16 پێ و 10 گرێیە، لەگەڵ ئەوەی لە شوێنێکدا بەرزاییەکان هێشتا بەرزترە. 12 تاوەر- بورج، یان قوللەی هەبوو، کە هێشتا بە پێوەیە و چوار دانە لەلای باکوورەوەیە، کە تەواو لە کەلاوەکاندایە. تیرەی هەر قوللەیەك لە بیناکەوە بۆ دەرەوە 33 پێ و 5 گرێیە، پانیەکەی لە دیوارەکەدا 39 پێ و 8 گرێیە. ماوەی تارمەی نێوان قوللەکان 58 پێ و 6 گرێیە. لەنێوان هەر قوللەیەکدا سێ جووت کونی روانگە هەیە. ئەمە لە رووی رۆژهەڵاتی بیناکەوە، لە رۆژئاوادا دیوارێکی مردووی بێ قوللەی هەبوو، بەڵام لەگەڵ تاقێك بەرامبەر هەر قوللەیەك لەسەر لاکەی تر و دوا دانەیان زۆر بێ وێنەیە، لەگەڵ نیشانەیەکی کەوانەییدا.



**رووی رۆژهەڵاتی زیندان**

بەرزی 10 پێ و 6 گرێ بوو، پانی دوو پێ و 10 گرێ بوو، قووڵی بۆ ناوەوە، ئەوەندەی من پێوام، چل و یەك و نیو (41. )پێ بوو، بە راڕەوێکی زۆر تەسك کۆتایی دەهات،

رووی لە دیوارە مردووەکە بوو. هەموو ئەوانی تر، کە سەربان، یان لوتکەیان هەبوون روخابوونە ناوی.



**تاقێك لە زیندان**

لە قوڵلەی تەنیشت کەلاوەکەوە بەرەو ناو بیناکە هەڵمانکۆڵی و کونی رووانگەکەمان بینی، دەچووەوە سەر رێڕەوەکە یان کەناڵەکە، کە لەوانەشە بچێتەوە سەر ئەوەی بەرامبەریش. سەربانی هەموو بیناکە پێکهاتبوو لە ژمارەیەك چینی خشت، کە بە تەختی دانرابوو، هەرچۆن بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبینرێ لەسەر ئەو بەشەی، کە دیارە لە لای رۆژهەڵاتەوە، کە بەدرێژایی داڕوخاو و داتەپیو بوو. لەسەر لای رۆژئاوا، سەربانەکە دەگاتە لێواری بیناکە، کە لەو رووەوە بەگشتی بەرزترە لەوەی لای رۆژهەڵات، لەو شوێنەدا، کە ئێمە پێوامان.

لە تاقی پێنجەمدا لە کۆتایی باشووری رۆژئاوادا پارچەی کەلاوەکە، کە بە دیوارەکەوە نوساوە، لەوە دەچێ لەوێدا پایە هەبووبێ، یان هەندێ چوکڵەی دەرپەڕیو، لەوانەشە بۆ سەرکەوتن بەکارهاتبێت. لای باکوورەوە تەواو وێرانە، ژمارەیەك خانو لە شارەبان و شوێنی تر دروستکراوە، کەرەسەکانی لەم زیندانەدا بۆ دۆزراوەتەوە.

لەلای رۆژئاواوە بیابانەکە بە درێژایی رووەکەی بۆ چەند ماوەیەك بەرزتر دەردەکەوێت، وەك ئەوەی بینای زۆرتر لەوێدا هەبووبێت و هەموو ناوچەکە بە لەتە خشت داپۆشراوە.

ئەم بینا سەیرە لە خشتی سوورەوەکراوە، بە قسڵ و گەچی باش و بە شێوەیەکی پتەو دروستکراوە. ئەو خشتانەی من بینیم هیچ نەخشێکیان بەسەرەوە نەبوو، هەروەها خشتی قوڕی کاڵیشی تێدا نەبوو، یان قامیش تێدا دیارنەبوو، ژمارەیەك کونی زۆر لە شوێنی جیاوازدا هەبوو، کە ئێستا بە خاك و خۆڵ تەواو پڕبۆتەوە. هەرچەند هەر ئەوە بوو بە تەنیا، بەڵام پارچە پارەیەکی مسیی (چینی)سینیمان لەم کەلاوانەدا دۆزییەوە. من دەبێ، بە هەرحاڵ، زۆر شت هەڵگرم بۆ دوایی لەبارەی ئەوەی ئەمڕۆ دۆزیومانەتەوە، کە پێتی بڵێم، تا ئەو کاتەی یەکتر دەبینین، چونکە هێشتا من تا ئێستا تێبینیە گەردوونیەکانم یاداشت نەکردووە.

بەیانی لەگەڵ رۆژ هەڵاتندا دەست دەکەین بە **قزلڕەبات**، قۆناغێکی ئاسانە. نیازم وایە ئەمە بنێرم بەو هێسترە خراپانەی دەیانگێڕمەوە و ئەوانەی چاوپۆشییان لێدەکرێ دەمێننەوە و ئەوانی تریش لە گوندەکە داوادەکەین. پەیامبەری حوکومەت ئێستا لە تەکمایە، کە ئامادەیی بەرپرسیارێتی ئەم نامەیەی پێشکەش کرد. خۆزگە من بمتوانیایە لێرە هەواڵی تۆم بزانیایە، هەرچۆن ئێستا ئیدی من دەکەومەڕێ، هەلێکی زۆر کەم دەرەخسێ بۆ نامە نووسین تا دەگەڕێمەوە دەوروبەری بەغدا.

هەر ئێستا بیستم ئەو رێیەی لەوانەیە من بیگرمەبەر، ئەو رێگەیەیە، کە لەم ناوچە سەیرە دەربازم دەکات بۆ کفری، ئەو هێڵەی ماوەیەکی درێژە دەمەوێ بەدی بهێنم، بەڵام نەمئەزانی دێتە دی.

سەلیم ئاغا بۆ هاودەمی و خۆشی دێت لە تەکمدا، ئەو هەموو شتێك دەکات بۆ خۆشگوزەرانی من و بۆ ئەو مەبەستەش مۆزیکژەنانی گوندەکەی هێنا بۆ ئەو پەستیە زۆرەی (بیلینۆ). ئەوان گۆرانی (بیر یازی یازدوم)یان دەگوت، کە سەلیم ئاغا دەیوت هەموو ژنانی بەغدا شەیدای بوون.

دڵنیابە و با لە کفری ئاگاداری هەواڵت بم، کە خوا یار بێت لە ماوەی پێنج رۆژدا دەگەمە ئەوێ. ئەگەر کەست دەست نەکەوت، کە راستەخۆ بۆ کفری بچێت، ئەوا پەیامبەرێك بنێرە، کە من ئەمەیان بە باشترین پلان دەزانم لە هەردوو حاڵەتەکەدا.

ئەمرۆ گەرمیپێو لەسەر 66° وێستاوە، رۆژێکی خۆش و دڵگیرە.

- 21/**مارچ/ئازار**

دەوروبەری 06:50 **شارەبانمان** جێهێشت و کوتوپڕ سەرسام بووین بە بینینی یەکەم بەرزبوونەوەی زەوی لەو کاتەوە، کە بەغدامان جێهێشتووە. وەك بەرەوخواریی بریتانیا دەنوێنێ و دوای ماوەیەکی کەم گەیشتینە کەناڵی **بەلەدرووز**، جۆگەیەکی گەورەی چاك، کە ئێمە بەهۆی پردێکی باشی یەك تاقییەوە پەڕینەوە.

لە 08:30 گەیشتینە گردەکانی **حەمرین**، کە هیچ بەشێکی بەرزتر نەبوو لە دووسەد پێ، یەکەم، یان داوێنی باشووریی لە بەردەلمینی رووت لە چینی لار پێکهاتبوو، ئینجا ناوچەکە پڕ بوو لە گردۆڵکە، کە لە گردۆڵکەی کەلاوە دەچێت، دوای ئەوە داوێنی باکووری دێت، تەنیا پێکهاتووە لە گڵ و زیخ و چەو. لە داوێنی گردەکاندا جۆگەیەکی بچوك هەبوو بەناو دیالەدا تێدەپەڕی.

لە گردەکانی حەمرینەوە بە لێژگاییەکی کەمدا هاتینە خوارەوە بۆ ناو دەشتێك، هەندێ کوخی پێدا بڵاوبووبووەوە، کە تایبەت بوون بە (**کوردەکانی سوورەمەیری)یەوە**،

ئەوانەی لەم وەرزەدا دێن بۆ توتنکردن. عەرەبەکانی **خەزرەج**، **بەنی رەبیعە و بەنی وەیس**[129] لەم دەوروبەرەدا وەك جوتیاران دامەزراون، بەڵام لەم دواییەدا بڵاوبوونەتەوە.

رێبوارێکمان بینی لێمان پرسی قیزلڕەبات چەند لە دیالەوە دوورە، بە وەڵامەکەی دڵخۆش بووم، وتی: "بیر چوبووك ئیچمە" واتە ئەوەندەی کاتی (پایپ) یان جگەرە کێشانێك. رێگاکەمان قوڕ و لیتە بوو، تا ئێستاش لەگەڵ ئەوەشدا کشتوکاڵێکی زۆر لە هەردوو بەردا هەبوو.

لە پشت قزلڕەباتەوە کۆمەڵێك گرد دیاربوو، کە هاوڕێك بوون بەوانەی جێمانهێشتن. ئەوانە پێیان دەوترێ گردەکانی **خانەقین** و لە **کەرکوکەوە** درێژبوونەتەوە و دادەبەزنە خوارێ بۆ **لوڕستان**.

هەر لە **قزلڕەبات** نزیك بووینەوە، کە لە نیوەڕۆدا گەیشتین، هەندێ تەپۆڵکە زبڵم لە لای چەپەوە بینی، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نییە تا قسەی لەسەر بکرێ. گردێکی تورەکەڕێژ لە **گوندی بارادان** هەبوو، کە لە شتێکی سەیر دەچوو.

لە کاتی خۆرئاوابووندا چوومە سەربانی ئەو خانووەی تێیدا نیشتەجێ بووین، لەوێوە دەمتوانی دیالە ببینم، کە نزیکەی دوو میل دوورە.

لە میانەی چالاکیەکانی **مەحمود چاوشدا**،[130] لەبارەی هەندێ کەلاوەوە بیستم لە نزیك **قەسری شیرین**، کە هەرگیز لە لایەن هیچ ئەوروپاییەکەوە سەردانی نەکراوە، دەلیلێکم گرت تا رێگەکەمان پێشان بدات.

---

129 خەزەرج، یان خازەریج تیرەکی زۆر کۆنە و دەسەڵاتداری مەدینە بوون کاتێ کە محەمەد (د.خ) رایکرد بۆ ئەوێ. ئەبو عوسیبە لەم تیرەیە بوو، رەبیعە تیرەیەکی زۆر ناودار بوو لە وڵاتی عەرەبدا، کەچی ئێستا تیرەکی تێکشکاوی بچوکە. عەرەبی عەنزەش دەچنەوە سەر ئەم رەگەزە.

130 یەکێکە لە خزمەتکارەکانی میستەر ریچ.

لە شەودا من زۆر شادمان بووم بە ئاهەنگی جوتیاران، کە بە بۆنەی ژن هێنانەوە دەیانگێڕا و شمشێربازی و یاری و سەمایان لەبەر رۆشنایی چرای جوان دەکرد و تا بڵێی دیمەنێکی زۆر بێوێنە بوو.

خەڵکی ئێرە بە کوردی و تورکی قسەدەکەن، هەروەها فارسیش بەگشتی تێدەگەن، بەڵام عەرەبی نەء. دەڵێن ساڵانە بەگشتی قزڵڕەبات نزیکەی 70.000 قورۆش فەلاحەت دەکات.

گەرمیپێو لە سەعات 14:00-15:00 عەسر 73°. بای باشوور، ئاسۆیەکی تەپوتۆزاوی.

- 22/**مارچ/ئازار**.

ئەم بەیانییە لە 06:40دا سوار بووین و لە شوێنێکدا پێیدەوترا (**غانییە**) تێبینی دوو گردی بێبایەخم کرد، کە لەوە دەچوو بە هەرحاڵ تورەکەرێژیش بن. لە سەعات 07:00دا گەیشتینە کەناڵی قزڵڕەبات. زەویەکەی رەقەن و بە سەوزییەکی تەنك داپۆشرابوون، لەوەڕگایەکی باشی بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵات هەبوو، کە رانێکی زۆری مەڕ و بزنمان تێیدا بینی.

لە 07:45 گەیشتینە گردەکان. یەکەم زنجیرەی لە زەویدا بوو، زۆرتر قلێشاو و بە باران داچووبوو، ئینجا زنجیرەیەکی تر، کە پێکهاتبوو لە زیخ و چەو و بەرد و بە گلێکی کەم مەلاس ببوون بەیەکەوە و لێرەو لەوێش هەندێ بەردەلمین دەردەکەوت. بە دەربەندێکی تەسکدا، کە پێیدەوترا (ساکاڵ تەوتان) واتە (ریش گرە) ئەویش بەهۆی ئەوەی، کە پڕ بوو لە دز و جەردە، تێپەڕین بۆ ناو دەشتێك، یان دەتوانم بڵێم دەشتێکی پڕ لە پاشماوەی گردە داڕوخاوەکانی داپۆشراو بەو گڵەی لە قەراغە بەرزەکانەوە هاتۆتە خوارێ.

لە سەعات 09:00دا گەیشتینە (یەنیچەری تەپە)، کە دادەنرێت بە نیوەی رێی نێوان قزڵڕەبات و خانەقین. رێگەکەمان ناو گردەکانی دەبڕی و دوای پەڕینەوە بە دووەم کەناردا ئیدی بە لێژاییەکی لەسەرخۆدا بەرەو خانەقین دەستمان کرد بە شۆڕبوونەوە.

ئەو گردانەی پیاتێپەڕین بەرزتر دیارن لەوانەی دوێنێ و زیاتریش لە بەرد و گڵ پێکهاتووە، بەردەڵمینیش لێرەو لەوێ دەبینرێ بە شێوەی چین چین بەرەو ناوەند.

دەشتی خانەقین سەوز و دڵگیرە و هەمەچەشنەیە لێرەو لەوێ ریزە گردۆڵکەی بچوک هەیە. گڵەکەی زبرە، گەنمەشامی هیندی و توتنی لێدەکرێت و گیایەکی زۆریشی هەبوو.

لەسەرو رووباری وەند (ئەڵوەند) بەرزتر چەڵتوك کراوە، کە لە پایزدا هەوا زۆر بە کەڵك نییە. پێیانوتم لێرە دانەوێڵە یەك بە دەیە. خێڵە کوردەکان بۆ لەوەڕ بەو دەشتە سەوزەدا بڵاوبوونەتەوە. بۆ ماوەی نیو سەعات لە دەشتەکەدا وێستاین کاتێ قۆناغچیەکەمان یان پەیامبەرەکەمانم نارد. لەلای راستمانەوە شاخ بوو، کە لە داوێنیا ناوچەیەك بوو پێیان دەوت **گەیلان**، بەردەمیشمان شاخەکانی وڵاتی فارس بوو، لە پشتیشەوە شاری زەهاوی کورد بوو.

بە بەرزاییەکی بچوکدا تێپەڕین، کە شۆڕدەبووەوە بۆ شارۆچکەیەکی بچوك یان گوندی خانەقین، لە 12:15دا گەیشتین و خانێکی زۆر باشی لێبوو، کە لەلایەن فارسەکانەوە بنیات نرابوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی لەوێ بوەستین، بە رووباری وەنددا- ئەڵوەندا، کە (بە خێرایی بە نێوان چیاکاندا دەرۆیشت لە باشوورە بۆ باکوور دەکشا و دەڕژایە دیالەوە و ئەوەندەش لە قزلڕباتەوە دوور نییە.) بەسەر پردێکی جوانی سیانزە تاقیدا پەڕینەوە، کە محەمەد عەلی میرزا[ترسمتر] دروستیکردووە و گەیاندینیە شوێنی حەوانەوەمان لە حاجی قەرە لەسەر کەنارەکەی بەرامبەر.

[131] کوڕە گەورەی پاشای فارس و حاکمی کرمانشاهـ. بیناکردنی پردەکە 200.000 قرۆشی تێچووە. دوانی تریشی لێبوو، کە دوورتر جێبەجێ کراوە.

- 23/**مارچ/ئازار**

شەوێکی زۆر زریاناویمان بەسەربرد. ئەم بەیانییە باکەی بای باکووری ڕۆژئاواییە. هەر ئێستا بیستم ڕێگا لەم شوێنەوە بۆ قەرەتەپەیە، کە من واهەست ئەکەم دەبێ بیگرمەبەر.

ئەمڕۆ خۆم بە پیاسەکردن لەم دەوروبەرە و دانیشتن لە باخ و گوێگرتن لە پیرە میوزیکژەنێکی کوردی خێڵی (سوورەمەیری)ەوە سەرقاڵ کردووە، ئەوانەی، کە هەم میوزیکژەن و هەم سەماکەریش بوون. ئەم پیاوە پیرە زۆر بە باشی کەمانچەیەکی خۆماڵی دەژەند، یان ڕوبابەیەکی دوو ژێیی، کە هەرگیز ناخۆش نەبوو. دووبارە ئێوارەش هاتەوە تا کات بە خۆشی بەسەربەرم و زۆر گۆرانی دەشت و کێویی بۆ وتم.

گەرمیپێوەکەی ئەمڕۆ لە سەعات 15:00دا 66°بوو.

- **کفری**، 27/**مارچ/ئازار**/1820

ئێستا من لێرەم، دوای ئەوەی گەشتێکی سەیر و سەرنجڕاکێشەرم کرد، بەڕاستی زۆر سەیر بووە و خۆشبەختیش بووم لە ئەنجامەکانیشی، کە تا ڕادەیەك وەکو یەکێ لەو نەخشانە بوو، کە زۆر پرۆژەی بۆ ڕێکدەخرێ و بەڵام دەگمەن دەتوانن جێبەجێی بکەن.

لە 24/ئازاردا بە یاوەریی سەلیم ئاغا خانەقینمان جێهێشت، کە سووربوو لەسەر هاودەنگیم لە گەڕانەکەمدا لەگەڵ تاقمێك لە مسکێنانی، چونکە هەندێ مەترسی هەبوو لە پاسەوانانی ئەمانۆیل خان[132] و لەسەرو ئەوەشەوە دز و جەردەی ناوخۆش، کە شارەزان لە گرتنی دەربەندە نزیکەکان لێرەوە، تا ژمارەی 500 سوارە.

بە ڕێکی پاسەوانمان دەنارده پێشەوە و بەلاتەنیشتەکانیشدا و (بەلینۆ و سەید)یش بە کەرەسەی تیژی بینینەوە هەرچۆن لای بەلینۆ، خۆیان جیاکردەوە بۆ تەماشاکردنی دەرەوە. ناوچەکە گردۆڵکەیە و سواربوون بۆ ماوەی پێنج سەعات زۆر لەباربوو.

---

[132] حکومداری سنە لە کوردستانی ئێراندا، بڕوانە بەرگی یەکەم، لاپەڕە 200.

لە سەعات 09:00دا گەیشتینە قەڵای (**سەلزی**)، کە لە نزیکەوە لە گەوڕ دەچێ و بە چەشنی دەربەند دروستکراوە، یان بنکەی پاسەوانان، کە عەبدوڵڵا پاشای باپیرەی فەتاح پاشای زەهاو بنیاتی ناوە و بەڵام دەمێکە چۆڵە.

کاتێ لە سەعات 11:30 گەیشتینە خانێکی قەسری شیرین، هەمووی شڵەژابوو، ئەویش بەهۆی ئەو سەردانەی ئەم دواییەی ئەمانۆیل خانەوە بوو. جوتیارە هەژارەکان، کە تورکمانی دەرگەزێن بوون چیرۆکی پڕ لە بەزەیی ئازارەکانیان بۆ دەگێڕاینەوە، بیستمان، کە خان هەر چوار سەعاتێك دوورە لە قەزا- پاشالیکی کوردی زەهاوەوە،[133]، کە دژە و دەستی داوەتە دوژمنکاری.

من خەیمەکەم لەسەر تەپۆڵکەیەکی سەوزی دڵگیر لە سەرو روباری ئەڵوەندەوە هەڵدا. میستەر بەیلۆن لە شوێنێکی تایبەتیدا خەیمەیەکی بۆ خۆی هەڵدا لە نزیك روانگەکەوە و سەلیم ئاغا و پیاوەکانی لە پشتی ئێمەوە لە شوێنێکی کەم بایەخدا هەڵیاندا. مسکێنەکان تفەنگەکانیان وەك شێوەی لیژنەدار بە یەکەوە هەڵسپاردبوو. سەید و مەحموود و چەکدارەکان دوو دەستە پاسەوانیان پێکهێنا و بە دەنگی بەرز دەستەواژەی (هەموو شت لەجێی خۆیدایە)یان دووپات دەکردەوە، دەنگی بۆقیەکە-کەڕەنا وا رێکخرابوو، کە شاخەکان دەنگباتەوە و سەربازگەکەمان سام و هەیبەتێکی هەبێت. خۆشبەختانە بۆنەیەك نەهاتە پێشەوە تا پاڵەوانێتی خۆمانی تێدا بنوێنین.

سێ سەعاتم بەسەربرد لە هەڵگەڕان بە کەلاوەکانی خوسرەودا،[134]، کە بەهەرحاڵ یەك تۆز نائومێدی نەکردم، بەڵام، دووبارە بەڵام لەم دواییەدا لە تاقی کیسراوە هاتووە، منیش بە دڵنیاییەوە لەو ساتەوە هیچم نەبینیوە، کە بتوانم لەگەڵیدا بەراوردی بکەم.

---

[133] پاشالیکی زەهاو سەر بە بەغدا بووە و بریتی بووە لە دوو بەش: دەرنە یا زەهاو و چیاکان لەو سەرەوە و دەشتی باجەلان.

[134] خوسرەوی پەروێز، پاشای وڵاتی فارسە (لە فرمانڕەوایانی ساسانە) کوڕەزای کیسرا ئەنەوشیروانە. کچی مۆریسی ئیمپراتۆری هێناوە، کە هەمان کەسی پاڵەوانی چیرۆکی رۆمانسی رۆژهەڵاتیی خوسرەو و

ئەم کەلاوانە زۆر هەرەمەکییە و دیزاینێکی مەزن، یان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. هەرگیز لێرەدا شارێ نەبووە و بۆیە ئەمە (دەستاگەرد) نییە، بەڵکو تەنیا یەکێکە لە کۆشکەکانی پاشاکانی ساسانیان.

لەسەر قەراغی لای سەرووی گردەکەوە، لە پشت کاروانسەراکەوە، شورایەکی چوارگۆشە، بە چەشنی قەڵا و دەورەدراو بە بینای شێوە گۆیی، ئەگەر ڕێمبدرێ رای خۆم هەبێت، یەکێ لەوانەی لە ناوەوە بە باشی ماونەتەوە، ئەوەیە، کە لاکانی بچوکە و شتێکی وەك قوچەکێکی هەڵگەڕاوەیە. ناشرینترین شێوازی ئەندازیاری بیناسازی، کە تا ئێستا بینیبێتم و لەوانەشە تەنیا چونکە لە چەو و بەردی خڕی گەورە پێکهاتووە، بەبێ هیچ گوێ پێدانێك پێکەوە لە بنکەیەکی ئەستوری گەورەدا لە دۆڵێکی هەرەمەکیدا لەسەریەك کەڵەکەکراوە.

لە گۆشەی باشووری رۆژئاواوە، لەسەر لێشاوی پاشماوەی پردی هەمان ئەندازیاری بیناسازیە ناقۆڵاکە، نزیکە 10 دەقیقە رێکردن لەوێوە، کە پێیدەوترێ شارۆچکە، بەر لەوەی بیینە ئەو شوێنەی، کە بەسەر قەراغەکانی ژمارەیەك لە هاوڕێك و چینەکانی سەرەوەی بەردەملینەکان، کە خەڵکەکەم دەیانویست رازیم بکەن بەوەی، کە بیناکراوە. لە راستیدا خۆش بوو بیبینی، کە چەند ئەوانە خۆیان ئامادەکردووە تا لە هەموو شتێکدا سەرسام بن. هاواریان کرد: (عەجایب) یان جوانە لە هەموو پارچەیەکی

---

شیرینە و فەرهاد و شیرین. ئەو کچە پاڵەوانە رۆژهەڵاتییە پایەدار بوو لەسەر هەمان شێوازی کە بە گۆرانی لە شیعرێکی ئەڵمانییەوە لە لایەن م.جۆزیف ڤۆن هەمەر وتراوە لە شیعری "شایرین، و لەوانەیە ئەوەی زیاتر لەبارەی ئەم خانمەوە دەزانێت و ئەو شاعیرانەی مێژووەکەیان زانیوە، کە زیاتر لەبارەی=ئەم بابەتەوە دەزانی، لەو کارەی کە تازە بڵاوکراوەتەوە لەلایەن ئەوەی (جیاکەرەوە و رۆژهەڵاتناس چالاك) بەناونیشانی مێژووی شیعری عوسمانی.

ئەو شارەی، کە گوایە لەلایەن خەسرەو پەروێزەوە بۆ شیرین دروستکراوە و پاشانیش بە ناوی ئەوەوە ناوبراوە. گوایە دەکەوێتە نێوان شاری (حەلوان) و خانەقینەوە، ئەو بە شیرینی وتووە پاشایەتی شتێکی خۆشە، ئەگەر تا سەر بێت، ئەویش وەڵامی داوەتەوە: ئەگەر بۆ هەمیشە بووایە، هەرگیز نەدەگەشتە ئێمە... بڵاوکەرەوە.

بێبایەخی کەلاوەکەدا و هێمایان کرد لە زووربەی کاتدا چەندە ئەستەمە بینا بەم شێوە باشە بێت لە شێوازی ئێستادا.

شارۆچکەکەی شوورایەکی ناوێزەی هەبوو میلێکی تەواو نەدەکرد، لەگەڵ چوار چەپەر و دانەکەی رۆژئاوا زۆر دەگمەن بوو. بەڵام بە ئاسایی بەردەوام دەبم لە پشکنینی کەلاوەکە وەك سەردانمان کردوون.

یەکەم شوێن چووینە لای دیوارە هاوسنوورەکە و باکوور 15° رۆژئاوای ئەوەی من پێیدەڵێم قەڵا، بینایەکی چوارگۆشە و چوار رووی هەبوو، هەر روویەکی بە 53 پێ پێوانەکراوە و لەو بڕوایەدام بەرزیەکەی نزیکەی 40 پێ بەرزە (بۆیە نەمپێواوە). تاقێکی کەوانەیەی بۆ چوونەژوورەوە لە هەر روویەکەوە هەیە و لەسەرو هەر یەکەیانەوە پەنجەرەیەکی تەسك. سەربانەکەی، کە بە ئاشکرا گومەزە، داڕوخاوەتە ناوی.

بیناکە بەر لەوەی وەسفی بکرێت بینایەکی سەرەتاییە، بەڵام رووەکەی بە خشتی سووری هەڕەمەکی کراوە، کە هەروەها پەنجەرە و دەرگا دەرچووی تێداکراوە، بەشێك لە رووەکەی لەوانەیە هێشتا ببینرێت. لەسەر لاکانی باکوور و باشوور حەوشەی چوارگۆشەی بچوکی هەبوو، لەگەڵ شوورایەکی بچوك لە هەر لایەکیەوە، بەڵام بەتەواوی تێکچووە و لەلای رۆژهەڵاتەوە پارچەیەکی درێژی کەلاوەیە، بریتیە لە ژووری تەسکی درێژ، کە وادەردەکەوێت گومەزی هەبووبێت.

بەڵام کەلاوە سەرەکیەکە لە رووی رواڵەتەوە، زۆر ئەو دانەیەم دێنێتەوە یاد، کە لە دارایە و کەوتۆتە دەوروبەری ناوەندی شارۆچکەکەوە. وا دەردەکەوێت، کە هەیوانی هەبووبێت و تاقی بۆ کراوە بۆ راگرتنی، هەروەها رێڕەو و ژووری بچوکی تەسك پێکدەهێنێت. لە کۆتایی رۆژهەڵاتی رووەکەی باشوور شتێك هەیە، کە وەك هەیوانێکی وێران وەهایە، لە هەر کۆتاییەکدا چەپەرێکی تێدایە. لەلای رووی باکوورەوە کراوەیە و بریتیە لە خانە خانە و ژووری بچوك بە تەنیا، بەڵام لەو بڕوایەدام دەبێ جارێك بە سەکۆکە داپۆشرابێت. لەسەر رۆژهەڵات و باکوور و لەلای رۆژهەڵاتی ئەو بەشەی رووی رۆژئاوایەکەی، سەکۆکە بە تەواوی ماوە و لە هەر لایەکەوە دوو

پلیکانەی هەیە، لە ژێریەوە تاقە و پاڵپشتی سەکۆکەیەو بە روونی دەبینرێت. لەو بڕوایەدا نیم لە بەرزترین شوێنی پاشماوەدا هیچ لایەکی لە 200 پێ زیاتر درێژ و 8-10 پێ بەرز بێت. بیناکەش هەمان شێوەی پاشماوەکانی ترە. لە پێشەوە و درێژبۆتەوە بۆ دەرگا- چەپەرەکەی رۆژهەڵات، شوورایەکی لاکێشەییە، لە کۆمەڵە خڕە بەرد پێکهاتووە، کە لەسەر یەك هەڵچنراوە، ناوچەکەش ئێستا کشتوکاڵی تێدا کراوە. لە سەرەتادا هەستم بە گومان دەکرد، کە ئەگەر ئەو شوورایە کۆنە یان تازەیە و هەموو خەڵکی ناوچەکە لەو بڕوایەدان، کە کۆنە و منیش لایەنگری ئەو بۆچوونەم، کە لەوانەیە راست بن. ئەوەش لەوانەیە تەنکی یان عەماری ئاوبێت لەبەردەمی کۆشکەکەدا. دیوارەکەی لای رۆژهەڵاتەوە تەواو بێ نمونەیە، بەڵام لە هیچ بەشێکیدا بە قوللە دەورنەدراوە. لەوە دەچێت شوورایەکی ئاسایی بێت بەبێ لایەنی بەرگریکردن. دەرگای دەرەوەی دوو دەروازەی هەیە، کە گومەزی بەسەرەوەیە و لە هەر لایەکیشدا ژوورێکیش بە هەمان شێوە سەری گیراوە. دیوارەکەش لە بەردەلمێن دروستکراوە، کە بەشێوەی لاکێشەیی بڕاوە. تاقەکە پارچەی زۆر گەورەی بەردەلمینە. پانتایی دەروازەکە 15 پێ و 3 گرێیە و لەوانەشە تا رادەیەك لە 20 پێ کەمتر بەرزبێت، کە بە خۆڵوخاشاك نەگیرابێت.

دوو وێنەی دەستکردی ئەم کەلاوەیەم کردووە. هێڵی پانی قەسری شیرین، بە شێوەیەکی نزیککردنەوە، باکوور($34°30'39''$)یە.

رۆژی دوایی (دوای بەسەربردنی شەوێکی ساردی جەرگبڕ) چووین بۆ کەلاوەکەی (حوش کەڕوو)، کە تا ئێستا نەبیستراوە و لە پاشالیکی زەهاوی کوردە، کە بۆ یەکەم جار لە قزلڕەبات بۆیان باسکردووم.

بەو سەرمایەش، لەگەڵ دەرکەوتنی شەفەقدا هەڵسام و هەرچەند دەوارەکان سەرنجراکێشەر بوون، بەڵام من چووم بۆ تەماشاکردنی کەلاوەکەی، کە دوێنێ بیرمان چووە. لە پشتی قەڵاکەوە لە خانەکەوە بۆی بچیت و بەڵام دەکەوێتە بەرزترین شاخ یان لوتکەی بەرز، بەقەراغی سەرو گردەکەی دەڕوانێ بەسەر خانەکەدا. ئەم چیایە لە سەرەوە بازنەییە و بە دەوریا بینایەك کراوە، یان چێوەیەك کراوە و کونی تێدایە.

بیناکە لە خشتی سووری هەڕەمەکی دروستکراوە، لەوانە نیە (داخمە)ی فارسی بێت، یان شوێنی ئارامگای مردوو بێت؟

گردەکانی دەوروبەر لە گەچ پێکهاتووە، خاکەکەی سوورە و لە زۆر شوێندا نترۆجینە. لەنێوانی داوێنی گردەکان و خانەکەدا ئاسەواری زۆری بینا هەیە، بەڵام من لەو بڕوایەدام، کە لەوێدا هەرگیز شارێك نەبووە، تەنیا یەك کۆشکی راووشکار هەبووە، هەروەها بڕواشناکەم هەرگیز بینا لەناو شووراکەدا هەبووبێت، جگە لەو کۆشکەی لەسەرەوە باسمانکرد.

لە سەعات 07:00دا سواربووین و بەسەر گردەکان و دەشتودەردا دەڕۆیشتین و بەناو خێڵە کوردەکان، کە لەوەدەچێ رەگەزێکی پیشکەوتوترن لە بەراوردا بەوانەی (ماردین)[135]. بەلای وشترەکانی شازادەی کرمانشادا تێپەڕین، کە دەلەوەڕین و توشی زۆر بەشی کوردە زەنگەنەکان بووین لەگەڵ خێزانەکانیاندا. کاتێ بەلای کۆمەڵێك کورد یان سەربازگەیەکدا تێپەڕین، سەلیم ئاغا هەمیشە سوور بوو لەسەر دەنگی کەڕەناو-بۆقی، وتی ئەوە (هەیبەتلیە) یان شکۆپێدانە و لە راستیدا من دەتوانم دڵنیات بکەم لەوەی کەڕەناو زیاتر شکۆدارترم دەکات لەوەی ئەگەر پەنجا پیاوی زیاترم لەگەڵ بووایە.

کوردەکان وتیان، بە بۆقیەکەدا وایانزانیوە، کە (ئاڵچی) یان باڵۆێزە، بەتایبەتی ئەوانەی، کە تیایاندا هەبوو (**جەنەڕاڵ ماڵکۆڵم و یەرمۆلۆف**)یان دەناسی. لەبارەی یەرمۆلۆفیشەوە، کەمانچەژەنێکی بەساڵاچووی کورد سەمایەکی قەوقازی بۆ ژەندم، کە لە تیپەکەی **یەرمۆلۆفەوە** وەریگرتووە: لە حوش کەڕوو، کوتوپڕ ئەسپەکەم هەستایە سەرپێ و هێرشی کردە سەر ئەسپەکەی نزیکی، کە ئەویش بە هەمان شێوە بەرەنگاری بووەوە. کەڕەناژەنەکە لەنێوانی دوو ئەسپدا بەپێ دەڕۆیشت، کەوت بەسەر بەردە پەرشوبڵاوەکانی ئەو ناوەدا. خەڵکی وایاندەزانی کەللەی پژابێت و پیرۆزبایی سەر

135 میستەر ریچ و خێزانەکەی، لە کاتی مانەوەیان لە ماردین، لە گەشتی پێشودا لە بەغداوە بۆ ئەستەمبوڵ، کەوتبووە بارودۆخێکی گران و تەنانەت مەترسیدارەوە، لە لایەن کوردە کۆچەرەکانی دەوروبەری ئەو شارەدا، کە خەڵکانی زۆردار و ئاژاوەگێڕ و سەرچڵ بوون. خ. ریچ.

سەلامەتیان لێدەکرد، "وتی من خەمی سەرمم نەبوو، تەنیا بیرم لە کەرەناکە دەکردەوە نەبا بقوپێ" خۆشی ئازاری پێنەگەیشتبوو.

لە سەعات 09:30 گەیشتینە کەلاوەکانی حوش کەڕوو. ڕێگاکە بەناو گردەکاندا دەڕۆیشت، بەڵام ڕێڕەوی گشتی لە قەسری شیرینەوە رووەو باکوور 80°ڕۆژئاوا بوو.

حوش کەڕوو بە تەواوی لە قەسری شیرین دەچێ، بەڵام کەمتر وێران بووە و هەرچۆنێ بێت ئێمە باشتر دەتوانین پلانی بۆ دارێژین. لێرەدا هەندێ لە کوردەکانی (بتارەوەند) هەن، لەژێر فرمانی شازادەی کرمانشان و تا بڵێی شۆخ و شەنگێکی نائاسایی و خەڵکانێکی پڕ لە هەڵسوکەوتی جوان بوون، هەندێ ماستی سەرتوێژ و پەنیری تازەیان بۆ هێنایین، کە تا رادەیەکی زۆر چێژمان لێبینی، ئەوەش بەر لەوەی دەست بکەین بە گەڕانەکەمان لە کەلاوەکەدا.

کەلاوەکانی حوش کەڕوو بریتیە، یەکەم، شوورایەك لە دیواری بەردی ناوێزە، دوا بەدوای ئەوە خاکێکی سروشتیە، کە مەودای کەمترە لەوەی قەسری شیرین و ئاسەواری تێدا نییە. لە نزیکەی 200 یاردە باشووری شووراکە بینایەکە، کە من بە شێوەیەکی سەرەکی هاتوم بۆ پشکنینی و بە شێوەیەکی راست پێیدەوترێ حوش کەڕوو. هەندێ لە کوردەکان دەڵێن ئەوە شوێنی لەدایك بوونی جوانووەکانی کیسرا بووە و شیری بەهۆی جۆگەیەکەوە بۆ هێناون، کە لە بەرد هەڵکۆڵرابوو، هەندێ لە پاشماوەکانی دەکرێ ببینرێ لە دووری نزیکەی سەعاتێك لە قەسری شیرینەوە، بەڵام هەستمان نەدەکرت ئەوە بهێنێت تا بچی ببینیت. کوردەکانی **بیتارەوەند،** کە لەگەڵمان بوون، تێبینی ئەوەیان کرد، کە حوش کەڕوو کۆشکێ یان قەڵایەك بووە و شاپوور دروستیکردووە. شێوازی بیناکە راستەوخۆ وەك ئەوانەی قەسری شیرینە و بگرە لە بارودۆخێکی تەواو نمونەیدایە، کە ئێمە دەتوانین باشتر لە دۆخەکەی بگەین، هەروەها لە قەسری شیرینیش.

حوش کەڕوو بریتیە، هەر وەك ئەو شوێنەی لە سەرەوە هێمامان بۆکرد، لە سەکۆیەك و تاقەکان راگیری کردووە، کە ژووری شێوە گومەزی پێکهێناوە، یان نزیکتر بنمیچەکان، کە لەم ڕۆژانەدا بووە بە جێژووانگەی دز و جەردەکان. ئەم ژوورۆچکانەی لای باکوورەوە

زۆر نمونەیین و ڕەشیش داگەڕاون بە دووکەڵی ئاگری ئەوانەی زستانان وەك حەشارگەیەك بەکاریان دەهێنن. ئەم سەکۆیە، کە لەسەر چوار خاڵ ریزبووە، لە شێوەی لاکێشەییدایە. لاکەی باکوورم پێوانە کرد، 340 پێ بوو، لەگەڵ ئەو بینایەی لە رووکاری رۆژئاوایە. بەرزی سەکۆکە 15 پێ و نیوە، پانیەکەی باکوور و باشوور، لەوانەیە نزیکەی نیوەی درێژی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بێت.

لە کۆتایی رۆژئاوادا ئاسەواری بینایەك یان کۆشکێك، کە کۆن شوێنێکی لێژ کراوە بۆ سواربوونی ئەسپ. لە هەموو لایەکی لێژاییەکەوە حەوشەیەکی بچوکە لەگەڵ ژووری گومەزی لەسەر زەویەکە. هەروەها بیناکە یان کۆشکەکە کۆمەڵێك وێرانەی ژوورە بچوکەکانە، هەمووی بە بەردەلمینی خڕی پێچراوە دروستکراوە، کە هەموو ناوچەکە بە چەردەیەکی سەیر داپۆشراوە، تا دەچیتە ناو دەشتی (بینکودرە).

لە کۆتایی لای رۆژهەڵاتی رووکاری باکوور و باشوور پلیکانەیەکی دووچەندانەیە، لە داوێنی رووکاری باشوورەوە زەویەکە تەختە و کەمێ بەرزتر لە زەویەکە بۆ پانی چەند یاردێك بەدرێژایی رووکاری باشوور.

ئاغا سەید وتی: ئەوە جۆرێ لەو بینایانەم دێنێتەوە یاد، کە مەلیکی وڵاتی فارس دروستیکردوون، کاتێ، کە بە سوپاکەیەوە هەڵیانداوە. نزیکە 100 یاردێ لەسەر لای باکووری رۆژئاوا و بەلای دیواری شووراکەدا لە دەرەوەدا بینایەکی سەیرتر هەبوو، کە لە سەرەوە تەواو کراوەبوو، دیوارەکان لە 10 پێ زیاتر بەرز نەبوون. بریتی بوون، یەکەم، حەوشەیەکی کراوە لە رۆژهەڵاتەوە، نزیکەی 70 پێی چوارگۆشە، لەگەڵ تاقدا بە چواردەوریا. دووەم، دوو رێڕەوی زۆر تەسك، کە بە ئاشکرا لە زۆر لاوە تاقی بەسەرەوە بۆ کراوە، بنچینەی تاقەکە ماوە. سێیەم، حەوشەیەکی کراوەی وەك ئەوەی یەکەم و دوای ئەوەش هەر شووراى گەورەترە. لە باکوورەوە دوو رێڕەوی تەسکە، دوا سنووریان دیواری شووراکەیە. تا رادەیەك هەموو بیناکە تەلانە بەسەر سەکۆی کۆشکەکەدا، ئاسان نییە بڵێی، لەناو حەوشەکەدا هیچ خۆڵوخاشاکێکم نەبینیوە، لەبەر ئەوە کەسێ دەتوانێ بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە لە تەلارەکەوە روخاوەتە ناوی، بەڵام رێڕەوەکان بە دڵنیاییەوە گومەزی بەسەرەوە بووە. راستەوخۆ خەڵکەکەی دەوروبەرم

وتیان حەرامە و لە راستیدا زۆر مەزەندەی خراپتر هەبوو. هەموو بیناکە، وەك هەموو ئەوانیتر، لە بەردەملین درووستکراوە. هەموو ئەوانەی من تا ئێستا بینیومە لە کاری ساسانیان بیرێکی بەرزم ناداتێ لە چێژ وەرگرتن یان دەگمەنییان.

من ئەمانە بە گۆترە دادەنێم، هەروەها کەلاوەی قەسری شیرینیش، چونکە یەکێکە لەو ژمارە کۆشك و باخانەی گەڕانی بۆ کراوە، کە ئێمە دەزانین مەلیکەکانی ساسانیان خاوەنیانن. کاتێ بە خەستی بۆیە کراوە، زێرکەفت کراوە و رازێنراوەتەوە، ئەوانە لەوانەیە شایانی بینین بن لەم بارودۆخەی ئێستای ناو کەلاوەکاندا، هەرچەند بە دڵنیاییەوە شکۆدار نین. لەم ناوە کەلاوەی تر یان ئاسەواری بینای تر لەو شێوەیەی وەسفم کرد نییە.

ئێمە ئەم شەو لە حوش کەڕوو نامێنینەوە، بەڵام لە سەعات 11:00دا سواربووین و بە دەشتی باجەلاندا لە قەزای زەهاودا کەوتینەڕێ، کە هەلی بۆ رەخساندم ژمارەیەك خاڵی جیۆگرافیی سەرنجڕاکێش بنیات بنێم و ئەو کێشانە چارەسەر بکەم، کە هۆکاری تر نەبوو بتوانێ روونیکاتەوە، بەتایبەتی شوێن هەڵگرتنی تەواوی دیالە. بەسەر گردەکاندا بە رێی خۆماندا تا سەعات 13:00 بەردەوام بووین، کاتێ شۆڕبووینەوە بۆ دەشتەکە، لەناو ئەوەی، کە بینیمان دیالە لە دوورەوە پێچی خواردبوو لەلای راستمانەوە، لەگەڵ گردێکی تورەکەرێژی بەرز لەسەر کەنارەکانی پێیدەوترا شیروانە (قەڵای شیروانە). دەشتەکە لەوە دەچوو باش کشتوکاڵی لێکرابێت و لەوێدا خاك زاڵبووە بەسەر بەردەملینە پێچراوەکانی لەسەرەوە هێمامان بۆ کرد. لە سەعات 13:50دا گەیشتینە (بن کوردیە)، گوندێکی گەورەیە و تایبەتە بە حەسەن ئاغای سەرەك خێڵی باجەلان، کە هاتووە لەناو چادرەکەمدا ببینێت و بە شێوەیەکی جوان کەوایەکی چنراوی زێڕکەفت و پاڵتۆیەکی درێژ لە فەرووی دەڵەکی پۆشیبوو، کە دیاربوو بەو بۆنەیەوە لەبەری کردبوو. تورکیەکی رەوان قسەی دەکرد، میواندارێکی زۆر چاك بوو، رێینەدا هیچ شتێك لە گوندەکەیدا بکڕم، سووربوو لەسەر ئەوەی، کە من میوانی ئەوم. لە شەودا ئەو و هەموو گوندەکە هاتنەدەرەوە بۆ هەڵپەڕکێ بە دەنگی

دەهۆڵێکی گەورە و زوڕنا و بۆ ئێمەش رابواردنێکی بچوك بوو، ئەوان وایان لە سەلیم ئاغا کرد دابەزێتە ناویانەوە.

بەر لەوەی ئاهەنگەکە دەستپێبکات، حەسەن ئاغا هات بۆ دیدەنیم و ئێمەش بڕیارمان دابوو، کە جۆرێ لە کەڵەك ئامادەکرێ تا بتوانین بپەڕینەوە بۆ دیالە، کە نزیکەی نیو سەعاتێك دەبوو لەو شوێنەوە [136].

بۆ بەیانی داهاتو لە سەعات 07:00دا سواربووین و هەر لەوێدا مۆڵەتم لە سەلیم ئاغا خواست، کە دەگەڕایەوە بۆ خانەقین، بەڵام من لەگەڵ سەرۆکی ناوچەکەدا رێکەوتین بۆ دیالە، کە سەعاتێ نزیکترین بۆ گەیشتن، بۆشاییەکەی ناوەند زۆنگاو بوو، کە بە لافاوی رووبارەکە پێکهاتبوو، سپی دار و داربییەکی زۆرمان بەدیکرد. راستەوخۆ دوای جێهێشتنی گوندەکە گەیشتینە چەند کۆمەڵە کەلاوەیەك، کە پێیدەوترا (کاتەر تەپەسی) یان چیای پۆڕ، کە پێیانوتین لەم جێگایەدا ئەنەوشیروان هێسترەکانی تێدا دادەنا. بەدرێژایی رێگاکە بۆ دیالە ئاسەواری ژمارەیەك بینا هەیە. هەر، کە گەیشتینە دیالە، ئەسپەکانمان کەوتنە مەلە بە یارمەتی هەندێ عەرەب و کەڵەك یان قەیاغەکە ئامادەبوو بۆ پەڕینەوەی خۆمان و کەلوپەلەکەمان.

کەڵەکەکە بچوك بوو، بۆیە ناچار بووین چەند جارێ ئەمبەر و ئەوبەر بکەین، ئەو هاتوچۆیە پێنج سەعاتی خایاند. جۆگای سەرەکی نزیکەی 400 یارد پانی بوو، بەڵام کاتێ، کە ئاوەکەی هەڵئەسا، سەرۆك خێڵەکە ئاگاداری کردم، شوێنی میل و نیوێك دادەپۆشێ، ئەمە جگە لەوەی دەڕژێتە ناو ئەو زۆنگاوەی لەسەرەوە هێمامان بۆ کرد.

لەو دەوروبەرە تێبینی زەرعاتی توتن و لۆکەمان کرد. عەرەبی خێڵی (بەنی ئەجیل و ئەلوزی) لە کەنارەکاندا هەڵیاندابوو، ئەو کەڵەکەی ئێمە بەکارمان دەهێنا بۆ پەڕینەوەمان لە لایەن هەندێ لەو خێڵانەی ئەم دواییەوە بەکاردەهێنرا. ئەم پەڕینەوەیە بە کەڵەك لەلایەن حەسەن ئاغاوە رێکخرا بە نرخی دووسەد یان سێ سەد قرۆش.

---

[136] لە ئیبن کوردەوە تا زەهاو نۆ سەعاتە، بۆ خانەقین، راستەوخۆ بەسەر گردەکاندا سێ سەعاتە. ئیبن کوردیە نزیکی باشوور 80° رۆژئاوایە. لە هاوش کەرەکەوە دادەنرێ بە خاکی فارس.

هەموومانی بە سەلامەتی پەڕاندەوە، لەگەڵ ئەو هەموو هاوار هاوار و شەپۆلە بەهێزەکانی رووبارەکەدا، کە لە سەرەتاوە زۆر خێرابوو.

ئەحمەد ئاغا،[137]، کە لە ترسێکی گەورەدا بوو لە ئەرکی گران و قورسدا، کاتێ، کە بە سەلامەتی رزگارمان بوو، (بەر هەنسکی ئەدا و خەریك بوو دەگریا) ئای گەورەم من بەلامەوە باشترە پێنج رۆژ رێ بکەم لەوەی (کۆکەیەکی بۆکرد)، کە بەم رووبارە تۆقێنەرەدا بپەڕمەوە. (چەیت سینگ)[138] بە لەرزەوە وتی (بیسمیللا ئەررەحمان ئەرڕەحیم)  بیسمیللای رەهمانی ئەڕڕەهیم، هەموو کات بە دەم رێوە ئەوەی دەوتەوە.

لە سەعات 13:00دا دیسانەوە سواربووینەوە لە کەناری لای راستەوە و یەکەم بەسەر گردەکاندا بەردەوام بووین و پاشان بۆ ناو قوڕ و لیتە و جار جارەش ناوچەیەك ئاوی لافاو داپۆشیوە، بۆ زینجاباد[139] گوندێکە تایبەتە بە کوڕی کەیوانییەوە.[140] ئەو خۆی لەوێ نییە، بەڵام وەکیلەکەی زۆر شارستانی بوو. نزیکەی سێ میل لەوێوە لەسەر کەناری چەپ، رێك لەژێر قەراغی گردەکاندا (دەکە)م بینی، کە بە سەعاتە رێیەك لە زنجابادەوە دادەنرێت.

لە سەعات 16:15دا گەیشتین، و بەرپرسەکەمان لە شێوازێکی سنورداری راستەقینەدا بینی، چووبووە دەرەوە بۆ مەڕ دزین. زینجاباد 55.000 قورۆشیان ساڵانە کێڵگەداری دەکرد، نزیکەی یەك میلە بە هێڵێکی رێك لە دیالەوە، کە بەلای چەپدا پێچمانکردەوە، لە ماوەیەکی کورتا بەناو دەوربەری (بین کودرەك)دا تێپەڕین، کە دەچووە ناو روکارێکی رۆژهەڵاتییەوە لە دەوروبەری گوندی زینجاباد.

زینجاباد، کە پایتەختی ناوچەکەیە، نیوەی وێرانە و بەرەڵایە و زیاد لە گوندێکیش نیوەی وێرانەیە، بە هۆی خاوەندارییەوە هەندێ شت لە بارودۆخێکی باشتردایە، وەك

---

137 کە یەکێ بوو لە خزمەتکارەکانی میستەر ریچ.

138 خزمەتکارێکی میستەر ریچە و لە هیندۆزییەوە بووە بە موسڵمان.

139 لە باشوور 30° رۆژئاوا.

140 ناونیشانی کارەکەری سەرەکیە، یان دایەنی بەساڵاچوو لە حەرەمی پاشای بەغدادا. خ. ریچ.

پاشماوەی حەمام و مزگەوت، کە لەلایەن سلێمان پاشاوە دروستکراوە، باپیرەی ئەورەحمان پاشای سلێمانی، کە شوێنی مانەوەمان لەوێیە. یەکەم جار بوو ناوی مەسیح ببیستم لەسەر دیوارەکانی لێیبپاڕێنەوە.

بەرەو باکوور و چەند سەد یاردێ لە گوندەکەوە، شاخێکی چوارگۆشەی بەرزمان دیاریکرد، پێیدەوترا (کالان تەپەسی)، لەگەڵ یەکێکی بچوك بە تەنیشتییەوە لە پەرستگای بابلی دەچوو. هیچ خشتێ لێرەدا دەرنەهاتبوو، بەڵام لە لاکەی تری گوندەکە زۆری لێبوو، لە نێوان گردەکانی کەلاوەکە، پێیدەوترا(خشتکەن) یان ئەو شوێنەی خشتی لێدەردێنن. بێگومان لەوێدا شارێکی کۆن هەبووە.

هەوای ئەم شوێنە نزمانە دادەنرێت بە زۆر بێکەڵك، ئەویش بەهۆی زۆنگاو و بڕی ئاوەوە. دوو میل بۆ رۆژئاوای زینجاباد (ماناتیڤایە) گوندێکی هاوشێوەی تر لە باوەشی دارخورمادا، ئەو هەوایەی لەوێوە دێت زۆر بێکەڵکە.

ژمارەیەك گوندی تر لەم ناوچەیەیە، بەڵام تەنیا کۆمەڵە کوخێکی قوڕی ناخۆشە و بە قامیش سەریگیراوە.

ئەمڕۆ بە دەست گەرماوە زۆرمان ناخۆشی بینی. دوای رێکردنی سێ سەعات هەستم کرد لەوە ماندوترم، کە 10 سەعات رێمکردووە.

تۆزێ پێش سەعات 07:00 زینجابادمان جێهێشت و لە 09:00دا گەیشتینە کۆشکی **زینغی**، کە وادەردەکەوێ لە **ئەتابەکەوە** ناونراوە، کە بیستمان لەوێدا کەلاوەی لێبووە. زۆر پڕوپوچ بوون، بریتی بوون لە پارچە خشتی سووری هەڕەمەکی و ئەو شتانەی بە خشت دروستکراوە لەسەر ترۆپکی تەپەکە یان شاخە خڕەکە. ئێمە هەواڵی بوونی هەندێ کەلاوەمان بیستووە لە ماوەیەکی کەمدا، کە مەڕمەڕێکی زۆری تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام نەچووین بۆ بینینی. داب و نەریتی خەڵکی لەوانەیە بەگشتی پشت ببەستی بە تەمەنی کەلاوەکان لەم ناوچانەدا، تا ئێستا بەلایەنی کەمەوە دوو بەشی مەزن لە مێژوو واتە بەر لە ئیسلام و لەو کاتەشەوە. تەنیا ئەم دوو تەمەنەیان هەیە،

ئەویش، کە گاور و موسڵمانە و ئەوانەش دەگمەن، یان هەرگیز کارەکانی ئەو دوو سەردەمی پیشوە لەگەڵ دواتر تێکەڵ ناکەن.

گردەکان لە نزیك لای راستمانەوە ماونەتەوە، چووین بەرەو (کفری سوو)[141] - واتە ئاوی کفری- یان روونتر بڵێین یەکێ لەو ئاوانەی لەم گردانەوە هەڵدەقوڵێ بۆ دەشتی کفری و لەوێ بۆ ئاودێریی زەراعەت بەکاردێت. لە سەعات 11:00دا گەیشتینە رووبارەکە، کە بنکەکەی بریتی بوو لە چەو و بەردێکی زۆر لەگەڵ دوو یان سێ جۆگەلەی روون، کە بەناویا دەڕوات. رێگاکەمان لێرەوە بەناو گردەکانی، کە لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد دەڕوات و تێبینی ئاسەواری ئاوەڕۆ و جۆگەی جوان و بەرینی ئەو ناوەمان کرد، کە لەو گردانەوە هاتونەتە خوارێ و ئێستا بە شێوەیەکی گشتی وشکن، هەندێکیان چەند سەد یاردێك فراوانە.

لەسەر رێی خۆمان بەناو گردەکاندا بەردەوام بووین، لەلای راستمانەوە تێبینی (ۆن ئاکی ئیمام)مان کرد، کە نەوتی لێ هەڵدەقولا، دەوروبەری سەعات و نیوێك لێرەوە (کفرییە) هەر زوو دوای نیوەڕۆ گەیشتین، کە تەواو گەرم بوو، منیش زۆر بە زەحمەت کەمێ خۆم فێنك کردەوە بەر لەوەی دانیشم سەرگوزەشتەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە.

ئەم دوو رێکردنەی ئەم دواییە لە گەرمیدا تەواو تۆقێنەر بوون، هەرچەند لە سەعات 12:30دا گەیشتین. هەموو ئەو خەڵکەی لەگەڵمان بوون تەواو شەکەت بووبوون، لەگەڵ ئەوەشدا، سوپاس بۆ خوا، من زۆر باشم، بەڵام من زۆر ژیرم، کارەکانم دابەش ئەکەم بەسەر تواناما.

ئێمە لێرە لە هەمان شوێن، کە لە گەشتەکەماندا بۆ ئەستەمبوڵ تێیدا نیشتەجێ بووین دامەزراوین و خەریك بوو دەست بکەم بە گریان کاتێ درەختەکەی تەنیشت کەناڵە بچوکەکەم بینی، لەوێدا، کە پێکەوە لە یادەوەری ئەو گەشتە دیارەدا شێومان

---

141 باکوور 30° رۆژئاوا.

کردەوە.[142] کفری لەچاو ئەو کاتەی لێرە بووین زیاتر وێرانە و دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردووە. خەڵك سەریان سوورما لە ناسینەوەی شاخە بچوکەکەی، کە ماوەی حەوت ساڵە نەمبینیوە و دوای ئەوەش لە ڕێیەکی جیاوازیشەوە تەماشام کرد. نزیکە میلێك لە شارۆچکەکەوە بیرە نەوتێکی بچوك لەم دواییەدا دۆزراوەتەوە.

ئایا تۆ تا رادەیەك ئامادەی بۆ دەسپێکردنی گەشتەکەمان بۆ کوردستان؟ کاتی ئەوەمان نییە هەل لە دەست بدەین، من تەواو بە هەتاو برژاوم و سەفەریش بە شەو من نامەوێ گوێم لێببێت.

گەرمیپێو ئەمڕۆ لە چادرەکەمدا، لە سەعات 14:00-15:00 پاش نیوەڕۆ 90° بوو.

ئەو پیاوەی ئەم شەو یان بەیانی دەڕوات مەحمود بەگی خاوەن خانووەکەیە، کە پێیدەوترێ کۆشك، تەمەنا ئەکەم ئەو ئەم نامەیەت بداتێ، هەرچەند هەندێ کێشەی هەیە، بزانە چییە و کەسێك هەبێت یارمەتی بدات. پیاوێکی بەستەزمان و کەسێکی باشە. گەرمیپێو لە چادرەکەمدا 90°.

------------------------

[142] ئەوە هێمایە بۆ گەشتێکی 1500 میلی، لە بەغداوە بۆ ئەستەمبوڵ، کە لە لایەن میستەر ریچ و خاتو ریچەوە بە سواریی ئەسپ لە ساڵانی 1814-1815 کراوە. خ. ریچ.

- **کفری**[143]، 28/**مارچ**/ **ئازار**،

من ئێستا بوومەتە بەختیارترین مرۆڤ لە جیهاندا بەهۆی نامەکەتان لە رۆژی/23دا راستەوخۆ دوای دەستە دڵخۆشکەرەکەی ئێوە.

تێپەڕبوونمان بە ناوچەکەدا زۆر گەورە بوو، کە عەرەبەکەی تۆ لە دوامەوە بوو چووبوو بە دوای چەرچیەکدا ئیدی نەمزانی چی بەسەرهات، تا لەدواییدا سەلیم ئاغا لە شوێنێکدا هەڵیگرتۆتەوە و بە پاسەوانێکدا لەگەڵ چەند تێبینیەکی بەڕێزانەدا ناردیەوە بۆ لام و بەو کارەش هەندێ پیاوەتی تری لای من تۆمارکرد، کە زووتر هەر لەبەرچاوم بووە. من ناتوانم وشەیەکی دروستم لە ئینگلیزیدا بێتە یاد، بۆیە فەڕەنسی یان زاراوەیەکی تایبەت بە ئینگلیزەوە بێت. هۆشم خێراتر دەجوڵێت لەوەی، کە پێنووسەکەم پیاڕابگات. من لە میانەی تێبینیەکانتەوە وا هەست ئەکەم لە وەڵامی نامەیەکی مندا لە باقوبەوە، کە تۆ دەبێ نامەیەکی ترت زووتر بۆ نووسیبێتم. ئەگەر وابێت، ئەوا لای **ئیسماعیل کۆسیدە** و راستەوخۆ دەیبات بۆ (ویلۆك)، یان عەرەبی هەندێ شوێنی تر لەوانەیە هێشتا بە دوومدا بگەڕێن، یان بە دیلی کەوتبێتە دەست ئەمانوڵلا خان و کوردەکانی. لە راستیدا، ئێمەش وەك بروسکە بەسەر گرد و دۆڵەکاندا دەڕۆین، بۆیە گرانە دوای دەرچوونم لە خانەقین ببیننەوە. من دەڵێم لە خانەقین خۆم نوقم دەکەم و دیسانەوە لە کفری سەر دەردێنمەوە. (میناس) لەگەڵ تێبینیەکانتدا پاکەتێ بسکویتی هاوپێچ کردبوو. (کوڕ ئۆغڵو)ی مڕومۆچیش لە جیاتی زەردەخەنەی تەڵفیزاوی، کاتێ پاکەتەکەی کردەوە و ناوەکەی بینی گەشایەوە و، کە لە بەغداشەوە بە خێرایی نێراوە.

ئەو شەوەی تۆ زریانەکەتان هەبوو، ئێمەش هەروەها دانەیەکی گەورەمان لە ناوچەی باشووری رۆژهەڵاتی خانەقینەوە هەبوو. بایەکی باکووری رۆژئاوای خۆشمان هەبوو لەو ساتەی پاشالیکی بەغدامان لە خانەقین جێهێشت و لەو ساتەشەوە چووینەوە ناوی لە

---

143 کفری لەسەر رێڕەوی کوردستانە و بە دیواری قوڕ پارێزگاری لە خۆی دەکات.

زینجاباد، دیسانەوە بای باشووری رۆژهەڵاتی هەڵیکردەوە و بەشێوەیەك لەو ساتەوە گەرمە و بەرگەگرتنی مەحاڵە. گەرمیپێو ئەمڕۆ 89°.

ئەمڕۆ بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی کفریدا بۆ پیاسە چوومە دەرەوە. چەند سەد هەنگاوێ لە پشتی شارۆچکەکەوە، جۆگە سەرەکیەکانی (کفری سوو) پێکدەهێنێ لە دەربەندی شاخەوە دێ و بەرەو کوردستان دەچێ، بە بڕینی رێڕەوەکە بەناو قەراغە قسڵیەکانی گردەکانی کفریدا. لەلای باکووری دەربەندەکەوە، جۆگاکە گردەکەی بۆ خوارەوە بە شێوەیەکی ستونی دابڕیوە، نزیکەی بە بەرزی دوو سەد پێ. جۆگەیەکی تر، دەڵێن، ئاوەکەی باشترە، بە درێژایی بەناو هەمان بەرد و چەودا دەڕوات، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەکەی جیاوازە، سەعاتێ لێوەی دوورە و لە داوێنی دابڕاوەکەدا یەکدەگرن. ئەم جۆگایانە، ئێستا جۆگەی هەڕەمەکین، بەڵام بەناو بەردو چەوێکی زۆر، کە پانتاییەکی تەواوی دەربەندەکەی داگیرکردووە، ئەوەش ئاشکرایە، کە دەبێ لافاو و ئاو هەڵسان زۆر توندوتیژ بێت. تاوێری گەورەی گەچ، کە هەندێ بە کێشی تەنێك دایدەنێن، بەم لافاوانەوە دەکەوێتە خوارەوە. لەسەر لاکەی لای کفرییەوە قەراغی بەردەکە لێژە و بە یەکجاری لە دەشتەکەدا تەواودەبێ، بەڵام بەلای کوردستاندا هێور دەبێتەوە. ئاوی کفری زۆر ناودارە و زۆر کەس وتیان بۆ ئاسانکاری خواردن هەزمکردن. ئەویش لەبەر ئەوەی بەسەر نیترات و زەوی گەچیدا دەڕوات، واتە جۆرێ پاکردنەوەی بەسەردا دێت. ئاوەکەی تەواو سووك و گونجاوە، قورس نییە وەك ئاوێ، کە بەسەر بەردا بڕوات و تامی نییە. هەندێ قۆشمەچی لە تایەفەی **دۆمەکان** سوور بوون لەسەر پێشکەشکردنی چالاکیەك لەبەردەم ئێمەدا بە شەو. ئەو خەڵکانە لەو بڕوایەدام لە رەگەزی قەرەج بن. دەڵێن لە هەندێ ناوچەی فارسەوە هاتوون (تات) و لە بازی گەرەکانی هیندستان دەچن. گاڵتە و قۆشمەکانیان وشك و شێتانەیە، کە تورکەکان زۆریان پێخۆشە، هەروەها مۆسیقاژەنی باشیشیان تێدایە.

عەرەبەکەی لای تۆ داوای نامەکەی کرد، لەوە دەچێ گەڕانەوەکەی راستەوخۆ دوای ئێوارە بێت، ئەو بە دڵنیاییەوە گەشتێکی ناوێزەی بەکارهێناوە. نەخشەی ئێستام تێبینی ئەو رۆژگێرانەی بەیانی ئێرە بکەم، رۆژی دوایی دەست بکەی بە گەڕانەوە بۆ

ماڵەوە و بە شەو لە قەرەتەپە بەسەربەری و بەو جۆرە قۆناغی بچوك بڕی بەشێوەیەکی وردە وردە تا لە گەرمای رۆژ خۆت دوور بگریت.

- 29/**مارچ/ئازار**،

ئەم بەیانیە چوومە دەرەوە بۆ پشکنینی قەراغە گەچەکان و سەرکەوتمە سەری بۆ ترۆپکەکەی، کە لەگەڵ ئەوەی لە ئاسۆدا ئەستوور بوو، هەندێ رەوتم بە کۆمپاسی رووماڵکردنە گەورەکە وەرگرت. ئەو گردانەی لە رێگەماندا بەلاییاندا تێپەڕین لێرەوە دەکشێ بۆ باشووری کفری و رێی بەغداش لێرەدا پێیدا تێدەپەڕێت، راستەوخۆ دوای ئەوەی وردە وردە لە بیاباندا نوقم دەبن، لەو خاڵەی، کە پیاتێپەڕین و پاش (ۆن ئاکی ئیمام).

لێواری کفری چاوەڕوان نەکراوە و بەلای بەغدادا لێژە و لە هەموو لایەکەوە گردۆڵکەی پاشکۆ هەیە لە لای بەرامبەرەوە، بە درێژایی رێگاکە بۆ توزخورماتی.[144] لەم ناوەدا گردەکان گەچن، لەگەڵ خاکێکی زۆر کەم و رووەك لەسەر هەندێ شوێنیان. لە بەرامبەریدا، یان بەلای باشووری رۆژهەڵاتی دەربەندەکە، لوتکەکەی پێکهاتووە لە گڵ و بەرد، کە زۆری لێداڕماوەتە ناو دەربەندەکەوە. بەردەکان لە هەموو جۆرێکی جیاوازە و بەهۆی گڵەوە نوساون بەیەکەوە و پارچەکیان شێوەکردووە. ئەم روکەشە لە گڵ و بەرد بەهۆی گەچەوە پاڵپشت کراوە. ژمارەکی زۆر زۆر گوڵە کێوی بە دەوریا دەڕوێت، هەندێکی بۆنی خۆشیان هەیە. ژمارەیەکی زۆر خەشخاشی کێوی سووری جوان، زووربەیان ئاگری تێدایە یان مێشی دارستان.

باشترین خاك لە ناوچەی کفری بۆ مەبەستی کشتوکاڵ لە ئاسکی کفرییە، ئەوەی نزیکی ئێرە زۆر بەردەڵانە تا کشتوکاڵی زۆری تێدا بکرێت. لە بەرهاردا، تا کاتی دروێنە و

---

[144] توزخورماتی بە ئاوی ئاقسوو ئاودێر دەبێت، رووبارێکی بچوك کە لە کوردستان هەڵدەستێت و بەلای ئیبراهیم خانچیدا تێدەپەڕێ.

خەرمانان زووربەی خەڵکی ئاوایی دەوار هەڵدەدەن، لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا لە ئاسکی کفری دەبن.

دوێنێ شەو شنەی بایەکی سازگار لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەهات و ئەمڕۆش بەم بەهارە زریانێکی سەیر بوو، لەگەڵ هەورێکی تەپوتۆزدا، کە وەهام لێدەکات لەم شەو بترسم. گەرمیپێو لە ناو چادرەکەمدا 91° لە گەرمترین کاتی ئەمڕۆدا.

- 30/**مارچ/ئازار**،

ئەم بەیانییە لە سەعات 06:45دا کفریمان جێهێشت و بەسەر دوو گردا پەڕینەوە لە باشوور 22° ڕۆژهەڵاتدا. ڕاستەوخۆ دوای سەعات 08:00 بەلای دوو شاخی بچکۆلەدا تێپەڕین، کە پێیان دەوترا (تەلیشان) و دوای ئەوەش بە کفری سوودا (ئاو)، کە ئێستا تەواو وشکە. ئینجا ناوفەرشێکی بەردەڵانی زۆر.

ئەو دەشتەی نزیکی ئەم ناوە لە زۆر لاوە بە خوێی نیترات سپی بووە، وەك ئەوەی بەفر بەسەریدا باریبێت. کەمێ پێش سەعات 10:00 گەیشتینە (چیمەن کۆپرسی)، پردێکی باشی نوێ لەسەر چیمەن، ئەو جۆگا مەنگە ناقۆڵایەی پڕە لە قامیش و زەل، کە 15پێ بەرزە و ئاوەکەی روون و دەگمەنە. پڕە لە زەروو، کە دەبووایە فەیلەسوفەکەی (**وۆردسوۆرز**) کارێکی ئاسان و تەواوی لێرەدا بدۆزیایەتەوە.

بەشی ناوەوە قامیشە سەوزەکان، نزیك بنکەکەی، لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەخورا. بەلای هەواری هەندێ عەرەب لەگەڵ رانە ئاژەڵەکانیانەدا تێپەڕین.

بۆ ماوەی نیو سەعاتێك لە چیمەن کۆپریسی وێستاین و دوای ئەوە بەردەوام بووین لە گەشتەکەماندا لە باشوور 15° ڕۆژئاوا بۆ قەرەتەپە، بەلای دوو زنجیرە گردا تێپەڕین، لەگەڵ دۆڵێك یان کەنداوێك لە ناوەندیانا، کە قەرەتەپە کەوتۆتە داوێنی خوار لێژاییەکەی دواییانەوە و لە سەعات 11:45دا گەیشتین. قۆناغەکە حەوت سەعاتە. ئەمڕۆ رانێکی گەورەی ئاسکە کێوییمان بینی. لەلای دەستی چەپمانەوە، کە چووینە ناو

شارەکەوە، تێبینی گۆڕستانێکمان کرد، کە ژمارەیەك گومەزی بچوکی تێدایە و شێوەکەی لە گوند دەچێت. قەرەتەپە ئەمساڵ دراوە بەکرێ بە میری بە 40.000 قورۆش. بەسەر زینجابادا جۆگەی ئاوی لە دیالەوە بۆ راکێشراوە. بەروبوومی سەرەکی لۆکە و گەنمەشامی هیندیە و هەروەها چەردەیەك چەڵتوکیشی تێدا دەکرێت. خەڵکی قەرەتەپە خۆیان بە تورکومان دەزانن و تورکی تاکە زمانە، کە بەکاری دەهێنن. هەندێ خەڵکی لێیە پیان دەڵێن (عەلی وڵڵاهی)، ئیسماعیلیەکان، یان چرا کوژێنەرەوان (چراغ ساوەندەران) دانیشتوانی ئێرەن. رۆژێکی خۆشی فێنکە لەگەڵ بای باکووری رۆژئاوا. گەرمیپێو، 82°.

- 31/**مارچ/ئازار**،

ئەم بەیانیە لە 06:45دا سواربووین. هەموو دیمەنی کشتوکاڵ بەخێرایی لەبەرچاو نەما و لە پشتەوە دەشتێکی رووتەن، لەگەڵ لێرە و لەوێ هەندێ گژوگیای کەم ، بەڵام بە زۆری بە خوێی نترات داپۆشراوە، وەك ئەوەی بەفری لەسەر باریبێت. رۆیشتنەکەمان رووەو باشوورە بۆ پردی (**نارین**)، کە نزیکەی سەعات 08:00 گەیشتین. پردێکی باشی شەش تاقییە، لەلایەن سلێمان پاشای بەغداوە بنیات نراوە، ئینجا بەردەوام بووین بەرەو باشوور 15° رۆژئاوا بۆ گردەکانی حەمرین، ئەوان لە لای راستمانەوە و **پردی نارین** لای چەپمانەوە بوو، بەردەوامین بە چوونە ناو لای باشووری رۆژئاوا بۆ داوێنی گردەکان، کە نزیکەی سەعات 10:30 گەیشتین. بەشی یەکەمی لە خاك و بەرد پێکهاتبوو، لە بەرزاییەکی زۆرخۆشدا بوو. لە 10:40دا گەیشتینە سەرەوە، کە زەوی تا رادەیەك لەوێدا بەرزترە، هەندێ دیمەنم بە کۆمپاس وەرگرت.

دیمەنی دەوروبەری ناوچەکە لە ترۆپکەوە زۆر بێ هاوتا بوو. تەواوی زنجیرە گردەکان، کە وەك کەلاوە شاخ وەهابوو، کە داڕوخابێت بۆ گردۆڵکەی بچوك، یان شەپۆلی گەورە و لەوە دەچێ دەریاکە کوتوپڕ جێگیر بووبێ. کەمێ لەولای دەربەندەکەوە، دیالە دەبینرا، پێچپێدەکردەوە و ئاوی نارینی تێدەڕژا. ئێمە بەردەوام بووین و بەردەڵمێن دەستی کرد بە

دەرکەوتن، هەمیشە لە چینە لارەکان بەرەو لای باکووری گردەکە و لە زۆر شوێن بەشی دەرەوەی و وردە پارچەکانی دەوروبەری دەبریسکایەوە وەك ئەوەی بە ئاوی دەریا شۆڕرابێتەوە. لە هەندێ شوێن تێبینی زەرکەفتی (تەلك)م دەکرد، نمونەیم لەگەڵ خۆم هێناوە. ئیدی بەردەلمین ئەو ناوەی داگیرکرد و گردەکە لە لێوارە هاوڕێك و یەك لە دوای یەکەکان، یان قەراغەکاندا کۆتایی هات، هەندێ ئێستا دەردەکەون، ئەوانی تر لە زەویدا بەرزدەبنەوە بۆ بەرزایی 10-12 پێ، لای باشوور، هەمیشە رووی چاوەڕوان نەکراوە و لەلای باکوورەوە بەرەو زەوی شۆڕدەبێتەوە. لەناو یەکێ لەم کەنارانەدا ماوەیەکی دوور لەوەپێش پاشایەکی تورك رێیەکی تەسکی بڕیوە. ناوەکەی، ئەوەندەی من دەتوانم لە نەخشی سەر بەردەکەوە تێبگەم، کە ئێستا هەمووی بەدەرەوەیە، (حەسەن)بووە. خوێی نیترات لە هەندێ شوێندا دەبینرێت.

لە نیوەڕۆدا ئەم شاخە ناشیرینەمان جێهێشت، رێگاکەمان بەناو ئەوەی لە دەوری باشووردا بوون هەروەها رووی باشووریی لەلای چەپمانەوە دەمێنێتەوە، لە باشوور 40° رۆژهەلاتدا بەردەوامین بۆ (ئەدەنە کۆی)، لە سەعات 13:20دا گەیشتین. قۆناغەکە هەشت سەعات بوو. ئەدەنە کۆی، کە نزیکی کەناڵی خاڵسە و بەلای دیالەدایە، گوندێکی گەورەیە، کە زۆر زۆر گەشاوە بووە لەوەی، کە لەم حاڵی حازرەدا دەردەکەوێت. مزگەوتی هەیە، لەگەڵ منارە. ئەم ساڵ 20.000 قرۆش فەلاحەتی کردووە.

ئەفسەری ئازوقەکەمان خانویەکی بۆ وەرگرتووین، ژمارەیەکی زۆر کرمی ئاوریشمی تێدابوو سەرقاڵی کار بوون، بەڵام بۆنەکەی کاری دەکردە سەرم، بۆیە ناچار چوومە ناو باخەکەوە، کە خێمەمان تێدا هەڵداوە و زۆر ئاسودەبەخش بوو.

خەڵکی ئەم شوێنە لە رەگەزی تورکومانن و پێکهاتون لە سوننە، شیعە و چرا کوژێنەرەوە (چراغ سۆندەران). لێرەدا قسەکردن بە تورکی کۆتایی دێت، هەموو ئەوانەی دوایی بەرەو بەغدا جوتیارن، یان (فەلاحی عەرەب). لە رێکردنەکەماندا

ئەمڕۆ هەندێ لە عەرەبەکانی خێڵی (مەهدەوی)مان[145] بینی و لە دەشتی قەرەتەپەش هەواری عەرەبەکانی خێڵی (خایرەوەز)مان بینی، کە سەرۆکەکەیان لەگەڵ شەش سوارچاك و چەکدار، هاتنە دەرەوە بۆ یاوەریمان وەك پاسەوان، بەڵام منیش بە سوپاسەوە داواکەیم پەسەند نەکرد. گەرمیپێو 82°.

- **1/ئەپریل/نیسان،**

لە سەعات 06:30دا (ئەدەن کۆی)مان جێهێشت. تێبینی ئەوەم کرد، کە لە دوورەوە چەند تەنێك بریسکەیان دەدایەوە.، کە رووانیم لەشکری کوللەیە لەسەر زەوی رەنگی زەردێکی کراوەیە، دوای ئەوەی گوندەکەمان جێهێشت، لە دیالەدا تێبینیمان کرد، بە درێژایی کەنارەکانی، کە پیایدا سەفەرمان کرد، لق و پۆپی دارێکی زۆر کەوتبوو، کە بەنداوێکی زۆری پێکهێناوە بۆ وێستانی ئاوەکە و گۆڕینی بە کەناڵە جیاوازەکان، کە بەهۆیەوە ئەم ناوچەیە لە هەموو لایەکەوە یەکتر دەبڕن.

ئێمە بەلای رۆژئاوادا لەگەڵ خاڵسدا ماینەوە، ئەو کەناڵە گەورەیەی، کە تا ئێستا دیبێتم لەلای چەپمانەوەیە و تەنیا دیالە لە دواوەیەتی و بەلای (سەید موبارەك)دا تێپەڕین، کە مەزاری زیارەت یان حەج کردنە.

راستەوخۆ دوای سەعات 08:00 گەیشتینە (دەلی عەباس)،کە پردێکی خراپ لەوێدا لەسەر خاڵس بوو، گوندەکانی ئەم ناوچەیە بەم ناوەوە زوو دەست ئەکات بە بەرزبوونەوە بەرودوا لەگەڵ ئاسۆدا. گوندەکانی ناوچەی خۆراسانیش لەسەر لاکەی تری دیالە هەمان دیدیان هەیە.

رێگەکەمان یەکەم باشوور 55°رۆژئاوا بوو، ئینجا باشوور 20°رۆژئاوا. لە سەعات 10:30دا گەیشتینە (چوبوق) کوێرە دێیەکی عەرەبە، لەگەڵ پردێك بەسەر جۆگەیەکی

[145] هەموو قەسابەکانی بەغدا لەم خێڵەن.

بچوکەوە، کە بە زیادەی خاڵس پێکدێ و لە (سیراجیك)ەوە دێت. خۆی لە دیالەدا بەتاڵ دەکاتەوە بەرامبەر (بویوك ئەبو سەیدا)، کە ئەویش لە دیالەوە نزیکە، تەنیا چەند یاردێکە لە (چوبوق)ەوە. ئەم جۆگایە جۆرێك لە دەرچەیە بۆ خاڵس لەسەر بەرزبوونەوە و هەستانی کوتوپڕ و زەبەلاحی دیالە. ئیدی دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هێزی ئاوەکە بچێتە دەرەوە، کە وانەبێ کەناڵی خاڵس زیانی پێدەگات و لافاویش بەسەر ناوچەکەدا دێت و کشتوکاڵ رادەماڵێت. ئاوە زیادەکە لە پێداویستی (عوزێم ) هەروەها لە (چوبوق) دەڕژێنە ناو ئەم جۆگایەوە .

- **2/ئەپریل/نیسان،**

ئێمە دەبووایە بە درێژایی شەو زۆر بە توندی چاودێری دەرەوە لە دژی دز و جەردە بکەین، ئەم شوێنە بەو هۆیەوە بەدناو بوو. لە بەیانیدا شەماڵێکی خۆش لە ناوچەی باکووری رۆژئاواوە هەڵیکرد، کە بە تەواوی هەوای گۆڕی و ئێمەش لە 05:30 بە چالاکی ورەیەکی نوێوە دەستمان پێکرد، رووومان بەرەو (موسەببەح خان)ە، کە کەوتۆتە ناوچەی باشووری رۆژئاوامانەوە و دیالەش، کە پێچدەکاتەوە بۆ کۆتایی لەلای چەپمانەوە نزیکە.

لە سەعات 07:45 گەیشتینە (موسەببەح خان)، کە دابەزین تا کۆفییەك- قاوەیەك بخۆینەوە و هەندێ تێبینیش بە کۆمپاس تۆمار بکەم. نزیکەی 08:30 خانەکەمان جێهێشت و راستەوخۆ دوای سەعات 10:00 نەهرەوانی جوان و رازاوەمان بینی، یەکسەر دەکشا بۆ باکوور 10°رۆژئاوا و باشوور 10°رۆژهەڵاتی خەرنابات. لای رۆژهەڵاتەوە یەك میل دوور دەبوو. دوای سەعاتێکی تر گەیشتینە چەند کەناڵێکی وشکی هاوڕێك بە نەهرەوان، ئینجا بۆ سەید موحسین، شوێنی حەج، لەسەر جۆگەیەکی بچوك لە خاڵس و نیوەڕۆش گەیشتینە (تۆبراك قەلعە)، چیایەکی چوارگۆشەی هەڕەمەکیە و هەروەها پێشی دەوترێ (موجەلیبە).

لە باکووریەوە لە ناوچەیەکی بچوکدا تێبینی کەلاوەیەکمان کرد، لەو شوێنە خەڵکمان بینی خشتیان دەرئەهێنا تا بینێرن بۆ بەغدا بۆ باخەکەی (یوسف بەگ).[146]

هەندێ لە خشتەکان شتێکی پێوە بوو وەك پێنج پەنجەی بەسەرەوە بوو، ئەوانیتر بازنەیەکی نارێکی لەسەر بوو، لەوە دەچێ بە پەنجە کێشرابێت کاتێ خشتەکە هێشتا تەڕ بووە.

خشتەکان ئەستور بوون و لە قەوارەی خشتە بابلیەکاندا نەبوون، بەڵام وا دەردەکەوێت چەردەیەکی زۆری لێ هەبێت. من ئەم کەلاوەیە وەك ساسانی وەردەگرم. تیاندا هێمام بۆ هەندێ وێکچوونی دەگمەن کردووە لەگەڵ **کاڵان تەپە** لە زینجاباد و شاخی تورەکەڕێژی نزیکی ئەم ناوە.

لە سەعات 13:40دا گەیشتینە گوندی هاویش. رێگەکەی پیایدا هاتین زۆر چۆڵە و زووربەی بیابانێکی زۆر رووتی دڵتەنگە، بە درێژایی ئەوەی بینیمان کەمێك یان هیچ نییە تا هێمای بۆ بکرێت، بەڵام (بەرازی مێچکە- مالۆسێکی) کێویمان بینی، لەگەڵ شەش بەچکە بەرازی بەدواوە بوو. چوار رۆژی ساردی سازگارمان بەسەر برد.

گەرمیپێو 77°.

3/**ئەپریل/نیسان**، لە 06:30دا هاویشمان جێهێشت و لە نیوەڕۆدا گەیشتینە شوێنی نیشتەجێبوونمان لە بەغدا.

---

[146] کوڕە گەورەی پاشای بەغدایە.

# پاشکۆی یەکەم

## تێبینیەکان لە هەولێردا

**"لە لاپەڕە 15، بەرگی دووەمدا هێمای بۆ کراوە. "**

1. لە هەوارگەکەماندا، بنکەکە بە تەواوی 100 یاردە.

a) لە خێمەکەمەوە هەموو تێبینیە گەردوونیەکان وەرگیراوە.

b) دەوروبەری باکوور 25°ڕۆژهەڵات، لەوێوە منارەیەك هەیە لە (A) باشوور 2° ڕۆژهەڵات، هیمای قەڵایەك، باشوور 55°½ ڕۆژهەڵات.

دیاریکردنی قەڵاکە ئاسان نییە، ئەویش بەهۆی گردێکی خڕی گەورەوە، کە خانو لە داوێنیەوە دەورەی داوە. دواجار هەندێ شتی بچوك لە کۆتایدا ئاشکرا بوون، لەوانەی بەسەر خانووەکەوە بوون لە باشووری ڕۆژئاوادا، ڕووی بازنەیی خانووەکان، کە تاجێ لە نزیك کۆتایی ڕۆژئاواوە بە تەوقەسەریەوە بوو.

ئەوەی من دۆزیمەوە لە هەموو وێستگەیەکدا نایاب بوو، من ئەوەم دیاریکرد بەو پێیەی هێمای قەڵاکە دەکات، کۆتاییەکان (A و B)بنەچەکانم بە رم هێماکردووە.

ئامێری پێوانەی دووری گۆشەی دەریایی هەڵەی گۆشەکانی ڕاست دەکردەوە.

**وێستگەی یەکەم لە (A)دا**

1. هێڵی پانی (نێوانڕۆی 3)، منارە و B، $112°16'25''$، واتە(112 پلە و 16 خولەك و 25 چرکەیە).

**تێبینی:** هەرچەند گۆشەیەکی گرانە، وەك رەشەبا سەرەنێزەیەکی بۆ دروستکردووە لە Bدا کەمێ دەلەرزێت.

2. منارە و قەڵاکە، 52°54′15" (52 پلە و 54 خولەك و 15 چرکەیە) گۆشەکان چەند جارێ بەبێ جیاوازی وەرگیراون.

پنتی منارەکە، کە هەڵبژێراوە لە باکووری رۆژئاوا بوو، یان داوێنی نزیکی بنکەی هەشت لاکە، کە ئەوەش باشترین هێڵی دیار بوو.

**تێبینیەکان لە هەولێر**

بەرزی منارەکە لەسەرو ئاسۆوە 2° 37′ 15″.

3. وێستگەی B و قەڵاکە (نێوانرۆی 5) ، 59°31′ 54".

**وێستگەی B**

1. منارە و A، 63°00′ 30″. گۆشەکان چەند جارێك بەبێ جیاوازی وەرگیراوە.

2. منارە و قەڵاکە، 52°52′30″. گۆشەکە دووجار بەبێ جیاوازی وەرگیراوە.

3. وێستگەی A و قەڵاکە، قەڵا لە لای چەپی A (نێوانرۆی 6) ، 115°53′ 55".

گۆشەیەکی گران، A کەمێ دەلەرزی. بەرزی منارەکە 2°31′ 45"

**وێستگە لە منارەکەدا**

سەرنج بدە منارەکە، بە پێوانە 119پێ و 10گرێ تا ئەو شوێنەی ماوە و 1 پێ و 6 گرێی لە دیوارەکە لە سەرەوەی ڕوخاوە، کە سەرجەم 121پێ و 4 گرێیە. چێوەی ئاسۆیی 51 پێ و 8 گرێیە. لەسەر بنکەیەکی هەشت لایی راوەستاوە، هەر رووبەکی 9 پێ و11 گرێیە. بەرزی 30 یان 40 پێیە. وێستگەکەم لە گۆشەی بنکەوە وەرگرتووە، کە لە وێستگەکانی ترەوە دامەزراندووە.

1.	بۆ دیاریکردنی ئاستی چیای مەقلوب، لە ماوەیەکەوە لەسەر ڕێی موسڵ دەبینرێ. پاش نیوەڕۆ بەرزبوونەوەی خۆر بۆ دیاریکردنی کات: ڕاست نییە بۆ هەڵەکردنی ئالیات.

**تێبینیەکان لەسەر لای باکوور**

جێگرەوەی دووچەندانە کات

40° 35′ 30″ "3 41′ 1°

40° 25′ 00″ 35″ 41′

40° 17′ 00″ 00″ 42′

39° 42′ 45″. 14″ 44′

کەوانەی ئاسۆیی نێوان چیای مەقلوب و خۆری نزیك، یان لای باکوور.

ڕووەو باکوور، چیایەك، کە قەوارەیەکی گەورەی هەیە، کێشەیەکی گەورەم هەبوو، تا جیایکەمەوە، کام بەشی دیاری بکەم، ئیدی لە کۆتایدا بەشی سەرەوەی یان بەشی ڕۆژئاوایم هەڵبژارد، بەڵام دەترسام لە هەندێ نادڵنیایی ورد لە ئەنجامەکە.

گۆشەی چیا و چەقی خاڵی جێگیر، ڕاستە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئالیاتەکان.

60° 36′ 30″

-31′ 30″

- 24′ 45″

-20′ 15″

ڕەوتەکان لە منارەکەوە بە کۆمپاسی ڕوومالْکردن.

بەشی سەرەوەی چیای مەقلوب، باکوور 46°ڕۆژئاوا.

هێمای قەڵاکە، باکوور 62° 30′ ڕۆژهەڵات.

ڕەواندز، باکوور 24°ڕۆژهەڵات.

زۆر بە تەواوی قەوارەی تر هیمای بۆ نەکراوە تا روونکرێتەوە، تەنیا ڕێڕەوە گشتیەکان هێمای بۆ کراوە.

لە بەیانیدا لە پشکنینی شوێنەکەمدا، ئەوەم دۆزییەوە، کە بە گۆشەپێوەکەی گیرفانم ئەم گۆشانەم وەرگرت. ئەمانە ئێستا لەوە ناچێ بەکاربێت.

لە منارەکەوە. هێمای قەڵا، خێمەکەم، 63° 37′ 30″

خەیمەی سەوز، 64° 22′ 00″

بۆم دەرکەوت، کە مەحاڵە هێما بنەڕەتیەکانم لە منارەکەوە ببینرێ، هەرچەند سەرە نێزە تەنکە رەنگ قاوەیەکانیشی لێبوو، کە خۆیان لەسەر زەوییەکە هاوشێوەن. سێیەم گۆشەش دەبێ بەگوێرەی ئەوە گەیشتبێتە ئەنجام.

**ڕێگاکان...تادێ. قەزای کۆی سنجاقی کورد**

ڕێگاکان لە هەولێردا لەلایەن کوردەکان و خەڵکی هەولێرەوە بەرهەم هاتووە. ڕێڕەوی کۆی سنجاق بەرەو ڕۆژهەڵات لە هەوارگەکەمانەوە لە هەولێر.

**هەولێر بۆ کۆی سنجاق**

هەولێر بۆ حاجی یوسف ئاغاچە[147] 7 سەعاتی کاروانییە

کۆی سنجاق بۆ حاجی یوسف ئاغاچە 8

هەولێر بۆ کۆی سنجاق یەکسانە بە 15 سەعات

گردەکان: چیای گەورە نا، هەموو ئەو گردانە بەردەوامی ڕێڕەوی شوانە.

[147] ئەمە درەختە لە هەرێمی بەستۆرە، لە گردەکاندا، ڕێگاکان بەناویدا دەڕوا پێیدەوترێ (باغچەی بۆگاز)

**ڕێگەیەکی تر لە هەولێرەوە بۆ کۆی سنجاق:**

دەربەندی گۆمەسپان 8 سەعات، ڕۆیشتن بەناو گردەکاندا.

کۆی سنجاق 8 سەعات

16 سەعات

**ڕێگەی تر**. . .

هەریری نوێ، 5 سەعات، بە سواری، بە قەدبڕی نێوان گردەکاندا.

ئشکاف ساکا 8 سەعات

کۆی سنجاق 8 سەعات

21 سەعات، ڕێگە بەنێوان گردەکان و ئەزمڕدا.

ئالآی هەریر شەش ناوچە دەگرێتەوە، واتە، هەریر، کۆرە، دەیرە، یان هەریری نوێ، کۆنتر پێیوتراوە دیویین[تی‌شمتر] زراری، بەحرەکە و گەردە.

پایتەخت، یان هەریری نوێ ئێستا پێیدەوترێ دەیرە، کە باکوور 10° ڕۆژهەڵاتە لە هەوارگەکەمانەوە لە هەولێر، بە لاڕێکانی ناوچەکەدا، بەردەوامی ڕێڕەوی شوانە. هەریرە کۆن، پایتەختی بنەماڵەی سۆرانە، بەڵام ئێستا کەلاوەیە، لە باکوور 15° ڕۆژهەڵات لە هەوارگەکەمانەوە، بەسەر یەکەم زنجیرە چیا و بەردەوامی بۆ ئەزمڕ. هەروەها لە پشتییەوە چیایەکی زۆر بەرزە، لەو بڕوایەدام، کە زاگرۆس بێت. ئینجا ناوچەی خۆشناو دێت، کە بە چیای بەرز لە هەریر جیادەبێتەوە. دەبێ تەواو وریا بیت کاتێ، کە زانیاری لە خەڵك وەردەگریت، بۆ جیاکردنەوە لە نێوان هەریری کۆن و نوێدا.، کە دەڵێن هەریر، ئەوە بەگشتی مەبەستیان پایتەختی هاوچەرخی ئەو ناوەیە.

148 لە کلدانیدا بە (ئەدەبین) گۆدەکرێ. لە ئەرمینیا بە هەمان شێواز شار بەو ناوەوەیە، بڕوانە ئاسسەمانی، بەرگی سێیەم، بەشی نیستۆریانیس، لاپەڕە 2.

شەقڵاوە گوندێکی کلدانە لەسەر گردە دابڕاوەکان، لەنێوان ئەوان و زنجیرە چیای ئەزمڕ، نزیك باکووری ڕۆژهەڵاتی هەوارگەکەمانە.

هەرمووتە، گوندێکی تری کلدانە و نیو سەعاتێك لە کۆی سنجاقەوە دوورە.

ئەوەی پەیوەندە بە ئاستەکانی ڕێژەییەوە بۆ شوێنە گشتیەکان بەرەو ڕۆژهەڵات، باشترین زانیاریم وەك ئەمەی لای خوارەوەیە:

هەریری کۆن دەوروبەری سێ سەعات و نیوە لە (زەرب- زێ) یان زابەوە. لە کۆی سنجاقەوە بە سواری بەناو ڕێگا سەختەکانی چیادا چواردە سەعاتە. لە هەولێرەوە، دوانزە سەعات سوارییە. زێ، لە ئامێدیدا، هەریر لە هەرێمی ئاکرێ جیادەکاتەوە.

لە کەناری زێدا، بەرامبەر ناوچەی هەریر، قەڵای ئاکرێیە. قەڵای ڕەواندز لەسەر زێیە، لەسەرو هەریرەوە. ناوچەی خۆشناوەتی چۆتە ناو خاکی هەردوو هەریر، ڕەواندز، کۆی سنجاق و بتوێن. ناوچەی بتوێن بلّباسەکان تێیدا نیشتەجێن و لەسەر ڕووباری ئاڵتون کۆپرییە، یان زێی خوارو، لەدوای کۆی سنجاقەوە.

عومەر ئاغا ئەم هێڵکارییەی بە پەنجە لەسەر زەوی کێشا.




لەنێوانی ڕەواندز و خۆشناودا چیایە.

# پاشکۆی دووەم

## تێبینیەکان لەبارەی شەڕی ئاربیلاوە

**( لە لاپەڕە** 25، **بەرگی دووەم، هێمای بۆ کراوە)**

ئەم بەشەی لای خوارەوە هامبەرییەکی تەواوی پێشنیارکراوە لەنێوان شێوازی کۆنی شەڕی ئاربیلا و روخساری وڵاتەکە لە رووی جەنگدا، کە لەلایەن میستەر ریچەوە هێمای بۆ کراوە، لەگەڵ **ئاریان و کەرتیوس، کە** دوو سەرچاوەی لەبەر دەستا بوون، بەڵام بە ناتەواوی جێیهێشتووە، کە بۆ ئێستا بارودۆخێکی کەمتەرخەمییە، چونکە لەوانەبوو گرنگ بووایە و تەنانەت بەکەڵك بووایە بۆ هەندێ گەشتیار لە داهاتوودا.

**ئاریان** دەڵێت: ئەلێکساندەر بەبێ بەرهەڵستی (**داریوش**) بە **دیجلە**دا پەڕیوەتەوە، بەڵام زۆر بە سەختی لەبەر خێرایی لێشاوی ئاوەکە و هێزەکەی بۆ ماوەیەکی کورت لەوێدا پشوی دا و بەهۆی مانگ گیرانەوە قوربانی داوە.

پەڕینەوە بە **دیجلە**دا بەناو قەلەمڕەوی ئاشووریاندا دەڕۆی و (سۆگدیان) هەبوو (**کەرتیوس** دەڵێت: **گۆڕدیسێن،** واتە چیاکانی کورد) لەلای چەپەوە و **دیجلە**ش لەلای راستەوەیە.

لە رۆژی چوارەمدا دوای تێپەڕبوون، دوو سۆسەکەر، گاردی پێشەنگی دوژمنیان بە چەکەوە ئاشکراکرد. (بەرگی سێیەم، چاپتەری 7، لاپەڕە 194)؟

ئایا ئەم چوار رۆژە ئەو کاتەشی تێدایە، کە لە (فۆرد) وێستان و کاتەکەش چەند بوو؟

لە راستیدا (**کوینتوس کەرتیوس**) دەڵێت: ئەو مەسەلەی پاسەوانی پێشەنگەکە، کە دەستبەجێ دوای پەڕینەوەکە رووی دا، کە ئەلێکساندەر دوو رۆژ لەو شوێنەدا ماوەتەوە و لە سێیەمدا دەستی کردۆتەوە بە رۆیشتن. هەروەها دەڵێت:، کە مانگ گیرانەکە لە سەعاتی یەکەمی شەوی سێیەمدا رووی دا، کە ئەلێکساندەر لە سەعات دوودا دەستی بە رۆیشتن کردووە، کە سۆسەکەران لەو بڕوایەدان لە بەرەبەیاندا هەستیان

بە هێزەکەی داریوش کردووە، بەڵام دەرکەوت، کە تەنیا پاسەوانی پێشەنگی تیپەکەی (مەزایوس) بووە.

کوینتوس کەرتیوس بە ئاشکرا دوو مەسەلەی کرد بە یەك و "ئەو یەکەی وەکو ئەوانی تر بە تەواوی و ئاشکرا وەسف کرد وەك ئەوەی لەلایەن ئاریانەوە هێمای بۆ کراوە، کە رووداوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە و لەلایەن کەرتیوسەوە لە چاوپێکەوتنی یەکەمدا لەبارەیەوە دواوە. "، کە دواتر دەبێ بە چەند سەعاتێك رووبدات، لە بوارێکی دیجلەوە رێی کرد. ئەلێکساندەر پێمان دەڵێت: یەکەم لەگەڵ پاسەوانی پێشەنگ و هەندێ هێزی سوارە، بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو کۆمەڵە، داوای کرد سوپا لەسەرخۆ بێت. دوژمن هەڵهات و ئەلێکساندەر دوایانکەوت. هەندێکیان بە دیل گیران، ئاگاداریان کرد، کە داریوش بە سوپایەکی گەورەوە زۆر دوور نییە و لە (گەوگامەلا- گۆگەمەلا) چادریان هەڵداوە لەسەر (بومەدوس- بۆمادۆس)و لە شاری ئاربیلاوە نزیکەی شەش سەد (ستادیە)[149] دەبێت، لە دەشتێکی زۆر کراوەی تەختا، فارسەکان دواتر ئەوەیان تەخت کرد، کە بۆ عەرەبانە لێخووڕین زۆر زەحمەت بوو.

**ئەلێکساندەر** بە بیستنی ئەوە لە هەواڵدەرەکان، بۆ ماوەی چوار رۆژ سوپاکەی لە هەمان شوێندا خستە سەنگەرەوە. لەم سەربازگە قائیمەدا هەموو شتەکانی جێهێشت و پاشان لە سەعات دووی شەودا هێرشی کردە سەر دوژمن، لەگەڵ ئەوەی، کە لەو بڕوایەدا بوو لە بەرەبەیاندا بێت.

سەربازگەکان شەست شیشێکی رووپێو(ستادیا- واتە 60×607 پێ) لەیەکەوە دوور بوون، بەڵام لەیەکەوە دیارنەبوون، ئەویش بەهۆی گردۆڵکەکانی نێوانیانەوە. **کەرتیوس** ماوەی نێوانیانی کرد بە 150 شیشی رووپێو و پەسەندی کرد، کە ئەلێکساندەر چوار رۆژ لە سەربازگە قائیمەکەیدا مایەوە، هەروەها بە گوێرەی کات یان ماوەشەوە ئەوەی، کە لەلایەن **ئاریانەوە** دراوە لە بوارەکەی دیجلەوە بۆ سەربازگە قائیمەکە پەسەندی کرد. بە واتایەکی تر: یەکەم، لە سەعات دووەوە تا بەرەبەیان و دووەم، لێرەوە بە هێواشی بۆ

[149] ستادیە، واتە شیشی رووپێو- هەر شیشێك بریتیە لە 607 پێ کە بۆ پێوانەی درێژی مەودای روویەك بەکاردێت. وەرگێڕ.

شوێنی وێستان، کە **ئەلێکساندەر** دوای پاسەوانی پێشەنگی دوژمن کەوتووە بە هێزی سوارەی سوپاکەیەوە، بەڵام هەردوو نووسەرەکە لەبارەی ماوەی ئەم خاڵەوە لە سەربازگەکەی داریوشەوە ئارایان جیاوازەو هەروەها لە ماوەی چوار رۆژی وێستانەکەش، بە هەرحاڵ جوڵە و بزواندنەکان بە جیاواز باس دەکرێن، هەرچەند **ئاریان** لێرەدا باشترین سەرچاوەیە.

**کۆرتیوس** لە (بەرگی چوارەم، لاپەڕە 454دا) دەڵێت:، کە دوای ئەوەی چوار رۆژ هەواریان هەڵدا، **داریوش** بەیاننامەیەکی دەرکرد و تیایدا خەڵاتی داناوە بۆ رەشەکوژی **ئەلێکساندەر** و ئەوەش لە هەمان رۆژدا بوو، کە ئەلێکساندەر کەوتبووە رێ. **"**لەکاتی رەوتکردنەکەدا**" کەرتیوس** ئەوەش دەڵێ، **"**کە نۆکەرێکی هات هەواڵی نەخۆشی شاژنی فارسی بەندیەکەی پێبگەیەنێ و دەستبەجێ دواتر یەکێکی دی هات بۆ راگەیاندنی هەواڵی مەرگی**"** ئەویش بە پەلە چوو بۆ ئەو خێمەیەی، کە دایکی داریوش بەدیار لاشەی بوکەکەیەوە دانیشتووە. **"** لەوەدەچێ لێرەدا ناکۆکیەك هەبێ، پێمان دەڵێن، کە ئەو لە راستیدا لە رەوتکردندا بوو کاتێ هەواڵی نەخۆشیەکەی شاژنی بیستووە. دەستبەجێ دوای بیستنی ئەو هەواڵەش چوو بۆ خێمەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان کاتدا باسی ئەوە نەکراوە، کە سوپاکە هەواری خستبێت.

بەهەرحاڵ، **کەرتیوس**، بە دروستکردنی رەوتکردنێکی تر، ئەو ماوەیە نزیك تر دەکاتەوە لەوەی لە لایەن **ئاریانەوە** دیاریکراوە، بۆ ماوەی دوو هەوارخستن، کە پاشان جوڵەیەکی تر لە لایەن **کەرتیوسەوە** باس دەکرێ، پێش شوێنی کۆتایی بەر لە جەنگەکە. تەنیا جیاوازییەك لە نێوانیاندا مەسەلە کاتە، کە لێرەدا روودەدات و ئەنجامێکیشی نیە، بەڵام بەگشتی من دەبێ دووبارەی بکەمەوە، کە زیاتر باوەڕم بە **ئاریانە**. ئێستا ئەوەمان هەیە، کە هەوارگەی سوپاکەی داریوش دابمەزرێنین، بە پێی ئەو داتایانەی زیاتر گەشبین ترە لەوانەی، کە لەبارەی ئەلێکساندەرەوە هەمانە، لە حاڵەتی پەڕینەوەی دیجلەوە، کە جوڵەو بزواندنەکانی ئەلێکساندەر ئاماری لەسەر دەکرێ، دەتوانرێ تەنیا (بەشێکی ئەو جوڵانە) مەزەنە بکرێ، بەڵام ئەو دڵنیایە لەوەی، کە داریوش هەواری لە (بومادوس) هەڵدابوو.

**کۆرتیوس** لە (بەرگی چوارەم، لاپەڕە 445دا) دەڵێت: داریوش، لە بابلەوە دەگاتە **ئاربیلا**، شتومەکە گرانەکانی لەو شارەدا بەجێهێشتووە و بە پردی سەر (**لایکوس**)دا، کە سوپاکەی دەبووایە پێنج ڕۆژ یەك لەدوای یەك ڕێیان بکردایە. لە ڕێکردنی بە پردەکەدا هەشتا شیشی پێوانە بوو بۆ ڕووبارێکی تر، کە پێیان دەوت (بومادوس)، کە لەوێدا هەواری خست.

**ئاریان** بە پشتبەستن بەوەی لەسەرەوە هاتووە (لە بەرگی چوارەمی لیب، لاپەڕە 430دا) دەڵێت:، کە مەودایەکی زۆر گەورە بۆ گۆڕەپانی جەنگ لە وڵاتی ئاربیلا ئامادەکرابوو، ئەویش شەش سەد یان بەلایەنی کەمەوە پێنج سەد شیشی پێوانە بوو. (**پتۆلەمی**) و (**ئەرستۆبولوس**) هەردووکیان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە جەنگەکە لە (گەوگەمەلا-گۆگەمەلا)، کە گوندێکی گەورەیە لەسەر (**بومادوس**) یان (**بومەلوس**) بەرپابووە.

**کەرتیوس** ماوەی نێوان **ئاربیلا** و پردی **لایکوس** باس ناکات، بەڵام هەشتا شیشی پێوانە تەواوە بۆ ماوەی نێوان ڕووبارەکان. شەش سەد یان تەنانەت پێنج سەد شیشی پێوانەی **ئاریانیش** زۆر ڕوون نییە و لە بەشێکی تری کارەکەیدا هەمان ماوەی بەشێوەیەکی دروست نەداوەتەوە، من بەبێ دوودڵی دەبێ ئەوە وەك هەڵەیەکی دەستنووسکار دابنێم.

ئەو مەودایەی جەنگەکەی لەسەر کراوە، بەلایەنی کەمەوە بە بەرزایی موسڵە.

(ئاریان، بەرگی سێیەم، چاپتەری 9، لاپەڕەی 8-197. ) دوو سوپامان هێنایە وێستگەیەك، کە بەر لە شەڕەکە داگیریان کردووە و لەوێشەوە جوڵەکانی دوایی لێوەکراوە، بۆ نمونە، داریوش، لەسەر (بومادوس)، نزیك (گاوگامەلا) و ئەلێکساندەر شەست شیشی ڕووپێو(واتە شەست کەڕەت 607 پێ - وەرگێڕ) دوور لەوەوە لە سەربازگە خەندەق لێدراوەکەیدا بوو، کە چوار ڕۆژ مایەوە. هەر لەوێشدا هەموو شتومەك و بارێکی قورسی بەجێهێشت و خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشکردنە سەر داریوش بە پیاوانی بەکارەوە، کە هیچ شتێکیان پێ نییە جگە لە چەکەکانیان نەبێ. لە سەعات دووی شەودا کەوتنەڕێ.

کاتێ داریوش ئەمەی بیست، دووبارە چەکدار بووەوە. سەربازگەکان هەروەك لەوەپێش وترا، شەست شیشی رووپێو لەیەکەوە دوور بوون و بەڵام بەهۆی گردەکانی نێوانیانەوە لە یەکەوە دیارنەبوون .

دوای ئەوەی ئەلێکساندەر سی ستادیا- شیشی رووپێو چووەپێشەوە، گەشتە ئەو چیایانەی یان گردانەی، کە نەیدەهێشت سوپای فارس ببینرێت، لەو شوێنەی ئاستی دوژمن بەدەرکەوت و لیژنەکە بڕیاری دا راستەوخۆ لەو خاڵەوە دەست بکرێت بە هێرش، یان هێزەکە لەوێدا راگیرێ، هەرچەند رووماڵێکی زۆرتری دەوێ تا تەواوی ناوچەکە داپۆشێت.

(**پارمەنیۆ**) بۆ دوا پلان بووە و ئامۆژگاریەکانی وەرگیراوە. سوپاکە بەو پێیە لەوێدا راگیرا (سی شیشی رووپێو لە ئاستی داریوشەوە، لاپەڕە 199. ) لە کاتێکدا ئەلێکساندەر لەگەڵ کۆمەڵێك سوارەی جەنگیدا، چوو بۆ هەموو ئەو شوێنانەی، کە هێزەکە شەڕی تێدا دەکرد. دوای ئەوەی گەڕایەوە ناو سوپاکە، فرمانی دا بە پشودان و حەوانەوە. ئەو شەوە لەو شوێنەدا مانەوە، بۆ (**پارمەنیۆ**) وتی: دەبێ لە شەودا دوژمن تێکبشکێنرێ و داریوش چاوەڕێی هێرشی دەکرد و بە درێژایی شەو بە ئاگا و چەکدار مایەوە (لاپەڕە 202). بە هەرحاڵ تا بەیانی رۆژی دوایی هێرش دەستی پێنەکرد.

کاتێ سوپا نزیك بووەوە (کە تێیدا هەروەها دەبێ داریوش بەرەو پێشەوە بجوڵێت، کە (کەرتیوس) بە گەشبینیەوە دەڵێت: ( لە چاپتەری 13، لاپەڕە 207، کە داریوش 10 شیشی رووپێو هاتە پێشەوە)، ئەلێکساندەر بەلای راستدا پێچی گردەوە و فارسەکان جوڵەیەکی پێچەوانەیان بەلای چەپدا کرد.

ئەلێکساندەر هێشتا بەلای راستدا دەڕوات تا نزیکی بەرامبەری فارس بووەوە، کاتێ داریوش ترسی هەبوو بکەوێتە شوێنێکی کۆسپاوییەوە، کە عارەبانە جەنگیەکانی کەڵکیان نەمێنێ، فرمانی دا زیاتر بچنە پێشەوە بۆ ئەو لایەی بەرامبەریانە.

لەمەوە دەرکەوت، کە زەوی خراپ لەلای چەپی هێڵەکەی داریوشەوە هەبوو. ئەو ماوەیەی، کە ئەلێکساندەر بەر لەوەی دەست بکات بە چالاکی بڕیویەتی و باس

نەکراوە، بەڵام لەو بڕوایەدام ئەوە ئەگەر داریوش بۆ مەودایەك پێشبکەوتایە بێبایەخ دەبوو. کەرتیوس (لیب، بەرگی پینجەم، لاپەڕە 482) دەڵێت: کاتێ، کە ئەلێکساندەر کەوتە هێرشکردن ڕۆژ زۆر بەرز ببووەوە.

ئێستا بە دامەزراندنی شوێنەکان دێین بۆ کۆتایی مەسەلەکە. کەرتیوس (لیب، بەرگی پێنجەم ، لاپەڕە 51) دەڵێت: (**مازایوس**)ی ڕابەری هێزی سوارە، کە گەڕایەوە نەك بە ڕێگەیەکی ڕاستدا، بۆ نمونە بۆ ئاربیلا، بەڵکو بە ڕێگەیەکی دوورتر و سەلامەت تردا گەڕایەوە. واتە بە بازنەیەکی تەواو گەڕایەوە، دیجلەی بڕی و گەڕایەوە بۆ بابل. بۆیە شەڕەکە لە نزیك دیجلەدا ڕوویندا.

داریوش لە زێ پەڕییەوە و بە ناوچەیەکی زۆر گەورەی وڵاتەکەدا تێپەڕی (لاپەڕە 513) لە نیوەی شەودا گەیشتە ئاربیلا.

ئەسکەندەریش هەوڵی دا، تا گەیشتە پردەکەی زێ، بینی بە ئاڵای دوژمن داپۆشراوە.

تێبینی ئەوە کرا، کە پەڕینەوە بە (بومەدوس)دا لەدوای شەڕەکە باس نەکراوە و ئەنجامی ئەوەی وەرگیراوە، شەڕەکە لە نێوانی (بومەدوس) و (لایکوس) یان زێدا بەرپابووە. بەڵام بۆ یەکێ، کە لە مەیدانەکەدا بووبێ، هۆی چییە؟ بە ئاشکرا باس نەکراوە.

هیچ سەغڵەتی و گرانییەك لە تێپەڕبووندا نەبووە، لە ئەژنۆی ئەسپ بەرزتر نەبۆتەوە، بوار لە هەر شوێنێکدا هەبووایە لەوێدا، بە پیادەڕەوی یان بەسواری وڵاخ، بەبێ کەمترین سەغڵەتی دەپەڕینەوە، لەبەر ئەوە شایانی باسکردن نیە، بەڵام وەك بنکەیەك، کە شوێن و ئاستی داریوش هێمادەکات. داریوش لەسەر (بومادوس) هەواری هەڵداوە.

چالاکیەکە پێویستە دوای ئەو خشتەیە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕووبدات، بە لایەنی کەمەوە هەر، کە هاتنەپێشەوەی ئەلێکساندەری بینی پاشەکشەیەکی گەورەی کرد، بۆ ئەوەی بۆشاییەکی گەورە بەجێبێڵێ بۆ شەڕەکە، نەوەك لەو کاتەی، کە پێویستی پێیبێ نەتوانێ بیسازێنێ. لەگەڵ هەمان بابەتی باس نەکردنی (بومادوس) ستایشێکی باش

هەڵدەگریَ بۆ گەڕانەوە، لەبەرئەوەی وتراوە لە هیچ شوێنێکەوە ئەلێکساندەر لە (بومادوس) نەپەڕیوەتەوە لە ڕێڕەوەکەیدا بۆ سەر داریوش.

بەڵام بۆ گەڕانەوە لەم دوورکەوتنەوە و لادانە لە باسەکە: ئەلێکساندەر لە پردی زێوە گەڕایەوە بۆ سەربازگەکەی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا، کە لە بەیەکدا هەڵپژانێکی چاوەڕوان نەکراودا لە کاتی ئێوارەدا گەیشت (لاپەڕە 517) تا ئەم ئاستە (کەرتیوس)ە. (ئاریان) دەڵێت: ئەلێکساندەر تا شەو داهات دوای داریوش کەوت، لە (لایکوس) پەڕیوە و دوای ئەوە هەواری هەڵدا تا سوپاکەی پشو بدات. کاتێ هەندێ لە هێزی سوارەکانی، خۆیان خاوێن دەکردەوە، لە نیوەی شەودا خۆی ئامادەکرد بۆ ئاربیلا، کە هیوای وابوو داریوش و سامانەکەی ببات. ڕۆژی دواتر گەشتە ئاربیلا، دوای ئەوەی دوای هەڵهاتووەکان کەوتبوون بۆ مەودای شەش سەد شیشی رووپێو(ستادیا)، بەڵام داریوش ئاربیلای و هەروەها سامانەکەشی جێهێشت. لێرەدا جارێکی تر شەش سەد شیشی رووپێو لە گۆڕەپانی شەڕدا بۆ ئاربیلا بە باشی باسکراوە.

بۆ پوختەکردن. بە ئاماری (ئاریان)، ئەلێکساندەر یەك جار لە ڕێڕەوی دیجلەوە ڕێیکردووە بۆ ئەو شوێنەی سوپاکەی خەندەقیان لێدا، شەست شیشی رووپێو دوور لە سەربازگەکەی داریوشەوە لەسەر (بومادوس)، کە پێنج سەد یان شەش سەد شیشی رووپێو دەبوو لە ئاربیلاوە و ناوچەکە گردۆڵکەی تێدابوو یان بەربەست، کە دەبوونە هۆی نادیاریی سەربازگەکان لە یەکەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەو مەودا گەورەیەی لەنێوانی ئاربیلا و (گاوگەمەلا)دا باسکرا، ئاریان دەڵێت: ئەلێکساندەر دوای شەڕەکە لە زێ پەڕیوەتەوە و ئینجا هەواری هەڵداوە. ئەمەش هەموو مەوداکە بە شێوەیەکی ئاشکرا فڕێدەداتە نێوان ئاربیلا و زێوە. ئێستا بە شوێنی تایبەتیان و ڕێژەی ئەو زانیاریەی بە باشی هەمانە هەڵەی ئاریان پێشان دەدات. بەپێی کەرتیوس یەك ڕێکردنە لە دیجلەوە بۆ هەوارگە خەندەق لێدراوەکەی، کە 150 شیشی رووپێو دەبوو لە داریوشەوە، ڕێکردنێکی تر (کاتێ، کە شاژن کۆچی کرد)، لەوانەیە ڕێکردنێکی کورت بووبێ، "ئێستا داریوش 10 شیشی رووپێو لە پێشەوەیە" ڕێکردنێکی تر، لە هەر سێ ڕێکردنەکەدا دووانیان مەوداکەی کورت بووە.

# پاشکۆی سێیەم

## لەو کۆکراوانەی ئەم دواییەی میستەر ریچ، کە ئێستا سپێردراوە بە مۆزەخانەی بریتانی

1. تەورات، لە پارچەکانی سێ بەش دەستنووسی زۆر کۆن پێکهاتووە. لەسەر کاغەزی دووقەدکراو، پێستەی تەنك.
2. تەورات، لەوانەیە لە سەدەی پانزەیەمدا نووسرابێت، 262 پەڕەگەڵایە، لەسەر لاپەڕەی (روبعی) نوشتەکراو، کاغەزی لۆکە.
3. تەورات، لەوانەیە لە سەدەی شانزەیەمدا نووسرابێت. 272 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی (روبعی) بچوك، کاغەزە.
4. تەورات، لە ساڵی 1724دا نووسراوە. 292 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی (روبعی)، کاغەزە.
5. 6و7 چەرخی کۆن. لە سێ بەرگدا، پێچراوە، لە نێوانی ساڵانی 1812-1820 نووسراوە، لە تەلکێف، یان کەیف، نزیك موسڵ، کاغەزە.

8. پێغەمبەران، (MS) زۆر کۆن، 189 پەڕەگەڵایە، بەشێکی گەورەی بەرگێکە، لاپەڕەی (روبعی).
9. روپ، گوڵبژێرێ لە کتێبی دووەمی سامۆئیل و گۆڕانی سولەیمان. 19 لاپەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.
10. سرودی ئایینی، هەرچۆن لە کڵێسەکانی یاقوبیەکاندا دەخوێندرایەوە، لە ساڵی 1204دا نوسراوە. 182 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پێستەی تەنکە.
11. سرودی ئایینی، کۆپییەك ئامادەکراوە بۆ بەکارهێنان لە کڵێسەکاندا، ساڵی 1220 نووسراوە، 53 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.
12. سرودی ئایینی، کە بۆتە پاشکۆی کۆمەڵێ ویرد و سڵاوات، لەوانەیە لە سەدەی حەڤدەیەمدا نووسرابێت، 214 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.

13. بەشی دووەمی ئینجیل، لە وەرگێڕانەکەی (پیشیتۆ)، نووسینێکی تەواو پارێزراوە و بە شێوەیەکی جوان جێبەجێکراوە. مێژووی 1079/زاینی هەڵگرتووە، دوای چەرخی (سەلوسیدی)، ساڵی 768. 197 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستی تەنکە، هەندێ پەڕەگەڵای وون بووە.

14. بەشی دووەمی ئینجیل، لە وەرگێڕانی (پیشیتۆ)، لەوانەیە لە سەدەی یانزەیەمدا نووسرابێت. 230 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

15. بەشی دووەمی ئینجیل، وەرگێڕانی (پیشیتۆ)، لەوانەیە لە سەدەی دوانزەیەمدا نووسرابێت، 276 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پەڕەی لۆکەیە، کەموکوڕی هەیە.

16. بەشی دووەمی ئینجیل، لە وەرگێڕانی (پیشیتۆ)، کۆپیەکەی مێژووی ساڵی 1203 زاینی پێوەیە، 258 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

17. چوار ئینجیلەکە، لە وەرگێڕانی (پیشیتۆ)، لەوانەیە لە سەدەی دەیەمدا نووسرابێت، 123 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پێستەی تەنکە. کەموکوڕی هەیە.

18. چالاکیەکانی پەیامبەرانی عیساو پەیامەکانی بەشی دووەمی ئینجیل، لە کۆپی وەرگێڕانەکەی (فیلۆکسینیا). لەوانەیە لە سەدەی چواردەیەمدا نووسرابێت. 128 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پەڕەی لۆکەیە، کەموکوڕی هەیە.

19. بەشەکانی ئینجیل، لە وەرگێڕانی (فیلۆکسینیا). لەوانەیە لە سەدەی نۆیەم یان دەیەمدا نووسرابێت. 36 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیە، پێستەی تەنکە.

20. ئینجیل، لە وەرگێڕانی (فیلۆکسینیا). 189 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پەڕەی پێستەی تەنکە، کەموکوڕی هەیە.

21. ئینجیل، لە وەرگێڕانی (فیلۆکسینیا). لەوانەیە لە سەدەی سیانزەیەمدا نووسرابێت. 104 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پەڕەی پێستەی تەنکە، کەموکوڕی هەیە.

22. ئینجیل، له وەرگێڕانی (فیلۆکسینیا). لەوانەیە لە سەدەی پانزەیەم یان شانزەیەمدا نووسرابێت. 253 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوکە، پەڕەی لۆکە، کەموکوڕی هەیە.

23. بەشەکانی ئینجیلی سانت ماسیۆ، لە وەرگێڕانی (فیلۆکسینیا). لەوانەیە لە سەدەی شانزەیەمدا نووسرابێت. 15 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پەڕەی لۆکەیە.

24. وانەکانی ئینجیلی کۆن و نوێ، لە کڵێسەکانی نیستۆریەکاندا لە رۆژانی یەك شەممە و بۆنەکاندا بەدرێژایی ساڵ دەخوێندرا، لەوانەیە لە سەدەی سیانزەیەمدا نووسرابێت. 187 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پەڕەی لۆکەیە.

25. وانەکانی ئینجیل، لە کڵێسەکانی یاقوبیەکاندا دەخوێندرا، لەوانەیە لە سەدەی دوانزەیەمدا نووسرابێت. 249 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیەکی گەورەیە، پێستەی تەنکە.

26. وانەکانی ئینجیل، لە کڵێسەکانی یاقوبیەکاندا دەخوێندرا، لەوانەیە لە سەدەی سیانزەیەمدا نووسرابێت. 265 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیەکی گەورەیە، پەڕەی لۆکەیە.

27. وانەکانی ئینجیل، لە کڵێسەکانی یاقوبیەکاندا دەخوێندرا، لە ساڵی 1173دا نووسراوە. 146 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

28. وانەکانی ئینجیل، لە کڵێسەکانی یاقوبیەکاندا دەخوێندرا، ئەم قەوارەیە لە بەشەکانی دوو دەستنووسەکەیە، کە لەوانەیە بە لایەنی کەمەوە سەدەی چواردەیەم بێت. 175 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیەکی گەورەیە، پەڕەی لۆکەیە.

29. وانەکانی ئینجیل، لە کڵێسەکانی نیستۆریەکاندا دەخوێندرا، 131 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیەکی گەورەیە، پێستەی تەنکە.

30. وانەکانی ئینجیل، لە کڵێسەی نیستۆریاندا دەخوێندرا، ساڵی 1499 نووسراوە، 219 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیەکی گەورەیە، کاغەزە.

31. وانەکانی ئینجیل، بۆ کڵێسەی نیستۆریان، ساڵی 1574 نووسراوە، 136 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پەڕەی لۆکەیە.
32. وانەکانی ئینجیل، بۆ کڵێسەی نیستۆریان، ساڵی 1683 نووسراوە، 213 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیە، کاغەزە.
33. تقوسی نستۆریان، یان داب و نەریتی پیرۆز لە کڵێسەکانی نستۆریەکان لە رۆژانی یەك شەممە و بۆنەکاندا بە درێژایی ساڵ. ساڵی 1484 نووسراوە، 358 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پەڕەی لۆکەیە.
34. تقوسی نستۆریان، ساڵی 1545 نووسراوە، 465 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیە، پەڕەی لۆکەیە.
35. تقوسی نستۆریان، لەوانەیە لە سەدەی پانزەیەمدا نووسرابێت. 297 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پەڕەی لۆکەیە.
36. نەریتی ئایینی یەعقوبیەکان، ساڵی 1658 نووسراوە, 98 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.
37. نەریتی ئایینی نستۆریان، لەوانەیە لە سەدەی شانزەیەمدا نووسرابێت. 133 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، پەڕەی لۆکەیە.
38. ئۆفیسەکان بۆ هەفتەی پەژارە و کۆچکردن، ، لەوانەیە لە سەدەی شانزەیەمدا نووسرابێت. 168 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزی لۆکەیە.
39. خوێندنەوە و گۆکردنی راستی ناو و وشەی گران لە وەرگێڕانی سریانی ئینجیلی کۆن و نوێدا و کارەکانی تریش لەلایەن یەعقوبی ئێدیساوە، ساڵی 1033 نووسراوە، 132 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.
40. روونکردنەوەیەك لەبارەی ئینجیلەوە لەلایەن (دیونیسیوس بار سالیبی)، ساڵی 1516 نووسراوە، 328 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیە، کاغەزی لۆکەیە.
41. روونکردنەوەیەك لەبارەی پێشبینییەوە، چالاکی پێغەمبەران و نامەکانی بەرگی دووەمی ئینجیل، لەلایەن (دیونیسیوس بار سالیبی)، لەوانەیە لە سەدەی چواردەیەمدا نووسرابێت. 237 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی بچوك، کاغەزی لۆکەیە.

42. Horreum Mysteriorum ، روونکردنەوەیەك لەبارەی پیرۆزی کتێبی پیرۆزەوە، لە لایەن (گریگۆرێس بارِ هەبەرسیوس) ، لەوانەیە لە سەدەی چواردەیەمدا نووسرابێت. 220 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزی لۆکەیە.

43. هەندێ لە وتارەکانی (گریگۆری نازینز)، کە لەوانەیە لە سەدەی دەیەمدا نووسرابێت. 180 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

44. پارچەکانی کۆکراوەیەکی زۆر کۆن لە ئامۆژگاری ئایینی، لەوانەیە لە، یان پێش سەدەی نۆیەم نووسرابێت. 46 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

45. گفتوگۆی ئایینزانی، تایبەت بە (هایەرۆسیوس)، لەوانەیە لە سەدەی پانزەیەمدا نووسرابێت. 167 پەڕەگەڵایە، ، پێچراوەیە، کاغەزی لۆکەیە.

46. کۆمەڵێك نامیلکەی ئایینزانی لە لایەن دوو نووسەری جیاوازەوە، لەوانەیە لە سەدەی سیانزەیەمدا نووسرابێت. 375 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

47. پارچەکانی نامیلکەکانی مشتومڕی پیتەری گچکە، باوکی (ئەنتیوچ) دژی (دامیانوس)، لەوانەیە لە سەدەی دەیەمدا نووسرابێت. 173 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

48. پارچەکان و کورتە زانستنامە، بە شێوەیەکی گشتی ئایینزانی، لەوانەیە دەوربەری سەدەی دەیەم نووسرابێت. 77 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، پێستەی تەنکە.

49. کتێبی گەنجینەی یاقوب بارتەلەنیسس، لەوانەیە لە سەدەی چواردەیەمدا نووسرابێت. 147 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.

50. ئاکاری (گریگۆرێس بارِ هەبەرسیوس)، لەوانەیە لە سەدەی پانزەیەمدا نووسرابێت. 266 لاپەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.

51. ئاکاری (گریگۆرێس بارِ هەبەرسیوس)، لە سەدەی پانزەیەم یان شانزەیەمدا نووسراوە. 155 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە، کەموکوڕی هەیە.

52. ئاکاری (گریگۆڕێس باڕ هەبەرسیوس)، ساڵی 1705 نووسراوە، 257 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.
53. تۆمارنامەی ئەلیاس، سەرەك قەشەی (نیسبیس)، پاشکۆی خشتەی کاتە جیاوازەکان لەلایەن هەمان نووسەرەوە. 103 پەڕەگەڵایە، پێچراوەیە، پێستەی تەنکە.
54. بەرگی دووەم و سێیەمی تۆمارنامەی (گریگۆڕێس باڕ هەبەرسیوس)، لەوانەیە لە سەدەی شانزەدا نووسرابێت. 226 پەڕەگەڵایە، کاغەزی لۆکەیە.
55. خستنەڕووی ئایینزانی جیاواز، لەوانەیە لە سەدەی شانزەیەمدا نووسرابێت. 74 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.
56. ژیانی پیرۆزان و شەهیدان، دەوروبەری سەدەی سیانزە نووسراوە. 114 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی گەورە، کاغەزەی لۆکەیە.
57. دەستوورەکانی سریانیی (گریگۆڕێس باڕ هەبەرسیوس)، لەوانەیە لە سەدەی حەڤدەیەمدا نووسرابێت. 254 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.
58. دەستوورەکانی تری زمانی سریانیی لە شیعردا (گریگۆڕێس باڕ هەبەرسیوس)، ساڵی 1560 نووسراوە. 88 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزی لۆکەیە.
59. فەرهەنگی سریانی، بە عەرەبی شیکراوەتەوە، لەوانەیە کاری (جۆشوا بار عەلی) بێت. ساڵی 1679 نووسراوە. 215 پەڕەگەڵایە، لاپەڕەی روبعی، کاغەزە.

# پاشکۆی چوارەم

**یاداشتی پەیوەندی و مەوداکان، لە بەغداوە بۆ سولەیمانی، بۆ سەرسنووری فارس، لە سولەیمانییەوە بۆ نەینەوا و موسڵ، لە موسڵەوە بەرەوخوار بە دیجلەدا بۆ بەغدا و لە بەغدادیشەوە بەرەوخوار بە دیجلەدا بۆ بەسرە.**

## ڕەوتی کۆمپاس و مەوداکان لە نێوان بەغدا و سلێمانیدا

- 17 **ئەپریڵ/نیسان،**

باخی حاجی بەگمان لە سەعات 07:15 سەرلەبەیانی جێهێشت و لە سەعات 12:45دا گەیشتینە هەوارەکەمان لە نزیك دۆخالە. (یەنیجە) لەم شوێنەوە بۆ پیشەوەی باشوور 20° ڕۆژئاوا، (هۆوەیش) باشوور 60° ڕۆژئاوا، (دۆخالە) باکوور 70° ڕۆژئاوا. ماوەی نیو میل دوورە.

- 18/ **ئەپریڵ/ نیسان،**

لە سەعات 06:15 سەرلەبەیانی سەرکەوتین بەرەو ڕێی (تۆپراك قەڵا). لە سەعات 08:45دا لە (سەید موخسەن پاوك) دابەزین، کەمێ لەولاوە لەسەر کەناڵی خاڵس. لە سەعات 09:45دا دووبارە سەرکەوتینەوە و لە سەعات 11:45دا لەسەر جۆگەیەکی وشك دابەزینەوە. لە (تۆپراك قەڵا)وە ڕێڕەوی گشتی ڕێگەکەمان باکوور 10° ڕۆژهەڵات بوو، بەڵام زۆربەی جار لێی لامان دەدا بۆ دەربازبوون لە قوڕە قوڵەکە.

**ڕەوتەکان بە کۆمپاسی ڕوومالّی بچوک لە کەمپەکەوە:**

ئیمام موجەدید، باشوور 72° ڕۆژئاوا، نیو میل.

موسابە خان/ باکوور 86° ڕۆژهەلات، لە نیو میل کەمتر دوورە.

عەبدوڵلا بن عەلی، باشوور 43° ڕۆژهەلات، لە ناوچەی خۆراسان.

هیدیت، باشوور 43° ڕۆژئاوا، لە ناوچەی خالّس.

نەهرول ئەسوەد، باشوور 51° ڕۆژئاوا، لە ناوچەی خالّس.

هاپی هاپ، باشوور 63° ڕۆژئاوا.

دولتوڤە، باکوور 86° ڕۆژئاوا.

(باش چاییەر) یان (کیور یەنیجیە)، باکوور 53° ڕۆژئاوا، یان تان و پۆی باکوور، باکوور 70° ڕۆژئاوا.

- 19 و 20/ ئەپریلّ/ نیسان. پشودان.
- 21/ ئەپریلّ/ نیسان، لە سەعات 06:30 سەرلەبەیانی ڕێکردن و لە سەعات 10:00 لە (چوبوك) لاماندا.
- 22/ئەپریلّ/نیسان، پشودان.
- 23/ **ئەپریلّ/نیسان،**

لە سەعات 06:15 سەرلەبەیانی سەرکەوتنەوە.

ئێمە پێویست بوو لە ڕێگەی خۆمان لابدەین، تا ڕوومان لە دیالە بێنێینەوە، ئەویش بەهۆی ئاوی ئەو بارانەی دوێنێ جێیهێشتووە. هێڵەکەی زاگرۆس بۆ تاوغ درێژدەبێتەوە، وەك شێوە سنوورێك لە دیدی ئێمەدا دەنوێنێ، هەر، کە گوندی (چوبوك)مان جێهێشت، لە سەعات 09:00دا گەیشتینە (دەلی عەباس).

ئەم دیمەنانەی لای خوارەوە بە کۆمپاس لە ناوەندی پردی دەلی عەباسەوە رووماڵ کراوە.

شارەبان، باشوور 27°رۆژهەلات. تەنیا لە مەدای چاودا.

(هوبیس)، باشوور 34°رۆژهەلات، لە ناوچەی خۆراسان.

ئەدەنە کەوی، باشوور 83°رۆژهەلات، ناوچەی خالس.

سەید موبارەك، باشوور 77°رۆژهەلات، ناوچەی خالس، دوو میلە.

سەرایجیك، باشوور، 66° رۆژئاوا، ناوچەی خالس.

نەبی شاید، باشوور 60°½ رۆژئاوا، ناوچەی خالس.

ئەجەمییە، باشوور 56° رۆژئاوا.

عەواشیك، باشوور 34°رۆژئاوا، لەسەر دیالە.

بێگاوا، باشوور 6°رۆژئاوا، لەسەر دیالە.

رووەو (چوبووك) هێما کراوە، باشوور 35° رۆژئاوا.

- 24/ **ئەپریڵ/نیسان،**

لە سەعات 05:30 سەرلەبەیانی سەرکەوتینەوە، بەڵام نەمانتوانی راستەوخۆ لە دەلی عەباسەوە بچین بۆ گردەکانی حەمرین، ئەویش بەهۆی ئەو ئاوەی، کە لەم بارانەی ئەم دواییەوە پەیدابووە.

لە سەعات 06:30 گەیشتینە دەربەندێ لەناو گردەکانی حەمریندا، کە پێیدەوترا (ساکاڵ تاوتان). رێگەکەمان لێرەوە باکوور 10°رۆژهەلاتە، لە سەعات 07:30. رێگاکە لقی لێدەبێتەوە بۆ **بارادان**. ئێمە مەبەستمان چوونە بۆ بارادان، بەڵام هەواڵ هات، کە پەڕینەوە لە (نارین) بەهۆی ئەم بارانەی ئەم دواییەوە زەحمەت بووە. رێگەکەمان

باکووره، له سه‌عات 08:15دا چیاکه‌مان جێهێشت و له‌سه‌ر لای چه‌پ ماینه‌وه. له سه‌عات 10:20 گه‌یشتینه پردی نارین و له سه‌عات 11:00 سه‌رکه‌وتینه‌وه. له سه‌عات 12:40 پاش نیوه‌ڕۆ گه‌یشتینه (قه‌ره‌ته‌په). به درێژایی ڕێگه‌که به‌باشی ڕێمانکرد.

له‌سه‌ر گرده‌که‌وه له قه‌ره‌ته‌په ئه‌م رووماڵانه‌ی لای خواره‌وه‌م وه‌رگرت:

سیداڵان، باشوور 45°ڕۆژهه‌ڵات، یه‌ك سه‌عات و نیو لاده‌دات.

بارادان، باشوور 18°ڕۆژهه‌ڵات، پێنج سه‌عاته.

گردی ته‌بڵه، له‌سه‌رو شاره‌بانه‌وه له‌ناو حه‌مریندا، باشوور 7°ڕۆژهه‌ڵات.

- 25/ **ئه‌پریڵ/نیسان**.

له سه‌عات 05:30 سه‌رله‌به‌یانی به‌ره‌و باکوور 10°ڕۆژهه‌ڵات، به‌سه‌ر گردۆڵکه‌ی به‌رده‌ڵاندا ڕۆیشتن، له لای که‌ناری ڕۆژئاوادا، له کوێدا، که قه‌ره‌ته‌په‌ی لێیه، لێژبوونه‌وه‌که که‌مێ هێورتر ده‌بێته‌وه و ئینجا ده‌چێته ناو دۆڵێکی بچوکه‌وه، پاشان به‌سه‌ر یاڵی گرده‌کاندا، که له سه‌عات 07:30دا لێوه‌ی شۆڕبووینه‌وه بۆ لێژاییه‌کی درێژ بۆ پردی چیمه‌ن. لێره‌وه باکوور بۆ لێشاوێکی فراوان له سه‌عات 08:30 به‌سه‌ر ده‌شته‌که‌ی لای (ته‌له‌سشیان)دا و له سه‌عات 09:10دا دابه‌زین، ڕاسته‌وخۆ دوای ئه‌وه‌ی بچینه ناو به‌رزاییه‌کی تره‌وه، هه‌روه‌ها لێژاییه‌کی که‌م هه‌بوو. له سه‌عات 09:40دا دیسانه‌وه و له سه‌عات 11:00دا گه‌یشتینه کفری.

- 26،27/ **ئه‌پریڵ/ نیسان**، له کفری ماینه‌وه.

- 28/**ئه‌پریڵ/ نیسان**،

له سه‌عات 05:40 سه‌رله‌به‌یانی سه‌رکه‌وتینه‌وه، ڕێگه‌که‌مان به‌ره‌و باشوور 75°ڕۆژئاوا بوو، به‌ناو زنجیره‌یه‌ك گردی مه‌ترسیداردا تێپه‌ڕین، که به‌رده‌وامی گرده‌کانی کفری

بوون. به هەمان شێوه چەند لقێ لەو گرده مەترسیدارانەش له حەمرین، سەرو قەرەتەپه و له زنجیرەی زەنگەبادەوه بەیەکدەگەنەوه.

له سەعات 06:30دا ئاستەکەمان رۆژئاوابوو، هێشتا هەر لەناو گردەکانداین.

له سەعات 07:00 جێمان هێشت و چووینه ناو دەشتی **بەیاتەوه**، که به شێوەیەکی هێواش به گردەکانی کفریدا شۆڕدەبێتەوه بۆ بەنداوی چیمەن، به ئاڕاستەی باکوور 85° رۆژئاوا. له سەعات 07:30دا دۆڵێك لەگەڵ جۆگەلەیەکی بچوك له ئاوی باراناو، لێرەوه بەرەو باکوور 80°رۆژئاوا، له سەعات 08:00، باکوور 55°رۆژئاوا، له سەعات 08:20 (کوڕو چەی)، بنی دەریاچەیەکی پان و بەرین لەگەڵ هەندێ ئاوی باراناوی کەم. پشودان له هەوارگەیەکی بەیاتەکاندا. له سەعات 09:00دا سەرکەوتینەوه، ریڕەوەکەمان رووەو باکوور 45°رۆژئاوا بوو، له سەعات 09:30دا گەیشتینه کەلاوەیەك لەسەر رێگەکەدا به ناوی (**کیزەڵ خەرابه**). له (کیزەڵ خەرابه)وه بەرەو باکوور 50°رۆژئاوا، له سەعات 10:30دا تەپەیەکی تر، یان کەلاوەیەك، له سەعات 10:45 گوندێکی گەورەی بەیاتەکان، له سەعات 11:10 گوندێکی گەورەی تر. ئێمه ئێستا رێڕەوی گردەکانی حەمرینمان ون کردووه، که هەموو رۆژەکه لەلای دەستی چەپمانەوه بوو، به چوونی زیاتر بەرەو رۆژئاوا ئێستا توزخورماتوو بەدیدەکرێ، رەوتی باکوور 20°رۆژئاوا. نزیکەی چارەکه سەعاتێك بەر لەوەی بگەینه توزخورماتوو، بەلای جۆگەیەکدا تێپەڕین، پێیاندەوت (ئاق سو)، که له ئیبراهیم خانچییەوه دەهاتەخوارەوه.

لەلای چەپمانەوه و دوو سەعاتێك دوور، گوندی (یەنیجه)مان بینی، که لەسەر رێگەی نێوان بەغدا بۆ تاوغه. له سەعات 12:30 پاش نیوەڕۆ، دوای ئەوەی جۆگاکەمان تێپەڕاند، گەیشتینه تووزخورماتوو.

- 29/ **ئەپریل/نیسان،**

لە تووزخورماتوو وێستاین. لە گردە سەرەکیەکەی کەلاوەکەوە بۆ رۆژئاوای شارەکە ئەم رێڕەوانەم هەیە:

(یەنیجە)، باشوور 71°رۆژئاوا، ماوەی یەك سەعاتە. (نیبەر) تێبینی لێرە وەرگرتووە.

ماڵەکەمان لە تووزخورماتووەوە باکوور 67°رۆژهەڵات، یەك میلە بە هێڵێکی راست.

کەلاوەی قەڵایەك لە دەربەندەکەدا، باکوور 79°رۆژهەڵات.

هێمای رووەو (تاووك- تاوغ)، باکوور 15°رۆژئاوا.

هەروەها لە دەروازەی (ئەماوم- ئیمام)ەوە، باشوور 87°رۆژئاوا.

- 30/ **ئەپریل/نیسان،**

هێشتا لە تووزخورماتووین. لە ئێوارەدا، لە تەلاری خانووەکەمانەوە ئەم ریڕەوانەی لای خوارەوەمان وەرگرت:

( یەنیجە)، باشوور 67°رۆژئاوا، رێڕەوی راستەقینە باشوور 67°½ رۆژئاوایە.

(تاووك- تاوغ)، باکوور 24°رۆژئاوایە.

قەڵای وێرانە، باشوور، 84° رۆژهەڵات.

چاڵە نەوتەکان، باشوور 67° رۆژهەڵات. پۆ وتانی باکوور لێواری باکوور 65°رۆژئاوا لە بارودۆخی ناکۆکدا، 7°، 16′ رۆژئاوا.

- 1/مەی/مایس،

لە سەعات 05:30 بەرەبەیان تووزخورماتوومان جێهێشت، ڕێڕەومان ڕووەو باکوور 15° ڕۆژئاوا بوو. لە سەعات 06:45 باکوور 30°ڕۆژئاوا. گردۆڵکەی گەچی لەلای ڕاستمانەوە بوو. لەلای چەپیشمانەوە دەشتێکی کەمێ لێژ بەلای گردەکانی حەمریندا، کە بە ئاشکرا لە ماوەی سێ بۆ چوار سەعاتدا بەدی دەکرا. وا دەردەکەوێت، کە لێرەدا پێچ بکەنەوە، یان لە ڕۆژئاواوە نزیکترین بەش لە ئێمەوە وەك دیوارێکی خۆئامادەکردن بۆ جەنگ وایە و ڕێڕەوەکەی باکوور 85°ڕۆژئاوا. (ئەدهەیام) بە ناوچەیەکی شاخاویدا بۆ ماوەی نیو سەعات بەژێر ئەم بەشەدا تێدەپەڕێت و هەروەها لە خوار ئەوەوە (دەمیر کاپی)یە. دوای بەشە لێوارێك یان کەلەبەرێ دیسانەوە زنجیرە چیاکە دەردەکەوێتەوە، کە بەلای ڕۆژئاوادا پێچیکردۆتەوە.

لە سەعات 07:00دا، باکوور 45°ڕۆژئاوا. کۆمەڵەیەکی گردەگەچ دەرکەوتن، بەڵام لەو بڕوایەدام کۆتایی نەهاتووە، یان ڕاستر بڵێم بووەتە کۆمەڵەیەك گردی نزمی مەترسیدار و بەرەو ڕۆژئاوا لار دەبێتەوە. لە سەعات 07:20دا ڕێڕەومان بەرەو باکوور 20°ڕۆژئاوا بوو.

لە سەعات 07:40دا منارەکەی تاوغ دەرکەوت، چوومە سەر گردێکی بچووك، بەشێکی بەردەڵان بوو، هەروەها خۆشبەختانە تاوغ و تووزخورماتووشم بە یەکجار دەبینی، لە کۆتایی باکوور و باشووردا خاڵەکانی ئاسۆیە.

تاوغ، باکوور15°ڕۆژئاوا، تووزخورماتوو، باشوور 15°ڕۆژهەڵات. بۆیە هەروەها ئەو کۆمەڵەی گردەگەچەم بینی دەرکەوتبوون و کوتوپڕ لەوپەڕی سنووری باکووردا لەیەك دادەبڕێ، کەناری ڕۆژئاوا، کە هێڵکی سەختی بە تەنیا لێوە دەردەچێت، کە ئێمە بۆ ماوەی سەعاتێکە ڕێدەکەین. لە ڕۆژهەڵاتی باکوورەوە دابڕانێکی چاوەڕوان نەکراو بەرەو ڕۆژهەڵاتە. بۆشایی ناوەندی دۆڵەکە بە تاوێر و بەردی چیاکان پڕبۆتەوە. لە سەعات 10:00 گەیشتینە (تاووك- تاوغ چای)، کە کەمێ بەرزدەبێتەوە بۆ کوردستان لەسەر لای ڕاستی ڕێگەکەمان و بە بەردەم قەرەحەسەندا تێدەپەڕین، کە چەند

جۆگەلەیەکی لێوە دەردەچێت. کاتێ، کە پڕ دەبێت لە ئاو، لە (ئەدهەیام) دەچێت، بەڵام، کە بۆ ئادوێری رایدەکێشن بە دەگمەن دەگاتە دیجلە.

لە سەعات 10:20دا چووینە ناو (تاووك- تاوغ)ەوە، زیارەت لە زەینولعابیدین، لەسەر بەرزاییەکەیە، باکوور 65°رۆژهەڵات دەبڕێ، لە ماڵەکەمانەوە رێگەکە دوو میلە.

- 2/ مەی/ مایس.

لە سەعات 06:15 سەرلەبەیانی دەستمان بە رۆیشتن کرد، رێڕەوەکەمان باکوورە، رێگەی کەرکوکمان جێهێشت لە لای چەمانەوە بۆ داوێنی چیاکان. تەنیا حەمرین لەلای چەمانەوە دەبینرێ. لە سەعات 07:20دا گەیشتینە گوندی (جومەیلە). ئیدی دەستمان کرد بە سەرکەوتن بەسەر کۆمەڵە شاخێکدا، بە واتایەکی تر کۆمەڵەی رۆژئاوایی دووڕیانەکە. ئیتر گردەکانی کفری دەستی پیکرد، دوێنێ لە شوێنێکدا تێبینی ئەوەم لە نوسراوەکانمدا کردووە.

دەچوون بۆ باکووری رۆژئاوا بۆ گوندی (مەتارە)، لەوێوە، کە ناوەکانیان وەرگیرا شوێنەکە پێشتر باسکراوە، ئینجا ئەوان بە بەردەمی تازە خوورماتوودا تێدەپەڕن و دوای تۆزێ دەڵێن خۆیان ونکرد.

لە سەعات 07:40 گەیشتینە بەرزاییەك، یان درێژبوونەوەی کەلاوەیەکی بەردەلآن لە شێوەی کۆمەڵ، یان کەندڕی دەرودەشت، رێگەکەمان باکوور 50°رۆژهەڵات. لە سەعات 08:00دا هات بۆ لێوارەکانی تر بە چینی لار. ریگەمان باکوور 65° رۆژهەڵات. لە سەعات 08:45دا گەیشتینە خاڵێك، کە دەڕوانێت بەسەر دەشت یان ناو دۆڵی (لەیلان)دا، گردەکانی بە شێوەیەکی یەك لەدوای یەك بە هێواشی بۆ دەشتەکە شۆڕدەبوونەوە. لەوێد ئەم رێڕەوانەم بە دەست هێنا:

لەیلان، باکوور، ماوەی سەعات و نیوێك.

تەپەلی، باکوور 45°ڕۆژهەڵات.

پیانی، باکوور 60°ڕۆژهەڵات، لە گردەکەوە نیو میل دەبێت.

لە سەعات 09:30دا دابەزین، دیسانەوە لە سەعات 10:15دا سواربووینەوە و لە سەعات 10:45دا گەیشتینە لەیلان. لەو خاڵەوە، کە لەیلانم خستۆتە باکوورەوە، ڕێگاکە بە ڕێکی بۆ گوندەکە نارِوات، بەڵام کەمێ لادانی تیایە، دەبێ زیادەیەکی خرابێتە سەر لە تەلاری ماڵەکەمان، کە تیایدا نیشتەجێ بووین. کەرکوکم بینی، کە چەند جارێ بە کۆمەڵێ ڕێنماوە رووپێوی بینینە بەناویەکداچووەکانم کرد، تا تەواو دڵنیابم. ئەو خاڵەی دامنا گردی قەڵاکە بوو، کە بەشێك لە شارەکە لە داوێنیدا لە دووربینەکەوە دەبینرا.

قەڵای کەرکوك، باکوور 24°ڕۆژئاوا+ گۆڕان. 6°38′ رۆژئاوا، رەوتی راستەقینە، باکوور، 30. 38 رۆژئاوا. ماوەکە 10 میلی جیۆگرافیاییە. ناوچەکە لەنێوان کەرکوك و لەیلاندا دەشتێکی تا بڵێی چاکە. تازە خوورماتوو سێ سەعاتە. گردە بەرزەکەی **کاوشان**، لەو برِوایەدام یان **قەرەچوغ**، باکوور دەبرِێ 51° رۆژئاوا، تەنیا لە ئاسۆوە دیارە. پۆ و تانی لێواری باکوور لە باری باکوور 64°ڕۆژئاوادا، نیو میل باکووری گوندی (**یەحیاوا**)یە.

- 3/ **مەی/مایس،**

لە سەعات 05:30 سەرلەبەیانی لەیلانمان جێهێشت، رووەو باکوور 30°ڕۆژهەڵات بە درێژایی رووباری **لەیلان**، لە ماوەی نیو سەعاتدا گەیشتینە گردەکان، کە لەوێدا راستەوخۆ بەرزدەبنەوە لە دەشتەوە بۆ گردۆڵکە، لە سەر بەرزاییەکەوە ڕێرِەوەکەمان بەرەو باکوور 70°ڕۆژهەڵات بوو. لە سەعات 06:45دا روومان بەرەو باکوور 25° ڕۆژهەڵات بوو، بەو شێوەیە تا کۆتایی ڕێکردنەکەمان بەردەوام بووین، بە درێژایی ڕێگەکەش ئاوی لەیلان لەلای چەپمانەوە بوو.

لە سەعات 07:30دا شۆڕبووینەوە بۆ ناو شیو و دۆڵێك، کە بەهۆی ئاوی جۆگەیەکەوە دارِمابوو، هەروەها بە خێرایی دەچووە خوارەوە تا تێکەڵ بە لەیلان بێت. لەوێدا بۆ ماوەی نیو سەعات وێستاین و پاشان سواربووینەوە و لە سەعات 08:30 دا گەیشتینە هەوارگەی (یوسف ئاغا). هەموو گەشتەکەمان نیو سەعاتی وێستانی لێدەربکەی، دوو سەعات و نیو بوو.

- **4/مەی/مایس،**

سەعات 05:30 سەرلەبەیانی سەرکەوتین، رێگەکەمان بەرەو باکوور، بەدرێژایی دۆڵی ئاوی لەیلان بوو. لە سەعات 06:15دا رێگای باکوور 40°رۆژهەلات. لە 06:30 دا باکوور 55°رۆژهەلات. لە سەعات 07:00دا باکوور 25° رۆژهەلات. لە سەعات 07:20دا باکوور 60°رۆژهەلات. لە سەعات 07:45دا باکوور 80°رۆژهەلات. لە سەعات 08:00دا باکوور 75° رۆژهەلات.

ئێمە ئێستا لەیلانمان جێهێشتووە، کە تا رادەیەك پەڕینەوە بەناو گردەکاندا بۆ باکووری رۆژئاوا گران بوو، کە وورده ورده بەرزدەبووەوە بۆ بەرزایەکان، ئەم گردانە لە هەموو روویەکەوە لە دەشتە بەرزەکان جیاوازن.

لێرەوە چەند جۆگەیەك دەڕژێتە کوردستانەوە. لە سەعات 08:50دا راستەوخۆ شۆڕبووینەوە، بەلاّم دابەزینێکی سەخت نەبوو، باکوور 70°رۆژهەلات، کە لە بیست دەقیقەدا ئێمەی خستە یەکەم شوێنی دابەزینەوە. بۆیە بە لارییەکی کەمدا شۆڕبووینەوە، لە باکوورەوە 45°رۆژهەلات، بۆ چەمچەماڵ. لە سەعات 10:00دا لە چەمچەماڵ وێستاین.

چەند دیمەنێکی باشم بە کۆمپاس رووماڵ کرد، هەروەها خۆشبەختانە ئاسۆیەك هەبوو، کە یارمەتیەکی فرەی دام بۆ راستکردنەوەی تێبینیەکان.

تێبینیەکان وەك ئەمانەی لای خوارەوە بوو:

ڕۆیشتن بە دەربەندا، باکوور 54°½ ڕۆژهەڵات. ′21 °7 گۆڕان- ڤارِ (واتە پێوانەی ناجێگیر) . ڕێڕەوی ڕاستەقینەش باکوور 47° 9 ڕۆژهەڵاتە.

لوتکەی پیرەمەگروون (گوودروون)، باکوور 60° ڕۆژهەڵات.

کۆی سنجاق (کێوی سانجیاك) لە سەروو چیاکانی خاڵخاڵانەوە، باکوور 22°½ ڕۆژئاوا.

ماوەکە بە هێڵێکی ڕاست 12:00 سەعاتە.

دەربەندی (باستەڕە) یان باسەڕە لە چیاکانی قەرەداغ، باشوور 67°½ ڕۆژهەڵات.

سەگرمە، باشوور 53°ڕۆژهەڵات.

چیای دیلەۆ، باشوور 39° ڕۆژهەڵات.

ئیبراهیم خانچی، نزیك باشوور 23°ڕۆژهەڵات.

زەنگەنە، باشوور 49° ڕۆژهەڵات.

ڕێگای **گەشێ خان** بۆ کەرکوك، باکوور 87°ڕۆژئاوا. ماوەی ڕێگاکە بۆ کەرکوك هەشت سەعاتە.

پۆوتانی باکوور لە باری، باکوور 62°½ ڕۆژئاوا. (ڤار) ناجێگیر- 7° ′21 ڕۆژئاوایە.

لە سەعات 05:30 سەرلەبەیانی دەستمان کرد بە ڕۆیشتن، بەرەو باکوور 10° ڕۆژهەڵات، تا بچینە سەر ڕێگەی کەرکوك. لە سەعات 06:15 سەرلەبەیانی کەوتینە سەر ڕێگەی کەرکوك و تێیدا بەردەوام بووین بۆ باکوور 75°ڕۆژهەڵات. ئەو زەویە زیاتر دابڕاو و خواروخێچە وەك لەوەبەرە بینیمان، دۆڵەکان، کە زۆر قوڵن، بە جۆگەی گچکەی لە ژمارە نەهاتووەکان پێکهاتووە، کە لە هەموو لایەکەوە هەڵئەقوڵێت. من

ئێستا وا هەست ئەکەم ئەم ناوچەیە هاوڕێکە لەگەڵ بازیاندا و دواتر بەرەو چیاکانی زەنگەنە دەکشێ. لە سەعات 09:00 گەیشتینە دەربەند.

هەر لە سەعات 09:00دا دەربەندەکەمان جێهێشت و بەردەوام بووین لە باکوور 75° ڕۆژهەڵاتدا. دۆڵەکە هەر زوو کرایەوە و لە هەردوو لاوە شاخەکانی بازیان بوون. شاخی پیرەمەگروون لە پێشمانەوە کەمێ بەلای چەپدا بوو. ڕێگەکەمان بەتەنیا بە داوێنی چیاکانی لای ڕاستی دۆڵەکەدا دەڕۆیشت. لە سەعات 09:45 ڕۆژهەڵات، لە سەعات 10:00دا باشوور 75°ڕۆژهەڵات. لە سەعات 10:05دا پێچمانکردەوە بۆ لقەکانی دۆڵەکە، کە لێرەدا زۆر فراوانە، لە باشوور 35°ڕۆژهەڵات، بەرەو گوندی دەرگەزێن، کە لە سەعات 10:15دا گەیشتین.

لە دەرگای خێمەکەمانەوە، لوتکەی پیرەمەگروون باکوور 55° ڕۆژهەڵات بوو. هەروەها چیایەکی تورەکەڕێژ پێیدەوترا (گۆپارە) یان گۆپاڵە، باکوور 50°ڕۆژهەڵات. لە دۆڵەکەدا، لە دووری سێ چارەکە میلەوە بوو.

- **6/ مەی/مایس،**

لە سەعات 05:30دا دەستمان کرد بە ڕۆیشتن و ڕۆیشتنەکەمان بەناو دۆڵەکەدا روو لە لای ڕۆژئاوایە، لەوێدا، کە دەرگەزێنی تێکەوتووە، بۆ چیاکانی ڕۆژهەڵات، بەدرێژایی ئەو داوێنەی دوای ئەوە لەسەری بەردەوام بووین. لە سەعات 06:30دا گەیشتینە ریگە راستەوخۆکە. لەم خاڵەوە دەرگەزێن دەبڕێ بۆ باشوور 43°ڕۆژئاوا. گوندی بازیان، باکوور 60°ڕۆژئاوا. نزیکەی دوو میل و نیو لەژێر شاخەکانی ڕۆژئاواوە، ڕێگەکەمان باشوور 30°ڕۆژهەڵاتە. لەو چیایانەداماینەوە، کە دۆڵەکە نزیک دەستی چەپمان بە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەبەستێتەوە. لە سەعات 07:10دا باشوور 40° ڕۆژهەڵات. لە سەعات 09:00دا پەڕینەوە بۆ باکوور 75° ڕۆژهەڵات و دەستبەجێ سەرکەوتینە سەر شاخەکە، کە بە درێژایی ڕۆژەکە لەلای چەپی خۆمان ماینەوە و لە سەعات 09:45دا گەیشتینە دۆڵی سلێمانی.

سلێمانی لە داوێنی ئەو چیایانەوە دەردەکەوت، کە دۆڵەکەی دەبەستەوە بەلای ڕۆژهەڵاتەوە و بەشێکن لە زنجیرەی پیرەمەگروون. ڕێگەکەمان ئێستا بەرەو باشوور 50° ڕۆژهەڵاتە و لە سەعات 10:00دا گەیشتینە شوێنەکەمان لە هەوارگەکە.

لە ئێوارەدا، لە دەرگای خێمەکەوە ئەم دیمەنانەی خوارەوەم بەکۆمپاسی رووپێو وەرگرت:

لوتکەی پیرەمەگروون، باکوور 2° ڕۆژهەڵات.

کەروانان- کەڵەوانان، کەلاوەیەك لەسەر گردێکی بچوك، کە دەردەکەوێت نزیکی دۆڵی سلێمانی لە سەری باکوورەوە، باکوور 6° ڕۆژئاوا.

سلێمانی، باشوور 76° ڕۆژهەڵات.

چیاکانی هەورامان (ئەڤرۆمان) (نزیك ناوەند)، باشوور 50° ڕۆژهەڵات.

کێلەسپی، گردێکی تورەکەڕێژ ماوەی نیو میلە، باشوور 45° ڕۆژهەڵات.

- **7/مەی/مایس،**

لە سەعات 05:50 سەرلەبەیانی سەرکەوتین و رووە و رووی زنجیرەی پیرەمەگروون بە قەدپاڵێکدا دەڕۆیشتین.

ریگەکەمان بەسەر گردەکاندا زیاتر بەرەو زنجیرەی پیرەمەگروون دەڕۆیشت و دۆڵەکان دەیبڕی. لە سەعات 08:00دا بە دەشتێکی پان و بەریندا تێپەڕین، بەڵام تەنکاوێك ئاوی تیابوو، پێیان دەوت (چەقچەق)، کە لە پیرەمەگروونەوە لێژدەبووەوە. لەماوەی پێنج دەقیقەدا گەیشتینە سەرچنار.

سەرچنار تەنیا بەهۆی بەرزاییەکی بچوکەوە لە چەقچەق جیابۆتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی سەرچنارەوە بەهۆی گردێکی بچوکەوە جیابۆتەوە، بەهەمان شێوە لە لای ڕۆژئاواوە ڕێگە لە چەقچەق جیابۆتەوە. جۆگەی تر هەیە، بەڵام کەمترە لەوانەی دوایی. ئەمە و

چەقچەق تەنیا ئاوێکن، کە لەوبڕوایەدام لە هاویندا وشك بن. ئەوانە هەموویان لە دەشتا یەکدەگرن.

- **8/مەی/مایس،**

لە سەعات 05:40 سەرلەبەیانی کەوتینە رێ و بە درێژایی داوێنی گردەکان بەردەوام بووین، لەگەڵ سەرکەوتن و دابەزینی زۆردا، لە سەعات 06:40 گەیشتینە هەوارگەکەمان لە پێش سلێمانیەدا.

**رێڕەوەکانی مەودای کۆمپاس. . . و. لە نێوان سلێمانی، سنە، بانە و گەڕانەوە بۆ سلێمانی:**

## گەشتێك بۆ قزڵجە

- **17/جولای/تەموز،**

لە سەعات 15:40 پاش نیوەڕۆ سلێمانیم جێهێشت و ملی رێی گۆیژەم گرت بۆ پەڕینەوە بە زنجیرە گردێکی رووتەن، کە بەندە بە سلێمانییەوە لە رۆژهەڵاتدا.

بە درێژایی رێگەکە لە سلێمانییەوە بە سەرکەوتنێکی لەسەرخۆ گەیشتینە داوێنی چیاکە، لە سەعات 16:15 دەستبەجێ بەرزبوونەوە دەستی پێکرد، یەکەم بەناو شوێنی جۆگەیەکی وشکدا بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك و دوای ئەوەش بە شێوەیەکی تیژ بۆ سەر چیاکە. لە 16:50 بە رێگەیەکی زۆر لێژدا گەیشتینە لوتکەکە، بەوەش سلێمانی کونکرد بۆ باشوور 75° رۆژئاوا. لەبەر دەمماندا دەشتێ بوو، تەنیا بۆ جیاکردنەوەی لە

چیاکە وای پێدەڵێم ( بە شێوەیەکی دیاریکراو پەڵەیەکی ڕێکی تیانەبوو) لە سرۆچك و شارباژێڕ، بە دەربەندێك کۆتایی بە باشوور دێت لە ڕووی چیاکانمانەوە یان لقێك لێی، پێچ دەکاتەوە و لە ڕۆژهەڵاتەوە دەوری دەدات.

دابەزینمان بۆ باکوور بوو، بە درێژایی ڕووی ڕۆژهەڵاتی دیوارەکە، لە سەعات 18:00دا گەیشتینە بنکەکەی، بەم شێوەیە دابەزینەکە 35 دەقیقەی پێچوو. پاشماوەی گەشتەکەمان بەرەو باکوور 50°ڕۆژهەڵات بوو.

لە 18:15 لە **بناویلە** وێستاین و دیسانەوە لە 18:45دا سەرکەوتینەوە. لە 07:30 بە لێژایی چیاکەدا شۆڕبووینەوە و گەیشتینە دوا قۆناغی ئەو ڕۆژەی خۆمان، کە گوندی (**گەڕەدێ**) بوو لە ناوچەی شارباژێڕ.

- 18/ **جولای/ تەموز**،

لە سەعات 04:00 سەرلەبەیانیدا، خۆمان ڕێکخست بەرەوەو ڕۆژهەڵات. بۆ گردەکان یان راستر بڵێم چیاکان.

لە سەعات 04:30 چووین بەرەو باکوور 50° ڕۆژهەڵات، بە کەناری دۆڵێکی گچکە لەلای چەپەوە و دۆڵێکی زۆر گەورە و قوڵ لەلای راستەوە، کە تا رادەیەك بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەڕوات و لەوپەڕی ڕۆژهەڵات لە دەربەندێکدا دادەمرکێتەوە، کە لە دۆڵێکی هاوشێوە تر دابەش بووە و لاکانی باشووریی بۆ هەردوو ئەم دۆڵە بەیەکەوە بۆ چیایەکی بڵند بەرزدەبێتەوە. بەشێك لە زنجیرەکە ئەوەی سەرەوە دیاری دەکات.

ڕێگەکەمان بەرەبەرە سەردەکەوت. لە سەعات 05:00دا گەیشتینە چیاکان لە بەربلاوییەك تێیاندا، کە هاوتا دەبێ لەگەڵ دەربەندەکە یان سەری ڕۆژهەڵاتی دۆڵەکەدا لەسەر لای راستمانەوە. بۆیە کون دەکاتە چیای پیرەمەگروون لە باکوور 60° ڕۆژئاوا.

ئێمە ئێستا بە ڕێیەکی لێژگانیدا دادەبەزین و بەرەو کەلەبەرێکی ناوشاخ لە چیاکەدا بەردەوامین، ڕێڕەوی گشتی باکوور 50° ڕۆژهەڵاتە.

لە 06:20 دابەزین. لە 07:00 سەرکەوتینەوە، پاشماوەی ڕێگەکەمان باکوور 80° ڕۆژهەڵات بوو. لە 07:20 بە ڕووباری (**تەنگوژە**)دا پەڕینەوە.

لە کەناری (تەنگوژە)وە سەرکەوتین بە ڕێگەیەکی زۆر لێژدا، کە سی دەقیقەی خایاند بە ڕاکێشانێکی زۆر سەختەوە. لەلای ڕاستمانەوە ڕووباری (تەنگوژە) بوو، کە ڕێڕەوێکی بەناو چیاکەدا بۆ خۆی بڕیبوو. ئەو لێژاییەی، کە دەستبەجێ دەرکەوت، بۆ ئەوەی لێی بپەڕینەوە کەنارێ بوو، نیو سەعاتی خایاند، بەڵام زۆر لەسەرخۆتر بوو لە سەرکەوتنەکە. ئاستەکەمان زۆر بەرزتر بوو بۆیە لەناو چیاکاندا سەرکەوتن و دابەزینمان دێتە بەر، لە 09:40 بۆ چەند دەقیقەیەك ڕوومانکردە دەرەوەی ڕێگەکە لە باشووردا، گەیشتینە گوندی دۆڵەدرێژ. لەلای ڕاستمانەوە و هێندە لێمانەوە دوور نەبوو، شاخی بەرزی **کەژان** بوو، یان **کوڕە کاژاو**. شێوەی ناوچەکە شاخاوی بوو.

- 19/ **جولای/تەموز**،

لە سەعات 03:45 سەرلەبەیانی سەرکەوتین و لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا چووینە دەرەوەی دۆڵی **دۆڵەدرێژ**. ڕێڕەوی گشتیمان کەمێ باشووری ڕۆژهەڵات بوو. بەڵام لەناو دارستاندا زامار بووین. هەر زوو دوای ئەوە دەستمان کرد بە سەرکەوتن، وا هەست دەکەم بەرزترین و لێژترینێکە، کە من تا ئێستا دیبێتم، لە سەعات 06:00دا گەیشتینە لوتکە، سەرەوژورکەکە 40 دەقیقەی خایاند، کە نیو سەعاتی تا ڕادەیەك ستونی بوو. بۆیە کوڕەکاژاو بەڕاستی بەرەو ڕۆژئاوا دەیبردین و لەوە دەچوو بۆ باشووری ڕۆژهەڵات بچێ. لوتکە بەرزەکانی پیرەمەگروون بەردێکی ڕووتەنە لە باکوور 65° ڕۆژئاوادا، سەرو هەموو چیاکانی ترە.

دەستبەجێ دەستمانکرد بە دابەزین بەرەو دەشتایی، بەناو ئاوەڕۆی خواروخێچی **ڕووباری قزڵجەدا**، کە دواتر بەناو دۆڵەکەی لای چەپماندا دەڕۆیشت و ڕوو دەکاتە باکوور و بەناوچەی **سیوەیلدا** تێدەپەڕێ و خۆی لە (کۆپری سوو)دا خاڵی دەکاتەوە. سەرچاوەکەی لە داوێنی چیاکانی فارسەوەیە، کە (کۆپری سوو) لە **لاجانە**. لەماوەی 40 دەقیقەدا گەیشتینە داوێنی چیاکە، کە تا ڕادەیەك دەچێ بۆ باکوور و باشوور.

لێرەدا، یان زیاتر لە باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژهەڵاتەوە و ئیدی لەوێوە رێگەکە دەبێتە دوو لق، کە لەلای چەپەوە دەچێ بۆ باکووری رۆژهەڵات، بۆ **بێستان**، پایتەختی هەرێمی قزڵجە، دوو سەعات دوورە و لەسەر لای راستە، نزیك باشووری (ئەحمەد کەلوان)ە، کە شوێنی دیاریکراوە بۆ مانەوەمان.

بەرەو باشوور سەرکەوتینەوە بەدرێژایی داوێنی گردەکان. لە سەعات 07:30 گەیشتینە هەوارەکەمان لە داوێنی چیاکاندا، نیو میل نزیك لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەحمەد کەڵوانەوە بوو.

## لە قزڵجەوە بۆ بێستان

- 1/ **ئۆگۆست/ئاب،**

لە 05:15 سەرلەبەیانی دەستمان پێکرد و لای چەپمان گردبوو، لە سەعات 06:00 گەیشتینە رووباری قزڵجە، لەو شوێنەوە، کە ناچارە بەناو چیاکاندا بڕوات.

ئەم شوێنە لە ئەحمەد کەلوانەوە باکوورە. ئێمە ئێستا چیاکانمان جێهێشت و بە دەشتاییەکاندا تێدەپەڕین، گەیشتە سەر هێڵێك، کە لقیان لێدەبێتەوە بۆ رۆژهەڵات. ئەوەمان بڕی، دۆڵێکمان بینی، کە هەوای رووباری پیاتێدەپەڕی، هێڵی هاوشێوەی بەستنەوەی چیاکان لە لاکەی تر. رووبارەکە پێیدەوترا (**تاتان**)، یان رووباری بێستان. لە چیاکاندا ماوینەتەوە و هەر ئێستا بەلای راستی خۆماندا تێپەڕین، لە سەعات 07:30 گەیشتینە بێستان. بێستان کەوتۆتە باکوور 10°رۆژهەڵات، بە ئامێری کۆمپاس لە ئەحمەد کەڵوانەوە. بانەش باکوور 10°رۆژهەڵاتی بێستانە، ماوەکەشی پێنج سەعاتە.

## لە بێستانەوە بۆ پێنجوێن

- 13/**ئۆگۆست/ ئاب**.

بێستانمان لە سەعات 05:00 سەرلەبەیانیدا جێهێشت و بەناو دەشتەکانی تاتان، یان بێستاندا بەسواری بەناو چیاکانی، کە دەورەی داوە و شۆڕدەبێتەوە بۆ ئەحمەد کۆڵوان، یان دەشتەکانی رووباری قزڵجە، بە ئاسانی پیاتێپەڕین و لە سەعات 09:00 بەیانی گەیشتینە پێنجوێن، هەرچەند چارەکە سەعاتێك لە رێگادا دواکەوتین. لێرەوە بنکە کۆنەکەمان لە ئەحمەد کەڵوانەوە باکوور 55° رۆژئاوا دەبڕێ، ماوەکەش بە رۆیشتنی سواریی سوارچاکێك یەك سەعاتە.

قەڵا کۆنەکەی قزڵجە باکوور 45° رۆژئاوایە، کاروانی بە هەشت رۆژ لە پێنجوێنەوە دەچێ بۆ هەمەدان و بۆ سنەش بە چوار رۆژ.

## لە پێنجوێنەوە بۆ سنە

- 20/**ئۆگۆست/ئاب**.

خۆمان رێکخست بۆ ئەوەی بچین بۆ سنە، کە من بۆ بابەتەکەی خۆم دەمویست سەردانی زنجیرەی زاگرۆس بکەم، لەگەڵ دەربەندی (گاڕان)، کە تا ئێستا نەناسراوە و ئاستی پایتەخی کوردستانی (فارس) ئێران دیاریدەکات.

لە سەعات 05:00 سەرلەبەیانی رێکەوتین. لە سەعات 06:00 چوومە ناو وڵاتی فارسەوە. رووباری قزڵجە لەپڕ لە لای راستەوە دیارنامێنێ، پشتی چیاکان، کە ئێستا دەشتەکە جیادەکاتەوە و زیاتر بەرەو باشوور پێچ دەکاتەوە. لەسەر بەرزاییەکی کەم لە سەعات 07:30 دەریاچەی زرێبارمان بینی، کە لە پشتیەوە تاوێرە بەردی چیاکانی (ئەڤرۆمان- هەورامان)ە.

تا ئێستا رێڕەوی گشتیمان لە دەوروبەری باشوور 70°رۆژهەڵاتە، لەوێوە بۆ کەیخوسرەو بەگ لە باشوور. لە سەعات 09:15 گەیشتینە هەواری کەیخوسرەو بەگ، نزیکەی دوو

میل باشووری دەریاچەکە. (سورێنە) لەلای باکووری (ئاردبەبا- چیای ئاربەبا) ئەو لوتکە دیارەی لە باکوور 10°ڕۆژئاوای بانەوە دیارە.

لێژایی رووتەنی هەزار بە هەزاری هەورامان بەرەو باشوور و بۆ رۆژئاوا درێژ دەبێتەوە، دەڕوانێ بەسەر شارەزووردا، کە دەشتەکانی بەهۆی گردەکانەوە لە ئێمە جیادەکاتەوە، کە لە ئەحمەد کۆڵوانەوە دێتەخوارێ بۆ پێنجوێن و لەوێشەوە بۆ دەریاچەکە و بەرەوخوار بۆ هەورامان، کە شاخەکانیش بە درێژایی رۆژەکە لەلای راستمانەوە بوون.

لەنێوان هەورامان و زاگرۆسدا دۆڵێکی تەسك هەیە، کە رێیەك بەناویدا دەچێ بۆ کرمانشاه. پێیدەوترێ (رێگای شەیمیان ) رووی لە باشوور 35°ڕۆژهەڵاتە. رووبارێکی کەمی پیادەڕوات، کە لە گارانەوە دێتەخوارێ.

زنجیرەی زاگرۆس بەرز و رووتەنە. جارجارە لە **ئاربەبا و سورێنەوە** دەبینرێ، کە من ئێستا دڵنیام بەشێکە لە خاکی زاگرۆس، باکوور 10° رۆژئاوا و باکوور بۆ باشوور 30°ڕۆژهەڵاتە.

حاجی ئەحمەد، بەشێکە لە زاگرۆس، کە جافەکان لە وەرزی هاویندا هەواری لێهەڵئەدەن، لە باکوور 60° رۆژهەڵاتدا هەوار دەخەن.

- 21/**ئۆگۆست/ ئاب.**

لە سەعات 05:30 سەرلەبەیانی سوار بووین و کەوتینە رێ بەرەوخوار بە دۆڵەکەدا بەدرێژایی چیاکانی مەریوان لەلای باشوور و گردەکانی زرێبار لە باکوورەوە، لە رێڕەوی گشتیدا، دوێنێ تێبینیم کرد، واتە، باکوور 85° رۆژهەڵات و سەعات 07:30 گەیشتینە (**گۆیزە کوێرە**).

- 22/**ئۆگۆست/ئاب.**

لە سەعات 05:00 سەرلەبەیانی کەوتینە ڕێ و بەناو گرد و بەرزاییەکاندا، بەڵام ناوچەیەکی بەربڵاوە، تا سەعات 06:00، کاتێ، کە گەیشتینە بەر دەرگای دۆڵێکی تەسك، کە بەهۆی دوو دابڕاوی گەورەوە دروستبووبوو. ڕووبارە گچکەکەی (ئەسراباد)، یان **گاران**، کە لە دەربەندەکەوە دێتەدەرێ و دەچێتە دیالەوە. ڕێڕەوەکەمان بۆ پردەکە، باکوور 70°ڕۆژئاوا، لەوێوە باشوور 70°ڕۆژهەڵات.

لە سەعات 07:50دا گەیشتینە داوێنێکی زۆر سەرەولێژ، هێشتا لەسەر هەمان ئاڕاستەین، ڕێگاکە زۆر پێچاوپێچ نیە، بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ 45 دەقیقەمان بۆ سەرکەوتن پێچوو. لە ماوەی 35 دەقیقەدا گەیشتینە سەر ترۆپکی دەربەندەکە و تا ڕادەیەك دەستبەجێ لێژبووینەوە دەستی پێکرد. لە سەعات 09:05دا گەیشتینە داوێنی دەربەندەکە و ڕاوێستاین. ئەم دەربەندە پێیدەوترێ گاران. دەربەندی **ئاربەبا** بۆ بانە ئاسانترە.

لە سەعات 10:35دا دیسانەوە سواربووینەوە، ڕێگەکەمان باشوور 70°ڕۆژهەڵاتە. لە سەعات 11:00دا 20° ڕۆژهەڵات، لە 11:45دا گەیشتینە ڕووبارێکی تەنك، کە پێیدەوترا (کاکۆر زەکەریا)، کە دەڕژایە دیالەوە، لێرەوە باکوور 70°ڕۆژهەڵاتە.

لە سەعات 12:15دا باکوور، 50°ڕۆژهەڵات. لە 12:55دا دامان بە ڕێگەیەکی بەرزا لەسەر دۆڵێکی زۆر تەسك و لە سەعات 13:05 گەیشتینە گوندی (جانەوەرە).

- 23/**ئۆگۆست/ئاب.**

لە سەعات 05:30 سەرلەبەیانی سواربووینەوە، باشوور 50° ڕۆژهەڵات، تا لە دوای نیو سەعات گەیشتینە ڕێگەکە، ڕێڕەوی گشتی و ئینجا باشوور 80° ڕۆژهەڵات بە درێژایی ڕۆژ.

لە 06:50دا شاخێکی تورەکەڕێژ لەناو دۆڵێکی تەسکدا. دوای ئەوەی بەدرێژایی ڕیگەکە تا گوندی جانەوەرە سەرکەوتن بوو، ئیدی بۆ چارەکە سەعاتێ شۆڕبووینەوە و لە سەعات 08:00دا گەیشتینە داوێنی بەردەمەکە. دیسانەوە دەستبەجێ بە

سەرەوژوورگەیەکی تیژا سەرکەوتینەوە، کە لە سەعات 8:30دا گەیشتینە لوتکە و دیمەنێکی جوانی هێڵی زاگرۆسم لێوە دیاربوو. دابەزینەکە چاوەڕوان نەکراو بوو.

لە سەعات 9:10دا گەیشتینە دەوارەکانی خەڵکی گوندی (**بەڕودەر**) لە دۆڵێکی تەسکدا.

- 24/**ئۆگۆست/ئاب**،

لە 05:30 سەرلەبەیانی سواربووینەوە، راستەوخۆ دوای ئەوەی گوندەکەمان جێهێشت بە گردێکی زۆر بەرزدا پەڕینەوە. رێگەکەمان بەدرێژایی رۆژەکە بەناو دۆڵە تەسکەکاندا بوو، لەنێوان گردەکان و بەناو ئەو شوێنانەی جۆگەی بچوکی تیایە، کە لە رۆژهەڵاتەوە دەهات. بەرەو **گاڤرۆ** دەچێ و دەڕژێتە دیالەوە.

کاکۆر زەکەریا بەرەو رۆژئاوا دەڕواو دەچێ بۆ **شامیان** و لەوێوە پێچ ئەکاتەوە بۆ ئاڕاستەی گاڤرۆ و دەڕژێتە دیالەوە.

لە سەعات 08:00 لە کەناری رووبارێکی بچوکدا دابەزین. لە 08:40 دیسانەوە سواربووینەوە و لە 09:40 گەیشتینە گوندی (دۆوەیسە).

قۆناغی ئەمڕۆمان سێ سەعات و 20 دەقیقە بوو. رێڕەو باکووری رۆژهەڵات بوو.

سنە کەوتۆتە باشوور 10° رۆژهەڵاتی **دۆوەیسەوە**، ماوەکەی سێ فرسەخە.

- 25/**ئۆگۆست/ئاب**.

لە سەعات 06:30 سەرلەبەیانی سواربووین، ناوچەکە زیاتر بەربڵاوە. رێکی ئاستەکە، هەر، کە لە سنە نزیك بووینەوە، بۆی شۆڕبۆوە. دوای شارەکە جارێکی تر بەرزبووەوە و دوای چەند دابڕان و گردۆڵکەیەك کۆتایی بە کەنارە بەرزەکانی گردەکانی (بازر خانی) هات، بەرەو باکوور و باشوور دەکشا. رێگاکان بۆ هەمەدان و تاران بەسەر ئەم ئاستەدا دەڕوات، کە درێژییەکی ئەوەندە زۆری نییە.

لەسەرخۆ دەڕۆیشتین. کاتێ لە شارەکە نزیك بووینەوە بەلای ڕاستدا لاماندا بۆ باخی خوسرەوئاباد، کە چارەکە میلێك کەمترە لە شارەکەوە، لە باشوورەوە 60° ڕۆژئاوا. لە سەعات 09:50دا گەیشتینە دەرگای باخەکە.

## لە سنەوە بۆ بانە

- 30/ **ئۆگۆست/ئاب.**

لە 05:45 سەرلەبەیانی سنەمان جێهێشت، دەستبەجێ دوای دەرچوونمان سەرکەوتین و بەردەوام و هەموو کاروانەکە لەسەرخۆ سەردەکەوتین. لە 08:00دا لەلای چەپمانەوە گوندی (ساروکەمیش)مان بینی. لە 08:30 دەستمان کرد بە سەرکەوتنی ئەڵڵا و خودا، لە 09:45دا بە سەرکەوتنێکی هێواش گەیشتینە ترۆپکەکەی، ئەم چیایە دەچێتەوەسەر بازر خانی، یان پێکی دەهێنێت و لە زاگرۆسەوە دەگەڕێتەوە، کە بینیمان دەڕوانێت بەسەر هەموو کۆمەڵە شاخەکانی هاوڕێکی ئەوانی تر لەلای چەپمانەوە.

لە پێشمانەوە هێشتا شاخەکانە، هەروەها لەلای ڕاستمانەوە، یان ڕۆژهەڵاتی باشووری ڕۆژهەڵات، باکوور60°ڕۆژهەڵات لەلای ئێمەوە دەشتاییەکانی (بان لەیلاك) لە ناوچەکەدا، لەگەڵ لوتکەی هەندێ چیای بەرزدا دەردەکەوتن. لە سەرو ئێمەوە و لە هەموو لایەکەوە لوتکەی سەخت بوو. بەدرێژایی گردەکان بۆ ماوەیەك شەکەت بووین و لە 10:20دا دەستمان کرد بە دابەزین بە لێژگاییەکی زۆر خۆشدا. ئەو چیایە بە باکووری ڕۆژهەڵاتدا دەڕوات. لە سەعات 11:10دا گەیشتینە گوندی (بایەنخۆ) لە ناوچەی حەسەنئاباد. ئاڕاستەی گشتی ئەمڕۆمان بەرەو باکوورە. (جیاوازیش ڕێ پێدراوە). قوناغی ئەمڕۆمان چوار فرسەخە، کە لەم بەشەی فارسدا لە سەعاتێ زیاترە.

- 31/ **ئۆگۆست/ئاب،**

لە سەعات 05:40 سواربووم، باکوور 45°ڕۆژهەڵات بۆ دۆڵەکە. لە 06:00دا باکوور 15°ڕۆژئاوا تا دۆڵەکە، لە 06:15دا، باکوور 15°ڕۆژهەڵات لە سەرو گردەکەوە.

پاشماوەی ڕێگەکە بەرەو باکوور، لە 09:40 گەیشتینە دەوارەکانی گوندنشینەکانی گوندی (گولانە). گولانە گوندێکی سەر سنوورە لە نێوان ناوچەکانی **حەسەنئاباد** و (**قەرە تاورۆ**)دایە.

لە ئێوارەدا ئەم دیمەنانەی لای خوارەوەم بە رومالی کۆمپاس بە دەست هێنا، هەروەها بۆ چاکردنێکی فرەیە.

خشتەی چیاکان لە لاکەی تری دیوی شاری بیجاڕی پایتەختی هەرێمی گەڕووس، لە ئازەربایجان، پشتبەست بە (عەباس میرزا). **بیجار** هەشت فرسەخ دوورە.

شاخەکە، باکوور 77°ڕۆژهەلات گرێدەداتەوە. ئەم چیایە بەشێکە لە زنجیرەی (ئەڤان سەرای). (قەرە تاورۆ) چیایەکی درێژی تەختە، کە پایتەختی هەرێمێکە بە هەمان ناوەوە، سەر بە سنەیە، باکوور 42°ڕۆژهەلات، پێنج فرسەخە. لەسەر باکوورەوە ئاسۆ دەورەی داوە و دێت بۆ دەوری بیجار، ئەوە هێلی گردەکانی (ئەڤان سەرای)یە.

(ئەڤان سەرای)ی ئەیوب ئەنسارییی کورد، کە گۆڕەکەی دەلێن لەسەر ئەم گردانەیە. لە نیوانماندا دەشتێکی دابڕاوە، کە وەك دەریایەکی پڕ لە گێژاو دەستبەجێ رەق دەبێت.

چەقی جێگیری لێواری باکوور لە باری باکوور 72°ڕۆژئاوا، (ڤار)  پلەی ناجێگیر- 7° 11ڕۆژئاوا.

- 1/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

لە 05:30 سەرلەبەیانی سواربووین و رووەو باکوور 70°ڕۆژئاوا، بۆ ناوچە بەرزەکانی لای چەپمانەوە. چەند خوار و ژوورێکمان هاتە رێ. لە سەعات 06:50 لێژبوونەوەیەکی زۆر سەربەرەوخوار بۆ (کیزەڵ ئۆزان). سەرەکەی نزیکەی دوو فرسەخ لە لای چەپەوە کووڕ بوو، یان لە ڕۆژئاواوە لە شاخی عەباس بەگەوە.

بەرەو ڕۆژهەلات دەکشێ و دەچێ بۆ **مياندواو**.

دەستبەجێ دوای تێپەڕبوون بە (کیزەڵ ئۆزان)دا دووبارە سەرکەوتینەوە. ئێمە ئێستا بە ئاشکرا لە بەرزاییەکی زۆرداین لە ئاستی دەریاوە. هەموو ئەم ناوچانە لەوەدەچێ دەشتی بەرز و بان بووبن و بەهۆی دۆڵەکانەوە بووە بە دوو بەشەوە.

لە 08:30دا باکوور 15°ڕۆژهەڵات، لە شیوێکەوە، کە بەشێوەیەکی وردە وردە تەسك دەبێتەوە بۆ دۆڵێك. لە 09:30دا سەرکەوتین بۆ ئاستی ئەوپەڕی، ئینجا باکوور 15° ڕۆژئاوا، بۆ گوندی (کەڵەکۆوە)، کە دەکەوێتە ناو دۆڵەکەوە و ئێمە بۆی شۆڕبووینەوە و لە سەعات 09:55 گەیشتینە گوندەکە.

بەناو گوندەکەدا تێپەڕین و بەرەو باکوور 40°ڕۆژئاوا بۆ سەر شیوەکە تا کۆتایی لەو شوێنەی گوندنشینەکان دەواریان لــێ هەڵداوە. لێرەدا لە سەعات 10:10دا ڕاوێستاین. ئێستا ئێمە لە هەرێمی هۆبەتووداین و هێشتا لەسەر ڕێی تەبریزین، کە تا بەیانی وازمان لێهێناوە.

- 2/ **سێپتەمبەر/ ئەیلول.**

لە سەعات 06:00 سەرلەبەیانی سواربووین، دۆڵ و شیوەکە لە بەرەو باکوور بەردەوام بوو، هەروەها بەناویدا ڕێگە دەچوو بۆ سەقز و تەبریز. ڕێگەکەمان بەسەر گردەکاندا دەڕۆیشت، کە لە شیوەکەوە پێکدەهێنێ. لە باکوورەوە 70°ڕۆژئاوا، کە هەموو ڕۆژێك لەو ئاڕاستەیەدا بەردەوامین، لەگەڵ هەندێ پێچ و پەنادا.

ناوچەکە وردە وردە بەرزدەبێتەوە، بەڵام بەرزبوونەوەکەی لەو کاتەوە، کە گوندەکەمان جێهێشتووە زۆر دیار و ئاشکرایە. ئێمە لەسەر بان و دەشتی بەرزین و بە لوتکەی بەرز دەورەدراوە و هێڵی گردەکان لەناو دەشتە بەرزەکەدا کۆتایی دێت. یەکێ لە لای چەپمانەوە بەتەنیشت حاجی ئەحمەدەوەیە و لە ئێمەی دەپێچێتەوە. حاجی ئەحمەد نزیکەی باشووری ڕۆژئاوایە لە ئێمەوە، ماوەکە چوار فرسەخە. هەموو هێڵی گردەکان، کە دەردەکەون لە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژئاوادا دەچن بۆ زاگرۆس.

له سەعات 08:00دا بە ڕێگەیەکی لێژدا شۆڕبووینەوە، کە ماوەی چارەکە سەعاتێکی خایاند بۆ شیوێکی تەسك لە نێوانی گردە بەرزەکاندا، کە تێیدا بەردەوام بووین لە باقی ڕێکردنەکەماندا. لە 09:30 لەلای کانیەکی بچوك دابەزین.

دیسانەوە لە 10:00دا سواربووینەوە و لە 11:00دا گەیشتینە گوندی **سوورمووسی** لە ناوچەی **خوورڕخوورە**.

- 3/**سێپتەمبەر/ئەیلول**،

لە 06:00 سەرلەبەیانی سواربووین و بە دەوری دۆڵەکەدا نزیك باکوور 60° ڕۆژئاوا بەردەوام بووین. لە 06:45دا دۆڵەکەمان جێهێشت، کە بەردەوام بووین بۆ (دەوڵەت قەلعە) و لەو گردانەمان دا، کە دەیبەستەوە بە باشوورەوە. زۆر پێچمان کردەوە، یەکەم باکوور 80°ڕۆژئاوا. بە دەوری شاخەکاندا سوڕاینەوە. لە 07:30دا شۆڕبووینەوە بۆ دولێکی تەسك و دیسانەوە دەستبەجێ سەرکەوتینەوە و لە 08:20 گەڕاینەوە بۆ ڕۆژئاوا، کە لەوێوە بەردەوام بووین لە پاشماوەی ڕێکردنەکەماندا تا ڕادەیەکی زۆر پێچی دەکردەوە. لە 08:45 شۆڕبووینەوە بۆ ناو جۆگەیەکی گچکە بەناوی ڕووباری خوورڕخوورە، (چالچەمە) چیایەکی گەورەیە، لەو شوێنەی ڕووبارەکە دەڕژێتە بەرزاییەکانی قزلجەوە، لە سەر لای چەپمانەوە خوسرەوخان بوو، زنجیرەی چیاکان لەو لایەیەوە لە داوێنی لوتکەکەدا ئەو گوندە بوو، کە ئێمە بۆی دەچووین و لەبەر دەمماندا بوو.

سەقز لەلاکەی تری خوسرەوخاندا نزیك باکووری ڕۆژئاوای ئێمەیە.

زنجیرەی هەموو چیاکان لە باشووری ڕۆئاواوەیە، لە زاگرۆسدا بۆ باکووری ڕۆژهەڵات، کە زووربەیان خۆیان بزردەکەن لەو بانەی پیایدا تێپەڕین. بۆیە سەرکەوتینە سەر ئەملاولای دۆڵە بەردینەکەوە و لە سەعات 10:00 گەیشتینە (قەرە بۆخرا).

سەقز پایتەختی ناوچەکەیە، کەوتۆتە باکووری ئێمەوە و شەش فرسەخ دوورە بە ڕێیەکی زۆر خراپدا یان حەوت فرسەخ بە ڕێگەیەکی کەمێ باشتردا. سەقز لەسەر لاکەی تری چیای **خوسرەوخانە**.

لە قەرە بۆخراوەوە بۆ سەرخاوەیی شەلالی پایتەختی **تەڕاتوول**، چوار سەعاتە. لەوێوە بۆ بێستانیش چوار سەعاتە.

- 4/**سێبتەمبەر/ئەیلول**.

لە 06:15 سەرلەبەیانی گوندی (قەرە بۆخرا)مان جێهێشت و لە دۆڵ دەرچووین، سەرکەوتینە سەر گردێك، کە بە باکوورەوە دەیبەستەوە. لایەکی بۆ قەڵاکە لە باکوور 25° ڕۆژئاوا، کە بە 10 دەقیقە بڕیمان، ئیدی بە درێژایی بەرزاییەکانی گردەکانی ڕۆژئاوا بۆ ماوەی 5 دەقیقە، پاشان باشوور 35° ڕۆژئاوا، لە 07:05 دەستمان کرد بە دابەزین لە باشوور 20° ڕۆژئاوا و لە 07:35دا گەیشتینە بنەوە. لەوێدا خۆمان لە دۆڵێکی بەردەڵانی تەسك لە نێوان گردەکاندا بینییەوە، کە تیایدا و لە ئەنجامدا پاشماوەی ڕۆژەکە بەردەوام بووین. ڕێگاکەش بە شێوەیەکی بەردەوام سەردەکەوت و شۆڕدەبووەوە.

لە شاخەکانەوە ئێمە چیای (کەلی خان)مان لەگەڵ زاگرۆس، یان بەشێکی ئەو بینی.

لە داوێنی چیاکانەوە، باشوور 60°ڕۆژئاوا، لە سەعات 08:00 گەیشتینە گوندی (حاجی ماهۆمەدان- محەمەدان)، ئیدی کەمێ بەرزبووەوە، ئێمە لەپڕ شۆڕبووینەوە بۆ گوندی (سووتە). لێرەدا لە سەعات 08:30 وێستاین و لە 08:45دا سواربووینەوە، بە ئاڕاستەی باشوور 40°ڕۆژئاوا، لە 09:50 باکوور 80° ڕۆژئاوا.

لە 10:30دا باشوور 70°ڕۆژئاوا لێرەوە شۆڕبووینەوە و بەلای جۆگەیەکی بچوکدا تێپەڕین، کە لە بنی دۆڵەکەدا بوو، هەروەها لە 10:55دا گەیشتینە گوندی (سەیفەتالە)، کە لەوێ وێستاین. لە 11:30دا دووبارە سواربووینەوە. لە 13:30

وێستاینەوە و لە 14:00دا سواربووینەوە و لە 14:15 باکوور 40°ڕۆژئاوا، لە 14:45 گەیشتینە گوندی (میك) لە ناوچەی **سەقز**.

- 5/**سێپتەمبەر/ ئەیلول**.

لە سەعات 07:00 سەرلەبەیانی (میك)مان جێهێشت و بە ڕێیەکی درێژا سەرکەوتینە سەر گردێ، 10 دەقیقەی خایاند، بۆ خاڵێك، کە باشوور 20° ڕۆژئاوای دەبڕی لە گوندەکەوە. لێرەوە گردێکمان بڕی تا ئەو شوێنەی، کە شۆڕبوونەوە بۆ گوندی (**بایاندەرە**) دەست پێدەکات. وێستاین. لە 10:30دا سواربووینەوە، لە 11:45دا دوای سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر گەیشتینە ترۆپکی لوتکەیەکی تیژ، کە تا ئێستا بینیبێتمان. ماوەی نیو سەعاتی پێچوو، پێیدەوترا (کەلی باڵێن) و تەنیا دوو چیای پێکەوە دەبەستێتەوە، کە بەشێکن لە زاگرۆس، لێرەدا دوو شاخەکە دۆڵێکیان پێکهێناوە، کە دەچێ بۆ بانە. ئاراستەی ڕێکردنی ئەمڕۆمان بە گشتی باشوور 70° ڕۆژئاوا بوو.

لە سەعات 13:15 گەیشتینە گوندی **سورێن**، سورێن کەوتۆتە ناو دۆڵێکەوە، کە دوو لقی زاگرۆس پێکیهانیووە. ئەوەی لای ڕۆژئاواوە لەوە دەچێ گردبێ، کە لابەلا پێیدا تێپەڕین، دەگاتە دۆڵی بایاندەرییە. لە دەربەندەکەوە بۆ گوندەکە لە دەوروبەری باشوور 70° ڕۆژئاوادایە، ئیدی زیاتر بەرەو باشوور پێچ دەکاتەوە و دواجار بۆ بانە دەگەڕێتەوە. ئەو سێ خاڵەی، کە لە ئەحمەد کولوان و **زرێبار** لە دەوروبەری باشوور 50° ڕۆژئاواودا بینیمان، لە سورێن و بانەوە بە باکوور 83° ڕۆژئاوادا دەکشێ.

- 6/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

06:05 سەرلەبەیانی سورێنمان جێهێشت و بە دۆڵەکەدا بەردەوام بووین، لە 07:00 لەلای ڕاستمانەوە بەلای گوندی (بیجای)دا تێپەڕین. هەر زوو دوای دۆڵ و چیاکان زیاتر بەرەو باشوور بووینەوە. لە 07:35 ڕێیەکی بەربلاو بەناو شاخەکاندا دەچوو بۆ قزڵجە. لە 09:35دا گەیشتینە هەوارگەکەمان لە ئەحمەدئاباد لە گردەکانی ئاربەبا، کە بەشێکە

له ڕۆژئاوای زنجیرەی زاگرۆسە، تەنیا 10 دەقیقە ڕێیە بە سواری ئەسپ و دەکەوێتە باشوور 20°ڕۆژئاوای بانەوە.

هەوارگەکەمان ڕێیەکی کەم سەردەکەوتینە سەر شاخی ئاربەبا، لوتکە بەرزەکەی لە سەرمانەوە بوو باشوور 20° ڕۆژئاوا بوو.

ئەم ئاڕاستانەی لای خوارەوە لە هەوارگەکەمانەوە هێمای بۆ کراوە:

باکووری ڕۆژهەڵاتی سەقز، دووری شەش فرسەخە.

باکوور 10° ڕۆژهەڵاتی (سەوزە بڵاخ- سابڵاخ)، دووری سیانزە فرسەخە.

باکوور 25°ڕۆژئاوای سەردەشت، دووری شەش فرسەخە.

## دەرچوون لە بانەوە

- 10/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

له 12:30 بانەمان جێهێشت، ڕێگەکە باکوور 45° ڕۆژئاوا بە دەشتەکەدا بوو، لە سەعات 13:00 چووینە ناو دۆڵێکی تەسکەوە. لە 13:45دا باکوور 80°ڕۆژئاوا، هێشتا لە دۆڵەکەداین. لە 13:45 ڕۆژئاوا، سەرەوژورکەیەك بە قەراغێکی بچوکدا لە دەرەوەی ڕێگەکە، لە سەعات 14:00 گەیشتینە گوندی (سوێروێ)، لە باشوور 68° ڕۆژئاوای ئێمە تەختانیەکی بەرزە لە شێوەی شاخدا.

- 11/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

له 07:30 سەرلەبەیانی (سوێروێ)مان جێهێشت و گەڕاینەوە بۆ سەر ڕێگەکەی دوێنێمان، کە بە 10 دەقیقە گەیشتین، بە باکوور 75° ڕۆژئاوا بە دۆڵەکەدا دەڕۆیشتین.

لە سەعات 09:00 لەوێدا دەربەندەکە بۆی کراوەتەوە، لە ڕێی خۆمان لاماندا لە باکوور 15° ڕۆژئاوا بۆ گوندی (نوێیژگە)، کە دەکەوێتە سەر ئەو گردەی لە ڕۆژئاوادا دەوری دۆڵەکەی داوە، لە سەعات 09:30 گەیشتین، هەروەها زۆربەی ڕێکردنەکەی ئەمڕۆمان بە تەختانیدا بوو.

ئاڕاستەکان لە (نوێیژگە)

ئاردبەبا- ئاربەبا، هێمای لوتکە، باشوور 49°ڕۆژهەڵات.

ئەو شوێنەی، کە هەوارگەکەمانی لێبوو لە بانە، باشوور 53°ڕۆژهەڵات.

هێمای شاخێکی تر، باشوور 70°ڕۆژهەڵات.

- 12/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

لە 07:25 سەرلەبەیانی کەوتینە ڕێ و بە باشوور 15° ڕۆژئاوادا دەڕۆیشتین بەو ڕێگەیەی دوێنێ لێی لاماندا، کە لە سەعات 08:00 گەیشتین، پاشان چووین بۆ باشوور 50°ڕۆژئاوا و لەپڕ سەرەوژوورگە دەستی پێکرد. لە 08:40 بۆ ماوەی 20 دەقیقە ڕاوێستاین. لە 09:40 دیسانەوە لە ترۆپکی چیاکە ڕاوێستاینەوە. ئەو چیایانەی ئێمە پێیدا تێدەپەڕین پێیدەوترێ (بلوو)، کە بە نزیك باکوور و باشووردا دەکشێ.

لە 10:30دا دوای وێستانێکی کەم، دیسانەوە سواربووینەوە و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکی کەمدا چووینە سەر ترۆپکی چیاکە، لەوێوە لێژبووینەوە بۆ هەرێمی (بەبە). [150]

شۆڕبوونەوەکەمان سەرو دوو سەعاتێکی خایاند، لەگەڵ زۆر کەم وێستاندا، زۆر سەرەولێژ بوو. لە 12:30 گەیشتینە خوارەوە لە (**بەڕۆزە**)دا یان ئاوی بانە.، کە وڵاتی

[150] لەوێوە دەتوانی بڵێی لە پێرشیاوە چوینەتە دەرەوە بۆ کوردستانی تورکیا.

فارس لە تورکیا جیادەکاتەوە و بە باکوور کەمێ بەلای رۆژئاوادا دەڕوات و دەڕژێتە (ئالْتون سوو)ەوە، سەرو **ئاوی قەلاْچوالان**.[151] ئێمە زۆر رووبارەکەمان جێنەهێشتبوو، بەڵام لەلای راستی خۆماندا مابووینەوە. لە 13:45 گەیشتینە گوندی (**مەروا**) لە ناوچەی **ئالان**. چیاکانی ئەم ناوە بەرەو باکووری رۆژهەلاْت و باشووری رۆژئاوا دەکشێن. دوای دابڕانێك، کە پێیدەوترا (بڕە) لە بەرزییەکەیدا بەرەو زیاد بوون دەچوو، لەژێر ئەم بەرزاییەدا لە باکوور 35° رۆژئاوادا (**بێتوش**) بوو.

- 13/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

لە 07:00 سەرلەبەیانی دەستمان پێکرد و سەرەوژورکەی گردەکە دەستبەجێ بۆ لوتکەیەك، کە پێیدەوترا (گمۆ) دەستی پێکرد.

لە 08:15 گەیشتینە گوندی (دەیرا) و وێستاین. لە 09:10 دیسانەوە سواربووینەوە و لە سەرەوژورکەدا بەردەوام بووین، بەڵام لەسەرخۆ و لە 09:45 گەیشتینە بەشە بەرزەکەی، کە لوتکەی (ئەلپاین) پێکدەهێنێ. ئەو شوێنە پێیدەوترێ (هەزار کانیان) یان هەزار سەرچەشمە، کانیەکی لە ژمارە نەهاتوو لەم ناوەدا هەلْئەقولێت، ئەوەی، کە لە لایەك دێنەخوارێ بۆ باکوور بەرەو ئاوی بەڕۆژە، لە کاتێکدا کەمێ زیاتر بۆ پێشەوە دەربازیان دەبێ بۆ باشوور و لەگەلْ ئاوی سیوەیل یەکدەگرن. ئێمە ئێستا لە ناوچەی سیوەیلین، کە لە جێهێشتنی گوندی (دیرا)وە دەستی پێکردووە.

بەشێکی بەرزمان جێبەجێکرد لە سەرکەوتنەکەمان، بەڵام هێشتا بەرزاییەکی مەزنتر لە سەرومانەوە گمۆ و هاو لوتکەکەیەتی. بەدرێژایی لە داوێنیانەوە دەڕۆین. رێگەیەك نییە بتوانرێ بە شێوەیەکی باشتر هەلْبژێررێت تا بیری زنجیرە و پەیوەندی چیاکان ببەخشێ. هاوڕێکی ئێمە زنجیرە چیای سوورکێو بوو، هەرچۆن گومانم هەبوو، کە قزلْجە یان چیای (تاریلەر) پێکدەهێنێ.

---

[151] ئاوی قەلاْچوالان نزیکی شینەك دەرژێتە ئالْتون سووەوە.

لقێك دەنێرێ، كە دەورەیەك لە چیای سەرسیرەوە رووماڵ دەكات و دوای ئەوە تێكەڵی دەبێت یان ئەوە پێكدەهێنێ، كە ئێمەی ئێستا تێداین. بە درێژایی رۆژەكە رێگەكەمان رووەو باشوور بووە.

پشتەوە، یان باشووری ئەوە، چیای كورە كاژاوە، بەرەو باشووری رۆژهەڵات دەكشێ بۆ لای (تاریلەر)، ناوچەكەی نێوان گردە دابڕاوەكان، سەرەوژوركەیە بۆ هەر زنجیرەیەكی لەدوایەك.

لە 10:25دا راوێستاین، ئەو دوو لوتكەیەی ئەوپەڕی باشوور بە تەواوی لە سەرومانەوە بوون. شاخی گمۆ راستەوخۆ پێش هەزار كانیان بوو.

تا سەعات 11:30 ماینەوە، لە سەعات 13:00 دەستمانكرد بە شۆڕبوونەوە، لە كوێدا هێڵی گردەكان كەم دەبێتەوە بەر لە بەیەككگەیشتنی لەگەڵ سەرسیردا و لە سەعات 14:00 گەیشتینە گوندی كەناریۆ لە ناوچەی سیوەیل.

سەرسیر رووەو باشووری ئێمەیە، دووریەكەی نزیكەی میلێكە. رێگەی ئەمرۆمان بە درێژایی یشت، یان داوێنی چیای سیوەیل بوو.

- 14/**سێپتەمبەر/ئەیلول**.

لە 06:30 سەرلەبەیانی سواربووینەوە، رێگەكە بەرەو باشوور، بەرەوخوار بۆ دۆڵەكە بۆ داوێنی سەرسیر. لە 06:45 لە دووڵەكە چووینە دەرەوە بۆ پەڕینەوەی بەردەوامی زنجیرەكەی دوێنێمان. لەو شوێنەی سەرسیر دەگاتە باشوور 30° رۆژئاوا. لە سەعات 07:00 شۆڕبووینەوە بۆ رووباری سیوەیل، كە بە داوێنی سیوەیلدا دەكشێ، ئینجا بۆ باكوور، كەمێ رۆژئاوا دەگەڕێتەوە و دەچێتە ناو رووباری (قەرەچوالان)ەوە (قەڵاچوالان) لە (ماوروت)، دوایی، كە هەردووكیان دەرژێنە (ئاڵتون سوو)ەوە.

تا سەعات 08:00 بە هەمان ئاڕاستە بەردەوام بووین، كاتێ بەرەو باشوور 10° شۆڕبووینەوە بۆ دەشتی شارباژێڕ (شەهریبازاڕ). ئێمە ئێستا پیرەمەگروونی هاوڕێی دێرینمان دەناسینەوە و گردەكانی گۆیژەش بە ئاسایی رووتەنە و وەك شوورایەك

درێژبووەتەوە تا مەدای بینینی چاو لەلای باکووری رۆژئاواوە، چیای بەرز و رووتەن و بەردەڵان، کە بە پیرەمەگروونەوە نوساوە و بەرەو سەردەشت دەکشێ.

لە08:40 شۆڕبووینەوە بۆ دۆڵێکی قوڵ، کە بەهۆی ئاوی قەڵاچوالانەوە و لە ئاستی شارۆچکەی ناوبراودا دروستبووە، کە پایتەختی کۆنی کوردستانی لێبووە. لە سلێمانی و لە دەرەوەی شار لە خانویەکی ناوباخێکدا دابەزین.

سەرنج بدەی ئاوی سیوەیل لە جۆگەکانی قزلجە و بێستان پێکهاتووە و بەلای باکووردا بۆ سەرسیر دەڕوات.

رووباری قەڵاچوالان بە تەواوی وەك (تەنگوزی) وایە، کە بەلای دۆڵەدرێژدا دەچێ و بەناو چیای کوڕە کاژاودا دەڕوات. بەرامبەری شوێنی شارە کۆنەکە، ئاوی چونگورای دێتەناو، کە لە سرۆچکەوە دێت.

## رێبازەکان لە سولەیمانییەوە، نزیك قەڵاچوالان:

قەڵاچوالان باشوور 70°رۆژهەڵات، نیو میلە.

ترۆپکی رێگەی ئەزمەڕ، باشوور 30°رۆژئاوا.

سەرسیر(ناوەند) باکوور 65° رۆژهەڵات.

پیرەمەگروون، باکوور75° رۆژئاوا.

کوڕکە، خڕە چیایەکی بەرز لە دەوروبەری باکوور 43° رۆژهەڵات.

کووڕکووڕ، باکوور 30° رۆژهەڵات. ئەم دووانە بە ئەزمەڕەوە دەنوسێن و ئەو هێڵە پیکدەهێنن، کە لە مەروێ بینیمان. لەم لایەدا گەڵاڵە و شینەکە و لەلاکەی تر مەرگەیە. ئەزمەڕ دەچێ بۆ خۆشناو. (گاڤیان ) دەوروبەری باکوور 80° رۆژئاوایە.

ناوچەی شارەزوور بەدەوری رۆژهەڵاتدا پێچدەکاتەوە.

گۆیژە، یان ئەزمەڕ دەگەنە هەورامان و پاش ئەوە دەڵێن بە زەهاودا دەچێ بۆ (تاوك-تاوغ).

کوڕە کاژاو لە گۆیژەوە دەست پێدەکات و بۆ ناوچەی باشووری رۆژهەڵات لاردەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ (تاریلەر).

- 15/ **سێپتەمبەر/ئەیلول.**

لە 06:10 سەرلەبەیانی بە رێی خۆماندا سەرکەوتین، دوای ئەوەی دۆڵەکەمان جێهێشت، یان هەموو ناو رووباری قەڵاچوالانمان جێهێشت، لەسەرخۆ بەرزبووینەوە بە درێژایی رێگاکە. لە 07:30 گەیشتینە داوێنی ئەزمەڕ و لە دوای 10 دەقیقە دەستمانکرد بە سەرکەوتن بە تیژترین بەشدا، لەو رێگەیەی لە روکاری گردەکەوە پێچاو پێچ دەکات. لە سەعات 08:00 گەیشتینە ترۆپکەکەی، تا ئەو ساتە ئاڕاستەکەمان باشوور 35°رۆژئاوا بوو. ئیدی چووین بۆ باشوور، بۆ ماوەی پێنج دەقیقە لەسەر ئاستی بەرزایی گردەکە و لە 08:05 دەستمانکرد بە دابەزین، هێشتا باشوورە. لە 08:30 گەیشتینە بنی دابەزینی سەرەکی و بەردەوام بەرەو باشوور و لەسەرخۆ شۆڕبوونەوە بەناو دۆڵێکی تەسك، کە بەهۆی چیایەکەوە دروست ببوو.

ئاستی داوێنی دابەزینی سەرەکی لێژدەبووەوە بۆ سلێمانی، بە هەمان پلەی بەرزبوونەوە، کە لە قەڵاچوالانەوە بۆ داوێنی بەرزی گشتی بەرزدەبێتەوە. لە08:50، باشوور 45°رۆژئاوا، بەناو چیایەکی کراوەدا بۆ دەشتایی سلێمانی، کە لە سەعات 09:00دا گەیشتین.

ئیدی باشوور 20° رۆژئاوای سلێمانیمان بڕی و لە 10:00 گەیشتینە هەوارگەکەمان لە چوارباخ، یان باخی پاشا لە سلێمانی.

بەم شێوەیە ئەو گەشتە تەواو بوو، کە ئەنجامێکی زۆر کەڵکبەخشی هەبوو.

بەشێکی زۆر سەرنجراکێشەر و سەیروسەمەرەی کوردستانم پشکنی، هەرخاڵێکی، کە بە ئاستەم دیاری کرابێ و هەر رێیەك پیاتێپەڕیووم، کە زۆر جار بە رێکەوت هاتۆتەپێش و دەرکەوت، هەمیشە زیاتر زانیاری گشتیی لەبارەی وڵاتەکەوە داومەتێ و زۆر جاریش دەبوو هەڵیانبژێرم بۆ رووماڵکردن. لەوەی پێشتر تەواو تێگەیشتم چی بکەم بۆ رێکخستنی پلانێکی گشتیی بۆ بەردەوامی بەدواداچوون.

## یاداشتی پەیوەندی و مەوداکان

### لە سلێمانییەوە بۆ نەینەوا و موسڵ بەناو هەولێردا

- 21/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.**

لە سەعات 06:45 سەرلەبەیانی چواربامان لە سلێمانیدا جێهێشت، باکوور 80° رۆژئاوامان لە 07:30 بڕی، باکوور 60° رۆژئاوا لە 07:45 لە تانجەرۆدا، کە نزیکەی میل و نیوێك لە خوار سەرچنارەوەیە، بەرەو باشوور دەچوو لە 07:50، باکوور 80°رۆژئاوا لە 08:30، باکوور 60°رۆژئاوا لە 08:35، گوندی باوەمەردە، لەوێوە باشوور 70°رۆژئاوا بۆ گوندی کێلە سپی، کە ئاودێرە بە کانییەکی بچوك و دەڕوا بۆ باشوور، کەمێ رووەو رۆژهەڵات بۆ تانجەرۆ یان رووباری سەرچنار. پیرەمەگروون بەرامبەریەتی. زنجیرەی رۆژئاوای شاخەکان لێرەوە نزیکەی دوو میل و نیو دەبێت. بەرەو بەرزتر دەچوون و بەردەوامییان بەرەو باشوورە.

زیاتر لەولاوە، لە پشتی پیرەمەگروونەوە چیای کوڕکوڕ دەردەکەوێت. بۆ ماوەی رۆژێك ماینەوە.

**پەیوەندیەکان، لە بنکەکەمانەوە بە کۆمپاسی رووماڵکردن:**

بەشی خوارەوەی رێگەی گۆیژە و سلێمانی، باشوور 81°ڕۆژهەڵات.

ترۆپکی گۆیژە، باشوور 82° 30′ ڕۆژهەڵات.

باخی چوارباغ، باشوور 80° ڕۆژهەڵات.

سنووری ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی چیای هەورامان، ئەو بەشەی، کە لە زرێبارەوە دیارە، کە هەمان شێوەی هەیە، تەنیا ئەوەی لەگەڵ زاگرۆسدا باشوور ½°62 ڕۆژهەڵاتدا هاتووە.

هەڵەبجە، دەوروبەری باشوور 46° ڕۆژهەڵات. ( ئاڕاستەیەکی تەواو دڵنیا نیە. )

خوڵامبار، باشوور 50° ڕۆژهەڵات.

دەشتەکە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات بە پێچاپێچ دەڕوات.

ئەزمڕ، لوتکەکە، دەوروبەری باکوور75° ڕۆژهەڵات.

لوتکەیەکی تیژ لە پیرەمەگروون، باکوور 3° ڕۆژهەڵات.

ترۆپکی هەمان شێوە، باکوور 4° ڕۆژهەڵات.

کەروانان- کەڵەوانان، باکوور 20° ڕۆژئاوا.

شوێنی ئەو رێگەیەی سبەینێ، کە بەچیاکاندا تێدەپەڕێ، باکوور 65° ڕۆژئاوا.

- 22/**ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.**

لە 06:20 سەرلەبەیانی سواربووین بەرەو باکوور 70°ڕۆژئاوا. بەهۆی زۆنگاوەوە لە 06:40، باکوور 80°ڕۆژئاوا. لەوێدا رێیەك هەبوو بۆ کۆی سنجاق، کە بە بەردەمی کەروانان- کەڵەواناندا دەڕوات و بەناو سورداشدا تێدەپەڕێ بە درێژایی پیرەمەگروون،

کە 14 سەعات دوورە. لە 07:10 گەیشتینە شاخی تاسڵوجە. سەرکەوتنێکی لەسەرخۆ، سەرەولێژییەکی زۆرە، دۆڵی بازیان، کە گەیشتوینەتە ناوی، لەوەی سولەیمانی لە خوارتردایە. لە سەعات 08:00دا گەیشتینە بنی، بەڵام بەردەوام بەرەو باکوور 80°رۆژئاوا تا سەعات 08:10.

لە 08:10 باکوور $20^{o}$ رۆژئاوا، بەردەوام شاخەکان لەلای راستمانەوە نزیك بوون. لە 09:00 باکوور 60°رۆژئاوا، بە دۆڵەکەدا دەپەڕینەوە بۆ هێڵی چیاکان، کە بەشی ئەکات، لە 09:40دا گەیشتینە هێڵی چیاکان و خستبوومانە لای چەپمانەوە، بە ئاراستەی باکوور 40°رۆژئاوا.

لە 10:25 پێچمانکردەوە بۆ باشوور 80° رۆژئاوا بۆ گوندی دەرگەزێن. هەروەها گردە دابەشکراوەکانیش بە هەمان ئاراستە دەسووڕانەوەو بە زوویی بە شێوەیەکی وردە کۆتایی دەهات. لە 10:50دا گەیشتینە دەرگەزێن و چووینەوە شوێنە کۆنەکەی خۆمان.

پەیوەندیەکان بە کۆمپاسی رووماڵکردن:-

ترۆپکی تەخت یان ستوونی لە سلێمانییەوە دامەزراوە، لەبارەی ئاراستەوە 65°56′ و وەك ئەڤدالآن- عەوالآن دانراوە.

تێبینی: ئەڤدالآن- عەوالآن گوندێکە لەلاکەی تری سلێمانیەوە، باکوور 32°رۆژهەڵات بۆ باکوور 22° رۆژهەڵات.

پیرەمەگروون لەداوێنی لوتکەوە، باکوور 57° رۆژهەڵات.

قەرەداغ، بەرزترین لوتکە، باشوور 39° رۆژهەڵات. 10 سەعات لە سەگرمەوە دوورە، باشوور 34° رۆژهەڵات.

دەربەندی باسەڕە، باشوور 35° رۆژهەڵات، 5 سەعات دوورە.

کۆی سنجاق لە دەوروبەری باکوور 35° رۆژئاوادا بوو.

بتوێن، باکوور 20° ڕۆژئاوا.

ڕێیەك بۆ کۆی سنجاق بە دەربەندی بازیاندا دەچێ. دووریەکەی تۆزێ لە کەرکوك زیاترە، یان نزیکەی 14 سەعات دەبێت.

ڕێگەیەکی تر بە کەروانان- کەڵەوانانددا بەرەو دۆڵی سلێمانی دەچێ، بە درێژایی پیرەمەگروون، بەناو سورداش و لە دەربەند دەچێتە دەرەوە، باکووری دەربەندی بازیان و پێیدەوترێ دەربەندی خەڵتیبان.

تێبینی: دەربەند و چیاکانی تاسڵوجە هەردووکیان بەیەکدەگەن و لە خاڵخاڵاندا کۆتاییان دێت.

- 23/ **ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.**

لە 06:30 سەرلەبەیانی سواربووین، باکوور 20°ڕۆژئاوا، بەسەر دۆڵێکدا، کە بە هێڵێکی بچوکی گردەکانی پشت دەرگەزێن پێکهاتووە و یەکێکی هەمان شێوەش بەرامبەری بوو، هەروەها لە باکووری ڕۆژئاوا لە دەربەندەوە دێ و بۆ بازیان دەکشێ. لە 06:40 باکوور 80°ڕۆژئاوا. لە 06:50 باشوور 70°ڕۆژئاوا. لە 07:20 بەناو دەربەندا تێپەڕین.

لە دەمی دەربەندەکەوە بەرەو باشوور 70°ڕۆژئاوا بەردەوامین. لەبەر دەمماندا بەرزایی هێڵێکی بچوکی گردەکانی (گەشێ خان) و قەرە حەسەن بۆ باکووری ڕۆژئاوا دەکشێ و باشووری ڕۆژهەڵات لەلای ڕاستمانەوە، کە ئێستا ناوچەکە داپۆشراوە، وەك ئەوەی، کە کەوتبێتە خوارەوە بۆ قوڵایی 100پێ زیاتر.

لە 07:35 شۆڕبووینەوە بۆ بنکەکەی لە باکوور 25°ڕۆژئاوا و تێیدا بۆ پاشماوەی ڕێگەکە ماینەوە. لە 07:50 باکوور 40°ڕۆژئاوا. لە 08:20 گوندی شێخ وەیسی. لێرەدا بۆمان

دەرکەوت، کە کەمێ لە ڕێگەکە لاماندا‌وە و ڕوومان کردۆتە باشوور 45°ڕۆژئاوا. لە 08:45 گەیشتینە ڕێگە ڕاستەکە، باکوور 75°ڕۆژئاوا.

لە سەعات 10:00، باکوور 45°ڕۆژئاوا. لە 10:30 گوندی گۆزالآن. لە 11:00، باشوور 45° ڕۆژئاوا، دیسانەوە تەختاییەکە دەستی بە بەرزبوونەوە کرد.

ڕێگەی دابڕاوی گردۆڵکە. لە 11:40، باشوور لە 12:10 گەیشتینە گوندی (غولآمکۆوا) لە ناوچەی شوان. ماوەی ڕێکرد پێنج سەعات و چل دەقیقە بوو.

قەرەداغ لە دەربەندەوە بۆی سەردەکەوێت و لەوێوە دوای ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆی کەم دەڕوات، وەك دیوار کەمێ پێچدەکاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و گردی (چەرمەڵە) پێکدەهێنێ، کە لە دواوە جێمانهێشت. لێرەوە زیاتر پێچدەکاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و ئەوەی لای خاڵخالآن پێکدەهێنێ. لەلای ڕاستمانەوە ڕێگەیەك بەسەر خاڵخالآندا دەچێ بۆ کۆی سنجاق. لە سەگرمەوە بە درێژایی ڕێگەکە لە بەرزایی قەرەداغ کەم دەبێتەوە، کە زۆر بەرزە و قوڵە لە مەودایەکدا لەسەر هەموو شاخەکانی ترەوەیە. چەرمەڵە و خاڵخالآنیش ئەوەندە گرنگ نین.

ڕەوتەکان، بە کۆمپاسی ڕوومالّکردن، لەبەرزایی سەرو گوندی (غولّوکۆڤە):

دەربەند، ناوەندی دەربەندەکە، بەلای ڕۆژهەلآتدا.

ترۆپکی پیرەمەگروون، باکوور 76°½ ڕۆژهەلآت.

قەرەداغ، لەسەر پشتی ولآخی بەرزە، باشوور 50° ڕۆژهەلآت.

چیای (دیلیو)، باشوور 40°ڕۆژهەلآت.

ئیبراهیم خانچی، باشوور 35° ڕۆژهەلآت.

خاڵخالآن، ناوەند، باکوور 7° ڕۆژئاوا.

بۆیە گردۆڵکەکانی کەرکوك وەك بانێکی تەخت دەردەکەون، وردە وردە لێژدەبێتەوە، دابڕان و هەڵدڕین، بۆ ناوچەیەکی وڵاتەکە لە نێوانی ئەوان و دەربەندایە.

- 24/ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.

لە سەعات 06:15 سەرلەبەیانی سواربووین بەرەو باکوور 70° ڕۆژئاوا. سەرکەوتین بۆ دەرەوەی دۆڵێکی تەسك، کە گوندی (غولۆمکۆڤە) کەوتبووە ئەوێوە. هەموو ناوچەکە بە دۆڵی چاوەڕواننەکراوی قوڵ دابڕابوون.

بەناو دووانی زۆر قوڵ و سەختدا تێپەڕین، سەرەوژورکەی زۆرتر بوو لە سەرەولێژی و هێشتا هەر بەرزیش دەبووەوە، گەیشتینە گوندی (غولۆمکۆڤە) لە ناوچەی شوان.

لە (غولۆمکۆڤە)وە ڕێگەکەمان باشوور 70°ڕۆژئاوا بوو، بەسەر بەرزایی ئەم وڵاتە گردۆڵکەیی و چاڵ و چۆڵەدا پێچپێچیدەکردەوە، کە وێکچوون و لە ڕاستیدا بەردەوامی قەرە حەسەنە. لە 07:30دا ڕێگەکە لقی بەرەو کەمێ باشووری ئێمە لێدەبووەوە بۆ کەرکوك. ڕێگەکەمان هێشتا باشوور 70°ڕۆژئاوایە. لە 08:15 من لە کۆی سنجاق وێستام بەلای ڕاستی باکووردا. لە 08:40 دووبارە سواربووینەوە، ڕێگەکە باکوور 80°ڕۆژئاوا، لە 09:50 گەیشتینە گوندی (کەفار) لە ناوچەی کەرکوك. لێرەوە کوردستانمان جێهێشت. ماوەی ڕێکردنەکە سێ سەعات و سی و پێنج دەقیقە بوو.

پاش نیوەڕۆ، لە چیاکەی پشتی گوندەکەوە، ئەم ڕێڕەوانەم بەهۆی کۆمپاسی رووماڵەوە بە دەست هێنا:

بەردەکەی ئەڤدالان- عەودالان، کە من بە شێوەیەکی ئاشکرا ناتوانم لێیتێبگەم، تەنیا باکوور85° ڕۆژهەڵات پێشاندەدات. کاندیل بەشێکە لە زاگرۆس، باکوور 25°ڕۆژهەڵات. کۆی سنجاق لەگەڵیا لە هێڵەکەدایە.

پیرەمەگروون، باکوور 85°ڕۆژهەڵات.

دەربەند، باشوور 85° ڕۆژهەڵات.

خاڵخالآن، ناوەند، باکوور 40° ڕۆژهەڵات.

لە چەقی جێگیر لە باکوورەوە، لە باری باشوور 83°ڕۆژئاوا، فراوانییەکی ڕاستەقینە، 14°40′. هەروەها تێبینیەکان، 7° 16′. جیاوازی، 7° 24′ ڕۆژئاوا.

بۆ باشووری گردی کاییر، کە تەوقەسەرەکەی تەواو ڕێك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرز و نزم و بەلای ئێمەدا داڕوخاو بوو. لەسەر ڕۆژئاوا دووانی درێژ هەبوو، هێڵە نزمەکانی گردەکان، ئەوانە لە ئێمەوە نزیکتر بوون لەوێدا، کە کاییر بە تەنیشتیانەوەیە. کاشکاداغ یان گردەکانی حەمرین. کاییر لە باکووری ڕۆژئاوادا بەردەوامە، لە پشتەوە قەرەچوغ بوو، بە ڕووی خاڵخالآندا ئاسۆیەکی کراوەیە. لێرەوە بەرەو ڕووباری کەرکوك، یان خاسە دەکشێ.

- 25/ ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.

لە سەعات 06:00 سەرلەبەیانی سواربووین، ڕێگەکە باکوور 30° ڕۆژئاوا بوو، شۆڕبوونەوەیەك بۆ دۆڵێك، کە بەهۆی جۆگەیەکەوە ئاوی تێدەچوو. دۆڵەکە وردە وردە فراوان دەبوو بۆ دەرەوەی دەشتی (گیوك دەرە).

لە 06:30، باکوور 60° ڕۆژئاوا، هێشتا لە دۆڵەکەداین. لە 07:20 گوندی ئۆمەر بەگی کێوی، لە 08:00 چووینە ناو دەشتێکی فراوانی بەربلاوەوە، ڕێگە باکوور 60° ڕۆژئاوایە، گردەکانی (کاییر) لەلای چەپمانەوە درێژدەبێتە بۆ بەردەمان، دەشتەکە بۆ داوێن درێژدەبێتەوە. لەلای ڕاستمانەوە ناوچەکە بەردەوام بە دابڕاوی بەرزدەبێتەوە، کە ئێمە تازە جێمانهێشتووە، بۆ باکووری ڕۆژئاوا دەکشێ، هەرچۆن (کاییر)یش بە هەمان شێوە. دواتر ڕەشەبا و کەمێ لێژبوونەوەکان.

له 10:30، باکوور 35° ڕۆژئاوا (گیوك تەپە). گوندێك و چیایەکی تورەکە ڕێژ لای چەپمانەوە لەلای ڕۆژئاواوە بوو، کە لە ڕێگەکەوە میلێك کەمتر بوو.

له 10:40، باکوور 55° ڕۆژئاوا. له 11:15 چیایەکی تر نزیکی ڕێگەکەمان. لە 12:30 گەیشتینە ئاڵتون کۆپری. شۆڕبووینەوە بۆ رووبارەکە بەسەر بەردەڵانیەکی زۆردا، بەسەر پردێکی بەرزی تیژدا پەڕینەوە، ئینجا بەناو شارۆچکەکەدا، بەسەر پردێکی تردا و ئیدی لە شوێنێکی بەربڵاو و کراوە بۆ باکووری ڕۆژئاوا هەڵماندا، یان چارەکی ڕاست.

ماوەی ڕێکردنەکە شەش سەعات و نیو بوو.

- 26/ ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم.

لە 06:00 سەرلەبەیانی دەستمانکردەوە بە ڕێکردن، باکوور 35° ڕۆژئاوا، بە ناوچەیەکدا، کە لە نێوانی رووبارەکە و گردە داڕوخاوەکاندا بوو، یان ناوچەیەکی بەرزتر، کە لەسەرو ئاڵتون کۆپرییەوە دەستپێدەکات. لە 06:20 ڕێگەی شەمامیك دەکەوتە لای چەپمانەوە، یان باکووری ڕێگەکەمانەوە.

لە 06:30 گەیشتینە کۆتایی ناوچەکە. سەرەتا گردی لمینی جیا جیا، ئینجا ئاستی ناوچەکە بەرزدەبێتەوە، لەلای چەپمانەوە دێراوە، سەرەو ژووریەکە تا (کاییبر)ە. لەلای ڕاستمانەوە، لە مەودایەکی گەورەدا ناوچەکە بەردەوام بوو لە بەرزبوونەوەی داڕوخاودا و جێمانهێشت، ئێرە پێیدەوترێ (هاڵیجۆ بێستانە)، سەر بە شارۆچکەی کۆی سنجاقە. دووبارە لە پشتی ئەوەوە درێژەی چیای ئەزمەڕە، چیای بەرزتریش لەدواوە بەدی دەکرێت. گوندی (مەخسومە) لەلای چەپمانەوەیە و رووبارێکی بچوك لێمانەوە نزیکە، بەرەو ئاڵتوون سو دەچێت، لەوێوە باکوور 15°ڕۆژئاوا، لە 07:30 باکوور، لە 09:00 باکوور 15°ڕۆژئاوا. لە 09:30 باکوور. لە 10:00 باکوور 10°ڕۆژئاوا.

لە 10:45 هەوارگەی فارس ئاغای سەرۆك خێڵی دزەییەکان. لە 11:30 وێستاین، لە 12:30 دیسانەوە سواربووینەوە. ڕێگەکە باکوور، لە 13:40 هاتینە بەری (ئەربێلا)وە،

بە ئاڕاستەی باکوور 10°ڕۆژهەڵات. لە 15:40 گەیشتینە ئەربێلا و لە لای حاجی کۆسیم ئاغای کاریز هەڵماندا، یان ئاغای سەرچاوەی ئاو، باشوور 60°ڕۆژئاوای شارەکە.

ماوەی ڕێکرد نۆ سەعات و چل دەقیقە بوو. لەوێوە قەرەداغ وادەردەکەوێ خۆی کردبێ بە دوو شاخەوە، بەڵام لە هەمان هێڵدا. ناوەندی یەکێکیان باشوور 20° ڕۆژئاوایە و ئەویتریان، باشوور 50° ڕۆژئاوایە.

گوندی (ئەنکاوە- عەنکاوە)ی مەسیحیەکان دوو میلە لە باکوورەوە. شەمامیك، قەڵایەکی کۆنە، کە ناوێك ئەدا بە ناوچەی ژێر دەستی هەولێر، بە درێژایی دیجلە درێژدەبێتەوە، باشوور 80° ڕۆژئاوا. دووری شەش یان حەوت سەعات دەبێت.

کەشاف، لەوێدایە، کە زێ دەڕژێتە دیجلەوە، بیست سەعاتێك دەبێت. دەشتەکە لە هەندێ شوێندا بە هێوری بەرز و نزم دەکات، بەڵام نە بەرزایی و نە بارودۆخی سەغڵەتییەك دەرناکەوێت، کە شایانی باس بێت. چیای مەقلوب لە دوورەوە بە تەنیا دەردەکەوێت، لە باکوورەوە 46°ڕۆژئاوایە.

- **29/ئۆکتۆبەر/تشرینی یەکەم.**

لە 05:45 سەرلەبەیانی ڕێمانکرد، باکوور 60°ڕۆژئاوا. لە 06:40 لەلای چەپی ڕێگاکەوە گوندی (ڕەشکی) بوو. ناوچەکە لەوێوە زیاتر بەرز و نزمی دەکرد لە چاو ئەوەی باشووری هەولێر. چیاکان خۆدەکێشنەوە و ئاودڕێك لە ڕۆژهەڵاتدا پێکدەهێنن.

ئەوانە دیسانەوە بەرەو زێ دەچنە پێشەوە بۆ ڕۆژئاوا. من ئێستا دەتوانم ژمارەیەك زنجیرە چیا جیابکەمەوە. لە ڕەشکیەوە بەرەو باکوور 20° ڕۆژئاوا ڕێمانکرد. لە سەعات 01:00دا باکوور 60° ڕۆژئاوا. لە 07:20دا گوندی (جالغاماتا)، باکوور 20° ڕۆژئاوا. لە 07:40 باکوور 60° ڕۆژئاواز لە 07:50، باکوور 30° ڕۆژئاوا. لە سەعات 06:00دا باکوور 65° ڕۆژئاوا.

کەش و هەوا هەور بوو، بۆیە من نەمتوانی وەك تەمەننام کرد (منارەیەك) یان روانگەیەك لە هەولێر دابنێم. لە 08:45 گردەشێر، قەڵایەکی بچوك، باکوور 60° رۆژئاوا. ئەوێ پێیدەوترێ نیوەی رێ بۆ زێ. لە 09:10 گردەشێری بچوك لەلای راستی رێگەکەوەیە، لای باکوور 70° رۆژئاوا. لە 09:25، باشوور 70°رۆژئاوا. لە 10:30، رۆژئاوا. ئاستەکەمان ئیدی دەستی کرد بە دابەزین.

زێ لەلای راستمانەوەیە، گوندی (ئەلبەشیر)ی لەسەرە. لە 11:05 گوندی کەڵەك، لەسەر کەنارێکی بەرزی زێیە، کەنارەکەی بەرامبەر کشاوەتەوە بۆ ژێرەوە و ئەم کەنارە دەکشێتەوە و دەشت لەدوای دەشت جێدەهێڵێت و دوای نیو میل، کە زێی تێدایە خۆی دەکات بە دوو، سێ جۆگەوە. لە باشوور 40° رۆژئاواوە شۆڕبووینەوە بۆ ئەم دەشتە و بەلای دوو لقدا تێپەڕین، کە لەسەرو چەند گرێیەکەوە زیاتر قوڵ نەبوو، لە 11:40، گەیشتینە جۆگەی سەرەکی لەژێر کەناری لای راستدا و بە کەڵەك پەڕینەوە. لە لێژاییەکەدا گوندی ئاسکی کەڵەکی یەزیدیان بوو، ئەوەی، کە تێیدا بۆ پشوی شەو ماینەوە.

دەمی زێ لە کەشافدا بوو، پێنج سەعات دوور بوو. شوێنی بەیەکگەیشتنی گازیر، یان بومادوس، لەگەڵ زێدا سێ سەعاتە. بە کۆمپاس رووماڵ کراوە. ئەو چیایەی لەم لایەوە لەسەر کەنارە بەرزەکەی زێیە پێیدەوترێ ژیلان. [152] شوێنی بەیەکگەیشتنی بومادوس لەم هێڵەدا لە پشتی شاخەکەوەیە، لە باشوور 33° رۆژئاوایە. کەشاف و دەمی زێ لە باشوور 30° رۆژئاوایە. ئەلبەشیر، باکوور 56° رۆژهەڵات، سەعاتێك درێژە. هەنجیرۆك، باکوور 60° رۆژهەڵات. هەردووکیان لەسەر ئەم کەنارەن. سنووری ئامێدیا تۆزێ لەسەرو ئەلبەشیرەوەیە. کەڵەکی نوێ، باکوور 62° رۆژهەڵات لەسەر کەنارەکەی ترە.

هێمای ترۆپکی چیا دەریدەخات، کە نزیك **جۆلامێرگە**، لەوێدا زێ بۆ باکوور 42°رۆژهەڵات بەرزدەبێتەوە. **بومادوس**، یان **خازەر**، سێ سەعاتێك لەپشتی **ئەقرەوە**

[152] کە کەلاوەی شارەکەی تێدایە.

بەرزدەبنەوە و بە سێ کاروان بە زێ دەگات، یان دوو سەعات بە سواری لە خوار **کەڵکە کۆنەوە**.

- 30/ **ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم**.

لە 06:25 سەرلەبەیانی ڕێکەوتین، ناوچەکە بە ڕێژەی دوو هەنگاو لە ئاستی راستەقینەی رووبارەکەوە بەرزدەبووەوە. بۆ ماوەی 10 دەقیقە بۆ باکوور 60° ڕۆژئاوا ڕێمانکرد، ئینجا دوای ئەوەی سەرکەوتینە سەرەوەی ناوچەکە، باکوور 35° ڕۆژئاوا. لە سەعات 07:00 بۆ ڕۆژئاوا.

ناوچەکە لەنێوان رووبارەکاندا بەرز و نزمی دەکرد، بەڵام لە یەك دانەبڕاوە، یان کوتوپڕ نەپچڕاوە. لە 07:50دا گەیشتینە بومادوس، یان خازەر سو. وەك زێ ئەویش کەنارێکی بەرزی زیخاوی هەبوو، هەروەها دەشتەکەی جێدەهێشت لەنێوان خۆی و بنی ئاسایی رووبارەکە. ئێمە هێشتا هەر لە ڕۆژئاوادا دەمێنینەوە. لەناو ئەم دەشتەدا، لەگەڵ ئەم رووبارەی لای راستمانەوە، گوندی (منکوبە) لەسەر کەنارەکانیەتی. لە سەعات 08:10 لە رووبارەکە پەڕینەوە. گوندی زارا خاتوون ماوەیەکی کەم داوێنی بوارەکەیە. کەناری ڕۆژئاوا وەك ئەوەی ڕۆژهەڵات بەرز نییە، وڵاتەکە وردە وردە لە نێوان دەشتێکی زۆردا گێردەخوات، بە بڕی ئەوەی دەتوانین بە شێوەیەکی نمونەیی بیبینین، کە تەختە. لە رووبارەکەوە باکوور 50° ڕۆژئاوا.

لە 08:30، باکوور 68° ڕۆژئاوا. شاخی قەرەچوغمان لەگەڵ مەقلوبدا کرد بە یەك ، کە دایدەپۆشێ.

لە بومادوسەوە بە خێراییەکی زیاتر لەوەپێش تێپەڕین. گەیشتینە گوندی (کەرمەلیس)ی کلدانی. ڕێکردن لە زێوە بۆ بومادوس دوو سەعات و نیوێك دەبێت.

لە بومادوسەوە بۆ **کەرمەلیس**، دوو سەعات و نیوە. لە پشتی گوندەکەوە نزیکەی نیو میل باکوور 80° ڕۆژئاوا. لە خێمەکەمانەوە چیایەکی بەرزە، سەرکەوتم تا هەندێ دیمەنی وەرگرم. سەرکەوتبووم، بەڵام بێگوێدانە زۆر شت، ئێواران شتەکان دوور و تەڵخ

دەڕوانێ و زیریان بە شێوەیەکی کەم دەرکەوتبوو، دەرزی کۆمپاسەکە بەشێوەیەکی باش جێگیر نەدەبوو. من دەمتوانی گۆشەکان وەرگرم بە شەشپالۆ، ئەویش کاتێ کەش و هەوا روون بێت و خۆر بەدەرەوە بێت. بە هەرحاڵ ئەمە ئەنجامێکی زۆر نییە، وەك ئاڕاستەکان ناکرێ زۆر لە دەرەوەی شتە ئاساییەکان بێت و بۆ زیاتر رووماڵێکی دیاریکراو بێت، پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەم خاڵە جارێکی تر سەردانی بکرێتەوە، هەرچەند لەوە دەچێ وێستگەیەکی باش بێت.

لە شاخەوە، بە کۆمپاسی رووماڵ:-

(**تەرجیلە**) گوندێکە لەسەر بەرزاییەك لە کۆتایی **قەرەچوغ**، یان **مەقلوبە گچکە**، لەسەر زەوییەکی سەرەوژورکە، کە درێژبوونەوەی چیاکەیە، لە کەرەملێسەوە یەك سەعاتە، باکوور 72° رۆژهەڵاتە.

**شێخ ئەمیر**، گوندێکە تۆزێ لە خوار گوندی تەرجیلەوەیە، باکوور 76° رۆژهەڵاتە.

(**شاقوولی**) لەخوار مەقلوبە گچکەوەیە، باکوور 68° رۆژهەڵاتە.

**مار دانیاڵ**، کلێسەیەکی وێرانەیە لەسەر بەشی ناوەند و بەرزی چیای مەقلوبە گچکە، باکوور 36° رۆژهەڵات.

**مار مەتی**، نیوەی رێیە بۆ چیای مەقلوبی گەورە، باکوور 15°رۆژهەڵات.

بەرزترین بەشی چیای مەقلوبی مەزن، لە **ئەربیتدایە**، باکوور 9° رۆژهەڵات.

**بەرتەلە**، باکوور 20° رۆژئاوا.

رێگەکەمان بۆ موسڵ، باکوور 75° رۆژئاوا.

گوندی قەرەقوش، باشوور 42° رۆژئاوا.

- 31/ **ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەم.**

لە 06:15 سەرلەبەیانی سواربووینەوە، ڕێگەکە بۆ ماوەی زیاد لە هەشت سەعات بە دەشتانیدا بوو، کاتێ ناوچەکە دووبارە نایەکسان بووەوە، دەشتایی هێشتا لەلای ڕاستمانەوە بەردەوامە. لە 06:30 هێشتا زەوی سەرەوژوورە، دەشتمان لە هەموو لایەکەوە لێ دیارنەما و شۆڕبووەوە بۆ ناو دۆڵەکە، کە پێیدەوترێ (**شۆڕ دەرە**). لە 09:40دا گەیشتینە سەرەتای کەلاوەکانی نەینەوا. دوای تۆزێ گەیشتینە سەر بیرەکە، بۆ 10 دەقیقە وێستاین، ئینجا سواربووینەوە و بە ناو ناوچەی نەینەوادا تێپەڕین، لە داوێنی گوندی نەبی یونسەوە لەلای چەپمانەوە. لە 10:25 گەیشتینە کەنارەکانی دیجلە، پەڕینەوە بۆ باخچەکەی نوعمان پاشا، باشووری شاری موسڵ.

قۆناغەکە دەڵێن چوار سەعاتە، ئێمەش بە چوار سەعات و پانزە دەقیقە بڕیمان.

## دیاریکردنی ڕێگە لە سولە یمانییەوە بۆ ئاڵتون کۆپری

## سولە یمانی بۆ کێلەسپی

**د،س/کات ئاڕاستەی ڕۆیشتن ماوە/ میل شوێن جیاوازی. دەرچوون**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 00:45 | باکوور 86° ڕۆژئاوا | 2 | .. | 0 .2 1 .0 + |
| 00:15 | باکوور 66° ڕۆژئاوا | 1 | تانجەرۆ | 9 .0 4 .0 + |
| 00:45 | باکوور 86° ڕۆژئاوا | 2 | .. | 0 .2 1 .0 + |
| 00:10 | باکوور 66°ڕۆژئاوا | 0. 5 | باوەمردە | 4 .0 2 .0+ |
| 00:45 | باشوور 76° ڕۆژئاوا | 5 .2 | کێلەسپی | 4 .2 6 .0- |
| 02:40 | | 8 .0+ | -6 | +2 جیاوازی |

باکوور 87° ڕۆژئاوا. جیاوازی 0. 2. شوێنی دەستپێکردن 1

## کێلەسپی بۆ دەرگەزێن

| د،س/کات | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | ماوە/ میل | شوێن جیاوازی | دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| 00:20 | باکوور 26° ڕۆژئاوا | 1 | . . | +0. 9 0. 4 |
| 00:30 | باکوور 86° ڕۆژئاوا | 1. 5 | . . | +0. 1 1. 5 |
| 00:50 | باکوور 86° ڕۆژئاوا | 2 | . . | +0. 1 1. 5 |
| 00:10 | | 0. 5 | | |
| 00:50 | باکوور 26° ڕۆژئاوا | 3 | . . | +1. 3 2. 7 |
| 00:40 | باکوور 66° ڕۆژئاوا | 2 | . . | +0. 8 1. 8 |
| 00:40 | باکوور 46° ڕۆژئاوا | 2 | . . | +1. 4 1. 4 |
| 00:25 | باشوور 74° ڕۆژئاوا | 2 | . . | -0. 6 1. 9 |
| 04:25 | | | | +3. 6 11. 2 |
| | | | | -. |
| | | | | +3. 0 |

باشوور 74° ڕۆژئاوا. جیاوازی +2. 7 دەرچوون 9. 7 9/میل.

## ئاڵتون کۆپری

## دەرگەزێن بۆ گوڵومکەوە

**د،س/کات ئاڕاستەی ڕۆیشتن ماوە/ میل شوێن جیاوازی دەرچوون** 00:10

باکوور 26°ڕۆژئاوا 0. 5 لە دۆڵەکەوە بۆ دەربەند +0. 4 0. 2

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 00:10 | باکوور 86°رۆژئاوا | 5 .0 | . . | 0 .0+ | 5 .0 |
| 00:30 | باشوور 64°رۆژئاوا | 5 .1 | دەربەند | 6 .0- | 3 .1 |
| 00:15 | باشوور 64°رۆژئاوا | 1 | بۆ ناوچەی سونکەن | 4 .0- | 9 .0 |
| 00:15 | باکوور 31°رۆژئاوا | 5 .0 | بۆ بنەوە | 4 .0+ | 2 .0 |
| 00:30 | باکوور 46°رۆژئاوا | 5 .1 | شێخ وەیسی | 0 .1+ | 0 .1 |
| 00:25 | باشوور 39°رۆژئاوا | 5 .1 | . . | 2 .1- | 4 .0 |
| 00:15 | باکوور 81°رۆژئاوا | 5 .3 | . . | 5 .0+ | 5 .3 |
| 00:30 | باکوور 51°رۆژئاوا | 2 | گەزالام | 3 .1+ | 6 .1 |
| 00:30 | . . | 5 .1 | . . . | 9 .0+ | 2 .1 |
| 00:40 | باشوور 39°رۆژئاوا | 5 .1 | ئاستی دەستپێکردن بۆ بەرزبوونەوە | 2 .1+ | 9 .0 |
| 00:30 | باشوور6°رۆژهەڵات | 2 | . . | 0 .2- | 2 .0 |
| | | 5 .1 | . . . | 5 .1- | 1 .0 |
| 05:40 | | | | 5 .4+ | 7 .11 |

39 .6

جیاوازی 2. 4 11. 4

دەرگەزێن بۆ دەربەند، باکوور 85° رۆژئاوا 0. 2، 2. 0، 2/میل

دەربەند بۆ گوڵومکۆوە، باشوور 84°رۆژهەڵات، 1. 8، 16. 9، 17/میل.

## گولومکەوە بۆ کەفار

| د،س/کات | ئاراستەی رۆیشتن | ماوە/ میل | شوێن | جیاوازی | دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 00:45 | باکوور 76°رۆژئاوا | 2 | گیولکۆوا | 5 .0+ | 9 .1 |
| 00:30 | باشوور 64°رۆژئاوا | 5 .1 | رێیەك بۆ کەرکوك | 6 .0- | 3 .1 |
| 00:45 | باشوور 64°رۆژئاوا | 2 | . . | 9 .0- | 8 .1 |
| 01:10 | باکوور 86°رۆژئاوا | 5 .3 | . . | 2 .0+ | 5 .3 |
| 03:10 | | 9 | | 5 .1- | . |

باكوور 85°رۆژئاوا +0. 8 / -0. 7

دەربەند، باكوور 88° رۆژهەڵات. باشوور 86° رۆژهەڵات، 8/میل.

## سولەیمانی بۆ ئاڵتون کۆپری

## کەفار بۆ ئاڵتون کۆپری

**د.س/کات ئاڕاستەی ڕۆیشتن ماوە/میل شوێن جیاوازی. دەرچوون**

00:30 باكوور 37°رۆژئاوا 1 بۆ دۆڵەكە +0. 4 0. 3

00:50 باكوور 67°رۆژئاوا 2. 5 لە دۆڵەكەوە +1. 0 3. 2
بۆ گوندی عومەر بەگ

00:40 _ 5 .2 دەشت + 1. 0 2. 3

02:30 _ 7 جایوك تەپە +2. 7 6. 4

00:10 باكوور 42°رۆژئاوا 0. 5 . . +0. 3 0. 3

00:35 باكوور 62°رۆژئاوا 1. 5 تەپەیەك +0. 7 1. 3

00:15 باكوور 62°رۆژئاوا 3. 0 . . ±1. 4 2. 6

06:30 18 +7. 5 15. 5

باكوور 64°رۆژئاوا. 17 میل.

هێڵی پانی کەفار بە پەیڕەوی کردن 35° 39′ 00"

+ 7′ 30"

35° 39′ 30" هێڵی پانی ئاڵتون کۆپری

35° 46′ 1" بە پەیڕەوی کردن.

29" هەڵە

## لە موسڵەوە بە دیجلەدا بۆ بەغدا

شەممە، 3/ئازار- بە کەڵەك لە باخی پاشاوە دەستی پێکرد لە 10:00 سەرلەبەیانی.

| کەناری راست | ئاڕاستەی رۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| مار ئیلیا، باکوور45° رۆژئاوا<br>گردەکان.<br><br>کوشکی عەبدولرەحمان بەگ لە کەندەڵانەکەدا. | لە 10:00 دا رێکەوتین<br>10:40<br>منارەیەك، باکوور27° رۆژئاوا.<br>10:45<br><br>10:55 لە گردەکانەوە ئانیشکێ لە رووبارەکە، کە ئێستا بەرەو باشوور، 20° رۆژئاوا دەڕوات.<br>دوورگەکان.<br>11:10 منارە باکوور 20° رۆژئاوا باشوور 35° رۆژهەڵات.<br>11:35منارە، باکوور 20° رۆژئاوا | یارەمجی .<br><br>یارەمجی، باکوور45° رۆژهەڵات، نیو میلە.<br><br>شەمیدین تەپە، وەك |

| | | |
|---|---|---|
| گوندی عەرەبەکانی ئەلبوجواری لەسەر هەمان کەندەڵان.<br>ئومۆکسیر، گوندێکی تری جواریس. خێرا دوای ئەم کەندەڵانانە کۆتایی دێت و تاقمێکی تر دەست پێدەکات، دۆڵ لە نێوانیاندایە و گوندەکە لە ئێمەوە نزیك نییە.<br>ئەلبوجواری، باکوور، 70° رۆژئاوا.<br>کیبریتلی، کانییەکی کبریتە لەسەر کەنارەکە لەناو تاقمی دووەمدا، دوای ئەوەی، کە ئەو تاقمە بە شێوەیەکی پلەیی کۆتایی دێ و یەکێکی تر دەست پێدەکات. | 12:00، منارە، باکوور، 20° رۆژئاوا.<br>باشوور 70° رۆژهەڵات.<br>12:15<br>12:30 جەنگ، جەنگی قەرەقۆینلی، بەردە گەورەکان، ئێستا لەژێر ئاودایە، بە رووبارەکەدا چێوەیی دەپەڕێتەوە ، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ گردەکان لە باشوور 40° رۆژئاوادا.<br>12:45، باشوور، 15° رۆژهەڵات.<br>13:10، باشوور10° رۆژئاوا | ئەوەی یارەمجی.<br>500یارد خوار ئەوەوە گوندی شەمیدین و نزیکی ئەو کیزفاکەرایە.<br>شۆڕ دەرەی لەکلەر لە باکووری تەپەکەوە بە رووبارەکە دەگات.<br>کیز فەقەرا، باکوور.<br>قەرەقۆینلی، گوندێکی تورکمانە. ناوچەیەکی گردۆڵکەیی لە دواوەیە، یان زۆر تەخت نییە. |

| | | |
|---|---|---|
| تەل عەرەیگ، لە کەناری لای ڕاست، بەڵام دوور لە چیا و گوندێکی ژێر گردەکان | 13:25، باشوور70° ڕۆژئاوا<br>13:45، باشوور 45°ڕۆژهەڵات | گردۆڵکە بچوکەکان. |
| گردۆڵکەکان تەواو دەبێ، یا ڕاستر دووردەکەوێتەوە. | دوورگەکان و تەنکاو.<br>14:10، باشوور45° ڕۆژئاوا | گوندێ لەدوای گردە بچوکەکانەوە، عەرەبەکان پێیدەڵێن هاو ئەسڵان و تورکومانەکان پێیدەڵێن یاگتچی خەرابە، لەپشتیەوە جۆرە شاخێکی سروشتیەوە، کە پێیدەوترێ یاگتچی تەپە. تورکومانەکان نزیکی دۆڵی ئاوی سۆلفوریۆس. |
| تەل زەبید، یان حەمام عەلی، وڵاتێکی بەرفراوانە، تەپەی نەمرود، شێوە قوچەکێکی هەیە، باشوور، 20° ڕۆژهەڵات. | 14:25، باشوور20° ڕۆژئاوا<br>14:30، باشوور30° ڕۆژهەڵات. | چیای نەمرود پێش ئێمەیە و چیایەکی شێوە قوچەکییە. |
| | 14:35، بەرەو باشوور. | حەمرین، گوندێك، گردەکان. |
| | 14:45، باشوور 45° ڕۆژهەڵات. بەیەکگەیشتنێکی نوێی روبارەکە. 15:10، بەیەکگەیشتنی نوێ. 15:15، تەل سەید، باکوور 55° ڕۆژئاوا. ئەم بەیەکگەیشتنەی رووبارەکە، کە باشوور 60° ڕۆژهەڵاتە، لەم دواییەدا پەیدابووە | گردۆڵکەیی. |

| | | |
|---|---|---|
| گردۆڵکەکان<br><br><br><br><br><br><br><br>هێڵێکی تر لە گردۆڵکە لە باکووری رۆژئاواوە دێت و پەیوەندی دەکات بە رووبارەکەوە، کەمێ لە داوێنی زیکرول عەوازە<br><br><br><br>جەهاینە، گوندێکی گەورە. | یان بە رووبارەکەوە لکاوە. شەپۆلی سەرەکی رووی لەم رێگایەیە، لەسەر کەناری رۆژهەڵات گردەکان کەم بوونەتەوە. ئێمە ئێستا گوێمان لە عەوازەیە.<br>15:35 باشوور 70° رۆژئاوا.<br><br><br><br><br><br><br><br>چوار سەعات دەخایەنێ، 200 یارد سەرو زیکرول عەوازەیە، دەگاتە باشوور 70°رۆژئاوا. | <br><br><br><br><br><br>سەلامیە یان سەلامی، لە لێژگایی گردەکاندایە، کە رووبارێکی تەواوە و بەرەو باشووری رۆژهەڵات دەکشێ بۆ قەرەقوش، بەلای رۆژئاوایدا شارێکی گەورە بوو، دوای سەلامی، ناوچەکە زیاتر کراوە و تەختە.<br>جیریف، گوندێکی بچوک. |

هەردوو لای رووبارەکە و لە هەر کوێیەك رێیدابێت بەدرێژایی رێ لە موسڵەوە بە جوانی کراوە بە کشتوکاڵ و گوندەکان هەمیشە دیمەنیان جوانە. من تەنیا تێبینی سەرەکیەکەیانم کردووە.

- **4/مارچ/ئازار**

کەڵەکەکانیان نارد بەدەوری پکەناری دواترا و ئێمەش بە پێ دەستمانکرد بە رۆیشتن و یەکەم شت ئەم بەیانییە کردمان پشکنینی کەلاوەکانی نەمرود بوو. چوار سەعات لە باکوور 45°رۆژهەڵات رێمانکرد، بۆ گردە قوچەك. شوێنەواری کەلاوەکان، وەك ئەوانەی شار، تا لە باکووردا ببینرێن، رێیەکی کورت و ماوەیەکی گەورەی رۆژهەڵات.

سەرکەوتمە سەر چیاکە، لەو شوێنەوە، کە ئەم ئاڕاستە و دیمەنانەی لای خوارەوەم بە کۆمپاس رووماڵ کرد:-

**مار دانیاڵ**، باکوور 27° رۆژهەڵات.

**تەل سەبید**، باکوور 32° رۆژئاوا.

چیای بەرزی **کەشاف**، باشوور 11° رۆژئاوا، سێ سەعات بە سواری ئەسپ.

سەرنجدان لە دەرکەوتنی زێ لە ژێر کەشافدا.

**سیخ**، چیایەك، دوو یان سێ میلە لە باشوور 56° رۆژهەڵات.

**تەل تەهیما**، یان چیای **تروفلە**، باشوور 25° رۆژهەڵات، پێنج میلە.

**تەل گوندیز**، باشوور 30° رۆژهەڵات، سێ یان چوار میلە.

رەوتی ئاڕاستەی رۆیشتنی دیجلە، باشوور.

ئەوپەڕی رۆژهەڵاتی پێشەوەی قەرەچوغ، باشوور 34° رۆژهەڵات.

ترۆپکی مەقلوب، باکوور 18° رۆژهەڵات.

مار مەتییە، باکوور 20° رۆژهەڵات.

**داخمە**، یان **حەڵەب**، ئێمە لە باخەکەی پاشاوە لە موسڵ دەیبینین، باکوور 37° رۆژئاوا.

**ئوردەك**، باشوور 77° رۆژهەڵات، سێ سەعات و نیو بە سواری ئەسپ.

**قەرەقوش**، باکوور 44° رۆژهەڵات، سێ سەعات ، تۆزێ سەرو، لەو دیو گردەکانی سەلامییەوە، کە بە باشووری رۆژهەڵاتدا دەڕوات.

**خدر ئەلیاس**، یان **مار جەرجیس**، سەرگەورەی بەناوبانگی یاقوبیەکان لە رۆژهەڵات، دوو سەعات و نیوە.

**تەل ئاقووب**، دوکەڵێکی دیار، باکوور 65° ڕۆژهەڵات، دوو سەعات و نیوە.

**ئۆمەرەکان**، باکوور 30° ڕۆژهەڵات، دوو سەعات و نیوە.

**سەلامی**، باکوور 11° ڕۆژئاوا، یەك سەعاتە.

ئیدی گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی کەڵەکەکە چاوەڕێی دەکردین، لە باشوور 55° ڕۆژئاوا، 35 دەقیقە زیاتر ڕێکردنی ئاساییە. لە تەختاییەکی دوور و درێژدا دۆزیمانەوە، کە باکوور و باشوور نزیکەی نیوەی بوو.

لە سەعات 12:15 دا کەوتینە رێ.

| کەناری چەپ | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەناری ڕاست |
|---|---|---|
| بەربەرەڵڵا | 12:15 باشوور.<br><br>13:25<br>رووبار گردەکان جێدێڵێ و بەرەو باشوور 80° ڕۆژئاوا دەکشێ.<br>01:30 سیکر، یان زیکر ئیسماعیل. خەندەقێکی تر- یان دەستکرد. ئێمە نزیك کۆتایی ڕۆژئاوا تێپەڕین. بە ئاسانی، بەڵام لەگەڵ هەندێ سەمادا لەسەر کەڵەك.<br>ئاوەکە تا رادەیەکی زۆر کولابوو. یا زۆر بەرز نییە، یان لە عەوازە زۆرتر وێرانەی | گردەکان، زنجیرەکی تر، کە لەوانەیە لە ماوەیەکی کورتا ئەمانەیان سەرکەوێت. |
| بەربەرەڵڵا | | گردەکان |

| | | |
|---|---|---|
| گردەکان<br>جەبەل جایف<br><br>تەل سیتەیە، باکوور 15° ڕۆژهەڵات، هەروەها چەند گردێکی تر دەبینرێ.<br><br>لە سەر جەبەل جایف، لە شوێنێکدا پێیدەڵێن تۆپ قەڵا.<br><br>سەرچاوەی سولفەر لەناو | هەیە.<br>لە سەعات 02:00 لە گوندی شەمووتە لە کەناری لای چەپ بەستمانەوە، ئەویش نەوەك زریانی باشووری بەهێز هەڵبکات. کەشاف لە مەدای چاودایە، وەکو تەماشایەکی وردی گردی ئەربێلا بکەین. کەمێ لەبەردەم گوندی شەمووتە، چیایەك هەیە پێیدەڵێن تەل سیتیە.<br>لە سەعات 16:12دا شەمووتەمان جێهێشت.<br>لە 16:20 ڕۆژئاوا بۆ (جەبەل جایف. )<br>16:30<br><br>04:40 باشوور 45° ڕۆژئاوا، فراوان و لەگەڵ دوورگەکان.<br>04:45<br><br>ئینجا باشوور، لێژگەی کەندەڵانەکانی شاخی جایفی نزیك ڕووبارەکە، کە لەوێدا تەسکترە. نەمرود، باکوور. | بەربەرەڵڵا |

| | | |
|---|---|---|
| کەندەڵانەکاندا، کە لە خوار چینەکانی بەردی لمینەکان و دارماوەکانەوە دەردەچێت. | 05:00 دوورگە لەناو دیجلەدا.<br><br>05:09 باشوور، 30° ڕۆژهەڵات.<br>05:13 هەردوو لقەکە بەیەك دەگەن.<br><br>05:25 کەمێ لە داوێنی دووەم گەلی زێوە بەستمانەوە لە کەنارێکی بەردەڵانیدا.<br>کەشاف 1 ½ میل باکوور 45° ڕۆژهەڵاتی ئێمەوە. | <br><br>یەکەم گەلی زێ.، کە خۆی دووانە، بە دوورگەیەکی بەردەڵان جیابوونەتەوە.<br>ئاوی شین و روونی زێ دەگاتە پلەی کوڵاندن و جۆگە قوڕاوەکە دەگاتە دیجلە. گەشاف 1□ میلە بۆ باشووری کەناری زێ. |

- 5/**مارچ**/**ئازار**

لە 10:30 سەرلەبەیانی، تیبینی لەسەر کات وەرگرت و لە نیوەڕۆدا خۆشبەختانە توانیم ژمارەیەکی گەورە لە بەرزاییەکانی هێڵی درێژی دەوری بەدەست بهێنم. هەر لەو کاتەدا هەندێ دوکەڵ لە گەیارەوە بەرزدەبووەوە، کە توانیم بیخەمە ئاستی باشوور، 15° ڕۆژئاوا، دەڵێن بە رووباردا ڕێگەکە پێنج سەعاتە. ئاسکی کەشاف، باشوور 30° ڕۆژئاوا.

لە سەعات 12:15دا کەوتینەڕێ.

| کەناری ڕاست | ئاراستەی ڕۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| گردەکان وردە وردە لە خاڵی (مورشەك)دا کۆتاییان دێت، لەو شوێنەی باووباپیری عەرەبەکانی ئەلبو سەلمانیان تێدا ناشتووە، بە مەزارێکی ناشیرین دیاریکراوە. | 12:15، باشوور 30° ڕۆژئاوا. دوورگە، شوێنی ڕێڕەومان بەلای کەناری چەپدا. | بەرزایی، تۆپەڵێکی بەردین، نزیکەی 15پێ ئەستوور، لەسەر بنکەیەکی بەردەلمین، لە هەندێ شوێن لەسەرو ئاوەکەوە دەردەکەوێت. |
| | 12:35 | زەویەکەی سەروی تەخت نییە. |
| | 12:30 ڕۆژهەڵات. | ئاسکی کەشاف، گوندێکی وێرانە. |
| بەربەرەڵڵا | 12:55 باشوور 45° ڕۆژئاوا. | |
| | 13:00 | |
| تووڵۆل ناسیر، گردە ئاست نزمەکان، لە سەرەتای کەلاوەکەوە. عەرەبەکانی جەحەیش. | قەرەچوغ لە هەموو لاکانیەوە، لە باشوور 85°ڕۆژهەڵات بۆ باشوور 45° ڕۆژهەڵات. | گردێك |
| | 13:05 باشوور 20°ڕۆژئاوا. | |
| | 13:10 باشوور 10°ڕۆژئاوا، کۆتایی دوورگەکە. | |
| | 13:15 باشوور45° ڕۆژهەڵات | |
| | 13:30 | |

| | | |
|---|---|---|
| هێڵێك لە گردەكان، بەهۆی ئاوەوە دابڕاوە، دواتر زۆرتر بەربەرەڵڵا. | سوڵتان عەبدوڵڵا، باشوور 25° ڕۆژهەڵات.<br>13:45 باشوور 45° ڕۆژئاوا.<br>02:00 ڕۆژهەڵات.<br>02:15 باشوور 10° ڕۆژئاوا.<br>14:20 باشوور 40° ڕۆژئاوا. | تەل شەیر، نزیكی كەناری دەستی چەپ. |
| | پانتایی ڕووبار.<br>14:52 باكوور 80° ڕۆژئاوا.<br>15:10 باشوور.<br>15:23 باشوور، 40° ڕۆژئاوا. | سوڵتان عەبدوڵڵا، لەسەر گردەكە.<br>پاشماوەی گوندی دەراوەیش.<br>زەوییەكی چاڵوچۆڵ. |
| | لێرەدا لەوە دەچێت ڕووبارەكە زیاتر بەلای ڕۆژهەڵاتدا دەڕوات.<br>ئاستی بەرز و كەنارە وشكەكان ئێستا ئەو ئاراستەیەیان وەرگرتووە.<br>منشارێكی خێرا، یان شكێنەر.<br>15:30 باشوور.<br>15:45 وێستان بۆ پشووی | مەكووك، گردێك، لەگەڵ چەند گردێ لە نزیكییەوە، وەك نەمرود، بەڵام بە كەمترین دووری. |

| | | |
|---|---|---|
| کراوە، سەوزایی، تەخت. | شەو لەسەر کەناری تەواو نزیك کیارە. | بەرفراوان، سەوزایی، تەخت. |

## ئاڕاستەکان لە بنکەکەوە

**سوڵتان عەبدوڵڵا**، باکوور 57° ڕۆژهەڵات.

**مەکووك**، باکوور 80° ڕۆژهەڵات.

**گردەکانی کاییر**، باشوور 68° ڕۆژهەڵات.

**قەرەچوغ**، باشوور 84° ڕۆژهەڵات بۆ باکوور 65° ڕۆژهەڵات.

**گەیارە**، سەرچاوەی نەوت لە دەشتا، باشوور 43° ڕۆژئاوا، دووری 3 میلە.

گەشتن بە رووبارەکە، باکوور 35° ڕۆژهەڵات، باشوور 35° ڕۆژئاوا.

**یومورسەك**، بەرامبەر دەمی زێ، باکوور 56° ڕۆژئاوا.

لەسەر کەناری لای راست، ناوچەیەك سەوزایی بەرزی بەرفراوان هەیە. لە ئاسۆی گردەکاندا، دوو شت دەبینرێ، هەندێ هێڵی پچڕاوی گردەکان نزیکترە. هێڵێکیش تەواو ڕێکە. سەرەتای باکوور 22° ڕۆژئاوای ئێمە، دووریەکەی سێ میلە و سەردەکەوێت بۆ باکوور 35° ڕۆژهەڵات.

زیاتر لەوەی من بتوانم ببیبنم، خانویەکی بچکۆلە لەسەر گردەکان، لە باکووری ڕۆژئاواوە دەچێ بۆ باشووری ڕۆژهەڵات. ئاڕاستەی باشوور 62° ڕۆژئاوا، دووریەکەی پێنج یان شەش میلە.

کەناری چەپ، هەندێ شوێنی وەك ناوچەکانی سەرو موسڵە، نەك زۆر بۆ پێشەوە، جگە بەرەورووی ئاوەکە، ناوچەیەکی بەرز، یان ئێستا کەنارێکی وشك، کە زیاتر بۆ ڕۆژهەڵات گشتگیرە. لەچاو ئەو جۆگەی رووبارەکەی ئێستادا لەسەرو شوێنی گەیشتنی

و دەگەڕێتەوە بۆی لە کۆتایی نزیکەی نیو میل خوار بنکەکەمان. ڕووبەری ناوچەکە زۆر تەخت و بەربڵاوە.

- 6/**مارچ/ئازار**

لە 05:25 سەرلەبەیانی کەوتینە ڕێ، تا سەعات 08:22 تێبینیم تۆمارنەکرد.

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| هەندێ گردی لە یەك | 08:22 باشوور.<br><br>فراوانی، جۆگەیەکی زۆر، سەرتاپا ناوچەیەکی بەربڵاو کەناری چەپ تەخت ترە. هەندێ گژوگیا، بە هەموو لایەکدا سەوزاییەکی دڵگیرە.<br>08:30 باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>08:45 باشوور.<br>08:55 باشوور 30° ڕۆژئاوا<br>09:15 گەیارە، باکوور 10° ڕۆژهەڵات.<br>باشوور 40° ڕۆژئاوا<br>09:25 باشوور 20° ڕۆژئاوا<br>هێڵێکی گردەکانی حەمرین لەبەر دەماندایە.<br>لە سەعات 09:40 باشوور | تەل جەلووس، گردێکە ڕێك لە پشتی ئێمەوەیە.<br><br>عەرەبەکانی طی. تەی0<br><br>هەوارێکی گەورەی عەرەب. |

| | | |
|---|---|---|
| پچڕاو.<br><br>تۆپڕاك قەڵا، گردێکی زەوییە، لە داوێنییەوە بە دیواری کەلاوەکان گیراوە، ئێرە ناوچەی موسڵە، کۆتایی لە لای رۆژئاوادا دێت. | 60° رۆژئاوا.<br>09:45 باشوور.<br>09:55 رۆژهەڵات، بەیەکداچوونێکی گەورەی دوورگەکان و رێگاوبانەکان.<br>10:10 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>10:16 وێستان لەسەر کەناری چەپ.<br>11:10 بەرێکەوتنەوە.<br>باشوور 20° رۆژئاوا.<br>11:25 باشوور.<br>11:36 باشوور 40° رۆژهەڵات.<br>11:45 باشوور.<br>11:55 باشوور 20° رۆژهەڵات.<br>12:05 باشوور 20° رۆژئاوا هەڵچوونی شەپۆل و لێشاو، کە پێیدەوترێ (خەڕبەتە)، کە بەهۆی بەردی گەورەی ژێرەوە پیکدێت.<br>12:15 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>لەپڕ کەلاوەکان لەگەڵ گردەکاندا دەست پێدەکات، پێیدەوترێ (تۆپڕاك قەڵا).<br>12:35 کۆتایی کەلاوەکان. | تلوول ئاگر. سێ گرد هەوارگەی عەرەب.<br>دارستانێکی بچوك. |

| | | |
|---|---|---|
| | جۆگەیەكی زۆر لە ڕووبارەكەدا.<br>باشوور 20° ڕۆژهەڵات.<br><br>12:45 باشوور 55° ڕۆژئاوا، بەرەوخوار بۆ گردەكانی حەمرین. | عەرەبەكانی طی.<br><br>تەخت و بەربڵاو و سەوز وەك پیرۆزە. |
| گردەكانی حەمرین، لێرەوە دەستی پێكردووە، كە پێیدەوترێ (خانوزا)، زۆر مەترسیدارە كاتێ ڕووبارەكە بەرزبێتەوە، ئێستاش زۆر خێرایە. | 13:04 بادانەوەیەكی تیژ بە درێژایی حەمرین.<br>14:00 جێهێشتنی حەمرین بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات.<br>14:30 بەدەوری باشوور 40° ڕۆژهەڵاتدا.<br>14:33 نەملە.<br>14:37 فەڕاج، بەخێرایی. | هێڵی گردە نزمەكان، كەمێ بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دەچوون. |
| | 14:45 دیسانەوە گردەكانی حەمرین، بەڵام زۆر نزیك لە داوێنیەوە نا.<br>ئاڕاستەی باشوور.<br>15:00 باشوور 30° ڕۆژهەڵات. | شاخێكی درێژ و نزم، كە مەزاری شێخێكی ئەلبودیشی لێیە. |
| مەكحوڵ قەڵا.<br>حەمرینیش لەنێوان گردەكانەوە | 15:09 باشوور 40° ڕۆژئاوا<br>15:20<br>بەدەوریا بەرەوەو ڕۆژهەڵات | تەخت، سەوز، ناوچەیەكی بەربڵاو. |

| | | |
|---|---|---|
| دەردەکەوێت، کە تیایدا وێستاوە و پێیدەوتری مەکحوڵ، یان گردەکانی (خانویا) بە بەردەم حەمریندا دەکشێ و نمونەی لە هەموو لایەکەوە هەیە، جگە لەوەی، کە زیاتر خواردەبنەوە، حەمرین لە ئاراستەی خۆیدا زۆر جوانە.<br>کەنارێکی نائاساییی، بەهۆی رووبارەکەوە دارِوخاوە. ناوچەیەکی بەربڵاو بۆ گردەکانی خانوزا. | 15:35 ترەیشا، خێراییەك.<br>باشوور 70° رۆژهەڵات.<br>15:54<br>16:26 باشوور.<br>16:43 خۆمان بۆ شەو لەسەر کەناری لای راست پێچایەوە، بەتەواوی بەرامبەر گەلی زێی بچوك. | گردە بچوکەکان. |

## دیمەنەکان بە کۆمپاسی رووماڵکردن

دەمی زێ، باشوور 42° رۆژهەڵات، پانتایی دیجلە لەنێوانماندایە، رۆژئاوای زێ بەگردەکان شێوەی وەرگرتووە. ئەوانەش ئەو گردانەن، کە کەناری لای چەپی دیجلەیان بۆ ماوەی 20 دەقیقە پێکهێناوە.

لە کەناری رۆژهەڵاتی زێوە ناوچەکە تەواو تەخت و بەربڵاوە.

مەکحوڵ، باکوور 62° رۆژئاوا.

ئەلفەتحە، باشوور 22° رۆژهەڵات.

باشوور 75° رۆژئاوای ئێمە، گردەکانی خانوزا لەوە دەچێت کۆتایی هاتبێت.

- 7/**مارچ/ئازار**

| کەناری راست | ئاڕاستەی رۆیشتن | کەناری چەپ |
| --- | --- | --- |
| | 05:45 سەرلەبەیانی کەوتینەڕێ، پێچمانکردەوە بۆ باشوور 45° رۆژئاوا. | |
| | 06:00 کەلاب، خێراییەك و بەیەکاچوونێکن مەترسیدار بوو بە کەڵەکەکان. | کراوە. |
| کۆتایی گردەکانی خانوزا لەسەر دیجلە، بۆشاییەك لەنێوان ئەوان و گردەکانی حەمریندا، بە شاخی خواروخێچ و دابڕاو پڕبووبۆوە، دەیخستیتە شێوە خەیاڵێك و زۆر ناخۆشەوە. ئەوە بەردەوامە بۆ بەردەمی حەمرین لەسەر رووبارەکە. | 06:15 | |
| حەمرین، موسەحاج پێش ئەوە. | 07:00 موساحاج. | |

| | | |
|---|---|---|
| حەمرین بخە لای راستەوە. | باشوور 15° رۆژهەڵات. | |
| جەبار قەلعەسی، یان قەڵای ئەلجەبار، تیرانت کاستڵ. کەلاوەکە ڕێیەکی کەم لە سەرو حەمرینەوەیە. | 07:40 | تەل حەملیا، گردێکی بچوك، ڕێك بەرامبەر جەبارە. |
| | 08:25 لەژێر حەمرینەوە. بۆ ماوەی نزیکە سەعاتێك لە کەناری لای راست، لە خوار جەبارەوە وێستاین، لەوێدا، کە نەئەکرا کەڵەکی بۆ بێنێ. | |
| | 10:20 دیسانەوە کەوتینە رێ. باشوور 45° رۆژهەڵات. | کەناری چەپ بەرەو نایەکسانی دەچێت. |
| لێژگاییەکی خۆڵی زۆر بەرز، دیارە لە حەمرین دارماوە، کە نزیکە یەك میلە لە ئاوەوە. | 10:30 باشوور. | |
| | 10:52 رۆژهەڵات. | |
| | 11:00باکوور60°رۆژهەڵات. | |
| | 11:15 پابەندبوون بە هێنانی، بەهۆی توشی هەواوە. سودم بەخۆم گەیاند بە وێستا بۆ دەستکەوتنی تێبینیەکان، | گرد و شاخە بەردەلمینە نارێك و سەیرەکان. تەل دەهەب، کەمێ خوار ئێمەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| | فەتحە، باشوور 15° باشوور، نزیکەی دوو میل بە هێڵێکی ڕێك. | |
| | 13:25 دیسانەوە کشامەوە | هەمان کۆمەڵە نائاساییەکان بەردەوامە. |
| | 13:36 باشوور 10°ڕۆژئاوا، 14:02 فەتحە، باشوور 25° ڕۆژهەڵات، بەڵام ڕووبارەکە یەکێ یان دوو سوڕدانەوە دەکات بەر لە ڕێڕەوەکە. | تەل دەهەب مەزاری عەرەبی لەسەر گردێك. |
| | 14:15 بریج، بەرد لە لێژاییەکی خراپدا لەوبەری ڕووبارەکەوە، نزیك کەناری چەپ. | |
| | 14:31 ئەلفەتحە، تێپەڕین بەناو حەمریندا، ڕووبارەکە بەناویا دەڕوات لە باشوور 30° ڕۆژهەڵاتەوە و نزیکە 150 یارد پانە. | لە دەربەندەکەی لای چەپەوە، لە نێوان داڕماوەکانی گردەکانی حەمریندا، سەرچاوەی نەوت و نیترات هەیە. |
| | 15:00 ئەو شوێنەی، کە ڕووبارەکە چەند دورگەیەکی تێدا پێکهێناوە. باشوور 10° ڕۆژئاوا. | |
| ناوچەکە زۆر جوان | 15:32 باشوور 50°ڕۆژئاوا، | هەندێ گردی نزم، حەمرین |

| | | |
|---|---|---|
| بەربڵاوە، بەڵام زۆر نزم نییە یان وەك قورِ و لیتە بێت. | رووبارەکە پان دەبێتەوە، چەند دورگەیەك. | لەلای چەپمانەوە بەرەوخوار دەبێتەوە. |
| | 16:11 باشوور. | |
| عەرەبەکانی ئەلبو موحەمەد | 16:30 باشوور 30°رۆژهەڵات. | گردە زیخەڵانەکانی لەگ لەگ و بەهێزی ئیستا. |
| | لەماوەی رابردودا رێکردنێکی باشمان کردووە، هەموو رۆژە پێش تەواو خراپ بوونی بەهۆی تێکچونی کەشوهەواوە، کە ئێستا هێوربۆتەوە. | |
| خان خەرنینا، باشوور 60°رۆژئاوا، دوو تەپە، یان گردی دەرکەوتو، نزیك داوێنیان کەلاوەیەکی گەورەیە، شوێنێکی زۆر نا ئاساییە. | 17:15 باشوور. 17:55 بردینی بۆ شەو لە دوورگەیەکدا. هەمرین دەردەکەوێ بۆ ماوەیەکی دوور. | |
| رێك لە باشووردا زنجیرەیەك گردی نزم دەستپێدەکات، یان راستر شریتی بەرزی وڵاتەکە لەگەڵ ئاستێکی تەختا، پێیدەوترێ شاخی خەرنینا، بەرەو تکریت | ئەلفەتحە دەمانبات بۆ باکوور 5°رۆژهەڵات. | |

| | | |
|---|---|---|
| دەکشێ. | | |

| کەناری راست | ئاڕاستەی رۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| لە گردەکانی خەرنیناوە. | 8/ **مارچ/ ئازار**<br>لە 06:45دا کەوتینە رێ<br>بایەکی بەهێزی باشووری رۆژهەڵاتی.<br>07:30 کاتێ دەستمکرد بە پشکنینی فەتحە بە ئاڕاستەی باکوور 10° رۆژئاوا.<br>ئاڕاستەی باشوور زۆر هێواش دەرۆیشت.<br>07:45 باشوور 40° رۆژهەڵات، فەتحە باکوور.<br>حەمرین لە هەردوو لاوە، درێژدەبێتەوە لە باکوور 25°رۆژئاوا، بۆ باکوور 60° رۆژهەڵات.<br>08:05 رۆژهەڵات.<br>08:20 باشوور 60° رۆژهەڵات.<br>08:40 باشوور 35° رۆژئاوا.<br>ئەلفەتحە، باکوور 10° رۆژئاوا. | هەندێ بیری ئاو و کشتوکاڵ لەسەر دوورگەکان و کەناری لای چەپ، تایبەتە بە عەرەبەکانی جواریەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| لەسەر گردەکانی خەرنیناوە، مەزاری (کرەیم ئەبو خالّخالّ) کوڕی ئیمام موسای لێیە.<br>گردەکانی خەرنینا، لێرەوە زیاتر پێچ بکەرەوە بەرەو باشوور و ئینجا پیا بگەڕێرەوە. | 08:55 باشوور 30° ڕۆژهەڵات، ڕێکردنەکەمان بەتەواوی لەسەرخۆ و زەحمەت بوو.<br>09:00 باشوور 65°ڕۆژهەڵات.<br>09:05 ڕۆژهەڵات.<br>09:55 وێستان، یان راستر باکە پێچەوانەی کەناری چەپی دەبردین، بۆیە تا سەعات 04:15 وێستاین. | |
| | تکریت، باشوور 5°ڕۆژئاوا.<br>ئەبو خالّخالان، باشوور 85°ڕۆژئاوا، یەك میلە.<br>پێگەیشتنی، باشوور 45° ڕۆژهەڵات، ½ میلە.<br>16:15 کەوتینە ری.<br>باشوور 45° ڕۆژهەڵات. | بیرە ئاوکانی تایبەت بە عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد. |
| دیسانەوە لێژگاییەکانی خەرنینا، ئەگەر خاکەکەی وردە بەرد بێ، نزیکەی 100 پێ بەرزە | 16:20 باشوور 70° ڕۆژئاوا.<br>16:50 خالّخالان، باکوور.<br>حەمرین لەبەرچاوە.<br>16:55 باشوور.<br>17:00 باشوور | ناوچەیەکی بەربلاو. |

| | | |
|---|---|---|
| | 45°ڕۆژهەڵات، ڕووبارەکە<br>بەلایەنی کەمەوە یەك میل<br>پانە. ناوچەیەکی بەربلاو،<br>دورگەیەکی .<br>17:07 باشوور 20°<br>ڕۆژهەڵات.<br>ئەلفەتحە، باکوور 10°<br>ڕۆژئاوا.<br>تکریت نزیك باشوور<br>10°ڕۆژهەڵات.<br>17:15 باشوور.<br>17:30 لە سەلواوە،<br>ئەشکەوتی سیرەن لە<br>گردەکانی خەرنینادا. | |

ئەلفەتحە، باکوور 10°ڕۆژئاوا.

لوتکەی گردەکانی خەرنینا، کە لە سەلواوە چەمانەوەیەکی تر دەکات و لە نزیك تکریتەوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە، لە ڕاستیدا ناوچەکە ئاوی کەمبووەوە، ڕووبارەکە تەنیا یەك جار بە ڕەوانی پیا تێدەپەڕێت. ئیدی لە سەلواوە ئاڕاستەکەمان بەرەو باشوورە.

05:40 باشوور 10°ڕۆژئاوا.

لە سەعات 05:50دا زریانێکی توش لە ڕۆژئاوە، کە بەرەو کەناری ڕۆژهەڵاتی بردین. زریانەکە ئەوەندە درێژەی کێشا، کە ئەوەی نەدەهێنا دوای تەواو بوونی بکەوینەوە ڕێ.

کەلاوەکانی تکریت کەمێ لە خوار ئێمەوە لەسەر لێژاییەکی بەرزی ستونی دیارە.

• 9/**مارچ/ئازار**

05:30 کەوتینەوە ڕێ

06:00 خۆمان توندکردەوە لەسەر چینە زیخەڵانەکەی پێش تکریت.

(ئەلحادر) دوو ڕۆژی درێژە، لە باکوور 30° ڕۆژئاوا، دەڵێن دەبێ لە کیاراوە ڕۆژئاوا بێ.

قوچەکێك دەبینرێ، یان ڕاستر بڵێم قوچەکی سەر دەرگا- باشوور 8° ڕۆژهەڵات. چوار سەعاتە.

حەمرین لە باکوور 20°ڕۆژئاواوە بۆ باکوور 70°ڕۆژهەڵات دەردەکەوێت.

ئەلفەتحە باکوور 10°ڕۆژئاوا.

کاروانەکە هەر ئێستا تکریت بەرەو کەرکوك جێدێڵێت. لە حەمرین پشوودەدا و ڕۆژی دوایی دەگاتە کەرکوك.

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی شوێن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| کەندەڵانەکان. | 12:15 تکریتمان جێهێشت.<br><br>گەیشتنی تکریت بە ڕووبارەکەدا، باشوور 60° ڕۆژهەڵات.<br>12:20 باشوور 30°ڕۆژئاوا.<br>12:50 باشوور، دیسانەوە لە لێژگاییدا.<br>13:11 باشوور 30° ڕۆژهەڵات. | بەربڵاو و تەخت. |

| | | |
|---|---|---|
| (ئۆجا)، کانییەکی بچوك لەناو کەندەڵانەکەوە دێت، کەندەڵانەکەش هێڵی خۆی بەردەوامە و ناوچەیەکی تەخت لەنێوان ئەوان و رووبارەکەدا جێدێڵێت.<br>دوورگەکان، لە پشتیانەوە کەندەڵانەکانە.<br>کەندەڵانی خەرنینا باشترین رێگەیە تیایدا. | 13:21 باشوور 70° رۆژهەڵات.<br>13:50 باشوور حەمرین بە جوانی روون و دیارە.<br>13:55 باشوور 15° رۆژئاوا.<br>14:15 باشوور.<br>14:31 باشوور 60° رۆژهەڵات.<br>تکریت، باکوور 10° رۆژئاوا.<br>حەمرین لە پشتی تکریتەوە دەردەکەوێت.<br>14:40 باشوور، دوورگە.<br>14:55 پانتایی رووبار، دوورگەکان.<br>15:05 باشوور 30°رۆژئاوا.<br>15:10 حەمرا، زیکر، یان بەربەست ، لە کەناری لای چەپ زیاتر ناکشێ. | دوورگەکان چانراوەکان، لە پشتیانەوە ناوچەکە بەرز و نزمی دەکرد.<br>ناوچەیەکی بەرز و نزمی بەردەلان. ئیمام دوور. |

| | | |
|---|---|---|
| | 15:15 باشوور. | |
| | 15:20 باشوور 30° رۆژهەڵات. | |
| | 15:24 رووەیح، زیکرێك وەك حەمڕا. | |
| | 15:30 باشوور. | کەنارێکی بەرزی زیخەڵان. |
| | 15:35 باشوور 30°رۆژئاوا.<br>15:40 | |
| تەل ئەلمەهاجی، بە یەکداچونێکی سەرنج ڕاکێشەر لە هەندێ ڕێیدا.<br>دوورگەکان. | 15:47 باشوور. | نەهرێك، دەڵێن لەوانەیە کەناڵەکە لە لایەن مەلیك سلێمانەوە هەڵکەنرابێت و تا دەوروبەری حەوێزە دەڕوات. |
| | 15:50 باشوور 20° رۆژهەڵات. | |
| | 16:05 باشوور 45° رۆژهەڵات.<br>16:25 | ئاسکی بەغداد، لەسەر لێژگاییەکی زیخاوی بەرز. |
| دوورگەکان. | 16:25باشوور 30°رۆژئاوا.<br>16:35 باشوور. | گردە زیخەڵانەکان کوتوپڕ دەگەڕێنەوە و بەلای رۆژهەڵاتدا پێچدەکاتەوە. |
| دوورگەکان. | 16:40 باشوور 70° رۆژهەڵات.<br>16:55 | ئاسکی بەغداد هێشتا لە لێژیدایە، کۆمەڵە زبڵەکان. |
| | 17:05 باشوور 10° رۆژهەڵات.<br>17:10 | دیسانەوە سەرەوژورکە بەرزەکان.<br>هێشتا کەلاوەیە. |
| | 17:27 مزگەوتی سامەڕا | |

| | | |
|---|---|---|
| دوورگەکان.<br>دوورگەکان. | بەرەو باشوور 10° ڕۆژهەڵات.<br>ئاڕاستەی باشوور.<br><br>17:35<br>17:40 باشوور 55° ڕۆژهەڵات. | هێشتا کەڵاوەکان.<br>گۆڕەپانێکی نزیکە،<br><br>پێیدەوترێ زینارس، لەوەدەچێ کۆتایی کەلاوەکان بێت. |
| | 17:50 باشوور20° ڕۆژهەڵات.<br>17:55 باشوور 45° ڕۆژئاوا. | گردە بەردەڵانەکان بەرەو پێشەوە دەچن.<br>دوورگە. |
| کابر و سەید، پارچەیەکی ڕەق بوو، خێراییەك لەسەر کەناری ڕاست پێکدەهێنێ.<br>پارچەی زیاتر، دەڵێن پاشماوەی پردی ئەشەکە.<br>ئەشەك. | 18:00<br><br>18:10<br><br>18:20 باشوور سامەڕا، باشوور 35°ڕۆژهەڵات.<br>19:20 سامەڕا. | هاویل- ئەبسات. |

- 10/**مارچ/ئازار**

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی شوێن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| □<br>□<br>□<br>□<br>دەمی دوجەیل، کەمێ خوار ئەوەوە نەهرەوانە<br>□<br>ئیستابلات، گردە کەلاوەکان. | 12:35کەوتینە ڕێ. باشوور 10°ڕۆژهەڵات.<br>12:50 باشوور 30°ڕۆژئاوا.<br>13:00 باشوور 30° ڕۆژهەڵات.<br>13:20 سامەڕا، باکوور.<br>13:51 باشوور 30 ڕۆژهەڵات.<br>14:00 باشوور.<br>14:12 باشوور 50° ڕۆژهەڵات.<br>14:38 وێستان.<br>16:15 دیسانەوە کەوتینەوە ڕێ. باشوور 30° ڕۆژهەڵات.<br>16:38 ڕۆژهەڵات.<br>16:50 بەرەو کەناری چەپ. بینا لە دەمی نەهرەواندا، باکوور 35° ڕۆژئاوا. | کەلاوەکان. نەهر ئەل ئیرساس سەرگەورەی کەناڵی نەهرەوانن، لەسەر بینا خشتە چوارگۆشەکە، لە تەمەنی خەلیفەدایە.<br><br>جێگایەك پێیدەوترێ سەنەمی پەرستیار یا نابگە. کەلاوەی ساسانیان لە گادسیە، یان قادیسیە. سامەڕا بەرەو باکوور 20°ڕۆژئاوا، ئەو بینایەی لە دەمی نەهرەواندایە، باکوور 40°ڕۆژئاوا، کەلاوەکانی ناهاراوان لە پشتی کادسیەوەیە، بەدووری نزیکەی یەك میلە. |

- 11/**مارچ/ئازار**

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی شوێن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| | 05:35 پشودان. دەستکردن بە تێبینی لە:<br>07:37 بە ئاڕاستەی باشوور 30° ڕۆژهەڵات. | |
| بەلەد، گوند سەرەکی دوجەیلە. منارە و دارخورمای تیایە و ڕێیەکی کەمە لە کەناری غوادیرەوە. | 07:55 باکوور 70°ڕۆژهەڵات.<br>08:15 ڕۆژهەڵات.<br>08:25 باشوور 70°ڕۆژهەڵات.<br>08:40 باشوور 80°ڕۆژهەڵات.<br>08:45 باشوور.<br>09:00 باشوور 30°ڕۆژهەڵات.<br>09:14 باشوور 20 ڕۆژئاوا. | |
| خانی سەید. مەزاری سەید موحەمەد کەمێ خوار ئەوە.<br>کەنارە زۆر لێژەکان یەك پارچەیە. ئێمە ئێستا لە ناوچەیەکی لیتاویدایین، زیخ و چەو نابینرێ. | 09:20 باشوور.<br>09:40 باکوور 70°ڕۆژهەڵات. ڕوبارەکە ئەم بەیانییە بە درێژایی ڕێگەکە زۆر سەغڵەت بوو، هەروەها شێوە دوورگە و کەناڵێکی زۆری پێکهێنابوو.<br>09:50 باکوور، هەوایەکی | میسراکجی خان، کە ڕابردویەکی درێژمان هەیە، بۆ باکوور دەچێ. |

| | | |
|---|---|---|
| | بەهێز.<br>10:10 وێستان.<br>خانی سەید، بەرەو باکوور 20°ڕۆژئاوا.<br>11:30 دیسانەوە پشوودان. | |
| | باکوور.<br>11:45 باکوور 60°ڕۆژهەڵات.<br>12:20 باشوور.<br>12:40 باشوور 30°ڕۆژهەڵات. | میسراگا، کەنارە لیتاوییە بەرزەکان. |
| | 12:51 باشوور 50°ڕۆژهەڵات.<br>13:00 ڕۆژهەڵات. وێستان.<br>13:30 دووبارە کەوتینەوە ڕێ . ڕۆژهەلات.<br>14:00 باکوور 70°ڕۆژهەڵات.<br>14:20 باشوو 10°ڕۆژهەڵات.<br>ڕۆیشتن زۆر هێش بوو. بەپێی تەوژمەکە بوو. | دووڕیانی (ئەدحایم) و دیجلە. ئەدحایم لە خشتەی سەندوقی وەرگرتنی ئاوەکانی کەرکوك، تاوك و توزخورماتدایە. ئێستا نزیکە 100یارد پانە. |
| | 15:20 باشوور 50°ڕۆژهەڵات.<br>15:40 باشوور 20°ڕۆژهەڵات.<br>15:45 باشوور 70°ڕۆژهەڵات.<br>16:15 باشوور .<br>دارخورما لە خاڵسدا دەبینرێت.<br>16:20 باشوور 20°ڕۆژئاوا. | زەمبوور. |

| | | |
|---|---|---|
| | 16:32 باشوور.<br>16:40 باکوور 70°ڕۆژهەڵات.<br>16:50 ڕۆژهەڵات.<br>17:05 باشوور.<br>17:20 باشوور 20°ڕۆژئاوا.<br>17:25 باشوور 30°ڕۆژئاوا.<br>17:30 باشوور 80°ڕۆژئاوا.<br>18:00 درەنگانێك شەو گەیشتینە سیندیە، یەکەم گوندی خاڵس.<br>لێرەدا یەختەکەی خۆمان بینیەوە، لەشەودا سەرکەوتینە سەر یەختەکە. | پێش ئێمە تەل خومەیسییە.<br><br>خومەیسییە کەمێك لە پشتی ئێمەوەیە. ڕووبارەکە پێچێکی مەزن بەرەو ڕۆژهەڵات دەکاتەوە. |

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی شوێن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| | 12/**مارچ/ئازار**<br>05:30 یەختەکە کەوتە ڕێ.<br>07:30 کاتێ هاتمە سەر یەختەکە، بەرەو باشوور دەچووین و کەمی لە خوار گوندی مەنسورییەوە، بە ئاڕاستەی سیندیە هێمای بۆ دەکردم لە باکوور 10°ڕۆژهەڵاتدا.<br>07:45 ئەم گوندانەی لای خوارەوە سەر بەم ناوچەیەن: جەدیدەتول | |

| | | |
|---|---|---|
| | ئاغاوات، رۆژهەڵات.<br>ئەلیەبوت، باكوور 70°رۆژهەڵات.<br>دۆلتۆڤا و شەلیابوت لەیەكدا،<br>باكوور 55° رۆژهەڵات.<br>جەززانی، باشوور 70°رۆژهەڵات.<br>08:00 ئاڕاستەی باشوور 45°<br>رۆژهەڵات.<br>08:25 باشوور 45° رۆژئاوا.<br>08:40 باشوور 60° رۆژئاوا.<br>09:00 سەرزەوی.<br>09:20 دیسانەوە پشوودان.<br>باشوور 10°رۆژهەڵات.<br>گەیشتنێكی دوور درێژ.<br>10:00 یەنغیجیە.<br>10:20 باشوور 20°رۆژئاوا.<br>10:55 باشوور 60°رۆژئاوا.<br>11:10 باكوور 60°رۆژئاوا،<br>پێگەیشتنێكی درێژ.<br>11:30 باشوور 40°رۆژئاوا.<br>یەنغیجیەن باكوور 80°رۆژهەڵات.<br>11:35 دیسانەوە سەر زەوی.<br>11:50 دووبارە پشودان. باشوور<br>40°رۆژئاوا.<br>12:10 باشوور 20°رۆژئاوا.<br>12:35 رۆیشتنی هێواش.<br>13:05 باشوور 20°رۆژهەڵات. | |

| | | |
|---|---|---|
| | 13:15 باشوور 35°ڕۆژهەڵات. | |
| | 13:40 باشوور 30°ڕۆژئاوا. | |
| | 13:50 ڕۆژئاوا، ڕۆیشتنێکی زۆر هێواش. | |
| | 14:20 باشوور 70°ڕۆژئاوا. | |
| | 14:45 باشوور، دیسانەوە ڕۆیشتنێکی باش. | یەکەم باخی بەغداد. |
| | 15:00باشوور 20° ڕۆژهەڵات. | |
| | 15:10 باشوور 35° ڕۆژئاوا. | ناوچەیەکی کراوە لە هەردوو لاوە. |
| | 15:25 باشوور 10°ڕۆژئاوا. | |
| | 15:35 گوندی کازمین باشوور 10°ڕۆژهەڵات. کەناڵە کۆنەکە، زیاتر لەوەی من بتوانم ببینم درێژدەبێتەوە، باکوور. | |
| | 15:40 باشوور 45° ڕۆژهەڵات. | |
| | 16:00 لێخووڕین دژی کەنارە بەرزەکە. | |
| | 16:15 دیسانەوە پشوودان. باشوور 20° ڕۆژئاوا. | |
| | 17:00 لە باخچەی نووابدا، پاشان ڕۆژهەڵات. | |
| | 17:45 باشوور 15°ڕۆژئاوا، پێگەیشتەی ئیمام ئەدهەم یان عەزەم. | |
| | 18:00 ڕۆژهەڵات، پێگەیشتەی باخەکەی پاشا. | |

| | | |
|---|---|---|
| | 18:05 بەرامبەر کەسر.<br>18:20 باشوور 20° ڕۆژئاوا.<br>18:30 باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>گەشتنە بەغداد. | |

لە بەغداوە بە دیجلەدا بۆ بەسرە.

جێهێشتنی بەغداد بۆ بەسرە، 11/**مەی/مایس**/1821، بای باشووری ڕۆژهەڵات.

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی شوێن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| | 07:30 کەوتینە ڕێ. | |
| | باشوور 45°ڕۆژهەڵات. | |
| | ڕووبار لە دەوروبەری | |
| | بەرزاییەکەیدا. | |
| | 07:45 پێچکردنەوە بۆ ناو | |
| | باشوور 25°ڕۆژهەڵات لە | |
| | قەڵاکەوە. | |
| | 07:50 باشوور 20°ڕۆژئاوا. | |
| | 08:00 باشوور 45°ڕۆژئاوا. | دوورگە□ |
| | 08:10 ڕۆژئاوا. | □ |
| دوورگەکان | 08:30 باشوور 45°ڕۆژئاوا. | □ |
| | 09:00 لە کەناری ڕاستدا، | □.هێشتا دوورگە |
| | ئینجا بۆ باشوور. | □ |
| شەت ئەل عەتیك، | 09:05 ڕۆژهەڵات. | □ |
| لقێکی کۆنی ڕووبارەکە، | کازمین، باکوور 10° ڕۆژئاوا. | |
| ئێستا پڕە لە ئاوێك بە | زوبەیدە، باکوور 10°ڕۆژئاوا. | |
| بەرزی، یان کاتێ | 09:20 باکوور70°ڕۆژهەڵات. | |
| ڕووبارەکە پڕە و ئینجا | 09:30 باکوور45°ڕۆژهەڵات. | دوورگە. |

| | | |
|---|---|---|
| تەنانەت تەنکاوە. | 09:40 دەنانا، لەو شوێنەی تیایەتی. | |
| دوورگە. | 09:45 سوڕانەوە بۆ باشوور70° ڕۆژهەڵات. | |
| | 10:05 باکوور45°ڕۆژهەڵات. | |
| | 10:25 سوڕانەوە بۆ باشوور. | هیندیە. |
| باخی ئۆترەی. | 10:35 | |
| | 10:50 باشوور10°ڕۆژهەڵات. | باخەکەی حاجی عەبدوڵڵا ئاغا |
| | 11:10 باشوور30°ڕۆژهەڵات. | |
| | 11:20 باشوور45°ڕۆژهەڵات. | |
| | 11:40 ڕۆژهەڵات بۆ دیالە. | |
| | 13:00 لە دیالەدا. | |
| | 17:30 لەنگەرگرتن لە بنکە کۆنەکەمان. | |
| | بنکە نزیك حودەیفە لە تاقی کیسرا. | تاقی کیسرا. |
| کەناری چەپ | ئاراستەی شوێن | کەناری ڕاست |

| | | |
|---|---|---|
| ئەبول هیتی.<br><br>حەڕا، کۆمەڵە کەلاوەی جیاجیا بۆ ماوەیەکی زۆر.<br><br>ئەل حەمام، کەلاوەی جیاجیا لەو ناوەدا. | 12/**مەی/مایس**<br>05:00 کەوتنەڕێ.<br>06:00 باشوور 45°ڕۆژئاوا.<br>06:15 لە دەمی کەناڵێکدا، کە پێیدەوترێ ئەبول هیتی، لەو بڕوایەدام لە نەهرەوان دابڕابێت. لە ئەبول هیتیەوە وردە وردە سوڕاینەوە بە باشووردا بۆ باشووری ڕۆژهەڵات و ئینجا ڕۆژهەڵات.<br>06:45 باکوور 10° ڕۆژهەڵات.<br>06:55 باکوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>07:20 باکوور 20° ڕۆژهەڵات.<br>07:30 باکوور 10° ڕۆژئاوا.<br>07:35 سوڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات و ئینجا باشوور 40°ڕۆژهەڵات.<br>08:00- 08:45 نەماندەتوانی خۆمان لە کەناری چەپ ڕزگاربکەین.<br>08:50 باشوور 20°ڕۆژهەڵات.<br>تاقی کیسرا باکوور 50°ڕۆژئاوا.<br>09:30 وردە وردە سۆڕاینەوە بۆ باشوور 45°ڕۆژئاوا.<br>10:00 باشوور.<br>10:15 باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>تاقی کیسرا، باکوور | بۆستان، یان کۆتایی کەلاوەکانی تاقی کیسرا. |

| | | |
|---|---|---|
| □<br>□<br>□<br>□<br>□<br>هێڵێکی درێژی کەلاوەکان، یان پاشماوەی کەناڵێك پێیدەوترێ داقار. پرسیار: ئەمە نەهار مەلاکەیە؟ | 25°ڕۆژئاوا.<br>ئەم شوێنە پێیدەوترێ (ئەل لەی)<br>10:30 باشوور 70° ڕۆژهەڵات.<br>11:15 ڕۆژهەڵات.<br>11:20 باکوور 60° ڕۆژهەڵات.<br>15:00 ڕۆژهەڵات.<br>15:30 باکوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>16:00 گەیاندینیە شەو. | |

| کەناری چەپ | ئاراستە ڕۆیشتن | کەناری ڕاست |
|---|---|---|
| کەلاوەکان<br><br>هەدارە، کەلاوەکان | 13/**مەی/مایس**<br>04:30 کەوتینە ڕێ.<br>06:15 لە باشووری ڕۆژئاواوە پێچمانکردەوە بۆ باکوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>06:45 ڕوبیبیا.<br>07:30 باکوور 70° ڕۆژهەڵات.<br>08:10 باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>08:45 باشوور 25° ڕۆژهەڵات.<br>09:00 باشوور 20° ڕۆژئاوا. | □<br>نزمایی و زۆنگاو.<br>□<br>□<br>کەلاوەکان، کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵ پارچە پارچەی دیوار، پێیدەوترێ تاج.<br>□<br>□ |

| | | |
|---|---|---|
| کەلاوە مەزنەیەکی زۆر ئەبدوڵڵا.<br><br>(زۆوەیە) کۆکراوەیەکی زۆری کەلاوەکان، تا چاو بڕبکات لە بیاباندا درێژبۆتەوە و بەرەوخوار بۆ کەناری رووبارەکە چووە. کەلاوەکانی هومەینیەن لەوەدەچێ بەردەوامی زۆوەییا بێت. | 09:20 باشوور 30° رۆژئاوا.<br>09:45 سوڕاینەوە بۆ باشوور 45° رۆژهەڵات.<br>10:00 باشوور 80° رۆژهەڵات.<br>کەنارێکی دوور و درێژ.<br>10:50 باکوور 45° رۆژهەڵات.<br>11:30 پێچکردنەوە بۆ باشوور 20° رۆژئاوا لە باکووری رۆژهەڵاتەوە.<br>ماوەی 20 دەقیقە ئینجا باشوور 35° رۆژئاوا.<br>12:45<br>لەوێوە پێچکردنەوە بۆ باشوور و باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵات بۆ باکوور 45° رۆژهەڵات.<br>14:30 باشووری رۆژئاوا.<br>15:00 رۆژئاوا.<br>16:00 باشوور.<br>16:25 باشوور 45°رۆژهەڵات.<br>16:30 باکوور 45°رۆژهەڵات.<br>16:35 | دەخالە. |

ئێستا ڕووبارەکە باکوورە، کاری ڕوومالّکردن بە دەوریایە، کردویەتی بە نیمچە دورگە. بەلەمەکان لە باکووری ڕۆژئاوادا بەرچاو دەکەون، لەو شوێنەی لێوەی هاتووین و باشووری ڕۆژهەلاّت، ئەوەی بۆی دەچین. ئەوەی پێیگەیشتووین لەناو باکووردایە، زۆر دوورە، 10 دەقیقەی خایاند، سوڕانەوە بۆ خالّی دوای ئەمیش دیسانەوە چەند دەقیقەیەك دەخایەنێت. شنەیەکی باکووری ڕۆژئاوایی دەهات. لە 05:20 سوڕاینەوە و لە: 05:45 هات. . . ، 08:30 کەوتینەوە ڕێ.

## 14/مەی/مایس

شەوێکی خۆش، ڕێیەکی باشمان کرد، لە ڕۆژی پشودا حەمرین دیاربوو.

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| دوورگە، کۆمەلّە کەلاوەکان.<br><br>بوزەیلا، قەلاّیەکی قوڕ. | 06:15 باشوور 15° ڕۆژئاوا.<br>07:00 باکوور 65° ڕۆژهەلاّت.<br>08:00 سوڕانەوە بۆ باشوور.<br>08:30 باشووری ڕۆژهەلاّت.<br>09:30 ڕۆژهەلاّت.<br>11:00<br>17:00 گەیشتینە لای جەمبولّ، پردەکە باشوور 45° ڕۆژهەلاّتە.<br>17:30 ڕۆژهەلاّت.<br>17:45 باشوور 45° ڕۆژهەلاّت.<br>18:00 باشوور.<br>18:20 باشوور 45° ڕۆژهەلاّت.<br>18:45 باشوور 45° ڕۆژهەلاّت.<br>19:00 ڕۆژهەلاّت، سوڕانەوە بۆ | عەرەبەکانی داوار. |

| | | |
|---|---|---|
| | ئەو شوێنەی کوت ئەلعەمارە باشوور 45° ڕۆژهەڵاتە.<br>20:00 گەیشتینە کوت لەلای کەناری چەپەوە. | کوت ئەل عەمارە |

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| کەلاوەکان | 15/ **مەی/مایس**<br>03:30 کەوتینە ڕێ، پێچمان کردەوە بۆ باکوور 45° ڕۆژئاوا.<br>04:00 کوت، باشوور 45° ڕۆژئاوا.<br>04:20 ئاڕاستەی باکوور<br>05:20 باکوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>05:40 ڕۆژهەڵات.<br>05:45 باشوور 50°ڕۆژهەڵات.<br>06:10 ڕووبارەکە دیسانەوە بەرەو باکوور 45° ڕۆژئاوا دەسوڕێتەوە.<br>لێرەوە بۆ خوارەوە زۆر سەختە، وابەستەی هێنانەن دوانزە پێگەیشتنی خواروخێچ هەیە، پێچدەکەنەوە بۆ باکوور 45° ڕۆژئاوا، دوای کوت. | |

| | | |
|---|---|---|
| | 09:20 دیسانەوە پشوودان<br>11:00 وێستان.<br>16:00 دیسانەوە پشوودان.<br>19:45 لەنگەرگرتن. | |

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| | 16/**مەی/مایس** | |
| کەناڵی نەهرەوان. | 02:15<br>03:30 | هەوارگەی بەنی لام |
| | لە بەیانیدا توانیم سی زنجیرە چیای لوڕستان بەجوانی جیابکەمەوە. | |
| | 08:45 ڕۆژهەڵات. | |
| ئوم ئەت بیا، کەناڵێك ئێستا پڕە. | 09:10 باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>09:20<br>09:25 باشوور. | |
| | 09:30 ڕۆژهەڵات. | |
| | 09:35 باشوور. | |
| | سوڕانەوە بەدەوری ئەو خاڵەدا 15 دەقیقەی خایاند. | |
| | 10:05 سوڕانەوە بەدەوریا، ئینجا ڕۆژهەڵات. | کەلاوەکان |
| ئیمام غەربی، شوێنی زیارەت. | 10:20 باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>10:35<br>10:45 باشوور 20° ڕۆژئاوا.<br>12:30 | کەلاوەکانی فلەیفلی. |

| | | |
|---|---|---|
| کەلاوەکانی سیورووت.<br>زەلکاو | لە 14:30-15:30 خایاند.<br>16:00<br>17:45 باشوور 45° ڕۆژھەڵات.<br>17:50 باشوور؟<br>18:10 ڕۆژھەڵات.<br>18:15 باشوور 45° ڕۆژھەڵات.<br>18:45 ھێنداینیە لای کەناری ڕاست.<br>ئیمام عەلی شەرقی، گەیشتینە باشوور 10° ڕۆژھەڵات لەلای کەناری چەپ.<br>22:00 کەوتینەوە ڕێ.<br>بەڵام لە: 22:30 لەسەر زەوی بووین و لەوێ ھەموو شەوەکە ماینەوە. | زەلکاو |

| کەناری ڕاست | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەناری چەپ |
|---|---|---|
| | 17/**مەی/مایس** | |

| | | |
|---|---|---|
| | 04:30 کەوتینەوە ڕێ.<br>06:00 ئیمام شەڕقی، باکوور 50° ڕۆژئاوا، ئاڕاستەی باشوور 45° ڕۆژهەڵات.<br>06:10 باشوور70° ڕۆژهەڵات.<br>06:20 باکوور 70° ڕۆژهەڵات.<br>06:40 باشوور.<br>06:45 باشوور45° ڕۆژهەڵات.<br>06:55 باشوور.<br>07:10 باشوور45° ڕۆژهەڵات.<br>07:20 باشوور.<br>07:30 باشوور45° ڕۆژهەڵات. خۆپێچانەوە.<br>08:00 دیسانەوە پشوودان.<br>11:00 لەو ماوەیەدا هەندێ دواکەوتن.<br>13:20 باشوور 20° ڕۆژئاوا.<br>13:30 ڕۆژهەڵات.<br>13:40 باشوور70° ڕۆژهەڵات.<br>14:10 باشوور 6° ڕۆژهەڵات.<br>14:30 حود لقێکی دیجلە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچێ بۆ ڕووبارەکانی کەرخە و حوەیزە، ئیدی باشوور.<br>15:30 | جەبیلە<br><br>محەمەد ئەبو حەسەن، شوێنی زیارەت. دارستانێکی دارو درەخت. |
| ئەلحود | | |

| | | |
|---|---|---|
| ئومول جەمەل، ئەو کەناڵەی، کە دەچێت بۆ فوڕات | 16:04 بەهۆی خەندەقی ئاوی سەربازە هیندیەکانەوە ڕاگیراین و چووینە سەر زەوی. دواى ئەوە بۆ ماوەی سەعاتێك بە باشی ڕێمانکردن پاشان بە هێواشی.<br>15:30 باشوور45° ڕۆژهەڵات.<br>18:40 باکوور45° ڕۆژهەڵات.<br>18:50 باشوور20° ڕۆژهەڵات.<br>باشوور 20° ڕۆژهەڵات.<br>ئێستا لای باوی پێگەیشتنەکان.<br>18:55 وێستان.<br>21:30 دیسانەوە کەوتینەوە ڕێ. | |

| کەناری چەپ | ئاڕاستەی ڕۆیشتن | کەنارلا راست |
|---|---|---|
| | 18/**مەی/مایس**<br>زۆر هێمن، دەخزێنە ناو جۆگەکەوە.<br>05:00<br><br>05:40<br>06:25 ڕۆژئاوا<br>07:15 باشوور 20° ڕۆژئاوا.<br>07: 50 ڕۆژهلات.<br>08:10 باشوور 20° ڕۆژئاوا.<br>08:22 باشوور 70° ڕۆژهەلات. | هەواری عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد.<br>ئەبدوڵڵا بن عەلی، شوێنی حەج. |

| | | |
|---|---|---|
| | 08:35 باشووری رۆژهەڵات.<br>08:50 باکوور 45° رۆژهەڵات.<br>09:00 رۆژهەڵات.<br>09:20 باشوور 45° رۆژهەڵات.<br>09:40 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>ئوزەیر یان مەزاری ئەزرا، باشوور 30° رۆژئاوا.<br>09:50 باشوور 70°رۆژهەڵات.<br>10:15 باشوور 20° رۆژهەڵات.<br>10:40 رۆژهەڵات.<br>10:50 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>11:30 باکووری رۆژئاوا.<br>11:55 باشوور 45° رۆژئاوا.<br>12:10 وێستان لە ئوزەیر.<br>13:10 دیسانەوە پشوودان.<br>باشوور 45° رۆژئاوا.<br>14:35 باشوور.<br>15:00 باشوور 45° رۆژهەڵات.<br>15:15 رۆژهەڵات.<br>15:30 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>16:00 باکوور 45° رۆژئاوا.<br>16:10 باشوور 45° رۆژهەڵات.<br>:1516<br>16:35 باشوور.<br>16:40 باشوور 45° رۆژئاوا.<br>16:50 باشوور 70° رۆژئاوا. | |

| | | |
|---|---|---|
| | 16:55 باشوور 20° رۆژهەڵات.<br>17:00 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>17:15 باشوور 20° رۆژهەڵات.<br>17:30 باشوور 70° رۆژهەڵات.<br>17:50 باکوور 70° رۆژهەڵات.<br>18:10 باشوور 70° رۆژهەڵات.<br>18:30 باشوور 70° رۆژئاوا.<br>18:35 باشوور 45° رۆژئاوا.<br>دارخورماکانی گوڕنە بە دووربین، لە<br>باشوور 10° رۆژئاواوە دەبینران.<br>18:40 باکوور 45° رۆژئاوا.<br>18:55 باشوور 20° رۆژئاوا.<br>23:30 چونە ناو شەتول عەرەبەوە.<br>ئەو شەوە هەمووی رۆیشتین،<br>هەندێ بەرئەنجام کرا بۆ خۆ<br>توندکردنەوە.<br>19/مەی/مایس<br>لە سەعات 10:00دا گەیشتینە<br>بەسرە. | |

# پاشکۆی پێنجەم

**یاداشتی رۆژانەی پەیوەندی و مەوداکان، لە کاتی گەشتێک بۆ ناوچەی باشووری کوردستان، کە لە مانگەکانی ئازار و نیسانی 1820، لەلایەن میستەر ریچەوە کراوە.**

- 18/**مارس/ ئازار**.

لە 07:40 سەرلەبەیانی بەغدادمان جێهێشت. لە 09:50 بەرزترین منارە لە بەغداد باشوور 29° رۆژئاوای دەبڕی. گوندی کازمەین لەسەر کەناری دیجلە، باشوور 54° رۆژئاوا، گوندی ئیمام ئەعزەم، باشوور 48° رۆژئاوا، سێ رێگا، باکوور 27° رۆژهەڵات. لە 10:05 بیر ئەل عەبد، یان موغوسیل، بیر لەگەڵ بینایەکی بچوك لە سەری، کەناڵێکی گەورەش بەلایدا تێدەپەڕێت.

لە 10:40 رێگە بەرەو چوبووك و سلێمانی لەلای چەپەوە.

لە 11:50 گەیشتینە خان بەنی سەعد، بە تورکی پێیدەوترێ (ئۆرتا خان) ، کە لێی وێستاین. خانێکی ناتەواو بوو لەگەڵ گوندێکی ناخۆشی عەرەبەکانی بەنی سەعد. رێگا بۆ بەغدا باشوور 32° رۆژئاوا. باقوبە باکوور 35° رۆژهەڵات. لە 12:45دا پاش نیوەڕۆ دیسانەوە سوار بووینەوە. لە 15:30دا گەیشتینە کەناڵی نەهرەوان، کە بەرەو باشوور 10° رۆژهەڵات و باکوور 10° رۆژئاوا دەکشا. بەلایەنی کەمەوە پانیەکەی وەك دیالەیە.

خانی سەعد باکوور 27° رۆژهەڵات.

رێگا بۆ بەغداد، باشوور 23° رۆژئاوا.

شوفتیە، رۆژهەڵات.

باحریس، باشوور 40° ڕۆژهەڵات.

باقوبە، باکوور 40° ڕۆژهەڵات، 10 دەقیقەی لێداشکێنە.

لە 04:10 گەیشتینە خانی سەید، کە کەوتۆتە سەر دیالە و لەوێدا نیوە کەوانەیەك دروست دەکات. باقوبە لەسەر لای ڕاستە و هوەیدا لەسەر لای چەپە، ڕوویان کردۆتە یەکتری ، خانەکەش شریتی نیوە کەوانەکەیە.

ڕووبار لەسەرو باکوور 84° ڕۆژئاواوەیە.

ڕووبار لەخوار باشوور3° ڕۆژئاواوەیە.

کەلاوەیەك لەنێوان باقوبە و باریسدایە لە باشوور 24° ڕۆژهەڵات.

ڕووبارەکە بۆ دواوە پێچدەکاتەوە و زۆر دەڕوات.

تێبنی لە خاڵی وەرگرتنی باکووردا لایەك لەباری باکوور 83°30′ ڕۆژئاوا.

- 19/**مارس/ئازار**.

هەرزوو دوای خۆرهەڵاتن خانەکەمان جێهێشت، بە دیالەدا بە کەڵەکی هوەیدا، دوای ئەوەی، کە ئاڕاستەکەمان بۆ باقوبە بوو، بەهۆی زریانەوە بۆ ماوەی 30 دەقیقە لە باقوبە پەنامان بردە بەر خانێك.

لە 08:50 سەرلەبەیانی باقوبەمان جێهێشت، ڕێگەی ڕۆژهەڵات، دوای ئەوە دەورەیەکی گەورەمان دەکردەوە بەهۆی کەناڵەکان و زۆنگاوەکانەوە.

لە سەعات 10:00دا ڕێگای باکوور 7° ڕۆژهەڵات، هەندێ زەوی مێرگمان بینی و ژمارەیەك کەناڵەکان لە جۆگەی سندوقی گەورە. جگە لە کەناڵێکی گەورە لە دوورەوە و گوندی خەرنابات هەندێ گوندی تر لەلای چەپمانەوە بوون.

لە 11:30 ڕێگای باکوور 50° ڕۆژهەڵات.

لە 12:00دا ڕێگای باکوور 25° ڕۆژهەڵات.

لە 14:00 گەیشتینە سەر پردێکی یەك (کەوانەیی- تاقی) لەسەر کەناڵی مەهروت، کە بەرەو باکوور بۆ دیالە دەڕوات و ئێمەش بۆ ماوەی سێ سەعات لە **ئیمام سەید مقدادی کەندی** ماینەوە.

شەهرەبان کەوتبووە ڕۆژهەڵاتەوە.

لە 15:15 دا گەیشتینە شەهرەبان.

- 20/**مارس**/**ئازار**.

سەرلەبەیانی من سازمکرد، کە زیارەتی کەلاوەی زیندان بکەین، دەڵێن سەعات و نیوێك لە باشووری شەهرەبانەوەیە. دوای تێپەڕبوون بەلای کەناڵە جیاوازەکان و زەویوزاری لەوڕگادا، ڕێنمایکەرمان تەنیا بینایەکی دیاری شوێنەکەیە، لە خۆمانم پرسی ئەگەر ئێمە نەڕوانینە قەڵا کۆنەکەی لای ڕاستمان. بڕیارمان دا و بەسەر کەناڵەکەدا ڕۆیشتین و گەیشتینە کەلاوەی شارێکی ساسانیان، کە لە شەهرەبانەوە تەنیا 45 دەقیقە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا باکوور تا ڕادەیەکی زۆرتر نزیکترە لەوێوە.

لە شاخێکی بەرزەوە، کە پێیدەوترا (بنت ئەل خەلیفە)، ئەم ڕەوت و ئاڕاستە سەرنج ڕاکێشەرانەی لای خوارەوەم بە کۆمپاسێکی ڕومالکردنی بچکۆلە بەدەستهێنا:

ئیمام موقداد باکوور 30°30′ ڕۆژئاوا.

شەهرەبان باکوور.

ئاواشەك، باکوور 68° 0′ ڕۆژئاوا. لەسەرو دیالە.

زەهیرات، باکوور 16°30′ ڕۆژئاوا. = =

ئەبو سەیتای مەزن، باکوور 84½° 0′ ڕۆژئاوا. = =

ئەبو سەیتای خوارو، باکوور 89°½ 0′ ڕۆژئاوا. = =

وجیهیە، باکوور 48°0′ ڕۆژئاوا.

سینەکیە، باشوور 43°0′ ڕۆژئاوا.

بەرکانیە، باشوور 20°½ 0′ ڕۆژئاوا.

عیمرانیە، باشوور 14°½ 0′ تەواو دوای خاڵی ڕۆژئاوای زیندانە.

سوڵتان سەید عەلی، باشوور 1°0′ ڕۆژئاوا.

بەلەدرووز، باشوور 30°½2 ڕۆژهەڵات. تەنیا لە ئاسۆدا دەبینرێ.

خاڵی باشووری دیواری شارەکە، باشوور 26° ڕۆژئاوا، نزیکی دەروازەکەیە. ئەم کەلاوانە پێیان دەوترێ ئاسکی بەغداد، بەڵام ئاشکرایە بەر لە سەردەمی ئیسلامە.

نیوەی ڕێ بۆ زیندان، بەرامبەر سەید سوڵتان عەلییە، دوو دیواری ساسانیان هاوڕێکە، باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژئاوا.

زیندان نزیکەی 45 دەقیقە لەم کەلاوانەی ئاسکی بەغداوە دوورە.

- 21/**مارس/ئازار**.

شەهرەبان لە دەوروبەری سەعات 06:50 سەرلەبەیانیدا، باکوور 25° ڕۆژهەڵات. بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك، ئینجا باکوور 70° ڕۆژهەڵات بۆ یەکەم بەرزبوونەوەی زەوی، کە لەو کاتەی لە بەغدا دەرچووین بینیومانە، بە بەرزبوونەوەی زەوی و ئێمە لە سەعات 07:25 گەیشتین، ڕێگا باکوور 45° ڕۆژهەڵاتە، گوندی هاروومیە، باکوور 80° ڕۆژهەڵات.

لە سەعات 08:00دا هارومیەی باشوور 30° ڕۆژهەڵات بڕی، یەك میل، یان میل و نیوێك لەلای دەستی ڕاستەوە بوو.

بەلای کەناڵی بەلەدرووسدا تێپەڕین و لە 08:30 گەیشتینە گردەکانی حەمرین. لە سەعات 10:00دا گەیشتینە کۆتایی گردەکان.

baradan، باکوور 5° ڕۆژئاوا، لەسەر لاکەی تری دیالە.

قزلڕەبات، باکوور 10° ڕۆژهەڵات.

زۆرا، باکوور، لەسەر ئەم لایەی دیالە.

دوای ئەوەی گردەکانمان جێهێشت، هەر زوو گەیشتینە قزلڕەبات.

دیالە لە قزلڕەباتەوە دەبینرا، ماوەکەی دوو میل دەبوو.

- 22/**مارس**/ **ئازار**.

لە 06:40 سەرلەبەیانی قزلڕەباتمان جێهێشت، ڕێگا باکوور 65° ڕۆژهەڵات، لە سەعات 07:00دا گەیشتینە کەناڵی قزلڕەبات.

قزلڕەباتمان لە باکوور 80° ڕۆژئاوادا بڕی، لە 07:45 گەیشتینە گردەکان.

لە سەعات 09:00دا گەیشتینە (یەنیچەری تەپە)، کە بە نیوەی ڕێگای نێوان قزلڕەبات و خانەقین دادەنرێ. ڕێگەکە پێچاوپێچە بەناو گردەکاندا، بە گشتی لە ئاڕاستەی باکوور 45° ڕۆژهەڵات.

لە سەعات 10:00دا خانەقین باکوور 45° ڕۆژهەڵاتی بڕی. ئالیاوە، باکوور 30° ڕۆژهەڵات، ماوەکە 30 دەقیقە لەوەی دواتر دوورترە. کۆلای، لە ناوچەی قزلڕەبات، باکوور 60° ڕۆژئاوا، دوای ئەوە ناوچەکە وردە وردە بەرەوپێش بۆ خانەقین لێژدەبێتەوە.

لە دەشتێکی خانەقیندا بۆ ماوەی 30 دەقیقەماینەوە. نزیکەی میلێك لە خانەقینەوە ڕێگاکە پێچدەکاتەوە بۆ مەندەلی، کە ماوەکە لەوێوە دوانزە سەعاتە. بە بەرزاییەکی بچوکدا شۆڕبووینەوە خوارەوە بۆ خانەقین، کە لە 12:15دا گەیشتین و بە پردەکەدا بەسەر ئەلوەندا پەڕینەوە، ئیدی سەرکەوتین بۆ هەوارگەکەمان لە حاجی قەرە.

- 23/**مارس/ئازار**.

ئێستا هەموو ڕێگاکانم هەیە، کە دەتوانم دوای هەموو ئەگەرەکان بکەوم.

لە حاجی قەرەوە بۆ:

قەسری شیرین: پێنج سەعاتە

حوش کەڕوو: سێ سەعاتە

بن کودرە: سێ سەعاتە

کیوسکی زەنغی: چوار سەعاتە.

کفری: چوار سەعاتە.

قەرەتەپە: حەوت سەعاتە.

- 24/**مارس/ئازار**.

لە سەعات 06:20 سەرلەبەیانی ڕێگا بەرەو باکوور 70° ڕۆژهەڵات بوو، ئینجا ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی نیو سەعات، پاشان بەسەر گردەکاندا بە باکوور 55° ڕۆژهەڵاتدا.

لە سەعات 08:00 لە گردێکەوە، ڕێگای بەغدا ڕۆژئاوای دەبڕی. لە سەعات 09:00دا گەیشتینە پاسەوانخانی قەڵای سەلزی. ئاڕاستەی قەسری شیرین لەوێوە باکوور 55° ڕۆژهەڵات بوو.

لە 11:30 گەیشتینە خانەکەی قەسری شیرین. من یەکسەر چووم بۆ ئەوەی منەی کەلاوەکە بکەم، کە بە سێ سەعات لەوێوە بۆی گەڕاومەتەوە.

لە گردەکانی دەوروبەری کەلاوەکەوە ئەم ئاڕاستانەی لای خوارەوەم وەرگرت:

زەهاو (زەهاڤ)، باکوور 75° ڕۆژهەڵات: چوار سەعاتە

تاوك، باشوور 60° ڕۆژهەڵات.

گەیلان، باشوور 25° ڕۆژهەڵات: دوو سەعاتە

مەندەلی، باشوور 17° ڕۆژهەڵات: نۆ سەعاتە

هێڵی پانی قەسری شیرین بە ئامارێکی ورد، بریتیە لە 34°30′ 39".

ئێمە هەوارمان لەو سەرەوژوورکەیەی گردەکەی پشتی خانەکەوە خستووە. بەسەر بەرزاییەکەوە لەسەر ڕووباری ئەڵوەند، لەگەڵ کەناری ڕۆژئاوای ئەو ڕووبارەی پێیدا هاتین، نزیکەی دوو میلە لە خانەکەوە.

- 25/ **مارس/ ئازار**.

هەڵسام و تەماشایەکی ڕۆژم کرد، خێمەکان چووبوون بەناو یەکدا، چووم بۆ تەماشای کەلاوەکەی، کە دوێنێ بیرمان چووبوو. لە 07:00 سەرلەبەیانی سەرکەوتین. ڕێگەکەمان سەرەتا بە داوێنی گردەکاندا درێژدەبووەوە و پاشان بەناو گردەکاندا دەڕۆیشت.

لە 09:30 گەیشتینە کەلاوەی هاویش کەرەك. ڕێگاکە زیاتر بەناو گردەکاندا بوو، بەڵام ئاڕاستەی گشتی لە قەسری شیرینەوە باکوور 80° ڕۆژئاوا بوو.

لە 11:00 دیسانەوە سواربووینەوە و تا نزیکەی یەك سەعات بە ڕێی خۆماندا بەسەر گردەکاندا بەردەوام بووین، کاتێ شۆڕبووینەوە بۆ دەشتەکە، لە دوورەوە دیالەمان دەدی لەلای ڕاستمانەوە دەبریسکایەوە.

لە 13:50 گەیشتینە بن کودرە. ڕاستەوخۆ دوای دیالە نزیکەی نیو سەعاتە، بۆ شارۆچکەی زەهاو نۆ سەعاتە، بۆ خانەقین ڕێك بەسەر گردەکاندا سێ سەعاتە. ئەو دەوروبەرە لە حوش کەڕووەوە باشوور 80° ڕۆژئاوایە، بەڵام ڕێگاکەمان زۆر نارەحەت و ڕۆیشتنەکەمان جیاوازبوو. نەمدەویست لێرەوە بە دیالەدا تێپەڕم، وەك لەسەرەتاوە دەمویست، بەڵام پێشنیاردەکەم بچینە خوارەوە بۆ دێکە، بەرامبەر زەنگاباد.

- 26/**مارس/ ئازار**.

لە سەعات 07:00 سەرلەبەیانی، بە هاوڕێیەتی حەسان ئاغا سەرکەوتین، ئەو پیاوەی ئێمە جێناهێڵێ تا نەمانبینێ بە سەلامەتی بەسەر دیالەدا تێپەڕیوین، کە لە بن کودرەوە بە هێڵێکی ڕێك لە نیو میل زیاتر نییە. ئێمە نزیکەی سەعاتێکە خەریکی ئەوەین، ئەو ناوەندە بەهۆی لافاوی ڕووبارەکەوە بووە بە زۆنگاو.

لە 07:50 گەیشتینە کەنارەکانی دیالە، دوای تێپەڕبوون بەسەریدا، کە ئێمە لە 13:30دا دووبارە سواربووینەتەوە و سەرەتا بەسەر گردەکان و دواتر بەناوچەیەکی بەرزونزمدا بۆ زینگاباد لە باشوور 30° ڕۆژئاوادا.

نزیکەی سێ میل لەوێوە لەسەر کەناری چەپی ڕووبارەکە، کەمێ لەژێر پردی بلیکدا (دەککە)مان بینی، کە لە زینگابادەوە سەعاتێك دەبوو.

لە 16:10دا گەیشتینە زینگاباد، دوو میلێك لەم شوێنەوە (ماناتەڤا)یە، گوندێکی تری هاوشێوە. زینگاباد لە دیالەوە بە هێڵێکی ڕێك نزیکەی یەك میلە، کە ئێمە بەلای چەپماندا بۆ ماوەیەکی کەم پێچمانکردەوە، لەو کاتەوە بە ناوچەی بن کودرەدا تێدەپەڕین.

لە دەوروبەری زینگابادەوە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەیەك بە ڕەوانی دەڕۆیشت.

## ڕەوت و ئاڕاستەکان لەسەربانی مزگەوتی زینگابادەوە:

کیوشکی زەنغی لەناو گردەکاندا، بە هێڵێك لەگەڵ ڕۆژئاوای کۆتایی کالان تەپە، باکوور 19° ڕۆژئاوا، دوو سەعاتە.

دەككە، لەسەر لاکەی تری دیالە، لە داوێنی گردەکەوە[153]، باکوور 61° ڕۆژهەڵات. یەك سەعاتە.

کۆلای، باشوور 62° ڕۆژهەڵات، سەعات و نیوێکە.

بن کودرە، باکوور 45° ڕۆژهەڵات.

خانەقین، باکوور 72° ڕۆژهەڵات.

گردەکانی زینگاباد، کە باکووری قەرەتەپەیە و باشووری زینگاباد، بەرەوخوار ئەچێ بۆ سەرو قزلڕەبات و لە گردەکانی قزلڕەباتەوە. ئەم گردانە دەشتی دیالە بەرەو باشوور 10° ڕۆژهەڵات بەش بەش دەکەن.

- 27/**مارس**/**ئازار**.

لە 06:45 سەرلەبەیانی زینگابادمان جێهێشت و بۆ ماوەی نیو سەعات بەرەو باکوور ڕۆیشتین، بەو ڕێیەدا تێپەڕین، کە دوێنێ پیاڕۆیشتبووین تا لە کەناڵەکان بەدووربین. لە سەعات 07:00دا ڕێگامان باکوور 60° ڕۆژئاوا بوو.

لە سەعات 09:00 گەیشتینە کیوشکی زنغی. کالان تەپە باشوور 45°ڕۆژهەڵاتی دەبڕی. گردەکان لەلای چەپمانەوە بوون، بەرەو باکوور 30° ڕۆژئاوا بەردەوام بووین بۆ ئاوی کفری، یان لەوەش ڕاستر بۆ یەکێ لەو ئاوانەی لەم گردانەوە دەڕژێنە دەشتی کفرییەوە. لە سەعات 11:00دا گەیشتینە لێشاوی ئاوەکە.

ئێستا ڕێگاکەمان بەلای ئەو گردانەی باسمانکردن تێدەپەڕێ، لە سەرەولێژیەکەوە ژمارەیەك لێشاوی ئاوە، لە ڕێی خۆماندا بەناو گردەکاندا بەردەوامین، یەکەم باکوور، ئینجا باکوور 10° ڕۆژئاوا بۆ کفری، لەلای ڕاستمانەوە تێبینی **ئیمام ئاکی** دەکەین

---

[153] ئەم گردە بەشێکە لەو زنجیرەیەی کە لەلای ڕۆژئاوای دیالەوەیە و پێیدەوترێ کیوشك داغی، لەبەرئەوەی کیوشك داغیی لەسەری بیناکراوە. ئەم گردانە بەر لەوەی بگەنە دیالە بەشێوەیەکی وردە وردە ون دەبن و لەلاکەی ترد وردە وردە بەرزدەبنەوە.

لەسەر گردەکانی کیوشك، دووریەکەی لە سەعات و نیوێك کەمترە، یان باشووری ڕۆژهەڵاتی کفری. لە 12:30دا گەیشتینە کفری.

## ئەو ڕێگایانەی لە کفرییەوە دەستمانکەوتووە:

کفری بۆ شیلشال، شەش سەعاتە.

ئەلبو تەراز لەسەر لاکەی تری ئەدهایم، پێنج سەعاتە. [شم□تر]

شوێنی شێخی ئەل وزی، چوار سەعاتە.

سامەڕا، پێنج سەعاتە.

کفری بۆ توزخورماتوو، نۆ سەعاتە.

زەنگوڵە، حەوت سەعاتە.

شوێنێك لە بیاباندا، پێنج سەعاتە.

ئیمام داوەر، پێنج سەعاتە.

سامەڕا، شەش سەعاتە.

- 29/**مارس/ئازار**.

لە ترۆپکی کەناری گردەکانی سەرو کفرییەوە ئەم ئاڕاستانەی خوارەوەم دەستکەوت:

لەسەر ئیمام ئاکی، سێ میلە، باشوور 34° ڕۆژهەڵات.

---

[154] تاوق و ڕووبارەکانی توزخورماتوو دەڕژێنە ناو ئەدایمەوە.

ڕێگای بەغداد، باشوور 22° ڕۆژئاوا.

ئاسکی کفری، باشوور 41° ڕۆژئاوا.

تووزخورماتوو، باکوور 60° ڕۆژئاوا.

ئەو گردانەی بەلایاندا تێدەپەڕین لەسەر ڕێگاکەمان دەچێ بۆ باشووری کفری و لەوێشدا ڕێگای بەغدا دەیانبڕێ. ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی، کە بە شێوەیەکی وردە وردە لە بیاباندا ون دەبن. کەناری کفری لەو خاڵەی جێمانهێشت لە دوایدا، لەسەر ئیمام ئاکی، لەپڕ بەلای بەغدا لێژدەبێتەوە.

- 30/**مارس/ئازار**.

لە 06:45 سەرلەبەیانی کفریمان جێهێشت و بەسەر دوو گرددا لە باشوور 22° ڕۆژئاوا پەڕینەوە. ڕاستەوخۆ دوای سەعات 08:00 بە تەلیشان و دوو شاخی بچوکدا تێپەڕین و لە 08:30 بە ئاوی کفریدا پەڕینەوە.

لە 09:40 گەیشتینە چیمەن کۆپریسی (چیمەن کۆپری)، پردێکی نوێ لەسەر چیمەن، لەوێدا نیو سەعات وێستاین، ئینجا بەرەو باشوو 15° ڕۆژئاوا دەچووین، لە قەرەتەپە بەلای دوو زنجیرە گرددا تێپەڕین.، کە لە 11:40دا گەیشتین.

- 31/**مارس/ئازار**.

لە 06:45 سەرلەبەیانی سەرکەوتینەوە، بەرەو باشوور ڕۆیشتین بۆ پردی نارین، لە 08:05 گەیشتین.

ئینجا لە باشوور 15° ڕۆژئاوادا، بەرەو گردەکانی حەمرین بەردەوام بووین، ئەوانمان خستۆتە لای ڕاستمانەوە و نارینیش لەلای چەپمانەوەیە، ئێمە بەردەوام دەچین بۆ باشووری ڕۆژئاوا بۆ داوێنی گردەکان، کە لە سەعات 10:20 گەیشتین. سەرکەوتنەکەی هێواش بوو، لەسەر تەوقە سەرەکەی ئەم دیمەنانەم دەستگیر بوو:

قەرەتەپە، باکوور 7° ڕۆژهەڵات.

زۆویە، نزیك کەناری دیالە، باشوور 72° ڕۆژهەڵات.

قزلڕەبات، ڕۆژهەڵات.

بارادان، لە هەندی مەودا لە دیالەوە، باکوور 85° ڕۆژهەڵات.

گردێکی تەخت، بەشێك لە حەمرین، باشوور 20° ڕۆژهەڵات.

لە 10:40دا گەیشتینە ترۆپکی حەمرین و دوای وێستان بۆ ماوەی 10 دەقیقە، دەستمانکرد بە دابەزین. لە 12:00دا ئەو گردانەمان جێهێشت، ڕێگەکەمان بەناو ئەوانەدایە، کە لە دەوروبەری باشووردان و ڕووی باشوور لای چەپمانەوەیە، بە باشوور 40° ڕۆژهەڵاتدا بۆ **کێوی ئەدەنە** بەردەوامین، کە دەوروبەری سەعات 13:20 گەیشتین.

کێوی **ئەدەنە** نزیکی دابڕانەکەیە لە کەناڵی خالس و نزیك دیالەیە.

- 1/**ئەپریل/نیسان**.

لە 06:30 سەرلەبەیانی کێوی ئەدەنەمان جێهێشت، دوای یەك سەعات ڕێکردن گەیشتینە کەنارەکانی دیالە و پاشان بۆ کەناڵەکان لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیەی پێدابڕاوە، کە لە خاڵس گەورەترە. لە ڕۆژئاوادا ماینەوە، هەرچەند خاڵس لەلای چەپمانەوەیە و دیالەش کەمێ لە دوایەوەیەتی.

لە08:10 گەیشتینە دەلی عەباس لەسەر خاڵس، گوندەکانی ناوچەی خاڵس ڕاستەوخۆ دەست دەکەن بە دەرکەوتن لە ئاسۆدا بەتایبەتی ئەوانەی ناوچەی خۆراسان، لەسەر لاکەی تری دیالە، کە لەسەر هەمان شێوەی مەدای بینینە.

یەکەم ڕێگەکەمان باشوور 55° ڕۆژئاوا بوو، ئینجا باشوور 20° ڕۆژئاوا. لە 10:30 گەیشتینە **چوبووك**، گوندێك لەگەڵ پردێك لەسەر جۆگەیەکی بچوك، کە بە زیایەی خاڵس دروست بووە و لە **سەراجیکەوە** دێ، خۆی دەڕژێنێتە دیالەوە، بەرامبەر (بویوك **ئەبو سەید**) یان ئەبو سەیدی مەزن. ئەم گوندە نزیکە، دیالە تەنیا چەند یاردێکە لە **چوبووکەوە**.

لە خۆرئاوابووندا ئەم دیمەنانەی خوارەوەم لە پردەکەوە بە کۆمپاسی ڕوومالکردن دەستکەوت:-

یەکەم، لەسەر خاڵس.

هامەیرا، باکوور 72°½ ڕۆژئاوا.

ئەجەمیە، باکوور 31° ڕۆژئاوا، نزیکەی نیو سەعاتێك دوورە.

گووبەیە، باکوور 22°½ ڕۆژئاوا.

سەراجیك، باکوور 16°½ ڕۆژئاوا.

نەبی شەید، باکوور 30°½ ڕۆژهەڵات. جەبەل حەمرین کەمێ لەولاوەیە.

دووەم، لەسەر کەنارەکەی تری دیالە.

عواشك، باكوور 81° رۆژهەڵات.

زەحەرات، باشوور 55° رۆژهەڵات.

ئەبو سەیدی مەزن، باشوور.

ئەبو سەیدی بچوك، باشوور 24°½ رۆژئاوا.

چەقی جێگیر بەی باکووردا. باکوور 76°½ رۆژئاوا.

- 2/**ئەپرڵ/ نیسان**.

لە 05:30 دەستمان پێکرد و بەرەو باشووری رۆژئاوا چووین بۆ **موسابەح خان** .

دیالەش لەلای چەپمانەوە ماوەتەوە. لە 07:45 گەیشتینە موسابەح خان.

ئەم دیمەنانەی لای خوارەوەم لەسەر گردۆڵکەیەکی پشتی خانەکەوە بەدەستهێنا، کە نزیکە لە دیالەوە لە شریتێکی کەوانەیی، کە بەهۆی گەیشتنی رووبارەکەوە دروستبووە، باشووری نزیکی، کە باشوور 65° رۆژئاوایە.

خەرنابات، باشوور 25° رۆژئاوا. لەسەر رۆژهەڵاتی کەناری دیالە.

حوەیدا، باشوور 10° رۆژئاوا. = = = =

باقوبە، باشوور 5° رۆژئاوا. = = = =

گەریە، یان سەعدا، یان دۆرە، باشوور 5° رۆژهەڵات.

زوهەیرا، باشوور 10° رۆژهەڵات. ) لەسەر کەناڵی خۆراسان.

عەبدوڵلا ئیبن عەلی، باشوور 20° رۆژهەڵات. لەسەر کەناڵی خۆراسان.

جەزاری، باشوور 85° رۆژهەڵات. لەسەر کەناڵی خۆراسان.

هامەیرا، باکوور 20° رۆژئاوا. لەسەر کەناڵی خاڵس.

باش چایەرا، یان کیور یەنیجە، باکوور 80° رۆژئاوا. لەسەر کەناڵی خاڵس.

بویوك دۆڵتۆڤا، باشوور 75° رۆژئاوا. لەسەر کەناڵی خاڵس.

هۆپەهۆپ، باشوور 65° رۆژئاوا. لەسەر کەناڵی خاڵس.

ئاڕاستەی هۆوەیش هێمای باشوور 45° رۆژئاوا بۆ من دەکات.

لە 08:35 موسابەحمان جێهێشت، ڕێگا بەرەو باشوور 7° رۆژئاوایە. لە 10:10 نەهرەوان راستەوخۆ دەچێ بۆ باکوور 10°رۆژئاوا، باشوور 10° رۆژهەلات، ڕێگا، باشوور 7° رۆژئاوا خەرنابات بەرەو رۆژهەلات، دووری یەك میلە. لە سەعاتێکی تردا گەیشتینە کەناڵێکی تری هاوڕێك و بەرامبەر نەهرەوان، ئینجا بۆ سەید موخسەن، شوێنی زیارەت، لەسەر سەرچاوەیەکی بچوك لە خاڵسەوە، پاشان باشوور 60° رۆژئاوا و لە نیوەڕۆدا گەیشتینە تۆپراك قەلعە، هەروەها پێیدەوترێ (کالان تەپە) و موجەلیبە. لەوێوە هۆوەیش باشوور 80° رۆژئاوا دەبرێ، لە 13:40دا گەیشتینە ئەوێ.

3/ **ئەپریڵ/ نیسان.**

لە 06:30 سەرلەبەیانی هۆوەیشمان جێهێشت و لە سەعات 12:00 گەیشتینە بەغدا.

# پاشکۆی شەشەم:

## گەشتێك لە ساڵی 1811دا، لە بەغداوە بەرەوخوار بە دیجلەدا بۆ بەسرە.

**(لە لاپەڕە 178، بەرگی دووەمدا هێمای بۆ کراوە)**

- 19/**مارس/ئازار**. . .

لە سەعات 13:00 پاش نیوەڕۆ بەغدام جێهێشت بەرەو بەسرە، بە یەختە تایبەتیەکەم و بە هاوڕێیەتی شەش بەلەمی تر، کە باقی ئەندامانی کۆمەڵەکەمانی تێدایە. ئەو ئێوارەیە لە باخەکەی عەبدوڵڵا ئاغادا شێومان کردەوە و دوای شێوکردنەوە کەوتینە رێ. پێش بەیانی رۆژی دوایی بە تاقی کیسرادا تێپەڕین، هەر، کە خۆرهەڵهات ئێمە لەدواوە بینیمان، لە ئێوارەدا لە مەودایەکی رووبارەکەدا، کە پێیدەوترا تاج، شێومان کرد، کە نزیکەی هەشت سەعات لە تاقی کیسراوە دوورە، لەسەر هەمان کەناری رووبارەکە لەگەڵیدا، بەڵام هیچ گوندێکی لێنیە. شوێنەکە ناودارە بە شوێنی شێر. دوای شێوکردنەوە دیسانەوە دەستمان کردەوە بە رۆیشتن، بەڵام هەر زوو ناچار بووین بیبەینە ژێر کەناری راستی رووبارەکە، بەهۆی ئەو بایە بەردەوامە بەهێزەی باشوورییەوە. بەیانی دواتر باکە بەردەوام بەهێز بوو، هەروەها جوڵەی کەشتیەکە زۆر ناکۆك بوو، ساباتێکمان لە باپێچی دەوەنێکدا هەڵدا، کە من ناتوانم پێیبڵێم درەخت. کەمێ بەلای باشووردا لە شوێنەکەماندا چەند گردۆڵکەیەکمان وەك ئەوانەی کەلاوەکانی بابل، مەداین و سەلوقیە تێبینی کرد، کە لە ئێوارەی رۆژی دواتردا، کە چووم بۆ پشکنین. روانیم تا رادەیەکی زۆر بەرەو بیابان فراوان بووەتەوە و تا ببێتە نزیکەی 20 یان 25 پێ بەرزی لە ئاستی دەشتەکەوە. لوتکەی گردەکان بە پارچە خشت، پارچە بەردو کاشی داپۆشراوە، هەندێکیان دەدرەوشایەوە و لە شوێنەکانی، کە باران جۆگەلەی بچوکی لێدروستکردووە، چەند پارچە پارەیەکی کانزایی مسی بچکۆلەم دۆزییەوە، بەهۆی ئاووهەواوە بە تەواوی ژەنگیان هەڵهێنابوو، کە مەحاڵ بوو ژمارەیەك

یان کەسێکی ناوداری تیادەرکەوێت. لە زۆر لای ئەم گردۆڵکانەوە چینی ڕێکوپێکی خشتی تێدابوو، وەکو ترۆپکی دیوارەکان، کە لە چاڵ نرابوو. شێوازی هەر یەکە لەم گردانە ئاشکراو روون داڕێژراوە.

لم لە کەلاوەکەدا کۆبۆتەوە و هەموو بۆشاییەکی پڕکردۆتەوە، کە بەرە بەرە یارمەتی داخورانی سەری خشتەکانی داوە و بەهۆی بارانەوە بۆتە یەك پارچەی پێکەوە نوساو. ئەمڕۆ نمونەی ئەو شێوەیەمان هەیە، کە چۆن لەوانەیە رووبدات. تەپوتۆز و لم بە تەوژمی با رادەماڵێت و هەر مادەیەکی رەق هەبێت، بۆ نمونە کەشتیەکەمان، دەیخاتە سەر زەوی و لە ماوەیەکی کورتدا دایدەپۆشێ و دوای بارانی یەك رۆژ بەسەریدا دەبێتە پارچەیەکی رەق. خشتەکان باش شێلراون و بە چەشنی ئەوانەی، کە لە بابل هەبوون. نیازم وایە لە گەڕانەوەمدا تێبینی وردتر تۆماربکەم و گردەکە لە چەند لایەکی جیاوازدا کون بکەم، بە هیوای ئەوەی رابەریمان بکات بۆ هەندێ پاشماوەی ئەوەی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی گریمانی دیاریکردنی سروشت و کۆنی چەرخی ئەم کەلاوەیە.

ئەمڕۆ هەلێکم بۆ ساز بوو بۆ تێبینی کردنی کاریگەری جوان و ورد بۆ نادیاریی هەندێ دیمەن. ئاسمان تاریك و مۆن بوو، هەروەها هەور بە تەواوی نیشتبووە سەر ئاسۆ، کە هێمنی کردبووەوە و مەوداکەی گەڕاندبووەوە و هەیبەتێکی دابوو بەو مادانەی، کە خۆیان لە خۆیاندا بێ بەها و ناشیرین بوون.

گژوگیا لەسەر کەناری ئەوبەری رووبارەکە وەك دیمەنی دارستانێکی دوور دەردەکەوت. تەختی و بەردەوامی هێڵی سنوور فشەڵ و لەیەکبچڕاو بوو، گەشتنیش بە رووبارەکە لەو شوێنەی ئێمەی لـێ بووین وەك دەریاچەیەکی گەورە دەردەکەوت، کە بە بەدەندەری تەختەی جیاواز دەورەدرابوو. لەژێر ئاسمانێکی بێ هەوردا، ئەو راستەقینەیەی خۆی دەردەکەوت، کە رووبارێکی هاوبەشە و لەنێوانی دوو هێڵی قاوەیی تەختدا پەنگی خواردۆتەوە، لە هەندێ بەشی رووبارەکەدا، کەناری رووبارەکە 10-12 پێ کوتوپڕ بەرزدەبێتەوە، ئەوانە بە جوانی بەش نەبوون، لەگەڵ ئەوەی تەنیا لە خاکێکی رەق و پتەو پێکهاتووە.

ئەم کەنارانە بە کاریگەری ئاو هەمیشە لە لەرانەوە و جوڵەیەکی زۆردایە، کە دەشکێ و دەکەوێتە بنی رووبارەکەوە و دیمەنی زۆر جوان و جیاواز لەدوای خۆی بەجێدێڵێ.

من دەبێ ئەم دیمەنانەم بێتەوە یاد، کە لەوانەیە جوانتریش بێت کاتێ، کە ئاوی رووبارەکە هەڵئەسێت و، کە شەپۆلەکانی دەداتەوە بەسەر زەوی پتەوداو بێگومان دەیکات بە قوڕ، بە پڕبوونەوەی رووبارەکە و بۆیە شێوەی ئێستای ناجۆرە. ئەگەر ئەم کەنارانە لە جیاتی ئەوەی ئاوا رووت بێت، بە دارو تەختە بگیرێت، ئەوا بێگومان رووبارەکە زۆر جوانتر دەبێت.

کۆچی گەورەی باڵندەکانی شینەشاهۆمان لێرەدا دەبینی، کە لەلایەن دانیشتوانی ئەم ناوچەیەوە پێیان دەوتن (**کوورکیەس**).

لە رۆژی 23دا، با تا رادەیەکی زۆر هێمن بوو، هەڵمانسەنگاند و بەلای هەندێ لە عەرەبەکانی (زوبەیدە)دا لەسەر کەناری لای راستدا تێپەڕین.

جارێك ئەم خێڵە دایان لە عەلیی پاشای بەغدا. ئەو لە حلە بووە و کوتوپڕ بە مەبەست لەلایەن ئەم خێڵەوە سەرنجی راکێشراوە، کە بەرگەی ناخۆشی گرت، لەگەڵ تیمێکی هەڵبژێراو لە جۆرجییەکان، بەڵام شێخ لە خواستی ئەو تێگەشتبوو، بۆیە دەبێ دەست پێشخەری بکات، لە راستیدا پاشای راچڵەکاند و ناچاری کرد بە گەڕانەوە و لە هەڵهاتنیدا پاشا بە توندی لە ئەسپەکەی کەوتەخوارەوە. دوای ئەوە مەسەلەکە بە شەفاعەتی (سولەیمان کیەهایە) سازکرایەوە و لە شێخ خۆشبوون. ماوەیە دواتر من شێخم بینی، سەردانێکی کردم بۆ شوێنی نیشتەجێبوونم و دەربارەی بارودۆخی ئەو راوێژی بە میستەر (هاین) کرد، کە ئاڵۆزە و باری دەروونی تەواو لاوازە و نەخۆشە.

لە رۆژی 24دا نزیکەی سەعات 15:00 ئێوارە، گەیشتینە شانی دوورگەیەکی دارستاناوی، کە پێیدەوترا (موولبینی)، نزیکەی 10 میل درێژ بوو. بەو راڕەوەی نێوانی ئەو و کەناری دەستی چەپی رووبارەکەدا تێپەڕین، لە شوێنێکدا، کە پێیدەوترا (جوملە)، دوورگەیەکی نزم، شوێنەواری هەندێ کەلاوەی تێدا بوو، کە بەلایدا تێپەڕین لەژێر ئاودا بوو، بەڵام کاپیتان (فریدریك)ی هاوڕێم کاتێ رووبارەکە نزم بوو چووە

سەرەوە و کەلاوەکەی بینی و کەشتیوانەکەشمان هێمای بۆ کردین بۆ ئەو گێژەڵۆکەیەی لێوەی هەڵیکردبوو.

لە خۆرئاوابووندا گەیشتینە کوت- ئەلعەمارە، ئەو شوێنەی، کە ڕێڕەوی (حیە)ی[155] بەکارناهێنرێ، ئەویش بەهۆی تەنکایی ئاوەکەوە و قورسی کەشتیەکەی ئێمە. بۆیە بڕیارمان دا بەرەوخوار بە دیجلەدا بڕۆین، بە داخەوە بەهۆی هیچەوە، کە سێ جار بە (حیە)دا تێپەڕیوم، کەچی تا ئێستا بە دیجلەدا بۆ کووت نەچووم. دوای شێوکردنەوە کەوتینەوە ڕێ و بۆ بەیانی چیاکانی فارس دەبینران، کە هەندێکیان بەفر داپۆشیبوون، هەروەها وا دەردەکەوت، کە بریتیە لە هەشت لوتکە. ئەم ناوەندە عەرەبەکانی بەنی لام تێیدا نیشتەجێ بوون، کە هەندێکیان ملکەچی وڵاتی فارسن. ئەوانە ڕەگەزێکی ناجۆرن و بە شێوەیەکی بەردەوام لەناو خۆیاندا لە شەڕدان.

شێخەکەیان بە فرمانی دەوڵەت ڕەشەکوژ کراوە.

ئەو جارێ سەردانی کردوم، کاتێ، کە لەسەر کەنارەکانی دیجلە هەڵمدابوو لە (غارا). بۆ کارێکی تایبەت لە بەغدا بوو، هەروەها دەگەڕایەوە بۆ ناو خێڵەکەی، دوای ئەوەی منی جێهێشت، کاتێ سەد یاردێ لە شوێنەکەی ئێمەوە دوور بوو، پیاوێکی خۆی ناردەوە بۆ لامان تا پێمان بڵێت بەهۆی ئەو هەڵە گەورەیەی بۆم هەڵکەوتووە پێویستم بە سەد قڕۆشە، چونکە لە ڕێگەیدا بۆ بەغدا گرفتاری خۆشەویستی کیژێکی لاو بووە، کە دەیەوێت بیخوازێت و توانای هەبێت بچێتە پێشەوە، کە لەم چرکەساتەدا توانای ئەوەی نییە، بەڵام ئەگەر من ئەو بڕە پارەیەی بدەمێ، ئەو لە هەلێکی دواتردا بۆی دەگێڕێتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی پارەکەم دایە و ئاگادارم کرد، کە بەتەمای وەرگرتنەوەی نیم.

---

[155] ڕووبارێکی بچوکە و پەیوەندە لەنێوان دیجلە و فوراتدا، لەو شوێنەی شاری واستی لێیە و حەجاجی فرمانڕەوای (ئێراك) لە سەردەمی عەبدول مەلیکی پێنجەم خەلیفەی ئەمەویدا بینای کردووە، لە ساڵی 83/کۆچیدا.

لە ئێوارەدا گەیشتینە شوێنی لادان لە رووبارەکەدا، کەنارێك، کە بە دارودرەخت رازێنرابۆوە و قەوارەیەکی زۆر گەورەی هەبوو. ئەم شتە خۆی لە خۆیدا جوان بوو، بەڵام لە دیدی ئێمەوە دووچەندانە بوو بەو هێزە دڵگیرە بەراوردییەوە. مەحاڵ بوو بە وردی لە گردەکانەوە وەسفکرێ، سەوزایی و دار بەسەرمانەوە، ئەو چاوانەی ماوەی سێ ساڵە لە ئازار و ئەشکەنجەی بینینی بیابانی رەنگ قاوەیدایە و هاوشێوەیی بێپانی دارخورما. رووباری (های)، کە کەنارەکانی دارستاناوییە، دڵگیرە بە جوانییەکی زۆر، لێرە دار دەبڕن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ ئەوەی لە بەغدا بیفرۆشن، چونکە سوتەمەنی زۆر گرانە، بۆیە هەمیشە لە بارودۆخی رووتەنیدایە و نایەڵێت بە جوانی دەرکەوێت.

لە رۆژی 25دا لە دەوروبەری نیوەڕۆدا بەلای گوندێکدا لەلایەکی رووبارەکەدا تێپەڕین، کە هەمووی کوخی قامیش بوو، هەندێ لە کۆمەڵەکەمان لەوێ لایاندا، خەڵکیان بینیبوو بە دارەمەیت هەندێ پاشماوەی لاشەی منداڵێکی دوانزەساڵیان هەڵگرتبوو، کە شێرێك پەلاماری داوە و کوشتبووی.

لە ئێوارەی هەمان رۆژدا، دوکتۆر کولکوهون، لەگەڵ تاقمێك سەرنشینی سەر بەلەمەکاندا لەگەڵ سەرگەورەی مەیتەرەکان، لە پێشەوە رۆیشتن تا رێگە لە بەسرە رێکبخەن.

لە ئێوارەی رۆژی 27دا گەیشتینە شوێنی زیارەتی جولەکەکان و وەك مزگەوت بینا کرابوو، لە لێژگاییەکدا، کە شێوە بازنەییەك بە شەپۆلی دەریا دروستبووە و لەم بەشەدا با زۆرە و لەم ناوەدا هەندێ عەرەب گردبوونەتەوە. هەروەها دێیەکی بچوکیان بە کوخی قامیش پێکهێناوە و لە کەناری لای راستی رووبارەکەیە. ئێمەش لاماندا تا لە نزیکەوە تەماشایەکی بکەین. بە دیوار و شورا چواردەوری گیراوە و تەوقەسەری گومەزەکە بە کاشی سەوزی بریسکەدار داپۆشراوە و بە مسی زەرد دەستێکی کراوەی بۆ کراوە و چواردەوری بە تیشکی سەرکەوتن دراوە. لە دەرگای چوونە ژوورەوەوە بەلای گۆڕەپانێکی دادوەری بچوکدا تێپەڕین، پاشان چووینە ناو هۆڵێکی گەورەی تاریکەوە، تاق و کۆڵەکەی چوارگۆشەی بە خشتی سوور بۆ کرابوو، کە هیچ نەخش و نیگارێکی تیانەبوو، لەوێوە بە دەرگایەکی نزمدا چووینە ژوورەوە بۆ بازنەیەك، کە بریتیە لە

کەرەسەی پیرۆزی ئاینی جولەکە. ژوورەکە گومەزدار بوو، لەگەڵ پەنجەرەی بچوك لە ئاستی بەرزدا و بەکاشی سپی و سەوز کۆتاییان هاتبوو.

لەناو تاقێکی بچوکدا چرایەك دەگڕا. لە ناوەندی ژوورەکەشدا مەرقەدەکە بوو، کە لاکێشەیی بوو لەگەڵ سەربانێکی لاری لە تەختە دروستکراو و بە قەدیفەیەکی (قەیفە) سەوز داپۆشرابوو.

دووریەکان نزیکەی 8×4 پێ بوون، هەروەها 6 پێ بەرز بوو تا لێواری بنمیچەکە. لەگەڵ ڕێڕەوێك، کە نزیکەی سێ پێ بوو لە نێوانی ئەو و دیواری ژوورەکە. گۆشەکان بەرزیەکانی بە تۆپی خڕی مسی زەرکەفت رازێنراوەتەوە. ئەو پیاوە عەرەبەی شوێنەکەی پێشان داین، پێیوتین ئەوە گۆڕی عەزرایە، کە موسڵمانەکان بە عوزێر[156] بانگی دەکەن.

دەیکەن بە کوڕی برای موسا پێغەمبەر. ئەو زانیاری زیاتری داینێ، کە جولەکەیەك بەناوی (خۆف یەعقوب) زیاتر لە سی ساڵ لەوەبەر ئەم بینایەی ئێستای دروستکردووە.

---

[156] بە پێی دابونەریتی ماهۆمەتان- محەمەدیان، عەزرا لە نەوەی یەعقوبە، لە تیرەی لاڤی و چواردەیەمین نەوەی هاڕونە و لە کتێبی پیرۆزدا هاوبەشی کردووە لەگەڵ هەموو کتێبێکی پزیشکەکان کە دەتوانرێ بیخوێنێتەوە و شیکاتەوە، کانی لە وێرانکردنی قودسدا لە لایەن نەبوخەزنەسرەوە، جگە لە ژمارەیەکی کەم لەو بەندانەی گواسترابوونەوە بۆ بابل، عەزراش کە ئەو کانە زۆر بچوك بوو، لەناو ئەو ژمارەیەدا بوو، هەروەها بەردەوام بوو لە خوێندنەوە و فێرکردنی دەستووری خوا بۆ هاولاّتیانی لەکاتی دەستبەسەرییاندا. لە کۆتایی دەستبەسەریەکەیدا عەزرا گەڕایەوە بۆ قودس. هەندێ دەڵێن لەوێ و هەندێ دەڵێن لە نزیك بابل، کاتێ کە دەست ئەکات بە گریان بەسەر وێرانەی شارێکی وێرانکراو و ماڵی خوا، زۆرجار بەخۆی وتووە چۆن قودس کە کەوت جارێکی تر هەڵدەستێتەوە، ئەوەندەی پێنەچوو دوای ئەوەی ئەم بیرانەی دەکردەوە خوا مەرگی بۆ هانی و تا ماوەی سەد ساڵ مایەوە و دیسانەوە هەڵسایەوە، پاشماوەی ژیانی لەسەر زەوی کاری دەکرد لە شیکردنەوەی وشەی خوا بۆ جولەکەکان، مەسیحیەکانی رۆژهەلاّت دەڵێن: ئەو عەزرایە سێ جار لەو بیرەی خواردۆتەوە کە ئاگری پیرۆزی تیا حەشاردراوە. تا لە ئەنجامدا دیارییەکی لە رۆحی پیرۆزەوە پێدەگات، کە توانای ئەوەی دەداتێت تا کیتابی پیرۆز بەناو هاولاّتیانیدا بلاّوبکاتەوە.

له رۆژی 25دا نزیکەی سەعات 03:00 سەرلەبەیانی گەیشتینە قوڕنە، دوای ژەمی بەیانی چووم بۆ سەر دەریاچەکە تا چەند شوێنەوارێك ببینم.، کە گوایە پاشماوەی (ئافامیا)یە، بەپێی بتلیمۆس، یا (دیگبا)، هەروەها بەپێی (پلینی)، کە دەکەوێتە ئەم دەوروبەرەوە، بەڵام تەنیا پاشماوەی خۆپاراستنی تورکەکانی تیایە. .

پاسەوانی کەشتیەکی تورکی لەوێ سڵاوی لێکردم. سڵاوەکەم لێکردەوە بە هەمان ژمارەی یەکسانی تفەنگ و کەمێ سەرسوڕمان نییە، تورك حەزناکات لە ڕێزگرتندا زیاد بڕوات، بە سێ چەکەوە وەڵامم دانەوە.

دەوروبەری 10:00 قوڕنەمان جێهێشت و نزیکەی نیوەشەو گەیشتینە (کۆشکی ماغیڵ). وەرگێڕ و چاویشی کارگەی بەسرە و چاوشی کیاهیاسی، ئەفسەری سەرەکی حوکومەتی تورکی چاوەڕێیان دەکردین. دواتر نامەیەکی لە موسەیلەمەوە بۆ هێنام، کە تەمەنای بۆ دەخواستم چوونەناو بەسرەم گشتی بێت. بە هەرحاڵ ئەوە وەك ئەوەی یارمەتیم بدات کارێکی ئەوتۆی تێنەکردم. وام هەست دەکرد ئەرکەکەم دەدرێتە دواوە. چاوش کیاهیاسی چەند سندوقێ شیرینی و حەڵوای خستە سەر بەلەمەکە، وەك دیاری لە گەورەکەیەوە.

نزیکەی سەعات 13:00 کەوتینە ڕێگا و لە دەمی ڕووباری بەسرەدا لەنگەرمان گرت چاوەڕوانی شەپۆل نیشتنەوەمان دەکرد. خۆرکەوتن، ڕۆژی /29، چووینە ناو چەمەکەوە، کۆمپانیای باتیماری بەڕێز، باربرا و پیاوانی جەنگی تورکەکان کاتێ کەشتیەکەمان تێپەڕی سڵاویان بۆ کردین. دوو کەشتی لەگەڵ تاقمە شێرەکەی سەرکەشتی مەلەکی پێچیکردەوە، کەشتیەکە ڕاکێشرایە سەر ئاوی ڕووبارەکە و دوو کەشتی فەرمی موسەیلەم، کە بە قوماشی سوور داپۆشرابوون، دوامانکەوتن. لە نوسینگەکەدا لەلایەن پاسەوانە تایبەتیەکانی خۆم و دەستەیەك لە لەشکری تورکەکان پێشوازی کرام.

# بەسرە

ڕۆژێ پێش ئەوەی بەسرە جێبهێڵم، بەبۆنەی گەڕانەوەم بۆ بەغدا، موسەلیم ئاهەنگێکی بۆ سازکردم، بریتی بوو لە پێشانگایەکی گشتی لە سەما، شانازی کردنی بلیمەتی، چوار پیاو خۆیان شاردبووەوە و دەوری دوو وشتریان دەبینی، پیاوێکیان دەبوو بە کەفەڵی و پیاوێکی دی دەبوو بە بەشی پێشەوەی. ئەم وشترە خەیاڵیانە شەڕیان دەکرد و وەك وشتری راستەقینە رائەکشان و گیایان دەخوارد. دوو تاقمی تر لە ڕەشپێستەکان مۆسیقای نیشتمانی و سەمایان پێشکەش کردین. گروپێکیان بریتی بوون لە (بۆمبازان) (دەهۆڵ و زوڕنا). ئامێری میوزیکە سەرەکیەکانیان پێکهاتبوو لە تەپڵێکی داری درێژ، لایەکی وەکو کوڕسی سێ پێچکە و لەسەر زەوی دادەنرێ و زووڕنا، کە لە لایەکیەوە فووی پیادەکرێ، وەك فلوتی ئەڵمانی.

سەماکەران دەبن بە دوو بەشەوە، لە لایەك ژنان و لە لاکەی ترەوە پیاوان، کە دێنە پێشەوە و دەگەڕێنە دواوە و دەچنەوە ناویەك و جیادەبنەوە و بە چەند گۆڕانکاریەکدا دەڕوات، گۆرانی دەڵێن و کاتێکی زۆر خۆش دەبەنەسەر. گروپی نۆبیان زۆر سەرنجیان راکێشام. یەکێکیان ئامێرێکی لێدەدا تەواو لە سەنتووری کۆن دەچوو. سەماکەیان سەربازی بوون و بە چەشنی هێرش و بەیەکدا هەڵپژان.

پیاوێك بەتایبەتی خۆی دەرخستبوو. خودەیەکی کەللەسەری لەسەرکردبوو، کە متوموور و پەڕی پێوەکردبوو بەوپەڕی شارەزاییەوە ڕمەکەی رادەوەشاند.

دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەیان، موسەلیم فرمانی دا بە تورکەکان بۆ ئەوەی خۆشحاڵمان بکەن. دەستبەجێ سەد و پەنجا سەربازی تورك هەستان و دەستیان گرت، وردەوردە سەما دەستی پێکرد، کە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی رێکوپێك قاچەکانیان لە هەمان کاتدا دەدا بە زەویدا و لاشەیان بە جوانی لار دەکردەوە و بە شێوەی بازنەیی دەجولان. دەهۆڵ و زووڕناکەی موسەلیمیان لەگەڵدابوو، بە سەرۆکایەتی گروپی سەمای کوڕان لە بەرگی خۆیاندا. لە ناوەندی بازنەکەدا دوو پیاوی تەواو ڕووت و قووت، بەڵام بە پرووشە لۆکە داپۆشرابوون و هەر بە لۆکە ریشێکی سپی زۆریان بۆ خۆیان کردبوو،

هەندێ چاوبەستی پێکەنیناوییان دەکرد. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سواری قامیش دەبوون و رمی سووریان دەکرد بە یەکدا. خێرایی مۆسیقاکە وردە وردە زیادی دەکرد و ئەندازەکەی دەگۆڕا و سەماکەران تا ئێستا زیاتر دەبزوێن، تا لە دوایدا زۆر بە خێرایی خۆیان کرد بەناو بازنەکەدا، بازنە زەمینیەکە دەکەوێتە ژێر پێیان.

ئیبراهیم ئاغا، موسەلیم، سەرگوزەشتەی ئەو سەمایەی بۆ گێڕامەوە، کە لە تورکیدا پێیدەوترێ چۆپی.

حەسەن پاشا، پاشای پێشوی بەغدا، بە رەفتاری یاخی بوونی عەرەبەکانی خەزایل دڵی رەنجا، سوێندی خوارد، کە لە ناوەندی پایتەختەکەیاندا چۆپی بکات. بەپێی ئەوە بە ئاگر و شمشێر چووە وڵاتەکەیانەوە و دوای ئەوەی وڵاتەکەیانی داگیرکرد و هەرچیەکیان لە دانیشتوان دەستکەوت کوشتیان. ئیدی سوێندەکەی بە ئەنجام گەیاند و خۆی و هێزەکەی هەڵپەڕین و چۆپیان کرد.

دوای هەڵپەڕکێی تورکی، دوو شمشێرباز هاتنەپێشەوە بە شمشێربازی هەندێ جوڵەی هێمن و لەسەرخۆیان پێشکەش کرد لەگەڵ تیپێکدا. سەرەتا بەخێرهاتنی ئێمەیان کرد و پاشان هاوئاهەنگەکان و یەکتری، بە قەڵغانەکانیان. دواتر شمشێریان دانێ و بە قەڵغانەکانیان دەیانبڕی و خۆیان دەپاراست بە هەندێ چالاکی، بەڵام هیچ زانیاری و دەستورێکی رێکخراوی تیانەبوو. دوای ئەوە تاکە دارێك پێشکەش کرا، کە بە تەواوی وەك قەڵغانەکە هەڵسوکەوتی پێدەکرا.

دواجار موسەلیم، لە رێی کۆتایی هێنان بە هەموو شتێ، ووتی دوو پیاوی هێناوە دەبێ سەرنجتان رابکێشن. بەو پێیە دوو تورکی بانگکرد و دوو قەڵغانی پێدان، فرمانی پێکردن، کە بەشێوەیەکی ئازایانە هەڵسوکەوت بکەن. ئیدی بە نیێتیەکی پاك ئامادەی ئەوە بوون و زۆر بە پەرۆشەوە بۆ ماوەیەك یەکترییان هێنا و برد، تا بە فرمانی موسەلیم لەیەك جیابوونەوە. بەم شێوەیە کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات.

# تێبینی لەبارەی گەڕانەوە بۆ بەغدا

- 5/**مەی/مایس**،

بەسرەمان جێهێشت، لە دەوری ئوزێر- عوزێردا و ڕێیەکی کەم لەسەرو کەنارەکانی رووبارەکەوە، بەتایبەتی کەناری لای راست، عەرەبەکانی ئەلبو مەهۆمیدی تێدا نیشتەجێ بوون، کە دزێکی ناودارن. لە سەروترەوە لەسەر کەناری راست، عەرەبەکانی سەعدە، کە سەربە مۆنتەفیکس.

دارستانەکەی لەسەر کەناری دیجلە بریتیە لە درەختی (ڤیتایە- ژیان) و عەرەقی سوس، کە ئەمەی دواییان زۆر دەگمەنە، لە هەندێ شوێندا بە بەرزی باڵای پیاوێکە، تورکەکان ناشارەزان لە جۆرەکانیدا.

زەوی لە زۆر شوێندا پڕە لە نێترات، (خوێی بارود).

هەواری عەرەبە رەشۆکیەکان لەسەر کەنارەکانی دیجلە سەیرە و دەرکەوتنێکی ناجۆر نییە. لە حەسیری زبر پێکهاتووە، وەك سێبەرگر بڵاوبۆتەوە، زۆرجار لە شێوەی نیوە بازنەدا، بە چەند ستونێك راگیراوە، لەژێریدا ژنان خەریکی کاروباری ناومالْن و منالێکی روت و قوتی زۆر، کە لە داوێنی ئاوەکەدا کۆدەبنەوە لەسەر بەلەمێك بۆ سوالْکردنی خورما، کە کاروانیان جارجارە بۆیان دەهاون. پیاوان لە بارودۆخێکی جیاوازدا دەبینرێن، وێلْ بەدەوری هەوارەکەدا، یان گایەل لێرەو لەوێ دەلەوەڕێنێ. نیوەی رمەکانیان خواربۆتەوە. دەڕواننە کاروانیەکان، بەگشتی رمێ یان دووان لە زەویدا چەقێنراوە و ئەسپی نیوە برسی لەسەر گولْەکێوی دەژیان و بەلەمێکی بچوك بە زۆری لە داوێنی کەنارەکەی بەردەمیاندا بەستراوەتەوە. ئەم هەوارانە بە سەگی گەورە و دڕ پاس دەکرێن.

هەواری (بەنی لام) دەوارەکانیان رەشە وەك ئەسپی رەش، هەوارە گەورەکەیانمان لەسەر کەناری لای چەپی رووبارەکە بینی.

چەردەیەکی زۆر لە (کەپپەر)مان بینی، کە گوڵیان گرتبوو، *(کەپپەر جۆرە رووەکێکی دڕکاوی سەوزە و گوڵەکەی بە خونچەیی بۆ ترشیات بەکاردێ و دەکرێتە خواردەمەنییەوە. . . وەرگێڕ. )*

بارودۆخی سەیر لەسەر رووبارەکە دەبینرا، کە لە لایەکی دارستانێك هەبوو، کەچی لە بەرەکەی تر هیچ نەبوو، کە ئەو دارستانە لەو لایە تەواو دەبوو، لە لاکەی تری دەستی پێدەکردەوە.

ئەم دەستوورە بە باشی تا خوار کوتەوە پەیڕەوی دەکرا. بەیانی رۆژی /12 گەیشتینە کوت، ئەلعەمارە.

هەموو شوێنی لەنگەرگرتنێك لەسەر رووبارەکە ناوی خۆی هەبوو، شەوی پێشو گەیشتینە تەنکاوێکی مەترسیدار، یان کەنارێکی قوڕ و لیتاوی، پێیان دەوت تەنکاوی عەرەبی، دوو شوێنی لەنگەرگرتن لە خوار کوتەوەیە.

عەرەب بە جۆرە قامیشێك، کە پێیدەوترێ (کەترا) قووڵی ئاو دەپێوێ، بەو گرێیانەی لە قامیشەکەدایە دەزانن ئاوەکە چەند قووڵە.

لە 18/مایو/ مایس/1811 چوومە ناو بەغداوە.

# پاشکۆی حەوتەم

## گەشتێکی دەریایی لە بەغداوە بە دیجلەدا بەرەوخوار بۆ بەسرە،

**لە ساڵی 1812دا**

**( لە لاپەڕە 178، بەرگی دووەم، ئاماژەی پێکراوە)**

- **22/جەنیوەری/ کانونی دووەم،**

بەغدام جێهێشت بە یەخت بۆ بەسرە. باکەی باشووری بوو، بەڵام ئێمە دەوروبەری سەعات 21:00 شەو گەیشتینە تاقی کیسرا.

- **23/جەنیوەری/کانونی دووەم،**

دابەزین، تا سەیرێکی تاقی کیسرا بکەین. لەنێوانی ئەو و رووبارەکەدا شوێنەواری دیوارە مەزنەکان بوو، کە بە خشتی کاڵ کرابوون لەگەڵ چینێك قامیشدا. دیوارەکە لە پشتی تاقەکەوە وەك ئەوە وایە، کە بەشێکی نەخشە بنەڕەتیەکەی پێکنەهێنابێت. هەرچەندە لە سەرەوە تاقمێ تاق و قوژبنی تێدایە.

تورکەکان دەیانوت ئەو دیوارە کاتی خۆی بەشێك بووە لە خانووی پیرەژنێك، کە رازی نەبووە بیفرۆشێت بە نەوشیروان، ئەویش زۆر لەوە دادوەرتر بوو، تا بەزۆر لێی زەوت بکات، غەمی بەدەستەوە دەخوارد، لەگەڵ ئەوەی دەچووە ناو هۆڵی کۆبوونەوەی جەماوەرەکەی، پیرێژن بە کەرەکەیەوە لە کاتی دیواندا بەوێدا تێدەپەڕی، یان لەو کاتەی، کە ئەو دادگای بەڕێوە دەبرد. چیرۆکەکە هیچوپوچە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە شێوەی دەرکەوتنی دیوارەکە تەنانەت لە بەدیکردنی تورکەکانیش دەرباز نەبووە. هەر رێك لەژێر بەردە بنەڕەتیەکەی نیوەکەوانەکەدا پارچەیەکی گەورەی سواغی قوڕە و نیرگە دارێکی تێداچەقێنراوە و لە ناوەڕاستیدا بازنەیەکی ئاسن هەیە. نیرگە دارە گەورەکە لە هەموو لایەکی پێشی بیناکەوە دیارە، تەواو سەیر و بەرچاوە.

سەربانەکەی ریزە کونی تێدایە و لولەی گڵێن خراوەتە ناو کونەکانەوە، کە زۆر زۆرن، بەڵام، ئەوە ئاسان نییە بڵێیت بۆ چی مەبەستێك دروستیان کردووە.

خشتەکانی نە زۆر گەورە و رێکوپێك و نە وەك ئەوانەی بابل باش سورکراوەتەوە. بەشە نزمەکەی بیناکە زیاتر وێرانترە لە بەشی سەرەوەی، نزیکە حەوت پێ بە دەوری هەموویدا، کە پێیانوتم هەموو کەلاوەکان ئاوایە. بەشێك لە رووکاری هۆڵەکە، کە بە خشتی باش کراوە، بەشێکی گەورەی لە بیناکە جیادەبێتەوە. دیواری پێشەوە لە بنەوە ئەستورترە لەچاو سەرەوەیدا، نزیکەی 8-20 خشتی کەمترە لە ئەستوریدا. کەوانەی پشتەوەی بیناکە، بە رووی لای روبارەکەدا، زۆر چەماوەتر دەردەکەوێت، لە پێشەوەی زیاتر نیوکەوانەییە. بە هەموو دەوری سەرەوەی نیوکەوانەکەدا، یان کاری سەدەفیە و زۆر باش بیناکراوە.

- 26/ جەنیوەری/کانونی دووەم،

لە سەعات 04:00دا چووینە (جەرەبڵ) دورگەیەکی مەترسیداری لمین. رووبارەکە زیاتر نزمتر بوو لەوەی، کە بۆ دواجار پیاپەڕینەوە، بەشێك لە کەلاوەکەمان بینی.

لەوبەری رووبارەکەوە، بەلای لابەلادا گێژاو بوو، لەژێر ئەوەی سەوڵی بەلەمەوانەکە دڵنیای دەکردین، ئەوێ شوێنی خانوبەرە بووە. لە کۆتایی ئەم زنجیرە گەرداوەدا پارچە خشتی پاشماوەی بینا بەرزدەبووەوە، نزیکەی دوو گەلە بەلەم و نیو لەسەر رووی ئاوەکە بوون. حاڵەتی گێژاوەکە لێرەدا زۆر مەترسیدار بوو، رەوتی نزیکەی حەوت گرێی دەریاییە و رێڕەوەکە زیاتر مەترسیدار دەکات. ئێمە خەریك بوو بەسەریا بڕۆین و بەناچاری لەنگەرەکەمان لەدەست بدەین و حەبلی راکێشان بێنین تا لەسەر کەنارەکە جێگیربینەوە. لەم کاتەدا لە بەلەمەکە چوومە دەرەوە بۆ کەنداو. بینایەکم بینی خشتی سوورەوەکراوی باشی پێوەنوسابوو. زیاتر لە پیادەڕەوی پردێك دەچوو، نزیك ئەو بەرەو زیاتر لە کاری قوڕ و خشتکاری دەچوو. لە بنکەوە، لەنێوان ئەمە و کەناری لای چەپی رووبارەکە، رێڕەو 5-6 (باڵا) دەبوو، (هەر باڵایەك 6 پێیە و بۆ پێوانەی قوڵی رووبار و دەریا بەکاردێ - وەرگێڕ)، کەناری لای راست پێیدەوترا (مولبینی)

لە سەعات 21:00 ئێوارە گەیشتینە کوت/ئەلعەمارە، پەڕینەوەمان لە بەغداوە زۆر دواکەوت، لەلای خۆمانەوە چەند جارێ دەچووینە سەر کەنارەکە تا لەدوایدا دەستمان کەوت. کوتمان لە سەعات 08:00 بەیانی ڕۆژی 27/جەنیوەری جێهێشت. لەخوار کوتەوە 12 شوێنی بەربڵاوی سەخت و ئاڵۆز هەبوو.

- **28/جەنیوەری/کانونی دووەم،**

دەوروبەری سەعات 02:00، بەلەمێکی باربەرمان بینی، کە لە بەسرەوە هاتبوو، پیاوێکی ئینگلیزی تێدا بوو بەناوی (بەیلی)، کە هاتبوو تا لەبەغدا پەیوەندی بە ئێمەوە بکات، بەڵام، کە ئێمەی بینی ڕازی بوو بەوەی لەگەڵمان بگەڕێتەوە بۆ بەسرە.

ڕۆژی 28/ جەنیوەری ڕۆژێکی تووش بوو، ئێمەش لە سەعات 02:00دا هاتین تا لەنگەر

بگرین. هەر دوای تۆزێ لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە زۆر بەتوندی وەیشومەیەکی هێنا و ئێمەش وازمان لە لەنگەرە گەورەکە هێنا و بچوکێکمان دابینکرد.

لە شەودا زریانێکی توند هەڵیکرد و بەردەوام بوو، لەگەڵ پشوویەکی کەمدا، ئیدی هەموو ڕۆژی دوایی لەگەڵ کەمێ باران. لە شەودا هەندێ زریانمان لە ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو شانبەشانی بارانی زۆرتریش.

- **30/جەنیوەری/کانونی دووەم،**

ڕەشەباکە لە ڕۆژئاواوە پێچیکردەوە و ئێمەش لە سەعات 10:30 کەوتینە ڕێ. لە نیوەڕۆی ڕۆژی 31/ جەنیوەری گەیشتینە کۆمەڵێك درەخت، سێ ڕێڕەو بۆ باشوور هەبوو، لەو شوێنەوە، کە پێدەوترا (ئەلحاد)، لە سنووری باشووری وڵاتی (بەنی لام) لەو شوێنەوە، کە عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد دەستی پێکردوە. با لە باکووری ڕۆژئاواوە دەهات، بەڵام هەندێ باران دەباری، کە لەگەڵ باکەدا گونجابوو، ئەوەندە بەهێز نەبوو تا پاڵ بە هەورەکانەوە بنێ بۆ دواوە و لە کۆتایدا زریانەکە بڕەوێتەوە.

لەسەر کەناری چەپی رووبارەکە لەسەرو (ئەلحاد)ەوە بەدرێژی هەوارگەی عەرەبەکانی (بەنی لام) بوو.

دیسانەوە لە سەعات 13:00دا بایەکە لەباشووری رۆژهەڵاتەوە دەهات، سەعات 14:30 پاشنیوەڕۆ، بەنی لام هێرشیان کردە سەر بەلەمێکی دەرکەنار، کە تۆزێ لە سەرو ئێمەوە بوو.، کە گەیشتینە لایان چەند هونەرێکی بەکارهێنانی چەکمان فێرکردن، کە وامانلێکردن بفڕن. دوای ئەوە باکە گۆڕا بۆ باکوور، باکووری رۆژهەڵات. نزیك خۆرئاوابوون گەیشتینە (ئەلحەد)، یان روونتر بڵێم سەرەتاکەی بە دارستانێکی درەخت و گۆڕستانی محەمەد ئەبولحەسەندا تێدەپەڕی.

نزیك سەعات 01:00 دوای نیوەشەو گەیشتینە شوێنی لەنگەرگرتن، لەوێدا، کە پێچەوانەی گەیشتن بە رووبارەکە و کەناڵەکەی پیادا دەڕۆیشت و نزیکەی بە پێوانەی پانی رووبارەکە دەبوو، کە بەلەمێکی زۆری تێدا ونبووە. لە بەیانی رۆژی یەکەمی فێبریوەری/شوبات، دیسانەوە دەستمان پێکردەوە. رووبارەکە لێرەدا تەسکە و کەنارەکانی نزمە. بەشێك لە ناوچەکەی دەوروبەر لە ئاستی ئاوەکە نزمترە و سەوزایی هەیە، وەك زۆنگاو دەردەکەوێت. شوێنەواری هەوارگەی سەربازی پێشو لێرە و لەوێ دەبینرێت. لەو بڕوایەدام وەك هەرێمێك بەدەگمەن ئاو لە کەنالەکاندا لە ئاستێکدا دەمێنێتەوە، کە ناوچەکەی پێ دابڕاوە.

دەریاوانێکی ئینگلیزی بەناوی (موور) لەناو تاقمەکەمدا، پێیوتم، کە لەگەڵ بای باشووریدا، زۆرجار کاریگەری بەرز و نزمی ئاو لە بەهاردا بەم شێوەیە بەرزدەبێتەوە، کە بە مانایەکی تر، ئەم تەوژمەی ئێستا بەم خێراییە نییە.

لە سەعات 02:00دا، بایەکی باشووری هەبوو، رێڕەوی بەلەمی چێشتخانەکە، کە هەندێ لە دواوە بوو، لەلایەن کۆمەڵێ عەرەبەوە راگیرابوون. بە هاوڕێیەتی یەکێ لەو بەرێزانەی لە تاقمەکەی ئێمەدا بوو، بە ناوی (ورونۆ)، کە فەرمانبەری سوارەی نیزامی بوو، لەگەڵ سێ سەربازی سیك. دەستبەجێ ئامبازی بەلەمەکە بووین و پاڵمان پێوەنا بۆ وشکانی، بەڵام عەرەبەکان رایانکرد و تەنیا هەندێ جوتیار لەو ناوەدا راوەستابوون،

کە هەرچۆنێ بێ خەڵکی بێحەیا و شەڕانی نەبوون. سوارەکە تێنەدەگەیشت لەوەی روویدابوو، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەوەی عەرەبێك دەیلێت پێویستە قۆناغە تفەنگێکی پێدا بکێشرێت. دیسانەوە سواری بەلەمەکە بووینەوە، بەهەرحاڵ، بەبێ ئەوەی کارێکی ئازاراوی روویدات.

- 2/ **فێبریوەری/شوبات،**

گەیشتینە بەسرە، دوای ئەوەی بەیانی لە دەوروبەری سەعات 11:00 (گوڕنە- قوڕنە) مان بەجێهێشت.

- 6/ **فێبریوەری/شوبات،**

ئەو هاوڕێیانەی دەبوو پێکەوە بین لە چوونەکەمان لە بەغداوە بۆ بەسرە، بە بەلەمێکی جەنگی خێرا، کە تایبەت بە کۆمپانیایەکی بەڕێزی سێ لایەنە بوو، دەچوون بۆ (بۆمبەی)، ئێمەش بە پەلە کاری پێویستمان کرد و پێشنیارمان کرد، کە بگەڕێینەوە بۆ بەغدا، بەبێ ئەوەی بەهیچ جۆرێ بچین بۆ بەسرە.

- 7/ **فێبریوەری/شوباتدا،**

دوکتۆر(کۆڵکووان)ی یارمەتیدەرم لەو شوێنەدا و میستەر (بەیلەی) هاوڕێ نوێکەمان، لە ناوەوە شێویان دەکردەوە، دوای شێوخواردن کەشوهەوا زۆر تەمومژاوی و هەوروهەڵا و هەڕەشاوی دەردەکەوت. لەو کاتەشدا پیاوەکان دەکەوتنە رێ بۆ سەفەر، زریان هەڵیکرد، بەلەمە جەنگیەکە و بەلەمی چێشتخانەکە لە لەنگەر دەچوون و وێڵ بوون، دواتر زۆر نزیك بوو لەوەی ون بن و یەختەکە دەستی بە هەڵگەڕانەوە کرد.

کاپیتان و بەلەمەوانەکە بە کارێك لەسەر وشکانی بوون، منیش چوومە سەرەوە تا بزانم خەریکی چین، چەند چرکەیەکی نەخایەند لەوێدا خاتو ریچم بینی لە کەلەبەری زەنگە گەورەکەوە سەردەکەوت. زۆر باش دەمزانی ئارەزووی چی دەکات، شەوەکەی زۆر لە هەڕەشاوی دەچێت و لەو تەنیشتەشەوە کارگەی بەلەم دروستکردن ئامادەبوو، منیش بڕیارمدا بچمە سەر وشکانی و بەو پێیە لە سەعات 10:30دا بە سەلامەتی گەیشتینە

کارگەکە و وەك ئاسایی میوانداریيەکی باشی نانخواردن لەلایەن دوکتۆر (کۆڵۆوان)ی هاوڕێی شایستەمانەوە کراین.

- 8/**فێبریوەری/شوبات،**

کەشوهەوا بەردەوام ئاڵۆزابوو، هەروەها پێویست بوو هەندێ چاکسازی لە بەلەمی چێشتخانەکەدا بکرێت، تا ڕۆژی 11/ فێبریوەری/شوبات، بەو هۆیەوە ماینەوە، سەعات 15:00 پاش نیوەڕۆ دیسانەوە سەرکەوتینەوە و لەگەڵ خولانەوەی بەرزونزمی ئاوەکە لە سەعات 22:00 هەوڵماندا دەرچین، بەڵام لەنگەرەکەمان بە توندی ڕاگیری کردبووین، بۆیە نۆ خولخولۆکەی لەنگەر هەڵکردنەوەی شکاند و هەندێ ئەڵقە شتی تر و کاتێکی زۆریشمان بەسەرچوو، ئیدی پێویستی بەوە نەبوو ئەو شەوە بیر لە ڕۆیشتن بکرێتەوە.

- 12/ **فێبریوەری/شوبات،**

لە سەعات 11:00 سەرلەبەیانی، بە هامڕای شنەیەکی هێمنی باشووری کەوتینە ڕێ. لە سەعات 16:00 سەر لە ئێوارەدا بەلای شوێنەواری مزگەوتێکدا تێپەڕین، کە منارەیەکی زۆر بەرزی هەبوو لەسەر لای عەرەبەکان بوو، پێدەوترا (مەکان مەهدی زەمان)، ئەوە ئەو جێگەیەیە، کە مەهدی تێیدا نیشتەجێیە یان ئارامگایەتی. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە بە دەستی مرۆڤ دروستنەکراوە. نەخشەیەکم لێی گەڵاڵەکرد.

بە درێژایی ئەو ئێوارەیە تێبینی هەورێکی زۆرمان دەکرد بەری ئاسۆی ئەتەنی، کە تاریك داهات، لەوە دەچوو، کە دوکەڵی یەکەم ئاگرێ بێ لە ئەلبو محەمەد و ناوچەکانی مونتەفیك کرابێتەوە، بە سوتاندنی قامیشەکان لە زۆنگاوەکاندا، کە بەهۆی ئەوەشەوە دەبێتە باشترین لەوەڕگا. دەرکەوتنی ئەو ئاگرەی، کە لە 30 میل دوورترە و تا ئێستاش هەموو ئاسۆی ڕووناك کردۆتەوە لەگەڵ بریقەیەکی سووردا، کە گەورە و جوان بوو بەشێوەیەکی سەرسوڕمان، من دەتوانم بەهیچ نەیچووینم، بەڵام لە هێرشی ژیلەی ئاگری بوورکانی **ئێتنا** دەچوو.

ئێمە ناچاربووین لەنگەربگرین بۆ ئەوەی ڕێگا بدەین بە بەلەمی تر هاوبەشی شێوکردنمان بکەن و دوای ئەوەش شنەیەکی زۆر کەمی دەهات، بۆیە تا نزیکەی نیوە شەو نەگەیشتینە گوڕنە.

- 13/ **فێبریوەری/شوبات،**

زۆر بە توندی لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیکرد، بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە نەماندەتوانی لەو شوێنەی لەنگەرمان گرتبوو بجولێین، لە دەم دیجلەدا لە گوڕنە. کەشوهەوا، بەهەرحاڵ، زۆر ڕۆشن و سایەقە بوو. نزیك سەعات 18:00 دەمەو ئێوارە کەشوهەوا ئارامبووەوە، کەوتینە ڕێ و بەدرێژایی شەو بە ڕێوە بووین، بە یارمەتی شنەیەکی باشووری.

- 14/ **فێبریوەری/شوبات،**

لە سەعات 10:00 سەرلەبەیانی، بەلای ئەو گۆڕەدا تێپەڕین، کە دەڵێن گۆڕی عەزرایە. رووبارەکە لەوێدا تەسکە و هەوایەکی زۆر هەیە، ناوچەکەش تا چاو بڕکات تەواو تەختە. لە سەعات 16:30 ئێوارەدا، لەلای کەناری فارسییەوە گۆڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەلیمان بینی، لەگەڵ هەندێ کوخی قامیشی عەرەبەکانی ئەلبو محەمەد، ناوچەکە هێشتا بەبێ گۆڕان تەختە و زۆنگاوە و بە قامیش داپۆشراوە.

- 15/ **فێبریوەری/شوبات،**

بەیانیەکەی شنەی بای باشووری ڕۆژهەڵات زۆر سازگارە و سەعات 09:00 سەر لەبەیانی گەیشتینە ئەلحەد، یان ئەو رووبارەی بە (شەستەر و حوێزە)دا دەڕوات و دەڕژێتە دیجلەوە. لە سەعات 10:00 بەیانیدا بەلای محەمەدی ئەبو حەسەندا تێپەڕین، کە لە تەنیشت ئارامگای پیاوچاکێکەوەیە، ئەوێ شوێنی گۆڕستان و بەخاك سپاردنی مردووان بوو. نزیك رووبارەکە تاقمێك درەختی لێبوو، کە لە گەشتە دەریایەکەماندا بەرەوخوار باسمان کردووە، لە ناویاندا، کە هەوارگەیەکی بچوکی عەرەبی تێدابوو.

کەنارەکانی رووبارەکە ئێستا زیاتر بەرزترە و بە گژوگیا داپۆشراوە. لە سەعات 17:00 ئێوارە ناچاربووین بۆ شێوکردنەوە لەنگەر بگرین، بەلەمی چێشتخانەکەمان زۆر دوور و لەدواوە بوو. لە سەعات 19:30 دووبارە دەستمان کردەوە بە رۆیشتن. با لە هەمان گۆشەوە بەردەوامە، بەڵام زۆرتر مامناوەندییە و لە نیوەی شەودا گۆڕا و لە باکوری رۆژئاواوە دەهات. ئێمە بە عەلی غەربی و عەلی شەرقیدا تێپەڕین.

- 16/ **فێبریوەری/شوبات،**

بەرەبەیانی لە باکووری رۆژئاواوە زۆر بەهێز با هەڵیکرد و ئێمە لە ئەنجامدا دوو- سێ سەعات دواکەوتوین. لە سەعات 17:15دا، بەهۆی بای بەرزەوە بەلەمەکەمان وێستان، بەڵام دیسانەوە دوای نیو سەعات کەوتینەوە رێ.

- 17/ **فێبریوەری/شوبات،**

بایەکی هێواشی باشووریمان لەسەر بوو، هێشتا با لە باکووری رۆژئاواوە دێ، لە نیوەی شەودا لەسەر کەناری لای رۆژهەڵاتەوە گوێمان لە خووڕەی ئاوێکی زۆر بوو، تەواو لە دەنگی شەپۆلی دەریا دەچوو دوای زریانی با. لەو بڕوایەدام ئەو شوێنە (نەفت سو)، یان رووبارەکەیە، کە لە چیاکانی فارسەوە دێت و بە مەندەلی و جەساندا دەڕوات و دەڕژێتە دیجلەوە. کەمێ دوای ئەوەی، کە ئێمە گەیشتینە ئەو شوێنەی، کە رووبارەکە تەواو گۆشەیەکی وێستاو بوو.

- 18/ **فێبریوەری/شوبات،**

شنەبایەکی خۆش لە باکووری رۆژئاوەوە دەهات، بەڵام زیاتر بەرزبووەوە، ئێمە سەعاتمان کرد بە 13:30 پاش نیوەڕۆ و تا سەعات 22:00 ئیتر دانەبەزینەوە. گوریسی رێڕەوەکە چەند جارێ لە شەودا پسا.

- 19/ **فێبریوەری/شوبات،**

سەعات 09:00 سەر لە بەیان گەیشتینە شوێنی لەنگەرگرتن، با لە باکووری رۆژئاواوە زۆر بەهێز بوو، لە سەعات 06:00 ئێوارە دیسانەوە کەوتینەوە رێ.

لە نیوەی شەودا گەیشتینە ئەو شوێنەی، کە پەڕینەوە لێی ئاسان نەبوو، ئەویش بەهۆی گێژاوێکی بەهێز و تەنکاوی رووبارەکەوە.

- 20/ **فێبریوەری/شوبات،**

لە سەعات 11:00 لە کوت ئەلعەمارەدا لەنگەرمان گرت، (حیە) پڕبوو، شەپۆلەکانیش لە دیجلەوە دەکشان بۆ فوڕات. لە نیوەی شەودا لە باشووری رۆژهەڵاتەوە بە توندی با هەڵیکرد.

- 21/ **فێبریوەری/شوبات،**

لە هەمان گۆشەوە زریانێکی بەهێز بوو، لەگەڵ پێچەوانەیەکی زۆر فراوان بۆ رۆژهەڵات، ئیدی پێویستمان بەوە بوو، کە گۆڕەپانێکی پەرژیندار بگرین.

- 22/ **فێبریوەری/شوبات،**

زریانەکە بەردەوامە، لەگەڵ توندو تیژیەکی جێگیردا، تا سەعات 05:00 بەیانی، کاتێ بوو بە زریان و با و باران.

لە سەعات 11:00 بەیانی، باکە بەرەو باکووری رۆژئاوا چوو، تا نزیکەی سەرلەئێوارە زۆر بە توندی دەهات، کاتێ هێمن بووەوە، ئێمەش کەوتینە رێ. لە 08:30 رەشەبایەکی تووش لە باکووری رۆژئاواوە دەهات، کە بە هەرحاڵ، هێندەی پێنەچوو بەسەرچوو، بەڵام لە سەعات 10:00، کەشوهەوا گۆڕانێکی زۆری تێدا دەرکەوت و شەومان لێ بەسەرهات.

- 23/ **فێبریوەری/شوبات،**

دووبارە لە 06:00 بەیانی دەستمان بە رۆیشتن کردەوە.

لە سەعات 13:00 پاش نیوەڕۆ، بە (جەمبوڵ)دا تێپەڕین، کە ئێستا بە تەواوی ئاو داپۆشیوە، هەروەها دوورگەیەك نزیکیەتی، کە دوو ئەوەندەی کەشتیەکەی ئێمە دەبوو، بە بۆچوونی کەشتیوان دەکرێ بەسەریا بڕۆین.

بیستم، کە (جاسم ئاغا) و (عەرەبی ئەریفە) لە کەناری رووبارەکەدا لە ئامادەباشیدان، خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێزێك، کە لەوانەیە پاشا بیکاتە سەریان. بەلای هەندێ دەواری (عەرەبەکانی گرەیش) لە کەناری لای رۆژئاوادا و خێڵی (شەمەڕ) لە کەناری لای رۆژهەڵاتی رووبارەکەدا تێپەڕین. نزیك سەعات 15:00 پاش نیوەڕۆ، زۆر بە توندی لە باکووری رۆئاواوە دیسانەوە دەستی کردەوە بە رەشەبا و ناچاربووین لە رووبارەکە بپەڕینەوە تا پاڵ بدەین بەیەکەوە لەناو کۆمەڵەکەدا.

- 25/ **فێبریوەری/شوبات،**

رەشەباکە هێور بووەوە. لە دەوروبەری سەعات 16:00 سەر لە ئێوارەدا، لە مەودایەکدا شتێکمان بینی، کە لە منارە دەچوو، دەیانوت زۆر کۆنە. ئەوەم زانی، کە بە شەو بەلایدا تێپەڕین. راستەوخۆ دوای ئەوە گەیشتینە دوورگەیەك، کە ئێستا ئاو داپۆشیوە، لەو شوێنەدا ماوەیەك لەوەبەر شێرێك بینراوە. لە سەعات 20:00دا چووینە ناو ئەو شوێنەی لە رووبارەکەدا پێیدەوترێ (دوخالە)و نزیك سەعات 04:00 سەر لە بەیانی لە دورگە لمینەکەدا کەمێ بەگیرهاتین و دواکەوتین. ناچار بووین ددان بەخۆماندا بگرین تا دەنگی تێپەڕبوون بەرزبووەوە.

لە سەعات 09:00دا گەیشتینە (تاج)، لێرەوە تا تاقی کیسرا شەش قۆناغە، لە سەعات 16:00 ئێوارە بەو گۆڕستانەدا تێپەڕین، کە ناوی تاجی لێنرابوو، بەڵام ناتوانم بزانم کێ لەوێدا نێژراوە. بەر لە خۆرئاوابوون لەسەر تەوقەسەری کەشتیەکەوە تاقی کیسرا دەبنرا. نزیکەی سەعات 02:00 سەر لە بەیانی گەیشتینە وشکانی و تا بەر لە

سەعات 06:00 دانەبەزینەوە. لە سەعات 15:30 شنەی بایەکی باشووری ڕۆژهەڵاتیمان بەرکەوت و گەیشتینە ئەوپەڕی باشووری دیواری (مەداین)، کە پێشیدەوترا (بۆستان) و لە 21:30دا پێکەوە لەنگەرمان گرت، یان کەمێ لە دوای تاقی کیسراوە، بۆ باکوور مزگەوتێك هەبوو پێیدەوترا (حودەیفیە).

- 28/ **فێبریوەری/شوبات،**

دابەزیم بۆ ئەوەی هێڵکاری تاقی کیسرا بکەم و دووبارە هەندێ پێوانەم کردەوە. ئەستووری رووەکە لەژێرەوە 20 خشتە، تەنیا لەسەرو یەکەم بەرزبوونەوەدا یانزەیە، لەسەرەوە حەوتە. لە لاکەی ترەوە، تەنیا لەسەرو بەرزبوونەوەکەوە، 15 خشتە. لە بەینی چینەکانی دیواری ناو شارەکەدا قامیشم بەدی کرد.

بە دەوروبەری کەلاوەکانی (سەلوسیە سەلوقیە)دا گەڕاین و سوڕاینەوە، نزیکەی تەنیا شوێنەوارێك، کە لە بەشی باکووردا مابێتەوە، رووی دیواری شارەکەیە. دیوارەکە دەبێ ئەستوور و لە ئاستێکی بەرزدا بێت و بە خشتی کاڵ بیناکراوە، لەگەڵ چینێك قامیشدا لە نێوانی هەر چینە خشتێکدا، بە چەشنی مەداین و بابل.

- 29/ **فێبریوەری/شوبات،**

سەعات 19:30 دووبارە کەوتینەوە رێ، لە سەعات 02:00 بەیانی بە بەردەمی دیالەدا تێپەڕین و لە دەوروبەری سەعات 05:00دا لە (غرارە) لە کوێوە رێگاکە دەچێ بۆ بەغدا لەنگەرمان گرت.

# پاشکۆی هەشتەم

## گەشتێ لە بەغداوە بۆ کەلاوەکانی ( تاوك- تاقی کیسرا ) یان ( کەزەنفۆن و سەلوسیا )، دیسەمبەر/ کانونی یەکەم/ 1812.

**(لە لاپەڕە 179، لە بەرگی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە).**

گروپێکمان سازکرد تا چەند رۆژێك لە تاقی کیسرا بەسەربەرین، لە سەعات 09:30 سەر لە بەیانی سواری یەختەکە بووین، هێزەکە بە زەویدا دەڕۆیشتن، بەڵام باکەی باشووری بوو، لەگەڵ ئەوەی جارجارە هێمن دەبووەوە، ئێمەش نەگەیشتینە شوێنی مەبەست تا 20:30 ئێوارە.

لەناو یەختەکەدا ماینەوە، **میستەر هاین** و باقی گروپەکە لە سەلمان پاك مانەوە و هێزەکە لەگەڵ ئەسپەکانیان لەو خانوانەی باشووری تاقی کیسرادا لایاندا، لەو شوێنەی گۆڕی **سانت کیژانی** لێیە، نزیك ئەوە یەختەکەمان لەنگەری گرت و لە کەنارەکاندا دوو خێمەمان هەڵدا بۆ چێشتخانە و شتی تر.

- **6/دیسەمبەر/کانونی یەکەم،**

بەسواری پیاسەیەکمان بە رۆژهەڵاتی تاقی کیسرادا کرد، کە تەنیا پاشماوەی دیوارەکانی (کتەسیفۆن)ە، کە بە خشتی کاڵ دروستکراوە.

- **7/دیسەمبەر/کانونی یەکەم،**

چووم بۆ کەنار دەریا بۆ پێوانەکردنی تاقەکە و ووردبوونەوە لە دووریەکانی خوارەوە و دڵنیابوون بە پێوانەی راستەقینە و لەگەڵ هێڵ و دەستوورەکەیدا:

| | |
|---|---|
| درێژی پێشەوەی بیناکە | 284 پێ |
| پانی تاقەکە لە بنەوە، یان لەسەر زەوی | = 82 |
| بەرزی تاقەکە | = 101 |
| ئەستووری دیوارەکە لە زەویدا | = 19 |
| قوڵی یان درێژی دیوارەکە | = 153 |

لە ئێوارەدا بەسواری بەدرێژایی رۆژئاوای بەشێك لە دیواری شارەکە چووم، ئەو پاشماوەیەی زیاتر گشتگیرە لەوەی من زانیاریم هەبووە لێی، میلێك بەلای باکووردا چووم، لەو شوێنەدا، کە کوتوپڕ شکاوە. لە نێوانی بەشێك لە باکوور و رووبارەکەدا دەشتە، کە لەوە دەچێ بەشێك بێت لە گڵی رووبارەکە دوای زیاتر رۆچوونی بەرەو سەلوسیا،[157] بەڵام هیچ بەشێکی دیوارەکە دەرناکەوێ، کە بەتەواوی لەسەر کەنارەکە بووبێت.

- 8/دیسەمبەر/کانونی یەکەم،

دووبارە لە ئێوارەدا سواربوومەوە، بەیانیەکەی زیاتر شۆڕبووبوومەوە. بەشی رۆژهەڵاتی دیواری (کتەسیفۆن) رووکاری سەیری هەیە، هەروەك ئەوە دەردەکەوێت، کە خۆی وابێت و لە باقی شارەکانی تر جیاوازە، ئەمە بۆچوونی دانیشتوانە، کە بەوەی تێیدایە دەڵێن (بوستان) یان باخچە، بەلای رۆژهەڵاتی تاقەکەدا لەلاکەی تری رووبارەکەوە.

- 9/دیسەمبەر/کانونی یەکەم،

پەڕینەوە بۆ رۆژهەڵاتی کەناری رووبارەکە بۆ پشکنینی کەلاوەکانی سەلوسیا، کە لەوبەرەوەیە و وەك (گیبۆن) دەڵێت سێ میل سەروو ئەوانەی (کتەسیفۆن) نییە.

---

157 شارێکی یۆنانی لەوبەر کەناری بەرامبەر دیجلەیە بۆ (کتەسیفۆن).

پەرژینێکی تر هەیە تا رادەیەك لەگەڵ ئەوەی (بوستان)دا یەکدەگرنەوە، لە شوێنێکی تردا، لایەکی لە رووبارەکە پێکهاتووە، دیوارەکەی تر دەوری داوە. بەشێکی گەورەی دیواری رۆژئاوا وێران بووە، بەڵام بەشی باکووریەکەی، کە نزیکەی سێ میل لەسەرەوەیە و باشووریەکەی، کە تا رادەیەك بەرامبەر تاقەکەیە ماونەتەوە.

لە ناوچەکەدا هەندێ کۆمەڵە وێرانەی لێیە، بەڵام بەشە زۆرەکەی لە دەرەوەی سنووری پەرژینی رۆژئاوایە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر گەورە درێژدەبنەوە.

بۆ باشووری پەرژینەکە کەلاوەیەکی بچوکی گۆڕستانی شێخە، کە لەوەدەچێت بەر لە سەد ساڵێك پێشتر کرابێت، چێوەی دەرگاکەی بە پارچە بەردی مەرمەڕی جۆراوجۆری نایابی شێوە ستوونی دروستکرابوو، ئاشکرایە ئەوە کاری ئەوانە نەبوو، کە گۆڕەکەیان هەڵبەستووە. هێشتا زیاتر بەرەو باشوور، کە ئەوەی وەریدەگرم دەبێ (نەهر مەلکا) بێت، بەرەو باکوور، 50° رۆژئاوادا دەڕوات و بە ژمارەیەك جۆگەی بچوکتر دەگات، تاقی کیسرا لە باکوور 10° رۆژهەڵاتەوە دەبڕێت. دەوری ئاسۆ دەدا بۆ رۆژهەڵات و وادەردەکەوێت وەك ئەوەی دەوری گیرابێت و دەوری کەلاوەکەی دابێت. لەسەر یەکێ لە کۆمەڵەکان خشتێکم بینی نیشانەیەکی لاکێشەی بابلی پێوەبوو، لەگەڵ ئەوەی نووسراوی لەسەر دیارنەبوو، من گومانم نییە، کە ئەوە بابلی بووبێ.

چەند رەوە ئاسك، هەندێ گورگ و چەقەڵمان بینی.

- **10/دیسەمبەر/کانونی یەکەم،**

بیستمان، کە پەیکەرێك لە بیاباندا بینراوە، جوتیارێکی عەرەبمان وەك رێنیشاندەر لەگەڵ خۆماندا برد و جارێکی تر لە رووبارەکە پەڕینەوە و roomman کردە رۆژئاوا 10°بەرەو باشوور و لەو لایەوە بۆ زیاتر لە چوار میل لە کەناری رووبارەکەوە لە خوار یەکێ لە کۆمەڵە زبڵەکەوە ئەو ئەنتیکەیەمان دۆزیوە، کە خۆمان بەدوایدا دەگەڕاین. ئەویش پەیکەرێکی بچوك لە بەردی رەش بە بەرزی نزیکەی سێ پێ، لە شێوازی دانیشتنەکەیدا دەوری کچی دەگێڕا، بەڵام سەرو هەموو کەمەری شکاوە و ونبووە. بە ئاشکرا دیاربوو، کە کاری بابلیەکانە و هەڵکۆڵینەکانی تەواو بەو بۆری و ئەنتیکانە

دەچوون، کە من لای خۆم پاراستوومن. وێکچوونیەکی بەهێزی دارشتن و پێکهێنان لە نێوانی ئەمە و ئەنتیکەکانی تری بابلیدا هەیە و پەیکەرە میسریەکان ناتوانن لە هیچ یەکێ بکەون، کە ئەگەر (ئایسیس)یان بینبێت.

کەلاوەی سالوسیا درێژدەبێتەوە بۆ زۆر دووری رۆژئاوا، بەلاّم هیچ شتێك لە باکوور یان ناوچەی باکووری پەرژینەکەدا نییە تا بەیانی لە نوسینەکانمدا باسی بکەم.

- 11/**دیسەمبەر/ کانونی یەکەم،**

پاش نیوەڕۆ لەلای رۆژهەلاّتەوە چوومە کەنار رووبارەکە، دوو دیمەنی تاقەکەم وەرگرت، گەڕام بەدوای ئەلْقەکەدا لە بەردی بناغەی کەوانەی تاقەکەدا، بەلاّم نەمتوانی بیدۆزمەوە، هەروەها پلاستەرەکەی دەوروبەریشی شکابوو. لە پشکنیندا دۆزرایەوە، کە عەرەبەکان بردویانە، بەهۆی سەبەتەوە بە گوریس پێچاویانە و لە هەر لایەکی کەوانەکەوە بەرزیان کردۆتەوە. وتیان عەرەبەکان ئالْتونیان دۆزیوەتەوە.

- 12/**دیسەمبەر/کانونی یەکەم،**

تاقی کیسرام بە سواری ئەسپ لە سەعات 10:00 سەر لەبەیانی جێهێشت و گەشتمە رێڕەوی دیالە لەو شوێنەدا، کە پردە، کە لەم دواییەدا شکاوە و لێشاوی ئاو بردویەتی. لە سەعات 13:00دا لێرەدا وێستاین بۆ ئەوەی خۆمان فێنك بکەینەوە و دوای ئەوە چووینە ناو (بەراوچە)وە، کەمێ دوای سەعات 15:00 گەیشتینە شوێنی نیشتەجێ بوون.

# پاشکۆی نۆیەم

## ئاستی بەیەکگەیشتنی زێ و دیجلە:

**(لە لاپەڕە 134، لە بەرگی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە).**

ئەم تێبینیانەی لای خوارەوە لە ئەنجامی ئەو تێڕوانینانەوە هاتووە، کە میستەر ریچ لە دوو سەفەری پێشودا بە دیجلەدا کردویەتی.

ئەبولفەدا و جیۆگرافیناسی تورکی، کە بەدوایدا دێت، (حەدیسە) و ئاستی بەیەکگەیشتنی زێ و دیجلە بە 14 فرسەخ دادەنێ، لە ماوەی رێگای خوار موسڵدا. (مەیجەر رێناڵ) ماوەی راستەخۆ بە 42 میلی جیۆگرافی دادەنێ، کە زیاد لە پێویست ئاشکراترە.

نەخشەکەی (ئۆلیڤە)، کە لەو بڕوایەدام، بە فرمانی (بیۆچامپ) وێنەکراوە، دەیکات بە 10 فرسەخەوە، یان سی میلی جیۆگرافیی و (نەمرود) بە 6 فرسەخ. من بە تەواوی بە هەشت سەعات و بیست دەقیقە بە بەلەم بە رووبارەکەدا بەرەوخوار لە مانگی ئەپریل/نیساندا، لە موسڵەوە بۆ گەلی زێ، بەبێ کێشەو دواکەوتنێ چووم، رووبارەکەش بەجوانی هەستابوو، هەروەها بەهێزیش بوو.

بۆ زانیاری زیاتر، من لە شوێنەکەوە چوار سەعاتێك دەبووم، سەعاتێك لە خوار موسڵەوە بۆ حەمام عەلی. ئەزانم حەمام عەلی لە موسڵەوە بە زەویدا 5 سەعاتە. هەروەها دەزانم قەرەقۆینلوو لە موسڵەوە سێ سەعاتە. من ماوەی 2 سەعات و بیست دەقیقە لەو شوێنەی سەرەوە بە ئاودا دوورم و راستەوخۆ بەر لەوەی بگەمە قەرەقۆینلوو، منارە کۆنە بەرزەکەی موسڵم دیاریکرد، کە چوو بوو بەلای باکوور °36 رۆژئاوادا، کە دەبووایە °80 رۆژئاوا بێت.

لە حەمام عەلییەوە نەمرود باشوور °35 رۆژهەڵات کون دەکات. نەمرود، کە نەخشەکەی (بیوچامپ) یان ئۆلیڤەر لە موسڵەوە دەیکات بە شەش فرسەخەوە، بە پێی

زانیاری من تەنیا حەوت سەعاتە بە زەویدا. دواتر لەسەر نەخشە 18. 2 فرسەخە. بە یەك سەعات و چل دەقیقە بە زیکر ئەلعەوازەدا تێپەڕیم، یان بەربەستی رووبارەکەدا، کە کەمێ لە خوار نەمرودەوەیە و بە دوو سەعات و 40 دەقیقە گەشتمە قەڵای کەشاف، لەسەر کەناری لای باشووری زێ، لەوێدا، کە دەڕژێتە دیجلەوە.

گەلی زێ لە موسڵەوە بە زەویدا 9 سەعات دەبێت[تی□تر] و چەند گوندێکی تر، کە لەسەر ناوچەی باکوورن، یان کەناری چەپی زێ لە دووریانەکەی لەگەڵ دیجلەدا بۆ رێبازی کەڵەك، هەموو دانیشتوانەکەی دەڵێن: دەبێ لە موسڵەوە نۆ سەعات بێت.

تێپەڕبوونی زێ بە کەڵەکدا لە سەفەری گەڕانەوەمدا بۆ موسڵ بۆم دەرکەوت، تا ببێتە هێڵی پانی 36°16′12″ و ماوەی رۆژئاوا. هێڵی درێژی بەغدا 28°3′ (لێرەوە زێ دەچێتە دیجلەوە لە باشووری 40° رۆژئاوادا. ) ماوەی تێپەڕبوون لەکەڵەکدا لە موسڵەوە، بەپێی سەفەرەکەم 24 فرسەخە. ئەگەر ڕێژەی شۆڕبوونەوە بۆ داوێنی رووبارەکە لە حەمام عەلییەوە بۆ گەلی زێ تەواو وەکو لە موسڵەوە بۆ حەمام عەلی بێت، بە هەمان بارودۆخی رووبارەکەوە، 24. 18 میلی دەداتێ بۆ ماوەی موسڵ، کە من لەو بڕوایەدام، نزیکە لە راستییەوە.

شوێنکەوتنی (نیبور)ی رووباری دیجلە لە نێوان بەغدا و موسڵدا هەرگیز لەسەر ئەوە ناوەستێ، بەڵکو نزیکی لە زانیاریەکانەوە. (خانوزە)، کە (بە هەڵە پێیدەوترێ ئەلکەوکە).

158 سەرنج بدە. زانیاری زۆر ووردترم لە کاتی جیاوازدا وەردەگرت، کە ماوەی گەلی زابم لە موسڵەوە دیاریدەکرد. سوارە بە هەشت سەعات بە باشی سەردەکەونە سەرەوە بۆ کەشاف، کە لەسەر لای باشووری زابە لە بەیەکگەیشتنیدا.

ئەو زانیاریانەی لەوساوە دەستکەوتون :

موسڵ بۆ حەمام عەلی.........................................4 سەعات.

بۆ شوێنێك لە کەناری لای رۆژئاوا، بەتەواوی بەرامبەر کەشاف.............. 4 سەعات.

موسڵ بۆ کەشاف بە درێژایی کەناری رۆژهەڵاتی دیجلەدا، لەگەڵ رێبازی زابدا..... 10 سەعات.

ئەو دەیخاتە بەرامبەر گەلی زێی بچوکەوە و تۆپراك قەلعەش بە ژێر زێی بچوکدا. نەخشەکانی (بیوچامپ) لاوازترین کۆپی (نیبور)ن، هیچ یەکێ لەوانە زنجیرەکانی حەمرینیان دیاری نەکردووە، کە بەپێی بۆچوونی مەیجەر رێنال لە (عانە)وە دێت. ئێستا خۆم لە تۆپڕاك قەلعەوە دوای کەوتوم و تەنانەت لەو شوێنەشدا وادەردەکەوێ، کە لە باکوور و رۆژئاواوە دێت.

بە شوێن پێی خۆمدا لە رووبارەکەدا، دوای تێبینیە تایبەتیەکانی خۆم کەوتم، دوو جار بەرەوخوار بە رووبارەکەدا لە موسڵەوە چووم بۆ بەغدا، بەداخەوە، کە دەڵێم بەبێ ئامێرێکی باشتر لە کۆمپاس.[159] لە کەشافەوە بۆ بەغدا من دوای هەمان ئامار لە موسڵەوە بۆ کەشافە کەوتوم و خۆشبەختانە هەندێ ماوەم هەیە لە نێوان شوێنەکاندا لەسەر کەنارەکە، کە وەکو چاودێری ئامارەکانم کار دەکات.

بۆ نمونە تکریت، دوو سەعات جیاوازە لە دەروازەی ئیمام محەمەدەوە و جوتیاران (سەعاتی 2. 6 میل رێدەکەن)، ماوە راستەوخۆکە لەوانەیە 5. 2 میل بێت.

ئێستا بەرەوخواربوونەوە بە رووبارەکەدا، ماوەکەم بە 5. 4 ئامارکردووە، کە بە دڵنییایەوە رێکەوتێکی چاکە بۆ دیاریکردنی تەنیا رێگەکە بە شێوەیەکی نزیکی. هەرچەند لەوانەیە کاریگەری هەلەکە بێت.[160] هەروەها رێگەی وەهام بڕیووە، کە رەزامەندی کردووم و بەگشتی هەرچەند شوێن رووبار کەوتنەکە زۆر باش نییە، بەڵام هەر وادەبێت، لەوانەشە من بە شێوەی گەردوونناسی تێبینیم کردبێ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەوانەی پێشوتر راسترە، کە کراون.

---

[159] لە میانەی گەشتی سێیەمی میستەر ریچدا بۆ خواروی دیجلە، بەراوردی ئەوەی لە بەرگی پێشودایە لەگەڵ ئەوەی ئێستای، ئەوەیە کە زیاتر ئامێری ماتماتیکی تێدا بەکارهاتووە، کە بە دڵنیاییەوە بارودۆخی شوێنەکانی پێ جێگیر کردووە. ئەنجامی هەرسێ گەشتەکە، وا هەست دەکرێت، لەوانەیە سەرنجی خوێنەرانی زانیاری زیاتر رابکێشێت.

[160] دەبێ ئەوەش دیاریبکەم، کە من ماوەی رووبارەکەم ئامارکردووە پێش ئەوەی زانیاری سەر زەمین وەربگرم لە تکریتەوە بۆ دەروازەکە.

تێبینی ئەوە دەکەم، کە ماوە راستەوخۆکە بە ئاودا تەواو نزیکی هەمان ماوەیە بە زەویدا، بەلایەنی کەمەوە، لەو وەرزەدا کەمن لە موسڵەوە هاتمە خوارەوە، کە لە مانگی نیساندا بوو، کاتێ، کە رووبارەکە بە نزیکی لەوپەڕی بەرزیدایە، بە واتایەکی تر، باربووی خێرایی شەپۆلەکانی ئەو پێچخواردن و خواروخێچیەی رووبارەکە دەکاتەوە، لە کەمکردنەوەی ماوەی گشتی یان گەشتێ بۆ دامەزراندن و دروستکردنی جیۆگرافیایی.

رێبازی هەمان رێژە، کە لە موسڵەوە بەکارم هێنا بۆ کەشاف، ئەم ماوانەی لای خوارەم لە خاڵی بنەڕەتیدا دیاریکردووە:

| کەشاف بۆ . . . فرسەخ | ماوەی راستەوخۆ |
|---|---|
| سوڵتان عەبدوڵلا | 4 .4 |
| تۆپراڵ قەلا و حەمرین | 7 .36 |
| گەلی زێی خواروو | 0 .13 |
| ئەلفەتحە | 6 .9 |
| تکریت | 2 .18 |
| دەروازەی ئیمام محەمەد | 4 .5 |
| سامەڕرا | 1 .11 |
| سیندیە | 4 .30 |
| هۆوەیش | 6 .14 دەوترێ بە زەویدا 7سەعات، یەکەم |

دەچێ بۆ هۆپ و پاشان بۆ سندیە.

4 .143

ماوەی زیادی لە موسڵەوە بۆ کەشاف 24. 1 دەبێ 23. 4 بێت.

کۆی گشتی . . . . . . . . . . . . . . . 167. 5

ماوەی تەواو لە هۆوەیشەوە

بۆ بەغدا بە رووباردا 21. 0

لە موسڵەوە بۆ بەغدا بە رووباردا 188. 5

ماوەی نێوان موسڵ و بەغدا بە شێوەیەکی

راستەقینە بە گەشتی زەویدا دیاریکراوە 189. 3

## کۆتایی


NARRATIVE

OF A

RESIDENCE IN KOORDISTAN

AND ON THE

SITE OF ANCIENT NINEVEH

WITH JOURNAL OF

A VOYAGE DOWN THE TIGRIS TO BAGDAD

AND AN ACCOUNT OF A VEST TO

SHIRAUZ AND PERSEPOLIS

BY THE LATE

CLAUDIUS JAMES RICH

TRANSLATED BY

MEENA

VOL. II